**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٠

سالّی/٢٠٠٢ ـ بەرگی سی

چاپی یەکەم ٢٠٠٢

له بلاوكراوەكانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی (٢٠٠٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

بەرگی: ٣٠

چاپی یەكەم: ٢٠٠٢

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان: (٢٠٧)

# پێڕست:


پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی دەسپێک ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٣/٢٥ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٦ ل١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٣/٢٧ ل٢٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ـ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٣ ل٦٣

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ـ پێنج شەممە ٢٠٠٢/٤/٤ ل٨٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/٩ ل ١٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ـ چوار شەممە ٢٠٠٢/٤/١٠ ل١٥٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ـ یەک شەممە ٢٠٠٢/٤/١٤ ل١٨٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ـ دوو شەممە ٢٠٠٢/٤/١٥ ل٢٢٠

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٤/١٦ ل٢٧٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٢ ل٣٢٢

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ـ چوارشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٤ ل٣٤٨

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٤/٢٩ ل٤١٦

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سیازدە ـ دووشەممە ٢٠٠٢/٥/٦ ل٤٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ـ سێ شەممە ٢٠٠٢/٥/٧ ل٥٢٠



# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٥/٣/٢٠٠٢

خولی یەکەم

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێک

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٥

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (دەسپێک)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (دەسپێک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٥ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ وتاری کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی یازدەیەمی ئەنجومەن لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە.
٢ـ بەیانی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی گەلی کوردستان خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ ئەکەین، بەڕێزان پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابی سەرۆک (کاکە مەسعوود بارزانی)ئەکەین، وەکو هەموو ساڵێک لە هەموو خولێکدا هاوکاریمان دەکات و پشتگیریمان دەکات، ئامادە ئەبێ لە کردنەوەی خولەکەدا، هەروەها بە خێرهاتنی گەرمی بەڕێز جێگری سەرۆک وەزیران و برا وەزیرەکان دەکەم، و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتە کوردستانیەکان، بەرنامەی کار پێک هاتووە لە دوو خاڵ وەکو هەموو ساڵێک وتاری سەرۆکی پەرلەمان و، بەیانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم.
بەڕێز جەنابی سەرۆک(کاک مەسعوود بارزانی)، بەڕێزان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان، بەڕێزان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتە کوردستانییەکان، میوانە بەڕێزەکان، و بەڕێزان خوشک و برا ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، جێگای شانازیە کە بەناوی سەرۆکایەتی و گشت ئەندامانی ئەنجومەن بەبۆنەی دانیشتنی دەستپێکی

خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی پەرلەمانی کوردستان، زۆر بەگەرمییەوە بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان بکەم، سڵاو و سوپاستان ئاراستە دەکەم، بۆ بەشداریتان لەم بۆنەیەدا بەتایبەتیش بۆ هاوکاری و هەماهەنگی و پشتگیریتان.

بەڕێزان لەم خولەدا ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (١٠)ساڵی یەکەمی تەمەنی تەواو دەکات، پێ دەنێتە (١٠)ساڵەی دووهەمی، بەتەمەن درێژی پەرلەمان ئەزموونی دیموکراتی کوردستان دەچەسپێت وقوڵ تر دەبێتەوە، تێپەر بوونی ساڵان و چەسپاندنی ئەم ئەزموونە خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکی هەرە مەزنی گەلی کوردستانە، لەهەمان کاتیشدا نیشانەی راست و دروستی رەوت و رێگامانە.

بەڕێزان لە خولی دووەمی ساڵی دەیەمدا ئەنجومەن توانی بەسەرکەوتوویی بەرنامەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەویش بەکار و کارامەیی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و، لێکۆڵینەوە و چاودێری کردن و چالاکییەکانی تری نێو لیژنەکانی پەرلەمان و گفتوگۆ و بڕیارەکانی ئەندامان لە دانیشتنەکاندا و، هەماهەنگی کردن و هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، هەنگاوەکانی ئەنجومەن لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوە، بەهەماهەنگی و پشتگیریی ئێوەی بەڕێز ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە خولی دووهەمی ساڵی دەیەمی دا (٣١)دانیشتنی ئەنجام دا بەرامبەر بە (١٩)دانیشتن لە خولی یەکەمی هەمان ساڵ، و لەماوەی ئەم (٣١)دانیشتنەدا (١٩)یاساو،(١٤)بڕیاری دەرچواند و(٩)دانیشتنی تایبەت بە وەزارەتە جیاجیاکانی ئەنجام داوە، بە ئامادەبوونی وەزیرە بەڕێزەکان کە جێگای خۆیەتی لێرەدا سوپاسیان ئاراستە بکەین، بۆ هەماهەنگی و سەراحەت و خستنە رووی راستیەکان لەم دانیشتنانەدا چاکە ئەگەر ئامادەبوونی بەڕێز بزانن کە لەم دانیشتنانەدا زیاتر لە (٧٠٠)پرسیار ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان کراوە، وەڵامی هەموویان دراوەتەوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەوڵەمەند کردنی پرۆسەی دیموکراتیەت و ژیانی پەرلەمانە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی سوپاس ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و گشت وەزیرە بەڕێزەکان بکەین، بۆ هەماهەنگی و هاوکارییان لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

بەڕێزان لیژنەکانی پەرلەمان جگە لە کاری رۆژانەی ناو پەرلەمان سەردانی هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمیان کردووە و راپۆرتی دوور و درێژیان دەربارەیان داوە بۆ سەرۆکایەتی و کە لەویشەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوەتەوە، ئەمە جگە لە بەپیرەوە چوونی هاوڵاتیان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان و باسکردنی گیروگرفتیان و هەوڵدان بۆ خستنەڕوو چارەسەرکردنیان. لەرووی پەیوەندیشەوە چەندەها وەفد لەماوەی خولی پێشوودا سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، و لە دوو گەشتی دبلوماسیدا پەیوەندی و دیدار کراوە لەگەڵ چەندین پەرلەمان و کەسایەتی سیاسی و وڵاتانی ئەمەریکا و ئەورووپاو، جگە لە پەیوەندی بە نوسراو و ناردنی نامە و وتار بۆ کۆڕ و سیمنارو کۆنگرە جیهانیەکان، کە ئەم دیدارو چالاکییانە

دەورێکی دیاریان هەبووە بۆ ناساندنی کێشەی گەلی کوردستان بە گەلانی جیهان و خستنە ڕووی داوا و داخوازییە ڕەواکانی و ناساندانی ئەزموونە دیموکراسیەکەی.

بەڕێزان لەم خولەی یەکەمی ساڵی یازدەهەمدا هیوامان بەتینە کە بەرنامەی نوێمان و لێکۆڵینەوەی زیاتر و بڕیاری ڕاست بەهەماهەنگی نێوان پەرلەمان و حکومەت و پشتگیریی جەنابی سەرۆک بارزانی و گشت پارتە کوردستانیەکان چاکتر بە ئەنجام بگەیەنین، و زیاتر بتوانین یاساکانمان لەگەڵ بنەما دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤ بگونجێنین، ئەو ئەنجامە هەمیشە لە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستاندا بێت، هیوادارین ئەو ئەنجامە هاوکار بێت بۆ چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیرکردنی لە کوردستاندا وجێبەجێ کردنی تەواوی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن کە لە ڕێگەی ڕاست و دروستی کەڵک وەرگرتنە لەم دەرەفەتە مێژووییەی کە بۆ گەلی کوردستان ڕەخساوە، بەڕێزان جارێکی تریش جوانترین سڵاوتان پێشکەش ئەکەینەوە و ڕێزتان ئاراستە دەکەین، سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین بۆ پشتگیریی کاریگەر و بەردەوامی لە پەرلەمان، ولە حکومەت، و لەیاسا، بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان داوا لە سەرۆک(مەسعوود بارزانی) دەکەین وەکو دەستپێکی گشت خولەکانی پەرلەمان ئەمڕۆش گەورەمان بکات وتەیەکمان پێشکەش بکات.

بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتن بەیانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز جەنابی جێگری سەرۆکی حکومەت بەڕێز(سامی عبدالرحمن) پێشکەشمان دەکات، با بفەرمووێت.

**بەڕێز سامی عبدالرحمن/ جێگری سەرۆکی حکومەت:**

**بەناوی خوای گەورە و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکی هێژا کاک مەسعوود بارزانی.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**بەڕێزان سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە هاوپەیمانەکان.**

**وەزیرە بەڕێزەکان.**

**خوشک و برایانی خۆشەویست.**

بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە خۆشحاڵین لە کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا ئامادەبین، کە شان بەشانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەری ڕەنجی نیو سەدەی خەبات و قوربانی دانی میللەتی کوردن بەسەرکردایەتی بارزانی و، دەستکەوتی هەرە گرنگی ڕاپەرینە شکۆدارەکەی ئازاری ساڵی(١٩٩١). بەم بۆنەیەوە

پیرۆزبایی گەرم لەسەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و تێکرای گەلی کورد دەکەین، و ئومێدەوارین ئەم خولەش وەکو خولەکانی پێشوو بەسەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت و، ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە پەرەپێدانی ژیانی میللەتەکەماندا، هەروەک تا ئێستا ڕێگای دەرکردنی چەندین بڕیارو یاسای گرنگ و، بەتایبەتیش بڕیاری چارەنووس سازی فیدارلیزم بۆ کوردستان لە چارچێوەی عیراقێکی دیموکراتیدا ئەم ڕۆڵەی گێڕاوە.

خوشک و برایانی بەڕێز ساڵێکی تریش بەسەر هاوکاری و هەماهەنگی پر بەرهەمی نێوان حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان تێپەر دەبێت، کە بێ گومان فاکتەرێکی گرنگی بەرەو پێش چوونی کارو چالاکییەکانی هەرێمە لە بوارە جیاجیاکاندا، ساڵی رابردوو لە پێناوی ڕێکخستنی زیاتری ئیش و کارەکان، چەندین یاساو نیزامی تازە دەرکراون، و ژمارەیەکی دیکەش هەموار کراون، هەروەک یاسای کۆمەڵانی جووتیارەکان، ویاسای ڕێکخراوە ناحکومیەکان و، نیزامی هەڵبژاردنی شارەوانی و، نیزامی دامەزراندنی دەزگای ئامار و، چەندین نیزامی تر.

بەڕێزان هەر چەندە داهاتی حکومەتی هەرێم داهاتێکی سنووداره، و نەچەسپاوە، و بەگوێرەی بارودۆخی ناوچەکە لە بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەدایە، جگە لەوەش لە ماوەی رابردوودا داهاتەکان بەرادەیەکی بەرچاو دابەزیون چونکە ئاستی بازرگانی سەر سنوور زۆر کەم بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠١)دا وەکو ساڵانی پێشوو بوودجەی ساڵی دارایی ساڵی (٢٠٠٢) ئامادەکرا، و دوای ئەوەش لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە پەسەند کرا و بوو بەیاسا، حکومەتی هەرێم لەو کاتەوە خەریکی جێبە جێ کردنی خاڵەکانی بەرنامەکەیە، بەڕێنوێنی و پشتیوانی سەرۆک بارزانی و، بەپ مت بەستن بە داهاتی حکومەتی هەرێم و داهاتی بەرنامەی(٩٨٦) زۆر پرۆژە و چالاکی گرنگ ئەنجام دراون تەنها بە بۆنەی یادەکانی ئازار و نەورۆزەوە زیاتر لە(١٠٠) پرۆژەی جۆراوجۆر لە بواری بیناسازی و ڕێگاوبان و فێرکردن و تەندروستی و ئاو و ئاودێری و پیشەسازی و ئاودێری و بواری دیکە کرانەوە. هەروەها گەلێ پرۆژەی دیکەش بەردی بناغەیان بۆ دانراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام پشتگیریی کەرتی تایبەتی و بازاری ئازادی کردووە، بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەم کەرتە زیاتر دەبوژێتەوە، و ئاستی کار و چالاکییەکانی بەرەو پێش دەچێت، دیارە دابین کردنی ئیمنی و ئەمن و ئاسایش زەمینەیەکی لەباری رەخساندووە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بە دڵنیاییەوە ئیش و کاری خۆیان بەڕێوە ببەن، و سەرمایەکانیان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە و کاری بەنرخ و بەرهەم هێنەر بخەنە کارەوە، جێگای خۆش حاڵییە کە دەبینین ئەمڕۆ کەرتی تایبەتی لە ڕێگای ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆرەوە هەروەک نۆژەن کردنەوەی ئوتێلی شیراتۆن، و دروستکردنی ئوتێلی خانزاد، و نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دڵ و گەلێ پرۆژەی دیکە، کە هەر یەکەیان دەیان ملیۆن دیناری تێ دەچێت، بەشداری کاریگەر لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات دەکات، کە ئەمەش نیشانەی متمانەو باوەڕە بە حکومەتی هەرێم و ئایندەی ئەزموونەکەمان.

هەر لە ساڵی رابروودا بۆ هاندانی جووتیاران، و پشتگیری کردنی زیاتری بەرهەم هێنانی دانەوێلە بەتایبەتیش گەنم لە کوردستاندا زیاتر لە حەفتا ملیۆن دینار تەرخان کرا بۆ کڕینەوەی گەنم لە جووتیاران، کە خۆش بەختانە لەم دوایەدا هەمووی بازاڕی بۆ دۆزرایەوە، و فرۆشرا، دیارە پرۆسەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکان سەرکەوتووانە بەرەو پێش هەنگاو دەنێت، تەواو کردنی شوقەو خانوو درێژەی هەیە، و لەبەرنامەدایە بۆ ئەمساڵ زیاتر لە(٧٠٠٠) شوقەو خانوو لە شار و لادێ تەواو بکرێت، بەم زووانە نزیکی(١٠٠٠) شوقەو خانوو لە کەسنەزان و بنەسلاوە تەواو دەبن، لە بواری پەرەپێدانی ڕێگاو بانیشدا کاری زۆر ئەنجام دراوە، و کاری گرنگیش لە ژێر جێبەجێ کردندایە وەکو ڕێگای هەولێر- دهۆک، جگە لەوانەش گەلێک پرۆژەی دیکە لە بەرنامە دان، وەکو ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان و، و دروست کردنی قوتابخانەو بنکەی تەندروستی، و پرۆژەی ئاوو کارەبا، و گەیاندنی ڕێگا بۆ گووندەکان بەردەوامە، پرۆسەی دروست کردن و نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان، و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر بۆ مامۆستایان، و چاپکردنی کتێبی خوێندن و نەهێشتنی نەخوێندەواری، و بەگوڕ و تینێکی زۆرەوە بەرەو پێشەوە دەچێت.

بەڕێزان بایەخێکی زۆر بە بواری تەندروستی دراوە، چ لە ڕووی دابین کردنی دەرمان و ئامێری پێشکەوتووی پزیشکی و چ لەڕووی دروستکردن و نۆژەن کردنەوەی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، و چ لەڕووی پێگەیاندنی دکتۆری پسپۆڕ لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم، هەوڵ و کۆشش لەگەڵ (UN)و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بەردەوامە بۆ ئەوەی گیروگرفتی بەردەم دروستکردنی نەخۆشخانەی نوێ کە زۆر پێویستن چارەسەر بکرێت، هەڵبژاردنی شارەوانی و کردنەوەی چەندین شارەوانی تازە، شان بەشانی بەردەوام بوونی پرۆسەی پەرەپێدانی شاری هەولێری پایتەخت، و شار و شارۆچکەکانی کوردستان، و دروستکردنی پارکی تازەو کردنەوەی شەقامی نوێ و، کەناڵی ئاوەڕۆ و ئەنجامدانی گەلێ پرۆژەی ئاوی خواردنەوە، ئەمانە پێشکەوتنێکی گەورەیان لە بواری شارەوانیدا هێناوەتە دی، لەم ڕوانگەیەوە کە کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵیە بەشێکی بەرچاوی دانیشتوان بژێوی خۆیان لە ڕێگای چاندن و ئاژەڵداریەوە بەدەست دەهێنن، بایەخێکی زۆر بە پەرەپێدانی بەرووبومی ڕووەکی و ئاژەڵی، و پاراستن و بوژاندنەوەی دارستانەکان و ئەنجامدانی پرۆژەی جۆراوجۆری ئاودێری دراوە.

کردنەوەی کۆلێژو بەشی نوێ و دروستکردنی باڵەخانەی جۆراوجۆر لە زانکۆ و پەیمانگاکان، و سازدانی کۆنفرانسی خوێندنی باڵا، کە بۆ یەکەمین جارە لە هەرێمی کوردستان ساز دەکرێت، کە تەکانێکی گەورەی بە بواری فێرکردنی باڵا داو، هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ بەرەو پێش بردنی کەرتی پیشەسازی، و دابین کردنی کارەبا بۆ هاوڵاتیان، هەر چەندە ئەم بابەتە پەیوەندی تەنها بەحکومەتی هەرێمەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە هەڵوێستی حکومەتی ناوەندی و لیژنە کارسازەکان لە(UN).

له سـایەی گـۆرینی بەدالەی کـۆن بە بەدالەی نوێ و بەسـتنەوەی شـارەکـانی هەرێم لە رێگای بەکارهێنانی سیسـتەمی مـۆبایل و سوود وەرگـرتنی فـراوان لە تۆری ئەنتـەرنێت بواری گـەیاندن پەرەسـەندنی بەرچاوی بەخـۆیەوە بینیـوە، پاراسـتنی زمـان و بوژاندنەوەی فـۆلـکلۆری مـیللی، پەرەپێـدانی ئەدەبی کـوردی و رۆشنبـیـری تورکـمـان و ئاشـووری و کلدان بایەخـیـان پێـدراوە، و یارمـەتی دانی ئاوارە و گـەڕاوەکـان، و خـانەوادەی بێ سـەرپەرشـتـان خـەلکی هەژاری ناو شـارو شـارۆچکەکـان لەرێگای بەرنامـەی (٩٨٦) درێژەی هەیە، وهەوڵ و کـۆشـشی حکومـەتی هەرێم لەگـــەڵ(UNOC) بەردەوامـە بۆ ئەوەی یارمـەتیـەکـان لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی باشـتـر بکرێن.

وێرای کـۆسپ و تەگـەرەی جـۆراوجـۆر زۆر دەسـتکەوتی ئابووری و کـۆمـەلآیەتی و سـیاسی گـرنگ هاتوونەتە دی، مـایەی شـانازییە کـە پێشـکەوتن و پەرەسـەندنی گـەلەکـەمـان لەمـاوەی ئەم چەند ساڵەدا و بۆ رای گـشـتی ناوەوە و دەرەوەی سـەلماندووە، کـە ئەزمـوونی کـوردسـتـان ئەزمـوونێکی سـەرکەوتووە لە ئازادی و دیموکـراتی تەواوی ئەو رۆژنامـەنووس و پەیامنێـر و کەسـایەتیـەکـانی کـە سـەردانی کـوردسـتـانیـان کـردووە ئامـاژە بەم سەرکـەوتنانە دەکـەن، باوەڕمـان بە هێزە کـە لە سـایەی خـەبات و تێکـۆشـانی گـەلەکـەمـان، و بەرقـەراربوونی ئاشـتی لە کـوردسـتـان، و یەک رێزی حزب و لایەنە سـیـاسیـەکـان ئاسـۆیەکی گـەشـتر و روونـاک تر چاوەڕێی خـەلکی کوردستان دەکـات، بۆ هەمـوو دەسـتکەوتەکـانی ئێـمـە قـەرزاری شـەهیـدەکـانین، هەزاران سلاو لە شـەهیـدانی کـوردو کـوردسـتـان، و سـەروەری شـەهیـدان بارزانیی نەمر و کـاک ئیـدریسی هەمـیـشـە زینـدوو، هەر شـادو سـەرکـەوتوو بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

زۆر سوپاسی بەڕێز کاک (سامي عبدالرحمن) دەکەین، بۆ پێشکەش کردنی بەیانی حکومەت، کە رووناکیەکی چاکی خستە سەر سیاسیەت و کاروبار و چالاکیە دیارەکانی حکومەتی هەرێم.

بەڕێزان هیواداریـن جەنابی سەرۆک (کاکە مەسعوود بارزانی) بە وتارێک دەستپێکی خولەکەمان دەوڵەمەند بکات وەک هەموو خولەکانی تر، بفەرمووێت وتارێک پێشکەش بکات.

**بەڕێز کـاک مـسـعـود بـارزانی:**

**بـسم اللـه الرحـمن الرحـیم.**

**خـوشـک و بـرایـانی بـەڕێـز.**

من خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەم دەرەفەتەمان بۆ رەخسا جارێکی تریش لەگەڵتان کۆ ببینەوە بە بۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان. ئەم مـانگە مـانگی کوردە، چونکە مانگی ئازار پڕە لە رووداوی دڵ تەزێن و خۆش و ناخۆش کە بەسەر گەلی

کوردستاندا هاتووه، بەم بۆنەیەوە من پیرۆزباییەکی گەرم لە گەلی کوردستان دەکەم بەبۆنەی ئەو ڕووداوە خۆشانەی کە بەسەری داهاتوون، و لەهەمان کاتیشدا پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی گەلی کوردستان دەکەم بەبۆنەی ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنانەی کە بەسەر ئەوان هاتووە، ئێمە کە یادی ڕووداوە خۆشەکان دەکەینەوە بۆ ئەوەیە نەوەکانی ئایندە بزانن کە ئەو دەستکەوتانەی بە دەست هاتوون بە ڕووداوی خۆشی ئەزانین، یان بەرۆژی خۆش، ئەوانەش لە ئەنجامی قوربانیەکی زۆر بووە، قوربانیدانێکی زۆر، خەباتێکی زۆر، ئینجا ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون، و ئەبێ لە یادی نەکەین، لە بیرمان نەچێتەوە. ڕووداوە دڵ تەزێنەکانیش کە یادیان دەکەینەوە کە بزانن چ غەدرێک چ زوڵمێک لەگەلی کورد و لە گەلی کوردستان کراوە، ئەوەش نەک بە نیەتی ئەوەی گیانی تۆڵەسەندن قوول بکەین لە ناو گەلی خۆمان بەڵکو بۆ ئەوەیە هەموومان پێکەوە هەوڵ بدەین جارێکی تر ئەو ڕووداوە دڵ تەزێنانە، ئەو زوڵم و زۆرداریيە دووبارە نەبێتەوە، هەر وەکو بەرێزتان دەزانن ئێمڕۆ بابەتی گرنگ لە دنیا ، مەسەلەی ئیرهابەو شەڕە و ئەو شەڕەی کە دروست بووە ڕەنگە لە هەندێ ڕۆژنامە و لە هەندێ شوێن بەناوی جەنگی جیهانی سێیەم ناوی ئەبەن، هەموومان لە بیرمانە کە لەیازدەی ئەیلولی ڕابردوو چ ڕووداوێکی گەورە ڕووی دا لە ئەمەریکا، بێ گومان دوای ئەو ڕووداوە زۆر شت گۆڕا لە جیهان و، ئەو ناوچەی کە ئێمە تێیدا ئەژین یەکێکە لەو ناوچانەی کە تەوەقوعی ئەوە دەکرێت ڕووداوی گەورەش لێرە ڕوو بدات، تەبیعی ئێمە سەربەرزین بەراستی لەوەی کە سجلی ئێمە زۆر پاک و خاوێنە سەرەڕای ئەمەش زۆر ئیرهاب لە دژی ئێمە بەکار هات، زۆر غەدرێکی گەورە لە ئێمە کرا، بەڵام ئێمە مەردانە لە مەیدان وەستاین و پەنامان نەبردە بەر هیچ کارێکی تیرۆرستی و ئیمڕۆ ئێمە بەرهەمی ئەم هەڵوێستە پاک و خاوێنە ئەبینین، و لێرەشدا من بە پێویستی ئەزانم کە ئیشارەت بەوە بدەم، حەقیقەت هەمووی ئەگەرێتەوە بۆ حیکمەتی بارزانی، کە ئەو نەیهێشت ئێمە تووشی هەڵەی وا ببین، و ئەو مەبەدەئی تەسامح و مەبدەئی برایەتی و هەتا خەبات و بەرگریش، ئەبێت بەرگریەک بێ پر بێت لە ئەخلاق، ئەوەی لەناو ئێمەدا چەسپاند. تەبیعی زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە عیراق موستەهدەف بێت لێ دەدەرێت لێ نادرێت؟ بەراستی کەس ناتوانێت ئەم وەڵامە بداتەوە بەراستی تەنها خاوەنی بڕیارەکە نەبێت خۆی کە ئەمەریکایە، بەڵام ئەوەی کە بە ئێمەوە بەندە کە لێ بدرێت یان لێ نەدرێت عیلاقەیەکی زۆری هەیە بە چارەنووسی ئێمە چ وەکو کورد، چ وەکو عیراق، ڕەئی ئێمە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ڕەنگە باشیش بیت لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە لەگەڵ هیچ هەنگاوێک یان بڕیارێکدا نین کە بە زیانی گەلی عیراق تەواو ببێت. بەنیسبەت ئێمە زۆر گرنگە بزانین بەدیل چیە؟ ئایا موجەرد لێدانە و تەواو؟ یان لێدانە بەدیل هەیە و بەرنامە هەیە، بەراستی ئەمە پرسیارێکی گەورەیە هیچ وەڵامی نییە! ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئێمە ئەم ئەزموونە بپارێزین، و ئەگەر بتوانین بەرەو پێشیشی ببەین، و چەند بتوانین ئێمە ئەم ئەزموونە بپارێزین و چەند لە دەستمان بێت، بەراستی هەمان هەڵوێستمان دەبێ بەرامبەر بە عیراقیش، ئەگەر ئێمە بتوانین

میللەتی عیراقیش بپارێزین لە زەرەرو زیان، و زەرەرو زیانیش کەم کەینەوە دیسان ئێمە درێغی ناکەین، و بە ئەرکی سەر شانی خۆمانی دەزانین، بەڵام لێرەدا پرسیار هەر ئەوە نییە، ئایا کە لە رژێم ئەدرێت، ئێوە لەگەڵ ئەوەنە لێ بدرێت یان لێ نەدرێت، بە حەقیقەت پرسیارێکی وا کورت ئەوە هیچ وەڵامێکی ناوێت بەنیسبەتی ئێمە سەدەها پرسیاری تر هەنە لەسەر ئەم پرسیارە، وەڵاممان دەوێت ئینجا ئێمە بڕیاری خۆمان دەدەین، هەمووشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئایا وەزعی میللەتی ئیمە باشتر ئەبێ؟ وەزعی عیراق باشتر ئەبێ یان نا؟ تەبعەن ئەوەی وەزعی میللەتی عیراق باشتر بکات، ئەم ئەزموونە بەرەو پێش ببات وەزعی میللەتی کورد باشتر بکات، ئێمە لەگەڵ ئەم هەنگاوە ئەبین، ئەگەر خراپتری بکات وتووشی فەوزایەک و بەڵایەک ببین نەزانین سەری لە کوێ یەو بنی لە کوێیە، تەبعەن ئێمە مومکن نییە خۆمان تێکەڵی شتی وا بکەین، لەبەر ئەوە چونکە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە چارەنوس سازە، ئێمە ئەبێ سەربح بین، و ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە، بە هەر چۆنێک بیت گەلی عیراق دەبێت بڕیاری خۆی بدات، دوور لە دەست تێوەردانی دەرەوە.

بەنیسبەتی ئێمە وەکو کورد، وەکو کوردستانی، ئەم پەرلەمانە کە تەعبیر لە ئیرادەی راستەقینەی گەلی کوردستان دەکات، بڕیاری خۆی داوە کە چۆن چارەسەری کێشەی گەلی ئێمە دەکرێت، ئەویش بەشێوەی فیدراڵی، لەسەر ئەساسێکی فیدراڵی، تەبعەن ئێمە ئامادەین لەگەڵ ئەوانەی تەئیدی ئەم چارەسەریە دەکەن و، ئەوانەی دژیشن، دانیشین و موناقشە بکەین، ئەگەر بەدایلی باشتر هەیە فەرموو تەرحی بکەن، ئەگەر موجەرد هەر نابێ کورد هیچ مافێکی هەبێت ئەوە مەسەلەیەکی ترە، ئێستا زۆر جار تەهدیدمان دەکەن لەم لاو لەو لا ئێوەش گوێتان لێیە، کە دەگوترێ: ئێمە قەبوڵ ناکەین دەوڵەتی کوردی دابمەزرێ، ئێمە داوای دەوڵەتی کوردیمان نەکردووە، من لێرەش دەیڵێمەوە کە ئێمە داوامان نەکردووە، نەک لەبەر ئەوەی بە مافی خۆمانی نازانین، یان نەک لەبەر ئەوەی کە نامانەوێ، بەڵام ئێمە بە واقعی نازانین کە هەلومەرجێکی وا هەیە، ئێمە ئەو شیعارە بەرز بکەینەوە، لەوانە مومکین نییە، ئێمە خۆمان ئەو هێزەمان نییە تەتبیقی بکەین، کەسیش پشتمان ناگرێت، لەبەر ئەوە رەنگە زیانی زیاتر بێت لە قازانجی بۆ گەلی کورد، لەبەر ئەوە ئێمە داوای دەوڵەتی کوردیمان نەکردووە، ئێمە داوای مافی کوردمان کردووە، ئەو مافە لە چارەسەرێکی فیدراڵیدا دەبینین، بەپێی بڕیاری پەرلەمان کە هەڵبژێدراوەو تەعبیر لە ئیرادەی میللەتی کورد دەکات، جا ئەوانەی کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردین کەیفی خۆیانە، ئەمە حەقێکی ئێمەیە، بەڵام ئێمە داوامان نەکردووە، بەڵام ئەگەر دژی مافی کوردن ئەمە مەسەلەیەکی ترە، تەبیعی دەوڵەتانی دراوسێ حەقی خۆیانە داوا بکەن و موتمەئین بن لە ئایندەی وەزعی خۆیان، لە ئەمنی خۆیان لە بەرژەوەندی خۆیان لە دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەوان، ئەمە هەمووی حەقە داوای بکەن، بەڵام ئەگەر بیر لەوە بکەنەوە پێیان وا بێت کە ئیتر لە عێراق دراپارچە پارچە دەبێت هەر کەسێک دێت بە کەیفی خۆی مەرکەز نفوزێک بۆ خۆی دادەنێت و،

وەکو هەر یەکێک پارویەک بۆ خۆی دەبات، من پێم وایە ئەمە بۆچوونێکی زۆر زۆر هەڵەیە و، عێراق لەوە گەورەترە پارووی ئەم دەوڵەتانە بێت، نە میللەتی عێراق قەبوڵ دەکەن، نە ئێمە وەکو میللەتی کورد قەبوڵ دەکەین، ئێمە ویصایەتی هیچ دەوڵەتێک قەبوڵ ناکەین، بە سەراحەتیش من دەیڵێم، ئێمە فێر نەبووین بە ژێر دەستی بژین، ئێمە دەبێت ئازاد بین، ئەم ئازادیەش جاری وا وای کردووە دەربەدەر بوو بین، ئاوارە بوو بین، پەناهەندە بوو بین، ساڵەهای ساڵ لەژێر چادر و ئەشکەوت و لە ژێر تۆپ و تەیارە ژیاوین، بەڵام سەربەست بووین بە کەیفی خۆمان، وەختی ویستمان بێ لەم دەوڵەتە بچینە ئەم دەوڵەتە ئیجازەمان لەکەس وەرنەگرتووە، من ناڵێم ئێمە با خەرقی قانون بکەین، ئەگەر یاسایەکی عادل هەبێ، تەبیعی ئێمە هەموو پابەندی ئەو یاسایە دەبین لە چوارچێوەی یاسادا، بەڵام بەڕاستی ئێمە حازر نەبووین زۆرداری لە حکومەتی مەرکەزی خۆمان قەبوڵ بکەین، ئێمە چۆن قەبوڵ دەکەین دەوڵەتێکی بیانی دراوسێ بێتن ئەو سستەمێکی موعەیيەن لەسەر ئێمە فەرز بکات، جا من پێم خۆشە ئەوانە زۆر شت بزانن، ئێمە دەستی دۆستایەتی بۆ هەموو لایەک درێژ دەکەین، زۆریش پێمان خۆشە ئەوان هەنگاوێک بێنە پێش، ئێمە دە هەنگاو بچینە پێش و، لە بەرژەوەندی خۆشیانە داوای دۆستایەتی هەموو گەلی عێراق بکەن، هەموو گەلی کوردستان بکەن، نەوەکو دۆستایەتی تاقمێکی موعەيیەن بکەن کە مومکینە سبەینێ بە زەرەری خۆشیان تەواو بێت، یان هەندێ جار تەهدیداتمان گوێ لێ دەبێت بە تەدەخولاتی عەسکەری، موبەریراتیش دەدۆزرێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستە چەوتە، جارێ پێش هەموو شتێ من داوا لەوانە دەکەم کە بە زمانی تەهدید و بە زمانی عەسکری قسە دەکەن، با بگەڕێنەوە بۆ مێژوو من دەڵێم سەد ساڵە، ئەگینا پتریشە، بەڵام دوای جەنگی جیهانی یەکەم کە دونیا بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕا و، غەدرێکی گەورە لە کورد کرا، بەڵام سەد ساڵە ئینکاری وجودی گەلی کورد دەکرێت، ئەگەر بە ئینکاری وجود چارەسەری ئەم کێشە کرابایە، ئێستا تەواو دەبوو کێشەیەک نەدەما بەناوی کێشەی کورد، کە تا ئێستا ماوە مانای ئەوەیە کە بە ئینکاری وجود، بە نەدیتنی مافی ئەم گەلە، بە قەبوڵ نەکردنی مافی ئەم گەلە، مانای ئەوەیە ئەم موشکیلەیە هەر دەمێنێ، با ئەم دەوڵەتانەی کە موشکیلەی کوردیان هەیە، با تەماشای وەزعی خۆیان بکەن هی ئەم ساڵ یان سەد ساڵەی رابردوو، هەر یەکە چەند ملیار دۆلاری سەرف کردووە، بۆ ئەوەی میللەتی کورد سەرکوت بکرێت و، هەر چارەسەر نەکراوە، چارەسەریش نابێت ئەو هەموو ملیۆنە ناکوژرێ، مومکین نییە، لەناو ناچێت، دە نەفەر بمێنێ بەسە بۆئەوەی ئەمن و ئاسایشی ئەوانەش تێک بدرێت، فەرموو نە خۆیان ئیسراحەتیان کردووە، نە هێشتیان میللەتی کورد ئیسراحەت بکات، ئەگەر بەشێوەیەکی تر بیر بکرابایەوە یەکتری قەبوڵ بکەین، برایەتی یەکتر قەبوڵ بکەین پێکەوە ژیان، ٥ ٪ی ئەو پارەیەی بۆ وێران کردن سەرف کراوە لە ئاوەدان کردنەوە سەرف بکرێت ئیمرۆ هەموو ناوچەکە بەهەشتێک دەبوو، بەڵام ئینکاری وجودی یەکتری هیچ ئەنجامی نییە لە غەیری درێژە دان بە خوێن ڕشتن، درێژە دان بە کێشەی جۆراو جۆر و، هەر رۆژێک کێشەیەکی

تریش دەبێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی حەقە هەموو لایەک باشتر بیر بکاتەوە لە وەزعەکە نەک بەزمانی تەهدید و بە کوشت و کوشتار بدوێ، چونکە ئەوە چارەسەر نییە ، چارەسەریش ناکرێت، کوردیش دەبێت زۆر دوور بێت لە توند و تیژی، وەختی ئەوەش نەماوە، ئێمە ئیسپاتی وجودی خۆمان کرد، کاتی کە پێویست بوو شەڕ بکەین، مەردانە شەڕمان کرد، ئێستا زەمان زەمانی دیالۆگە، زەمان زەمانی قەبوڵ کردنی یەکتریە، زەمان زەمانی تەعدودیە، زەمانی مافی مرۆڤە، زەمانی ئازادیە، ئەگینا ئەگەر سوور بن لەسەر ئەوەی ئیلا بەزمانی تەهدید بڕۆین و، ئەگەر یەکێک بڕیاری دابێت بمرێ لە پێناوی کێشەی ڕەوای گەلەکەی، یەکێک بڕیاری دا بمرێت لە تەهدیدی کەس ناترسێ، هەدەف ئەوەیە دەست لە مافی کورد هەڵگرین موساوەمە لەسەر سەوابتی نەتەوەی کورد هەڵبگرین موساوەمە بکەین و، دەست لە داوا کردنی مافی ڕەوای گەلی کوردهەڵگرین، وەڵڵاهی ڕۆژێ هەزار جار بمانکوژن نە موساوەمە دەکەین، نە دەست هەڵدەگرین.

خاڵی تر، ئێمە ئەو گەلانەی لە عێراق دەژین، عەرەبە یان کوردە، تورکمانە یان ئاشووریە، یان کلدانە هەموو، هەروەها چ ئەوانەی نەتەوەیی چ مەزهەبی، حەقە دیسان باشتر دیراسەتی ئەم وەزعە بکەین، ئێمە بە کەڵکی یەکتر دێین، ئەم وڵاتە وڵاتی هەموومانە برا بین پێکەوە بژین زۆر زۆر باشترە و، حەقە ئەوەندە سادە نەبن بینە ئالەتی دەستی کەسانی تر کە ڕەنگە زۆر شارەزای تەبیعەتی دروست بوونی ئەم دانیشتوانەش نەبن، ئەم میللەتە دەمێنێت، ئەم وڵاتەش دەمێنێت، بەڵام نفوزی بێگانە نامێنێت، ئەمە حەقیقەتێکە و، هەر چەند جار دەوڵەتی بێگانە هاتووە، چەند ئیمپراتۆریات هاتووە و ڕۆیشتووە، نفوزی مومکینە بۆ ماوەیەک بمێنێت، بەڵام میللەتەکە دەمێنێت، لەبەر ئەوە من حەز ناکەم بە هیچ شێوەیەک ڕەفتاری وا بکرێت ببێتە دوژمنایەتی نێوان نەتەوەکان، دەکرێت لەگەڵ دەوڵەتێک بەشەڕ بێی، یان لەگەڵ ئەجهیزەی دەوڵەت بەشەڕ بێی، بەڵام بەشەڕ هاتن لەگەڵ میللەت ئەمە کارەساتێکە، هەردەم جەنابی بارزانی تەئکیدی لەوە دەکرد کە نابێ بە هیچ شێوەیەک ببێتە شەڕی کورد و عەرەب، بەڵێ شەڕی حکومەت دەکەن، بەڵام نابێ ببێتە شەڕی کورد و عەرەب، ئێستاش ڕەنگە موحاوەلاتی وا هەبێت، هەر کە فیتنە دروست ببێت لەنێوان ئەم نەتەوانەی کە لە عێراقدا دەژین، هەتا بۆ چارەنووسی خۆشیان باشترە هەتا بۆ دوارۆژیشیان بیر لەوە بکرێتەوە ئێمە خۆمان چ لە بەرژەوەندی خۆمان بزانین و بۆ ئایندەی ئێمە چ باشترە و، هەر کەسێک بەپێی حەجمی خۆی بەپێی نیسبەتی خۆی بۆ نفوسی عێراق سستەمێکی تازە دابنێت کە ئیتر دەرەجات نەمێنێت بۆ هاوڵاتی ئەمە هاوڵاتی دەرەجە یەکە و ئەمە دووە و دەبێت واجیبات مەعلووم بێت حقوقیش مەعلووم بێت و، هەموو کەسێک ئیتر عەرەبە یان کوردە یان تورکمانە یان ئاشووریە یان کلدانە چییە واجیباتی مەعلووم بێت و حقوقی معلوم بێت، دەبێت ئەم خەڵکە ئازاد بێت لەم وڵاتەدا، بەڵام ئیمتیداد بێت بۆ سیاسەتێکی دەرەوە، بەڕاستی ئێمە لە کەس قەبوڵ ناکەین و، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، زۆریش مەسیبریە لەبەر ئەوە من بەو سەراحەتە قسان دەکەم، دیسان جارێکی تر دەڵێم ئێمە لەگەڵ ئەوەین دەستی برایەتی بۆ

یەکتری درێژ بکەین، ئێمە دەبێ گیانی تەسامح قوولتر بکەین، نەوەکو گیانی تۆڵە سەندن، لە هەمان کاتدا ئێمە دەبێت پابەند بین لەسەر سەوابتی نەتەوەیی کە گەیشتە ئەوەی ئیتر موساوەمە مومکین نییە، بەڵێ مروونەت پێویستە حیکمەت پێویستە، عەقل پێویستە دوور لە تەتەروف ئەمە هەمووی بێت ئێمە دژی ئەوەین، بەڵام بەڕاستی بێتە ئەوەی و بڵێ نەخێر من کورد نیم، کوردستانێک نییە، وڵاتێک نییە بەناوی کوردستان، ئیتر ئەمە لەوە دەردەچێ، وەختە ژیان قیمەتی نەمێنێ، مانای هیچی نامێنێ، هەر گۆڕانکاریەکیش لەم بابەتانە بێتە پێش کە عیلاقەی بە چارەنووسی گەلی کوردستانەوە هەبێت یان بە بڕیاری پەرلەمانەوە هەبێت، ڕاستی ئەمە دەبێت میللەتی کورد خۆی بڕیاری لەسەر بدات، یەعنی پەرلەمان بڕیاری لێ بدات، ئەگەر پێویست بوو ئیستیفتاء بکرێت، ئەگینا هیچ شەخسێک یان هیچ حزبێک و هیچ کەسێک لای ئێمە مافی ئەوەی نییە دەستکاری بکات و ناشتوانی.

خاڵێکی تر ڕەنگە زۆر جیهات وەکو معلوماتمان هەیە، بیستوومانە گرەویان لەسەر ئەوەیە، ئەگەر گۆڕانکاری بوو، ئیتر کورد تێک بەردەبن، دەبێت بە شەڕێکی ناوخۆ ئیتر ئەوان بەوە خۆش حاڵن، فەرموو لە ئێستاوەش دەتوانن ئەو وەعدە بە گەلی کورد بدەن و، هەروەها ئەو پەیامە بە وانەش بدەن کە بەوە دڵ خۆشن، هەر وەختی گەیشتە ئەوەی فورسەتی ستیراتیجی بۆ کورد بێتە پێش کە چارەنووس ساز بێت بەرامبەر بە گەلی کورد خیلافاتی ناوخۆیی هەمووی بەلایەکەوە دەنێین و، تەرکیز دەکرێتە سەر مەسائیلی ستیراتیجی و ئایندەی میللەتی کورد، ئەو وەختە نە بەرژەوەندی حزبێک قیمەتی دەمێنێ نە وجودی شەخسێک قیمەتی دەمێنێ، ئیتر لە کۆتاییدا ئومێدەوارم کە هەر یەکێک باش بیر بکاتەوە و، بڕیاری خۆی بدات خەڵکی ئەم وڵاتە بێت، چارەنووسی خۆی بەم خاکە ببەستێتەوە، دەستی دۆستایەتی بۆ دۆستەکان درێژ بکەین و، بە برایەتی بژین و، وڵاتی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە، کەس بە تەما نەبێت، خەریکی ئەوە بێت بە تەمای هێزێکی بێگانە، یان یەکێک بێت خۆی فەرز بکات لەسەر ئەوی تر، من دەڵێم ئەم مەبدەئە مەرفوزە، ئێمە موقاوەمەی دەکەین قەبوڵی ناکەین و ناشبێت و مومکینیش نیە ببێ، ئیتر لە کۆتاییدا جارێکی تر سوپاستان دەکەم و، زۆر زۆر مەمنون و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و لە خزمەتی گەل و نیشتماندا بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی سەرۆک بارزانی بە وتە بەنرخەکەی وەک هەموو جارێک ئەم جارەش ڕەوتی ڕاست و دروستی بزووتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کوردستانی خستە روو، دەست نیشانی پرۆگرامی کارو سیاسەتی ئایندەی کرد، کە ئێمە لێرەدا وەک ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بەڵێن دەدەین ئەوەی لە توانامان دابێت بیخەینە گەڕ بۆ پتەو کردنی ئەمە لەگەڵ حکومەتی هەرێم لە پێناو پاراستنی ئەم ئەزموونە و پێش خستنی، هەروەها لە پێناو ئاشتی گشتی لە کوردستان و سەقامگیر کردنی یاسا و زیاتر خزمەت کردنی هاوڵاتیانی خۆشەویست، دووبارە سوپاسی بێ

پایانمان بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی و، هەموو میوانە بەڕێزەکان، لێرەدا کۆتاییمان بەم دانیشتنە دێت، تکا لە میوانە بەڕێزەکان دەکەم کە بفەرموونە هۆڵی پەناگیران بۆ ئەوەی پێکەوە نانی نیوەڕۆش بخۆین، دانیشتنی داهاتوومان سبەینێ کاتژمێر(١٠) دەبێت، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((١))**

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٦

خولی یەکەم

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦/٣/٢٠٠٢

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦/٣/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە یەک)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە یەک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٦/٣/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری لێبوردنی تایبەت، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری دەرکردنی دابەشنامەی شەرعی و وەفاتنامە بۆ کەس و کاری شەهیدان لە دەرەوەی هەرێم و لە ناو حکومەتی مەرکەزی نیشتەجێن، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٤ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری بەستنەوەی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە خۆجێیەتی لە پارێزگاکانی هەرێم بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٥ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری هەموار کردنی مادە (٣٧)لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموار کراو، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «١»ی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کاری ئەمرۆمان لە پێنج خاڵ پێک هاتووە:

١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری لێبوردنی تایبەت، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە

پێشنیار کراوه.
٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری دەرکردنی دابەشنامەی شەرعی و وەفاتنامە بۆ کەس وکاری شەهیدان لە دەرەوەی هەرێم ولە ناو حکومەتی مەرکەزی نیشتەجێن، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوه.
٣ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە(١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوه.
٤ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری بەستنەوەی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە خۆجێیەتی لە پارێزگاکانی هەرێم بە وەزارەتی رۆشنبیری، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوه.
٥ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری هەموار کردنی مادە(٣٧)لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە(٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوه.
بۆ ئەم مەبەستە تکا لە دوو ئەندامی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم کەوا بێنە سەر مەنەسە بۆ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژانە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ئێستا دیخوێنمەوە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری لێبوردنی تایبەت، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوه.

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكردستان العراق
رقم القرار :ـ
تاريخ القرار :ـ

قرار

استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادةالسادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاًعلى ما عرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء . قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ اصدار القرار الاتي :
اولاً :ـ يخول رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرارالعفو الخاص عن المحكومين في الاقليم.
ثانياً : ـ يخول رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار بايقاف التعقيبات القانونية وغلق الأوراق التحقيقة بحق المتهمين في مراحل التحقيق والمحاكمة واخلاء سبيلهم.

ثالثاً : ـ لايستفيد المحكومون والمتهمون من قرار العفو لأكثر من مرة واحدة.
رابعاً : ـ لايعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القرار.
خامساً :ـ على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.
سادساً :ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره و ينشر في جريدة وقائع كوردستان.

د. روز نوري شاو يس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەین، ئێستاش دێینە سەر خاڵی دووەم کە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری دەرکردنی دابەشنامەی شەرعی و وەفاتنامەیە بۆ کەس وکاری شەهیدان لە دەرەوەی هەرێم ولە ناو حکومەتی مەرکەزی نیشتەجێن، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رئاسة مجلس الوزراء

قرار

استنادا الى احكام الفقرة(١)من المادة (٥٦)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢و بناء على ما عرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ اصدار القرار الاتي:

١ـ لمحاكم الأحوال الشخصية في الاقليم اصدار حجج الوفاة والقسامات الشرعية لشهداء الحركة التحريرية الكوردية ولو كان محل اقامتهم الدائمية خارج اقليم كوردستان العراق.
٢ـ لايعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القرار.
٣ـ على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.
٤ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەی بڕیارەش پێشکەش بە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی کاروباری ئەوقاف دەکەین.خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە(١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان، کە

لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز شـــێــــروان ناصح حــــیــــدری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجــــومــــەن.**

رئاسة مجلس الوزراء

قرار

اسناداً الى أحكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم (١)لسنة١٩٩٢المعدل و بناء على ما عرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢اصدار القانون الاتي:

قانون رقم ( )لسنة ٢٠٠٢

قانون التعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق المرقم (١٨)لسنة ١٩٩٩

المادة الاولي:

تعدل الفقرة اولا من المادة الثانية من القانون و تقرأ كالاتي:

اولا: يؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين تحدد موارده ونفقاته و تدار من قبل هيئة بموجب احكام هذا القانون و تلحق بوزارة المالية والاقتصاد.

المادة الثانية:

تلغى المادة(٣)من القانون و تحل محلها ما يأتي:

١- تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة اعضاء أصليين و ثلاثة اعضاء احتياط يمثلون كلا من وزارة العدل و وزارة المالية و الاقتصاد و نقابة المحامين.

٢- يرأس الهيئة ممثل من وزارة العدل و يمثل الصندوق امام المحاكم و الدوائر الاخرى.

٣- ترشح وزارة العدل العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين حكام الدرجة الاولي.و تختار وزارة المالية والاقتصاد العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين موظفيها الذين لاتقل درجتهم عن درجة مدير و ترشح نقابة المحامين العضو الاصلي و العضو الاحتياط من بين المحامين المستشارين.

٤- يعين وزير المالية و الاقتصاد اعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة (٣)من هذه المادة لمدة سنتين قابلة للتجديد.

المادة الثالثة:

ا. يعدل الفقرة (٣)من المادة (٥)من القانون و تقرأ كالأتي:

٣- ١٠٪ من الاتعاب التي تدفع للمحامي عند توكيله في الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع

الدعاوي بموجب قانون المحاماة.
ب. تضاف فقرة(٤)الى المادة الخامسة من القانون و تقرأ كالاتي:
٤- الهبات والوصايا للصندوق.
المادة الرابعة:
تعدل الفقرة (١)من ثانيا من المادة السادسة من القانون و تقرأ كالاتي:
ثانيا:
١- تستوفى بدلات الاشتراك عن كل سنة على الوجه الاتي:
أ - (١٥٠)مائة و خمسون دينارا اذا لم تمض على تسجيل المحامي ثلاث سنوات.
ب -(٢٠٠)مائتي دينار اذا لم تمض على تسجيل المحامي ثلاث سنوات الى خمس سنوات.
ج - (٢٥٠)مائتين و خمسون دينار اذا مضى على تسجيله اكثر من خمس سنوات الى عشر سنوات.
د - (٣٠٠)ثلا ثمائة دينارا اذا ما زاد على تسجيله اكثر من عشر سنوات الى خمس عشرة سنة.
ه - (٣٥٠)ثلاثمائة و خمسون دينارا اذا مضى على تسجيله اكثر من خمس عشرة سنة الى عشرين سنة.
و - (٤٠٠)اربعمائة دينار اذا مضى على تسجيله اكثر من عشرون سنة فما فوق.
المادة الخامسة:
تعدل المادة (١٢)من القانون و يضاف مايلي الى آخرها(والمنتمين الى النقابة عام ١٩٩٣)
المادة السادسة:
تعديل المبلغ الوارد في المادة(١٥)من القانون وجعل المبلغ (٧)سبعة دنانير بدلا من خمسة دنانير.
المادة السابعة:
يعدل المبلغ الوارد في المادة (١٦)من القانون و يصبح (٢٠٠)الفى دنيار بدلا من (١٥٠٠)ألف و خمسائة دينار.
المادة الثامنة:
تعدل المادة (٢١)من القانون و يحل محلها مايلي:
استثناءاً من احكام المواد السابقة تمنح الهيئة:
١- عوائل المحامين الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكردية راتبا تقاعدياً لايقل عن (٥٠٠)خمسمائة دينارا شهريا.
٢- عوائل المحامين المتوفين بعد تاريخ٢٣/ ١٠/ ١٩٩١(سحب السلطة للدوائر المركزية )و لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم(١٨)لسنة١٩٩٩راتباً تقاعديا لايقل عن

(٢٥٠)مائتين و خمسين دينارا شهريا.

المادة التاسعة:

يلغى المادة (٢٤)من القانون.

المادة العاشرة:

لوزارة المالية و الاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الحادية عشرة:

على الوزارات المختصة تنفيذ هذا القانون.

المادة الثانية عشرة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كردستان.

الاسباب الموجبة للتعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين
لاقليم كوردستان العراق رقم (١٨)لسنة ١٩٩٩

حيث ان نصوص قانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق رقم(١٨)لسنة ١٩٩٩ و الذي اعتبر نافذاً اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة(برلمان)بالعدد (٥٧)في ٢١/١٢/١٩٩٩قد جاء خالياً من بعض النصوص التي ظهرت خلال فترة تطبيقه و تنفيذه مما استوجب اعادة النظر فيها لاسيما عدم بقاء مبرر لبقاء بعض النصوص التي كانت تخص فترة انتقالية لصندوق تقاعد المحامين و بغية رفع المستوى المعاشي و الاجتماعي و الصحي و تحقيق الضمانات التقاعدية للمحامين حال حياتهم و لعوائلهم بعد وفاتهم و تكريماً للمحامين الذين ضحوا بدمائهم و استشهدوا في سبيل الحركة التحررية الكوردية ولزيادة تعزيز صندوق تقاعد المحامين و تفعيل دوره و الحاقه بوزارة المالية والاقتصاد للاقليم لتتولى هي مهمة تمويلها ولأجل ان تكون لوزارة العدل دور في تنظيم هيئة الصندوق باناطة مهمة رئاسة الهيئة الى حكام من الصنف الاول و ترشحهم وزارة العدل فقد اقتضى تشريع هذا القانون.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس.ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی دارایی و ئابوری ولیژنەی یاسایی دەکەین.تکایە خاڵی چوارەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری بەستنەوەی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بە خۆجێیەتی لە پارێزگاکانی هەرێم بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار/

تاريخ القرار / /٢٠٠٢

قرار

استناداً الى أحكام الفقرة (١)من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة١٩٩٢ المعدل و بناء على ما عرضه وزير الثقافة و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلستة المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ما يلي:

اولا/ فك ارتباط المكتبات العامة التابعة للأدارات المحلية في الأقليم و جميع موظفيها من وزارة الداخلية و الحاقها بوزارة الثقافة.

ثانيا/ تؤول ممتلكات المكتبات المذكورة و أموالها و موجوداتها الى وزارة الثقافة.

ثالثاً/لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار.

رابعاً/على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

خامساً/ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و ناوخۆ و رۆشنبیری ودارایی دەکەین. تکایە دوا خاڵ، خاڵی پێنچەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری هەموار کردنی مادە(٣٧)لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە(٢٤)لە ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان ناصح حـــــێـــــدری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

رئاسة مجلس الوزراء

قرار

استناداً الى احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦)من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢ و بناء على ما عرضه وزير المالية و الاقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢مايلي:

١ ـ اذا انقطع الموظف عن دائرته بدون عذر مشروع لمدة ثلاثين يوما خلال السنة التقويمية يعتبر مستقيلاً سواء كان الانقطاع بصورة مستمرة او متقطعة.

٢ـ لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار.

٣ ـ على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

٤ ـ ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

زۆر سوپاس.ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دەکەین.

بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بە کۆبونەوەی ئەمرۆ مان هات ودانیشتنی سبەینێمان سەعات (١٠)ئەبێت ئەویش بۆ باس کردنی وتارە مێژوویيەکەی جەنابی سەرۆک کاک مەسعود بارزانی. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی قسەیان هەیە لەم بارەیەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو وتارە و باس کردنی تکایە پێش جەلسەکە خۆیان ناو نووس بکەن لای بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن و زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدلله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٧

خولی یەکەم

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٧

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە دوو)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە دوو)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٣/٢٧ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ بەرچاوخستنی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراق و گفتوگۆ لەسەر کردنی لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە، لەبەر ڕۆشنایی وتارەکەی ڕێزدار سەرۆک مسعود بارزانی کە لە دانیشتنی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی یازدەمینی ئەنجومەنی نیشتمانیدا لە ڕۆژی (٢٠٠٢/٣/٢٥)دا فەرمووی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان و ،بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمارە (٢)ی خولی یەکەمی ساڵی یازدەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین.
بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان یەک خاڵە باسمان کرد کە بەرچاو خستنی بارودۆخی هەرێمی کوردستانی عێراقە و گفتوگۆ کردن لەسەری لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنەوە، لەبەر ڕۆشنایی وتارەکەی ڕێزدار سەرۆک بارزانی، کە لە دانیشتنی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی یازدەمینی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٣/٢٥دا پێشکەش کرا.
هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان داوای خۆیان پێشکەش کردووە بۆ قسە کردن، ئەوانە دەخوێنمەوە، هەر ئەندامێکی تری بەڕێز بیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکات، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، ئەوانەی ناو نووس کراون، ئەم بەڕێزانەن:
١ ـ انور شوکر محمد
٢ ـ حمه علی توفیق میرزا فتاح

٣ ـ شێخ عفان عثمان نقشبندی
٤ ـ سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی)
٥ ـ مەلا محسن خالد مصطفی مفتی
٦ ـ مەلا محمد طاهر زین العابدین
٧ ـ مەلا محمود فندی دیرشەوی
٨ ـ سفر محمد حسین
٩ ـ ابراهیم سعید محمد
١٠ـ شێخ یحیی محمد عبدالکریم
١١ـ رجب شعبان طیب
١٢ـ د. ناصح غفور رمضان
١٣ـ عبدالخالق محمد رشید
١٤ـ د. قاسم محمد قاسم(د. رزگار)
١٥ـ زهراء حاجی طه سلیفانی

پازده بەڕێزن، کەواتە دەست پێ دەکەین، بەڕێز کاک د. ناصح غفور رمضان فەرموو، پێش ئەوەی بەڕێز کاک د. ناصح دەست بە گفتوگۆکەی بکات، پاش ئەوانە ئەگەر مەجالمان هەبوو بەڕێزانی تریش قسە بکەن مەجال هەیە، فەرموو کاک د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێی خۆشحاڵیە کە جارێکی تر جەنابی سەرۆک بارزانی لە کردنەوەی ئەم خوڵە نوێیەدا، نەک هەر بەشداری کرد، بەڵکو بە وتارێکی مێژوویی گرنگ و راستەوخۆ بەشداری لە کردنەوەی ئەم خولەی کرد، بێگومان ئەو وتارەی جەنابی سەرۆک چەندی لەسەر بدوێیی هێشتا هەر کەمە، چونکە زۆر شتی گرنگ و هەنوکەیی ئەمڕۆی تێدایە، هەروەها شتی ستیراتیجی گرنگی کە پەیوەندی بە چارەنووسی گەلی کوردستان و گەلانی تری عێراقەوە هەیە ئاماژەی پێ کرد، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆریش لە ئەندامانی پەرلەمان ناوی خۆیان نوسیووە، من دەمەوێ بەکورتی ئاماژە بەو لایەنانە بکەم کە جەنابی ئاماژەی پێ کرد، من پێم وایە ئەمە پەیامێکی زۆر پێویست و گرنگ و مێژوویی راستەوخۆیە کە لە کات و بارودۆخێکی وا ناسک و دژوار، کە گەلی کوردستان بە گشتی و گەلانی عێراق بەتایبەتی چاوەڕوانی ئەم جۆرە لێدوان و وتارانەن، کە جەنابی سەرۆک پێشکەشی کرد، لە وتارەکەی جەنابیدا هەست بەوە کرا دووپات کردنەوەی دڵسۆزی بۆ پاراستن و چەسپاندن و پەرەپێدانی ئەزموونی کوردستانی عێراق کە بە خوێن و خەباتی گەلی کوردستان هاتۆتە ئاراوەو بە پشتیوانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بە سوپاسەوە تاکو ئێستاش پشتیوانیمان لێ دەکەن دەمانپارێزن، پەیامەکە بۆ ئەوە بوو، بۆ پتەو کردنی ڕیزەکانی گەلی کوردستان بوو

بەتایبەتی لە بارودۆخێکی وا ناسک و دژواردا کە پێویستە وەکو جەنابی فەرمووی هەموو شتێک بەلاوە بنێین، بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان سەرووی هەموو بەرژەوەندیەکی تری تایبەتی و حزبی بێت، بڵاو کردنەوە و پەیڕەو کردنی بیرو باوەڕی برایەتی و تەبایی و لێ بووردن و پێکەوە ژیان و تەساموح بوو، کە ئێمە هیچ کاتێک بیرمان لە تۆڵە سەندنەوە نەکردووە، چونکە ئامانجی ئێمە بیرو باوەڕی ئێمە تۆڵە سەندنەوە نەبووە لە بارودۆخێکی لەباردا، کە ئومێد دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا هەندێ گۆڕانکاری بکرێت، ئێمە لەگەڵ تۆڵە سەندنەوە نین، ئەمە خۆی لە خۆیدا دڵخۆش کەرە و، پەیامێکە بۆ برایانی عەرەب بەتایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ڕژێم و، هەروەها بۆ ئەو کوردانەش کە سەدان ساڵە دەچەوسێنەوەو بێ مافن سیاسەتی پاکتاو کردنی ڕەگەزیان لەگەڵدا بەکار دەهێنرێت، بۆ ئەوەی ئەم پەیامە بگاتە ئەوانیش و لە کات و بارودۆخێکی وا دا بیر لە تۆڵە سەندنەوە نەکرێتەوە، ئاگادار کردنەوەیەو هەروەها بە هۆش هێنانی ئەو کەس و لایەنانەیە کە خەریکن بەداخەوە دەبنە داردەستی بێگانە، دەیانەوێ زیان بگەیەنن بە خەڵکی کوردستان و عێراق، ئەمە هەم بۆ خۆی ئاگادار کردنەوەیە و هەم بەهۆش هێنانەوەی ئەم خەڵکانەیە کە ڕێگەی ڕاست و دروست بگرنە بەر، چونکە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان و عێراق دەبێت سەرووی هەموو بەرژەوەندیەکی تر بێت، ئاگادار کردنەوەی ئەو کەس و لایەن و حزبانەیە کە بەداخەوە جارو بار لەبەر بەرژەوەندی تەسکی تایبەتی حزبی یان هی شەخسیی دروشم و تاکتیکی ڕۆژانەی چەواشەکار بەسەر لێ شێواوانە بەرز دەکرێنەوە، ئەو بڕیارەی کە کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان داویەتی، کە چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا دەبێت لەسەر بناغەی فیدراڵیەت بێت، واتا دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی فیدراڵی عێراقی کە کێشەی گەلی کوردستان لە چوارچێوەیدا بگات بە مافە ڕەواکانی خۆی و، هەرێمی کوردستان هەرێمێ بێت لەو کۆمارە فیدراڵیە، بەڵام بەداخەوە هەندێ جار سەر لێ شێواوانە، هەندێ کەس و لایەن ئەو بڕیارەی پەرلەمان لەبیر دەکەن، بۆیە بە ئاگا هێنانەوە بوو، کەس بۆی نیە هیچ حزب و لایەنێک دەست لەو بڕیارەی پەرلەمان هەڵبگرێت، تەنها گەلی کوردستان بۆی هەیە لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتی، لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی تر یان ڕاپرسێکی تر کە بڕیاری خۆی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە ئەو بڕیارە جارێکی تر بدرێتەوە، چ بڕیارێک، ئەگەر ئاڵوگۆڕ بکرێتە سەر ئەو بڕیارە و، هەروەها پەیامێکی پیرۆز و گرنگ بوو بۆ دۆست و دوژمن و هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیان هەیە بە دەر و دراوسێ، پەیام بوو بۆ دۆست و دوژمن و دەرو دراوسێ کە ئێمە لەگەڵ دەست تێوەردان نین لە کاروباری ناوخۆیی هیچ لایەنێک نە هی کوردستان نە هی ئەوان بە پێچەوانەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بەرژەوەندی باڵای هەموو لایەک ڕەچاو بکرێت پەیوەندی دۆستایەتی و برایەتی لەگەڵ ئەوان و دەستی برایەتیمان بۆ درێژ بکەن، ئێمە دە جار دەستی برایەتی بۆ ئەوان درێژ دەکەین لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە لە پایەمە پیرۆزەکەی ئەوەی وا بە خوێن و خەباتی گەلی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، ئەم ئەزموونەی هەیە، ئەگەر پێمان بکرێت تا دوا هەناسە بیپارێزین و،

ئەگەر توانای گەشە پێدان و بەرفراوان کردنی هەبێت، ئومێدمان هەیە ئەوەش لەگەڵ هێز و لایەنەکانی تری دڵسۆزی کورد و کوردستان و عێراق بەرەو پێشەوە ببەین، ئەوەی من لە پەیامەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی گەیشتم ئەم شمولیەتە بوو، من پێم وایە پەیامێکی زۆر پێویست و، دەنگدانەوەیەک و رەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت، چ لە ئاستی کوردستان، هەروەها لە ئاستی عەرەب و عێراق و ناوچەیی و جیهانیشدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک د. ناصح، بەڕێز کاک عبدالخالق رەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی وتارەکەی بەڕێز کاک مەسعود لەو زوروفە سیاسیەی کە لە کوردستان تێپەر دەبێت و، هەروەها ناوچەکە، وتارێکی زۆر گرنگ و دەستیشی خستە سەر ئەو وەزعانەی کە ناوچەکە تێپەر دەبێت بەسەری و، هەروەها کوردستان و عێراقیش، عەرەب دەڵێت(وضع النقاط علی الحروف)، بەڕاستی تەئکیدی لەسەر ئەو سەوابتانە کرد کە پەیوەندیان هەیە بە کوردستانەوە یان بە عێراقەوە یان بە مەسیری گەلەکەمانەوە، ئەمە جێگای شانازییە و، وەسیقەیەکە، بەڕاستی بەنیسبەت منەوە دەبێت بە وەسیقەیەکی پەرلەمانی دابنێین و، ئەوە نەهجی گشتی خۆمان بێت کە پەرلەمان و حکومەت و حزبە سیاسیەکان لە کوردستاندا، ئەو سەوابتەی کە تەئکیدی لەسەر کرد، بەڕاستی میللەت زۆر گرنگ بوو پێی و، تەئکیدی لەسەر فیدرالیەت کرد کە نیزامە لە عێراقدا، لەم زرووفە شتێکی گرنگە، بەتایبەتی جهودێک هەیە، ئەو حەقەی گەلەکەمان ئیلتیفافێکی لەسەر ببێت بەناوی کورد کە دەیانەوێ دەوڵەتێک تەشکیل بکەن، یان ئەوە یەکێتی عێراق تەهدید دەکات، وەک چۆن بەڕێزی گوتی: بەڕاستی ئێمە ئیعلانی فیدرالیەتەکەمان کرد کە بڕیاری پەرلەمانە، ئەوە مانای ئەوە نیە ئێمە تەهدیدی وەحدەی عێراق دەکەین، بە پێچەوانەوە، ئێمە تەئکید دەکەین لەسەر وەحدەی عێراق و، بە سیغەیەکی دیموکراتی و سیستەمێکی فیدرالی کە لە دونیا ئیسپات بوو سەرکەوتووە(ناجیحە)ئەویش سیستەمێکی فیدرالیەتە، هەروەها تەئکیدی کردەوە کە ئێمە قەبوڵ ناکەین بە (وصایە)، قەبوڵ ناکەین هیچ کەسێک داخیل بێت بە خاکی کوردستانمان، ئەمە بەڕاستی شتێکی زۆر گرنگە و، نامەیەکی باشیشە بۆ هەر جیهەتێکیش کە تەماعی هەیە یان تەهدید دەکات، یان لێرانە و لەوێ بە سیاسەتی زەخت لەسەرمان بۆ ئەوەی ئێمە قەبوڵ بکەین بە ئەمری واقیع، من وا تەسەور دەکەم وەک چۆن لە وتارەکەی بەڕێز کاک مەسعود هاتووە، بەڕاستی مەترسی هەیە لەسەر وەزعی کوردستان و عێراق و ناوچەکەش، دوای ڕووداوەکانی (١١)ی ئەیلوول کە لە ئەمریکا ڕوویدا، ئێمە نابێت ئەو ڕووداوانە بە زەرەرمان بشکێتەوە بە تەقدیری من کورد زۆر ممارسەی تیرۆر کرا بە

حەقی و، هەوڵیش درا کە ئیبادەی جنسی بکرێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو ڕووداوانە زیاتر دەستکەوتەکانمان بپارێزێت و، ئەزموونەکەشمان بپارێزێت، نەک هەندێ لایەن هەوڵ بدەن بەناوی تیرۆر و ئەو شتانە کە ئیلتیفافێ بکەن لەسەر حقوقمان، ئەو وەزعە ناسکەو ئاڵۆزە ڕەپتی هەیە بە مەسیری گەلەکەمان، گەلی کوردستان و گەلانی عێراق، لەبەر ئەوە ئەو تەمینەی کە بەڕێز کاک مەسعود دای لە وتارەکەی، بەڕاستی تەئکیداتی تریشە، سەوابتێکی تریشە بۆ برایەتی کورد و عەرەب و گەلانی تری عێراق وەک تورکمان و ئاشووری، هەروەها تەئکیدی لەسەر ئەو شتانەی کە تەرح دەبێت لەسەر سەعیدی سەحافە و دونیا و وەکالاتی ئەنباء بەدیل بۆ عێراق بەو شێوەی کە کەس نازانێ کێیە ئەو بەدیلە، ئەو تەئکیداتانەی کاک مەسعود لەسەر ئەوەی ئێمە بەدیلێکی دیموکراتیمان گەرەکە بەدیلێکمان گەرەکە ڕوون بێت بەرامبەر حەقی کوردو، ئەو دەستکەوتانەش مەفروزە بپارێزرێ و پێشی بخات، ئێمە لەگەڵ بەدیلێکی دیموکراتین لە عێراق، ئەو بەدیلەی کە مافی گەلەکەمان بپارێزێت و، ئێمە تەهدیدی کەسیش ناکەین نە لەناوەوە و نە لەدەرەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە گەلێکی عاشقی ئازادی و دیموکراتین، لەبەر ئەوە من وا تەسەور دەکەم ئەو قۆناغە ناسکە و ئاڵۆزە پێویستی هەیە بە هەندێ هەنگاوی عەمەلی، ئەویش ئەوەیە ماڵی کورد یەک بکەین، وتاری سیاسیمان یەک بکەین و، جهودی ئاشتیمان بەرەو پێش ببەین و، هیچ هەوڵ نەدەین مەسەلەی حزبی تەسک یان مەسەلەی شەخسیی لەبان بەرژەوەندی عولیایی گەلەکەمان بێت و، نابێت ئێمە بە مەسیری میللەتەکەمان وازی بکەین، نابێت ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە حەقی گەلەکەمان تەراجوع بکەین، بە هەر ناوێک بێت لە ئیتیفاقیات بێت، لە کۆبوونەوە بێت، یان لە موئتەمەرات بێت، هەتا لە عیلاقاتی ئەم وڵاتە و ئەو وڵاتە بێت، مەسەلەی فیدراڵیەت و دیموکراتیەت بەنیسبەت کوردستانەوە، بەنیسبەت حەقی گەلەکەمان دەبێت بپارێزری و هیچ کەسێکیش نابێت لە ژێر هەر سایەک بێت هەوڵ بدات تەراجوع بکات لەو مەجالە، نابێت ئێمە بکەوینە دوای (وەهم)ەوە، ئێمە دەبێت ئیعتیماد بکەین لەسەر گەلەکەمان و لەسەر خۆمان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەستکەوتانە بپارێزین و، پێشکەوتوی بکەین، بەڕای من ئەوەش پێویستی بە یەکگرتنی ڕیزەکانمان هەیە، لەم قۆناغە و گشت قۆناغەکانی تر زیاتر پێویستیمان پێیەتی، ئەگەر بگەڕێینەوە پێشی ١٩٩١ کە کورد یەکگرتوو بوو لە جەبهەی کوردستانی، بەڕاستی توانیمان ئیستیفادە بکەین لەو پێشکەوتنەی کە ڕوویدا لە عێراق و، هەروەها توانیمان ئەو ئینتیفازەیە بکەین و، ئەو وەزعەی کە ئێستا تێداین دەستکەوتی گەلەکەمانە، بەرهەمی خوێنی هەزاران شەهیدە، بتوانین ئامانجێکی بۆ تەحقیق بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای من پێویستیمان هەیە، هەندێ کەموکوڕی هەیە لە وەزعمان، واتا لە وەزعی ناوەوەمان، باشە ئەگەر بتوانین بە پەرلەمان و حکومەت و حزبەکانەوە چارەسەری بکەین، برایانە بە ڕێگەی جهودی موشتەرەک و، ئازادی و دیموکراتی و تەعەددودی سیاسی و قەومی و ئایینی بپارێزین، گشتمان پێویستە ئیلتیزام بکەین بەو قەوانینەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری کردووە، بەڕاستی ئەگەر ئیلتیزامی

پێ بکەین کەس ناتوانێت لە ڕێگای خۆی دەربچێت، نابێت ڕێگەش بدەین بە هیچ لایەنێک کە لەبان یاسا بێت یان ڕێز لە یاسای ئێمە نەگرێت، یان ڕێز لەو فیدرالیەتە و دەستکەوتانەی میللەتی ئێمە نەگرێت، زۆر کەس دەیەوێ ئیستیغلالی وەزعەکە بکات، بۆ ئەوەی را بکات لە ئیلتیزاماتی، حقوق بێ واجیبات نیە، لەبەر ئەوە ئەو جیهەتانەی وا تەسەور دەکەن گەلی کوردستان لە زوروفێکی ناسکە، بەڕای من زۆر لە وەهمن و، دەبێت لە پێش گشت شتێکەوە واجیباتی خۆیان بزانن، ئینجا داوای حقوقی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لەناو ئەو پەرلەمانە، زۆر شتی تریشمان لە پێشە، ئەویش ئەوەیە کە یاسایەک دەر بکەین بۆ دابین کردنی حقوقی قەومیات و ئەدیان لە کوردستاندا، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک حەق نەدات بەخۆی موبالەغە بکات لە داواکەی، یان بە میزاجیەت ئێمە بتوانین کێشەی گەلانی کوردستان و عێراق چارەسەر بکەین، ئەوەش دەبێتە بنەڕەتێکی باش بۆ دوارۆژی عێراق ، کە عێراق لە بنەڕەت دروست بووە لە دوو قەومیەتی رەئیسی، ئەویش عەرەب و کورد و قەومیاتی تریش وەک تورکمان و ئاشووری، لەگەڵ ڕێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک عبدالخالق رەنگەنە بۆ ئەم موداخەلەیەی، بەڕێز مامۆستا شێخ محسن موفتی فەرموو.

**بەڕێز شێخ محسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێگای خۆبەتی کە بڵێین(اذا ارسلت حكيما فلا توصي به)، ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ بەدی دەکەین لە سەرکردایەتی کورد، بەتایبەتی لە سەرۆکی کورد شیاوی ئەوەیە کە ئینسان پشتەسوور بێت، متمانەی هەبێت لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە لە داهاتووشدا پشت بە خوا دووچاری هەڵە نەبین و بە چاو روونیەوە بگەین بە ئامانجەکانمان، میللەتی کورد ئەمڕۆ پێویستی بە وتارێکی سیاسی روون و ئاشکرا هەیە کە پەمەکان وەک بەردی بناغە کیانی ئامانجی گەلی کوردی لەسەر بوونیاد بنرێت، ئەمڕۆ بەڵێ نەیارمان هەیە، یان ناحەزانمان هەوڵیان داوە هەندێ نەیاری لاوەکی و تێکدەر دروست بکەن و دژایەتی ئەزموونی کوردستانیان پێ بکەن، ئەمانە چەند کەم و بێ دەستەڵاتیش بن ئەوەندە زیاتر دەبێت گرنگی و بایەخی پێ بدرێت و راست و رەوان حالی بکرێن و رووبەڕوویان لەگەڵ بکرێتەوە، زمانی دیالۆگ و پێکەوە ژیان ئەمڕۆ زاڵە و دەبێت بەو زمانە لەگەڵ یار و نەیاران بدوێین، بۆیە هەمیشە رۆشنبیری و سیاسەتمەدارانی کورد بە چاوی گەشبینی و دوور لە دڵە تەپە و ترسانەوە گوێ بیستی پەیامی سیاسی سەرۆک بارزانی بوون و دەبن، چونکە هەمیشە هەوڵی داوە خۆی دوور بگرێت لە قسە بەزۆر هەڵدان و ناو بردنی خەڵکی و هەمیشە وتاری سەرۆک هەڵێنجراوی ئەو واقیعە پڕ رەوشت و دینداریە بووە کە ماڵی سەرکردەی

هەمیشە زیندوو لەناو دڵ و دەروونی گەل و کوردستاندا مەلا مستەفای بارزانی تێدا پەروەردە بووە، کە ماڵی دینداری و رەوشت و کوردایەتی پاک بووە، بۆیە دوورە لەسەر کەشی، هیچ لەف و دەورانێ لە وتارە سیاسیەکەی سەرۆک بارزانیدا نیە، قسە بۆ زۆربەی جەماوەر دەکات، مەگەر تاک و تەرا ئەگەر بیریشیان نەشاز بێت یان لە ئاستی تێگەیشتندا نەبن، ئەگینا تێکرای خەڵکی کوردستان لە مەبەستەکانی حاڵی دەبن و لە ئامانجەکانی دڵنیا دەبن و دەزانن بۆ کوێ دەڕواو بۆ کوێیان دەبات و، بەڕاستگۆیی دەزانن، چونکە رابردووی پاک بووەو هەرگیزاو هەرگیز درۆی لەگەڵ گەلەکەیدا نەکردووە و، ئەو خەڵکە دوور و نزیک متمانەیان لەسەر جەنابی پەیدا کردووە، بەو شێوەی پێش رووداوی (١١)ی ئەیلوولی ٢٠٠١ دەربارەی دۆزی رەوای کورد و سەوابتی مەسەلەی نەتەوایەتی مافی کورد قسەی کردووە، بەهەمان هەڵوێست و نەگۆڕان لە هۆڵی پەرلەماندا، بە هەمان شێوە قسەی بۆ میللەتەکەی کردووە و دووبارەی کردۆتەوە، ئەو خاڵە گرنگانەی کە پێویستە لەسەریان رابوەستین زۆرن، بەڵام هەندێکیان بەخێرایی هێمایان بۆ دەکەین، سەرۆک بارزانی لە مەسەلەی نەتەوایەتی و مافی کورد دا لە قۆناغی پێش راپەڕین و دوای راپەڕینی خەڵکی کوردستان، هەرگیز موساوەمەی لەسەر نەکردووە و بەپێی بارودۆخ و گۆڕانکاری سیاسی هەڵوێستی خۆی نەگۆڕیوە، بەڵکو لە هەموو مەسەلەکاندا سەوابتی خۆی لەدەست نەداوە، لەم پەیامەدا کە لە هۆڵی پەرلەماندا پێشکەشی خەڵکی کوردستانی کرد و، پێشکەشی جیهانی کرد، بەناوی هەموو کوردەوە قسەی کرد، نەک بەناوی گروپ و لایەنی ترەوە، بەڵکو بەناوی گەلانی عێراقیشەوە قسەی کرد، توانی خۆی بکاتە دڵسۆزی راستەقینە بۆ تێکرای گەلانی عێراق کە چەوساوەن و لە ژێر ئەشکەنجە و ناڵەن، بەو شێوەیە ژیانیان بەسەر بردووەو بەسەری دەبەن، بەرژەوەندی باڵای گەلانی ژێر دەستی عێراقی کردە ئامانجی ستیراتیجی بۆ خۆی و بۆ بڕیار دان لەسەر هەر گۆڕانکاریەک کە لە عێراقدا بێتە کایەوە، بەڕاشکاوی فەرمووی لێدانی عێراق، ئەگەر بەرژەوەندی میللەتی تیادا نەبێت و، نەزانرێت بەدیلی ئەو رژێمە چییە و، چی دەکات و، چ خزمەتێک دەکات بۆ ئایندەی خەڵکی کوردستان و بۆ ئایندەی عێراق بەگشتی، ئینسان نابێت خۆی تێکەڵاوی شتی وا بکات و، ئەمە حەقیقەتێکە و دەبێت هەمیشە لەبەر چاوی بگرین، بارزانی هەوڵی دا ئەوەی لە کوردستانە لە ژێر هەر پەردەیەکدا وا بیر دەکاتەوە کە کورد بەر دەبنە یەکتری و دژایەتی یەکتری دەکەن و ئەوانیش دەتوانن فتیلەی شەڕ بن لە میانی خەڵکی کوردستان و لە میانی گەلی کورد داو هێزە سیاسیەکاندا، بەڕاستی ئەوە راستەوخۆ تێیگەیاندن کە تەنها ریسوایی مێژووییان بۆ دەمێنێتەوە و خەیاڵیان خاوە و هیچ کەسێکیش ناتوانێت بەرامبەر بە ماف و کێشەی رەوای نەتەوەیەکی وەک گەلی کورد کە خاوەنی مافێکی رەوا و، خەباتێکی سەدان ساڵە بێت یاری بە چارەنووسی میللەتێکەوە بکات، ئەگەر تاکە کەسێک بێت یان لایەنێکی سیاسی بێت یان خەڵکێکی دەستەڵاتدار بێت بەهەر لاو لایەنێکەوە حیساب بۆ خۆی بکات، ئەمەش تەعبیرە لە فەرمایشتێکی قورئان دەتوانم بڵێم هەڵێنجراوە لە

فەرمایشتێکی قورئان کە دەفەرموویت: (ولا يحيق المكر السيء الا بأهله)، هەر کەسێک بیەوێ پلان و ناحەزی و نایاری بکات، بەرد بخاتە ڕێگای ئازادی گەلێکەوە، دیارە ئەو چاڵەی بۆ خەڵک هەڵدەکەنێ خۆی تێدەکەوێ، سەرۆک بارزانی سەرچاوەی بڕیاری هەمیشە گەڕاندۆتەوە بۆ یاسا و بۆ پەرلەمان، ئەمە جێگای فەخر و ئیعتیزازە و، کۆمەڵێک بڕیاری مێژوویی لە پەرلەماندا هەبووە، دووپاتکردنەوە و تەئکید کردنەوەی ئەو بڕیارە مێژووییانەی کە لە پەرلەماندا دەرچووە، هەموو جارێ وەکو فیدرالیەت و مافی چارەنووسی کورد و هەموو خاڵەکانی تریش کە پێویست ناکات بە درێژی باسیان بکەین، نیشانەی ئەوەیە کە هەمیشە دەیەوێت دووپاتی ئەوە بکاتەوە کە دەسەڵاتی خۆی پاڵ پشت بێت بۆ دەستەڵاتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، خوای گەورە دەفەرموویت«يؤتي الحكمة من يشاء ومن يؤتى الحكمة فقد اوتي خيراً كثيراً»، دیارە حیکمەت لە قسە کردندا لە پەیام و وتاری سیاسیدا لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو هەموو سەختی و نارەحتی و دژوارەییەی کە ئەمڕۆ خەڵکانی عالەم و جیهان پیادا دەڕۆن، حیکمەت لەوە کە پێش دە ساڵ لەمەوبەر لە گەلێک نارەحتی و سەختیدا قسەیەکی کرد، ئەمڕۆش هەر هەمان قسە بکات، حیکمەت لەوەدایە کە لە کاتی چەک و چەکداری سەر شاخەکان، چ پەیامێکی بە خەڵکی ڕاگەیاند، هەر ئەوەش لە کاتی هێمنی و ئاسایش و ئاسوودەیی بە هەمان زمان لەگەڵ خەڵکدا بدوێ، قسە نەگۆڕێت بەپێی باشە نەکات بەپێی بارودۆخی گۆڕانکاری سیاسەتی ئیقلیمی و دوەلی وتارەکانی خۆی نەگۆڕێت، بە هەمان متمانەو میسداقیەوە لەگەڵ خەڵکدا بدوێت، بەڕاستی ئەمە شتێکی چاکە، ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین داهاتوویەکی گەشی لێ چاوەڕوان دەکرێت بۆ دۆزی ڕەوای کورد کە پشت بە خوا ئەو کوردە موسڵمانە، ئایینی هەیە و ئەخلاق و ڕەوشتی هەیە و، بەتەمای مافی هیچ کەسێک نەبووە و، هەوڵی نەداوە هیچ کاتێک دەست درێژی بکاتە سەر مافی هیچ گروپ و ئایین و نەتەوەیەک لە هەر کوێیکدا ژیا بن. دەست درێژی نەکردۆتە سەر مافی هیچ کەسێکی تر، ئومێدەوارین ئینشاءالله لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی دەکەین بەدی بێت بۆ هەموو لایەکمان، لەگەڵ ڕێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا شێخ محسن موفتی، بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر چاڤدێریەکی لە وەزعێ جیهانێ بگشتی و لە وەزعێ دەڤەرا هەرێما ناڤین و ناڤەراستدا بەرەنگێکی تایبەت زێدەتر تایبەت دڤەرا عیراقێ و کوردستان برەنگێکی تایبەتی زێدەتر، دەبینین جیهان یا لەسەر دەرگهێ ریدانەکا مەزن، ئەڤ ریدانە مەزن مومکنە ببتە ئەگەرێ هندێ

گهۆرینی دڤ گەلەک کوید لە جیهانێ هەمی ری بدەن، مومکنە ئەڤ ریدانە ریبدەن وەکو هەمی موئەشیر بۆ هەندێنە کە نەڤی کەمتر بن پاش شەڕی جیهانێ دووێ، مادام ریدانە ڤێ رەنگیە ئەم سەر دەرگەهێ ریدانەکە مەزنێن پێویستە حازری و بەر هەڤێت ڤیتن و کو فعلەن ئەمڤ وەکو کورد وەکو گەلێ دیێن جیهانێ کە پارچە کرنش خەڵکێن دڤەرێ موفایش ڤەریدانێ وەربگرین، کەمترین زەرەر بەر خەڵکی مە بکەڤیت، چونکە وەکو هەمی موئەشراتێ دەزگهێت راگەهاندنێ لە پایتەختێ جیهانێ هەمی رادگهێنین کە خودێ نەکرد شەڕێکی مەزن دلدەڤەرێ ریدت و ئەڤ شەڕێ هەنێ شەر، چونکە ژێ خەلاس نابیتن مومکنە قلیسکەکی بگەنە هەمی جەرا.
بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی رۆژا دووشەمبیا بووری جەنابێ سەرۆک بارزانی لڤێ هۆلا پیرۆز بەرامبەر نوێنەرێت میللەتی کورد لگەلێ کورد لە کوردستانێ عیراقێ گوتارەکا گەلەک دەولەمەند و پڕ بەها پێشکەش کر، ئەز باوەڕی دبێژم گوتارا وی ئەگەر هەمی بێتە خاندن دبێتە پرۆگرامەک بۆ مەرحەلەکا خەباتێ ژ بەر هەندێ زۆر پێویستە ئەم وەکو دەزگایەکی شەرعی دەزگایەکی تەشریعی ڤێ گوتارا جەنابێ سەرۆکی بکینە پرۆگرامەک و رەوانەی حکومەتا هەرێمێ بکەین و، فعلەن خالێت وێ تەنفیز بکێت و، جێ بەجێ بکێت، چونکە دێ بڤازانجا دۆزامەو قازانجا تەجرووبا مە سەکنەدا، ئەو خالێت کو دگوتارا جەنابێ سەرۆکی داتین دەلیڤەکاخۆ حەساس وەکی مە گوتی کە لسەر دەرگەهێ ریدانەکە مەزن ئەڤ گوتارە هەنێ کە بنەوعەکی شمولیەت وەکو مە گوتی پرۆگرامەکە یەعنی ئەشیم باوەڕیە بێژم پرۆگرامەکە ئەڤ پرۆگرامە هەنێ زۆر پێویستی بە مەرحەلەیەو ئەڤ مەرحەلە جێ بەجێ ببت، خالەکا دی لە گوتارا جەنابی سەرۆکی دهات ئەو ژێ دەرباری کە نەجۆرێت ناڤ بەینا تەیاراتێت رامیاری یەعنی سیاسی پارتێن سیاسی جەنابێ وی تەئیکدی کر کە خەڵکی کوردستانێ هەمی دڵنیا کر، کە ئەڤە ژێ هەڵوێستەکە گەلەک و گەلەک رامانەکی نیشتمان پەروەری دڵسۆزیش بۆ کورد و کوردستانیە، ئەو ژ کەرم کری و فەرمووی گوتی ئەگەر هاتوو دەلی ڤەگ هاتوو پەیدا بێن مەسائلێت مەسیری ئان ئایندێ میللەتێ کورد هەمی نەجۆریەتی حیزب و کەسایەتی دێ راوەستینین و فعلەن مستەقبەلێ ئایندە میللەتێ کورد گرین و خزمەتێ میللەتێ کورد کە سەر هەمی تیشتی رایە، ئەڤە ژێ تەبیعی خالەکا زێدە گرنگە جارەکا دی بۆ هەمی کەسێ گوتنە ژ دەرکەرەوش خۆ تەئکیدت کرد جەنابی سەرۆک بارزانی ئێتناڤێ پارتی دیموکراتی کوردستان و، ئەشێن بێژم هەمی خەڵکێن کوردستانێ کە دڵنیا بکەین کە ئایندێ مە بەرهەڤیێ مە سەرکردەێ مە وێ بەرهەڤیت کن و هێک زەرەرا کو ئەڤ ریدانا هیک گەلەکێن بەسەر مە مومکنە ئەم دشێن موفایژێ وەربگرین.
خەلەکا دی جەنابی سەرۆکی دیڤیرێ کە زۆر پڕو پاگەندە ناحەز و دوژمنێ مە دکن بێ حەق ئەو ژیک کە کورد یێ محاولە دکەن عیراقێ پارچە پارچە بکن، عیراقێ بکنە پاروویەک تا پێشکەشی خەڵکەکێ بکن، جەنابی سەرۆک دبێژێ خەڵکێ عیراق بە رەنگێکی گشتی و کورد بەرەنگێکی تایبەتی ئەم هەمی دڵنیا کرن و رەحەت کرن کە ئەوتشتە مومکن نینە، عیراق

مەسترەشویٔ ئەو خەڵکە زەرت کر، کورد وەکو کورد ئەم کوردین بەس ئەم عیراقینە بەرەژەوندا خەڵکێن عیراقیٔ رەنگەکی دیالێکتیکی گریٔ دا لەگەڵ بەرژەوەندا میللەتا کورد کە جەنابیٔ وی کەرم کری ئەوا بۆ میللەتی کورد و بۆ عیراقیٔ باش ئەم دیوەکین هەمی بزاف محاوەلە دکین کە زەرەرو زیان لەسەر میللەتیٔ عیراقیٔ کەم ببێت، ئەڤە ژێک تەبیعی مەوقفێکی زێدە زێدە نیشتمان پەرەوەرییە زێدە زێدە حەریسە لەسەر مستقبلیٔ میللەتیٔ عیراقیٔ هەمییٔ بۆ پرو پاگەندە وان دوژمن وان ناحەزا ئاویٚت پرو پاگەندە دکەن محاولە دکن دوژمنا لەمە زێدە بکن محاولە بکن خەلکەکی لەمە بینە پشت ریٔ کە ڤیٔ بقەناعەتا من جەنابی سەرۆک بارزانی گرۆپەک دی دلیلەک دی پێشکەش کر کە دیڤان کوناڤان محاولە هەمیان هەرگرتن، هەروەسا ئەڤ ئیحتیمالا وەکو ئەشێم جارەکا دی بێژم ئەڤ دەنگێت کون کە تێنە بلند کرنیٔ وەکو جەنابی بارزانی ببیت، کو رێبەریٔ عیراقیٔ ئان سەرۆک کۆماریٔ عیراقیٔ یێ مەرحەلا ببیت بە تەئکیدیش ڤەرڤیمە و ڤی هەڵوێستییە ژ بەر رابردوییٔ وییە ژ بەر رابردووی خەباتا پارتی دیموکراتی کوردستانییە ژ بەر نیشتمان پەروەریا کوردانە ژ بەر نیشتمان پەروەریا سەرۆک بارزانیا دلسۆزایا ویا بۆ میللەتی عیراقیٔ هەمییٔ کە گوتارا ویدا زۆر زۆر تەئکید بی، زۆر پڕ زەلالی ئاشکرای پێشکەشی جیهانی هەمییٔ کرد، ڤە دیماهیٔ جارەکا دی بێژم ئومێدا مە ئەوە کە جەنابی سەرۆک بارزانی موجودە حازرە ئەم بیرو باوەڕە دبێژین ئەم پشت راستێن دگەل پارتی دیێن کوردستانی دگەل پارتی دیێن عیراقی ئەم دیٔ هەم پێکڤە دیٚشین کو ڤیٔ ریدانە مەزن ئەگەر ریبدەت زەرەر سەر مەکەم بیتن و موڤایش وەربگرین و، جارەکا دی داخازی دکەم کە گوتارا سەرۆک بارزانی بکەینە پرۆگرامەک و وەسیقەیەک پێشکەشی حکومەتا هەرێمیٔ بکین کو بۆ تەنفیز کرنا وی، چونکە تەنفیز کرنا وی فعلەن دیٔ خزمەت کرنا قەزیەتا مە دبت دیت خزمەتا سەروەرا مە دبت و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک دکتۆر رزگار، بەڕێز مامۆستا محمود دیرشەوی.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان "ربنا لاتزغ قلوبنا بعد اذ هديتنا وهب لنا من لدنك رحمة إنك انت الغفور الرحيم".

هێژا سەرۆکا ئەنجومەنا نیشتمانیا کوردستان، راستی پەیڤا رێبەریٔ کورد جەنابی سەرۆک (مەسعوود بارزانی )ئەز وەلیٔ هەزر دکم، بەلاّم مەحمود دیرشەویەک و کو دەها و سەدا غیری مەلا محمود دیرشەویەک وین نەکا وی کەلیما وی چەند ئاخافتنەک یان چەند رێزا وی بەکارین و هەڵسەنگینن و بەهای پێبدەن، بەلێپا هەر ئینسانەکی لەگور هزرو گومان و بیر و بۆ چونیٔ خوا ئاخافتنا تشتەکیٔ ژیٔ وەردەگرێت، دووسیٔ خاڵ سەرەکی ل نک من ئەویٔ کو نەک من گەلەک

بەهاو برادەرا ژی هەندەک ئیشارەتدا، خالەکێ پەیڤا جەنابی وی مرۆڤ دزانت ژ دلی خووە تاخت نەبوو دەخوتان و ئیعلام و راگەهاندنێ بی، ئەو تشتە دلێ ویدا ئەو تاخت، دگەل میللەتێ خۆوا راست رووبەڕوو چ دلادا هەیە ئەو دەیا دەر، یا دوێ هزرا من ئەوە بێ گومان ژ وەسایا خۆ بەرپرس و خەمخۆریش ڤی میللەتی ددیت، دبینت، دروستی بیرا گوتنا ئیمامێ عومەری خوا ژێ رازی بیت تەدبیرا موڤی وەختێ دگووت بێژت« لو عثرت بغلة في العراق لكنت مسؤولا عنها » ئەگەر هێسترەک لە عیراقێ پەلینگێڤت ئەو لە مەدینە ئەمیر موئمنێن ئەو بەرپرسە ژێ، جەنابی بارزانی دبینت کوردەک لکویرا کوردستانێ ژارەک لەکیدا عیراقێ پەلینگڤت نەخۆشم سەربت بەرپەرسێت خۆت بینت، تەتبیقا گوتنا پێغەمبەر خوا لێ رزای بێت «كلكم راع وكلكم مسؤول عن رعيته»درەژە ئێک رێبەر، دووەت بینت میللەتێ کورد ئەمانەتە لەسەر ئەستۆیی وی رێبەرێن کوردا یێل گەل یێل ژ بەویا وی ئەڤ ئەمانەت یەکی یەکی وێ گەهاندنێ وی و تەسلیمی وی کر زانێت ئەڤە ئەمانەتەکە سەر ئەستۆی وی، بۆیە وەکی کورد دبێژن دەما بۆ چوونی وی و بەرێ خۆوا بۆچوونێ خۆت دیار کرن، هیرو کویرو گیر دنێرت، نەمزایەدە و شیعارێن و پارچە چیرۆکێ دبێژن ددخوش تاخڤێت وئاخافتنەکی بۆ جێ چوو، خۆ بەرپرس و پرسیار لێ کەر ژ ڤێ ئەمانەتێ ڤێ ئەمانەتێ دبینن، زانت خۆی تەبیعی پرسیاری ئەمانەتی ژێ بکرێت، راستی پەیڤا جەنابێ وی دلتەناکەر بی، دلتەناکەرو پشت راست کرنا میللەتێ کورد بی، چونکی وەکی برادەر ئیشارەت دا، ئەمی لقۆناغەکی دا دەژین حالێ رۆژهەلاتا ناڤەراست و، عیراق بەتایبەتی وەکی کەلکەکی سەر ئاڤەکا پێل دژوار و بێ کەلەکڤان وەردچت کۆیل کریت بسەکنەت هەر خودێ بزانیت، ئەز باوەردکەم باش و کالێن می رەحمەتا خودێن وا بیت و، رێبەرێن کورد هەمێ ژی لچەرخا بیستێ دا، ئەگەر ساغ بینا هەمیدا پیرۆزباهیێ لێ کەن و دابێژن تووشی دلێ مە تاخڤی بی، چونکی هیندی شۆرشەکا ئازادی خازا کوردی رابی دیفاعیش حەقی میللەتی کورد و ژ حەقێت مرۆڤێن دەورو پشتێ کوردا ژ حەقی ئینسانیەتی وی کرنا، ئەو لەسەر شمولیەتی وی شمولەتێ وی چویا، هەر ئینسانەکی خۆزیەک هەیە، مژی خۆزییەک هەبی، خۆزیش خێرا خودێ را، جەنابی بارزانی تا رادەیەکی وەکی ئەز بێژم (کاک عبدالخالق زەنگەنە) نەوعە ئیشارەتەک دایێ ژ خێرا خوودێ را هەندە عاطفیەت و نەرماهیژی بکار نانیبیا، هەتا مرۆڤێن خراپ و مرۆڤێن نەراست، ژ خراپی ناوەراستیێ خۆ پشت راست بن، کو لەسەر ئاخا کوردان، لەسەر خوینا کوردا، لەسەر سووتنا کوردا وێ دژی، ئەم دوێ ڤی ژ بیر نەکەین وەقوودی شۆرشا کوردیێ، عاردیێ شۆرشا کوردی بزا بۆ ئازادیێ خازا کورد، یەکەڤ نانی کورد بگرە میللەتی کورد بێ، تایبەت پارتی بی، یەعنی ئەگەر ئەم ڤێ نەبیژن ئەم بێ ویژدانیە دکەن، ئەمن حەقییێ دکەم، پارتی بین، کورد بین، کورد ژی پارتی بین، وەختێ بەردیا (مەلا مستەفا بارزانی)دا کورد پارتی بیت، ئەوی نەپارتی بیت، ئەو جاش بیت دوژمن بی، سەر ڤی دژین نەخۆشییدا کورد پارتی ببتە قوربان خۆشییدا ئەو سەرتیک وئەڤە ماستا خۆشڤا خۆن ئەڤە ناحەقییە، پێت ڤەیا هەر ئینسانەک لە مالێدا بگرە، لە عەشیرێ

بگره، له میللەت بگره، حقوق و واجبات هەنە وەکی برادەران ئیشارەتدا، چا ئەوە حەقێ خۆت دخازت گەلەکا وەسە واجبێ خۆ ژی ئەدا بکیت، مە دیت چەند کاریزە مەلڤان چەند سالادا، سەرکوردە دهات، سەر پارتی دهات بەتایبەتی کەسەکی دەست نەئاڤێت هەمەل سەر تەلەفزیۆنەکی سەر مەیکرۆفۆنەکی مە دوو ئاخافتنا بێژیت، بێژیت وەلا ئەڤەنە حەقە، بۆچی دبت سەر میللەتی کوردی تینی، ئان سەرێ پارتی تینی، ژ دەرڤە توو بەرێ خۆ دیێ، جیهێ داغ و برینانە هەر ئینسانەک وەختێ دچێت مەیدانێ هەڵە بژێن نەخێر ئەزم من هۆ کریا، بەڵکی حەتا هەندەک ئاخافتنێن نەراست و ناشرین دەربارەی کورد دادەتینن، وەلا کورد و بەعسی ڤی عیبارەتی، کورد و بەعسی لە خراپیدا وەکی یەکن، وەلاهی ئەز دبێژم ئەڤە بێ ویژدانیە، پێت ڤیە دیسان ژێ ئیشارەتێ بدێ گوتنا (کاک عبدالخالق زەنگەنە) بێتە دیار کرن برادەر ئەز و توو برایێ یەکن، ئەم شریکی ئێکن دڤێ مالێ دا دڤێ ئاخێ دا، هێندەیا منە هێندەیا تەیە حەقێ من ئەڤەیە حەقێ تە ئەڤەیە، واجبێ من ژی ئەڤەیە، واجبی تە ژی ئەڤەیە، واجب بێتە ئەدا کرن، یەعنی حەتا بێتە دەلیڤەگ مەسەلەن وەکو جهێ داغ و برینا گەلها دلێ کوردستانێ کو جەنابێ رەحمەتی(مەلا مستەفا) گووتی کورد بێ کەرکوک نازی، کەرکوک ناو کوردستانێ دابژی ئەو ژی نازیت، چونکی دل کەلەج جرا دەبێت، تەنها کەرکوک ئالا دەولەتەکا بیانی سەر بێتە دامەزراندن بێتە پێشکەش کرن هەدیە بۆ هەندەک ئینسانا، پێت ڤیە کورد بەعام رێبەری کوردیش، برادەر پێی خەلەتی، حەقێ تە حەتا ڤرێ نازی دەترسی، یان ئەوێت بێژت کورد و بەعسی وەکی یەک زوڵم و زۆرداری دکن، کار برادەر لەپەکە گۆشتا هەر نەگەلک، کورد بەری خۆی دەداتە کوشتن، ژ بەڤێکی پێتڤیە هەر ئینسانەک حەقی وی بێتە دیار کرن، واجبی وی ژ بێتە دیار کرن، حەقێ تە ئەڤە واجبی تە ژی ئەڤەیە، ئەڤ نەراماهی بەراستی ئیعتقادێ من دا ئەز وەلێ دکن، نەرماهی تا حەدەکی (لکل شيء حد وكل ما جاوز عن حده انقلب الى ضده) وەکی عارەب دبێژن.

ڤێرێ گوتنەکا سەیدا جگەر خوین هەیە ئەز گەلەک حەز دکم گەلەک جارا من گوتیا پێم خۆشە ئەز دبێژت( خوورتا ئەگەر توڕابی، وەک باشووکا هەری چووک، نەوەک شێر و گورابی، توو ناستینی ژ من مولک، نەخورێ توو شەهرەزا بی بوکێ دبی بتا تووک، کوو بێ تاج و سەرا بی، دێ چاوا من بکی بووک) ئەمن ئەبێ تا ئاخیر میللەتێ دەنگێ کوردستانێ دەنگێ کورد، یەعنی نەرماهیا وی وەلێت کرد کو خرا بێ، وەلا دیارە ئەڤە ئەز کیم ئەز باشیە ئەز دکەم، ئومێدوارین ئینشالا خودێ گەورە توفیقا ببت پشتوانێ وی بت، گاڤ راستکەرێ وی بت، رووی رەشکەرێ نەیارێ وی بت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ کاک مەلا محمود دێرشەوی، بەڕێز کاک انور شوکر.

**بەڕێز انور شـــوكـــر مـــحـــمـــد:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

ڕێزدار سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان، لە وتارە بەنرخ و پڕ بەهاكەی جەنابی سەرۆكی هێژامان (كاك مەسعوود بارزانی)دا تەئكیدی جەنابیان لەسەر ئەمڕۆی دانیشتوانی كوردستان بەگشتی و، بەبێ جیاوازی بیر و بۆ چوون و ئایین و مەزهەب و زمان دەبێ ئەم ئەزموونە بپارێزین و گەشەی پێ بكەین و بەرە و پێشی ببەین تا دابین كردنی ئاسۆیەكی ڕووناكتر بۆ گەلی كوردستان.

لێرەدا پێویستە بزوتنەوەی ئازادیخوازی كوردیش خۆی لە ئاستی بەر پرسیاریەتیدا ببینێتەوە و بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوایەتیەكانیش گەورەتر ببینێ، لە بەرژەوەندییە حزبایەتی و تایبەتی دا، چونكە گەلی كوردستان بەگشتی یەك چارەنوسیان هەیە و لەیەكتری دانابڕێن لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشن، جەنابی سەرۆك لە هەموو ڕووەكانەوە دووا و پشت ئەستورانە باسی لە هەموو ڕووداوەكان كرد، لە هەمان كاتیشدا ئاماژەی بەوە كرد، ئەگەر هەندێك بیر لەوە بكەنەوە گێرە شێوێنی لەم وڵاتەدا دروست بكەن، خوێن ڕشتنی تربكەن، كوردستان زیاتر پارچە پارچە بكەن، ئەوە خەیاڵیان خاوە و بیرێكی دوژمنانەیە، چونكە وجوودی سەرۆك بارزانی و ئەزموونە پڕ حكمەتەكەی بارزانی باوك هەرگیزا و هەرگیز ناهێڵێت كورد دووچاری كارەسات و نەهامەتی بێن، لەبەر ئەوەی كوردیان گەیاندۆتە ئەم قۆناغە و، خەباتی شەخسیەتی بارزانی نەمر هاوسەنگێتی بۆ خەباتی هەموو مێژووی كورد و درێژە پێدانە بۆ ئەو خەباتە و بەرە و ئاسۆیەكی ڕووناكتر چوون، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، بۆ كاك انور شوكر، بەڕێز كاك علی توفیق.

**بەڕێز حـــمـــە علی توفـــیق مـــیـــرزا فـــتـــاح:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

بەراستی لە جێگای خۆیدا بوو كە هێژا كاك(مسعوود بارزانی). لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٣/٢٥دا، لەم هۆڵەدا هەڵوێست و بیر و بۆ چوونی خۆی لەم كاتەدا لەسەر بارودۆخی كوردستان و عیراق و دەوروبەری بۆ جەماوەری خەڵكی كوردستان و گەلانی هاوبەش لەناو عیراق و گەلانی دەوروبەری كوردستان و دەوڵەتەكانیان و، ڕای جیهانی ڕوون و ئاشكرا دەربڕی، هەر بۆیە پێویستە لەسەر پەرلەمانی كوردستان ئەو هەڵوێستە بوێر و ئازایانە تاوتوێ بكات و، لەگەڵ بیرو بۆ چوونی خەڵكی جەماوەری كوردستان بەراوردی بكات، وەكو نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵكی كوردستان و ،پشتگیری لێ بكا و، ئەو خاڵە گرنگانەی كە پەیوەندی بەداخوازییەكانی گەلەكەمانەوە هەیە باسی لەسەر بكرێت و، ڕەنگە هەندێكیش وەكو یاداشنامەیەكی بەپێز بەناوی پەرلەمانەوە بدرێتە

ئەو جێگایانەی کە پێویستن.

سەرۆکی هێژا چەند جارێک ئاماژەی بە بڕیارە مەزنەکەی پەرلەمان کرد کە بۆ چارەسەری کێشەی مافی کورد لە کوردستانی عیراقدا کە ئەویش بە شێوەی فیدراڵیە لە چوارچێوەی حکومەتێکی عیراقی فیدراڵی فرە حزبیدا، ئەو خاڵانەی کە گرنگن و کە پێویست دەکات پەرلەمان باسی لەسەر بکات بەڕای من ئەمانەی خوارەوەن:

١- هەروەک سەرۆک فەرمووی ناوچەی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ رووداوی گەورەی لێ رووبدات و، باسەکەش ئەوەیە کە لە عیراق بدرێت یان لێی نەدرێت. وەڵامی راستیش لای خاوەن بڕیارە و، مادام ئەم رووداوە پەیوەندی راستەوخۆیی بە چارەنوسی ئێمەوە هەیە، چی وەکو کورد و چی وەکو عیراقیش، پێویستە لەسەر پەرلەمان بۆ هەریەکە لەو دوو ئەگەرە لێ توێژینەوەی لەسەر بکات و، بە پێی واقیعی ئەو ئەگەرانە چەندین پلان و بیرو بۆ چوونی گونجاوو بڕیاری باش ئامادە بکات، بۆ ئەوەی لەکاتی رووداوەکەدا بتوانرێت کاری تێدا بکرێت.

٢- پێویستە لەسەر لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان هەر لە ئێستاوە بەرنامەی دانانی یاساکانی پێویست بۆ رووبەڕوو بوونەوەی رووداوەکان ئامادە بکات، ئیتر ئەم یاسایانە پەیوەست بن بە مافی گەلەکەمان و گەلانی هاوبەش لە عیراق و کوردستاندا و، جۆری پەیوەندی گەلانی عیراق لە دەستورێکی عیراقی تازەدا بۆ ئەوەی لەکاتی خۆی پەسەند بکرێ و کاری پێ بکرێت.

٣- پێویستە پەرلەمانی کوردستان چالاکانە و بەشێوەی بەرفراون یاسای فیدراڵی کوردستانی عیراق بۆ جەماوەی خەڵکی کوردستان زیاتر روون بکاتەوە و، لە رێگای ئەندامە بەڕێزەکانەوە، چونکە لای هەندێ لایەن و کەسان و ئەم بڕیارە لاواز بووە و خۆیانی لێ لادەدەن.

٤- داواکارین پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەریەکە بەجیا و، یان بە هاوبەش وەفد بۆ چەندین وڵاتی دەوروبەر و ئەو وڵاتانەی کە پێویست بکات رەوانە بکەن، هەتا بە شێوەیەکی باش هەڵوێستی خەڵکی کوردستان بە دەوڵەتەکان وگەلانیان رابگەیەنین، یان لەلایەن پەرلەمانەوە داوەت نامە ئاراستەی نوێنەرانی ئەو دەوڵەتانە بکرێن، سەردانی پەرلەمانی کوردستان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بۆ بەڕێز حمە علی تۆفیق، بەڕێز شێخ عەفان.

**بەڕێزعفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە پێشەکی لەبارەی وتارە زۆر بەنرخەکەی جەنابی سەرۆک، ئەوە بڵێم کە هەردەم بەڕێزیان لە وتارەکانیان و چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانەکانیان بە شێوەیەک بۆ چوونەکانیان باس کردووە، کە

بەراستی تەعبیری راستەقینە لە ئاوات و ئارەزووی گەلی کوردستان کردووە و بەگشتی زۆر بە جوانی ئیسپاتی کردووە کە رابەری راستەقینەی کوردستانە، چونکە ئەو خالانەی کە بەڕێزیان دەست نیشانیان کردووە و چارەسەریان بۆ داناوە لەناخی کوردستانەوە بوون و، فەرمووده و وتارەکەی پڕ بووە لە دڵ فراوانی و سینگ فراوانی ولێ بووردن و جەربەزەیی و ئازایی و فیداکاری و خۆنەویستی و لە پێناوی بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا، من پێم باشە زۆر بە کورتی ئیشارەت بە چەند فەرموودەیەکی بەڕێزیان بکەم، خودا دەزانێ حەقی ئەوەیە کە بەزێڕ لە هەموو ماڵێکی کوردستاندا ئەو فەرموودانە بنوسرێن.
ئەوەی کەلام زۆر گرنگ بوو یەکەم مەبدەئی تەساموح ئەمە پێویستیەکی زۆر گرنگە بۆ گەلی کوردستان، چونکە بەراستی زۆر زوڵمی لێ کراوە، ئەمە کە دەورێکی گەورەیی وەک بەڕێزیان نەبێ باس کردن و لێبوردنی زۆر زەحمەتە. دووەم تیرۆر گەلی کورد سوپاس بۆ خواو گەورەیی و حکمەتی باوکی کورد بارزانی کە نەیهێشتووە گەلی کورد تووشی ئەو زەلکاوە ببێت و تاکو ئێستا لە ماوەیەکی نزیکی(٤٠) ساڵی تێکۆشانی چەکداری کردووە. بەرگریی لە گەلی عیراق و هەوڵدان بۆ ئەوەی کە تووشی زەرەرو زیان نەبێت، ئەمە چەند دڵێکی فراوان و بە توانایە چ مێشکێکی بە حیکمەتە ئەگەر بتەوێت ئەم خاڵە دەست نیشان بکرێت و راپۆرت و ئەتروحەیەکی لەسەر بنوسرێت.
بڕیار نەدان پاش قسەکردن لە ساتێک کە ئەنجامەکەی نەزانی کە ئەویش لێدانی عیراقە یان لێ نەدانیەتی و بەرچاوخستنی مافی کورد و گەلی کوردستانە، ئەمە بەشێکی گرنگی وتارەکەی بوو. پێنجەم بەوازحی باسی لە حوار و زمانی وتوویژ کرد لەم چەرخەدا زمانی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی جیهانە.
سەروەری یاسا بەراستی زۆر بەرێک و پێکی بە جوانی باسی لێوە کرد کە سەروەری یاساو نوێنەرانی گەل کە پەرلەمانی کوردستانە حەقی بڕیاری چارەنوسی گەلی کوردیان هەیە.
تەئکید کردن لەسەر مافی کورد و گەلی کوردستان و فیداکاری و خۆ بەخت کردن لە پێناویدا ئەگەر پێویست بوو. تەئکید کردن لەسەر پێکەوە ژیانی و مافی گەلانی عیراق و کوردستان و ئەمەش خاڵێکە بەراستی زۆر بەراشکاوی باسی لێوە کرد، دیاریشە لەدڵی هەموو دڵسۆزێکی نیشتمان پەروەرێکی کوردستاندا بووە، هەردەم سووربوون لەسەر هێمنی و هێوری کوردستان لە هەر کات و سەعاتێکدا بێت، نەهاتنەدی ئاواتەکانی دوژمنی کوردستان و یەک بوون و بۆ چوونەکانی گەلی کوردستان و، رێگە نەدان بە تەفرەقەو شەڕو شۆڕی خۆ بەخۆ ئەمەش زیاتر و باشتر بۆ جارێکی تر ئیسپاتی رابەرایەتی و سەرکردایەتی خۆی کرد، لە دوا قسەمدا ئومێدەوارم وتارەکەی جەنابی سەرۆک دەستورێکی سەرتا سەری پیرۆز بێت بۆ گەلی کوردستان و، پیرۆزبایی گەلی کوردستان وخۆمان دەکەم لەسەرکردیەکی ئازا و خۆنەویست و رابردوو پاک، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، بۆ بەڕێز شێخ عەفان، بەڕێز زەهرا خان.

**بەڕێز زەهرا حـاجی طە سلیـﭭـانی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

وتارا پیرۆزیا سەرۆكیا هێژا(كاك مسعوود بارزانی) رۆژا٣/٢٥ لدەستپێكا ڤەكرنا خولا یێكێ سالێ یازدەیێ، پێت ڤی بوو لرۆژەكی وەكی ئەڤرۆ كو دەڤەر ریدانەكە مەزن ئێتن، گوتارا بەرێزی دلێ خەلكێ مە تەناكرن، ئەو پرسیار و گومان ئەوی لدەڤ میللەتێ هەنە، هە می ل دەڤ وان روون و ئاشكرا بی، ئەڤ ئاخاڤتنا ویا بەرێزی هەمی هاتنە بەر سڤدان و روهن بی لەبر خەلكێ، وەكی هەمی جارا جەنابێ وی دبێژیتن ئاخفتنا خۆدا وەكو ئەم تشتەی خۆ ژ خەلكێ خۆ ژ خەلكێ خۆ ڤناشرن، تشتێ مە هەمووو دیار و ئاشكرایە وەسە هاتە دیار كرن، بۆ میللەتێ مە كو رۆلی مە یێ میللەتێ كورد دڤان ریداناادا دیی چاوا بیتن، تشتێ گرنگ ئت ئاخافتنا جەنابێدا هەڤالێت مە ئیشارەتدا بگەلەكا یا من ل دەڤ گرنگ ئەوەت وتارا ویدا دیار كر كوب هیچ رەنگێكی نەڤێت زیان بگاهتە میللەتێ عیراقێ، وەكی هەمی جارا دیار كریا كو دژێ پارچە پارچە كرنا عیراق كیاو، تەئكید لسەر چارەسە كرنا كێشا میللەتێ كورد كرد، فیدارلیەت یاكو بڕیارا پەرلەمانێ كوردستانێ هاتیە راگهاندن تناڤ عیراقەكی دیموكرتیدا.

دیسانێ دڤیا ل سەر ئیشارەتدا هەندێ كو دڤیا ئەم ڤێ ئەزمونێ بپارێزین ئێك گرتنا رێزێت میللەتێ ئێك گرتنا هەمی ئەحزابێت كوردستانیدا كو ئەڤا رۆلی مە هەمیانە دڤیات وەختێ تەنگاڤیێدا ئەو بەرژەوەندیا تایبەتیێ هەمی بكەنە قوربانیا دۆزا راستێ میللەتێ كورد، ئینشالا ل دووماهیەكی دا سەركەڤتن بێ هەر بەهرا میللەتێ كوردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس بۆ زهراء خان، بەڕێز كاك سیروان كاكەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین (سیروان كاكەیی):**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

وتاری بەڕێز سەرۆك بارزانی لە رۆژی (٢٥)ی مانگ لە هۆڵی پەرلەماندا وتارێكی هەمە لایەنە بوو و زۆر گرینگ و مێژووی بوو كە لەم قۆناغە ناسكەدا ناوچەكەمان پێیا تێدەپەڕێ، لە راستیدا وتارێكی بەرپرسانە و بەراشكاوی جەنابی سەرۆك بارزانی لەسەر بابەتەكان دوا و مەسئولیەتی گەورەشی خستە سەر ئەستۆی خۆی چ لەسەر ئاستی كوردستان و،چ لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەكە و، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەڵگرتنی مەسئولیەتێكی وا مەزن و گەورە لەم قۆناغە زۆر ناسكەدا ئەو پەڕی گەورەی و مەزنی و توانای بارزانی دەردەخات كە بەراستی هەڵگرتنی مەسئولیەتی وا لەم زروفە ناسكەدا مەسەلەیەكی یەكجار گەورەیە، بێگومان بەڕێزی باسی لەزۆر

مەسەلە کرد چ لەسەر ئاستی ناوخۆ، چ لەسەر ئاستی عێراق بڵێین وچ لەسەر ئاستی کوردستان و ناوچە ئقلیمی و نێودەوڵەتیش، من لەبەر ڕۆشنایی قسەکانی جەنابی بارزانی هەندێ مەسائل دەمەوێ قسەیان لەسەر بکەم. لەسەر ئاستی ناوخۆی و مەسەلەی شەرعیەت و یاساو شەرعیەتی هەرێمی کوردستان حەز دەکەم پێش ئەوەی باس لە هەڵبژاردن بکەم ئەمەوێ بڵێم لە ڕاستیدا شەرعیەتی هەرێمی کوردستان لە خەباتەوە هاتووە لە خوێنەوە هاتووە لە قوربانی دانەوە هاتووە، بە درێژایی چەندین ساڵ خەبات کراوە تاوەکو گەیشتوونەتە واقعی هەڵبژاردن، ئەو دەسەڵاتە دراوەتەوە گەلی کوردستان،گەلی کوردستانیش لەرێگەی خۆیەوە جارێکی تر دەسەڵاتەکەی بەخشیوەتەوە ئەو حزابە سیاسیانەی کەوابەشداربوون لە هەڵبژاردنەکەدا و، ئەم واقعەی لێکەوتۆتەوە کەواتە شەرعیەت پێش هەڵبژاردن لە خەبات و لەبوونی نەتەوەوە هاتووە و کە لەسەر ئەم خاکە دا بەدرێژایی مێژوو لەسەفەرێکی دوورو درێژی مێژووییەوە لەسەر ئەم خاکە ئەژی ئەوە، بۆیە هەندێ جار گوێمان لە هەندێ دەنگ لێرەو لەوێ دەبێ باس لەوە دەکا کام شەرعیەت کام یاسا، ئەم شەرعیەت وئەم یاسایە دەنگی خەڵکی کوردستانە ودەبێ هەموو لایەک و هەمووکەس و هەموو حزبێک پابەند بێ بەم شەرعیەتە چونکە دەنگی خەڵکی کوردستانە، هەموو خەڵکێکیش کە لە سەر ئەم گۆرەپانەدا خەباتی سیاسی دەکات ج وەکو ئەحزاب وەکو لایەنی سیاسی وەکو رێکخراو وەکو جەمعیات وەکو هەر کۆڕو کۆمەلەیەک دەبێ ئیجازە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرێ چونکە ئەوە ئیجازەی خەڵکی کوردستانە، ئیرادەی خەڵکی کوردستانە، ئەوەی کەوا بیر دەکاتەوە کە بێ ئیجازە لەم وڵاتەیە بەکەیفی خۆی تەڕاتێن دەکات و دێت ودەڕوا لەوەهما دەژی، ئێرە یاسای تێدایە ئێرە دەوڵەتی تێدایە ئێرە حوکمڕانی و دەسەڵات و ئیرادەی گەلەکی تێدایە کە پێی دەگوترێ گەلی کوردستان وئێرە کوردستانە.

خاڵی دووەم کە دەمەوێ قسەی لەسەربکەم، مەسەلەی کوردو عێراق ودەسەڵاتی ناوەندە من نامەوێ بچمەوە بۆ مەسائیلە تاریخیەکان واقعی دروست بوونی دەولەتی عێراقی کەچۆن دروست بووە، بەس ئێستا ئێمە حەقیقەتێک هەیە وەکو جەنابی بارزانیش تەئکیدی لەسەر کردەوە کەئێمە خەڵکی کوردستانین وخەڵکی عێراقیشین عێراق دەولەتی هەموومانە، ئەگەر وابیر دەکرێتەوە کە دەسەڵاتی کوردی یان دەسەڵاتی خەڵکی کوردستان لەناوەندی دەسەڵات دوور دەخرێتەوە ئەوەش دیسان وەهمێکی سیاسی زۆر گەورەیە. پەرلەمانی کوردستان کە مەسەلەی فیدرالیەتی تەرح کردووە فیدرالیەت لەسیستمێکی فیدرالی عێراقی دێتە کایەوە کەواتە دەسەڵاتی خەڵکی کوردستان لەناوەندی بڕیاردا دەبێت ئێرە کوردستانە وخاکی عێراقیشە لەهەردوو لاوە پێویستە ئیجازە وەربگیرێ چونکە ئێرە تەمسیلی خاکی عێراقیش دەکات و لە دوارۆژیشا کورد بەشێکە لەپێک هاتەی دەسەڵاتی ناوەند ورەنگە دووریش نیە وەزیری ئایندەی ناو خۆی عێراقیش هەر کورد بێ ئەبێ ئیجازەی هەر وەرگرتبێ، بۆیە من دەڵێم ئەگەر هەر کەسێک بەو شێوەیە بیردەکاتەوە کورت بینانە بیر دەکاتەوە لەسیاسەت با ئاسۆی لێکدانەوەی

تۆزێ فراوانتر بکات و واقع بینانە سەیری مەسەلەکان بکات .
جەنابی سەرۆک مەوزوعی مەسەلەی دەوڵەتی کوردی و ئەو هەرەشانەی کەوا هەیە لێمان دەکرێ لەدەورو بەر ئەو مەوزوعەی کە وروژان مەسەلەیەکی یەکجار گرنگ ومهیمە ئەوبابەتە، جەنابیشیان ئیشارەتی بەومەسەلەیە دا لێرە هەوڵ دانە ئلتیفافە لەسەر مافی خەڵکی کوردستان، بەبیانووی ئەوەی کەوا خەڵکی کوردستان ئەیانەوێ دەوڵەتێک دروست کەن دەیانەوێ مافی میللەتی کوردستان قووت بدرێ بێگومان ئەبێ باش بزانن کە خەڵکی کوردستان و قیادەی خەڵکی کوردستان و جەنابی سەرۆک بارزانی زۆر لەوە ژیرترن زۆر لەوە زاناترن کەئەوان بتوانن ئاوا ئیلتیفافەکی سیاسی بەدەورمان بکەن وبەناوی دەوڵەتی کوردیەوە مافی کورد پێشێل بکەن و، هەر کاتێ هەڵ و مەرجی نێودەوڵەتی هاتە کایەوە بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی ئەو کاتە ئیجازە وەرگرتن لەکەس پێویست نییە خۆی دروست دەبێت هەموو میوەیەکیش لەکاتی خۆیا دەگات، مەسەلەی لێدانی عێراق و ئایندەی عێراق بەرەو کوێ دەچێت بەتەئکید جەنابی سەرۆک زۆر بە راشکاوانە لەسەر ئەم مەسەلەیە وەستا و لەسەر مەسەلەی دیموکراتیەت و مەسەلەی مافی گەلی کوردستان لە دوارۆژدا لەو دەسەڵاتە ناوەندەیە مەسەلەی بەرژەوەندی گەلی عێراقیشی خستە پێش چاو و مەسئولیەتی ئەوەشی خستە سەر شانی خۆی ئەگەر بکرێت ئێمە دیفاع لەم مەسەلەیەش دەکەین، بەڵام لێرە مەسەلەیەکی زۆر گرینگ هەیەو مەوزوعی (بەدیل)ە کە جەنابی سەرۆک باسی کرد بەدیل چییە فعلەن بەدیل چییە؟ گوێمان لە هەندێ دەنگ دەبێت لێرە و لەوێ باس دەکات و باسی بەدیل دەکرێت، فعلەن بەدیل پێویستە بەدیل نەک بەوەی کەوا کێیە ئەو کەسەی کە دێ جەنابی سەرۆک باسی کرد، باس لە بەرنامەی سیاسی دەکات بۆ دوارۆژی دەسەڵاتی عێراق، مەسەلەی دیموکراتییەت چییە؟ مەسەلەی مافی گەلی کوردستان چییە و لە چ قالبێک تەعامولی لەگەڵدا دەکرێت، ئەوە مەوزوعێکی گرینگەو پرسێکی زۆر گرینگە لە مەسەلەی بەدیل، ئەگەینا وا تەسەور بکرێت ئێمە لەناو واقعی سیاسی دانین و ئاگامان لە وەزع نییە، ئەوەش دیسان لێکدانەوەیەکی هەڵەیە، خەڵک وا تەسەور دەکات ئێمە ئاگامان لە وەزعی سیاسی و لە وەزعەکە نییە، خاڵێکی تر دەمەوێ کە لەسەر قسەکانی جەنابی سەرۆک باسی بکەم، مەسەلەی هەرەشە کردنی دەوروبەرو یاخود بانگێش کردنی هەندێ خەڵک بۆ دەست تێوەردانی ناوخۆیی لە وەزعی کوردستان، بەراستی من دەمەوێ ئە لێرە بە راشکاوی بڵێم کوردستان قوبرس نییە، لە هەمان کاتیشدا کوردستان ئەفغانستان نییە لە ئایندە پێکهاتەی دەسەڵاتە لە دوارۆژدا دەبێ ئەم مەسەلانە روون بن لەلای هەموو کەسێ، زۆر باشیشە موعامەلە لەگەڵ ئەم واقعە بکرێت. جەنابی سەرۆک دەستی دۆستایەتی و برایەتی و تەبایی بۆ هەموو لایەک درێژ کرد زۆر باشە تەعامول لەگەڵ ئەم واقعە بکرێت، کوردستان وەکو فاکتەرێکی چەسپاندنی ئەمن و ئاسایش موعامەلەی لەگەڵدا بکرێت، نەک وەکو تەسەور بکرێت کە دروست بوونی کوردستان بە هەر پێکهاتەیەکی سیاسی گرفت بۆ ئەوانە دروست دەکات با ئەو وەهمە لە

مێشکی خۆیان دەربکەن و با ئەوەش نەکەن بە بیانوییێک بۆ تەدەخول کردن لە وەزعی کوردستان، چونکە هەندێ گۆڕان رەنگە بێتە کایەوە خاریجی دەسەلاتی هەموو ئەم وەزعە ئیقلیمیە بێت باشتر وایە ئەوان هەر لە ئێستاوە تەعامولی واقع بینانە لەگەڵ مەسەلەکان بکەن، لە کۆتایدا دەڵێم ئەو وتارە مێژوویەی جەنابی سەرۆک وتارێکی هەمە لایانەیە و ئاراستەی هەموو کەسێ کراوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و، چ لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی چ لەسەر ئاستی ئیقلیمی چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئومێدەوارم هەموو خەڵک و کەس و لایەن سوود لەو وتارە مێژوویە وەربگرن و، بە پیر ئەم دڵسۆزیەوە بێن کە جەنابی سەرۆک بە راستەوخۆ بەبێ پەردە ئەو مەسەلانەی باس کردووەو خستوویەتیە روو، حەقیقەتی مەسەلەکانیش ئەوەیە کە ئێرە واقعێکە کوردستانی پێ دەوترێ دەبێ تەعامول لەگەڵ ئەم واقیعە بکرێت وەکو خۆی، کەسیش باز نەدات بەسەر واقعدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک سیروان کاکەیی، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم بارودۆخە ناسک و حەساسەی بەسەر عێراق تێدەپەرێ زۆر بە پێویستی دەزانم کە ئەمڕۆ ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر وتارە بەنرخەکەی، وتارە پر بەهاکەی سەرۆکی خۆشەویست زۆر بەڕێز کاک مەسعود بارزانی کە پێشی دوو رۆژ لەم هۆڵە پیرۆزەدا پێشکەشی پەرلەمانی کردووە و تێیدا رووناکی و تیشکی خستۆتە سەر کارە نوێیەکانی کوردستان چ لەسەر ئاستی ناوخۆ و چ لەسەر ئاستی عێراق یان ئاستی هەرێم، بە پێویستی دەزانم کە لەسەری راوەستین و شرۆڤەی بکەین چونکە رێبەر و سەرۆک و پێشەوای میللەتی کورد مەسعود بارزانی ئیسپاتی کردووە نەک بەس بۆ میللەتی کورد بەڵکو بۆ هاولاتیانی عەرەب و تورکمان و ئاشوری عێراقی کە خاوەن نەهجەکی سیاسی ئازاد و موعتەدل و عادلانەیە، روناکبیرو رۆشەنبیرێکی مەزنە و لە مەعریفەت و گەورەیی و بەساتەت گەشەی دایە تاکو بە خەبات و تێکۆشان و جیهادی بەردەوام لە رێگای ئازادی گەیشتۆتە ئاستی دادوەران، بەڕێزان لێرەدا من دەمەوێ بەکورتی باسی دوو تەوەری گرینگ و سەرەکی لە وتارەکەی سەرۆک بکەم، یەکەمیان دیسان ئیهتمام و بۆچونی جەنابی سەبارەت بە یەک بوون و یەکگرتنا رۆن و ئاشکرای کرد دیسان جەنابی تەئکیدی کرد لەسەر هەمان هەڵوێست و مەوقفی جدی جەنابی هەروەها تەرکیزی کردیە لەسەر ستارتیجیەتی مەوقفی کوردی سەبارەت بە ئایندەی عێراق و گەلی عێراق، کە جەنابی فەرمووی گەلی عێراق دەبێ بریاری خۆی بدات دوور لە دەست تێوەردانی دەرەوە، لەسەر مەوقفی دەوڵەتانی تەنیشتمان جەنابی تەئکیدی کردەوە ئەبێ هەموومان لە عێراق بە ئازادی بژین و، ویسایەتی هیچ دەوڵەتێ

قبوڵ ناکەین ئێمە وەکو کورد و نە میللەتی عێراق قبوڵ دەکات کە عێراق ببێت بە پاروو بۆ ئەملا یان ئەولا ، دیسان جەنابی سەرۆک تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد پاراستنی میللەتی عێراق لەهەر ئێش و ئازارەک جەنابی فەرمووی ئێمە لەگەڵ هیچ بڕیارێک و هەنگاوێک نین کە زیان بگەیەنێ بە گەلی عێراق و دەبێ ئەو نەتەوانەی کە لە عێراق دەژین دەستی برایەتی بۆ یەکتر درێژ بکەن و گیانی تەساموح بەکاربێنن و دەبێ لەم وڵاتە خەڵک ئازاد بێت ئەرک و مافی ئاشکرا بێت، برایان لەبەر ئەم هەڵوێستە شەفاف و زەلاڵە، بەر ئەم بیرو بۆچونەی زەلاڵ دەبینین کە عەرەبی عێراق وەصفی سەرۆک دەکەن وەک (الزعیم الوطني العراقي) چونکە کەسایەتیەکی هێمن و مەوزوعی و، حەریسە لەسەر عێراق و میللەتی عێراق، بۆ زۆربەی عێراقیان دیار بووە و ئێستا دەزانن کە جەنابی سەرۆک هەرچ لیقائات و دایلۆگی لەگەڵ سوڵتەی مەرکەزی کردبێت گرێدانی خستووەتە بەینی مافی کورد و مافی میللەتی عێراق کە دیموکراتیەت و تەعەدودیەتە ، ئێمە ماوەیەکە گوێمان لە برایانی عەرەبی عێراق دەبێت کە دەبینن سەرۆک بارزانی تەنها بەدیلە بۆ هەر گۆرانکاریەک بەسەر عێراقدا بێت ودەڵێن جەنابی تەنها کەسایەتیەکە ئیختلاف لەسەر وەتەنیەت و عێراقیەتی سەرۆک بارزانی نییە ، سوپاسیان دەکەین بۆ ئەم سیقەیە کە بە جەنابی سەرۆک دەدەن بەڵام سەرۆک لەمە گەورەترە وتەقدیری زروفی زاتی و مەوزوعی زۆر باش دەکات جارێکی تر سوپاسیان دەکەین بۆ ئەم هەڵوێستەو مەوقفیان،تەوەری دووەم بەراستی سەرۆک تەرحی سەوابتی نەهجی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد جارێکی تر هێمنی متمانەی و ئیتمیئنانی بۆ گەلی کوردستان رەخساند جارێکی تر تەئسیرێکی یەکجار زۆر لەسەر عاتفەو عەقلی ئێمەی کرد، لەهەمان کاتدا روی ناحەزانی رەش کرد کە جەنابی باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر گۆرانکاریەک لە عێراق بوو ئیتر کورد تێک بەردەبێ و دەبێ بە شەڕێکی ناوخۆ، جەنابی سەرۆک بەڵێن و پەیمانی دا و فەرمووی ئەگەر دەرفەتێکی ستراتیجی بۆ کورد بێتە پێش ناکۆکیەکانی ناوخۆ هەمووی بەلایەکەوە دادەنێین وەجەخت دەخرێتە سەر مەسەلە ستراتیجیەکان و ئایندەی میللەتی کورد، ئەو وەختە نە بەرژەوەندی حزبی قیمەتی دەمێنێ ونە وجودی شەخسێک قیمەتی دەمێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان سەرەتای وشەم بەوە دەست پێ دەکەم بەسەربەرزیەوە دەڵێم سوپاس بۆ یەزدان کە کردنی بە پێشمەرگەیەک لە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان لەسەر رێبازە پیرۆزەکەی بارزانی نەمرو لەسایەی سەرکردەیەکی هێژاو خۆشەویستی وەک کاک مەسعود بارزانی، یەکێکم لەو برایانەی کە

تاجە زێرینەی پەرلەمان تاری یەکەم پەرلەمانی کوردستانیان لەسەر ناین، بەڕێزان شک نییە لەوەی دەوڵەتە زل هێزەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان میللەتەکەمانیان بەخت کرد، بەڵام سوپاس بۆ خوا سوپاس بۆ یەزدانی مەزن ئێمەی کوردو کوردستانی بەختەوەرین کە سەرکردەیەکی وەک هێژا کاک مەسعود خوا پێی بەخشین تا لەم سەردەم و شۆڕش و ئەزمونانەدا. بەڕێزان وا (١١) ساڵ بەسەر ئازادی کوردستان تێپەری پێش ئەم ماوەیەو لەم ماوەیەشدا ناو بەناو سەرۆکی هێژا لە بۆنە پێویستەکان وتاری پێشکەش بە گەلەکەمان کردووە وتارێکی کورت و فەرامۆشیەکی زۆر بۆ دڵ و دەرونی هاولاتیانی زوڵم لێ کراوی کوردستان، بەراستی گشت کاتێ بە وتە بە نرخەکانی ناحەزانی سەرسام کردووە کە هیچ بیانویەکی نەداونەتێ هەروەها دۆستانی دڵخۆش کردووە بە وتارە کورت و ساکار و راست و بێ غەل و غەشانەی کە هەمیشە وەک دەرس وابوون بۆمان، زەروربیە ببێت بە عیبرەت و عیبرەتی لێوەربگرین ببێت بە پرۆگرام بۆ هەموو جەماوەر بە پەرلەمان و حکومەت و لایەنە سیاسیەکانەوە، بە قەناعەتەوە دەڵێم کە ئەگەر وەک جەماوەری کوردستان پەیرەوی فەرمایشتەکانی سەرۆکی هێژامان بکەین پشت بەخوای گەورە دوور دەبین لە هەموو ناخۆشیەک و هەردەم سەرکەوتوو دەبین، زۆر لە بەڕێزان دواون و رەنگە زۆریش مابن بۆیە من هەر بە کورتی و بەپەلە بە وتاری بەڕێزیانا دەرۆم و یەک لایەنی دەگرم هەر چەندە وتارەکە پڕە لە لایەنی جۆراوجۆر و لە باسی ئیرهاب و لە روداوەکەی (١١)ی ئیلولی ٢٠٠١ و ناوچەکە بەگشتی عێراق بە تایبەتی بەڵام من یەک لایەنی گەرم و پێویستی دەگرم لە وتارە پڕلە عیبرەت و نەسیحەتەکەی بەڕێزیان. سەرەتا مانگی ئاداری کرد بە مانگی کورد پیرۆزبایی لە خۆشی و دەست کەوتەکانی ئەم مانگە کرد بە ناخۆشیەکانا دڵ نەوایی کردین یادی قوربانیە ئازیزەکانی دەست کەوتەکانی کردوو باسی زوڵم لێ کراوی گەلی کوردی کردوو رێنمایی کردین هەستی تۆڵە سەندن لەلامان پتەو نەبێت، بەڵکو دەفەرموێت یەک ریز بین بەیەک بوون بە برایەتی، نەهێڵین روداوە دڵ تەزێنەکان دووبارە ببنەوە ئا لێرەیا دەوەستم چونکە لە کۆتایی فەرمایشتەکانیش هەر جەخت لە یەک ریزی دەکات و ناحەزان مەئیوس دەکات و دۆستان دڵ خۆش دەکات دڵنیامان دەکات کاتێ دەفەرموێ کە کار گەیشتە ئەوەی دەرفەتی ئیستراتیجی بۆ کورد بێتە پێش کە چارە نووس ساز بێت بۆ گەلی کورد ئەو کات ناکۆکیەکان هەموو بە لاوە دەنێین. برایان جارێکی تر لە ناواخنی وتارەکەیدا جەخت لەسەر یەک ریزی دەکات و کاتێ روو دەکاتە خەڵکانێک کە کوردستانین و خۆیان بە دەرەکی دەبەستنەوە زۆر بەراشکاوی پێیان دەڵێت کوردستانی بن، خۆتان لەگەڵ براکانتان یەک ریز بکەنەوە، بەتەمای کاسە هاوسێی مەبن و تا بە ناشتا سەر نەنێنەوە، ژیانیش هەر لە یەک ریزی و هەر لە برایەتی دایە. بەڕێزان زۆر جار میللەتێک سەرکردەیەک پێناسە دەکات جاری واش هەیە سەرکردەی مەزن پێناسەیە بۆ گەلەکەی ئێمەی کورد و کوردستانی بارزانی نەمر پێناسە بوو بۆمان لە جیهانا پەروەردەی کردین بۆ شۆڕش بۆ داکۆکی کردن لە مافی رەوای گەلەکەمان ئێستاش هەر بارزانی یە پەروەردەمان دەکات چەکی سەردەم بەکار بێنین و دوور

بین لە توندڕەوی و لە ڕێگەی دانوستانەوە گفتوگۆ بکەین و بە پاراستنی مافی مرۆڤ داکۆکی بکەین لە مافە ڕەواکەی گەلەکەمان، ڕێنماییمان دەکات یەک ریز بین یەک دڵ بین پشت بەیەک ببەستین مالی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە، دەبا هەر خۆش بێ و سەلامەت بێ ئەو سەرکردەیەی کە نەتەوەکەی بە راست گۆی و برایەتی و خۆشەویستی و ئاوەدانکردنەوە و بۆ خزمەتی وڵاتەکەی پەروەردە دەکات و ڕێنمایی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شێخ یەحیا، بەڕێز مامۆستا ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزانین ئەمرۆ جیهان دژی تیرۆر و تیرۆرستانە دیسان ئەو کەسانەی پشتگیری تیرۆرستان دەکەن بۆ ئەم دەوڵەتانەیە کە چەکی خۆکوژ یان چەکی وێرانکاری هەبێت و، عێراق یەکێ لەوان دەوڵەتانەیە کە مورەشەحە بۆ لێدانێ گەر هاتوو لە عێراق درا موکن نییە کە میللەتی کورد راوەستێت کە تەمەشا بکاتن بەڵکو پێکەوە دەورێکی باڵا هەبێتن لەم روداوانەدا چونکە بۆ بەرژەوەندی عێراقە هەروەها بۆ بەرژەوەندی کوردستانە، پێویستە ئێمە زۆر وریا بین و وشیار بین لەم روداوانەدا و گوێبگرین لە ئامۆژگاریەکانی جەنابی هێژا کە لە وتارەکەی خۆی پێی راگەیاندین کە لە ٣/٢٥ لە تەلاری پەرلەمان پێشکەشی کردین، بێگومان وتارێکە پر بەهاو واقعی بوو هەروەها پر ئەخلاقی سیاسی و مرۆڤایەتی و ڕەسەنایەتی و ئیسالەتا مرۆڤایەتی میللەتی کورد بوو، دەتوانین بڵێین وتاری عوزەمای تاریخێ بوو هەر وەکو شاعری عەرەب دەبێژی :

(على قدرِ أهل العزم تأتي العزائم     وتأتي على قدر الكرام المكارم

وتعظم في عين الصغير صغارها     وتصغر في عين العظيم العظائم)

ئێمەش بێین بڵێین کە ئەم وتارە هی یەکێک لە گەورە پیاوانی تاریخ بووە چونکە بەهای هەرگیز تەواو نابێت.

وتاری سەرۆکی هێژا بۆ بەرژەوەندی میللەتی کورد و میللەتی کوردستان و میللەتی عێراق بوو کە خزمەتی گەلی عێراق بێتە کرن، چەندین ئیرشادات لە وتاری خۆی دا بەڵکو من چەند خاڵێک لەم خاڵانە ئیشارەتی پێ دەدەم تا مەجال هەبێتن بۆ برایان لەسەر ئەم وتارە بدوێن، ئیشارەتی دا بەسەر پاکوخاوێنی سجلی میللەتی کورد لە تیرۆرو تیرۆرستان، سەرەرای چەندین ناخۆشی و تەعەداو تالی هاتۆتە رێی میللەتەکەمان چەند تیرۆریش هاتۆتە ڕێگامان بەڵام میللەتی ئێمە لەوێ هەندێ دورکەوتی یە کە تیرۆر بەکار بێنێتن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێبازی بارزانی نەمر. سەرۆک فەرمووی گەر لە عێراقی دا بێتقیبە بەدیل بێتە دیار کردن گەر بەدیل باشتر نەبێت بەدیل بۆ هەندە نەبێتن کە خزمەتی میللەتی عێراق و کوردستان بکاتن کە بۆ پێشەوە بردنی میللەتی

عـێـراق بێتن بێتـڤـیا ئەم زۆر گرینگی خۆ بدەینە ڤی مەوزوعەی ئێمە ئەم ئەزموونە بپارێزین و هەمـوو هەوڵمان بۆ پێش خستنی ئەم ئەزموونە بێت، هەروەها رەفزی کردووە کە عـێـراق ببێـتە پارچە پارچە و هەروەها ببێتە پاریت بۆ هەندێ کەسی بێگانە بێن ئیستفادەی لێ ببینن، هەروەها لەگەڵ ئەوەیە ئەو کەسەی وەزعی عێراق بەرەو پێش بباتن و چێتر بباتن بەرەو باشتر ببیتن وەزعی میللەتی کـورد و کـوردسـتـان. خـاڵێکی تر کە بۆی رونـکردینەوە مـافی میللەتی کـوردی تێـدا رونکردەوە کـو هیچ داوای دەوڵەتێکی سەربەخـۆی نەکـردووە نـەک لەبەر هەندێ کـومـافی خـۆ نەزانییە یان نەکـو نەبێتن، بەڵام بەڵکو زۆر عـاقـڵانە ریزو کاردانەوەی کـە ئەمرۆ تێیـدایـنە لەم قۆناغەدا رونی کردەوە کە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری راستەقینەی میللەتی کوردە بریاری دا بۆ فدرالیەت کـە باشترین دروشمە بۆ ئەمرۆی میللەتەکەمان، لەوما کەسی حەقی نییـە مـافی کەسیش نییە دەستێکی تێوەرداتن یان کاربکاتە سەر فدرالیەت چونکە ئەمە ئیرادەی میللەتی کـوردە، بەرێز سـەرۆکی پەرلەمـان ئیـشـارەتی بە ئەمـرۆ دا کـە عـەسری عـولەمـەیە وعـەسری دیموکراتییەتە ویا مافێ مرۆڤێیە و نە یێ تەعـەدایێ و کوشتنێ و سوتنێیە، با ئەو کەسێن و ئەو دیکتـاتۆرێن رابێن ڤی هندێ بزمانێ عـەسکەری با هاڤریەکی ل پشـتـا خـو بدەن کـو وان چ مـفـاد دیتـیـە و چ ب سـەرێ وان هاتیـە کـەس شیـا ئـیرادا مـیللەتێ تێک بدەن، هەوەسـا کـو جـەنابێ سەروکیش ئیشارەت پێ دا میللەتدا دایە نەخاسما میللەتێ کورد وەکی شاعیـر دەبێژیت(إذا الشعب يوماأراد الحياة فلابد ان يستجيب القدر)، جا دەبێژیت ئیرادا میللەتا گەلەک گەلەک بهـێـزترە لە ئاسنێ و لە ئاگرێ و چەکێ هاتیـە قەدەغـەکـردن دەولیـەن و ل دوماهیـێـڤـە دخوازم عێراقەکی دیموکراتی یا تەعەدودی و تەمەنێکی درێژ بو جەنابی سەرۆک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید محمد صديق بابفەرموێ.

**بەڕێز سعيد محمد صديق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وتاری سـەرۆک بارزانی لەرۆژی ٢٠٠٢/٣/٢٥ بەبۆنەی کـردنەوەی خـولی یەکـەم لەسـاڵی یازدەهەمینی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان کە لەم هۆڵە پیرۆزە پێشکەشی کرد زۆر گرنگ بوو گرتیبەست بوو لەگەڵ بارو دۆخی ئەمڕۆی دونیا بەگشتی و، کوردستان بەتایبەتی ئەو خاڵانەی کە جەنابی ئیشارەتی پێدا هەمووی گرنگ بوون لەلای منەوە خاڵی گرنگ ئەوە بوو کە ناحەزان و دوژمنانی ئومـێدیان لەسەر ئەوە گرێ دابوو کـە هەر گـۆڕانکاریەک لەوەزعی عـێـراق ببێت ئەوە دەبێتە مایەی ئەوەی کە شەڕێکی سەخت لەبەینی کوردبێت.بەڵام وەڵامی سەرۆک بارزانی بۆئەو پروپاگەندانە و، بۆ ئەو دووژمنانە زۆر سەریح بوون فـەرمووی بەهیچ ڕەنگێک ئێـمە ئەو مەجالە نادەین کە شەڕ لەناو میللەتی ئێمە ڕووبدات و، ئێمە هەموو مەسالحی حیزبی و شەخسی دەدەینە

لایەک و بەرژەوەندی کوردستان دەبێتە ئەولەویاتی ئێمە و ئەو وەختە بەرژەوەندی حزبێک یان شەخسێک هیچ قیمەتی نابێت بەلای منەوە ئەم هەڵوێستە زۆر گرنگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک سەعید محمد صدیق، کاک حاکم سفر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان برادەران پێشی من زۆر باش ئاخافتن لەسەر وتاری جەنابی سەرۆکی جەلسە ئفتیتاحی (٢٥)ی مانگی لەهۆلا لەپەرلەمان کە بەڕاستی وتارێکی زۆر بەنرخ و بەهابوو ئەوەی لای من زۆر گرنگە وتاری جەنابی سەرۆکی وپێویستە ئیشارەتی پێ بدەم دوو سێ خاڵێکی گچکە نو بە کورتی ئیشارەتی پێ دەدەم :

١ـ ڕاستی ئەو مەبدەئیەتەو ئیسراری جەنابی سەرۆک بارزانی بەخۆو بەقیادەی پارتی وبەئەو باوەڕو خۆ ڕاگری و هەروەها بەو سیاسەتی حەکیمانەو دیرۆکی بۆ پاریستن و بەرگری لەمافی ڕەوای گەلی کوردستان لەبن هەر زرووفەک و لەبن هەر تەهدیدەک کە تەئکیدی کرد جەنابی کە ئێمە هیچ موساوەمە ناکەین لەسەر مافی ڕەوای گەلی کوردستان، کە بریتییە ئێستا لە فیدراڵیەت و، حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و ئەو تەهدیدە یان ئەوتەعدایە قبووڵ ناکەین لەهەر جیهەتێکی بێت و کەئەوە ئاشکرایەو روونە بۆ هەموو گەلی کوردستان و بۆ دۆستی کورد لەدەرەوە و، جەنابی تەئکیدی کرد کە ئێمە ئامادەینەو بەرهەڤین بۆ هەر ڕووداێکی بێت کە موحتەمەلە لەسەر عێراق یان لەسەر دەڤەر بێت .

٢ـ جەنابی بەشانازی و ئیفتیخار گوتی مێژووی پاکی پارتی و بارزانی خاوێنە لە تیرۆرست و ئیرهاب و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ حیکمەتا بارزانی بەڵێ گوتی ئێمە زەحیەی ئیرهابین خاسەتەن ئیرهابی مونەزەمی دەولەت و بە دەها ساڵە بەهەموو نەوعی چەک و تەعەدا و زوڵم خەڵکی چیدر دڵسۆزو سەڕاحەت و حرس و ئیخلاسی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ پاریستنی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان کەتەجروبەی کوردستانە دیموقراتی کە ئێستا جەنابی تەئکیدی کردکە ئەوەدەسکەفتی دەها ساڵی خەباتن و دەسکەفتی سەرهەڵداناپیرۆزن و ساڵا ١٩٩١ئەگەر هاتوو دەرفەت هاتوو چ گۆڕینا ئیحتیماڵێ سەر وەزعی عێراق هاتن بلا دوژمنان موراهەنە لەسەر براکوژی جارێکی دی نەکەن یاموڕاهەنە لەسەر برا کوژی جارێکی دی ئێمە توشی برا کوژی ببین، چونکە بەرژەوەندی باڵای کوردستان و ئامانجی ئیستراتیجی لە سەرووی هەموو ئیعتبارێکی حزبی و شەخسی دەبن، هەموو شت لە بەرژەوەندی خزمەتی کوردستان دەبن، کە لەوانەیە ئەمریکا لە ڕژێمی بەغدا بدات و دوژمنان بلا ئەو موراهەنە نەکەن، بەڕاستی ئێمە لەسەر وتەکەی بەڕێز جەنابی سەرۆک و ئەنجام دانی زۆر پێویستە کە ئێمە وەکو پەرلەمان و حکومەت و پارتە

کوردستانییەکان وگەلی کوردستان ئامادە بین بۆ هەر فیدارکارییە لەسەر کوردستان و عێراق و ئێمە هەموو ئیحیمالاتێک دانێین و ئامادەیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەرلەمانی کوردستان لەدانیشتنی ئەمڕۆی دا بەرنامە کارێکی ناوازەی لەبەردەست بەرنامەدا بوو گفتووکۆ کرا لەبەر ڕۆشنایی ووتارەکەی سەرۆکی هێژامان جەنابی سەرۆک کاک مسعود بارزانی کە لە دەستپێکی خولی یەکەمی ساڵی یازدەی ئەم پەرلەمانە ڕۆژی ٢٥/٣/٢٠٠٢ئاراستەی گەلی کوردستان و عێراق و گەلانی دەورووبەر و لایەنە سیاسییەکان و بەڵکو ئاراستەی هەموو گەلانی جیهانی کرد قۆناغیش ئەوەیە وویست سەرۆکی هێژامان هەمیشە ووتارو دوانەکانی لەفیکری تێژوو واقیعی بینانەو ڕاستگۆییەوە سەرچاوەیان گرتوە (بمنهجیة سیاسیة واضحة مع التأکید علی الثوابت )هەرگیز ئەمڕۆی پاساوی دوێنێی نەبووە وشتی پەیوەند بە چارەنووسی میللەتەکەی لە گەلەکەی نەشاردۆتەوە تاهەموو لایەک بەرچاویان ڕوون بێت و بزانن پاپۆڕو کاروانی خەباتی گەلی کورد و کوردستان لەکوێدایە و بەکوێ گەیشتوە کەمالی موتڵەقیش هەر بۆ خوایە، سەرکردەی هەر گەلێک ئەگەر وەکو جەنابی سەرۆک بارزانی دڵی گەورە بوایە بەو شێوەیە بیری بکردایەتەوە بەباوەڕی من پشێوی لەدونیا نەدەبوو ڕیشەکێشیش دەکرا ووتاری سەرۆک بارزانی زۆر گرنگ و پڕ بەهایە جامی ئێستەو ئایندەو ڕابردوو نمای گەلی کوردستانە وەکو ئەڵێی (جامی جیهان نما )جامی جیهان نما بەڕاستی ئەو وتارە جامی ئێستەو ئایندەو ڕابردوو نمای گەلی کوردستانە. ئاوێنەیەکە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و پارتە سیاسییەکانی ناو کوردستان و گشت ڕێکخراوە پیشەییەکانی و مرۆڤی کورد و کوردستانی مەوقیعی خۆیان و گەل و وولاتەکەیان لێوە دەبینن و،دەزانن لەکوێدا و ئەرکی سەرشانیان و واجبی نیشتیمانیان چییەو چی دەخوازێ لەم قۆناغە زۆر ناسکەدا کە ناوچەکەو جیهانی لەبەردەم گێژەڵوکەیەکدایە وچەند جۆرە تەنەبوئاتی بۆ دەکرێت و بۆ کراوە. سەرۆک لەو وتارەدا زۆر بەسەراحەت تول و عەرزی واقیعی ساسەتی ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستانی دەست نیشان کردووە ڕاڤەی واقیعەکە دەکات بە هەموو لایەکییەوە، خەتی سور دیاری دەکات لەبەردەمی هەمواندا تا کو پارێزی لێ بکرێت و نەبەزێنرێت هەموو لە پاپۆڕێکداین پێکەوە دەگەینە کەنار بەسەلامەتی وخوا نەخواستە بە پێچەوانەشەوە پێکەوەین. کەس ئەو مافە نەداتە خۆی یاری بە ئایندەی گەلی کوردستان و چارەنووسەوە بکات بۆیە بەهیواین ناوەڕۆکی ئەو ووتارە بەپێزە گرنگە وەکو وەسیقەیەک بەرنامەی کاری هەر کوردو کوردستانییەک بێت و پەیڕەوی ئامۆژگاریە پڕ خەم خۆریەکەی جەنابی بکرێت،

تا هەموو پێکەوە بەپشتیوانی خوای پەروەردگار ئەزموونی کوردستان دەپارێزن وکەس لەکاروان دوا ناکەوێت. بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان گومانیش نییە کەشتیوان دەزانێت کەشتی بەرەو کوێ ملی ناوەو لەنگەر لەکوێ دەگرێت وشەنکەر دەزانێت خەرمان بەچ بای شەمالێک سور دەکات و لە کاو کوتی جیا دەکاتەوە ئومێد دەکەین کەفایلی گەلی کوردو دۆزەکەی نەخرێتە ژێرەوەو نەکەوێتە لاوە لەم گێژەڵوکەدا بەگوتارێکی سیاسی موەحەدی ناومالی کورددۆزی رەوای کورد تەکانێکیش بچێتە پێشەوە جارێکی تر ئەنفال و کیمیاباران و راگوێزان و رەشەکوژی و دەربەدەری و هەتا دوایی... نەمان پێکێتەوە، سابتە لەمێژوودا و لەهەر قۆناغێکدا کەمانەوە بۆ ئەقوایە خاوەنی قەزیە موسایەرەی ئەحداس ئەکات و خۆی دەساچێنێ تا پۆلە خۆرە نەکرێت و قەزیەکەی پشت گوێ نەخرێت بەپشتیوانی خوای گەورە قەزیبەی کورد لەدەستی پاک و ئەمینایە، بە حیکمەتی سەرۆکی هێژامان و سەرکردایەتی پارتی بەڕێزمان لەم قۆناغەیشا بۆ پێشەوە دەچین و بۆ دواوە ناگەڕێینەوەو لەخوا دەخوازین کە پشتیوانیان بێت و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیش ئەمانەتی سەرشانیان پێ بگاتە قۆناغی تەسبیت و چەسپانی هەمیشەیی، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا ملا محمد طاهر بۆ موداخەلە پڕ ماناکەی و لەحەقیقەتدا بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانەتەواو بن کە ناونووس کرابوون بۆ موداخەلە پێشکەش کردن بەڵام دیارە هەندێک بەڕێزی تر بەتەمان قسەی تێدا بکەن جا لەبەر ئەوە تکا ئەکەم ئەوانەی ئەیانەوێ موداخەلەی تێدا بکەن دەست بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین .چوار ناومان ناونووس کردوە ئەی خوێنمەوە ئەگەر بەڕێزێک ناوی نەنووسرابێت تکایە ئاگادارمان بکاتەوە بەڕێزان کاک یونادم، فەوزیە خان، شێخ جەعفەر، بەڕێز کاک فاتح محمد ئەمین .بەڕێز کاک یونادم فەرموو.

**بـەڕێـز یـونـادم یـوسـف کـنـا:**

**بـەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

پێشەکی تەقیمی ووتارە بەنرخەکەی کاک مەسعود دەکەینەوە پێم وایە وابەرچاوە ئەڵێ بەرچاو خستنی هەرێمی کوردستانی عێراق و گفتوگۆ کردن لەسەر ووتارە بەنرخەکەی لەژێر رۆشنایی ووتارە بەنرخەکەی یەعنی کاک مەسعود بەتەئکیدەوە بەکوردی قسەی کردوە یەعنی زۆر ئیجاب نەبوو ئێمە لەگەڵ رێژم بۆهەموو موداخەلات کەزۆر موداخەلاتی بەنرخ کرا بەڵام ئیجابی نەدەکرد فەقەت هەر تەسنیە بێ یان تەئید بێ دەکرا کاکە رۆژ هەموو بەیەک تەسوویت دەنگمان دەداو تەئیدی ووتارە بەنرخەکەی کاک مسعود مان دەکرد بەڵام پێم باشترە زیاتر لە مەفاسیلی ووتارەکەی کاک مسعود بدوێین، مەسەلەن بۆچونمان چی یە ئێمە لێرەدا دەبێت بەسەراحەت قسەبکەین هەندێ مەفاسیلی زۆر ئاشکراو روون باسی کردیە ،بەڵام لێرەدا مەفاسیل چییە ئێمە

ڕەئیمان چییە بۆچوونمان چییە لەسەر ئەو مافاسیلانە؟.
١ـ مەسەلەی ناوخۆی بەتەئکیدەوە کاک مسعود بەئاشکرا بەڵێنی دا کە إنشا الله مشکیلەیەکی هاتە پێش مەساڵحی حزبی دەخرێتە لایەک و بەیەکگرتووی ئەچینە پێشەوە، بەڵام ئێمە ئەڵێین بەتەئکیدەوە وەکو کاک عبدالخالق باسی کرد ئێمە کێشە ناوخۆیەکانمان هەر ئێستا چارەسەر بکەین و ئیتفاقیەی واشنتۆن جێبەجێ بکەین و، ماوە کەکورت بکەین، نەوەک چاوەڕوان بین کە کێشەکە روو بدات ئەو کاتە ئێمە یەک ئەگرینەوە، بەرای من ئەگەر چارەسەر بکرێت باشترە، نەک تەنها پارتی و یەکێتی بەڵکو هەموو هێزەکانی ناوخۆ یەک بگرن وەکو ساڵی ١٩٩١کە ئەنجامەکانی باشتر بوو هەڵبەتە ئێستا باشتر دەبێت، لەلای دووەمی وتارەکەی کاک مسعود زۆر بە راشکاویەوە دەڵێ دەستی برایەتی و ئاشتبوونەوە درێژ کەین و کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، بەراستی ئەمە دەست پێشخەرییەکی زۆر بەنرخە و، تەوەجوهێکی ئیجابییە، من دەڵێم بە تەئکید پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموومان زیاتر دەنگی هێناوە لەم ئەزموونەدا هەروەها یەکێتیش هەر چەند مافی هەر ئەم حزبە زیاترە لە هەموو حزبەکانی تر هەروەها ئەرکیشیان زیاترە، دەبێت دەستپێشخەری لەوانەوە بێت و، ئەبێت ئەوان بێنە پێشەوە، ئاگادارین کەوا پێش چەند رۆژێک حزبە کوردستانییەکان لە بارەگای پارتی دانیشتنێکیان هەبوو ئەو بڕیارەیان دا، هەرچەندە زۆربەی برادەران وەکو ئەدەبی رەمزی قسەیان کرد، کەس ناوی کەسی نەبرد، بەڵام برادەران بڕیاری ئەوەیان دا کەوا لیژنەیەک پێک بهێنرێت بۆ دیالۆک و دانوستاندن، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ماون و بوونەتە بیانوویەک بۆ دەستێوەردان و یان بۆ لەکەدار کردنی ئەزموونەکەمان، خۆزگە زیاتر ئەو لیژنەیە تەفعیلی ئەرکی خۆی بکات، دیسان دیلێمەوە پارتی چونکە مافی زیاترە ئەرکیشی زیاتر دەبێت بۆ چارەسەرکردن، هیوادارین کەوا برادەرانیش بێنە پێش بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان، چۆن هەمیشە دەڵێن ئەو ١٠٠ ساڵەی دواییە ١٠ ساڵی پێکەوە بوین، بڕیاری ئێمە بەدەستی خۆمان بوو، نەک حوکمدارەکانی عوسمانی یان عەرەبی یان فارس، بەڵکو بە دەستی خۆمان بوو وەکو کورد و ئاشووری، زۆر شتی ئیجابیمان بۆ ئەزموونەکەی خۆمان کرد وەکو کورد و ئاشووری، ئەمرۆش ئەگەر بڕیاری خۆمان بە دەستی خۆمان بێت هەڵبەتە زیاتر بەرەو پێشەوە دەچین، ئەمە مەفسەلێک بوو بۆ ئەوەی پارتی بێتە پێش بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەکی هەبێت لەگەڵ هەر لایەنێک بێت، چونکە ئەگەر بمانەوێ و نەمانەوێ ئێمە وەکو کورد و عارەب و تورکمان و ئاشووری بە هەموویەوە چ کلدان بێت یا سریانی، ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەین، ئەگەر بەو بنەما بەنرخانەی کە باس کران بێینە پێش و هەر کەس ئەرک و ئیشی خۆی بزانێ هیچ کێشەیەکمان نابێت، وڵاتمان وڵاتێکی دەوڵەمەندە، ئێمە وڵاتانی ئەفریقی نین کەوا لەسەر نان شەڕ بکەین و، ئەو بنەما و تورەاسەی کە لە نێوانماندا هەیە ئێمە وەکو موسڵمان و مەسیحی، یا وەکو ئاشوری و کورد، یا وەکو عارەب و کورد، ئەوە نەبوو کە بە درێژایی مێژوودا ئێمە هیچ کاتێک شەڕی نەتەوەییمان کردبێت، بە تەئکیدەوە دەتوانین بە پێی

دەستووری کۆنی عێراقی مافی هەموو نەتەوە و ئاینەکان بدەین و ڕەچاو بکەین و کێشەمان قەت نابێت، جا ئێستا ترسی ئێمە هەموومان ئەوەیە کەوا ئەگەر سبەی گۆڕانکارییەک لە عێراقدا کرا و ئەو مافەی کە ئەمڕۆ بەدەستمان هێناوە نەمێنێ و یا تەراجوعێک بکرێت لە حکومەتی مەرکەزییەوە، بەرای من ئێستا بڕیار دان بڕیاری میللەتی عێراقە، بەڵام عەواملی دەرەکی زۆر کاریگەری هەیە و، چ پارتی و چ یەکێتی و چ لایەنەکانی تریش ڕۆڵیان هەیە و دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لە بڕیار دانی دەرەوە، چونکە بڕیاری دەرەوە زۆر کاریگەری هەیە، ڕاستە ئێمە خۆمان میللەتین، لە ساڵی ١٩٢١ کە بڕیارێکی نارەوا درا و مافی گەلی کورد و ئاشووری و شیعەکان خورا، ئەمە هەشتا ساڵە کەوا ئەو ڕاستییە هەیە، ئەمڕۆ دەبێت ئێمە ڕۆڵمان زیاتر بێت لەو سەرچاوە بڕیارەی کە لە دەرەوەیە، دەبێت بزاڤی خۆمان زیاتر بێت، هەڵبەتە ئەگەر ئێمە زیاتر بچینە پێشەوە ڕۆڵمان زیاتر دەبێت لەو بڕیار دانەی دەرەوە کە بۆ ئایندەی عێراق دەدرێت، نەکو بڕیاری ئێمە خوانەخواستە زیانێکی لێ بدرێت و تەجاوزێک بکرێتە سەر مافەکانی ئێمە جا چ وەکو خەڵکی ئێمە، یا وەکو خەڵکی عێراق بە گشتی، چونکە هیچ لایەنێک نایەوێت سەدامێکی تازە بێتە سەر حوکم، بە تەئکید دەمانەوێت ئەم سیستەمە بگۆڕێت و مافی هەموو کەسێک لە عێراقدا لەبەر چاو بگیرێت، جا زۆر بە ڕاشکاوی باسی کرد، بەڵام ڕای من ئەوەیە کە چۆن چارەسەری بکەین و پێکەوە بجووڵێینەوە و ڕۆڵی خۆمان لە دەرەوە ببینین و، لەلایەکی تر کاک مسعود باسی هەندێ تەوجیهاتی تری کرد کە تۆڵە سەندن و تەوجیهات بۆ ئاینده، ئەمەش بە ڕای من ئەمە بێتە خوارەوە بۆ سەر قواعد و پێشمەرگە نەک تەنها لە ئاستی سەرەوە بمێنێت تەنها لە ئاستی پەرلەمان و سەرکردایەتی، بەڵکو بەپێچەوانەوە بێتە خوارەوە، چۆن زەمانی خولەفائی ئیسلامی ڕێنماییان دەدا بە موجاهیدەکان و دەیان وت دار مەبڕن و منداڵ و پیر و ئافرەت مەکوژن، ئەمڕۆش دەبێت بزاڤی کوردی بە هەموو لایەکییەوە ئەو تەوسیاتە بدەن و ڕەوانەی خوارەوەی بکەن، نەوەک خوانەخواستە کە چوینەوە خوارەوە تۆڵەسەندن و حەق کردنەوە ڕوو بدات، بەڵام چارەسەرکردنی ناوخۆییمان ئەوە یاسا نییە بەڵکو سیاسەتەو ئەرکی سەرکردایەتییە سیاسییەکانە، ئەمە دەبێت لەوێ ڕەنگ بداتەوە وەکو دەستپێشخەرییەک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی من تێبینی دەکەم لە وتارە بەنرخەکەی سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی ٢٠٠٢/٣/٢٥ لە کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی یازدەیەمی پەرلەمان ئەوەیە کە وتارێکی هیوا بەخش بوو بۆ ئایندەی گەلی کورد و، لە هەمان کاتیشدا ئاگادارییەک بوو بۆ ئەوانەی کە دژی ئیرادەی گەلن

هەمیشە زەرەرمەند دەبن، لە وتارە بەنرخەکەی کاک مسعود بارزانی گیانی نیشتمانپەروەری بە زەقی دیارە و بە پەرۆشەوەیە بۆ ئایندەی گەلی عێراق و گەلی کورد بەتایبەتی بە هەموو چین و توێژ و ئاین و مەزهەبەکانییەوە و، هەروەها گیانی تەسامح بە زەقی رەنگی داوەتەوە لە وتارەکەیدا کە هەمیشە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردەی بەرێز لەگەڵ گیانی تەسامح وپێکەوە ژیان و دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤە، لە هەمان کاتدا ئەوەی دووپات کردەوە کە هەردەم میللەتی کورد دژی تیرۆر بوونە و هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەین کە میللەتەکەمان پاقژە لەو کارە تیرۆریستانە و، بەبەردەوامی کاری تیرۆرستی بەرامبەر بە گەلی کورد کراوە لە کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال کردنی «٨»هەزار بارزانی و «١٨٢» هەزارکەسی تر لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستاندا و، لە هەمان کاتدا ئەوەی دووپات کردەوە کە سیاسەتێکی واقع بینانە کە لەگەڵ سەردەمی ئەمرۆی نێونەتەوەییە بگونجێ و قەت موساوەمەی نەکردووە لە پاراستنی مافی کورد بە هیچ کلۆجێک موساوەمە ناکات لە مافی گەلی کورد و مافی ئەو گەلانەش کە لەگەڵ گەلی کورددا دەژین وەکو تورکمان و ئاشوری و کلدان و عارەب کە مافیان پارێزراوە و، هەر ئەوەش چاوەروان دەکرا لە سەرکردەی نەتەوەی کورد، لە هەمان کاتیشدا ئێمەی ئافرەتانی دڵنیا کردەوە کەوا هەرگیز براکانمان و مێرد و رۆڵەکانمان تووشی ئێش و ئازار نەبنەوە مادامەکی سەرکردەیەکی واقیعبینانە و بەرژەوەندی میللەتی کورد دەپارێزێ و موساوەمە لەسەر مافی کورد ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فاتح محمد أمین فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی بەڕێزمان کاک مسعود بارزانی دەستی خستە سەر زۆربەی کێشەکان و زۆر بە راشکاوی و بەبێ پێچوپەنا را و بۆچونی خۆی روون کردەوە، ئەندامانی پەرلەمان لەم دانیشتنەدا بە تێروتەسەلی شیکردنەوەیان لەسەر وتارەکە روون کردەوە، لێرەدا من هەست دەکەم پاش ئەوەی کە ئێمە هەموومان گوێمان لە وتارە گرنگەکەی سەرۆک بوو و، زۆر بەتاسەوە دیاری کردنی ئەو خاڵە گرنگانە بووین وابزانم جەنابی سەرۆکیش پێی خۆشە راو بۆچوونی ئێمەش ببیستێ، جەنابی سەرۆک ئەو هەموو خاڵە گرنگانەی پێشکەشی پەرلەمان کرد وابزانم زۆر حەز ئەکات بزانێت ئێمە وەکو پەرلەمان چیمان پێیە پێشکەشی جەنابی بکەین، لەسەر ئەو هەموو پیلان و دژایەتییەی کە بەرامبەر بە ئەزموونەکان ئەکرێت، ئێمەش پێویستە لەم کاتە ناسکەدا وەکو پەرلەمان پرۆژەیەکی هەڵسەنگاندنمان هەبێت بۆکێشەکانی ئەمرۆی کوردستان تاوەکو ببێتە پاڵپشتی تەواوی وتارەکەی سەرۆکی خۆشەویستمان، هەروەها پێویستە هەڵوێستی خۆمان دیاری بکەین بەرامبەر ئەم

رووداوانەی کە ئێستا رووبەرووی ئەزموونەکەمان دەبێتەوە و، من بە باشی دەزانم کەوا کۆبوونەوەیەک تەرخان بکرێت بۆ ئەم مەبەستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرچاو خستنی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان ئەوەی کە بۆمان دەردەکەوێت دوژمنانی گەلەکەمان ئەوەی کە چەند ساڵە پاش راپەڕین و پاش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان خۆیان خواردووەتەوە و دژایەتییان کۆ کردوەتەوە بۆ گەلەکەمان، ئەمڕۆ لەو بارە چاوەڕوان کراوەی ئایندەی عێراقدا هەمووی هەڵئەڕێژن و هەر یەکە بە جۆرێک دژایەتی خۆی ئەکات و، هەر یەکە و بەشێوەیەک ئەیەوێت ئەم ئەزموونە لەناو بات، گەورەترین دژایەتییان بۆ ئێمە بۆ گەلی کورد و هەرێمی کوردستان لەناوبردنی ئەزموونی گەلی کوردستانە کە ئەویش بریتییە لە پەرلەمانی کوردستان و بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کە ئەویش فیدرالیەتە بۆ پەیوەندی ئایندەی کوردستان لەگەڵ رژێمی داهاتووی عێراقدا، بە داخەوە لەم (١٠)ساڵەی رابردوودا کە ئەم ئەزموونەمان لە کوردستاندا ئەنجام داوە دژایەتی هیچ گەل و نەتەوە و ئاینێکمان نەکردووە، بەڵکو ئەزموونێکی زۆر جوان و زۆر پاکمان ئەنجام داوە و بەرەو دیموکراتییەت و هاوکاری گەلان رۆیشتووین، دژی تیرۆرست و ئیشی خراپ بووین، حکومەتێکی یاساییمان دامەزراند و بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی ئەڕۆین، بەراستی ئەم ئەزموونە هیچ شتێکی لە ئەزموونی گەلانی پێشکەوتووخواز کەمتر نییە، ئەگەر شتێکیش نەکرابێ ئەوە بە هۆی بێ ئیمکانییەتییەوە بووە کە توانا و دەسەڵات و سنورداری دەسەڵاتەکەی کوردستان بووە، بەڵام بەداخەوە ئەوانە ئیسپاتی دوژمنایەتی خۆیان کرد و، ئەوەش کە ئەیانەوێ لەناوی بەن پەرلەمان و فیدراڵیەتە کە بڕیاری پەرلەمانە، بە تەئکید پەرلەمان و هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەرهەمی رەنج و تێکۆشان و خەباتی گەلەکەمانە، بەرهەمی شۆڕشی گەلەکەمانە، بەرهەمی ئەنفالکردنی «١٨٢»هەزارکەسە، بەرهەمی کیمیا بارانی کوردستانە، بەرهەمی روخاندنی «٤٥٠٠»گوندی کوردستانە، واتە تێکدانی پەرلەمان و ئەم بارەی ئێستای کوردستان، تێکدانی هەموو خەباتی گەلەکەمانە، کەم کردنەوەی بایەخی دەیان ساڵی خەباتی گەلی کوردە، کەم کردنەوەی هەموو قوربانییەکانی کوردە، لەبەر ئەوە جێگای خۆشحاڵی بوو کە جەنابی سەرۆک هەمیشە فەرموویەتی و لە کۆبوونەوەی رۆژی ٣/٢٥دا دووپاتی کردەوە و، فەرموویان کە هەر گۆڕانکارییەک بێتە پێش و پەیوەندی بە چارەنووسی گەلی کوردستانەوە هەبێت و، یا بە بڕیاری پەرلەمانەوە هەبێت ئەبێت میللەتی کورد خۆی بڕیاری لەسەر بدات، واتە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدات، ئەگەر پێویست بوو ڕاپرسی لەسەر بکرێت، ئەگینا هیچ کەسێک

لە ئێمە ناتوانێ و مافی ئەوەی نییە دەسکاری بکات و ناشتوانێ، بەراستی ئەوە جێگای دڵخۆشکەری بوو و، پێویستە لەسەر هەموو گەلی کورد و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ئەو کەسانەی کەلە کوردستاندا ئەژین ئەمە بکەنە خەتی سوور بۆیان، هەر کەسێک یا هەر لایەنێک یا هەر حزبێک لەم خەتە لابدات ئەوە دژایەتی گەلی کوردە و ئەچێتە خانەی دژایەتی گەلی کوردەوە، لەبەر ئەوە ئەم فەرموودەی سەرۆک بارزانی بۆ ئەمرۆمان هەموو لایەک هەموو حزبێک هەموو کۆڕ و کۆمەڵێک ئیلتیزامی پێوە ئەکەن ، هەر کەسێک ئیلتیزامی پێوە نەکرد ئەوە هەموومان با بزانین ئەوە دژی گەلی کوردە دژی مافی کوردە دژی خەڵکی کوردستانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم دانیشتنە بە دووورودرێژی لەژێر رووناکی وتارە بەنرخەکەی جەنابی سەرۆک کاک مسعود بارزانی، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ناوونوس کرابوون هەموویان موداخەلەیان کرد و، را و بۆچونی خۆیان دەربڕی دەربارەی، ئەتوانم بڵێم هەموو لایەنەکانی وتارە بەنرخەکەی گرتەوەو هەر دانیشتنەکە خۆی لە خۆیدا و باس کردنی بەو شێوەیە و بایەخدان بە وتارەکە شتێک نییە هەر تەنها قسەیەک بێت و بڕوات، بەڵکو بە قەناعەتی ئێمە ئەچەسپێت و ئەمێنێت لە مێشکی ئەندامانی پەرلەمان پێش هەموو شتێک، دوو دانیشتنی پەرلەمان ئاشکرایە و کراوەیە و، لە پرۆتۆکۆلاتدا ئەنووسرێتەوە و شتێکی چەسپاوە کە ئەو وتارە بەنرخە لەم زروفە تایبەتی و راستە کە وتراوە چەسپاوە و ئەچەسپێت لە پرۆتۆکۆلدا و ئەبێتە رێرەوێک بۆ ئەم کاتەی کە هەمانە، لە راستیدا وتارەکە ئەتوانم ئەوەندە بڵێم کەوا لە کاتی خۆیدا وترا و، رووناکی خستە سەر هەموو لایەنێک و لایەنی سیاسی و وەزعی ناوخۆمان و داهاتوومان لەبەر ئەوە لە پەرلەمانەوە دەستمان پێکرد بۆ ئەوەی بچەسپێت و رووناکی تەواوی بخەینە سەر و لە پەرلەمانەوە بچینە ناو خەڵک، ئەو وتارە و ئەو راوبۆچوونانەو و ئەو ختووتە عامانە بڵاو بکەینەوە لەناو خەڵکدا، ئەمە ئەرکی هەر یەکێکە لە ئەندامانی پەرلەمان، هەر یەک لە دائیرەی خۆی و لە شوێنی خۆی و لە راستیدا دوو شت هەیە حەز ئەکەم بیڵێم کە پەیوەندی بە وتارەکەی جەنابی سەرۆکەوە هەیە، ئەویش یەکەمیان بە ئەوپەڕی راست گۆیی و بە ئەوپەڕی ئازایەتی قسەکان کران لە بارودۆخێکی زۆر حەساس و ناسکدا و، راستگۆیی و ئازایەتی کە هاوسەری یەکن هەردووکیان سەرچاوەکەیان رەسەنایەتییە، نیشانەی رەسەنایەتی ئەوسەرکردەیەیە کەبەوشێوەیە لەوزروفە قسە ئەکات و، ئەوەی کە زۆر گرنگەیشە کە ئێمە دەستی پێوە بگرین باری ناوخۆی کوردستانە کەئەبێت یەک دەست و یەک ڕاو یەک کاربین لەم زروفە ناسکەدا ئەمە شتێکی زۆر زۆر ئەساسیە لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی تەساموح کەبەشێوەیەکی زۆر ڕاشکاو باسی کردو بەئاشکرا تەئکیدی کرد لەسەر ئەوە کەکوردستان جێگای تەساموح و برایەتی و لەیەکتر تێگەیشتنی کورد و ئاشوری و تورکمان و هەموو دینەکانی کوردستانە، ئەمە بەردی بناغەی بەرەو پێشەوە چوونی ئەزموونە دیموکراتیەکەمانە بەردی بناغەی سەرکەوتنمانە، بەردی بناغەی پارێزگاریە لەو دەسکەوتانەی

کەگەلی کوردستان بەدەستیان هێناوە نوقتەیەکی هەرە ئاشکرای ئەوەیە کەنابێ کەس و، بۆ هیچ کەسێک نییە کەیاری بکات بە مەسائیلی مەسیری گەلی کوردستانەوە لەسەر فیدرالیەت و کەرکوک (مساومات داخلیة)یاری بەهەموو شتێک بکرێت یاری بەفیدرالیەت وکەرکوک ناکرێت و زۆر سوپاستان دەکەم و کۆبوونەوەی داهاتوومان هەفتەی داهاتوو ئەبێت و، إنشا الله ئاگادارتان دەکەین.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((٣))**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٣/٤/٢٠٠٢

خولی یەکەم

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ((٣))

## چوار شەممە ڕێكەوتی ٣/٤/٢٠٠٢

كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٣/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە سێ)ی خولی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە سێ)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی ٣/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ باس كردنی سەفەرەكەی ئەم دواییەی سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە(٣) خولی یەكەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق دەست پێدەكەین.

بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە یەك خاڵ پێكهاتووە ئەویش باس كردنی سەفەرەكەی ئەم دواییەی دەرەوە و ئەنجام و ئاكامەكانی لە هەندێ وڵاتانی ئەوروپادا. ئێمە لە كۆتایی مانگی یەك دەستمان پێ كرد، لە (٥/٢/٢٠٠٢) سەفەرەكەمان لە ئەوروپا بە چەند چاوپێكەوتن دەستی پێ كرد، هەوڵ دەدەم بە كورتی باسی بكەم بۆتان و، ئەو كاتەی پاش تەواو بوون هەر چ پرسیارێكتان هەبوو ئامادەم بۆ وەڵامدانەوەی.

وەكو باسم كرد (٥/٢/٢٠٠٢) گەیشتینە بەریتانیا و، لەوێ پێشوازییەكی گەرممان لێكرا لە لایەن بەڕێزان نوێنەرانی حكومەت و پارتی دیموكراتی كوردستان و پارتەكانی تری كوردستان لە لەندەن و، لەگەڵ نوێنەرانی حكومەت و پارتیدا باسی سەفەرەكە و ئەو شتانەی كە پێویستە بكرێت لەم وڵاتەدا باس كرا و، گفتوگۆی بەرنامەی كاری سەفەرەكە كرا كە لە ڕاستیدا لە سێ قۆناغ پێك هاتبوو، یەكەمیان لە سكۆتڵەندا ئەوی تر لە بەریتانیا و پاش ئەوەش بۆ قۆناغێكی تر لە بەریتانیا.

پێشەكی بەرنامەیەكی دوورو درێژ و چاوپێكەوتنێكی زۆرمان بۆ ئامادە كرا بوو، لە ڕاستیدا بە

شێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکخرا بوون، چەند جەدوەلێکی مواعید بۆ ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت ڕێکخرا بوون، بە تەفصیل، کاتێ ئەچوینە هەر شوێنێ پێش ئەوە ئێمە ناوەکانمان ئەهاتە بەر دەست و مەعلوماتێکی لەسەریان ئیهتماماتیان واجبیان کاریان چیە؟ بۆمان روون دەکرایەوە.
بۆیە تەسەوڕ دەکەم ئەو شێوەی ئامادەکارییەو خۆماندوو کردنەی هەڤالان لە دەرەوەی وڵات، بەراستی تەئسیرێکی گەورەی هەبوو لەسەر خستنی کاروباری سەفەرەکە.
دەست بە چالاکییەکان دەکەم، کە لە سکۆتلەنداوە دەست پێ ئەکەم لە (٢٠٠٢/٢/٧) کاتژمێر (١٢:٥٠) کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی سکۆتلەندی(مۆڕای تووش) لە پارتی پارێزگاران و وحدەی سکۆتلەندی و لەگەڵ پێنج ئەندامی پەرلەمان لە پارتە جیاجیاکان،
١ـ مایکل ماکمەهۆن لە پارتی کرێکاران لە لیژنەی حکومەتی ناوەوە.
٢ـ ئیلین تۆمسۆن لە پارتی کرێکاران لە لیژنەی دارایی.
٣ـ کۆلن کامبل لە پارتی نەتەوەیی سکۆتلەندی لیژنەی بەرگری.
٤ـ لوید کوینان لە پارتی نەتەوەیی لە سکۆتلەندا لە لیژنەی کاروباری ئەوروپی.
٥ـ لویس ماکدۆناڵد لە پارتی کرێکاران ناوبراو جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری گواستنەوەشە.
کاتژمێری (٢)ی پاش نیوەڕۆ گەڕان بەناو بینایەی تازەی پەرلەمانی سکۆتلەندا بە یاوەری لێپرسراوی یەکەمی پەیوەندییەکانی دەرەوەی دیوانی پەرلەمان، کاتژمێر(٤:٣٠)ئامادە بوون لە لۆجی میوانە گرنگەکان و بیستنی گفتوگۆی پەرلەمانی لە هۆڵی پەرلەمان، شایەنی باسە بەرەسمی لە هۆڵەکە سەرۆکی ئەنجومەن بەخێرهاتنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و وەفدە یاوەرەکەی کرد، تەبیعی وەفدەکە پێک هاتبوو لێرە جگە لە من لە بەڕێوەبەری گشتی دیوان و لەوێش نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان یاریدەدەرێکی مەکتەبی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، وەرگێرێکی خۆمان کە لەگەڵمان دا بوو واتە پێنج کەس بووین.
بەراستی ئەوە بۆ یەکەم جارە بچینە هۆڵی پەرلەمان، ئێمە پێشتر چووینە پەرلەمانی تر لەگەڵ ئەواندا دانیشتنمان کردووە و سەیری کاروبارەکانمان دەکرد، جگە لەوەی باسی دانیشتنەکانمان دەکرد لەڕاستیدا، پەرلەمانەکانی تر بەم شێوەیە نەبوو، کە چووین کە لە هۆڵەکەیان دانیشتین سەرۆکی پەرلەمان بەخێرهاتنی وەفدی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان چەپڵەیان بۆ لێداین، بەراستی ئەو تەقدیر و بەخێرهاتنە بۆ هەموو گەلی کوردستان بووە ئێمە وامان ڕەچاو کردووە.
کاتژمێری (٤:١٥)لە هەمان ڕۆژ کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری یەکەمی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی (جەینگۆلاس) کە لە هەمان کات وزیری داد و سەرۆکی پارتی دیموکراتە لە سکۆتلەندا، کاتژمێری (٤:٤٥)دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ (جۆین سوینی)سەرۆکی پارتی نەتەوەیی سکۆتلەندا

کە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی سێبەرە، کاتژمێری (٥:١٥)کۆبوونەوە لەگەڵ(جۆرج رایت) جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە پێشتر پانزە ساڵ لە بواری نێو نەتەوەیی جیهانی کاری کردووە سەرۆکی خاچی سووری نێو دەوڵەتی بووە و، بۆ فەلەستین و کوردستان کاری کردووە و ئاشنایی باشی هەیە لەسەر دۆزی کورد، کاتژمێری (٦:٣٠)ی ئێوارە چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی (سکۆتسمان)، هەروەها کاتژمێری (٨:٣٠)ی ئێوارە چاوپێکەوتن لەگەڵ جالیەی کوردی لە (ئەدنبەرە) کە پایتەختی سکۆتلەندایە واتە هۆڵی پەرلەمان لە ئەدنبەرەیە، رۆژی (٢٠٠٢/٢/٨) کاتژمێر (٧)ی بەیانی چاوپێکەوتن لەگەڵ رادیۆی(BBC) کە چەند پرسیارێکیان ئاراستە کردین و ئێمەش بە زمانی ئینگلیزی وەڵامان دایەوە و، بڵاوکرایەوە لە هەمان کاتدا، کاتژمێری (١٠:١٥) کۆبوونەوە لەگەڵ (داڤید ماکلیک) سەرۆکی پارتی پارێزگارانی سکۆتلەند لەگەڵ راوێژکارەکەیدا شایەنی باسە ناوبراو لە هەمان کات سەرۆکی گرووپی پارێزگارانە لە پەرلەمان، کاتژمێر (٣)ی پاش ئەوە لە ئەدنبرەوە سەفەرمان کرد بۆ شاری گلاسکۆ ، کاتژمێر(٣)ی پاش نیوەرۆ لە شاری گلاسکۆ کە گەورەترین شارە لە سکۆتلەندا، کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ (ئەلێکس مۆسم ئەندییشار) سەرۆکی شارەوانی شار، لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی شارەوانی دانیشتنەکەمان کاتژمێرێکی پێ چوو، هەروەها کاتژمێری (٤)ی پاش نیوەڕۆ سیمنارێکمان کرد بۆ کوردەکانی گلاسکۆ لەناو باڵەخانەی پارێزگا کە هۆڵێکیان بۆ تەرخان کردبووین. ئەمانە دیدارەکان بوون کە لە سکۆتلەندا کردمان ، پاشان گەڕاینەوە لەندەن، لە (٢٠٠٢/٢/١١) لە کاتژمێر(١٠:٤٥)ی بەیانی کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ (مایکل بارتن)سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانی، کاتژمێری (٢:٣٠) کۆبوونەوە لەگەڵ (د. تۆبیدۆس) لەمەکتەبی عیراق، کاتژمێری (٣:٣٠)ی پاش نیوەڕۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ (INC) لە بارەگای(INC)، کاتژمێری (٧:٣٠)ی ئێوارە خوانی ئێوارە لە داریک کلاپ بە ئامادەبوونی (لۆرد تۆم کین)،(جنراڵ کۆردینگلی) کە ئەوانە کاتی خۆی وەزیر بوون لە حکومەتی پارێزگاراندا، رۆژی (٢٠٠٢/٢/١٢)کاتژمێری (٩)بەیانی چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئەلیستر لیۆن) لە وەکالەی دەنگ و باسی رۆیتەر، کاتژمێر (١٢)کۆبوونەوە لەگەڵ (لۆرد هاوین ئۆف گێلد فۆرد)قسەکەری پارتی پارێزگاران لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی بەریتانی، کاتژمێری (١:٣٠)پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوە لەگەڵ( ئەدمیراڵد نیکاب کۆبۆ) بەڕێوەبەری پەیمانگای کاروباری مەلەکی کە موختەسەرەکەی (R.U.S)ە، کاتژمێری(٣)ی پاش نیوەڕۆ کۆبوونەوە لەگەڵ(ئەنرۆپیلینگ)گرووپی پارێزگارانی ئەنجومەنی لەندەنی گەورە، چونکە لەندەنیش حکومەتی مەحەلی خۆی هەیە، کە ئەویش دادەنرێ بە سەرۆکی حکومەتی لەندەن، کاتژمێری (٤:١٥)کۆبوونەوە لەگەڵ لێکۆلەرەکانی پەیمانگای نێو دەوڵەتی دیراساتی ستراتیژی(IISS) لە لەندەن، رۆژی (٢٠٠٢/٢/١٣) کاتژمێری (١١:١٠) کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان (ئەنان دۆنکین)کە سەرۆکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سێبەرە، کاتژمێری (١٢:٣٠) خوانی

نیوەڕۆ لە نێو تەلاری پەرلەمان لە لایەن(تۆم کلارک) لەگەڵ ئەندامانی تر وەک(مایکل کۆنارتی)و (ئەتۆل باتهار)، کاتژمێری (٣)لە لۆجی میوانی بیستنی کاتی پرسیار کردن لە (تۆنی بلێر)سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لە لۆجی میوانی لە پەرلەمانی بەریتانی ئامادە بوون، کاتژمێری(٤) کۆبوونەوە لە تەلاری پەرلەمانی بەریتانی بە ئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی بۆ دامەزراندنی گرووپی پەرلەمانتاری بۆ پشتگیری کردن لە تاقی کردنەوەی دیموکراتی لە کوردستانی عیراق، ئەوانە کە ئامادە بوون کەسە ناسراوەکانیانن (تۆم کلارک،مایکل کۆنارتی ، لۆرد ئەحمەد، کۆلن کیپیتاڵ، د. جۆنی تۆم، جیرنی کلۆربین، لۆرد هارنس)شایەنی باسە (١٨)ئەندام ناوی نوسی بوو، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک هەموویان لەو کاتە نەیانتوانی ئامادەبن، هەروەها بۆ ئەم کۆبوونەوە و دانیشتنە دوو نامەمان پێگەیشت یەکیان لە لایەن ( جۆن مێجەر)ئەوی تریش لە لایەن (مارگرێت تاچەر) کە پیرۆز باییان لە دروست کردنی ئەو گروپە کرد، شایەنی باسە ژمارەیەکیش لە کوردەکانی لەندەن ئامادە بوون کە هەندێکیان ئەندامی پەرلەمانی خۆمان بوون کە (کاک ئیدریس هادی و کاک فرحان شەرەفانی و کاک فاضل رؤوف)بوون، لە رۆژی (٢٠٠٢/٢/١٤)کاتژمێر (١١:٣٠)چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەنووس (ئەنتۆلگواردا)محرری دیموکراسی لە رۆژنامەی (دیلی تێلیگراف)، کاتژمێر(١:٣٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ رۆژنامەی (الزمان)، کاتژمێر(٣:٣٠)چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری پارتی لێپرسراوی هۆبەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقا لە وەزارەتی دەرەوە، لە رۆژی (٢٠٠٢/٢/١٥)لە کاتژمێر(٧)ی ئێوارە دیدار لەگەڵ (جیهاد مخازن) رۆژنامەنووسی ناوداری رۆژنامەی (الحیاة)، هەروەها سیمنارێکی رۆژانەی کوردی عیراقی لە لەندەن، رۆژی (٢/٢٧) جارێکی تریش گەڕامەوە لەندەن و سەفەری ئەوێندەرێم کردەوە کە لەوێ لە(مەجلیسی لۆردات) چاوپێکەوتنمان لەگەڵ چەند وەفدێکدا هەبوو بە ئامادەبوونی (لیدی ئۆلگا) کە یەکێکە لەوانە بەراستی رۆژنامەنووسێکی زۆر ناسراوە لە رۆژنامەی عەرەبی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و قەزیەی کوردی ئەنووسێ، بە تەفصیل باسی وەزعی کوردستان و ناوچەکەمان لە گەڵدا کرد، هەروەها کاتژمێری (٩)ی ئێوارە لەهەمان رۆژدا، کە رۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردی بوو، بە ئامادەبوونی چەندین ناوداری بەناوبانگی ئەنجومەنی لۆردات وئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی وخەڵکێکی زۆری ناسراوی کوردیش، لە رۆژی(٢٠٠٢/ ٣/١٢)کاتژمێر (٤:٣٠)چاوپێکەوتنمان هەبوو لەگەڵ راوێژکاری پلەیەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەراست و، هەروەها لەگەڵ لێپرسراوی بەشی کاروباری عیراق لە وەزارەتی دەرەوە، راوێژکاری پلەیەک (دیتوار بلاس)و لێپرسراوی کاروباری عیراقیش (رایبۆنت دکوین)، ئەمە جگە لە دیداری تری رۆژنامەیی و سەردانی تر و ئامادەبوونی چەند کۆڕێکی تر کە لە سەفەرەکە کراون، ئەمانە بەکورتی و بۆ ئەوەی تەسبیتی بکەین چەند لایەکمان دی و لەکوێ، لە راستیدا لەوێ زۆر بە باشی پێشوازیان لێکرا چ لە سکۆتلەندا و چ لە لەندەن و چ لە ئەڵمانیا، عەملیەن

ئێمه له سکۆتلەندا سەرۆکی هەموو پارتەکانی ئەوێمان بینی، لەوانە جێگری یەکەمی سەرۆکی وەزیرانمان بینی، کە بە تەفصیل باسی وەزعی حکومەتی هەرێم وکاروباری کوردستانمان بۆ باس کرد، سەرۆکی هەموو کوتلەکانی ناو پەرلەمانمان بینی و، جێگرەکان سێ جێگری سەرۆکی پەرلەمانمان بینی و، سەرۆکی پەرلەمانی ئەصلی خۆی کە دەعوەتەکە هی ئەو بوو، لە راستیدا لەو کاتەدا کە ئێمە چووین نەخۆش بوو، لە نەخۆشخانە چارەسەری نەخۆشی دەکرد، تووشی نەخۆشیەکی خراپ بووە، ئەو کاتەی کە ئێمە لە سکۆتلەندا بووین جێگری یەکەمی پەرلەمان لەگەڵمان بوو، لە بەریتانیا بۆ یەکەم جارە کە سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانی پێشوازی لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کرد بە رەسمی، کە ئەوەش یەکەم جارە شتی وا روویدات، کە ئەمەش مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە و، پشتگیریەکی زۆر روونە لە پەرلەمانی بەریتانیاوە لەسەر بەرزترین ئاست بۆ قەزیەی کوردی و بۆ ئەم تەجروبە دیموکراتیە و ئیعتراف کردنە پێی، هەروەها ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەوێ بووە بەراستی زۆر ئیهتمامیان بە قەزیەی کوردی داوە، ئەوەی شایەنی باسە دانیشتنێکمان کرد لەگەڵ کورد و عیراقیەکان و دۆستانی قەزیەی کورد لە لەندەن، کە ئەو کارە لەراستیدا نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەعوەتێکی بەسیتی کردن خەڵکانێکی زۆر ئەوانەی کە ئیهتمام بە قەزیەی کوردی دەدەن چ کورد وچ عیراقی و چ بەریتانی لەوێ کۆبوونەوە باسی بارودۆخی کوردستانیان بۆ کراو، وەزعی هەرێم و ئەو شتانەی کە مەبەستمان بوو و، هەر پرسیارێکیان پرسی بەراستی وەڵاممان دانەوە.

ئەوەی لە راستیدا دەبێت بۆ بەرێزتان باس بکەم ئەوەیە کە ئەوان بە پلەی یەکەم موهتەمن بەوەی کە کورد چی دەوێت؟ هەدەفی کورد چیە؟ ئەوە یەکەم، دووهەم بارودۆخی ئێستای عیراق کە عیراق چی بەسەر دێت، موهتەمن بە وەزعی ئافرەتان لە کوردستاندا، موهتەمن بە وەزعی ئاوارەکان و، هەندێ لایەن موهتەمن بە وەزعی کوردی تورکیا، کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، بەس ئەو لایەنانە کەمتر بوون لە راستیدا، ئێمە لە وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی ئەوان ئێمە تەئکیدمان لەسەر ئەوە ئەکرد کە بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان کە لەساڵی (١٩٩٢)وەرگیراوە، ئامانجی سەرەکی گەلی کوردستان ئەوەیە لە چوارچێوەی عیراقێکی دیموکراتی و فیدراڵیدا بە مافی خۆی بگات، وەکو هەرێمێکی فیدراڵی لەم چوارچێوەیە، بەڵام تەبیعی ئەمە هەدەفێکی دوورە لەوانەیە لەماوەی ساڵێکدا جێ بەجێ ببێت، یان لەماوەیەکی دوورو درێژ تر جێبەجێ ببێت، تا ئەو کاتە پێویستە چەند شتێک هەبێت جێ بەجێ بکرێت، ئەویش کە بەرگریی دوەلی بەردەوام ببێت ئەوە یەکەم و، دووهەم مەسەلەی بڕیاری(٩٨٦) لە١٣٪ کە ئەوەی هەردەم لەسەر زمانمانە، هەموو جارێک کە دەبێت چەسپ بکرێت هەتا ئەگەر (٩٨٦)یش نەما ئەو بەشەی نەوتی عیراق کە بۆ کوردستان تەرخان کراوە هەر تەرخان بکرێ و بمێنی، جا بە چ شێوەیەک راستەوخۆ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان یان لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان واتە(الامم المتحدە) ئەوا لای ئێمە هیچ ئیشکالێک دروست نییە، هەرچەندە

ئیجابی تره بدرێته کوردەکە تا خۆی سەرفی بکات.
جگە لەمە ئەو حەللە فیدرالّیەی کە ئێمە تەسوری دەکەین، ئەویش چەند شەرت و شروتی هەیە، شەرتی یەکەمی کە ئەو حەللە فیدرالّیە لە هەرێمی کوردستان هەموو کوردستان بگرێتەوە، واتە کەرکوک و خانەقین و سنجار ئەو شوێنانەی تریش کە لە ژێر دەسەلاتی کوردیدا نین، کە پارچەیەکی ئەساسین لە کوردستان، ئەبێ ئەو مەسائلی تەعریبی ئەو شتانەی کە کراوە ئەبێ هەمووی هەڵبوەشێتەوە، ئەو کەسانە بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و قەرەبوو بکرێن، خالّی دووهەمیش ئەوەیە هەر ئیتیفاقێک بکرێت لەگەلّ حکومەتی ناوەندی بێت یان لەگەلّ هەر لایەنێکی تر بێت لەسەر مافی گەلی کوردستان لەسەر ئەم ئیتیفاقە کە شێوەی ژیان پێکەوە یان شێوەی ئیدارەی حکومەتی عیراق لە لایەن کۆمەڵگای نەتەوەییەوە زەمانەت کرا بێ، بەتایبەتی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەش شەرتێکی ئەساسیە، چونکە تاقی کردنەوەی خۆمان ئەوەمان پیشان دەدات کە ئێمە چەند رێک بکەوین بە توانا بین و چەند مافی خۆمان وەربگرین، چونکە ئەو مافە لە کاتێکدا وەرگیراوە بە پێی مێژووی ئێمە کە حکومەتی پێشوو وەزعی تەواو نەبووە و مەجبور بووە ئیعتیراف بە مافی ئێمە بکات، هەر کاتەکیش هەستی کرد بێت کە بە توانایە وەزعی باشترە، ئەو ئیتیفاقەی تێکداوە، ئەو مافەی خواردوە و، لە جیاتی ئەمانە پەلاماری گەلی کوردستانی داوە، بۆیە هەر ئیتیفاقێک ئەگەر زەمانەتی دوەلی تێدا نەبێت، میللەتی کورد وگەلی کوردستان باوەڕی پێ ناکات و ئەنجامەکەی هەر سەر ناگرێت.
باسی ئاوارەکان لە راستیدا ئێمە تەئکیدمان لەسەر کرد کە ئێمە ئەبێ ئەو بارەی کە هەیە لە کوردستاندا هۆیەکی سەرەکیە بۆ چوونە دەرەوەی ئەو خەڵکە و، چارەسەرێکی سیاسی نەبووە بۆ کێشەی کوردتا ئێستا و، بریارێکی سیاسی نییە، دوارۆژی دیار نییە چۆنە؟ کۆمەڵگای نەتەوەیی تا ئێستا نەهاتۆتە پێش بۆ ئەوەی پشتگیریی گەلی کوردستان بکات، تا فیدرالّیەت وەردەگرێت، یان ئەو بارەی ١٠٠٪ بۆی ئەهێڵنەوە، بەراستی ئەمە هەمووی هۆیەکی بنەڕەتیە کە ئەو خەڵکە ئەچێتە دەرەوە و، ئێمە لە زۆر مەراکزی مەدەنیمان وەکو شارەکانی هەولێر و دهۆک شارەکانی تریش زۆر نزیکە لە (سلطە)وە خۆی لە خۆیدا مەترسیەکی گەورە لەناو خەڵکەکە دروست دەکات، بەتایبەتی لاوەکانمان وەزعی ئابووری لەگەلّ ئەم (حصار)ەوە زۆر باش نییە، تا رادەیەک دەتوانیین بڵێین خراپە ئەمانەش هەمووی پاڵ بە خەڵک و لاوەکانەوە دەنێت کە بڕۆن بە دوای بارێکی باشتر بگەڕێن، لەبەر ئەوە ئێمە چ وەکو پەرلەمان و چ وەکی شەخسیش گلەیی لەو گەنجە ناکەین کە دەیەوێ بچێتە دەرەوە، راستە ئێمە حەز دەکەین لاوانمان لەولاتی خۆمان بمێننەوە، لەولاتی خۆمان کار بکەن بەتایبەتی ئەوانەی کە پسپۆڕن، ئەوانەی کە خیبرەیان هەیە خوێندنیان تەواو کردووە، بەلام لە هەمان کاتدا ئەگەر خۆمان بخەینە جێگای ئەوانەوە ناتوانین گلەییان لێ بکەین و ناتوانین رێگایان لێ بگرین، کاتێ دەتوانین (خطوات عملی)بەکار بهێنین ئەگەر ئەم شتانەمان بۆ جێبەجێ بکرێت، یەکەم چارەسەرێکی سیاسی کێشەکە، تا ئەوە نەبێ ئەم

بارە هەر بەردەوام دەبێت، بۆیە داوامان لە ئێوە ئەوەیە کە گیروگرفتیان چارەسەر بکەن، بە پێی یاسای خۆتان بە پێی یاسای نەتەوەیی، قەزیەکەیان زوو چارەسەر بکەن، (لجوء)یان پێبدەن و هاوکاریان بکەن، تەبعەن ئێمە لە هەموو شوێنێک باسی ئەوەمان کردووە.
باسی ئافرەتان و پرۆسەی ئاشتی باسی ئەو هەنگاوانەمان کردووە کە پەرلەمان جێبەجێی کردووە، ئەو بڕیارانەی کە گۆڕیومانن و، روونمان کردۆتەوە کە ئێمە ولاتێکی ئەوروپی نین و داب و نەریتی خۆمان هەیە، مێژووی خۆمان هەیە، کۆمەڵگای ئێمە جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەوروپا، ئەو مەقایسەی لەسەر خۆتانی دادەنێن نابێت لەسەر ئێمەی دابنێن، واقعیش نیە، لای ئێمە شەرت ئەوەیە کە یاسا وگۆڕانکاری یاسا لە ئاستێکی وا بێت جێبەجێ بکرێت، کە لەگەڵ داب ونەریتی ئێمەدا بگونجێ، کە میللەتەکە خۆی پێی رازی بێت و جێبەجێی بکات، نەک بەزۆری.
تەبیعی یەکێک لەو بابەتانەی کە ئیهتمامی پێدەدەن ئەوەیە باری عیراق ئەم کاتە تەسریحاتێکی زۆر هەیە کە عیراق لێی دەدرێت چ ئەمرۆ یان سبەی، تەسریحاتی سەرۆکی ئەمریکی و ئەمریکیەکان زۆر بە توندی بوون بەرامبەر بە عیراق، ئەو کاتە باسی سێگۆشەی تیرۆریان دەکرد کە بریتی بوو لە عیراق و ئەفغانستان و ئێران، لەبەر ئەوە خۆی لە خۆیدا هاندەرێک بوو کە زیاتر ئیهتیمام بە وەفدەکەی ئێمە بدەن، چونکە موهتەم بوون بە باری عیراق چی ئەبێت و چی نابێت؟ بەتایبەتی بەرژەوەندی هەموو ئەوروپا، هەموو کەسێک دەزانێ کە کلیلی عیراق ئەمرۆ کوردستانە، کوردستان کە تاقی کردنەوەیەکی دیموکراتی تێدا هەیە، لەوانەیە سبەی کە کوردستان ئازاد ئەبێ بتوانن جموجۆڵ بنوێنی و، دوازدە ساڵە کە تاقە کۆمەڵەی (معارضە)یە کە لەناو ولاتی خۆیەتی دەسەلاتی هەیەو توانای هەیە و چەکداریشی هەیە، ئەوە هەموو هۆیە بۆ ئەوەی کە وا بکەن کە هەموو(جیهاتی رسمی) زۆر ئیهتیمام بە وفدەکەی ئێمە بدەن، لەو بارەشەوە زۆر پرسیار بکەن کە کورد چی هەیە و ئەمریکا بەتەمای چیە؟ ئەو پرسیارانەیان زۆر ئەپرسی، لەراستیدا ئێمە هیچ زانیاریەکی کۆنکریتمان نەبوو ئێستاش کەس هیچ زانیاریەکی کۆنکریتی نییە، چونکە لە تەسریحاتەکە زیاتر نییە، کە لە دەنگو باسدا گوێ بیست ئەبین، بەلام لە هەمان کاتدا ئەو تەئکیدە هەیە کە بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی کە ئەوانە حەز دەکەن بگۆڕێن و شکلی نیزام لە عیرقدا بگۆڕێ.
ئێمە ئەوانەمان بۆ روونکردنەوە لە هەمان کاتدا باسی ئەو خالانەمان بۆ ئەکردن کە ئێمە لە لای خۆمان دوو شت زۆر گرنگە بە پلەی یەکەم لە حالەتێکا هاندەر بێت بۆ ئێمە کە شتێ بکەین، یەکەم ئێمە هەر شتێک بکرێ بە لایەنی دیموکراتیەت بە بەرژەوەندی میللەتی خۆمانی دەزانین، ئەگەر شتێک هەبێت وەکو هەموو جارێک نەبێت لێیدەن و پاش ماوەیەک وازبهێنن و دووبارە لێی بدەنەوە، ئەوە موشەجیع نییە کەس بیرێکی جیددی لە بابەتەکە بکاتەوە، دووهەمیش کورد خۆی چی دەست ئەکەوێ ئێمە کە داخلی ئیشێک بین و یا کارێک بکەین و بۆ لایەنێک دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بارەکەمان ئەگەر لە ئێستا چاکتر نەبێت و وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەمە زۆر زۆر

گرنگە بە نیسبەت ئێمە و بەتایبەتی بە نیسبەتی چارەسەری سیاسی کێشەکەمان و من وای بۆ دەچم کە ئیعتراف بە مەسەلەی کوردایەتیەکەمانەوە بکەن، پشتگیریمان بکەن لە مەسەلەی فیدرالیەتدا ئەو کاتە کورد هاوکار و پشتگیری دیموکراتیەت دەبێ، خالێکی تری زۆر گرنگ باسمان کرد بێ مەسەلەی وەزعی ئێستا بوو، سالی پار ئەمەریکا گوتی ئیتر کورد حازرە و ئەتوانێ فەورەن دەست بداتە چەک و ئیشی خۆی بکات، تەبیعی ئەوە موستەلزەماتێکی زۆری دەوێت، یەکێک لەو موستەلزەماتە ئەوەیە، ئەگەر حیمایەتەکە بەهێز ترو بەتوانا تر بکرێت، چونکە لە راستیدا مەترسییەکە لەسەر مەرکەزی شارەکانمانە، لەسەر ملیۆنەها خەڵکە، ئەگەر هەر خەتوەیەک بکرێت حیساب نەکرا بێ، لەوانەیە ئێمە ژیانی ئەو ملیۆنەها خەڵکە بخەینە مەترسییەیەکی زۆر گەورەوە، ئەمە خالێکە.

خالێکی تر نا لەباری مەسەلەی مەعیشی و ئیدارییە، ئەگەر شەڕ بێت لە دژی عێراق، واتا شەڕێکی گەورە بکەوێتە ناو عێراقەوە، چ کوردستان، چ عێراق هەمووی بەگشتی، بەسەراحەت مەسەلەیەک هەیە کە زەرەرێکی راستەوخۆ لەو خەڵکە دەدات، بۆ نموونە، یەکێک لەوانە مەسەلەی خۆراک، خۆراک بەپێی بڕیاری(٩٨٦)، هەر مالێک بەشێک خۆراکی خۆی هەیە مانگانە و دابەش دەکرێت، ئەمە باری مەعیشی ئەم خەڵکەی ئاسان کردووە، بەلام خەلەلی ئەم بابەتە لەم بارەیەوە ئەوەیە مانگانە لە کوردستان دابەش دەکرێت، ئەو خۆراکە لە کوردستان خەزن ناکرێت، کە خەزن نەکرێت لە کەرکوک و موسڵ خەزن دەکرێت و، هەردەم بەشی مانگێکت دێتە کوردستان، ئەگەر ئەوە ببڕێت لەحالەتی شەڕدا، بەتەئکید ئەوە دەبڕێت، لە کەرکوک و موسڵەوە هیچ نایەتە کوردستان، ئەوە زەرەرێکی راستەوخۆ بە هەر مالێکی کورد دەگەیەنێت لە ناحیەی مەعیشەت و خۆراکەوە، دەرمانیش هەمان شتە، سووتەمەنیش هەمان شتە، بێجگە لەوەش واردی ئەساسی حکومەتی هەرێم و، هەرێم بەگشتی، واردی رەقم یەک واردەکەی ئیبراهیم خەلیلە، ئەو گومرگەیە کە لەسەر نەوت، واتا بەشە نەوت لە نێوان عێراق و تورکیایە، هەر وەختێکیش بوو بە شەڕ ئەو رێگایەش دەوەستێت، ئەو وەختە زۆر بە زەحمەت، یان هەر ناتوانین مووچەی فەرمانبەرانمان و پزیشکمان و ئەندازیارمان و مامۆستایانمان و خەڵکانی تر بدەین، مەسەلەی خزمەتگوزاری(خدمات) زۆر دوا دەکەوێت، پێش بینی ئەو شتانە هەمووی بکرێت، مەسەلەی گرنگن بە نیسبەت ئێمەوە.

دەربارەی باسی کوردستانی تورکیا و پەکەکە کرا، ئێمە بەئاشکرا رای خۆمان دەربارەی پەکەکە دەردەبڕی، پەکەکە بەنیسبەت ئێمەوە حزبێکی تیرۆرستیە، ئەو زەرەرەی ئێمە لە کوردستانی عێراقەوە لە پەکەکە دیتومانە تەقریبەن لە هیچ لایەنێکی ترمان نەدیووە، مەگەر لە دوژمنە گەورەکەمان، ئەویش دوژمنە ئاشکرایە و حیسابێکی ترە بە ئاشکرایی ئیشی خۆی دەکات، ئەوی تر تا ئێستا شەڕی دژی هەرێم کردووە، خەڵکی بێ گوناهی کوشتووە، نەیهێشتووە دێهاتمان ئاوەدان بکەینەوە، کێشەیەکی گەورەی بۆ ئێمە دروست کردووە، جهودی بە تایبەتی سەرف کردووە

کە ئەم تاقی کردنەوەیە ناجیح نەبێ، فاشل بێت لەسەر هەموو موستەوایەک و بەردەوامیشە لەسەر ئەو سیاسەتە، ئەگەر بهاتبایە پەکەکە لە شوێنێکی تر ئیشی خۆی بکردبایە لە کوردستانی عێراقی نەکردبایە، هیچ حەقمان نەدەبوو بەسەریاندا، بەس ئێمە رازی نین لە کوردستانی عێراق ئەم ئیشانە بکات، بۆیە سیاسەتمان بەرامبەر بە پەکەکە وازیحە و سابتە و لە هەر شوێنێکی کوردستانی عێراقدا، ئەگەر ویستیان شتێک بکەن ئێمە بەرەنگاری دەبین و دژی ئەوە دەوەستین.

بەنیسبەت تورکیاشەوە، ئێمە موهتەمین بەوەی پەیوەندیەکی تەبیعیمان هەبێت، هەموو درێژایی سنوری تورکیا لەگەڵ عێراق لە کوردستاندا هەیە، لەبەر ئەوە پەیوەندی راستەوخۆ تەنیا لە رێگای کوردستانەوە هەبێت ئەمە یەکیان.

دووەم: مەعبەری رەسمی سنور تەنیا لە تورکیاوە دێت، کە تاکە پەنجەرەی رەسمییە بۆ دەرەوە بەنیسبەت کوردەوە، مێژوویەکی دوور و درێژی موشتەرەکمان هەیە، لەدواییدا بەشێکیشە لە حیمایە لەسەر مەنتیقەکەمان، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە موهتەمین و پەیوەندیەکی باش و چاکمان هەبێت لەگەڵیاندا و، مەفروزیشە تورکیا بە هەمان چاو سەیری ئێمە بکات، مەترسی نەوتە، چونکە دیموکراتی ئێمە نەبێت، ئەم تەجروبە دیموکراتییەی ئێمە زەرەری بۆ ئەوان نیە، بە پێچەوانەوە، دەبێتە عامیلێکی سەربەخۆ لە مەنتیقەکە، ئەو رۆژەش هاتووە، حەقیقەت دەوڵەتانی دراوسێمان حیسابی ئەوە بکەن کە ئەم میللەتە بە حەقی بگات، بە ئامانجی خۆی بگات، ئەویش وەکو میللەتانی دونیا بتوانێت مەسیری خۆی بگرێت بەدەستیەوە، ئەمە ئەو قسانە بوو کە ئێمە دەمان کرد بە گشتی، تەبیعی ئەنجامەکانی سەفەرەکەش بەحەقیقەت ئەنجامی دیار بوو.

١ـ ئەو دیتنانە لەسەر موستەوای خۆی ئیعتیرافێکی وازیحە بە پەرلەمانی کوردستان و پشتگیریەکی تەواوە لە پەرلەمانی کوردستان و لە تەجروبە دیموکراتیەکە و لە گەلی کوردستان لە شوێنێکی وا نا لە شوێنێک کە ئەمرۆ بە یەکێک لە مەراکیزی ئەساسی بریاردەری جیهان دادەنرێت، وەکو بەریتانیا وەکو هەر وڵاتێکی تر نیە مەسەلە ئەوە هەر چەندە وڵاتانی تر گرنگن، بۆ نموونە ئیسپانیایە یان ئیتالیایە، بەس بەنیسبەت وڵاتی ئێمەوە، بەنیسبەت سیاسەتی جیهانی بەریتانیا دەورێکی هەرە ئاساسی دەبینێت لە بابەتەکە و بێ حیساب نیە، یەعنی سەرۆکی پەرلەمانی بەریتانی بێت و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ببینێت و لە پەرلەمان داو پێشوازی رەسمی لێ بکات، هەروەها لایەنەکانی تر.

٢ـ ئێمە توانیمان لەو سەفەرە راو بۆچوونی گەلی کوردستان بەبێ پێچ و پەنا بگەینین بەو لایەنانەی کە دیومانن، داخوازیەکانمان چییە، مەترسیەکانمان چین، چیمان دەوێت، ئەمانەمان هەموو پێگەیاندوون، پشت بەستنە لەسەر بریاری پەرلەمانی کوردستان، هەروەها بەشداریەکی دیارمان کردووە لە دامەزراندنی هەردوو گروپ لە پەرلەمان، یەکیان لە پەرلەمانی بەریتانیا ئەوی تریش لەنێوان هەردوو دەزگا پەرلەمان و مەجلسی لۆردات. بۆ نموونە ئەو لیژنە پەرلەمانیەی کە

بەرگری لە گەلی کوردستان دەکات، پێکهاتووە لە هەموو حزبەکانی ناو پەرلەمانی بەریتانی، هەروەها لیژنەی دۆستایەتی گەلی بەریتانیا و گەلی کورد بەگشتی، کە شەخسییاتێکی دیار و ناسراوی بەریتانیای تێدایە، ئەم لیژنەیە گرنگە، هیوادارین لە ئایندە دەورێکی باش و ئاشکرا ببینێت لە پشتگیری کردن لە کێشەی کورد و پشتگیری کردن لەم تەجرووبە دیموکراتیەی کە هەمانە.

هەروەها لەم سەفەرەدا پێمان وایە دیفاعێکی باشمان لە کۆچبەرەکان کردبێ، ئەوانەی لە دەرەوەن و گیروگرفتیان هەیە، مەوقفی خۆمان بە ئاشکرایی دەربڕی، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کێشەی ئەوانە چارەسەر بکرێت، کێشەکانیان کۆتایی پێ بێت و، بە چاوێکی ئاسانیی سەیری کێشەکەیان بکەن و ئاسانکاریان بۆ بکەن، لە راستیدا ئێمە تەسەور دەکەین، ئەگەر رێگا هەبێت بۆ ناو هەرێم و، هاتن بۆ کوردستان خەڵکێکی زۆری پەرلەمان حەز دەکەن بێن بۆ کوردستان، خەڵکانێکی زۆر مەسئوولن و لەم وڵاتانەی ئەوروپا هەمووی بە گشتی پێیان خۆشە بێن بۆ کوردستان سەیری وەزعەکە بکەن، بە تەئکید ئەو هاتنی خەڵکە بۆ ئێرە تەئسیرێکی زۆر گەورەی هەیە، جیاوازیەکی زۆر گەورەی هەیە ئەگەر یەکێک بێتە کوردستان لە شورفەی میوانانی پەرلەمان دابنیشێ و سەیری پەرلەمانی کوردستان بکات، چۆن گفتوگۆی تێدا دەکرێت و سەیری وەزعی پەرلەمان بکات و سەیری وەزعی حکومەتی هەرێم بکات و بەگشتی سەیری کوردستان بکات ئەوە فیکرەیەکی تری دەبێت، لە حەقیقەتدا کە دەچێتەوە دیفاعێکی چاک لە کێشەی کورد دەکات، عەمەلیەن هەوڵێکی باشیش دەدات بۆ ناساندنی کێشەکەمان، ئەمە بە کورتی باسی سەفەرەکە و ئەنجامەکانی بوو، ئەگەر هەر پرسیارێکتان هەبێت ئامادەم وەڵامی بدەمەوە، زۆر سوپاس.

ناوەکان دەخوێنمەوە ئەوەی ناوی نەنوسراوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە:

١ ـ کاک قاسم محمد قاسم (د. رزگار)
٢ ـ کاک سەرتیب محمد حسین (سیروان کاکەیی)
٣ ـ کاک فاضل رؤوف
٤ ـ کاک ابراهیم سعید محمد
٥ ـ کاک حمە علی توفیق میرزا فتاح
٦ ـ کاک د. ناصح غفور رمضان

جا تکام وایە پرسیاریشمان لێ بکەن، پرسیارەکان وازیح بن و راستەوخۆ داخیلی پرسیارەکان بن، باشە کاک د. رزگار، فەرموو کاک د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گەشت و سەردان و پێشوازی کردنی بەڕێزتان بەرەسمی و ئامادە بوونتان لە دانیشتنە

رەسمیەکانی پەرلەمانەکان و لە هۆڵی شەرەف، بێگومان سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ گەلی کوردستان بە گشتی و سیاسەتی حەکیمانە و واقیعانەی سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانەکانمانە لە هەرێم، چونکە خەم خۆرن بۆ پاراستن و مانەوەی ئەم شەرعییەتە لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم خۆی ئەنوێنێ، درێژەپێدان بە خول و دانیشتن و چالاکیەکانی ناوخۆی پەرلەمان و دەرەوە بووە هۆی ئەوەی کەوا پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانەکانمان و پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی ناو کوردستان شانازی بەوەوە بکەن کەوا توانیویانە ئەم ئەزموونە و بەتایبەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بپارێزن و درێژە بە شەرعیەت بدەن، بۆیە بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی گەرم لە گەلی کوردستان بە گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانان و سەرۆک مەسعود بارزانی و پەرلەمان و سەرۆکی پەرلەمان و یەکە یەکە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە گەورەیە، کە جەنابتان توانیوتانە دەورێکی خۆتان لەگەڵ ئەو یاوەرانە بەرێزانەی کە لەگەڵتاندا بوونە دەوری باش ببینن بۆ ناساندنی ئەزموونەکەمان و ئاستی ئەم ئەزموونەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە و، هەروەها گەیاندنی راو بۆچوونەکانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم بەو لایەنە پەیوەندارانە، بۆیە بەخێر بێنەوە بۆ ئەو کوردستانەی کە جێی ئومێد و شانازی هەموو نەتەوەی کورد و هەر کوردستانییەکە، من دوو پێشنیارم هەیە:

یەکەمیان: پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم درێژە بەم چالاکیانە بدەن، چونکە بەراستی ئەم جۆرە چالاکی و سەردانانە دەنگدانەوەیەکی باشیان هەبوو بۆ ئەزموونەکەمان و ناوبانگی کوردیان گەیاندە ئاستێکی بەرزتر.

دووەمیان: بۆ پاراستنی ئەم دەستکەوتانە، بۆ بەدوا داچوونی ئەنجامەکانی ئەو سەردانەو پەیوەندیە گرنگانەی کە بەرێزتان دروستان کردووە لە ئەنجامی سەردانەکە، هیوادارم ئالیەتێکی گونجاو دروست بکرێت بۆ ئەم مەبەستە و لەگەڵ رێزمدا جارێکی تر بەخێر بێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

زۆر سوپاس کاک د. ناصح، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

هەرچەندە جەنابت ئیشارەتت پێدا، بەس لێرە حەز دەکەین پرسیارەکە دەوڵەمەنتری بکەین، پرسیاری من بۆ جەنابت ئەوەیە لەسەر مەسەلەی حەساری هەر شەش مانگ جارێک نوێ دەکرێتەوە، واتا پاراستنی هەرێم لەو شەش هەیڤا کارتێکردنێکی نێگەتفی هەیە بۆ سەر ئابووری هەرێم، جا جەنابت ئەو مەسەلەیەت لەگەڵ وان باس کرد کەوا هەر شەش مانگ بەشە ئازووقە بۆ کوردستان بێت ئەمە دەبێتە رێگەرێک بۆسەرمایەداری نەتەوەی کورد و کارتێکردنێکی سلبی هەیە بۆ سەر هەرێم، جا تۆ ئەو مەوزوعەت وەکو ئەندامێکی دائیمی کاروباری ئاسایشی (مجلس

الامن) لەگەڵ ئەوانت بەحس کرد، کە ڕێگەیەک هەبێت بۆ سەرمایەداری بێت بۆ هەرێم، ئەوە یەک.

٢ ـ ئەو حیسارەی لەسەر ئێمەیە وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا کە وتت هیچ دەستی ئێمە لەو مەسەلەیەدا نیە، ئایا چ تەقدیر دەکرێت بۆ ئەو مەسەلەیە بۆ هاتنی هەندێ مەکائین و هەندێ شتی تر، جەنابت لەگەڵ ئەوان باست کرد کە هاریکاریمان لەگەڵدا بکەن، هەروەها جەنابت ئیشارەتت بە مەسەلەی سنوری دەرباز بوون تا پشتی سەر هەڵدانی چەند ساڵە تورکیا ئەگەر دەرگایەکی سەرەکی بێت بۆ دەرەوە، واتە هاتوچۆ بێت بۆ نەفەری ئێمە، ئەوانیش گەلێک ئیجرائاتی قاسی بەکار دێن، ئەوانە هەمووی ئیهانەیە، ئەگەر جەنابت (اطلاع)ێکت لەسەر کرد بێت، هەتا ئەو کادیری ئێمە ڕۆژانە ئیهانەی پێ دەکرێت، تەحکومی پێ دەکرێت ئەوە بێت و ئەوە بچێت، جەنابت ئەو مەوزوعەت لەگەڵ بەریتانیا بەحس کرد کە بە حوکمی پەیوندی مێژوویی یان بە حوکمی پەیوەندی دیبلوماسی و ئابووری وەکو مەجموعەیەکی ئەوروپی، جەنابت لەگەڵ ئەوان باست کرد کە چۆن ئاسانکاری دەبێت، وەکو جیران لەگەڵ ئێمە بژین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک د. رزگار،بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە سەفەرەکەی جەنابتان سەفەرێکی گرنگ بووە لەسەر رۆشنایی ئەو تەوزیحاتەی کە جەنابتان داتان، بەلای من زیاتر تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئاستەکانی دیبلۆماسی و سیاسی و ئیعلامی، ئەو سێ تەوەرە زۆر گرنگن، حەتمەن ئەو جۆرە پێشوازیە پێشوە چوونێکە لە دیبلۆماسی کوردیە، دەست خۆشی لە جەنابتان دەکەم بۆ ئەم سەفەرە و، هەروەها ناحیەی سیاسیشی تێدایە کە جەنابتان باست کرد، ئەو ئەجندەی کورد و بۆچوونەکانی کورد و مەسەلەی فیدرالیزم و دید و بۆچوونمان بۆ دیموکراتیەت و مافی ئافرەت و کێشەی ئاوارەکان و ئەو شتانەی کە هەمووی جەنابت باست کرد و خستە روو و، ئەو لایەنە ئیعلامیەی کە لێی کەوتۆتەوە دیار بوو میدیەکان زۆر بایەخێکی گەورەیان پێدا، من تەنها لەسەر ئاستە سیاسیەکەی، حەزم کرد بزانم دید و بۆچوونی بەرپرسانی بەریتانی وەکو شەریکێک لەگەڵ ئەمریکا لەم ناوچەیە، ناوچەی دژە پەرین و مەنتیقەی ئارامیان دروست کردووە، دیدو بۆچوونی بەریتانیەکان لەسەر بۆچوونی کورد و ئایندەی ناوچەکە و چ بۆچوونێکیان خستەڕوو ئەوەی کە جەنابت لێی گەیشتووی لە بۆچوونەکانیان سەبارەت بەو شتانەی کە جەنابتان بۆتان باس کردن، بەنیسبەت ناوچەکە و بەتایبەتی ئەو وەزعە ناسکەی کە ئێستا ناوچەکە پێیدا تێ دەپەڕێ و، ئەو پرۆسەیەی کە لە ئارادایە مەسەلەی لێدان و لێنەدان و چەندی لە ئەجندەی ئێمە تێگەیشتوون، چ دیدو بۆچوونێکیان هەیە سەبارەت بە

بۆچوونەکانی ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

یەعنی مەخسەدت بۆچوونی بەریتانیایە بەرامبەر بە ناوچەکەزۆر سوپاس کاک سیروان کاکەیی، بەڕێز کاک فاضل رؤوف فەرموو.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

بەڕاستی گەشتەکەی بەڕێزتان بۆ دەرەوە زۆر پیرۆز و گەورە و بە کەڵک بوو، لەگەڵ ئەوەی بەڕێزتان باسی ئەو پێشوازیە گەرمەتان کرد لە لایەن نوێنەرانی پەرلەمان و حکومەت و حزبەکانی ئەوێ کە کرا، ئێمەش وەکو برایانی بەڕێزم ئەندامانی پەرلەمانی ئێرە کاک د. ئیدریس و کاک فرحان ئاغا بەشداریمان کرد لە دوو کۆبوونەوەو کۆڕی ئەوێ، کە بەتایبەتی ئەو رۆژەی لەگەڵ پەرلەمانتاری بەریتانی بوو، ئەوەی کە بەڕێزتان باستان کرد، زۆر بە دوور و درێژی و بە روونی باسی مەسەلەی عێراق و کێشەی کورد کرا بەتایبەتی، بەڕێزتان روون کردنەوەیەکی باشتان کرد، ئەوانیش روونکردنەوەی باشیان کرد، بەڵام من لێرە تێبینیەکەم هەیە لەسەر بەشی راگەیاندنی خۆمان، راستە رۆژانە ئیشارەتێکی پێ دەدراو باسێکیشی دەکرد، بەڵام باسەکەیان و روون کردنەوەکەیان وەکو پێویست نەبوو، چونکە لەو دوو کۆبوونەوەی کە تێدا بووین، جەنابتان روونکردنەوەی باشتان کرد زۆر بە دوور و درێژی، هەتا لەسەر ئایندەی عێراقیش قسە کرا، ئەگەر ئەوانە لە کاتی خۆی بخرابانە سەر تەسجیل، بەرێکوپێکی رەوانە بکرابا و رۆژانە گواسترا بانەوە، هەڵبەتە شتێکی بەکەڵک و چاک دەبوو، بۆیە ئەگەر ئێمە داوا بکەینەوە هەموو کاتێک لەو سەفەرانەی بەڕێزتان یان سەفەرەکانی برایانی بەڕێزی تر ئیعلام لەکاتی خۆی گرنگیەکی پێ بدات ئەو باسانە بە وردی باس بکات، هەڵبەتە شتێکی چاکە و ئەمە داوایەکمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەفەرەی بەڕێزتان وەکو نامیلکەیەک پەخش بکرێت، زۆر زۆر شتێکی چاکە و بەسوودە، لەگەڵ رێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

زۆر سوپاس کاک فاضل رؤوف، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

بەڕاستی ئەو پێشوازیا گەرمی کە لە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان کرا، پێشی سەفەری جەنابی وی، سەفەری جەنابی سەرۆکی حکومەتیش ، ئەو تەئکیدە رەسمیەی لە لایەن ئەو دەوڵەتە بەردەوامی بدەنە دەعمی هەرێمی کوردستانێ، دەلالەتی ئەوە دەدات کە دیبلۆماسیەتی کوردی سەرکەوت و

ئەرکی خۆی بەجێ هێنا و، توانیویێتی زیاتر پەیوەندی خۆی لەگەڵ خێزانی نێو دەوڵەتی بەهێز تر بکات، پرسیاری من ئەوەیە:

١ ـ بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن، بەڕاستی ماوەی وجودی جەنابت لەو شوێنانە بە تەسەوری من کاتی کۆمیتەیەک بۆ پەرلەمانی بەریتانیا دروست کرا بۆ موسانەدەی میللەتی کورد، ئەگەر جەنابت بۆ ئێمە باسی ئەو کۆمیتەیە بکەی، چونکە بەڕاستی ئەوە دەستکەوتنێکی گەلێک مەزنە بۆ میللەتی کورد.

٢ ـ هەرچەندە رەنگە د. رزگار کردبی، ئەو بیرو بۆچوونەی جەنابت وەکو قیادەیەکی کورد عەرزی جیهاتی بەریتانیت کرد، وەڵامی ئەوان چیە بۆ ئایندەی سیاسی ئێمە، من دائیم پرسیار لە فیکرم دا هەبوو دەبینم دەرفەتێک هەبێت تاکو باسی بکەم، ئەگەر تەماشای دەوڵەتان بکەین، دەبینین هەموویان نوێنەرێکیان هەیە ئەویش سەفارەتە لەو دەوڵەتانە، واتا نوێنەرایەتی بەشێوەی سەفارەت دروست دەبێت، کەچی تەماشای وەزعی ئێمە دەکەیت، دەبینین دوو جیهەت هەنە نوێنەری حکومەتیش هەیە، نوێنەری حزبیش هەیە، ئایا باشتر نیە ئەگەر بە تەنها نوێنەر لە لای حکومەت بێت و هەندێکیش هی جیهەت بێت، لەوانەیە دوو جیهەتەکە هەر یەکێ بە شێوەیەک عەرزی کێشەی خۆی بکات، یەعنی وەکو دەوڵەتا، دەزانن سەفارەت قەبوڵ ناکات، بەس وەکو نوێنەری حکومەت بۆ ئەوانیش ئەمرەکە ببێتە واقیع تەعامول لەگەڵ نوێنەری حکومەتا مە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

زۆر سوپاس کاک ئیبراهیم سەعید، بەڕێز کاک حمە علی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

یەکەم پیرۆزبایی لەو سەفەرە سەرکەوتووەتان دەکەم کە بەڕاستی ئاکامێکی باشی هەبوو و، بێجگە لەو شتانەی جەنابت باست کرد بەدەست هاتی شتی باش لە سەفەرەکە، ئەمرۆ لە رۆژنامەی برایەتی دیمانەیەک لەگەڵ (تۆم کلارک) کراوە، کە سەرۆکی ئەو کۆمیتەیە لە (٤٠) ئەندامی پەرلەمانتاری بەریتانی پێکهاتووە، بەڕاستی ئەوە جێگای خۆش حاڵیە و، من وای دەزانم کە بەرهەمی سەردانەکەی جەنابتانە بۆ ئەوێ باس لە یەک دوو شت دەکات کە برادەران بۆیان هەیە بیخوێننەوە لە رۆژنامە زۆر گرنگن، یەکێ لەوانە باسی سەردانەکەیان دەکات بۆ ئێرە، جا من لێرەدا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە پێویستە بەڕاستی ئێمە بەشێوەیەکی بەرفراوان پێشوازی لەو وەفدە بکەین کە دێنە کوردستان و، بتوانین ئەوەی لە لای هەموومان هەیە بۆیان باس بکەین و ئەو شوێنانەی کە پێویستن ئەوان بیان بینن، وەکو ئەوەی جەنابت فەرمووت لە قسەکاندا کە ئێمە وەزعمان چۆنە و بە چ شێوەییێکە، دیارە بۆ خۆشیان بەپێی ئەو دیمانەیە حەزیان

لەوەیە کە ئەو شوێنانەی ببینن، ئەو کەسانە ببینن کە پەیوەستن بە چارەسەری کێشەی ئێمە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

زۆر سوپاس کاک حمه علی تۆفیق، هەندێکیان پێشنیار بوو هەندێکیان پرسیار بوو، تێبینیەکان دیراسەت دەکەین و پرسیارەکانیش وەڵام دەدەمەوە.

بەنیسبەت پێشنیارەکانی د. ناصح مەسەلەی بەردەوام بوون لەسەر ئەو جۆرە سەفەرانە، زەرووریيە و گرنگە بەردەوام بین، ئێمە لەسەر ئەو موستەوایە ئەو جۆرە سەفەرانە بکرێ و ئەو پەیوەندیانە بەهێز بکرێ کێشەکەمان ببەینە دەرەوە، بەس لەهەمان کاتیشدا دەبێت حیسابی ئەوە بکەین سەفەر هەندێ موستەلزەماتی دەوێت لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە دەعوەت کرابی و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بزانی دەچیت چی دەکەی، هەر سەفەرەکە ئەوە نیە بچیتە دەرەوە تەواو ئەمە یەکێکیان، بە تەئکید ئەو سەفەرانەی کە لە سیاسەتی عیلاقاتی گەلی کوردستان لەگەڵ دەرەوە بکەین، ئەگەر لەگەڵ ساڵانی ترا بەراوردی بکەین جیاوازیەکی زۆر گەورەی هەیە و، عیلاقاتێکی مونەزەم و ڕێکوپێک هەیە، مەخسەدم ئەم سەفەرانەی ئێمە نیە، مەخسەدم ئەو دەزگایانەی کە دروست کراون لە دەرەوە باری عیلاقات باش تەنزیم کراوە، باری دیبلۆماسی باش تەنزیم کراوە و، عەمەلیەن ئەو مەکاتیبانەی کە هەمانن ئەو هەڤاڵانەی کە لە دەرەوە ئیش دەکەن، عەمەلیەن وەکو سەفارەتێک ئیش بکەن ئێستا ئەمە لایەنێکی، لایەنەکەی تری ئەوەیە ئێمە ڕێگا لەوە ناگرین کە زەرووریيە و دەبێت خەڵکی ناوەوە بچێتە دەرێ و، باسی وەزعی و بۆچوونی تازە بکات، چونکە تەئسیری ئەوە زۆر زۆر زیاترە لەو عیلاقاتەی کە لەوێ هەیە هەندێ لایەن لەوێ ناتوانێت بکرێتە سەری، بۆیە زەرووریيە دائیمەن شەخسییاتی کوردستانی چ حزبی بێت چ حکومی بێت چ پەرلەمانی بێت لەدەرەوە بن لە دوو لاوە:

یەکەم: پەیوەندیی بەو وڵاتانەوە بکەن بە نوێنەری میللەتانەوە بکەن.

دووەم: دیتنی کوردەکانی خۆمان، پەیوندی بەهێز کردنی کوردەکانی خۆمانە، ئەویش دەورێکی ئەساسی دەبینێت، ئەگەر هەڤاڵانمان ئەوانەی کە دەچنە دەرێ پەیوەندیان پتەو بکەن لەگەڵ خەڵکەکە، خەڵکەکە ببینن و قسەیان لەگەڵ بکەن ئیتساڵیان پێوە بکەن.

تەبیعی ئالیەتی عەمەلی بە قەناعەتی من ئالیەتێکی باش دروست کراوە ئێستا، پێشخستنی ئەو ئالیەتە ئیمکانیاتی زیاتری دەوێت، ئەوە بەندە بە ئیمکانیاتەوە، بۆ نموونە تۆ دەتوانیت ئەو ئالیەتی خۆمان لە بەریتانیا پێش بخەیت، ئەگەر مەکتەبەکانمان ڕێکوپێک تر بکەیت، یەعنی فەرمانبەری زیاتر بۆ دابنێیت، بتوانێت زیاتر ئیش بکات و زیاتر ئیتساڵ بکات، بتوانێت زیاتر وەرگێران بکات فەرمانبەری زیاتری دەوێت، یەعنی پارەی زیاتری دەوێت، ئەگەر حیسابی بکەیت ئیشێک لێرە بە میقدارێ پارە دەکرێت لە دەرەوە بە بیست ئەوەندە یەعنی ئیش دەکرێت، دەبێت حیسابی ئەوە بکەین ئەرکێکی زۆرە ئەو مەسەلەیە لەسەر حکومەتی هەرێم و لەسەر بودجەی

کوردستان، بەڵام بە تەئکید لەو بارەیەوە دریغی نەکراوە، لەو کاتەی حکومەتی هەرێم دامەزراوە ئیشی مەکاتبمان هی مەکاتبی حکومی بەرەو پێش دەڕوات، هی پارتیش دەزانن وەکو پارتیەک دەتوانم بڵێم ئیشوکاری مەکاتبی پارتیش و نوێنەرانی پارتیش زۆر بەباشی و بە رێکوپێکی دەڕوات.

بەنیسبەت پەرلەمانەوە ئالیەتمان ئەوەیە، ئێمە لە حەقیقەتدا ئێستا ئیتیسالاتمان ئاسانە بە واستەی ئەنتەرنێتەوە بەواستەی ئیمێلەوە زۆر بە ئاسانی ئیتیساڵ بە هەر جیهەتێک بکەین، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوندیان هەبووە لەگەڵیان و، بە تەماینە دائیرەی ئەنتەرنێتەکەمان بەهێزتر بکەین، خەڵکی زمانەوانی زیاتر بهێنینە ناو پەرلەمانەوە، تا بتوانن ئەم ئیشانەمان بۆ بکەن، رەسائیلی ئیتیسالات و لیقائات، ئەوهاش هەوڵ دەدەین ئەو هەڤاڵانەی کە بە تایبەتی ئینگلیزی دەزانن داخیلی لیژنەی عیلاقاتی بکەین، شەرت نیە قۆناغی یەکەم بۆ چوونە دەرەوە بێ، قۆناغی یەکەم هیچ نەبێت هەندێ دەزگا زەروورییە کە لێرە دروست بکرێت بەرامبەر بەو دەزگایانەی کە لە ئەوروپا دروست دەبێت ئێستا جەمعیەتی سەداقە لە ئەوروپا دروست دەبێت، یان لیژنەیەکی پەرلەمانی گەورە دروست بووە، ئێستا بڵێین لە بەریتانیا ئێمە لیژنەمان هەبێت لێرە کە بەرامبەر بەوە رەد فعلی هەبێت یان مەعلوماتێکی بۆ بنێری یان راو بۆچوونی خۆی پێ بگەینێت و، پشتگیر بێت هاوکار بێت بۆ ئەو لیژنەیە، عادەتەن وا دەکرێت ئەو شتانە، من تەسەور دەکەم لیژنەی پەیوەندی پەرلەمان ئەگەر تەنشیتی ئیشەکە بکات دەبێت بە لیژنەیەک لە لیژنە ئەساسیەکانی پەرلەمان، شان بە شانی لیژنەی یاسایی و دارایی و لیژنەی خەدەمات، ئەو وەختە دەتوانین ئیستیفادەیەکی باش لەم رێگایەوە بکەین، وەکو باسیشم کرد، بەتایبەتی ئێستا ئیتسالات ئاسانە وەکو جاران نیە، تاکو بڵێی ئاسان تر دەبێت.

پرسیارەکانی کاک د. رزگار، لە حەقیقەتدا ئەو پرسیارانە بەشێکی ئەساسین لە ئیشی ئێمە، کە دەچینە دەرەوە چ بەناوی پەرلەمانەوە بێت یان بەناوی شتی ترەوە بێت، لای جیهاتی رەسمی ئەو کەموکوریەی کە هەمانە ئەو کێشانەی کە هەمانە، ئەو شتانەی کە پێویستمان پێیەتی بەسەراحەت تەرحی دەکەین، وەزعی دراوسێیەکانیشمان چۆنە و چۆن نیە، ئەوان چی دەتوانن بکەن بەنیسبەت ئێمەوە باشتر بێت یان چی دەکەن بەنیسبەت ئێمەوە خراپە هەر دراوسێیەک بێت ئەوانەش باس دەکەین، داوا دەکەین بەپێی ئیمکان تەئسیریان لێ بکرێت بۆ چاک کردنی ئەم بارە، تەبیعی زۆر شت هەیە، ئەگەر تێگەیشتنی تەواو هەبێت لە وەزعەکە، لەوانەیە ئەو دەوروبەرە بە جۆرێکی تر تەسروف بکەن، بەس ئەوەشمان لە بیر نەچێت هەر دەوڵەتێک خۆی ئازادە لە سیاسەتی خۆیدا لە هەڵسوکەوتی خۆیدا بەرامبەر بە کێشەی کورد و، من تەسەور ناکەم وڵاتێکی وەکو بەریتانیا بتوانێت تەئسیرێکی زۆر زۆر راستەوخۆی هەبێت لەسەر دراوسێی وەکو ئێران یان وەکو تورکیا یان وەکو سووریا، ئیلا ئەگەر بریارێکی دوەلی هەبێت، ئەویش لە ئەنجومەنی ئاسایشی گشتیەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بریاری هەبێت بەنیسبەت کێشەی

کوردەوە بلێین کورد ئیمڕۆ وای حیساب کرد کە خارجی حەسارە، راستە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە، بەس دەبێت موعامەلەی ئەوەی لەگەڵدا بکرێت لە هاتوچۆ و ئەوانە وەکو شوێنێکی ئازاد، ئەوە نەگەیشتوینە ئەوە هێشتا بەس تەبیعی ئەو شتانە ئێمە تەرحی دەکەین زۆر شت هەیە لەزۆر شوێنا باسی ئەکەین سەفەر و لقائاتی دبلۆماسی و سەفەری عیلاقات لە حەقیقەتا ممکنە بەس شکلەکەی بۆ ئیعلام بێت فلان فلانی بینی بەس شەرت نییە هەموو جار فلان چی وت و گەیشتە چی وتەرەفی موقابل چی وت بەتایبەت بەنیسبەت ولاتێکی وەکو ئێمە مانای هەموو شتێکی سەفەرەکانمان لە راستی دا بۆ راگەیاندن نییە بەو نەوعەی کە ئێستا لە پەرلەمان باسی ئەکەم کە چیمان ووتووە و چیمان کردووە، لەوانەیە نەتوانین لە راگەیاندن بەو شێوەیە باس بکەین یان ئیشی راگەیاندن نەبێت ئەمە هەموو دونیاش وا ئیش دەکات، تەبیعی ئەوە هەوڵم دا پرسیارەکەی کاک د.رزگار بە غەیرە موباشر وەلام دەمەوە موقتەنیع نییە پێی. بۆچونی بەریتانیا: پرسیارەکەی کاک سیروان کاکەیی بەرامبەر ناوچەکەو ئەو وەزعەی کە ئێمەی تیاین لە راستیدا ئەوان هەمان بۆچونی ئەمەریکایان هەیە نایشارنەوە جاری واش هەیە لەو فەترەی دواییدا تەصریحاتی زۆر توندتریشیان دا کە لە عورفی دوەلیا شتی وا نەبووە کە تهدید بە قومبەلەی زەری، شتی وا تاحەدێکیش ئەتوانین بلێین فەلتەبێ یەعنی زۆر زۆر معقولیەتی تیا نییە ولاتێکی ئەوروپی بلێ وەللە تەهدید بەوە بکات چونکە عالەم ئیستعابی ناکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئیستعابی ئەوە ناکا ئەوە مانای سیاسەتی ئەمریکی یە و، پشتگیری لە بۆش ئەکەن کە دژی ئیرهاب چی بکا، کە دنیای ئێستا دونیای پێش (۱۱)ی ئەیلول نییە ئەوان عێراق بە یەکێ لە مەراکزی ئیرهاب دادەنێن بەلام حەقیقەت چی ئەکەن بەتەواوی ئەو گۆرانکاریەی کە تیایەتی چییە تا ئێستا پرۆسەیەکی وازحیان نییە تا ئێستا خوتتەیەکی وازحیان نییە ممکینە دیراسەی بکەن لێکی بدەنەوە و ئەو ختواتانەی کە ئەشکرێ ئێستا هەمووی تەحضیریە، تەحضیریە بۆ شتێکی تر ئینجا تەبیعی لە سیاسەتی دوەلیا لە ژیانیش هەر وایە مەسەلەن ئێستا ئەمرۆ تۆ خوتەیەک دائەنێی بۆ شتێک بەس گۆرانکاریەکان کەروو ئەدەن ممکنە ئەو خوتەیەت هەموو لێ هەڵبوەشێنیتەوە بۆیە تەئکیدی ئێمە ئەوەی عیلاقەی بە ئێمەوە هەبووە ووتومانە ئێمە ئەمانەوێ ئەگەر شتێک بکرێت ئەبێ مەدروس بێ ئەبێ تا نهایەت بێت، وئەبێ بشزانین چیمان دەست دەکەوێت ئەمە شەرتە بەنیسبەت ئێمەوە لە گۆرانکاریا کە لە عێراق دەکرێ و ئەو گۆرانکاریەش بەتەئکید ئەبێ لە صالحی میللەت بێ ئەبێ لە صالحی دیموکراتیەت بێت، بەرەو دیموکراتیەتمان بەرێ نەک بەرەو دوا، ئەمە ئەو شێوەیە بوو کە ئێمە تەرحمان کرد. بەنیسبەت قەزیەی کوردی ئێمە شعورمان کرد، بەگشتی ئەو خەڵکانەی ئێمە ئەیانبینین هەتا مەسەلەی فیدرالیەتیش قەبول دەکەن، مەسەلەی فیدرالیەت لای ئەوان شتێکی تەبیعییە بەریتانیا بەریتانیای ۱۹۲۰ و ۱۹۱۳ و سیەکان و چلەکان و پەنجایەکان نییە یەعنی ئێستا شکلێکە ئەو وەختە حکومەتێکی مەرکەزی زۆر بەقوەت بوو ئەو وەختە نە سکۆتلەندا شتێکی پێ ئەکرا نە ئیرلەندا شتێکی پێ دەکرا نە وێلزیش پێی

ئەکرا کە ئەمانە هەمووی ولات و میللەتی ترن کە لەناو بەریتانیان ئێستا هەموو پەرلەمانیان هەیە هەموو حکومەتی ئیقلیمیان هەیە، سکوتلەندا هەتا عوملەی خۆی هەیە یەعنی پاوەنی سکوتلەندی هەیە باشە ئەمە راستە کە ناوی فیدرالی نییە، بەلام جەوهەرەکەی فیدرالییە، چونکە ئسلوبەکەی کە ئیشی پێ دەکەن ئەوەندە فیدرالیە و قانوونییە کە کەس تەدەخول لە سەلاحیاتی کەس ناکات کەس دەسکاری سەلاحیاتی تر ناکات کەس لە حقوقی کەس کەم ناکاتەوە ئیتر ئەوە چییە؟ ئەمە فیدرالییە ئێمەش شتێکی وامان ئەوێ، هەر لە سەرەتاوە خۆم وا تەسەور دەکەم ئەو ولاتەی خۆی فیدرالی بێت ئەو ولاتەی خۆی بەو تەوجوهە ئیش بکات هەوڵ دەدات خەڵکی تریش وابێت، لەلای ئەو ئاسانە تەقەبولی دەکات ئەمەریکا زۆر بە ئاسانی تەقەبولی فیدرالیەت دەکات هیچ گرفت نییە بەنیسبەت ئەمریکا خۆی دەزانێت، بەلام لەوانەیە لای دەوڵەتێکی وەکو فەرەنسا هەندێ زەحمەت بێت تەتەوراتێکی مەرکەزی و فدرالی تێدا نییە و حوکمی زاتی تێدا نییە لەبەر ئەوە بەعام باسی دەکات ئەو دیموکراتیەتەی دەیکات لەلای خۆی دەیکات ئەڵێ هاولاتی هەمووی یەک شتن هەمووی حەقی هەیە ببێت بە سەرۆک حکومەت ئەوەی حەقی هەیە بچێتە حەبس خانەو لەسەرەوە تا خوارەوە فەرق ناکات بەنیسبەت وان، ئەوجا بۆ ئەوەی من بڵێم لە بەریتانیا بەحەقیقەت تەوەجوهی ئەو خەڵکانەی کە دەمان بینین ئەو رەسمیاتەی کە ئەمان بینی ئەو شتانەی کە ئێمە تەرحمان دەکرد بەنیسبەت دوارۆژی عێراق و ولاتی خۆمان بەنیسبەت حقوقی کوردەوە تەفەهومیان ئەکرد، تەبیعی بۆ مەسەلەی کورد لە بەریتانیا حەل ناکرێت راستە دەورێکی گەورە دەبینێ لە چارەسەری کێشەی کورد ئەگەر پشگیری لێ بکات پشگیری تەواوی لێ بکات، بەلام کێشەی کورد لە راستیدا لە کوردستان حەل دەبێت، تەواوی کوردستان ئینجا لە عێراق پاشان دراوسێکانمان دەورێکی گەورە لە مەوزوعەکە ئەبینن، ئەمە لایەنێک تەقریبەن باسی جوابی پرسیارەکەی کاک فازل رەئوفم دایەوە مەسەلەی راگەیاندن راستە راگەیاندن بۆ نموونە ئێستا ئەم قسانە دەکەم بلاوی کەنەوە خەڵک بزانێ کە ئێمە چیمان گوتووە، بەلام ئەم قسانە هی ئەوەیە لە راگەیاندنەوە بلاوکرێتەوە، ئەتوانین ئەم قسانە لە راگەیاندنەوە بلاوکەینەوە لەوانەیە هەندێکی نەتوانین بلاوی کەینەوە لەوانەیە ئەوها بلاوی کەینەوە زەرەری لە ئیستفادەی زیاتر بێت بەلام ئەم قسانە بۆ ئەوەیە لەم شوێنانە بکرێت ئەم قسانە بۆ ئەوەیە بۆ ئەم شەخسە بکرێت بۆ ئەو لایەنە بەرپرسە بکرێت کە پەیوەندی پێوە هەیە، بەتەقدیری من راگەیاندن تەغتیەیەکی خراپی نەکرد ئەو سەفەرە باشی کرد تەبیعی ئیعلامیش ئیجتهادێکی هەیە لەوانەیە ئەوانەی ئێرە بزانن چیمان وتووە و چیمان نەوتووە بەس عەمەلیەن تەقدیرەکە بۆ ئەوانە ئەمێنێتەوە کە ئاگایان لە مەشاکلەکە نییەو تەنها راگەیاندن لە رادەی چالاکیەکە بووە یان کەمتر بووە، من خۆم شەخسی گلەییم نییە تەبیعی عادەت نییە لە سەفەری پەرلەماندا یان وەفدی پەرلەمان ناردوتە کوێ و چی پێدەکرێت وچی پێ تەسبیت دەکرێت لە دانیشتنەکانی پەرلەمان لە پرۆتۆکۆلان ئەوەی بیەوێ ئەتوانێ بیخوێنێتەوە ئەم دانیشتنەش یەکێکە لەوانە کە تەسبیت دەکرێت لە پرۆتۆکۆلەکان، سەفەرەکە بە

ڕەسمی تەسجیل دەکرێت کە چی کراوەو کێ بینراوە ئەو شتانەش گوتراوە و ئەو شتانەش کراون، پرسیارەکەی کاک ئیبراهیم سەعید تەبیعی ئەو کۆمیتەی کە لە پەرلەمانی بەریتانی دروست کراوە وەکو گوتم دوو هەیئە درووست کراوە یەکیان کۆمیتەیەکی پەرلەمانی لە پەرلەمانی بەریتانیا کە پێک دێت لە ئەندامانی پەرلەمان و کۆمیتەیەکی ڕەسمی پەرلەمانە مەجموعەیێک ئەندامە ژمارەکە زانراوە بەپێی وەزارەتی ناوخۆوە من بەتەواوی ژمارەکەم لە خەیاڵ نییە ئێستا ئەتوانم دانیشم هەمووی لێرە دروست بکەم بۆ مەبەستێکی تایبەتی ئێستا ئێمە لێرە ئەوەمان نییە، ئینجا ئەم کۆمیتەیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نەکراوە، یان لە هۆڵی پەرلەمان بڕیاری لەسەر نەدراوە، بەڵام مەجموعەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان بەپێی نزامی داخلی خۆیان ئەتوانن کۆمیتەیەک دروست بکەن بەڵام ئەم کۆمیتەیە عائدی پەرلەمانە، و سیغەیەکی ڕەسمی هەیە ئەمەش بۆ قەزیەیەکە، ئەمە ئەوەیە کە زۆر گرینگە کە جارێ ژمارەیەکی قانونی ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانی پەیداکرا بێت حازر بن ئەم ئیشە بکەن پشتگیری لە کێشەی گەلی کوردستان بکەن هەموو گەلی کوردستان بەتایبەتی هی عێراق، تەبیعی لێرە دوو شت گرینگە یەکەم ئەو عەدەدە کافیەی تیا دروست بێت. دوو ئەم لیژنەیە هەموو حزبەکانی تێدایە کە لە ئەندامانی پەرلەمانن، ئەمە دیاردەیەکی زۆر گرینگە هەموو حزبەکان کە ئەندامیان هەیە لە پەرلەمانی بەریتانیا، نوێنەرێکیان هەیە لەم لیژنەیە، تەبیعی ئەمە ئیشێکی زۆری ویستووە شتێک نییە وا بە ئاسانی کرابێت بۆ نموونە: ئەوانەی لەوێن برادەرانی پارتی کەدائیمەن لە مەوزوعەکان دەوری زۆر روون و ئاشکرایان هەبووە کە موحەریکی ئەم مەوزوعە بوون نوێنەرانی پارتی لە وێ ئەندامانی پارتی لە دەرەوە لیژنەی عیلاقاتی پارتی و نوێنەری حکومەت لەوێ هەروەها ئەم خەبات و ئیشەی کە تا ئێستا کراوە ئەوانەی لەم لیژنەن ئەوانەن کە هاتوون سەیری ئێرەیان کردووە ئەوانەن کەلێرەوە ئیتیسالیان پێ کراوە ئەوانەن کە موتابەعەی قەزیەی کوردی دەکەن ئەمانە هەمووی عاملێ بوون کە ئەو ئامادەکاریەی کردووە تا ئەم لیژنەیە دروست بێت، لەراستیدا لیژنەیەکی زۆر گرینگە و پێویستە ئێمەش لێرە پشتگیریان لێ بکەین ئیهتمامی زیاتریان پێ بدەین، زانیاری تەواویان بدەینێ چی هەیە لێرە چی نییە چی دەکرێ چی ناکرێت دەنگی خۆمانیان پێ بگەیەنین و بەرنامەیەکی باشیشیان بۆ دابنێین. کاتی سەردانمان بۆ ئەوێ، سەرۆکی لیژنەکە خۆی (تۆن کلارک)ە چەند جارێک هاتووە بۆ ئێرە تەبیعی (تۆن کلارک)یش یەکێکە لەو شەخسیەتانەی کە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیەو ئەندامی حزبی کرێکارانە ئەندامی حزبی حاکمە دەنگی دەگات بە سەرۆک وەزیران و خۆی دکتۆرە بەڵام موهتەمە بەلایەنی ڕۆشەنبیری و تەندروستی و شوێنەوار و چی دەکرێت بۆ خەڵک و مرۆڤێکە لەراستیدا لەوانەی ئەو سیاسەت مەدارانەی کە لە بەریتانیان بەراستی موحتەرەمە و مەرکەز و مەکانەتێکی دیاری هەیە، باسی موقابەلەی هینبلایەتی کرا کە لەگەڵ یانیوهین کردوویەتی برادەری خۆی کە لەوێ شێرکۆ حەبیب موقابەلەیەکی لەگەڵ کردبوو لە برایەتی بلاوکراوەتەوە، باسی لیژنەکەی بە

تەفسیلی دەکات بۆ زانیاریتان ئەگەر بیخوێننەوە خراپ نییە، تەبیعی لیژنەی دووەمیش کە کراوە بۆ نمونە لەو لیژنەیە دەوری ئێمە چی بوو لە پەرلەمانا جەلسەی ئیفتتاحی جەلسەی قەرار دان کە خەڵکەکە ئامادەن کە ئیش بۆ ئەم لیژنەیە ئامادە بکرێت، مانای ئینتزاریان کردبوو و تازە ئامادە دەبوون کە دەچنە ئەوێ ئامادە دەبن ئینجا ئەم جەلسەیە دەکەن ئەو جەلسەیە وا ئامادەکرابوو تەبیعی ئەو ئەندامانە زۆربەیان هاتن لە وەختێک هاتن کۆبوونەوەی پەرلەمان بوو لەراستیدا کۆبوونەوەی موسائەلەش بوو، موسائەلەی سەرۆکی وەزیران بوو هی حکومەت بوو لەبەر ئەوە سەیرت دەکرد زۆریان دەهاتنە ژورەوە دەیان گوت بەڵێ من ئامادەم ئیشی تیا دەکەم و ئەچۆوە دەرێ، برادەرانی ئەوێ لەوانەیە مولاحەزەی ئەوەیان کردبێ بەڵام لەهەمان جەلسەشدا کە دانیشتین باسی سیاسەتی گشتی ئەم لیژنەیەمان کرد باسی وەزعی کوردستانمان کرد باسی هەموو مەسائیلەکانمان کرد ئینجا ئەوانەی کە لەوێ دانیشتبوون هەر کەسە ئامادەیی خۆی پیشاندا کە بەرەسمی لەم لیژنەیە ئیش بکات، عەدەدی قانونیش تەواو بوو لیژنەکە ئێستا کەوتۆتە سەر ئیشی خۆی ئەوە لیژنە پەرلەمانیەکە، لیژنەیەکی ترمان پێک هێنا تەبیعی ئەمە رۆژێکی تر پاش ماوەیەکی تر سەفەرم کرد بۆ بەریتانیا چوومەوە دەرێ پاشان هاتمەوە رۆژی (٢٧)ی مانگ ئەوە جەمعیەی صەداقەی بەریتانی پێک دێت، تەبیعی ئەمەش مەجموعەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمانی تیا بوو لە قاعەیەکی تایبەت کردمان ئەم دانیشتنەی لە مەکسینولاند، بەرەسمی لە قاعەیەکی مەجلسی وزراء تەواو کرا، چەند ئەندامێکی مەکسینولاند ئامادە بوو چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەریتانی ئامادە بوو شەخسیاتی تری بەریتانی هەروەها سوحفیەکی زۆر هاتبوون، لە فەرنساوە هاتبوون لە هۆڵەنداوە هاتبوون بۆ ئەوەی بزانن ئەم جەلسەیە چی تیا دەگوترێ چی تیا ناگوترێت، لەوێ باسی چەند کەلیمەیەکی تیا خوێندرایەوە ئەندامی یەکێتیش تیایدا ئامادەبوو لە ئەسڵا قەرار بوو ئەو جەمعیەتەی صەداقەیە سەرۆکەکەی (جۆن میجەر) بێت، جۆن میجەر ببێت بە سەرۆکی ئەم جەمعیە صەداقەیە و ئامادەیی پیشان دابوو وەختی خۆی جا نازانم ئێستا گەیشتووە بەچی، بەڵام ئەساسی هەیکەلێکمان داناوە بۆ ئەو جەمعیەیە، ئەو سوحوفیيە (میدی ئۆلگا)یە فەترەیەک لێرە بوو (میدی ئۆلگا) هات بۆ کوردستان ئەوە سکرتێرەیەتی بەرەسمی ئیش و کاری جەمعیەکە دەبات بەرێوە ئیدارەی دەکات تا سەرۆکێکی بۆ دیاری دەکرێت، ئەوانەی ئەوێ هەمووی بە ئەندام ئیعتبار دەکرێن نزامێکی داخلی بۆ دەکرێت وەکو جەمعیەیەکی رەسمی ئسولی بۆ دۆستایەتی کورد و بەریتانیا، ئەم لیژنەیە پێویست بەوە دەکات چونکە لیژنەیەکی زۆر زۆر گرینگە، لیژنەیەکە کە تەنها بەکوردستانی عێراق نییە، بەڵام هەموو کورد دەگرێتەوە دەوری سەرەکی بەشێک لەم مەوزوعە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم کردویەتی لەم لیژنەیە هەر چەندە برایانی یەکێتیش ئامادەبوون لەوێ لەم جەلسەیە، جەلسەی قەراردانی دروستکردنی ئەم جەمعیەتە و ئامادەیی خۆیان پیشاندا کە ئەوانیش بەشداری تیا بکەن ئەمەش شتێکی باشە، تەبیعی شەخسیاتی تری کوردی تیا بوو (د.محمد) بۆ نمونە شەخسیاتی تری کورد کە لە

بەریتانیان ئەوانیش ئیش دەکەن لەم جەمعیەتە، گرینگ ئەوەیە ئێمەش لێرە شتێکی موقابل ئەوە دروست بکەین کۆمیتەیەک دروست بکەین کە وەکو بڵێین رەدفعلێکی بۆ دروستکردین ئەم جەمعیەتە لەویٚ کە ببێت بە هاوکاری و عیلاقەتی لەگەڵدا دروست بکەین، من تەسەور دەکەم ئەگەر لیژنەی عیلاقاتی پەرلەمان بەهێزتر بکەین ئەتوانین دەورێکی تایبەتی بدەین بە لیژنەی عیلاقاتی پەرلەمان لەم بارەیەوە، تەبیعی لە پەرلەمانی بەریتانیا حەقیقەت بەنیسبەت هاتووچۆوە ئەوانەی کە بینیمانن حەز دەکەن هاتووچۆ بۆ کوردستان ئازاد بێت، بەتایبەتی هەر کەسیٚ گوتی هاتووچۆ گرانە خەڵکێکی زۆر حەز دەکات بێت بۆ ئێرانە هەتا رەسمیەکانیش، هەتا لەو وڵاتانەی ئەوروپاش بۆ نمونە ئەڵمانیاو شوێنی تر، ئەمانە حەز ئەکەن بێن بەڵام تورکیا موافەقەیان ناداتیٚ، هەتا بە وەزارەتی خارجیەش بۆنمونە مەفروزە وەزارەتی خارجیە یان پەرلەمان هەتا سەفارەتیان لە ئەنقەرەیە رێگا نادات بێنە کوردستانەوە، ئەمە هەوڵی بۆ ئەدەین ئینجا تەئسیری چەند دەبێت ئەوە جارێک نازانم، بەتەئیکد لەویٚ چونکە مەجموعەیەک قراراتیان دابوو تورکیاش وەعدی دابوونیٚ کە بێنە کوردستان لەدواییدا فیزەکەی نەدابوونیٚ، ئەوە لەم وەختەوە خەریکی کۆبوونەوە وحەملەیەکن، حەملەیەکی موتەوەققەع بوو لە پەرلەمانی بەریتانیا کە داوا لە تورکیا بکەن کە تەسهیلاتی سەفەر بکەن بۆ کورد و خەڵکی ئەجنەبیش کە بیانەویٚ بێنە کوردستانی عێراق، ئیعتراز لەم سیاسەتە بگرن کە من لەویٚ بووم زیاتر لە چل تەوقیعیان کردبوو و هەوڵیشیان ئەدا ئەم جەماعەتە لەراستیدا ئەم مەوزوعە لە پەرلەمانی بەریتانی تەرح بکەن و ئەگەر بتوانن بریارێکی پیٚ وەربگرن، ئەوە وەڵامی پرسیارەکانتان بوو زۆر سوپاستان ئەکەم و کاتێکی زۆرم گرتن، لێرەدا کۆتایی بەم دانیشتنە دێت دانیشتنی داهاتوومان بەیانی سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانییە، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((٤))**

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٤/٤/٢٠٠٢

خولی یەکەم

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره ((٤))

## پێنج شەممە ڕێكەوتی ٤/٤/٢٠٠٢

كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٤/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە چوار)ی خولی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە چوار)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٤/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١- پێش چاوخستن وگفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژەی بڕیاری دەسەلاتدان بە بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، كە لێبوردنی تایبەت بە حوكمدراوەكان دەر بكات.

٢- بەرچاوخستنی پێک هاتەی لیژنە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن، تاڕەزامەندی ئەنجومەنی لەسەر وەربگیرێت.

٣- بەرچاوخستن و گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژەی یاسایەكی تایبەت بە حوكمەكانی یاسای سزاكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٤)خولی یەكەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عیراق دەست پێدەكەین.

بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە سێ خاڵ پێک هاتووە:

١- پێش چاوخستن وگفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژەی بڕیاری دەسەلاتدان بە بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، كە لێبوردنی تایبەت بە حوكمدراوەكان دەر بكات.

٢- بەرچاوخستنی پێک هاتەی لیژنە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن، تاڕەزامەندی ئەنجومەنی لەسەر وەربگیرێت.

٣- بەرچاوخستن و گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژەی یاسایەكی تایبەت بە حوكمەكانی یاسای سزاكان.

بۆ ئەم مەبەستە تكا لە ئەندامێكی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەكەم بفەرموێت بۆ سەر مونەصەكە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

بسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار :ـ

تأريخ القرار :ـ

قرار

استناداً الى أحكام الفقره (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل و بناءً على ما عرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء .

قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ اصدار القرار الآتي :ـ

اولاً :ـ يخول رئيس مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار العفو الخاص عن المحكومين في الاقليم .

ثانياً :ـ يخول رئيس مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار بايقاف التعقيبات القانونية و غلق الاوراق التحقيقية بحق المتهمين في مراحل التحقيق و المحاكمة و اخلاء سبيلهم .

ثالثاً :ـ لا يستفيد المحكومون و المتهمون من قرار العفو لأكثر من مرة واحدة .

رابعاً :ـ لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار .

خامساً :ـ على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار .

سادساً :ـ ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ صدوره و ينشر في جريدة وقائع كوردستان .

د . روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ڕەئی لیژنەی یاسایی لەسەری.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق الموقر

م/ رأي اللجنة
كتابكم المرقم (١٤) في ٢٠٠٢/٣/٢٨ إجتمعت اللجنة القانونية لدراسة ومناقشة مشروع قرار العفو الخاص وبعد قيام اللجنة بدراسته ومناقشته، قررت اللجنة بالإجماع تأييد المشروع بعد إضافة فقرة جديدة على المشروع لتكون فقرة اولاً له مع تصحيح تسلسل بقية الفقرات، راجين التفضل بالموافقة و عرض المشروع على المجلس الوطني للمناقشة وإبداء الرأي حوله:
الفقرة الاولى :- يلغى قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق الرقم (١٠) الصادر في ٢٠٠١/١٠/١٠ مع تقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە بە گشتی، بەڕێز رجب شعبان.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی مەعنا بەرین و کە پەرلەمانێ کوردستانێ بڕیارەک ئەڤ دەسەلاتە دابوو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەلکو هەتا بوو بەرژەوەندیا گشتیا بۆ سولحێت مەزن مابەینا هەردوو تەرەفا یان ئاریشەیەک بێتە ریدان، بەلکو هەتا محکەمە دێتە کرنا هەتا ئەو ببیتن وەکی ئەم بزانینش ژ ئاگر تریسکێ بەر تریفێ، ئیحتیماله هەی پشتی متابعەی پێشی تەحقیق بێتە کرن و، ڤێ مەوایدە ئاریشە ماسەر لێ بێتر لەو مەرافەرە دەسەلات بێتە دان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، کە هەم بۆ (العفوالخاص)و هەم بۆ وێ هەندێ کە ئەوراقی تەحقیق هیچ راوەستینیتن و دیبچوون و متابعەش نەبیتن و لەگەل رێز و سوپاسیا، چونکا بۆ خاترا وێیە هەندێیە کە ئاریشا ماسەر نەبیتن، کاربۆکین نەمینن مابەینا هەردوو تەرەفت سولحێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستمان بۆ تێبینی ئەوەیە ئەگەر ئیعتراز هەیە، چونکە ئەوان تەئیدی دەکەن و پرۆژەکە وازحە.
بەڕێز کاک یۆنادم یوسف کنا.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم لەسەر صیاغەکەی تێبینیم هەیە، نەک (یخول رئیس مجلس وزراء صلاحیة)، بەلکو (الرئیس مجلس وزراء صلاحیة أو یمنح صلاحیة)، بەلام رقم (٢)لەوانەیە برا قانونیەکان ئەوان زیاتر لە ئێمە شارەزا تر بن، نەوعە تەداخولەکە بەینی (سلطات)ی حکومەتی ئێمە مەبدەئی فەسلی سولتاتی هەیە، (السلطات التشریعیة، السلطات القضائیة، السلطات التنفیذیة) لێرە بەینی (سلطاتي تنفیذي و قضائي) تەداخولێک هەیە، خۆزگە برا یاساییەکان پێش من ئەم تێبینیەیان کردبایە بە شێوەیەکی صیاغە بکرێن نەک(یقضي إیقاف تام) ئەگەر بەم جۆرە بی

کەسێکی دەسەڵاتدار یان خاوەن توانا بتوانێ هەر شتێک بکات، دوایی فتوایەکی بۆ دەربچێت و ملاحەقەش ناکرێت، نەوعە شتێک صیاغە بکرێت نەک تەداخول بکرێت، چارەسەر بکرێت بەم شێوەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز کاک یۆنادم، خاڵ بەخاڵ دوایی گفتوگۆی دەکەین، بۆ هەموو کەس هەیە رەئی خۆی دەربڕێ بۆ ئەم خاڵەی هاتە پێش، ئێستا فەقەرە بە فەقەرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، تکایە پێشەکیەکەی یەکەم جار بێت، فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی فەقەرەی یەکەم بخوێنمەوە، موقتەرەحی ئێمە دەبێت یەکەم فەقەرە بێت کە دەڵێت:
یلغى قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق الرقم(١٠) الصادر في ١٠/١٠/٢٠٠١، ئینجا نازانم لەسەر ئەمە هیچ تێبینیەک هەبێت.
ئەو قەرارە تەبیعی کە دەرچوو، ئێستا ئەو پرۆژەیەی کە هاتیە رەنگە لەگەڵ قەراری پێشوو رقم(١٠) (تعارض)ی هەبیتن، ئەگەر (تعارض) هەبێت، دەبێ ئەمە ئیلغا بکرێ، ئەم قەرارە بە موستەقلی بخوێندرێتەوە و فەسڵ بکرێت، چونکە قەراری پێشوو تەقەیوداتی تێدا هەیە، ئیستسنائاتی تێدا هەیە، ئەو قەرارەی (العفو الخاص) بە موتڵەقی هاتیە لێرە تەعاروز دەکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لەلای( تعارض واحكام هذا القرار) ئەوە تەعویز ناکات؟

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە تەعویز بکاتن، بەڵام ئەگەر قەرارەک بە موستەقلی دەربچیتن ئەو قەرارە بۆ رۆژەک نییە، لەوانەیە لەگەڵ قوانین تەعارض هەبیت، بەڵام قەرار لەگەڵ قەرار تەعارزی هەبی، لەوانەیە تەداخل هەبیتن یان (سوء تفسير) دەبیتن لە لایەن جیهاتی قەزائیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش نقشبندی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو قەرارەی ئێستا ئیقرار بکرێت، ئەو قەرارەی پێشوو وجودی نامێنیت، بەکەڵک نایەت، چونکە بەحەقیقەت یەعنی شتەکە بەشەکە لەو قەرارە عامەی کە ئێستا دەردەچێت تەنیا

زیادکرنەکە بۆ ئەوەیە کە مەترسیەک هەیە دوو قەرار لەبەر دەستی محاکم نەبی، کە ئیش و کاری پێ بکەن، ئەو قەرارەی کە جەنابت فەرموت (لا يتعارض و أحكام هذا القرار) هەندێک قەزایا ئیحتیمال هەیە بەپێی قەرارە کۆنەکەی تۆزێک چوو بیتە پێش یان ئیشێکیان پێ کرد بێت، ئێستا دەتوانن تەعاموول یەکسەر بە قەرارە نوێیەکەی بکەن، لەبەر ئەوەی وجودی ئەو قەرارەی پێویست نییە، هەر لە ئەساسەوە نەمێنێت باشترە، یەکسەر قەرارەکی نوێ بێتە بەردەمیان و تەعامل لەگەڵ ئەو قەرارە بکەن و، بەرێکوپێک تر کارەکان دەڕوات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تەعقیبیان هەیە، دەستیان بەرز کەنەوە، مامۆستا مەلا تاهیر.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لە پێشدا ئێمە دوو بڕیارمان هەیە بۆ (العفو الخاص)یەکیان بڕیاری ساڵی (١٩٩٩)یە، ئەم بڕیارەش کە ئیشارەتی بۆ کرا کە ئیلغا بکرێت، کاری پێ نەکرێت، بەراستی ئەمە لە خاڵی یەکەمدا لە قەرارەکانی تردا هاتووە (القضايا التي تتم فيها المصالحة بين افرادها) ئەو قەزایانەی کەوا دوو تەرەفن، تەبعەن لەراستیدا ئەو جانبە چاوپۆش نەکرێت، ئەگەر (أسباب موجبه)شی لەگەڵدا هەبوایە، بۆ بڕیاردان لەسەر ئەسڵی بابەتەکە(على علم على بصيرة) بوونایە زۆر ڕێکوپێک تر دەبوون، ئەگەر نا ئەو قەرارەی کە ئیشارەتی بۆ ئەکەن (لايزال) محلوله بەراستی، ئەو قەزیەی کە دوو تەرەفی هەیە، عەدالەت ئەوەیە کە لە نێوان هەردوولا بە راستی موسالەحە بوو بێت، ئینجا مەحکوم بکرێت، یان موتەهەم ئەگەر تەعقیب نەکرێت بەراستی لەم کاتەی ئێمە نازانم، لەوانەیە جەنابتان دەزانن تەوزیحێکی زۆری دەوێت، ئەگەر خەڵک لێ بێ ئاگا بێت، لەگەڵ ڕێزمدا، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک جمیل عبدی سندی.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکات بڕیاری پێشو ژمارە ١٠ین ١٠/١٠/٢٠٠١ ئیلغا بکرێت، چنکو شەرتی تەصالح تیایە و زۆر کەس لێ قازانج ئەکەن یا ئەو وەکی خۆی بمێنێت و بڕیاری ئەمڕۆین عەفۆی تایبەت بابەتێکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سعید یعقوبی.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو قەرارەی یان ئەو فەقەرەی کە زیاد دەکرێت، بۆ ئەو قەرارەی مەبەستمان ئەوەیە دەسەلاتی سەرۆک وەزیران زیاتر مەجالی بدەینێ کە تەعامل بکات لەگەڵ قەزیەکە، چونکە مەبدەئێکی قانونی هەیە دەڵێت، ئەگەر دوو قەرار موتەناقیز بوون یان دوو قەرار هەبوون (أیهما یفسر لصالح المتهم) ئەو بەکار بێنن ئەویش لە بەرژەوەندی موتەهەمیە، زیاتر مەجال بداتە سەرۆک وەزیران کە نەتیجە بە قەزیەکەی بدات، لەگەڵ ڕێزمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرانە فەرموویان کە بابەتەکە وەکو خۆی بمێنێت لەبەر ئەوەی موسالەحەی تێدا هەیە، ئەو قەرارەی نوێ هەمووی شموول دەکات، چ ئەوەی موسالەحەی تێدایە و ئەوەی کە موسالەحەی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات ئەوە دابنێین کە موسالەحەی تێدا هەیە، با ئەو مەسەلە بەو شێوەیە نەمێنێ، بابەتەکە (مثبت)کراوە بۆ جەنابی سەرۆک وزیران، بابەتەکە دەچێتە بەردەمی سەرۆک وەزیران، جا چ ئەوەی موسالەحەی تێدایە و ئەوەی کە موسالەحەی تێدا نییە و، قەراری ئەخیر بۆ ئەوە، لەبەر ئەوەی بەلای من پێویست ناکات ئەو قەرارە بمێنێ، دوو قەرار لەلای حاکم بێت ،یەکێک بەناوی موسالەحە بڕوات و یەکێک بە شێوەیەکی تر، بابەتەکە لەلای وەزارەتی داد دەچێتە بەر دەمی سەرۆک وەزیران و، جەنابی سەرۆک وزیران خۆی قەراری لەسەر دەدات، بەرەئی من بابەتەکە بەم شێوەیە نییە، با بابەتەکە لێ بگەڕێن بۆ تەقدیری جەنابی سەرۆک وزیران، چونکە ئەو بابەتە بابەتێکی دەستوریە لە هەموو دەستورەکانی جیهاندا هاتووە، کە دەڵێت(العفو العام)دەدرێتە(رئاسة جمهوریة أو اعلی سلطة) ئەمەش هەموو سلطەکانمان دایتە رابەرمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، تەنیا بابەتی دەرچوونی یاسا نەبێت، ئەویش لەلای جەنابتان ماوەتەوە و، لەبەر ئەوەی ئەو عەمەلیيەن مومارەسەی دەکات، شتەکی زۆر تەبیعییە بچێتە لای ئەنجومەنی وەزیران لە جیاتی رابەر مومارەسەی دەکات، هەتا مەسائلی رابەر دێتە گۆڕێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شــــــــیــــــــروان ناصح حــــــیـــــــدری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

تەبیـــعی (العفو العام والعفـو الخاص)هەیە (العفـوالعام)بە قـانون دەبی، بەگوێرەی (قـانون العقوبات)، هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان (العفو العام) ممارسە نەکرایە ئەوەی یەک، دوو بەنسبەت (العفو خاص)لە مادده (١٥٤)لە (قانون العقوبات) هاتیە ئەویش هەتا ئێستا بە فراوانی و بە موتلەقی ممارسە نەکرایە، ئەو (العفـو الخاص)ەی کە تا ئێستا بۆ ئەوان هاتیە یان ئیستسنائی بووە یان مەسائلی موسالەحەی حەسم کردووە بەتایبەتی ئەو موسالەحەی کە وەختی خۆی لەلایەن کۆمەڵایەتیەوە حەسم دەکرا تەنها مافی گشتی تێدا دەماوە، ئەو عەفووانەی پێشتر لەبەر ئەوە هاتووە، بەڵام (العفوالخاص)بە شێوەی موتەلەقی بەگوێرەی ئەو ماددەیەی لە(قانون عقوبات)هاتیە، تا ئێستا ممارسە نەکرایە، واتە فەراغەکی قانونی هەیە بۆ ممارسە کردنی عەفووی خاص و، ئەو پرۆژەیەی کە هاتیە هەر وەکو برای بەڕێزم کاکەرەش ئیشارەتی پێدا، هەم بابەتی موسالەحەکەی چارەسەر دەکات، هەم بابەتی (العفوالخاص) چارەسەر دەکات، کە هەندێ حاڵەت دێتە پێش سەرۆکی ئەنجومەنی وزیران دەبێت دەسەڵاتی فراوان بێت بۆ ئەوەی بتوانێ حەسمی ئەو حاڵەتانە بکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس،خولاسەی ڕەئی یاساییەکان بەم شێوەیە، بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە وەربگرین پێویستە بڕیاری پێشوو لەغوو بکرێ، خاڵی یەکەم لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، تکایە خاڵی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شــــــــیــــــــروان ناصح حــــــیـــــــدری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

اولا :- يلغى قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (١٠)الصادر في ١٠/١٠/٢٠٠١.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە بەم شێوەیە خوێندرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، دوو ئەندام پەسەندی ناکەن، بەگشتی دەنگ یەکەم پەسەند کرا، تکایە دووەم.

**بەڕێز شــــــــیــــــــروان ناصح حــــــیـــــــدری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ثانيا :- يخول رئيس مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق صلاحية إصدار قرار العفوالخاص عن المحكومين في الأقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبنیان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، کەس تێبینی نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانیا ـ یخول رئیس مجلس وزراء إقلیم کوردستان العراق صلاحیة إصدار قرار العفوالخاص عن المحکومین في الأقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی دووەم پەسەند کرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثا ـ یخول رئیس مجلس وزراءإقلیم کوردستان العراق صلاحیة إصدار قرار بإقاف التعقیبات القانونیة وغلق الأوراق التحقیقیة بحق المتهمین في مراحل التحقیق والمحاکمة وإخلاء سبیلهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک یۆنادم، فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان من لە دوو لاوە سەیری دەکەم، یەکەم ئەوەیە (تداخل سلطات) بەینی سلطاتی تەنفیزی و قەزائی، ئەوە کارێکی سەلبی و خراپە بە رەئی من، کە سلطەی تەنفیزی تەداخولی ئیشی قەزا بکات، مێژووی عیراق زەمانێکە بەر لە شەست ساڵ جریمە روویدا کە تەنها وەزیری ناوەخۆ پەیوەندی کرد بوو زەختی کرد بوو کە بە پەلە تەحقیقاتەکە دەربچێت، وەزیری داد یەکسەر ئیستیقالەی خۆی دا، ئەمڕۆ بە گشتی ئیقاف و تەحقیقات و تەعقیباتی یاسایی رەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی هەیە، بەتایبەتی ئەمە یانزە ساڵە ئێمە لە زەرفێکی ئیستسنائین، دەیان جەرائم بووە یان سیاسی هەر ئیغتیالە یان هەر جۆرەکی تر بێت و، زۆر موتراکماتمان ماوە لەبەر زروفی نالەبار نەمان توانیوە حەسمی بکەین، واتە بە موعەلەقی ماوەتەوە، ئینجا ئەمڕۆ وەکو دەرگایێکە بۆ ئەو جەرائیمانە (عفا الله عما سلف) مجرمەکانیش هەر بمێنن ئازاد و، تەجرووبەکەمان بشێوێنن

و، ئەو دەرگایە بەراستی زۆر رەنگدانەوەیەکی خراپی هەیە لە دەرەوە، چەند کارەسات هەبووە تا ئێستا حەسم نەکراوە، ناڵێم قەزا کەم وکوڕی کردووە یان پۆلیس، بەڵام نەکراوە تاکو ئێستا، جا زروفی سیاسی بێت، لەم موقاطەعەیە چووتە ئەم موقاطەعەی تر یان لەو شوێنە چوویتە ئەم شوێنەی تر، ئەگەر وابێ دەرگایەک ئەکرێتەوە بۆ کوژاندنەوەی ئەم حاڵەتانە کە زۆر خراپە بە رەئی من بە شێوەیەکی تر سنوری بۆ دابنرێت، مەبەست چیە لەوە کە نەک موتڵەق بێت و عام بێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی روون کردنەوە تەنها بۆ ئەو حاڵەتانەیە کە (العفو الخاص)یان بۆ دەرئەچێ، با لیژنەی یاسایی وەڵامی تێبینیەکەت بداتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر جار زروفی سیاسی وا دەکاتن کە خەڵکانێک دەست گیر بکرێن، لە مەراحلی تەحقیق بێ یان لە مەراحلی محاکەمە بێ، ئەم زرووفە سیاسیە لەوانەیە بەلاوە دەچیتن، دەبێ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتێکی وای هەبێ کە بتوانی ئەوانە بەرەڵا بکات، ئەمە بەتایبەتی بۆ ئەم حاڵەتانەیە کە جەنابت ئیشارەتت پێدا.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاشکرایە لە لای برادەران کە کۆمەڵەک سلاحیات هەیە، جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ممارەسەی دەکات، یەکێک لەوانەیە عەفوو کردنە، تەبعەن خۆمان سلاحیەتەکەمان داوەتێ، بەلای من عەفوکردن لە سێدارەدان گەورەتر نییە لەوەی کە کابرایەک لە زەرفەکی سیاسی موعیەن وا پێویست بووە کە مولاحەقە بکرێت و، ئیجرائاتی دەرحەق بکرێ و، ئەو زەرفە سیاسیە بە لاوە دەچی یان تەقدیراتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کەسێک هەیە سیاسیە، یەعنی بەراستی ئێمە لە مەرحەلەکی ناسکدا دەژین، لەوانەیە زۆر کەس هەیە پێویستی بەوە هەیە ئێستا موعاداتی ئەو تەجروبەیەی کردیە لە کاتی موعادات کردنەکەی لەوانەیە ئیجرائاتی قانونی دەرحەق کرا بێ، ئەو ئیجرائاتە ئێستا لەمەرحەلەی تەحقیق و موحاکەمە دایە و، ئیستا ئەو مەوقیفە گۆڕاوە یان ئەو حزبە سیاسیە نەهجی گۆڕاوە، ئێستا تەئیدی تەجرووبەکە دەکات، باش نییە ئەو کابرایە ئێستا گیراوە ئیجرائاتی دەرحەق دەکەین، سەلاحیەتەک نەبی یەکێک نەتوانی ئەو کابرایە رزگار بکات، لەو میحنەتەی کە مەجموعی حزبەکەی هاتە پاڵ پشتی تەجرووبەیەک، لەبەر ئەوەی بە رەئی من ئەو مەسەلەیە زۆر ئاساییە دوایی ئێمە بۆ وای تەقدیر بکەین کە ئەوەی چوو بەکاربێنین، ئەوە ئێستا لەلای سەرۆک وەزیرانەوە خۆی دەتوانی تەقدیری حاڵەتەکە بکات، حاڵەتەکە ئەگەر

پێویست بوو بەکاری دەهێنێت و ئەگەر پێویست نەبوو بەکاری ناهێنێنت، یەعنی خەڵک بۆ وا تەسەور بکات هەموو بە فراوانی دەکرێت، شەرت نییە لەوانەیە حاڵەتێک بێ تا کۆتایی بەمەسەلەکە دێ، لەوانەیە دە حاڵەت نەبێ ئەوەی ممارسەی تێدا بکرێت، بەس زەروورییە ئەوە هەبێت، چونکە خەڵکانێک هەیە کە زەرفی سیاسی وەزعی ئەو خەڵکە وا چاوەڕوان دەکات لەو مەرحەڵەیەیی کە چاوەڕوان نەکرێت، هەتا ئەوە حوکم دەکرێت، لەوانەیە دوو ساڵی پێدەچێت تا حوکم دەدرێت بۆ ئەوەی فەقەرەی دوو بیگرێتەوە، با ئەو دەسەلاتەی بدرێتێ و بە ئاسایی بتوانێ ممارەسە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی خاڵەکی تر کە لە بیرم چوو باسی لێ بکەم ئەویش(قانونی عقوبات)ە ئێستا ئەوەی پیادە دەکرێت لە هەرێمی کوردستان ئەو قانونەیە کە لە بەغداد دەرچووە، ئەو قانونە بەراستی قانونێکی رێکوپێکە، بەلام کەم وکوڕی تێدا هەیە، هەندێ لە ماددەکانی ئەو قانونە لەسەر بنەمای دیکتاتۆریەت دامەزراوە، لەوانەیە هەندێ لە برگەکانی ئەو قانونە ئێستا بە چاوی نیزامی عیراقی جەریمە بێت، بەلام بە چاوی ئەزموونی ئێمە جەریمە نەبێ، دەبێت ئەو دەسەلاتە بدرێتە سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەی بتوانی ممارەسەی ئەو حەقە بکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، تەعقیب هەیە، فەرموو کاک یۆنادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەڵێم وازیح تر بێ، موتڵەق نەبێ، کابینەی ئێمە کە ئاخر کابینە چەسپاندنی قانونە، ئەمڕۆ موجرم هەیە بەینی مەناتقی پارتی و یەکێتی، وەکو نمونە لە شەقلاوە، هەڤاڵ و لازار دوو کادری پارتی بوون کوژراون، قەتلە و موجرمین، لە شەقام پیاسە دەکەن، حەق ئەوەیە مڵاحەقە بکرێن نەک دابخرێتەوە ئەو قەزیە، شەهیدی ناو پەرلمانمان هەیە شەهید فرانسیس یوسف شابۆ، موجرمین و پیاوکوژ تەقریبەن وازیحن بەلام ئێستا وا پیاسە دەکەن، ئەگەر وا بێ بە رەئی من زۆر سلبیە بەئیتلاق بکرێتەوە، ئەگەر وازیح بێت سیاغەکەی کە معلووم بێت مەبەستی ئەو مەسائیلانەی سیاسی و سیراعاتی سیاسی و عیلاقەی هەیە بەهەرێمی کوردستان و بە خەباتی کوردی و قەیدی چیە ئەوە بەس وازیح بێت، ئەگەر وازیح بێت زۆر باشە، بەلام ئەگەر موتڵەق بێت ئەوا بەرەئی من تەجروبەکەمان لەکەدار دەکات،جگە لە تەداخولی سلطاتی قەزائی و تەنفیزی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بۆ دەچم کە برادەران تەسەوڕیان وایە، ئەگەر قەرارەکە دەربچێت ئەو خەڵکانە مولاحەقە ناکرێن، نەخێر ئەو خەڵکانە مولاحەقە دەکرێن و ئیجرائاتیشیان لەگەڵ دەکرێت، بەجێ هێشتراوە بۆ تەقدیری جەنابی سەرۆک وەزیران، شەخسەک وزارەتی داد ڕەفعی دەکات، کە ئەو شەخسە تەعقیباتی قانونی بە حەق هەیە تکایە موافەقەت بکەن کە تەعقیباتی رابگرن، ئەو کاتە دەبێت ئەمر لە ئەنجومەنی وزیران دەربچێت ئینجا تەعقیبات رادەوەستێ، مانای ئەوە نییە، ئەو پیاوکوژو و موجریمانە لەم لاو ئەم لا پیاسە دەکەن، مانای ئەوە بێت بە قەراری ئێمە عەفوو کران، نەخێر ئەمانە بە قەراری ئێمە عەفوو ناکرێن، دەبێ سەرۆک وەزیران تەعقیباتەکە رابگرێت بە ئەمر، واتە دەبێ ئەمر دەر بکات، ئیستینادەن لەسەر ئەو قانونە ئەمر دەر بکات، ئەگەر نا ئەو تەعقیباتانە دەکرێن وا تەسەور مەکەن دەرگاکە کرایتەوە هەموو تاوانبارەکان لە مەکتەبی خۆیان پیاسە بکەن، دەبێ هەموو عەفوو بکرێ، تەعقیبات رابگیرێ بە قەراری سەرۆکی ئەنجومەنی وزیران ئینجا رادەوەستێ، ئەگەر نا تەعقیباتی لەگەڵ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەحقیقەت من وای دەبینم کە فەقەرەی دوو کیفایەتە کە عەفووی خاص وموتڵەق بێت، من دەبینم کە فەقەرەی دوو کفایەتە پێویست بە فەقەرەی تر ناکات، سوپاس.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ عەفووە بۆ بەرژەوەندی گشتیە، یەک کە دەسەڵاتی ڕێڤەبەرینە کە سەرۆکی ئەنجومەن ئەگەر بۆ هەموو حاڵاتەکی نییە بەس بۆ حاڵاتەکی زەروورییە هەبیتن کە موشکیلەکی مەزن بیتن بۆ بەرژەوەندی گشتی، بەراستی خۆ موداخلە نییە بەینی سلطەکان، بە خۆی وزیری داد خۆی بێژیتن (وبناءً علی ما عرضه وزیر العدل) لەبەر ئەوەی بێژم کە ئەم دەسەڵاتە هەبیتن باشە بۆ هەندەک حالەتێ زەرووری ، سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا مامۆستا باسی قسەکی کرد، ئەگەر ئەویش ئیزافە بکرێ (اقتراح من السلطات القضائية لرئيس الوزراء) ئەو صلاحیەتە ئەوەش زۆر باشە عیلاجی ئەکا، ئەگەر سوڵتاتی قزائی ئیقتیراح بکا ئەوە غەلق بکرێ بۆ لاحیقات بوەستێتەوە ئەوە تەبیعیە تەداخول نامینێتەوە زۆر تەبیعیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوڵتاتی قەزائی بەزەرووری زانی خۆی رایدەگرێ، سوڵتاتی قەزائی خۆی سەلاحیەتی هەیە بڵێ ئەوە پێویست ناکا تەحقیقاتی تیا بکرێ، تەحقیقی تیا ناکرێ، پێویست ناکات ببردرێ بۆ دادگا، نادرێ بەدادگا ئەوەی ناوێ، عەفوی خاص یەعنی چی، پێویست بەعەفوی خاص ناکات، فەرموو کاک د.ناصح .

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەسەڵاتە لە ئەساسدا دەسەڵاتی رابەرە دراوە پێی، باوەڕ ناکەم رابەرێک قەرارێکێ عەفو بدات یان راگرتنی تەعقیبێک بکات، ئەگەر بەرژەوەندی گشتی باڵای گەلی کوردستان لەبەرچاو نەگرێ لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی ئەم دەسەڵاتەی پێ بدرێ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک أحمد.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .**

بەڕێزان چەند تێبینیەکم هەیە:

یەکەم / نەسێکی قانونی هەیە دەڵێت ( المتهم بريء اذا لم تثبت ادانته)، ئەگەر یەکسەر لە دەوری تەحقیق ئێمە تەعقیباتی قانونیمان راگرت مەعنای وایە هێشتا ئیسبات نەبووە کابرا موتەهەمە یان بەریئە مەعنای یەکسەر دەرچووە کە موتەهەمیش بێت، بەڵام تەعقیباتی قانونیشی لەحەق وەستاوە.

دووەم/ دەبینم گونجاو نیە زۆر لەگەڵ بۆ چوونەکانی عەزیمەی دیموکراتی ئیقافی تعقیباتی قانونی لە (رهن التحقيق )تێبینی دووەم جیاوازێکی ئاشکرا هەیە لەگەڵ (مبدأ فصل السلطات) وخرقیش لەو مەبدەئە.

سێیەم/جیاوازیەک هەیە لەگەڵ مادەی (١٩٤) ی( قانون اصول المحاكمات الجزائية) ،ئەگەر

لیژنەی یاسایی ئیشارەتی پێی دابایە و، موشکلەش نیە، ئەگەر ئێمە چاوەڕوان بکەین با حوکم ببێت، حوکمەکە دەربچی دوایی ئەگەر ئیحساء بکرێت لەبڕگەی دووەم روونە و ئاشکرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

من یەک پرسیارم هەیە، حیکمەت لەوە چیە ئەگەر رابەر بیەوێ عەفوی خاص بۆ یەکێک دەر بکات سەبری لێ ئەکات تاحوکمی ئەدەن ئینجا عەفوەکەی بۆ ئەکا یا ئەوە گەیشتوەتە ئەو قەناعەتە ئەمە پێویست ئەکا عەفوی بدا؟ کە رابەر گەیشتە ئەو قەناعەتەی یەکێک عەفوو بکات مەحکوم بێت یان محکوم نەبێت فەرقەکەی چیە؟ من دەمەوێ ئەوە تێ بگەم بەس.

**بەڕێز احمد علی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موشکلەش چیە، ئەگەر چاوەڕوان بکەین دوو سێ مانگ باحوکمەکە دەربچی دوایی رابەر حەقی هەیە بە سەلاحیەتی خۆی عەفووی بکات ودەربچێ لەسجن .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جاری وا هیە تەعقیباتی قانونی درێژە ئەکێشێ جاری وا هەیە دادگا درێژە ئەکێشێ موشکیلەکە تەعقید ئەکات خۆی ئەساسی عەفوو خاصەکە بۆچی؟ عەفوو خاصەکە بۆ مەحکومێک یان موتەهەمێک عەفووی خاصی بۆ دەرئەچێ، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە یان کۆمەلایەتی یا سیاسی، تۆ ئەتەوێ چارەسەری بکەی، کە تەعقیباتی قانونی مایەوە و بەردەوام بوو، یەعنی تەعقیداتەکە هەر ئەمێنێ کە تۆ ئەتەوێ رزگارت بێ، من تەسەور ناکەم ئەو ماددەیە لەگەل ماددەکەی پێشتر موتەناقز بێ تەواوکەری ئەو ماددەیە یا هەر دووکی تەواو نیە، یان یەکەمیان تەواو بوو دووهەمیش تەواو دەبێت، ئەگەر تەعقیبی تێدا نەماوە دەیخەینە دەنگدانەوە، جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثا : يخول رئيس مجلس وزراء إقليم كوردستان العراق صلاحية اصدار قرار بإقاف التعقيبات القانونية و غلق الاوراق التحقيقية بحق المتهمين في مراحل التحقيق والمحاكمةوإخلاء سبيلهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە سێیەم پەسەند ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، تەنیا دوو ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ سێهەمینیش وەرگیرا ، چوارەم.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصح حـــیـــــدری :**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

رابعاً: لا يستفيد المحكومون والمتهمون من قرار العفو لأكثر من مرة واحدة .

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر چوارەم، فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم(د.رزگـــار):**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن .**

(للضرورة احکامها) وجەنابێ تەش کەرەمکر، ئەگەر رێبەرێ ویا حالەتەکی زەرووری پێویست هاتبوو ئەو بەندە ئەڤ قانونێ دەولەت بۆ قەیدەکی من پێشنیار دەکەم ئەو بەندە ئەسلەن نەمینیت، چونکە قانون حالەتی هەنە دێتە پێش وەهەدەف ژێ بۆ تەحقیقا عەدالەتێ بۆ تەحقیقە هێمنێ بۆ ئارامییێ لەئیقلیمی من پێشنیارێ دکەم ئەو قەیدە نەمینیت لەو قانونەدا چونکە رێبەر ئەگەر هاتوو گەیشتە قەناعەتەکی حالەتەکی پێویستە با بکات و، زۆر سوپاس .

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

جا قسەکەی من ئەوە ناگرێتەوە، من (ثالثا ورابعا) م وت ئەوە ناگرێتەوە. کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. نـاصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

ئەم برگەیەی کە هاتووە بۆ ئەوەیە بۆ ئەو کەسەیە کەوا جارێک ئیستیفادەی لەوە کرد تەشجیع نەبێ جارێکی دووەم تاوانەکە بکا لەبەر ئەوە، زۆر زەروورییە ئەوە لێرە هەبێ.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە ، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مـــحـــمـــد قـــاسم(د. رزگـــار)**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجــــومـــــەن.**

ببورە من تەعقیبی سەرئاخاوتنا کاک د. ناصح ئەکەم، نە قەسدامن تەشجیعە، بلعەکس من دەبێژم قەیدەکە پێش رێبەرێ بۆ تەنفیزا قانونی ئەگەر هاتوو زەروورە پێویستی خواست با بیکات ومن متەئەکیدم ژێ ئەگەر رێبەر نەگاتە قەناعەتەکی موتلەق واتە لە مەسلەحەت دایە، لەبەر هەندێ من پێشنیارێ دکەم ئەم فەقەرە نەمینیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفووی خاص جارێ خۆی زەروورەتەکی قوسوا ئەیدا وەقتی زەروورەتی قوسوا عەفووی خاص دەرئەچێ، هەموو دەقەیێ دەر ناچێ، دووەم کە عەفووی خاص وای لێ هات یەکێک ئیستیفادەی لێ بکات، بچێتەوە عەینی جەریمە بکا جارێکی دیکە عەفووی خاصی بۆ دەرچێ ئەوە ئەسلەن لە قانون دەرئەچێ ئەبێ بەشتێکی تر لە نیزامیش دەرئەچێ لە قانونیش دەرئەچێ و ،ئەبێ بە تەشجیع و بە هەموو شتێ بۆیە ئەبینین لێرە ئەم پرۆژەیە بەئیمزای سەرۆک وەزیران خۆی هاتووە، ئەو کەسەی کە بلێین ئەو سلاحیەتەی پێی ئەدرێ لە لایەن پەرلەمانەوە خۆی ئەیەوێ وابێ، یەعنی ئەوە سێ عامیل هەیە لەسەر یەک تەئیدی ئەوە ئەکا کە ئەو فەقەرەیە بمێنێتەوە جا تەسەور ناکەم ئەو فەقەرە تەقیید بێت بەپێچەوانەوە ئەو فەقەرە تەئکیدە لە سەر قانون و نیزام ، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە ئەیخەینە دەنگدان .

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعاً: لا يستفيد المحكومون والمتهمون من قرار العفو لأكثر من مرة واحدة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە چوارەم پەسەند ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە چوارەم پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە ، بەگشتی دەنگ چوارەم وەرگیرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

خامسا : لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی فەقەرەی یەکەمان ئیزافە کرد ئێمە وای بەباش دەزانین ئەو فەقەرە لابچێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەتان لەنوسراوەکەی خۆتان نەنوسیوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

نەخێر نەمان نوسیوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مومکینە نەسی تر هەبێ شەرت نیە، ئەو قەرارە هەبێ بەتەنیا ،جا تەسەور دەکەم مانەوەی زیاد نیە، ئەگەر مانعتان نەبێ بمێنێ وەکو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

مانع نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەم ، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە بیخەینە دەنگ دانەوە ماددەی پێنجەم، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس ، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە پێنجەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سادساً: علی مجلس الوزراء تنفیذ احکام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لە سەر ئەم ماددەیە، ئەویش نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم ماددەی شەشەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی شەشەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعا: ینفذ هذا القرار اعتباراً من تأریخ صدوره وینشر في جریدة وقائع کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، فەرمووکاک جمیل.

**بەڕێز جیمل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەراری عەفووی خاص نەدا دیسان ما ئیشارەت پێدا کورت ماوەی بۆ هەندێ حەتا هەڵبژاردنە مەرحەلەکی دوو دەکرێت نەک هەتا چەند هەیڤا دی یا ساڵەکا دی پاش شەش هەیڤا هەڵبژاردنی بێتە کرن و رابەر بێتە هەڵبژاردن ژبەر هەندێ جارەکا دێ ئەم ڤێ قرارێ ئیلغا بکەین پەرلەمان دابنیشێ هەتا قەراراتی خۆی ئیلغا بکات، لەبەر هەندێ پێشنیار دکەم سابعا گشتی بێتە خاندن(ینفذ هذا القرار اعتباراً من تأریخ صدوره ولحین اکمال المرحلة الثانیة من انتخاب قائد الحرکة التحرریة وینشر في جریدة وقائع کوردستان) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر قسەکانی کاک جمیل؟ فەرمووکاکە ڕەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە وەک لیژنەی یاسا پێویست بەو مەسەلە ناکات لەبەر چ ئیحتمالی هەیە مەرحەلەکی تر ماوەیەکی تر ئینتخابات دەکرێ و ئینتخاباتەکی گشتی دەکرێ، ئیحتمالی هەیە ئینتخاباتی پێشی نامێنێ،مومکینە خەڵکانی تێدابێ، لەبەر ئەوە تەسبیت کردنی ئەو فەقەرەی موجب نیە، یەعنی ئیحتمال هەیە ئیتجاهەکی تر وەردەگیرێ کە ئینتخاباتەکی دی گشتی دەکرێ، ئەو جارە بۆ قائیدی حەرەکەی تەحەرری کوردی، بەحەقیقەت لەبەر ئەوەی بەرای ئێمە پێویست نیە ئەو نەسە دابنرێ، وئیعتیادیە ممارەسەی دەکا هەتا ئینتخابات دەکرێ، کە ئینتخابات کرا قائید داندرا، چونکە قائید سەلاحیەتی ممارەسە کردووە، ئەوە رادەوەستێ ئەوجا چ ئینتخاباتی مەرحەلەی دووەم کرا، چ بە ئینتخاباتێکی گشتی لەبەر ئەوە با تەقییدی نەکەین بە ئینتخاباتی مەرحەلەی دووەم چۆن بڕیار درا چۆن ممارەسە کرا بەو شکلەی ئەو کاتی ئیعتیادیە شتەکە وەردەگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی تر هەیە ئاخر تێبینیە فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەرحەلەکیا ئینتخاباتی هاتینەکرن مەرحەلە دووەم کی ئکسەریەت ستاند ئەوە، مەرحەلەی یەکەم دەبێ غالبیەی موتلەق بێتن لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە زۆر زۆر تەشەبس بکەین بە ئینتخاباتی مەرحەلەی یەکەم کە کراوە مابینی چار بەڕێزان کە ئێستا دەبێتە مابینی دوو بەڕێزان کە سەتا سەتیش جەنابی سەرۆکی بارزانی دەردەچی لەبرا بۆ بلێن نەخێر راستە ئی پەرلەمان ئینتیخاباتی عام دەکرێ بەلام ئی رابەر مەرحەلەی دووەمە، ئەگەر دووبارە عامبێتن ێمکن چوار پێنج شەش خۆ تەرشیح بکات، کەس غالبیەی موتلەق وەر نەگرێتن چون دەبێت لەپەنجاو یەک کەمتر نەبێتن منافەسەکی دووان سەر دەرناچێ هەندێ کەس دەیێن ێمکن هەر مجرد بۆ ئەوەی تەوزیعی دنگەکان بیتن، لەبەروە دەبێ، ئێمە زۆر زۆر تەشەبس بکەین بە مەرحەلەی یەکەم و،حەقی پارتی دیمکراتی کوردستانەو،حەقی جەنابی بارزانیە،زۆرسوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوەی جەنابت باست کرد ئەوە تەکتیکێکی بلێن حزبیە یان سیاسیە پەیوەندی بەو یاسایە نیە، یاساکە تخویلە(یخول رئیس الوزراء ) هەر کاتێ مەرحەلەی دووەم بێ یان ئینتخاباتەکی تازە بێت رابەر هەڵبژێردرا ئەو تەخویلانە هیچی نامێنێ ئەچێتەوە بۆ رابەر یعنی تحصیل حاصل عەمەلییەن، ئەما ئەو قسانەی تۆ ئەیکەی راستە لەناحیەی سیاسیەوە لە ناحیەی حزبیەوە، بەلام پەیوەندی بەو یاسایەوە نیە، بۆیە ئەیخەینە دەنگ دانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە

ماددەی حەوتەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە بەگشتی دەنگ ماددەی حەوتەم پەسەند کرا، هەموو بڕیارەکە ئەخەمە دەنگ دانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەئەم بڕیارە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆرسوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بڕیارەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.
کاک شیروان، خالی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، بەرچاو خستنی پێکهاتەی لیژنە هەمیشەیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە بۆ وەرگرتنی ڕەزامەند لەسەری، تکا لە بەڕێز کاک فرسەت ئەکەم کە لیژنە هەمیشەیەکان وناوەکان بخوێنێتەوە، بەحەقیقەت تێبینیەک هەیە، ئێمە داوامان کردووە لە هەر ئەندامێکی بەڕێز کە سێ ڕەغبەتی خۆی بنوسێ و، هەر ئەندامێکی بەڕێز حەقی هەیە و پێویستە لەدوو لیژنە کار بکات، ئێمە محاوەلەمان کردووە بەپێی ئیمکان لەو سێ ڕەغبەتە بێت هەر ئەندامێکی بەڕێز بەپێی ڕەغبەتەکانی خۆی کە نوسیویەتی دوو لیژنەی بۆ هەڵبژێرین کە لە ناو ئەو سێیانە بێت لەگەڵ مراعات کردنی بەرژەوەندی گشتی، لەکاتێکی زانیبمان بەرژەوەندی گشتی پێویست بە شتێکی تر ئەکات، ڕەغبەتێکی خۆی مان بۆ بەجێ هێشتووە، ئێمە بڕیارمان داوە لە چ لیژنەیەک کار بکات، ئەویش بە پێی توانا و تەقدیری ئێمە بۆ ئیمکانیەتی ئیشکردنی لەو لیژنەیە، لەحەقیقەتدا زۆر کەمیشن وابزانم دەیبینن لەدواییدا. جا بۆیە با کاک فەرسەت بخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک جەنابت فەرمووت سەرۆکایەتی هەوڵی دایە ڕەغبەتی ئەندامان و بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ یەک بگونجێنن ونتیجەکەش بەو شێوە بوو:
أـ لیژنەی کاروباری یاسا ڕێزداران:
١ـ محمد حسن باڵتە.
٢ـ شیروان ناصح حیدری.
٣ـ کاکە ڕەش نقشبندی.
٤ـ محمد سعید احمد یعقوبی.
٥ـ ابراهیم عبدالقادر دوغرمچی.
٦ـ حلیمە حسین محمود محمد، بەڵێ تەصویتی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە لیژنە بۆم دەکرێ لە ڕەغبەتی تەسلسولی یەکەم، نەم ویستووە وابزانم کە لیژنەی یاسایی،

کە لیژنەکی زۆر کارایە وابزانم زۆر پێویستە ئەندامەکی خەڵکی دەڤەری دهۆکی دابنەن بۆ گەیاندنی بۆ چوونی وتێبینی رای منطقە باعتبار دوو پارێزگای بەتەنێمان هەیە لەبن دەستی حوکمەتی هەرێم من بە مەصلەحەتی دەزانم ئەندامەک دوو تێدابن لە لیژنەی یاسایی و، ئەو بەرژەوەندییە گشتیەی کە ئێمە ئەیلێین، سوپاس .

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رئیسی لیژنە خەڵکی کوێیە.

**بەرێز سەفەر محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک محمد حسن باڵتە، بەلام ئەوە دوو ساڵە لە کوێیە، هەر لە کوردستان نینە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر دێتەوە، فەرموو بەردەوام بە کاک فرسەت.

**بەرێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەفەر سێ ئیختیاری هەبوو:

- لیژنەی یاسا .
- لیژنەی مافی مرۆڤ.
- لیژنەی ناوخۆ .

لیژنەی یاسا پێویستی بەوە هەیە هەموو برادران ئەزانن ئیشیان زەربی چواردە ئەکەین، چونکە ئیشی چواردە دێتە لیژنەی یاسا، مەفروزە ئەندامی لیژنە تەواجدی خۆی هەبێت،چونکە زۆربەیان اعتزاریان کرد، گووتیان ئێمە لە لیژنەی یاسا ئیش ناکەین، دوواهی پاش قەناعەت بە برادەران هێنا گوتیان شەرتەکمان هەیە، ئەوی بێتە لیژنەی یاسا مەفروزە ملتەزم بێت بەدەوامی لیژنە، ئەگەر مولتەزم نەبێت ئێمەش قەبوڵی ناکەین وەکو بەعەرەبی ئەلێن (اسمە بالحصاد ومنجلە مکسور) ئەو تێبینیە لەسەر کاک سەفەر تطبیقمان کرد، بە گوێرەی دوو ئیختیاری ترمان کرد لەناو لیژنەی ناوخۆمان داناو، لیژنەی مافی مرۆڤ و، هەردوو لیژنەکانیش بە ئیختیاری کاک سەفەر.

**بەرێز سفر محمد حسین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم هەتا ئێستا تەقسیریم نەکردووە، وبرادران شاهێدن، ومنیش وەک ئەندامێکی عادی مخصصات وەردەگرم هیچ زیاد وەرناگرم لەئەندامێکی تر، (مع العلم ) دوو سێ جاران لە عطلە

هاتوومه وەختی خۆشی جەماعەت لێرە هەبوون وئاگادارن، بەس لێرە من کە دێمە کۆبوونەوە وەکو هەموو ئەندام وهەموو لیژنەکان بەیانی حازرم بۆ ئجتماعات، ئێوارە حازرم، بەشەو حازرم ، ئەگەر پێویست بوو، وابزانم کەسی دیش اعترازی نییە، جەنابی کاک فەرسەتیش شتێکی هەبوو جا من نازانم، بەس وابزانم ئەوە لە بەرژەوەندی گشتی قسە دەکەین زۆر پێویستە تێدا بخرێ یەک یان دوو خەڵکی تێدابێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حاکم سەفەر رای خۆی وت، ئەمەش حەقیقەت مەوزوعەکە شەخسی نیە، مەوزوعەکە بەرژەوەندی گشتییە، ئێمە ئەمانەوێ لیژنەیەکی قانونی کارا هەبێ کە بیست وچوار سەعات ئیش بکات و، ئەو ئەندامانەی کە ئێستا حالی حازر تەرشیحمان کردوون بۆ ئەندامێتی لیژنە، ئەسلەن بەزۆر پێمان کردون یەعنی ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆرمان لێ کردوون کە ئیشەکە بکەن و، لە ناو خۆیان مونسەجم بن، تا ئێستا دەورێکی باڵاو دیاریان هەبووە لە چالاکی پەرلەمان، لەبەر ئەوە پاش لێکدانەوەی هەموو جانبەکە بۆیە لیژنەکە بەو شێوەیە دەرچووە، ئێمە ئیقتراحمان کردووە، وەکو ئەوەی باسمان کرد ئێمە موراعاتی ئەوەمان کردووە هەر ئەندامێک، ئەگەر لە لیژنەیەک داینەنێین کە رەغبەتی خۆیەتی، (علی الاقل) لە دوو لیژنەکەی تردا دامان ناوە جا دەبێ ئەو تەقدیرەش بۆ ئێمە بەجێ بێلن، دەیخەمە دەنگدانەوە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کەپەسەندی ئەکەن لیژنەی یاسای بەو شێوەیە خوێندرایەوە دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس .

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکا، بەزۆرینە دەنگ لیژنەی یاسایی بڕیاری لەسەر درا، زۆر سوپاس فەرموو کاک فرسەت.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری، لەم بەڕێزانە پێک هاتووە:

١ـ جمیل عبدی سندی.

٢ـ بطرس سخریا هرمز.

٣ـ حمید سلیم میران.

٤ـ محمد امین مولود.

٥ـ برهان علی جاف.

٦ـ شەفیقە فقی عبدالله.

٧ـ حمە علی توفیق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر ئەو لیژنەیە تێبینیەکەیان بخەنە روو، دیارە

تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ئەم لیژنەیە پەسەند ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس. لیژنەی دارایی بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری ناوخۆ :

١ـ شیروان ناصح حیدری.

٢ـ برهان علی جاف.

٣ـ محمد سعید احمد یعقوبی.

٤ـ نادر محمد قادر.

٥ـ شفیق امین مولود.

٦ـ ابراهیم عبد القادر دۆغرمچی.

٧ـ فاضل رؤوف.

٨ـ مامند عباس مامند.

٩ـ سفرمحمد حسین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

تکا لەو ئەندامانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لە سەر ئەم لیژنەیە دەستیان بەرز کەنەوە، تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، لیژنەی کاروباری ناوخۆیی بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری لەم بەڕێزانە پێک هاتووە:

١ـ جعفر شێخ علی برزنجی.

٢ـ محسن صالح ئامێدی.

٣ـ د. لطیف محمود.

٤ـ یارا احمد.

٥ـ سوارە محمد امین.

٦ـ احمد علی عمر.

٧ـ کاکە رەش نقشبندی.

٨ـ سعید علی خان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە تێبینیان هەیە، تێبینیەکانیان بخەنە روو، دیارە تێبینی نییە

لیژنەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری پەسەند ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری پەروەردە وخوێندنی باڵا:

١ـ د. ناصح غفور رمضان.

٢ـ عفان عثمان نقشبندی .

٣ـ فاتح محمد امین.

٤ـ وریا دزەیی.

٥ـ رجب شعبان طیب.

٦ـ زاهر محمد ابراهیم.

٧ـ یحیی محمدعبد الکریم.

٨ـ زهرا حاجی.

٩ـ اکرم عاشور.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، ئێمە پێمان خۆشە، ئەگەر تێبینیتان هەبێ بیخەنە روو، دیارە نیتانە بۆیە تکا ئەکەم لەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ئەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، لیژنەی کاروباری پەروەردە وخوێندنی باڵا بەگشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەڵایەتی:

١ـ شفیق امین محمد.

٢ـ د.نیاز جمیل میران.

٣ـ د، لطیف محمود.

٤ـ محمد طاهر محمد زین العابدین.

٥ـ رجب شعبان طیب.

٦ـ برهان علی جاف.

٧ـ حسن صالح.

٨ـ عفان عثمان نقشبندی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن :**

کەس تێبینی هەیە، فەرمووکاک برهان.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەوە بوو بە سێ لیژنە، دارایی وناو خۆو تەندروستی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دارایی وناوخۆ، ناوی رەش کەوە، زۆر سوپاس.

تکا لەو ئەندامانە ئەکەم کە لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەلایەتی بەبێ بەڕێز کاک برهان جاف تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی ناوەکان معلوم بن.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

١ـ شفیق امین محمد.

٢ـ د.نیاز جمیل میران.

٣ـ د، لطیف محمود.

٤ـ محمد طاهر محمد زین العابدین.

٥ـ رجب شعبان طیب.

٦ـ برهان علی جاف.

٧ـ حسن صالح.

٨ـ عفان عثمان نقشبندی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامانە دەکەم کە ئەم لیژنەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆرسوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، لیژنەی کاروباری تەندروستی وکۆمەلایەتی بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

لیژنەی پەیوەندییەکان وکاروباری رۆشنبیری:

١ـ یۆنادم یوسف کنا.

٢ـ احمد سالار عبد الواحد.

٣ـد.ادریس هادی .

٤ـابراهیم سعید.

٥ـسیروان کاکەیی.

٦ـ جلال خۆشناو.

٧ـ فرحان عبدالله شرفاني.

٨ـ حليمه حسين محمد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو فوزیه خان.

**بەڕێز فوزیه عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوە بۆ دە ساڵ دەچێ من لەو لیژنەیە کاردەکەم پێم باشە هەر لەو لیژنەیەبم بۆ کاک فەرسەتم نوسی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وکو پێش ئێستا تەوزیحمان کرد هەر ئەندامێک سێ ئیختیاری هەبوو، ئیحتمال هەیە لەبەر مەصلەحەت وامان لێ کرد دوو ئیختیاری تر وەربگرین شەرت نیە هەر سێ ئیختیار، چونکە مەجال نیە هەر سێ ئیختیار وەربگرین، دوو ئیختیار وەر دەگرین یەکیش ئیهمال ئەکەین.

**بەڕێز فەوزیه عزالدین رشید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها دوو ئیختیارم هەبوو، سێیم نەنوسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرژەوەندی گشتی وا دەخوازێ کە لە دوو لیژنەی تر بی، پێش وەخت جەنابت ڕۆنت کرد گوتت شەرت نییە ١٠٠ ٪ هەموو ئیختیاراتی ئەندامان وەر بگرین، هەندێ جار ئیختیاراتی ئەندام موعارەزەی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی لیژنەکانی پەرلەمان دەبێت، ئەو وەختە ریئاسە مولزەم نیە ١٠٠ ٪ بە ئیختیاراتی ئەندامان بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیختیارێک بۆ ئێمەیە ئیختیارێک بۆ ئێوەیە، تێبینی تر هەیە تکایە ناوەکان جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

١ـ یۆنادم یوسف کنا.

٢ـ احمد سالار عبد الواحد.

٣ـ د. ادریس هادی.

٤ـابراهیم سعید.
٥ـ سیروان کاکەیی.
٦ـ جلال خۆشناو.
٧ـ فرحان عبد الله شرفانی.
٨ـ حلیمە حسین محمد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
حلیمە حسین بارزانی.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**
روسی دەزانێت لەبەر ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سێ هۆ هەیە کە وامان لێ ئەکا بیخەینە ئەو لیژنەیە، تەقدیرەکە بۆ ئێمە بەجێ بێڵن، ئێمە تەصەور ئەکەین لەو ناحیەوە تۆزێ ، ممکینە هەر لیژنەیەکمان هەڵبژاردبێ بەو اسلوبەیان دوو کەس، ئەویش حیسابی تێدایە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لیژنەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس تکا لەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکا، لیژنەکە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**
لیژنەی کاروباری ئیسلامی :
١ـ ملا محمد طاهر زین العابدین.
٢ـ ملا محمود دیرشەوی.
٣ـ ملا محسن مفتی.
٤ـجوهر احمد شاواز.
٥ـملا طە محمد طە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینییەک لەسەر ئەم لیژنەیە هەیە؟، نییە کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لیژنەی ئەوقاف پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، لیژنەی ئەوقاف بەگشتی دەنگ وەرگیرا، لیژنەکەی تر.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لیژنەی شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن

١ ـ ملا هادی خضر کویخا

٢ ـ سعید محمد صدیق هروری

٣ ـ جوهر احمد شاواز

٤ ـ حمه علی توفیق میرزا فتاح

٥ ـ انور شوکر محمد

٦ ـ سلام کریم خان

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم لیژنەیە، دیارە نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لیژنەی شارەوانیی و گواستنەوە وگەیاندن پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، لیژنەی شارەوانیی و گواستنەوە و گەیاندن بەگشتی دەنگ وەرگیرا، لیژنەکەی تر.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لیژنەی پیشەسازی و وزە و کانزاکان

١ ـ جلال محمد سلیم خوشناو

٢ ـ محمد امین مولود

٣ ـ وریا احمد دزەیی

٤ ـ فرحان عبدالله شرفانی

٥ ـ احمد علی عمر

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم لیژنەیە، دیارە نیە،تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لیژنەی پیشەسازی و وزە و کانزاکان پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، لیژنەی پیشەسازی و وزەو کانزاکان بەگشتی دەنگ وەرگیرا، لیژنەکەی تر.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی كاروباری پێشمەرگە

١ ـ یارا احمد افراسیاب

٢ ـ فاضل رؤوف

٣ ـ محسن صالح عبدالعزیز ئامێدی

٤ ـ جعفر علی عبدالعزیز

٥ ـ سرتیب محمد حسین(سیروان كاكەیی)

٦ ـ حسن صالح روستم خان

٧ ـ سوارە محمد امین

٨ ـ یوسف جمیل میران

٩ ـ ملا محمود فندی دێرشەوی

١٠ ـ مامند عباس مامند اغا

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەسی تر دەیەوێت ببێت بە ئەندامی ئەم لیژنەیە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لیژنەی كاروباری پێشمەرگە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، لیژنەی كاروباری پێشمەرگە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، لیژنەكەی تر.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی مافی مرۆڤ

١ ـ عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە

٢ ـ یحیی محمد عبدالكریم برزنجی

٣ ـ سفر محمد حسین

٤ ـ اكرم عاشور عودیش

٥ ـ انور شوكر محمد

٦ ـ محسن خالد مصطفی مفتی

٧ ـ د. ادریس هادی صالح.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم لیژنەیە، دیارە نیە،تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە لیژنەی مافی

مرۆڤ پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، لیژنەی مافی مرۆڤ بەگشتی دەنگ وەرگیرا، لیژنەکەی تر.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە:

١ ـ حمید سلیم میران

٢ ـ ابراهیم سعید محمد

٣ ـ انور شوکر محمد

٤ ـ یوسف جمیل میران

٥ ـ نادر محمد قادر

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی تێبینی لەسەر لیژنەی شارەوانیی هەبووە دەنگ وەرگیراوە، ناتوانین جارێکی تر دەنگ وەرگرینەوە، یان دەتوانین لە دانیشتنێکی ترا، یان دەتوانین داخیلی لیژنەی ئەشغالی بکەین، چونکە بە پەسندی دەزانین، هەر خۆتی تیا بێت باشترە، بۆ بەڕێز کاک شمائیلیش لە دانیشتنێکی تردا بێت، یەعنی بۆ نموونە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەگەر کاتەکە موناسیب بوو ئیزافەی دەکەینە سەر لیژنەکە، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە بەو شێوەیەیە:

١ ـ یونادم یوسف کنا

٢ ـ حمید سلیم میران

٣ ـ ابراهیم سعید محمد

٤ ـ انور شوکر محمد

٥ ـ یوسف جمیل میران

٦ ـ نادر محمد قادر

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم لیژنەیە، دیارە نیە، لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، لیژنەکەی تر.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت

١ ـ زهراء حاجی طه سلیفانی

٢ ـ فوزیه عزالدین رشید

٣ ـ عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە

٤ ـ شفیقه فقی عبدالله

٥ ـ شمایل ننو بنیامین

٦ ـ احمد سالار عبدالواحد

٧ ـ حلیمه حسین محمد بارزانی

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم لیژنەیە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە لەسەر ئەم لیژنەیە، فەرموو فوزیه خان، وام زانی تێبینیت هەیە، لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش دەرهێنانی ناوی خوشکە حلیمه حسین محمد لە لیژنەکە، لیژنەکە بەو شێوەیە دەبێت:

١ ـ زهراء حاجی طه سلیفانی

٢ ـ فوزیه عزالدین رشید

٣ ـ عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە

٤ ـ شفیقه فقی عبدالله

٥ ـ شمایل ننو بنیامین

٦ ـ احمد سالار عبدالواحد

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیتان هەیە، ئێستا تێبینیەکە بنووسم یان بڕیارتان دا، کە پرسیم کێ تێبینی هەیە لە پێشدا وتتان نیمانە، ئێستا خوێندمانەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، بەس موراعاتتان دەکەین، فەرموو خوشکە زهرا.

**بەڕێز زهراء حاجی طه سلیمانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئافرەت هەبێت لەناو پەرلەمانێ گەل لیژنەی مە دابێت، نەخۆ ئافرەتی لیژنە بەیاندنی خۆمان، ئەڤەش بۆ ئێمە دەعمێکە باشە، گەر چەند ئافرەت هەبێت لە لیژنەی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو فوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەیە، پشتگیریی لە تێبینیەکەی زهرا خان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی بە رای ئێوە هەر چی ئافرەت بێ لە پەرلەمان دەبێت لە لیژنەی ئافرەتان دابێت.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەک هەر چی، ئەگەر هاتە سەر ئەوەی زۆر بێت، نەخێر، بەڵام لەبەر ئەوەی کەمین، بۆیە پێمان باشە خوشکە حلیمە وەکو یاسایی لەگەڵمان بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی مافی ئافرەتان بە رای من پیاو زیاتر بن باشترە، ئێستا ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە ئەوان دیفاع لە خۆیان دەکەن، بەس پیاو هەبێت دیفاعیان لێ بکات لیژنەکە زیاتر بایەخی پێ دەدرێ و باشتر دەبێت، لەبەر ئەوەی رای من وایە پیاوەکان زیاتر بن، حقووقییەکی دانێن لەباتی حلیمە خان ئەویش حقووقییەکی پیاو، با لەگەڵ لیژنەکەی بێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی جیاوازیەکەی وەکو کۆنکریت و کۆنکریتی موسلەحی بێت، حەقیقەت ئەگەر مەبدەئەکە ئەوە نەبێت هەموو لیژنەی ئافرەتان بێت، چونکە ئێمە ئافرەت بەو چاوە سەیر ناکەین کە ئیلا دەبێت لە لیژنەی ئافرەتان دابێت، چونکە ئافرەتە، پێمان خۆشە ئافرەتان لە پەرلەمان وەکو ئەندامێکی پەرلەمان بەو شێوەیە ئیش بکەن کە میهنەکەیانە، شان بە شان لە لیژنەی ئافرەتان بن

ئەگەر مەجالیان هەبێت، وەکو کاکەڕەش فەرمووی حەقیقەت بە دەرەجەی یەکەم ئەرکی سەر شانی هەردوو لایە چ پیاو چ ئافرەت دیفاع لە مافی ئافرەت بکات لە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە ئەو دوو لیژنەیەی تر کە حلیمە خانمان بۆ داناوە، لێکمان داوەتەوە کام لیژنە دەبێت باشترە کەڵکی زیاترە بۆ هەموو ئیش دەبێت، بە بۆچوونی ئێمە لەو دوو لیژنەیەدا بێت کە دەست نیشانمان کردووە کەڵکی زیاترە بۆ هەموو لایەک، هیچ ڕێگا لەوە ناگرێت کە کاتێک ئێوە کۆبوونەوەتان هەبێت نەشاتتان هەبێت هاوکاریتان لەگەڵدا بکەن و بەشداریتان لەگەڵدا بکەن، ئەوە بۆ خۆی دەمێنێتەوە، بەس پێمان خۆشە هاوکاری لەگەڵ لیژنەکاندا بکەن، ئەوەش حەقی دەنگدانی دەبێت، دەتوانن ڕاشی وەربگرن، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەت پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە،یەک بەڕێز پەسندی ناکات بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ئەوە لیژنەکان بوو، فەرموو فوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشە ئەوە نیە ئێوە لە بەرژەوەندی لیژنەی پەرلەمان ئەو ناوانەتان هەڵبژاردووە جێی خۆیەتی و منیش لەگەڵ ڕاو بۆچوونی ئێوەم، بەڵام من ناوم لە یەک لیژنە دەرچوو پێم باشە ئیختیاری خۆم موراعات بکەم، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیعتیرازێک هەبێت، ئەگەر موراجەعەی بکەینەوە، کە ئێستا دەنگدان تەواو بوو لەسەر لیژنەکە، فەرموو فوزیە خان.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوێنێ سەردانی کاک فەرسەتم کرد، چونکە ئەو کاتەی کە کۆبوونەوەی فراکسیۆن بوو ناومان بنووسین بۆ لیژنەکە، ئێمە میوانمان هەبوو لێرە، ئەو وەفدی جوانانی سوید هاتبوون، خەریکی ئەوە بووین، ئیتر بۆم نەکرا بچم دوێنێ چووم بۆ لای کاک فەرسەت، کاک فەرسەت وتی بەڵێ، وتی لە دوو لیژنە ناوتم نووسیوە، لیژنەی پەیوەندیەکان و لیژنەی مافی ئافرەت، ئیتر منیش پشت ڕاست بووم، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، سوپاس فوزیە خان، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماوەیەكی درێژە و جەنابیشت لەناو جەلسەدا ئیشارەتت پێ كرد، برادەران بە حەزی خۆیان و ئیختیاری خۆیان تەقدیمی سكرتاریەتی پەرلەمان بكەن، هەر دوو خوشكە فوزیە و زهراء حاجی ئەمڕۆ بەیانی ئیختیاریان گەیشتە من، راستە بەس خۆ ئێمە تەحەرییاتی ئیش دەكەین، وتت دوو ئیختیارم هەیە، بەنیسبەت ئیختیاری یەكەم جەنابت دەزانی مەوزوعی لیژنەی پەیوەندیەكان تەركیزێكی زۆر لە مەوزوعی زمانە زائیدەن ئەوە برێك تەقلیسیش كرا لیژنەكە، لەبەر ئەوە ئیختیاری جەنابت ئەوەی شەفەوی دوێنێ بە منت گوت وەرمان نەگرت، هی ئەمڕۆش پاش تەواو بوونی صیاغەی بڕیار گەیشتە دەستم وەك جەنابی سەرۆك هەمان تێبینی ئەوەی بە كاك یۆنادمی دا ماوەیەكی تر، چونكە لە هەمان دانیشتن ناتوانین، چونكە دەنگدانمان لەسەر كرد بۆ چەند رۆژێكی تر دەتوانن چارەسەری بكەین، لیژنەكە بەخۆی دەتوانێت پێشنیاری بكات و دەتوانێت ئیزافەی بكاتە سەر لیژنە.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەوە دە ساڵە لەو لیژنەیەم، مەسەلەی زمان ئەوەندە عەرقەلەی نییە، دوایی منیش ئەوەندە موتەحەمیس نیم، خۆتان دەڵێن هەر ئەندامێك دەتوانێت لە دوو لیژنە بەشداری بكات بۆ كاروباری لیژنەكان و كاروباری پەرلەمان، بە كاك فەرسەتیشم وت و تەئكیدیشم كردەوە وتی لە دوو لیژنە و ناوەكەشی وت.

**بەڕێز فەرسەت احمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نیزامی داخیلی دەڵێت نابێت لە دوو لیژنە زیاتر بەشداری بكات، یەعنی شەرت نیە لە دوو لیژنە دابێت، بەنیسبەت ئێمەش غایەتمان لەگەڵ كەس نیە بەڕاستی، بەس دوو ئیختیاری هەبوو، ئەویش پەیوەندییەكان و مافی ئافرەت شەفەوی وا بوو، بەنیسبەت لیژنەی پەیوەندییەكان بڕیاری سەرۆكایەتی ئەوە بوو بەگوێرەی هەندێ زەوابت، ئەو زەوابتانە لەوانەیە لەسەر هەموو برادەران تەتبیق نەبوو بێت، لەبەر ئەوە ئیختیارێكمان وەرگرت، پاش ماوەیەكی تر دەتوانن پێشنیاری بكات، یان لیژنەیەكی موعەیەن پێشنیاری بكات و ئیزافەی لیژنەكەی بكەن، د. ناصح یەكێك لەوان بوو دەرمان هێنا، هەر چەندە زمانی روسیش دەزانێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی لیژنەكان خرانە دەنگدانەوە هەر ئیعتیرازێك هەبێت، دەرگای ئیعتیراز كراوەیە هێشتا، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان كاك فەرسەتە هەر وەختێك ئیعتیرازتان هەبێت دەچنە لای و ئەو

ئیعتیرازەی خۆتانی پێ دەڵێن، ئەوەی مومکین بێت ئێمە دەیکەین، لە دوایشدا شتەکە ئاسان نیە بەپێی هیوا و بەرژەوەندی ناو ئەو هەموو خەڵکە کە تەنزیمی ئەو هەموو لیژنانە بکرێت شتێکی ئاسان نیە، باشیش بوو تا ئێستا عەمەلیەن تەنیا دوو موعتەریزمان هەبوو، یەکیان لای ڕاست و ئەوی تریان لای چەپ، خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان:

٣ ـ بەرچاوخستن و گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسایەکی تایبەت بە حوکمەکانی یاسای سزاکان، بەڕێز کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی یاسای سزاکان کەموکوڕی هەیە، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێشنیار دەکەین کە گفتوگۆی ئەو بڕگەیە دوابخرێت تا حەفتەیەک یان دە ڕۆژ لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان ئیتیساڵ دەکەین، بەڵکو کەموکوڕیەکان تەواو دەکەین، ئینجا پێشکەشی بە پەرلەمان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی یاسا داوا دەکات ئەو خاڵە دوا بخرێت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، تاکو کەموکوڕیەکان پڕ دەکرێنەوە لەگەڵ لایەنی پەیوەندار، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە خاڵی سێیەم پەسند دەکەن دوابخرێت دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکات، بەزۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر ئەوە درا کە خاڵی سێیەم دوا بخرێت بۆ کاتێکی گونجاو تر.

بەڕێزان لێرەدا کۆتایی دێت بە دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە.

| | |
|---|---|
| **فرست أحمد عبدالله** | **د.ڕۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە((٥))**

سێ شـەممە ڕێکەوتی ٩/٤/٢٠٠٢

خولی یەکەم

سـاڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((٥))

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٩/٤/٢٠٠٢

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٩/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە پێنج)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە پێنج)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٩/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خستنە ڕووو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەتی بەغیابی فەرمانبەرو دابڕانی لە وەزیفەکەی، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٢ـ خستنە ڕوو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری دەرکردنی دابەشنامەی شەرعی و وەفاتنامە بۆ کەس وکاری شەهیدان لە دەرەوەی هەرێم و لە ناو حکومەتی مەرکەزی نیشتەجێن، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٣ـ خستنەڕوو وگفتووگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەتی بە دابڕاندنی کتێبخانە گشتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ/ ئیدارەی محەلی و لکاندنیان بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٤ـ خستنەڕوو وگفتووگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە(١٨)ی ساڵی (١٩٩٩)یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٥ـ خستنەڕوو وگفتووگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە(٥)ی خولی

یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکات.بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆ لەپێنج خاڵ پێک هاتووە.

١ـ خستنە ڕووو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەتی بەغیابی فەرمانبەرو دابڕانی لە وەزیفەکەی، کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٢ـ خستنە ڕوو وگفتووگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری دەرکردنی دابەشنامەی شەرعی و وەفاتنامە بۆ کەس وکاری شەهیدان لە دەرەوەی هەرێم و لە ناو حکومەتی مەرکەزی نیشتەجێن، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٣ـ خستنەڕوو وگفتووگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەتی بە دابڕاندنی کتێبخانە گشتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ/ ئیدارەی محەلی و لکاندنیان بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٤ـ خستنەڕوو وگفتووگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە(١٨)ی ساڵی (١٩٩٩)یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

٥ـ خستنەڕوو وگفتووگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

بۆ ئەوەی دەست بەکاربین خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسای ئەکەم کەبێتە سەر مونەسەکە، کاکەڕەش نەقشبەندی جەنابیشت وەرە ئێرە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی داراییش فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق.

إستنادا أحكام الفقرة(١)من المادة (٥٦)من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢وبناءً على ما عرضه وزير المالية والاقتصاد و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسة المنعقده بتأريخ / /٢٠٠٢ما يلي:

١ـ إذا انقطع الموظف عن دائرته بدون عذر مشروع لمدة ثلاثين يوماً خلال السنة التقويميه سواء كان الانقطاع بصورة مستمرة أو متقطعة.

٢ـ لا يعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القرار.

٣ـ على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.
٤ـ ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د. روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕەئی لیژنەی یاسای تکایە بابفەرمووێ.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێستا دەقی ڕای لیژنەی یاسا لەبابەت پرۆژەکە دەخوێنمەوە.

الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم
م/رأي اللجنة

كتابكم المرقم ١٢ في ٢٨/٣/٢٠٠٢
اجتمعت اللجنة القانونية لمناقشة مشروع القرار الخاص بقانون الخدمة المدنية وإنقطاع الموظف عن دائرته و بعد دراسته قررت اللجنة بالإجماع تأييد القرار مع إضافة تعديل الى نهاية الفقرة الاولى بعبارة (يعتبر مستقيلاً) راجين عرض القرار على المجلس لإبداء الرأي المناسب بصدده.
مع التقدير

شيروان حيدري
ن.رئيس اللجنة

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئێستا ئێمە پاش ڕەئی دانەکە هەموارێکی زمنییە بۆ یاسای خزمەتی شارستانی دەکەین، لەبەر ئەوەی بابەتی پرۆژەکە بە بڕیار هاتووە، وابە پەسەند دەزانین بیکەین بە یاسا، چونکە تقریبا ئەگەر لە یاساکە ناوی هەمواری یاساکە نەهاتووە، بەڵام هەمواری یاساکە دەکات، سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی تکایە، فەرموو.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عـــــبـــــدی سندی:**

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

كوردستان ـ اربيل

العدد: ج/٢

التاريخ: ٢٠٠٢/٤/٣

الى / السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ تعديل المادة «٣٧» من قانون الخدمة المدنية

رقم «٢٤» لسنة ١٩٦٠المعدل

تحيةً واحتراماً

كتابكم المرقم ك/١٢ في ٢٠٠٢/٣/٢٨ والمرفق به مشروع قانون تعديل المادة «٣٧» من قانون الخدمة المدنية رقم «٢٤» لسنة ١٩٦٠ المعدل، والمرسل من قبل رئاسة مجلس الوزراء بكتابها المرقم «٢٣١» في ٢٠٠٢/٣/١٧.

اجتمعت لجنتنا اليوم ٢٠٠٢/٤/٣ لدراسة ومناقشة المشروع أعلاه وبعد الاطلاع على اصل المادة «٣٧» من قانون الخدمة المدنية وجدنا بأن المادة المذكورة تشمل «٥» فقرات لحالات عدة وان المشروع المحال لم ترد فيه تلك الحالة المطلوب تعديلها لذا نجد من الضروري توضيح الحالة المطلوبة للتعديل. كما ان الديباجة غير موجودة في المشروع.

مع فائق التقدير

جميل عبدي سندي

رئيس اللجنة

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا هیچ وڵامێكتان هەیە.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەو پرۆژەیەدا تەنها یەک حاڵەت چارەسەر كراوە و، پرۆژەكەی ئێمە تەنها ئەو حاڵەتە ئەگرێتەوە، ئەوانی تر هەر وەكو خۆیان دەڕۆن، لە یاسای خزمەتی شارستانیدا هاتووە ئەگەر فەرمانبەر «٧» رۆژ غایب بوو «إنذار» دەكرێ لە لایەن فەرمەنگەكەی خۆی و ئاگادار دەكرێتەوە كەوا بێتەوە دەوام بكات ئەگەر لەناو عێراقدا بێت، ئەگەر لە دەرەوەی عێراقیشدا بێت لە ماوەی «٣٠» رۆژدا ئەو مافەی هەیە كەوا لە رۆژی ئاگاداركردنەوەی بێتەوە دەوام، ئەگەر هاتوو بە ئاگاداركردنەوەكەش

هەر نەهاتەوە بۆ دەوام ئەوە بە «مستقیل» دەژمێردرێ، پرۆژەی یاساکەی حکومەت ئیستا تقریبا حاڵەتی ئاگادارکردنەوەی لەسەر فەرمانگەکان لابردووە، فەرمانبەر ئەگەر «٣٠» رۆژ بە دابڕان یا بە بەردەوامی لە فەرمانگەکەی خۆی غایب بوو بەبێ ئەوەی هیچ هۆیەکی مەشروع پێشکەش بە فەرمانگەکەی خۆی بکات، پێویست بەوە ناکات بە حوکمی یاسا بە «مستقیل» دەژمێردرێ، جا ئەوکاتە پێویستی بە ئاگادارکردنەوە نییە و، نە پێویستی بە دەرچوونی بڕیار هەیە کەوا لە فەرمانگەوە بۆی دەرچێت و پێی بوترێت کەوا تۆ «مستقیل»ی جالەبەر ئەوەی کە تەنها ئەو حاڵەتە دەگرێتەوە حەڵەتی (تغیب )جا ئەگەر حاڵەتی تر هەبوو ئەوە یاساکە هەستانی مەقبولە وەکو ئەوەی کاک جەمیل ناوی هێنا ئەوەش ماوەتەوە وەکو خۆی و دەستی لێ نەدراوە تەنها یاسا یەکی تایبەتییە بۆ تەغەییوب بۆ ماوەی مانگێک بە سورەتێکی پچڕاوە یان سەرومڕ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران هیچ (تعقیب) ێکیان هەیە لەسەر ئەو بابەتە.

بەڕێز کاک حاکم نمر.

**بەڕێز نمر کچۆ/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ مەشروعەی هاتیەتە پێشکەش کرن وەکو تەئسیرێت فەقەراتێ سەیدا جەمیل ئیشارەتی پێ دان تەئسیر ناکات ئەوە بۆ هەندێ حالاتی پچڕاوە لە ماوەی ساڵێکدا هەتا ئەگەر ئەوەش مەشمولە لەزمنی ئەوان وەکو غیاب بێت بۆ ماوەی(٥) رۆژ و ئاگادار کرایەوە هات ئیلتیحاق کردوە ئەبەدی مەحسوب بێت بنە هەیڤەکی واتە ئەگەر دووبارە کرایەوە بۆ ماوەی ساڵێک هەیڤەک تەمام بوو غیابات بصورە متقطعە شمول بوو بۆ حاڵەتێک واتە تەئسیری فەقەرات ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو پرۆژەکە بخوێننەوە.

**شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێتان باشبێ دیباجەکە بخوێنمەوە پاش ئەوە ئیزافات لیژنەی یاسایی ماددە بە ماددە دەیخوێنینەوە ودەست پێ دەکەین و، بیکەین بەمواد لەبەر ئەوەی بە یاسا دێینە خوارێ.

بسم الله الرحمن الرحیم

بسم الشعب

المجلس الوطني لكودستان ـ العراق

استناداً الي احكام الفقرة(١)من المادة(٥٦) من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢وبناءً علي

ماعرضه وزيرالمالية والاقتصاد ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ تشريع القانون الآتي:

قانون رقم / /٢٠٠٢

المادة (١):

١ـ إذا انقطع الموظف عن دائرته بدون عذر مشروع لمدة ثلاثين يوماً خلال السنة التقويمية سواء كان الانقطاع بصورة مستمرة أو متقطعة يعتبر مستقيلاً.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

* هیچ تێبینی هەیە لەسەری، بەڕێز كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر حالاتی دیبەت قانون وەكوی خۆی بمێن ئەم تەئیدت تكەن بەس زۆر زۆر پێویستە ئەڤ تەعدیلا بەڕێز شیروان حیدری خواندی ئیشارە بدەن كو مادده (٣٧)یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)سالا(١٩٦٠)ئەڤەدی كو فەقەرەكا ئیزافەت بێت بۆ مادەیە یاسای ئەڤ دەبێژم قانونێ لاژی بێتە تەعدیل كرن بێتە بەحس كرن چیتەكرن بەحسانە نەلە یاسای خزمەتی شارستانی هاتە بەحس كرن رەقەم چەندەوكیش سالاو چیش مادەینە دیم بەهەلیتن و رەئی لیژنەش ئەمری جەنابتەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستە وەلامی ئەوە دەدەیتەوە یان هەمووی بەیەكەوە.

**بەڕێز كاكە ڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن .**

ئەوەی كاك جەمیل فەرمووی مومكینە بەلام ئێمە نامانەوێت یاساكانی مەركەز بەهیچ شێوەیەك تەتەڕوقی پێوەبكەین چونكە ئەو حەقەی تەعدیلمان نییە وەگۆڕینیشمان نییە تەنها حەقی ئیقافمان هەیەو لەبەر ئەوەی ئەوە یاسایەكی موستەقیلەیاسایەكە عیلاقەی نە بە یاسای خزمەتی مەدەنیەوە هەیەو نە بەهیچ یاسایەك، ئەمە یاسایەكی موستەقیلە بۆ خۆمان دەرمان كردوە یانی یاسایەكە لەهەرێم ئیتیباع دەكرێت لەپشتەوەش نەسێكمان داناوە دەلێین هەر یاسایەك تەعارۆزی یان هەرنەسێك تەعاڕوزی لەگەل ئەو مادەیە هەبێت بەوە وەردەگیرێت بەوی دی وەرناگیرێت لەبەر ئەوەی پێویست نییە تەتەڕوقی قانونەكەبكەین بەیاسای خزمەتی شارستانی چونكە یاسای خزمەتی شارستانی ئەگەر تەتەڕوقی بكەین دەبێت یان تەعدیلی وەستانی بكەین لەبەر ئەوە ئێمە فەقەرەكە ناوەستێنین هەموو شتێك دیاری كراوە بێت قانونەكە هی ئیمەیە لەغیاب ئەوەی لەسەر تەتبیق دەكەین لەحالاتی دیش یاسای خزمەتی شارستانی لەسەر تەتبیق دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح غەفور بفەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دەکەم کە یەکەم جار بوو بەیاساو پاشان بوو بەمادده یەکەم و، ئەو دوو ووشەیەی خستیانە سەری پێم باشە بەڵام من پێم وایە باشترە ئەگەر پاش و پێش بخرێت(سیاغه)بکرێتەوە «يعتبر الموظف مستقيلاً إذا أنقطع عن دائرته بدون عذر مشروع لمدة ثلاثين يوماً خلال السنة التقويمية سواء كان الأنقطاع بصورة مستمرة أو متقطعة» یەعنی «يعتبر الموظف مستقيلاً» بخرێتە پێشەوە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا محسن موفتی .

**بەڕێز مەلا محسن خالد مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی فەرقێکی زۆر هەیە لە بەینی یەکێک کەوا بۆ ماوەی مانگێک بەردەوام غائیب بێت لەگەڵ یەکێکا لە ماوەی ساڵێکدا موتەقەتیع غائیب بێت دوای ئەوە پێشنیار ئەکەم کەواجیاوازی هەبێت لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا، ئەگەر یەکێک لەماوەی مانگێکدا بەردەوام غائیب بوو ئیعتیبار بکرێت بە موستەقیل شتێکی پەسەندە بەڵام ئەگەر بە ماوەی ساڵێک ماوەکەی بۆ زیاد بکرێت من پێشنیار دەکەم کە لەماوەی ساڵێکدا ئەگەر دوو مانگ غائب بێت بە موتەقەتعی ئینجا ئیعتیبار بکرێت بە موستەقیل بەبێ عوزری مەشروع. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک حمە علی توفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەم خاڵەی ئیختار، ئیختار شتێکی زۆر زەروریە کە هەبێت لە هەردوو حاڵەتەکەدا چونکە بەتایبەتی حاڵەتی ئینقتاع موتەقەتیعەکە یەعنی من پێشنیار دەکەم کەوا (١٥)ڕۆژ دابنرێت بۆ ئیختار، جاران (٧)ڕۆژ بوو بائێستە ببێتە(١٥)ڕۆژ بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرە بەڵکو حاڵەتێکی ئیستسنائی وای هەبێت کە نەتوانێت مەسەلەن یان ئاگای لە غیاباتەکانی خۆی نەبێت چونکە غیابات هەندێ جار(٣) ڕۆژ ئەڕوات دوایی ئەگەڕێتەوە کەفەرمانبەرە ڕاستە غیابی بوو قەتعە ڕاتب دەکرێت بەڵام چونکە مەحسوبە بۆ ئەوەی مانگەکە تەکمیل بکات و ئیعتیبار بکرێت

بە موستەقیل حەق وایە ئینزارێکی پێ بدرێ لە(١٥)ڕۆژی یەکەم و پێی بوترێت کەتۆ (١٥)ڕۆژت تەواو کرد (١٥)ی نیوەی دوایی موستەقیلی زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پرسیاری یەکەم پرسیارێک بوو لەلیژنەی قانونی کاکە ڕەش تەوزیحی دا، بەڵام فەقەرەی دووەم ئەوەی کاک حەمە عەلی ئیشارەتی پێ دا عادەتەن بەنیسبەت فەرمانبەر یەکەم جار ئاگادار کردنەوەیە دوای ئینزارە دوای تەوبیخە ئینجا ئیختارە کە مانگێکی بەسەردا ڕۆیشت پاش مانگێک زۆرە (١٥)ی بەسەردا بڕوات ئەگەر ئامادە نەبوو حەقی ئەوەی هەبێت کەوا بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی دەوام بکات غیاباتەکەی حساب بکرێت و قەتعە ڕاتب بکرێت نەک فەسڵ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم نییە تەنها زیاد کردنم هەیە ئەویش «خلال السنة التقويمية بعد تطبيقه بدقة»، چونکە هەر دەرکردنێک «إخطار»ی لە پێشە، پاشان من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی یاسایی ئەویش سەبارەت بە «استقالة»، چونکە ئیستیقالە موبادەرەیەکە لەو کەسە خۆیەوە کە دەیەوێت لەو کارە دەستی بکێشێتەوە، بەڵام لێرە وشەی «مفصول»یان «طرد» بەکار هێنراوە، ئایا ئەم وشەی «مستقيل»ە گونجاوە لێرەدا بکار بێت، چونکە لێرە ئەو فەرمانبەرە «فصل» دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.إدريس هادی فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەنزیم کردنی ئەو حاڵەتانە شتێکی چاکە لەم یاسایە زۆر بە موتڵەقی هاتووە تەماشای بکەین دەبینین ئێمە لەحاڵەتێکی ئیستسنائین ئەمڕۆ لەحاڵەتێکی ئاسایی ئەمڕۆ فەرمانبەر بابەتی هەیە چوار پێنج دەرەجەی هەیە خەڵکێک هەیە ئەمڕۆ خوا خوایەتی یاسایەکی وا دەربچێت لەڕێکخراوێک بە نیشتەجێ یی دای بنێیت بۆ ئەوەی لەوێ دابمەزرێت و بچێت ئیشی خۆی بکات

خەڵكێكی تر هەیە ئیلتیزامی هەیە مەسەلەن بۆ خوێندن نێردراوە چوار پێنج ساڵ ئیلتیزام كرایە كە پاش ئەوەی زوعفی مودەی خزمەت بكات لە زانكۆ ئەسحابی كەفائەن. كە دێ مانگێک دوو مانگ خزمەت دەكات یان شەش مانگ خزمەت دەكات پاشان ئیحتیماله تەعەمود دەكات مانگێک خۆی غائیب دەكات بۆ ئەوەی بچێت ئیشێكی باشتر بدۆزێتەرە حەق نییە ئەوەی بەموستەقیل دابنرێ حەقە چارەسەری ئەو حاڵەتانەش بكرێت چونكە لەوانەیە هەندێ جەوانبی ئیجابی هەبێت ئێمەفەرمانگەی خۆمان دەزانین كەوا فەرمانبەرمان زۆرە و فائیزمان زۆرەو خەڵكێک هەیە بەتەعەمود دەوام ناكات بەڵام حەقە حاڵەتەكان هەندێک جیاوازی هەبێت.
سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاک شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەرمانبەر كاتێک غائیب ئەبێت بەئەمری یاسا ئیجرائی خۆی لەگەڵ ئەكرێت، لەگەڵ دەزگایەكی تردا منیش هەمان پێشنیارم هەیە بكرێت بەدووبەش ئەوەی كە بە شێوەیەكی بەردەوام غائیب ئەبێت ئەوە مانگەكە باشە بەڵام ئەوەی كە بەشێوەی مونقەتیعە منیش هەمان پێشنیاری مامۆستا شێخ موحسنم هەیە دوو مانگ باشە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی شێخ موحسن و شێخ جعفر فەرموویان بكرێت بە دوومانگ فەرمانبەر یەكەم جار خۆی حەقی مانگێكی هەیە هەموو ساڵێک مانگێک ئیجازە وەربگرێت بۆ پشوودان(٣٦)ڕۆژ هەرمانگێک (٣) ڕۆژ هەقی هەیە ئیجازە وەربگرێت دوومانگیش هەر ئاوا غائیب بێت بچێتەوە ماڵەوە مانای وایە (٥٩) ڕۆژ دەچێتەوەماڵەوەو مانگێكیش ئیجازەی وەرگرتووە (٣)مانگ دەچێتەوە ماڵەوە دوایی دێتەوە ڕۆژێكی تر غائیب نابێت ساڵەكە هەمووی دەباتە سەری ئیمكان نییە و مەعقول نییە دوومانگ فەرمانبەرێک بەبێ عوزری مەشروع هیچ ئیشی نەبێت هیچ عوزری نەبێت و بێتە فەرمانگەكەی خۆی و عوزرێكی مەعقول پێشكەش بكات فەرمانگەكە لێ ی قبوڵ دەكات بەس هیچ عوزری نەبێت و لە فەرمانگە غائیب بێت بۆ غائیب بێت واجبی ئەوەیە بێت ئیشوكاری خەڵک ڕاپەڕێنێت ئیشی حكومەت بكات بەڕەئی من زۆر ئاساییە برایەک مانگێک بەبێ هیچ عوزرێک لە فەرمانگە مانگێک غائیب بێت بەنیسبەت د. إدریس فەرمووی

مومکینه فیعلەن هەندێک حاڵەتی واهەیە پیاو وابکات، بەڵام یاسا ناتوانی هەموو حاڵەتێک گەورەو بچوک هەموو پێکەوە چارەسەر بکات بەنیسبەت داواکاریەکی گشتی مومکینە ئەو خەڵکەی کەحەز ناکات لە فەرمانگەی دەوڵەت ئیشبکات ئێستاش ئیستیقالە قبوڵ دەکرێت هەرئیش ناکات حکومەتیش ڕێگا لەکەس ناگرێت کەوا ئیشێکی باشی لەجێگەیەک دەست کەوت بچێت بیکات فەرمانگە بەحەقیقەت لەسەر کەس پەکی ناکەوێت فەرمانگەی دەوڵەت لەسەر کەس پەکی ناکەوێت و ئەو کەسانەش کە پەکیان لەسەر دەکەوێت مومکینە بە وەزعێتێکی وا وەزعیان بۆ ڕێک دەکەوێت کەوا فەرمانگەکە چاکترە لە جێگەیەکی تر بۆیە بەڕەئی من لەوانەیە حاڵەتی وا ڕووبدات بەڵام هیچ تەئسیرناکات. بەنیسبەت ئەوەی کاک ملا هادی فەرمووی،ئەوانە عقووباتە کەباسی کرد ئەگەر فەرمانبەر موقەسیر بێت لەئەدای کاری خۆی ئەوا ئاگادار دەکرێتەوە و تەوبیخ دەکرێت مەسئەلەی غیاب لەبنەڕەتەوە لەیاسای خزمەتی شارستانی دا هاتووە ئەوەی کاک علی فەرمووی(إنذار) لەوێ بۆ خۆی هاتۆتە ئیختار ئەوانە غایەیان ئەوەیە مەسەلەی ئیختار نەمێنێت مەسائیلی تەوبیخ گرانەئەگینا ئیختار هەیە ئەگەر کابرایەک (٧) ڕۆژ غائیب بێت ڕەئسەن سەرۆکی فەرمانگە حەقی هەیە ئیختاری بکات بەپێ ی یاسای کۆن پێویست نییە ئێمە لێرەدا دووبارە ناوی ئیختار بهێنینەوە خۆ یاساکەی پێ ناوێت ئەگەر مەسائیلی ئیختارە (٧) ڕۆژ حەقی هەیەو پاش (٧)ڕۆژ دێتەوە بەس یەک خاڵ هەیە لێرەدا ساڵی ڕۆژ ژمێری هاتووە لەسەر ئەو ئەساسە هاتووە مەسەلەن (٣) ڕۆژ غائیب بوو دوایی بێتەوە بۆ دەوام دوای (٣)ڕۆژی تر غائیب بێت دەکا فەرمانبەرێکی موستەهتیر بەڕەئی من فەرمانبەرێک بەوشێوەیە موستەهتیر بێت (٣)ڕۆژ بێت و دوای نەیەت دوای ڕۆژێکیش بەکەیفی خۆی بێت ئەوە حەق نییە فەرمانبەر وابێت پێویستە فەرمانگە بەجێ نەهێڵێت بەبێ موافەقەی سەرۆکی فەرمانگەی خۆی یان بەبێ ئیجازە، یان عوزرێکی مەشروعی هەیە بە تەلەفۆن ئاگاداری دەکا، وەسائیلی پەیوەندی هەیە و زۆرە تەلەفۆن بۆ برادەرێک دەکا جا لەبەر ئەوە بەڕەئی من یاساکە زۆر باش هاتووە (٣٠)ڕۆژ فەرمانبەرێک بەبێ مۆڵەت غائیب بێت چ بە پچڕ پچڕی لەماوەی ساڵێک بۆ خۆشی حەقی ساڵێک مۆڵەتی هەیە بەڕەئی من ئیعتیبار بکرێت موستەقیل خراپ نییە ئەوەی د. ڕزگار فەرمووی موستەقیلی عقوبەیەکی خراپە فیعلەن چونکە لە بنەڕەتەوە لەیاسای خزمەتی شارستانی موستەقیلی ئیعتیبار کراوە بە عقوبە ئەگەر (٧)ڕۆژ غیابی بوو ئیختاری بدەرێ ئەگەر نەهاتەوە ئیعتیباری کە موستەقیلە ئەو وەختەش ئیعتیبار دەکرێت موستەقیلە ئێستا درێژە تەقریبەن مانگێکە چونکە موستەقیل هەندێک مافی هەیە دەڕوات، ئەوە مەسئەلەیەکی ڕەدعە کە فەرمانگەکەی خۆت بەجێ نەهێڵێت چونکە موستەقیل مافی خانەنشینی وەرناگرێت، ئوجوری ئیجازاتی حەق نییە ئەگەر فەرمانبەر ئیعتیبار کرا موستەقیل ئەو شەش مانگەی ئوجوری ئیجازات وەرناگرێ ئەوە لەبنەڕەتەوە عقوبەیە جالەبەر ئەوە پێویستە بەعقوبە بڕوات نابێت بڵێیت( یحال على التقاعد)، چونکە(یحال على التقاعد) کاتێ خدمەی تەواو کرد خۆی تەلەب

پێشکەش دەکات حەقی خۆی هەیە داوای تەقاعود بکات (١٥)ساڵ خزمەتی هەیە بۆ دەچێتەوە ماڵی خۆی.د.ناصح فەرمووی ئەوەی تەعبیری موستەقیلی لەپێش بێت عادەتەن واباشە بەنیسبەت یاسا فیعلەن دیاری بکەین ئەوسات عقوبەی فیعلی بدەرێ یەعنی ئەگەر فەرمانبەرێک هەرشتێکی کرد ئەوجا عقوبەی بدرێت نەک پێشەکی عقوبەی بدرێت جا لەبەر ئەوەی جەسامەتی فیعلەکە دیاربێت باشە مەسەلەن کابرا دەڵێت (إذا إرتكيب جريمة فلان شيء يعاقب بفلان شيء) دائیمەن عەمەل لەپێش بێت باشترە و عقوبە بکەوێتە پاش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەپێشدا کە ئەو ماددەیەی (٣٧)ی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)پێنج برگەیە،برگەی یەکەم باسی نقڵ و ماوەی بچڕاندن لە پیشەی لەماوەی (٧)ڕۆژدا ئەگەر لەو ماوەیەدا ئیلتیحاقی نەکرد ئیعتیبار دەکرێت موستەقیلە برگەی دووی باسی ئلتیحاقی فەرمانبەر دەکات پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتی ئەگەرئیلتیحاقی نەکردو بیانوی مەشروعی نەخستەڕوو ئەوا ئیقالە دەکرێت ئەگەر لەناوخۆی وولاتا بێت تا (٧)ڕۆژ وەئەگەر لەدەرەوەی وولاتابێ یاخود نەزانرێت لەکوێیە لەماوەی(٣٠)ڕۆژدا ئەگەر ئیلتیحاقی نەکرد بەوەزیفەکەیەوە ئەوا بەموستەقیل دەژمێردرێت جا مەبەست لێرەدا ئەوەیە پێم باشە بەڵام وەکو مامۆستا شێخ محسن باسی کرد جیاوازیەکە لەنێوان ئەوەی کە بەردەوام بێت یان پچڕ پچڕ بێت هەمان مادەکە ئەوەی تێدایە (٣٠)ڕۆژ کابرا غائیب بێت موستەقیلە ئیعتیبار دەکرێت بەموستەقیل ئەوکاتیش خارجی وولات بێت ئەو داخلی وولات بێت ئەوەی خارجی وولات بێت تەنها بەئیختیارەو ئێمە ئیختیارەکەمان ئێستا لابردو، فەرقێک هەبێت یان وەکو (دکتۆر) کاک محمەد عەلی وتی جیاوازیەکیان هەبێت بەڕاستی مەڕو بزن هەردووکیان بەقاچی خۆیان ئەکرێن بەدارا حەقە جیاوازیەکیان هەبێت موستەمڕ لەگەڵ موتەقەتتیع حەقە جیاوازیان هەبێت زیادی ئەکەن یان کەمی ئەکەن ئەوەیان ئارەزووی جەنابتانە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکە ڕەش .

**بەڕێز کـاکـەڕەش مـحـمـد نەقـشـبـەندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

ئەوەی کە ئێستا مامۆستا فەرمووی جیاوازی هەبێت بەنیسبەت ئەوەی ناوەوە(٣٠) ڕۆژو ئەوەی دەرەوە(٣٠)ڕۆژ یاسای خزمەتی شارستانی ئەو حالەتێک بوو کابرا بەشێوەی ڕەسمی دەچوە دەرەوە ئێستاش کابرایەک ئەگەر بەشێوەیەکی ڕەسمی بچێتە دەرەوە ئەو ماوەیەی کە دەچێتە دەرەوە حسێب نییە بەڵام ئەگەر فەرمانگەکەی بەجێ بێلێت و بچێت بەقاچاغی بچێتە دەرەوە جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەوەی کە تۆ لەوێ حەقی بدەیتێ پاش (٣٠)ڕۆژ بێیتەوە ئەسلەن فەرمانگەی بەجێ هێشتووە بەموخالەفەی یاسا دەرچوەو دوایش مۆڵەتیشی زۆر بدەیتێ تا جەنابی دێتەوە بەڕەئی من مەسەلەکە وارید نییە ئەوەی لە یاسای خزمەتی شارستانی دا هاتووە ئەم حاڵەتانە تەبیعییە یەعنی من ئێستا ئیجازە وەردەگرم لە فەرمانگەی خۆم دەچمە دەرەوە پاش ئەوەی لەوێ دوا کەوتم (٣٠)ڕۆژ یاسای خزمەتی شارستانی هەر (٣٠)داناوە بەنیسبەت دەرەوە ئێستاش هەر(٣٠)یە کە بەبێ عوزر لەوێ دەمێنمەوە لەوێ دەتوانم بروسکەیەک یان فاکسێک بکەم بلێیم من نەخۆشم لەفلان جێگام مومکینە سەرۆکی فەرمانگەکەم بە نەزەری ئیعتیبار لێم وەرگرێت فاکسەکەم یان مەکتەبی حکومەت لەوێ تەئید دەکات دەڵێت فیعلەن ئەو کابرایە لەخەستەخانە نووستووە مەعزەرەتەکەی مەشروعە ئەوەیان حالەتێکە کەمەعزەرەت نەبێت و وەئەوەی کاک ئەمین فەرمووی ئیعتراز لەسەر بریار چونکە ئەوە تەغەیوبە ئەعنی کابرا دەبێ بڵێ هاتوومەتە فەرمانگە، مەعقول نییە کابرا بڵێ من هاتوومەتە فەرمانگە، فەرمانگە سجیلاتی هەیەو مەعقول نییە کابرا غائیب نەبێت لەفەرمانگەو بنووسرێ غائیبە؟ یەعنی کەس هەیە لەفەرمانگە ئامادە بێت و سەرۆکی فەرمانگە بنووسێ غائیبە نانووسرێت لەبەرئەوەی غیابە مەسەلە مەسەلەی غیابە پێویستی بە ئیعتراز نییە لەسەری بنووسرێ غیابە مەوجودە غائیبە لەفەرمانگە دەمێنێتەوە مەسەلەی مەعزەرەتێکی مەشروع مەعزەرەتی مشروع (تقرير طبی)یە، وەفاتە مومکینە( لاسمح الله)لەجێگەیەکی دوورە سەیارە لێی داوە ناگاتێ ئیحتیمالە پاش دوو ڕۆژ دێتەوە دارشەقێکی لەبن دەستە باوەڕ ناکەم سەرۆکی فەرمانگە ئەوەندە بێ زەوق بێت کابرا بزانێت فیعلەن مەعزەرەتێکی مەشروعی هەیە موجەرەد مەسەلەی ئینتیقامە ئەوە مەسەلەیەکی عیقابییە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لەگەڵ ڕێزم بۆهەندێ فەرمانبەر تۆزێک موستەهتیرن لە دەوام یەعنی مولتەزیم نین لەدەوام ئەوەی فەرمانبەرێکی مولتەزیم بێت بەدەوام توشی ئەو نەوعە موشکیلانە نابێت . سوپاس .

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

حکومەتیش تەعبیرێکی تری هەیە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بابفەرموێ.

**بەڕێز سەرکیس أغا جان/وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم جار سوپاسی لیژنەی یاسا دەکەین تەقریبەن هەموو ئەو ئارایانەی کە هەمان بوو پێشکەشیان کرد بەڕاستی هیچی زیاترمان نییە لەسەر ئەوە بەس هەدەفی ئێمە لەو مەشروعە تەنها دروست کردنی ئیلتیزامە بۆ فەرمانبەران بۆ ئەوەی مولتەزیم بن بە فەرمانگەی خۆیان. شتێکی باشتریشمان کردووە ئێمە هەتا ئێستا (٧) ڕۆژ بوو بەنیسبەت فەرمانبەران ئەوانەی کە لەناو هەرێم بن (٧) ڕۆژ ئەگەر غیابی کرد ئیختار دەکرێت ئێمە ماوەکەمان زیاد کردووە بۆ یەک مانگ یەعنی ماوەکە حەتا بۆ ئەوانیش زیاد تر بووە هەدەفی مەشروعەکە هەرئەوەیەو بەنیسبەت ئەوانەی ڕێکخراوەکان کە لەڕێکخراو ئیش دەکەن خۆ هەمان ئەو یاسایە پەیرەو دەکەین بەو یاسایەش ئیش دەکەین (٧) ڕۆژ لە ناوهەرێم کە غیابی هەبوو ئیختار دەکرێت و ئەگەر دەوامی نەکرد، ئەگەر دەوامی نەکرد موسیەقیل حیساب دەکرێت یەک مانگ لە دەرەوەی هەرێم، یەعنی ئێستا عەمەلیەن ئێمە بەو یاسایە ئیش دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پرسیارم هەیە لە لیژنەی یاسایی دەکەین زەحمەت نەبێ، بۆ ئەوەی تەوزیح بکرێت زیاتر:

١ ـ ئایا سەرۆکی دائیرە بۆی هەیە ئیستیقالە قەبوڵ نەکات، یان قەبوڵی بکات، فەرمانبەر ئەگەر ئیستیقالەی دا مەفروزە یەکسەر قەبوڵ بکرێت، یان سەرۆکی دائیرە بۆی هەیە ئەو ئیستیقالەیە قەبوڵ نەکات.

٢ ـ ئایا هیچ یاسایەک هەیە بۆ ئەو فەرمانبەرەی کە پێویستی پێیەتی ئیجباری بکەی ئیشەکەی بکات.

هەر ئەو دوو پرسیارە بوو، وازیحە پرسیارەکانم.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرۆکی دائیرە بۆی هەیە، ئەگەر فەرمانبەر ئیستیقالە تەقدیم بکات، قەبوڵی بکات یان قەبوڵی نەکات، هیچ شتێک لە یاسای خدمەی مەدەنی نیە ئیجباری فەرمانبەرەکە بکات لە دائیرە بمێنێتەوە، تەنیا وەختی خۆی(مجلس قیادە الثورە العراقی) بریارێکی دەرهێنا وا تەسەور دەکەم کە رەقمی (٢٠٠)ە دەڵێ: هەر فەرمانبەرێک حەقی هەیە رەئیسی دائیرە، ئەوجا نازانم لەغو بووە یان نا، هەر فەرمانبەرێک دائیرەی بەجێ بهێڵێ رەئیسی دائیرە دەتوانێت ئەوە موحاسەبە بکات بە یاسا و بیداتە محاکم و سزایەکی توندیشی دانا بوو نزیکەی گەیشتبووە ئەشغال شاقە، لەبەر ئەوەی فەرمانبەرەکانی هەموو رەبت کرد بوو کەس نەیدەتوانی دائیرەکە بەجێ بهێڵێ، بەس تا ئێستا بەنیسبەت ئێمە هیچ شتێک نییە فەرمانبەر ئیجبار بکات لە دائیرەکەی بمێنێتەوە، ئەگەر

ئیستیقالەکەی قەبوڵ نەکرا دائیرەکە بەجێ بهێڵێ، وەکو جەنابی وەزیری دارایی فەرمووی (٧) ڕۆژەکەی غیاب دەبێت ئیختاری دەدەنێ و پاش ئیختارەکەی نایەتەوە دائیرە و ئیعتیبار دەکرێت موستەقیلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جا تکایە ماددەی یەکەم بخوێنەوە جارێکی تر، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: اذا انقطع الموظف عن دائرته بدون عذر مشروع لمدة ثلاثين يوماً خلال السنة التقويمية سواء كان الانقطاع بصورة مستمرة او متقطعة يعتبر مستقيلا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، چوار ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکات، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، دیارە نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، دیارە نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شــــــیــــــروان ناصح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، دیارە نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی چوارەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ئێستا هەموو یاساکە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، پرۆژەی یاساکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.

خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری دەرکردنی دابەشنامەی شەرعی و وەفاتنامە بۆ کەس وکاری شەهیدان کە لە دەرەوەی هەرێم و لەناو حکومەتی مەرکەزی نیشتەجێن، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ئەوقاف دەکەین بفەرمووێ بێتە سەر سەکۆیەکە، تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی پێشمەرگەش دەکەین بفەرمووێ با بێتە سەر سەکۆیەکە، تکایە رای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شــــــیــــــروان ناصح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پرۆژەکە دەیخوێنمەوە هەر وەک چۆن هاتووە:

رئاسة مجلس الوزراء

قرار

إستنادا الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ماعرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / ٢٠٠٢ إصدار القرار الآتي:

١ ـ لمحكام الاحوال الشخصية في الاقليم اصدار حجج الوفاة والقسامات الشرعية لشهداء الحركة التحريرية الكوردية ولو كان محل اقامتهم الدائمية خارج اقليم كوردستان العراق.

٢ ـ لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

٣ ـ على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

٤ ـ ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا دەقی ڕای لیژنەی یاسایی پرۆژەکە دەخوێنینەوە:

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق الموقرة

م/ رأي اللجنة

كتابكم المرقم ١٦ في ٢٠٠٢/٣/٢٨

اجتمعت اللجنة القانونية لدراسة ومناقشة مشروع القرار الخاص بحجج الوفاة والقسامات الشرعية وبعد دراسته ومناقشته ايدت اللجنة المشروع بالاجماع بعد اعادة صياغة الفقرة الاولى منه لتكون كالاتي:

١ ـ لمحاكم اقليم كوردستان العراق إصدار حجج الوفاة والقسامات لشهداء الحركة التحريرية الكوردية ولو كان محل اقامتهم الدائمية خارج اقليم كوردستان العراق

راجين التفضل بالموافقة وعرض مشروع القرار على المجلس الوطني لدراسته واصدار القرار المناسب بصدده.

مع التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش هەروەکو پرۆژەکەی پێشوو بەڕاستی تەعدیلەکی زمنیە بەپێی قانونی ئەحوالی شەخسی، لەبەر ئەوەی پاشی را دانەکەمان وامان بە پەسند زانی کە ئیعادەی نەزەر لە رایەکەی خۆمان بکەینەوە بەشێوەی یاسا دەربچێت، چونکە ئەویش تەعدیلەکی زمنییە بۆ قانونی ئەحوال شەخسی، جا لەبەر ئەوەی پێشنیار دەکەم لەباتی بریار ببێتە یاسا و، نووسیمانە (المحاكم الاقليم) نەک (المحاكم الاحوال الشخصية)، برادەرانی موشەرعی پرۆژەکە دروستیان کردووە، لەوانەیە ئیعتیماد بکەنە سەر قانونی ئەحوالی شەخسی، چونکە لە قانونی ئەحوالی شەخسیی برگەیەک هاتووە دەڵێت:« لايعتد بالقسامات الشرعية التي تصدر خارج اقليم المتوفي» ئەو کەسەی کە مردووە، لەوانەیە وا تەسەوریان کردووە کە زمنەن ئیمکان هەیە بەشەکانی تر بکرێت، بەس بەڕای ئێمە وازیح ترە بە محاکمی ئیقلیم، چونکە محاکمی ئیقلیم ئەحوالی شەخسیش دەگرێتەوە، قەساماتی شەرعی و قانونی دەگرێتەوە، بۆ برادەرانی مەسیحی محاکمی بیدائە حاکمی مەوادی شەخسییە، لەبەر ئەوەی محاکم بەشێوەیەکی موتڵەق، ئەگەر هەر کەسێک قەسام دەربکات بەهەر شێوەیەک بێت محاکم بتوانێت قەسامەکەی بۆ دەربکات، هەرچەندە مەحەلی

ئیقامەکەشی لەوێش نەبێ، بەنیسبەت شەهیدانی حەرەکەی تەحەروری کوردی ئاسان کردنە بۆ ئیشەکەی زیاتر و، تەوزیحیشە زیاتر، چونکە ئەگەر برادەرێکی مەسیحی مەوراجەعەتی بکات لە شەهیدانی تەحەرووری کوردی بێت بلێ من قەسام دەردەهێنم، ناتوانێت بچێتە مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی، دەبێت بچێتە مەحکەمەی بیدائە، ئەمەش لێرە ناومان هێناوە دەڵێن بەس مەحکەمەی ئەحوالی شەخسی، لەبەر ئەوەی پێمان باشە(محاکم اقلیم) ئەحوال شەخسیش یەک لەو مەحکامانەیە کە بتوانێت قەسام ئامادە بکات بەنیسبەت شەهیدانی حەرەکەی تەحەرووری کوردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی فەرموو.

**بەڕێز محسن خالد مصطفى مفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بە نووسراوی رەسمی ئاراستەی بەڕێزتانمان کردووە، کە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی کۆبوونەوەی خۆی ساز داو پشتگیری دەکەین لەو بڕیارەی کە ئەنجومەنی وەزیران بە پڕۆژەیەک ئاراستەی پەرلەمانیان کردووە، دەربارەی ئەنجامدانی قەسام شەرعی و بەڵگەنامەی وەفات بۆ شەهیدان لە دادگاکانی هەرێمدا و، ئەوانەی کە لە دەرەوەی هەرێم نیشتەجێن، ئێمەش هەر وشەی دادگاکانی هەرێممان بەکار هێناوە، پێمان پەسندە لە مەحاکمی ئیقلیمدا بێت ئەوەیان باشترە بۆ ئەوەی گشتی گیر بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی پێشمەرگە فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە رای لیژنەی پێشمەرگەی پێشووەو دوای ئەم گۆڕانکاریانەی لیژنەکەمان دامەزراوە و کە ئاراستەی بەڕێزتانی دەکەین« پاش سەردانی کاروباری پێشمەرگە و دەزگای شەهید و وەزارەتی داد، ئەم پڕۆژەیەی لە بەرژەوەندی کەسوکاری سەر بەرزی شەهیدانە و، ئاسانکاریان بۆ دروست دەکات، بەتایبەتی بۆ کەس و کاری سەر بەرزی شەهیدان ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمن، بۆیە لەگەڵ پڕۆژەکەین کە هاتووە بە هەر چوار خاڵەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای بەڕێزان و نوێنەرانی حکومەت، بەڕێز کاک نەمر کەچۆ فەرموو.

**بەڕێز نمرکـــــچـــــــو/وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێم باشە لەگەڵ محاکم ئەحوال شەخسییە مەحکمەی مەواد شەخسییەی بەدوادا بێت، حەسر بکرێت، نەوەکو کاکەڕەش خۆی وتی (المحاكم الاقيلم)، ئەگەر بە موتڵەق بێت وابزانم تەواو نیە، چونکە هەر دوو مەحکمەی ئەحوال شەخسییە و مەحکمەی مەواد شەخسییە ئەو ئیشانە دەبینن، ئیتر مەحکمەی جونح و جینایات و مەحکمەی تر ئەو صەلاحیاتەی نیە، بە ئیستیشنای مەحکمەی بیدائە، مەحکمەی بیدائەش دەڵێت مەحکمەی مەواد شەخسییە، ئێمە وامان پێ باشە ئەگەر مەحکمەی ئەحوال شەخسییە ببێتە مەحکمەی مەواد شەخسییە، یان بکرێتە مەحکمەی بیدائە، یان مەحاکمی موختەس، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کە دەڵێن مەحاکم اقلیم، مانای ئەوە نییە کابرایەک قسام دەردەکات بچێتە مەحکمەی جونح، دوایی مەحکمەی مەواد شەخسییە بەنیسبەت غەیری موسڵمانەکانە، مەحکمەی بیدائەش بەنیسبەت قەساماتی شەرعییە، دوایی حاکمی مەحکمەیەکە لە قەزایە، مەحکمە لە قەزا هەر سێ حاکمە، حاکمی بیدائەیە، حاکمی جونحەیە، حاکمی تەحقیقە، مەحکمەکە هەمووی یەک حاکمی لێیە هەموو سیفەتەکانی لێ دەبینێ، کە مارەیەک دەکات دەنووسێ(تشکلت محکمة الاحوال الشخصية) ناڵێت (تشکلت المحکمة البدائية)، ئەگەر جینایات موخالەفەیەک بێتە پێشی دەڵێت (تشکلت محکمة جنح قضاء فلان)، لەبەر ئەوە کە دەڵێن محاکمی اقلیم مانای ئەوەی بەپێی ئیختیساسە، مانای ئەوەی نیە کە مەحاکمی اقلیم بۆ هەر مەحکمەیەک بچێت، یەعنی (ذات الاختصاص) لەبەر ئەوەی حەسری نەکەین بە ئەحوالی شەخسیی بە بیدائە بە حاکمی مەوادی شەخسیی، حاکمی مەوادی شەخسیی هەر حاکمی بیدائەیە، بەڵام پێی دەڵێن حاکمی مەوادی شەخسیی بۆ ئەو مەوزوعەیە، ئەگەر نا حاکمی مەحکمەی بیدائەیە، نەک حاکمێکی تایبەت بێت ناوی حاکمی مەواد شەخسیی بێت، بەس بەو سیفەتە ئینعیقاد دەکات و قەسامەکە دەردەکات، لەبەر ئەوە زۆر ئیعتیادیە حاکمی اقلیم قەسامات دەربکات، ئەوەش موشکیلە نیە با حاکم موختەس بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

یەکەم جار حاکم موختەسە هیچ زەرەری نیە و دەقیق ترە، هیچ تێبینی هەیە، هێشتا ماددەمان

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زین العـــابدین:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

پڕۆژەکە خۆی لە خۆیدا وەفاداری و ئاسانکارییە بۆ کەس و کاری شەهیدان، حەقیقەت سەلاحیات دانە بە دەزگاکان، جا بە چ مەستەلەحێک دایدەڕێژن، حوجەی وەفات و قەسام شەرعی دەرچوێنێ بۆ کەس و کار و وەرەسەی شەهیدان با مەحەل ئیقامەی دائیمیشیان لە دەرەوەی هەرێم بێت، مەسەلە لەسەر ئەوەیە کە مەحەلی ئیقامەی وەرەسە لە دەرەوەی هەرێم بێت، نەک شەهیدان، ئەگەر تەماشای داڕشتنەکە بکەیت جیاوازی هەیە، یەعنی وەکو خەلتێک هەیە، لایەنێکی تر هەیە پێم وایە ئەو بڕیارە کە لەوێ پێشنیار کراوە، حەز دەکەم ئیشارەت بەوە بدەم وابزانم بڕیارەکەش هەر لەسەر ئەو ئەساسەیە، یاسای ئەحوال شەخسیی عێراقی لە ماددەی دووی یاساکە ئیشارەتی بۆ دەکات « ئەگەر ئیقامەی دائیمی واریس لە وڵاتی مردووەکان نەبێت، بەمەرجێ ئەوەی میراتی پێ ڕەوا دەبینرێ» واتا ڕەها نیـە، وەکـو دەڵێت « غـیر ان العراقي لا يرثه من الاجانب الا من كان قانون دولته يرث العراقي منهم» ئەو مەرجە لە یاساکانی وڵاتانی تریشدا وەکو میسر و سوریا هاتووە، تەنانەت ئەگەر هەر دوو وڵاتەکەش بەناو مـوسڵـمان بن هەمان ئەو ئیـخـتـیـلافی دار جیاوازیەکە لەنێوانیان، چونکە « لان اختلاف الدار مانع من الارث عند الحنفية» لەهەندێ حاڵەتدا. پێشنیارێکیشم بەدەستەوەیە بەنیسبەت داڕشتنەکەی لیژنەی یاسا، پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم بەم شێوەیە داڕێژێتەوە محاکمەکە چۆن دەڵێ وەک جەنابی وەزیر یان جەنابی لیژنەی یاسا دەڵێت «لمحاكم الاحوال الشخصية» مەحاکمی ئەحوالی شەخسیی و مەوادی شەخسیی یان مەحاکمی ئیقلیمی کوردستانی عێراق «اصدار حجج الوفاة والقسامات الشرعية لشهداء الحركة التحريرية الكوردية ولو كان محل الاقامة الدائمة لطالبي الحجج والقسامات خارج اقليم كوردستان العراق» نەک مەحەل ئیقامەی شەهیدان، چونکە مەحەلی ئیقامەی شەهیدان داخیلی ئیقلیمە، بەس بۆ نموونە لە تاڵبی حوجج و قەساماتەکە، ئەگەر لە دەرەوەی ئیقلیم بێت لێرە بۆیان دەردەهێنرێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

یاسایەکە بۆ کەس و کاری مردووەکەیە، نەک بۆ ئەو کەسەی واریسە، چونکە واریس هیچ ئیلتیزاماتی لەسەر نیە، ئیلتیزامات لەسەر مردووەکانە لەسەر میراتی مردووەکەیە، مەخسەدیان ئەوەیە شت تەزویر نەکرێت، زەریبەی میرات هەیە کابرا لە کوێ مردووە، قانون ئەحوال شەخسییە

دەڵێت «لايعتد بالقسامات الصادرة في محل خارج اقليم المتوفي» بۆ نموونە مردووە و نەوەک شتی مردووەکە بزر بکرێت، نەک بۆ کابرای من دەچم قەسامەکی مردوویەکی لە هەر جێگایەکی دەربکەم هیچ موشکیلەی تێدا نیە، بەس مردووەکە لەوێ موڵکی لێیە، چونکە دەبێت تەئیدی زەریبە بێنێت لەوێ، ئەو زەرائیبانە هەموو لەوێ بزر دەبێ، بەنیسبەت وەرەسەی مردوو ئیلتیزاماتی لەسەر نیە، هەتا ئەو موشکیلەی باوێنە سەر، ئەساس مەسەلەی میراتەکەیە، لەبەر ئەوەی کەس و کاری مردوو ئەگەر لە دەرەوەی ئیقلیمیش بن مەحاکم حەقی هەیە قەسام بۆ هەر کەسێک دەربکات، یەعنی زۆر کەس هەیە واریسیش نیە واریسێکی شەرعی داوای قەسامی فلانی دەکات، یەعنی پێی ناڵێن ئیسپات بکە کە تۆ واریسی فلانی یان نا، گرنگ ئەوەیە بە حوجەی وەفات شاهێد و ئیسپات بکات کە کابرا مردووە و ئەو کەسانەی لە پاش بە جێ ماون، ئەو مەسەلەیە بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی نازانم کە باسی قەسامات کرا هەر باسی قەسامات کرا بە تەنها یان قەساماتی شەرعی و قانونی، دەبێت قەسامات بە تەنها بێت، چونکە دوو جۆرە قەساماتمان هەیە، دەبێت قانونەکە دەقیق بێت، قەسامات بە تەنها کافیە وابزانم شەرعی دەبێت، قانونیش ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامی دەدەنەوە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشنیارەکەی ئێمە کردیتمانە قەسامات «اصدار القسامات» نەمان گوتووە قەساماتی شەرعی «قسامات اذا كان شرعياً أو قانونياً» بە مانای قەسامات دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک نەمر کەچۆ.

**بەڕێز نمر کچو/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەساماتی قانونی لەسەر ئەساسی قەساماتی شەرعی دێتە دەرێ، ئەگەر وەرەسە بەپێی قەساماتی

شەرعی لێرە تەحدیدی کرد ناتوانین قەساماتی قانونی دەربخەن، ئەساسەکەی قەساماتی شەرعییە نەک قانونی، یەعنی ئەگەر ئیشارەتی پێ بدرێت، قەساماتی قانونی دەتوانێت لە هەر جێگایەک بێت موشکیلە نیە، بەس موشکیلە موشکیلەی قەساماتی شرعییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامتان هەیە لیژنەی یاسایی، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە موراجەعەی مەحکمەی بیدائە بکەین بۆ دەرهێنانی قەسامەکی قانونی، داوات لێ ناکات بڕۆ قەسامی شەرعیم بۆ بێنە، ئینجا قەسامە قانونیەکەت بۆ دەکەم، زۆر وەڕەسە هەیە وەڕەسەی شەرعینە وەڕەسەی قانونی نینە و، نیسەب هەیە زۆر جار دەگۆڕێت لە نیسەبی مەوزوعی شەرعی بۆ مەوزوعی قانونی، لە زەوی و زار هەموویان رازینە لە موڵکیش « للذکر مثل حظ الانثیین» دوو شتم کرد کە گوتت قەسامات یەعنی شەرعی و قانونی، کابرا پێویستی بە شەرعی بێت دەچێتە موراجەعەی مەحکمەی ئەحوال شەخسیی دەکات قەسام دەهێنێت، پێویستی بە قەسامی قانونی بێت دەچێت موراجەعەی مەحکمەی بیدائە دەکات، وشەی قەسامات کافییە، یەعنی «تعني القانونية والشرعية» ، ئەوجا بەپێی ئیختیساسی مەحکمەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەعقیبی تر هەیە، فەرموو.

**بەڕێز نمر کچو/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعقیبی من ئەوە نیە، مەسەلە لەسەر قەساماتی قانونی ئان شەرعی ئەوی کاکەڕەش فەرمووی، یەعنی لەسەر ئەساسی دابەش کردنی تەریکە نیە لەسەر تەحدیدی وەڕەسەیە، یەعنی چەند کوڕن و چەند کچن و، کێ موستەفیدە لەوان، ئەگەر قەساماتی قانونی وەکو ئەوی تر (للذکر مثل حظ الانثیین) نینە هەردوو موساوینە، لە قەساماتی قانونی کچ و کوڕ یەکسانن، بەس ئەگەر بڵێین قەسامات هەر تەواوە لەسەر ئەو ئەساسە، یەعنی ئەگەر نەشڵێین هەر تەواوە هەر قەساماتی شەرعی موتڵەق بێت دروستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەوانەی شوهەدا هەر پێویستی بە حوجەی وەفات و قەساماتی شەرعی و ئەکید قانونیش ئیشارەتی پێداوە باشە، بەس مومکینە زۆر خێزان هەنە شەهیدی هەبن پێویستی بە حوجەجی ویصایەش هەیە، جەنابی ئەندامانی لیژنە دەزانن، مومکینە شتێکی تریش بێتە پێش، مومکینە تەتبیقی تریش بێتە پێش، نزانم لەوانەیە ئێمە ئیشارەتی پێ بدەین، راستە ئیشارەتی پێ بدەین حوجەجی وەفات و قەساماتی شەرعی و قانونی مومکینە شتەکی تریش بێتە پێش، شتێکی زێدە بکەین (کل مایتعلق بحقوق الشهید) شتێکی باشە مومکینە بڕیار بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە پێویستی بە زیکر ناکات، چونکە کە تەحدیدی وەرەسە کرا بەپێی قەسامی قانونی و شەرعی، چونکە ئەوەی جەنابی کاک سەفەر فەرمووی ئەگەر نا دەبێت قیمووەمەش بلێین خۆی و ئەولیاء بە شێوەیەکی گشتی بەحوکمی قانون قائیمن لەسەر ئەوەی، ئەوجا کە قەسام دەرچوو وتیان کوا بابی ئێمە، ئەو کابرایە باپیری ئێمەیە، باپیری قائیمە لەسەر ئەو کابرایە پێویست ناکات، کە ژنی ما یان دایکی ما، دایکی داوای هەر مەحکەمەیەک بکات مادام تەسبیت بوو بە قەسام ئەوە دایکیتی موراجەعەی هەر مەحکەمەیەک دەکات دەڵێ بابە ئەوە من دایکی ئەوەم، من دەمەوێ ببمە وەصی لەسەر ئەو مندالانە حوجەی ویصایەی بۆ دەردچێت وصی عیلاقەی بە مەنتیقە نیە، موشکیلەی ئێمە لێرە، وەکو لە قانونی ئەحوالی شەخسیی نەصەک هاتووە دەڵێت: « لايعتد بالقسامات الشرعية التي تصدر خارج مناطق المتوفي» موشکیلەکەی ئێمە ئەوەیە، ئێستاش پێمان ناکرێت بچین لە کەرکوک و لەو جێگایانە قەساماتی دەربهێنین بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە مردینە و رۆیشتوونە و ئەنفال کراون قەساماتیان پێ دەرناچێت، چونکە ناتوانن بچنە ئەوێ، لە مەحکەمەی ئێرە بتوانن ئیسپات بکەن. لە مەحاکمی ئێرە قەسامەکان دەربچووێن کە قەسامیان دەرچواند وەرەسە تەحدید دەبێت، کە وەرسە تەحدید بوو حوجەجی ویصایە زۆر زۆر ئاسانە، جا هەر کەسێک ببێتە وەصی ئەگەر هەموو لایەک رازی بن و مەرجەکانی ویصایەی تێدا تەواو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم بیخوێننەوە بۆ ئەوەی ئەگەر موناقشەی دەکرێت، جارێکی تر موناقشە بکرێت، ماددەی یەکەم تکایە.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاصح حـــیــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــــەن.**

ئەگەر ئیجازەمان بدەیێ دیباجەی پرۆژەکە بیخوێنینەوە لەگەڵ ماددەی یەک، پاش ئەو ئیزافاتانەی لیژنەی یاسایی.

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

إستناداً الى أحكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناء على ما عرضه وزير العدل و وافق عليه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ تشريع القانوني الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢

المادة الاولى: للمحاكم المختصة في اقليم كوردستان العراق اصدار حجج الوفاة والقسامات لشهداء الحركة التحريرية‌الكوردية ولو كان محل اقامتهم الدائمية خارج اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــــەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لە ماددەی یەکەم تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. نـاصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــــەن.**

دوای ئەو تەعدیلەی کە بەڕێز لیژنەی یاسایی کردی لە سەرەتادا هاتووە (المحاكم الاقليم المختصة في اقليم كوردستان العراق) هی دووەم وابزانم دووبارە (اقليم كوردستان العراق)ی پێویست نیە، هەر (خارج اقليم) باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو، ئەی تۆ دژی ناوی کوردستانی.

**بەڕێز ســـفـــر مـــحـــمـــد حـــسین:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــومــــــەن.**

پێمان باشە تەئکیدی بکەن، بەڕاستی هەموو قەوانینی عێراق، مومکینە زۆر ئەو شوهەدای حەرەکەی تەحروری کوردی خەڵکی کوردستانی تورکیا یان سۆڤیەت بن، وابزانم قەسدی موشەرع

ئەوەیە، یان کوردستانی ئیران بن یان کوردستانی عیراق بن، جا بەنیسبەت قەوانینی عیراقی مەرکەزی ئەوانە هەمووی ئەجانبن بە وجهەت نەزەری قەوانینی عیراقی مەرکەزی ئەوەی نافیزن لە کوردستان هەر لە عیراق و کوردستان بوون، راستی شتی عامی تێدایە بۆ نموونە مەسەلەی زۆر هەیە پێویستی وەکو کاکەڕەش ئیشارەتی پێ دا بە حوجەی وەفات بێت حوجەی ویصایە بێت، مومکینە عەردی پێ بدەن، یەعنی نەصەکە وا بمێنێت، کیفایەت نینە، من موتەئەکیدم کە کیفایەت نینە، مومکینە عاردی پێ بدەن باشە ئەگەر نەتوانن ئەو عاردە تەسجیلی بکات بەناوی خۆی منداڵی هەیە حوجەی ویصایەی هەبێت، وابزانم شتێکی وا بکرێت زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤ قانونە حەقە بدرێتە مەحکەمە قەسام دەربێنێتن، بە قەناعەتا من ڤێ کەلیمە (یحق)و لە پێش هەبێتن حەق پێدانە (یحق للمحاكم المختصه)، ئەو کەلیمانە زیاتر تەوزیحی بکاتن.

٢ ـ من پێشنیار دەکەم ئەو جوملە ئیزافە بکرێتە پاش (اقليم كوردستان العراق بعد التثبت من الجهات ذات العلاقة) بۆ زێتر تەئکید کردن کە خەڵکێک ئیستیغلال نەکەت ئەڤ قانونانەی تەنها بۆ خزمەتی وان بکەت ئەو عائیلەی شەهیدەی حەرەکەی تەحروری کوردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک حاکم سەفەر فەرمووی دوو شتی موختەلیفن، یەکیان تەسجیلی عارد و شەهیدە و فلانە و ئەوە پەیوەندی بەم مەوزوعە نییە، مەوزوعەکە پەیوەندی بە دەرچوواندی قەسامات هەیە، قەسامیش مەحاکم ئەگەر کابرای مەوتنی موتەوەفی ئێرە نەبێت حەقی هەبی قەسام دەربکات بۆی و مەحاکم ئاسانکاریە بۆ ئیشی ئەو کەسانە، دوایی ئیشەکە ئیشی ئاسانکاریە ئیشێکی موختیر نیە بۆ ئەو مەجال دانە، یەعنی برادەران تەسەوریان وا بی ئەگەر ئەو مەجالەمان دا زۆر موختیرە، کابرایەک قەسام دەردەهێنێ دەڵێ فلان مردووە و فلان و فلانی لە پاش بەجێ ماوە، یەعنی تەسەور ناکەم شتێکی خراپ بێت، ئەوەی کە کاک د. رزگار فەرمووی کە حەسری بکەین (بعد تثبت) لەسەر ئەساسی ئەوەی کابرا لە شوهەدای حەرەکەی تەحروری کوردیە، یەعنی ئەگەر تەسبیت نەبوو چیە، کابرایەک مردووە و هاتووە قەسام دەردەینی فلان و فلان وەرەسینە، ئەوە ئاسانکاریە بۆ ئیشی ئەو کەسانەی کە پەکیان کەوتووە، ئێستا ناتوانن قەسامات بکەن،

بەتایبەتی قەساماتی شەرعی، قەساماتی قانونی دەردەچی، چونکە قانونیەکە حەسر نەبووە بە قانونی ئەحوالی شەخسی، بە بڕیاری ئەحوالی شەخسی تەنیا قەساماتی شەرعی دەردەچێ، بەس ئێمە بۆ ئیلتیباس نەبوون هەردووکمان وت، وتمان قەساماتی بەشێوەیەکی گشتی، بەحەقیقەت یەعنی ئیلتیباس نەبی نەوەک یەکێک بلێ دەچمە لای حاکمی مەوادی شەخسیی یان قانونی مەحکمەی بیدائە، قەسامات بەشێوەیەکی گشتی مەحاکمی ئیقلیم ئەو حەقەیان هەبێت قەسامات دەربکەن، تەوزیحەکی زۆر باشە مەحاکمی ئیقلیم حەقی هەبێت قەسامات دەربکات بۆ ئەو کەسانەی کە مەوتنیان ئێرە نییە، لە زمنی شوهەدای حەرەکەی تەحروری کوردینە، هیچ لیبسەکی تێدا نیە بڕیارەکە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر سیغەکە بیخوێنەوە، مومکینە تێبینی لەسەر سیغەکەش هەبێت.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الأولى: للمحاكم المختصة في اقليم كوردستان العراق اصدار حجج الوفاة والقسامات لشهداء الحركة التحررية الكوردية ولو كان محل اقامتهم الدائمية خارج الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەواو ئێستا مەزبوتە ئەوە چۆتە ئەوێ، ئەوە هاتۆتە ئێرە تەواو، پێشنیارەکەی د. ناصحیش بەو شێوە بوو چارەی ئەویشی کردووە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی یەکەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی دووەم، تێبینی نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی سێیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە، تێبینی نیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی چوارەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا.
هەموو یاساکە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی هەموو یاساکە پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا. زۆر سوپاس.
خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە دابڕاندنی کتێبخانە گشتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ/ ئیدارەی محەللی و لکاندنیان بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.
بڕیاری تایبەت بە دابڕاندنی کتێبخانە گشتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ ولکاندنیان بە وەزارەتی ڕۆشنبیری، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.
کاک جەمیل جەنابیشت ئەتوانی بچیتەوە جێگای خۆت، ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ڕۆشنبیری و ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ناوخۆ بفەرمویت بێتە ئێرە. جا پێش ئەوەی دەست بەکار بین بەڕاستی ئێمە ناوی لیژنەکانمان خوێندەوەو بڕیارمان لەسەردا لەدانیشتنی پێشوودا، ئینجا تکا ئەکەم ئەمڕۆ دوای ئەم دانیشتنە دانیشین سەرۆک و نائیبی سەرۆک و لیژنەکان هەڵبژێرین، چونکە دەبێ دەست بەکار بین تکاشم وایە لە لیژنەی ناوخۆ ئەندامێکمان بۆ ئامادەکەن بۆ ئەوەی بیکەین بە ئەندامی لیژنەی جێبەجێکردنی یاسای چەک، حکومەتی هەرێم لیژنەک دروست دەکات بۆ جێبەجێ کردنی یاسای چەک هەڵگرتنی چەک لە کوردستان، لیژنەکە بەسەرۆکایەتی وەزیری ناوخۆ دەبێت و داواشیان کردووە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانیش ئەندام بێت لە لیژنەکەوە جا تکام وایە ئەمڕۆ هەموو لیژنەکان کۆببنەوە و هەڵبژاردنی خۆیان بکەن. خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان (خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە دابڕاندنی کتێبخانە

گشتییەکانە لە وەزارەتی ناوخۆوەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری) تکایە پرۆژەی یاساکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

((قرار))

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ماعرضه وزير الثقافة ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / /٢٠٠٢ مايلي:

اولاً: فك ارتباط المكتبات العامة التابعة للادارات المحلية في الاقليم وجميع موظفيها من وزارة الداخلية والحاقها بوزارة الثقافة.

ثانياً: تؤول ممتلكات المكتبات المذكورة وأموالها ومجوداتها الى وزارة الثقافة.

ثالثاً: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

رابعاً: على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

د.روژ نوري شاويس

رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی لە بارەی پرۆژەکە بەم شێوەیە:

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق الموقر

م/ راي اللجنة

كتابكم المرقم ك/١٣ في ٢٠٠٢/٣/٢٨
اجتمعت اللجنة القانونية لدراسة ومناقشة مشروع القرار الخاص بفك إرتباط المكتبات العامة من وزارة الداخلية وربطها بوزارة الثقافة.
وبعد دراسته ايدت اللجنة بالاجماع مشروع القرار راجين الموافقة وعرضه على المجلس لدراسته واصدار القرار المناسب بصدده.

مع التقدير

شيروان الحيدري
ن.رئيس اللجنة

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پاش ئەوەی دیراسەتمان كردو رای خۆمان نووسی پاش كۆبونەوەو لێدوانی دەركەوت ئەوە بەحەقیقەت تەعدیلی دوو قانونی تێدایە، تەعدیلی قانونی وەزارەتی ناوخۆ لە هەمان كاتیش دا تەعدیلی قانونی وەزارەتی رۆشنبیری، جا بۆیە رای ئێمە وایە ئەم مەشروعە بەو پرۆژەیە بە قانون بینێرین چونكە تەعدیلی دوو قانونە با نەبێتە مەئخەز بەقەرار تەعدیلی دوو قانونمان كردبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی دارایی تكایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئیستا بۆ جەنابتی دەخوێنمەوە:

المجلس الوطني لكوردستان العراق
لجنة: الشؤون المالية والإقتصادية
العدد: ج/٣
التأريخ: ٢٠٠٢/٤/٣

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم
م/ فك ارتباط المكتبات العامة

تحيةً واحتراماً
كتابكم المرقم ك/١٣ في ٢٠٠٢/٣/٢٨ والمرفق به مشروع قرار فك ارتباط المكتبات العامة من وزارة الداخلية والحاقها بوزارة الثقافة والمرسل من قبل رئاسة مجلس الوزراء بكتابها المرقم

(٢٥٥) في ٢٠٠٢/٣/١٩.
اجتمعت لجنتنا اليوم ٢٠٠٢/٤/٣ لدراسة ومناقشة المشروع المذكور أعلاه وبعد الدراسة والمناقشة تؤيد لجنتنا بالأغلبية ما جاء في المشروع مع اضافة كلمة (مع درجاتهم) في نهاية الفقرة (اولاً).

مع فائق التقدير

جميل السندي
رئيس اللجنة

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق الموقر
م/ راي الجنة
اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية لدرسة ومناقشة مشروع القرار الخاص بفك إرتباط المكتبات العامة من وزارة الداخلية وربطها بوزارة الثقافة.
وبعد الدراسة والمناقشة ايدت لجنتنا بالاجماع مشروع القرار راجين التفضل بألاطلاع وعرض المشروع على المجلس الوطني لكوردستان العراق لدرواسته وأبداء الراي.

مع فائق التقدير

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی ڕۆشنبیری تکایە؟.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

((رای لێژنە))

سەبارەت بە پرۆژەی بڕیاری بەستنەوەی کتێبخانە گشتییەکانی سەر بەخۆجێیەتی لە پارێزگاکانی هەرێم بەوەزارەتی ڕۆشنبیری، لێژنەکەمان پشتگیری لە پرۆژەکە دەکات و بەگونجاوی دەزانێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکایە ماددەی یەکەم بخوێنەوە لەگەڵ دیباجەکە فەرموو.

بەڕێز شیروان ناصح حیدری:

بسم الله الرحمن الرحيم
باسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءً على ماعرضه وزير الثقافة ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ تشريع القانون الاتي:
قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢
المادة الاولى:
فك ارتباط المكتبات العامة التابعة للادارات المحلية في الاقليم وجميع موظفيها من وزارة الداخلية والحاقها بوزارة الثقافة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزكەنەوە، كاك ڕەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
لەوانەیە پەیوەندی پرتوكخانە پتر لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بێتن نەک ئیدارە مەحەلی، گرینگ ئەوەیە كە ئیهتمام پێ بێتە دان و كە هاوكار بن بۆ وێ هەندێ جا تابعی وەزارەتە ڕۆشنبیری بێتن وابزانم عیلاقەت پتر دەهەبیتن و لەوانەیە زیاتر ئیحتمال هەبێت ئەو بەرهەمەی نۆێ دەربكەوێت و بگەینێ چونكە ئێمە گەلێک پەرتوكخانەی گشتیمان بینی گەلێک گلەییان هەبووە و گازەندە هەبووە ئیحتماله هەنوكە ڕۆژنامە نەگەن یان هەشە چوار جاران دەیگەنێ حەفتانە دێنە خرەكردن، لەوانەیە ئیستفادەی بۆ خەڵكانێک تێدا نەبێت بەڵكو عیلاقەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ كتێبخانان ئێستا عیلاقەتێكی زیاتر بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**
پێشتگری ئەو تێبینیە دەكەم كە وەكو كاک ڕەجەب فەرمووی ئیهتمام پێ بدرێت، بەڵام من تێبینیەكم لەسەر پرۆژەكە بە گشتی هەیە ئەرێ ئەڤ هەندە توقیعانە لەسەر ئەم پرۆژەیە هەیە بۆ چییە، بۆ باوەر پێكردنە بۆ دیتنە بۆچییە بەراستی شتێكی غەریبە ئێستا ئێمە وەكو پەرلەمان یەكەم مەشروع هەندە ئیمزایە تێدایە حەفت ئیمزایە نازانم مەسەلە چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك جەمیل عەبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

زۆر جار موەزەفی دائیرەیەكیش نقل دەكات بۆ دائیرەیەكی تر دەكات مانای لە وەزارەتێك بۆ وەزارەتێكی تر، لەوێ دەرەجەی بەڕێوبەرە لە وەزارەتی ناوخۆ دەچێتە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڵام پلەكەی ناداتێ، یان تێبینەرە لە وەزارەتی ناوخۆ دەچێتە وەزارەتی پەروەردە پلەكەی نادەنێ لەبەر ئەوە تا رون بێتن ئەم لكاندنی كتێبخانەكان و هەموو فەرمانبەرەكانی لەگەڵ پلەكانیان، لەگەڵ پلەكانی خۆیان هەموویان لە میلاكاتی وەزارەتی ناوخۆ بگوازرێنەوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری لەبەر ئەوە پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابوری ئەوەیە لە كۆتایی ماددەی یەكەم ئەمە زیاد بكرێتن (مع درجاتهم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من بە چاكی دەزانم كە (أسباب موجبة) هەبایە بۆ ئەم بابەتە، ئەگەر پێوەشی نەبێتن لیژنە بۆمان شەرح بكات سەبەبی چییە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە هەموو ئەسبابی موجەبەیە، بەڕێز كاك ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز أحمد سالار عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەر بۆ چەخت كردن لەسەر ئەو پرۆژەیە رێ بفەرموون ئەم رون كردنەوەیە بخەمە خزمەتتان كاتی خۆی كە لە سەرەتای پەنجاكاناوە كتێبخانە گشتیەكان بەشێوەیەكی رەسمی دانران، لەو كاتە وەزارەتی ڕۆشنبیری نەبوو بەڵكو بەڕێوبەریەكی گشتی هەبوو ئەم بەڕێوبەرایەتییە بەناوی بەڕێوبەرایەتی گشتی پروپاگەندە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بوو وتا پەنجاوهەشتیش هەر بەم شێوەیە ڕۆیی دەنا چ پەیوەندیەكی نییە بۆیە دروستە لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت ئەوە هۆی سەرەكییە بۆ ئەم بابەتە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵامی لیژنەی یاسایی تاكایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی دارایی پێشنیارێکی باشە بەراستی (جمیع موظفیها مع درجاتهم) بۆ ئەوەی میلاکاتیشیان بەتەواوی نەقل بێت پارەکانیشیان هەموو بگوێزرێتەوە وەزارەتی نوێ لە میزانیەی ئەوان نەمێنێت، شتێکی خراپ نییە مەعقولە بۆ رونکردنەوەیە، بەڵام ئەو ناوانە دیوانی تەدوینی قانونییە بەراستی قەت ئەو مەشروعە مەفروز نییە بەو شکلەی بێتە ئێرە بەڵام وا دیارە ئەوان ئەوها ناردیتیانە ئەنجومەنی وەزیران ئەوانیش ئیستنساخیان کردووەو ناردیتیان، دەنا ئەوانە دیوانی تەدوینی قانونییە پرۆژەکەیان دروست کردووە پرۆژەکەی حکومەتی ئەوانە دروستایان کردیە بەئیعتبار تەدوینی قانونینە، حەق نەبوو بنێرنە ئێرە بەڵام ئەوە هاتووە ئەمەش ئەوە ناوەکان دەخوێنینەوە هەندێکیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ دیارە تێبینی تر نییە ماددەی یەک دەخەینە دەنگ دانەوە، تکایە ماددەکە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الاولى:

فك ارتباط المكتبات العامة التابعة للادارات المحلية في الاقليم وجميع موظفيها مع درجاتهم من وزارة الداخلية والحاقها بوزارة الثقافة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی یەکەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

تؤول ممتلكات المكتبات المذكورة و أموالها و موجوداتها الى وزارة الثقافة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەم برگەیە بکرێت بەو شێوەیە (تؤول الاموال المنقولة وغير المنقولة الى وزارة الثقافة)

ئەگەر بەم شێوەیە بێت زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک سەعید دەڵێین عەجەبە مەنقولە و غیر مەنقولە مومتەلەکات نینە، هەردووکیان مومتەلەکاتن مەنقولەو غیر مەنقولە هەمووی هەر مومتەلەکاتە هی کتێبخانە گشتیەکانە، لەوانەیە ئەوە هەندێ گشتی بێ ئەو مومتەلەکاتە، مەنقولەو غیر مەنقولە هەمووی هەر مەوجوداتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە و دەیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثانية:

تؤول ممتلكات المكتبات المذكورة و أموالها و موجوداتها الى وزارة الثقافة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی ماددەی دووەم پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی دووەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ دیارە نییە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی سێیەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تێبینی نییە ئەیخەینە دەنگ دانەوە تکا لەو ئەندامە

بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی چوارەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی چوارەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنچەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی پێنجەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی پێنچەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا،هەموو یاساکە ئەخەینە دەنگ دانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە یاساکە بەگشتی پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانەی دەکەم کە یاساکە بەگشتی پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی یاساکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ببورن ئێمە داوامان کرد ئەمڕۆ کۆبونەوە بکەن و لیژنەکان سەرۆک و ئەندامان هەڵبژێرن بەڵام ئیشکالێکی فەنیمان هەیە هەندێ لە ئەندامە بەڕێزەکان ناویان لە یەک لیژنە هاتووە هەندێکشیان لە هیچ لیژنەیەک ناویان نەهاتووە لەبەر ئەوە ئەمڕۆ ئەگەر دوای دانیشتنەکە ئەو ئەندامە بەڕێزانە بێن لەگەڵ سکرتێری پەرلەمان ئیتفاق بکەن دوای ئەوە دەتوانین لەدانیشتنی بەیانی ئیزافەیان بکەینە سەر لێژنەکان و پاش دانیشتنی بەیانی کۆبونەوەی هەڵبژاردن بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش مەحروم نەبن لە دەنگ دان و خۆ هەڵبژاردن، خاڵی چوارەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنروو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان، کە لەلایان ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیارکراوە. بەنیسبەت خاڵی چوارەمەوە لیژنەی دارایی تێبینیەکی هەیە پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داخازێ ڤێ تەعدیلێ هەموو بنوودێ مالینە ئیمە دوو تێبینی خۆمان کردووە وەکو لیژنەی دارایی و ئابوری ئێمە گەلێک پێشنیارمان لەسەر هەیە لەبەر ئەوەی ئێمە هێشتا ڕاپۆرتی خۆمان پێشکەشی جەنابت نەکردووە بۆیە ئێمە داوامان وایە ئەم بڕگەیە تەئجیل بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر پێشنیارەکەی لێژنەی دارایی؟ تێبینی نییە ئەیخەمە دەنگ دانەوە ئێمەش لەراستیدا پەسەندی ئەکەین، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کەئەوە پەسەند دەکەن خاڵی

چوارەم تەئجیل بکەین بۆ ڕۆژێکی تر تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، خاڵی چوارەم تەئجیل دەکەین بۆ دانیشتنێکی تر، لێرەشدا کۆتایی دەینین بە دانیشتنی ئەمڕۆمان سوپاسی هەموو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین بۆ ماندوبون و هاوکاریان دانیشتنی بەیانیمان سەعات (١١)ە ئەبێت، زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((٦))**

چوار شـەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٤/١٠

خولی یەکەم

سـاڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە ((٦))

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٠/٤/٢٠٠٢

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٠/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە شەش)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە شەش)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٠/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:

١ـ خستنەڕووی زیادکردنی ئەندامانی دیکە بۆ ئەو لیژنە پەرلەمانییانەی کە بەپێی بڕیاری ژمارە «٢»ی ڕۆژی ٦/٤/٢٠٠٢ پێک هێنراون و، وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەن بۆ ئەو زیاد کردنە.

٢ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «٦»ی خولی یەکەمی ساڵی یازدەیەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێک هاتووە:

١ـ خستنەڕووی زیادکردنی ئەندامانی دیکە بۆ ئەو لیژنە پەرلەمانییانەی کە بەپێی بڕیاری ژمارە «٢»ی ڕۆژی ٦/٤/٢٠٠٢ پێک هێنراون و، وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەنجومەن بۆ ئەو زیاد کردنە.

٢ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە. پێشنیارەکەش لەلایەن بەڕێز کاک فرستەوە دەخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەکان دوو حاڵەتمان هەیە، حاڵەتێکیان ئەندام هەیە لە سێ لیژنە ناوی هەیە،

ئەویش ڕێزدار «أنور شوكر محمد»بوو، كە پێویست بوو لەیەكێك لە لیژنەكان دەرچێت، بەڵام لەسەر ئارەزووی خۆی لە لیژنەی «ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە» خۆی كێشایەوە و لە دوو لیژنەی تر مایەوە، جا پێویستی بە دەنگدان هەیە، بۆ ئەوەی كە ڕێزدار «أنور شوكر محمد» لە لیژنەی «ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە» نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كەوا ئەم خاڵە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، سوپاس.. كێ پەسەندی ناكات؟، بەگشتی دەنگ پەسەند كرا، كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

حاڵەتی دووەم ئەوەبوو كەوا هەندێ لە ئەندامان تەنها لەیەک لیژنەدا ناویان هاتبوو، داوا دەكەن كەوا لە لیژنەیەكی تریش كار بكەن، ئەوانەش ئەم بەڕێزانەن، ظاهر محمد ابراهیم، بێتە لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی، دووەم ڕێزدار قاسم محمد قاسم بێتە لیژنەی پەیوەندی و كاروباری ڕۆشنبیری، ڕێزدار د.نیاز میران بێتە لیژنەی پەیوەندی و كاروباری ڕۆشنبیری، ڕێزدار جمیل عبدی سندی بێتە لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانكردنەوە، جا ناو بەناو دیانخوێنینەوە بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بكەن، ئێستا ڕێزدار ظاهر محمد ابراهیم بچێتە لیژنەی تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كەوا ئەم خاڵە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، سوپاس.. كێ پەسەندی ناكات؟، بەگشتی دەنگ پەسەند كرا، كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕێزدار قاسم محمد قاسم بێتە لیژنەی پەیوەندی و كاروباری ڕۆشنبیری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كەوا ئەم خاڵە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، سوپاس.. كێ پەسەندی ناكات؟، بەگشتی دەنگ پەسەند كرا، كاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕێزدار د.نیاز میران بێتە لیژنەی پەیوەندی و كاروباری ڕۆشنبیری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا، کاک فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزدار جمیل عبدی سندی بۆ لیژنەی ئیشغال و ئاوەدانکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کەوا پەسەندی دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، سوپاس.. کێ پەسەندی ناکات؟، بەگشتی دەنگ پەسەند کرا،سوپاس، دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە بریتییە لە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە. تکا لە ئەندامێکی لیژنەی یاسایی دەکەم کە بێتە سەر مەنەسە بۆ خوێندنەوەی یاساکە و ئەندامێکی تری لیژنەی یاساش بۆ وەڵامدانەوە، هەروەها ئەندامێکی لیژنەی پەروەردە و لیژنەی داراییش، فەرموو یاساکە مادده بە مادده بخوێننەوە.

**بەڕێز سعید محمد أحمد یعقوبی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

«قرار»

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم (١)لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ /   /٢٠٠٢ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم(   )لسنة٢٠٠٢

قانون اتحاد معلمي اقليم كوردستان ـ العراق

الفصل الأول

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

١- الاقليم: اقليم كوردستان - العراق.
٢- الوزارة: وزارة التربية.
٣- الاتحاد: اتحاد معلمي كوردستان - العراق.
٤- المجلس: المجلس التنفيذي لاتحاد معلمي كوردستان - العراق.
٥- مكتب السكرتارية: مكتب سكرتارية اتحاد معلمي كوردستان - العراق.
٦- الهيئة العامة: جميع أعضاء اتحاد معلمي كوردستان - العراق.
٧- المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في الجامعات والمعاهد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینییەكمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە پێناسەكەدا وا هاتووە «الاتحاد: اتحاد معلمي كوردستان- العراق.»، پێمان باشە بكرێتە «الاتحاد: اتحاد معلمي إقليم كوردستان - العراق.»، لە برگە «٧»دا هاتووە« ٧- المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في الجامعات والمعاهد.»، ئەگەر «والمعيدين»یشی بخرێتە سەر باشترە، چونكە ئەوانیش لە سەندیكای یەكێتی مامۆستایاندا ئەندامن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی تكایە، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە كە ئێمە لە راپۆرتی ژمارە «ج/٦ لە ٢٠٠٢/٤/١»دا بۆ بەڕێزتانمان ئاراستە كرد، ئێمە داواكارین كەوا لە جێگای «الاتحاد» بكرێتە «مشروع قانون نقابة معلمي كوردستان - العراق» و (إحلال كلمة النقابة مكان كلمة الاتحاد أين ما ورد في المشروع حيث

ان النقابات أقوى من الاتحادات من الناحيتين القانونية و المالية وأسوةً بكافة النقابات لشرائح أخرى في الاقليم كالاطباء والصيادلة و المحامين والمهندسين)، دووەم پێناسەی ماموستا هاتووە«٧ـ المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في الجامعات والمعاهد.»بە رای ئێمە ئەم پێناسەیە کافی نییە، چونکە قوتابخانە هەیە سەر بە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتییە، کە ئەوانیش ماموستان و دەرماڵەی دەرس گوتنەوە وەردەگرن، لەبەر ئەوە پێناسەی ماموستا بگۆردرێ و بکرێتە(جميع المعلمين والمدرسين في الآقليم العاملين في سلك التعليم والتدريس أعضاء في النقابة)، لەبەر ئەوە لە پێناسەکەدا زۆر کەس بێ بەش دەبێت و ناگونجێ لەگەڵ واقعی ئێستا ئەوانەی ئێستا ئەندامن و دەرماڵەی میهەنی لە وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی هەرێم وەردەگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاک ەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رایەکەی لیژنەی دارایی، ئەو پێناسەیەی کە لە یاساکەدا هاتووە، رای یەکێتی ماموستایانە بە هەمئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەروەرد دانراوە، بەڵام ئەو ماموستایانەی کە لە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و لە وەزارەتی پەروەردە ئەوانە ناگرێتەوە، چونکە ئەوانە ماموستان لەسەر میلاکی وەزارەت و هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکێتی ماموستایانەوە نییە، دووەم سەبارەت بە وشەی «إتحاد» ئەوە بەرەنگارییەکە لە مانەوەی یەکێتی ماموستایان کە ساڵەهای ساڵە یەکێتی ماموستایانی کوردستان ئیشی کردووە و لەناو خەڵکی ناسراوە بە یەکێتی ماموستایانی کوردستان لەبەر ئەوە پێویست نییە ئێستا بیگۆڕین و بیکەین بە «نقابە» چونکە لەسەر ئەو ئەساسەی گوا هێز لە یاساوە وەردەگرێ و لەسەر چ شتێک دامەزرێت هەر لەسەر ئەوە دەمێنێتەوە، جا نازانم «نقابە»بۆ لە«إتحاد» بە هێزترە، ئەگەر یاسایەک هەبێت پشتکیری ئەو «إتحاد»ە بکات و ئەو «إتحاد»ەی پێ دروست ببێت، هەموو شتێک لە یاساوە هێز وەردەگرێت ئەو یاسایەش کە دەرچوو واتا هێزی خۆی وەردەگرێ و پێویستیشی بەوە نییە کەوا ناوی «یەکێتی ماموستایانی کوردستان» بسڕێتەوە کە خەڵکی بەو ناوە ناسیویەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر مەبەست گۆڕینی ناوی یەکێتی ماموستایان بێت ئەبێت «إقلیم»یش نەمێنێ، جا ئێوە خۆتان لە پێناسەکەدا وشەی «إقلیم»تان نەخستووەتە سەری بۆ ئەوەی هەر بە «یەکێتی ماموستایانی کوردستان» بمێنێتەوە، خاڵێکی تریش هەیە لە زمانی دەرەوە «إتحاد و نقابە» هیچ جیاوازییەکیان نییە، هیچ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی یەکەم؟، بەڕێز کاک عبدالخالق

فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاکەرەش دەکەم، کە بەناوی لیژنەی یاساییەوە پێشکەشی کرد، چونکە ئەم ناوە پیرۆزە و ئەبێت بیشی پارێزن و، ئەمە یەکێکە لە دەسکەوتەکانی گەلەکەمانە لە بەیانی ١١ ئازاری ساڵی ١٩٧٠، جا بە رای من ئەو ناوە بمێنێت و وشەی «إقلیم»یشی تیادا نەبێت، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، جا بۆیە من پشتگیری ئەو رایەی لیژنەی یاسایی دەکەم و زۆر مامۆستاش هەیە کەوا لە شوێنەکانی تری کوردستانن وەکو کەرکوک و خانەقین و مەخمور دەتوانن خۆی بە ئەندامی ئەم یەکێتییە بزانن هەتاوەکو ئەگەر ئەندامی فعلیش نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتوو زۆر لە جێگای خۆیەتی، تەنها «إتحاد معلمی إقلیم کوردستان ـ العراق»وابزانم ئێمە قسەمان لەسەر وشەی «إقلیم» نەکردبوو، تەنها «إتحاد معلمی کوردستان ـ العراق» بوو، بە رای من «إقلیم» زیادە. سەبارەت بە ئەو رایەی کە دەڵێت «معید»یشی بخرێتە سەر، من پێم باش نییە، چونکە کە ئەڵێین «تدرسیین فی الجامعات والمعاهد» هەموو کەسێک ئەگرێتەوە، لەبەر ئەوە وشەی «معید» پێویست نییە، جا وابزانم ئەم ماددەیە لەسەر رێککەوتنی هەر دوو لیژنە هاتووە، جا ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە رێکخراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رێکخراوێکی سیاسیی پیشەیی بووە لە مایسی ساڵی ١٩٦٢دا دامەزراوە و، دەسکەوتێکی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بووە و، رێکخراوێک بووە کە خزمەتی شۆڕشی کردووە و بە دەیان مامۆستا قوربانی داوە لە پێناو میللەتی کورد بە ناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و، ئەو ناوە تاوەکو ئەمڕۆ نەگۆڕاوە و لە ساڵانی حەفتاکانیش لە سەندیکاوە هەوڵ درا کەوا ئەو ناوە بگۆڕدرێت و، بکرێت بە «نقابە»

مامۆستایانی کوردستان رازی نەبوون و، ئێستاش رازی نابن، بۆیە من داوا دەکەم کەوا ئەو ناوە وەکو خۆی بمێنێتەوە. سەبارەت بە داواکارییەکەی مامۆستا عفان منیش پێم وایە هیچ کێشەیەکی تیادا نابێت ئەگەر «معید»یشی بخرێتە سەر، چونکە ئەوانیش ئەندامن لە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، ئەگەر نەشبێت هیچ کێشەیەک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک إبراهیم سعید فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی بێمە سەر یاسا، تێبینییەکم لەسەر بەرنامەی کار هەیە کە دەڵێ: (لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە) خۆی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار نەکراوە، بەڵکو لەلایەن رادەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بێینە سەر یاساکە، سەبارەت بە «الوزارە» کە پێناسە کراوە، ناوی وەزارەتی پەروەردە نەهاتووە، کەچی زۆر پێویستە لە ماددەیەک، یا لە بڕگەیەکدا پەیوەندی وەزارەت بە یەکێتی مامۆستایانەوە دیاری بکرێت، من کەتەماشای یاساکەم کرد بینیم لە کۆتاییدا دەڵێت: (٢ـ إذا تم حل الاتحاد فإن ممتلكاته تؤول الى الجهة التي يقررها مجلس وزراء إقليم كوردستان.)، نەیوتووە چ وەزارەتێک، واتە ئەنجومەنی وەزیران بڕیار ئەدات بدرێتە چ وەزارەتێک، بەڵام ئەگەر لێرە وەزارەتی پەروەردە هاتبووایە بۆ پێناسە کردن ئەبێت ببەسترێتەوە لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار، ئەمە لە سەندیکاکانی تریشدا هاتووە، سەندیکای پزیشکان پەیوەندی لەگەڵ وەزیری تەندروستی ئەبێت و، سەندیکای ئەندازیاران لەگەڵ وەزیری ئەشغال پەیوەندیان ئەبێت، جا لێرە نەبەستراوەتەوە، جا ئەبوایە ماددەیەک، یا بڕگەیەک هەبووایە دیاری کردبایە کەوا ئەم سەندیکایە بە چی لەگەڵ وەزارەتەوە پەیوەندی ئەبێت، ئایا لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی سەندیکادا، یا لەکاتێکدا کە سەرۆکایەتی ئەو سەندیکایە نامێنێت، جا بەرای من دیاری کردنی ئەو پەیوەندیە زۆر پێویستە، لە بڕگە «٧»یشدا لەکاتی پێناسەکردنی «المعلم» دەڵێت: « جميع المعلمين»، باشە بۆ ناڵێ :«كل عضو يزاول مهنة التعليم ويشمل جميع المعلمين و المدرسين من منتسبي.... »، سەبارەت بە تێبینییەکەی کاک جمیلیش راستە وەکو جەنابت وتت لە زمانی بیانی دا چەندین زاراوی جۆراوجۆر هەنە کە شوێنی «إتحاد و نقابە» ئەگرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی عبدالکریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ناوی سەندیکا بە رای منیش هەر بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بمێنێتەوە، سەبارەت بە خاڵی «٧» کە بەڕێزان کاک جمیل و کاک إبراهیم باسیان کرد، بەڵام بەڕێز کاکەرەش لە وەڵامەکەیدا ئاماژەی بۆ نەکرد، چینێک هەن دەرچووی بەشی دەروونناسین و وانەش ئەڵێنەوە، بۆ نموونە مامۆستاکانی قوتابخانەی نابینایان ئەمانە پێویستە ئەم پێناسەیە بیانگرێتەوە، جا یا بەشێوەیەکی گشتی لێ بکرێت وەکو کاک إبراهیم ئاماژەی پێ کرد، یان ناوی ئەوانیش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیپ محمد حسین «سیروان کاکەیی»:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەم کەوا ناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە و، وشەی «إقلیم»یشی نەخرێتە پاڵ و ناوەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەڵامی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو کەسانەی کە لە نابینایان وانە ئەڵێنەوە ئاگادار نیم کەوا ئەندامن لە یەکێتی مامۆستایان، یان نا، جا ئەگەر لەو قوتابخانانەی کە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن، یا وەزارەتی تەندروستی وانە ئەڵێنەوە، ئەگەر ئەندامن ئەبێت لێرە ناویان بێت، ئەگەریش ئەندام نین من زانیاریم لەسەری نییە، جا بۆیە ناتوانم بەتەواوەتی وەڵام بدەمەوە، بەڵام سەبارەت بەوانەی قوتابخانەکانی وەزارەتی ئەوقاف من دەزانم کەوا لەگەڵیدا نین، چونکە ئەوانە پەیوەندی تایبەتییان بە وەزارەتی ئەوقافەوە هەیە، ئەوانە مەسەلەی پیشەییان نییە، وەکو مامۆستایان کە دەرماڵەی پیشەیی لە وەزارەتی پەروەردەوە وەردەگرن، تەنها ئەگەر مامۆستایەک لە وەزارەتی پەروەردەوە نووسراوی بۆ کرابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عفان فەرموو.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

سەبارەت بەو مامۆستایانەی کە لە وەزارەتی ئەوقاف و تەندروستی و رۆشنبیری وانە ئەڵێنەوە، ئەوانە تاوەکو ئێستا پەیوەندیان نەبوو بە یەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە و، ئەندامیش نەبوونە لەم یەکێتییە، سەبارەت بەگۆڕینی ناوی یەکێتی مامۆستایانیشەوە ئەوە شتێکی ئاسان نییە، چونکە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان خاوەن «١٨١» شەهیدە، ئەگەر ئێستا بیگۆڕین واتە شتێکی خراپمان کردووە، بە درێژایی تەمەنیشی حکومەتی مەرکەزی بوارمان نەداوە کە بگۆڕێت، ئێستا بیگۆڕین!؟، جا لەبەر ئەوە بەهیچ جۆرێک پێمان باش نییە ناوەکەی بگۆڕین، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک د.إدریس هادی فەرموو.

**بـەڕێـز د.إدریـس هـادی صـــــــالـح:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

یەکێتییەکە گونجاوترە، چونکە ئەو نقابانەی کە لە کوردستان هەن زۆربەیان بڕوانامەکانیان بەکالۆریۆسە، بڕوانامەی کەمتر وەرناگرن، بەڵام مامۆستایان دبلۆم و بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆراشی تیادا هەیە، لەبەر ئەوە یەکێتییەکە گونجاو ترە، دووەم لەبەر ئەوەی هەموو سونفەکانی تیادایە من بە پێویستی نازانم کەوا باسی وەزارەتی پەروەردەی تیادا بکرێت، چونکە مامۆستایانی پەیمانگا و کولێژەکانی تیادایە، جا لە پاشە رۆژدا ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا دامەزرێنین ئەو کاتە ئەبێت ناوی ئەویشی تێخەین، جا لە چ شوێنێک ناوی وەزارەت هات با بنووسرێت وەزارەتی پەروەردە، لەسەرەتاکەیدا پێناسە نەکرێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک رجب شعبان فەرموو.

**بـەڕێـز رجب شـــــعــــــبـــــــان طیـب:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

زۆر جار قوتابخانەکان پێویستییان بە مامۆستا دەبێت و هەر کەسێک مومارەسەی وانە وتنەوەی هەبێت و وانە بڵێتەوە وەکو «محاضر» لەم کاتەدا ئەگەر ئێمە وتمان «یمارس التعلیم» واتە هەمووی دەگرێتەوە بەوانەشەوە کە وانە ئەڵێنەوە «محاضر» و مامۆستای ئاینی و پزیشکێکیش کە بێت و هەندێ وانە بڵێتەوە، لەبەرە ئەوە هەموو کەسێک ئەگرێتەوە، جا لەبەر ئەوە هەر بە «کل معلم» بمێنێتەوە باشترە بۆ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەس ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە یەکێتی مامۆستایان چەند شەهیدی داوە و چەند خەباتی کردووە، کاتێ کە دامەزرا لە کوردستاندا و لەکاتی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن هەر لەو کاتەدا یەکیتی مامۆستایان لە عێراقدا هیچ دەرماڵەیەکی پیشەیییان نەبوو، پاش ئەوەی یەکێتی مامۆستایانی عێراقی بوو بە «نقابە» دەرماڵەیان بۆ دەرچوو و، من ئەو کاتە ئەندام بووم لە «جمعیة الاقتصادیین العراقیین» لە بەغدا، ئێمە هیچ دەرماڵەیەکی پیشەییمان وەرنەدەگرت، بەڵام «نقابە المحاسبیین العراقیین» دەرماڵەیان هەبوو،چونکە «نقابە» بوون، سەرۆکی جەمعییەکە هەوڵێکی زۆری ئەدا بۆ ئەوەی ببێتە «نقابە الاقتصادیین» تاوەکو دەرماڵەی پیشەیی وەرگرن، جا لەبەر ئەوە مەبەستی ئێمە تەنها بۆ بەهێزکردنی ئەوە بوو، جا لێرەشدا لە کوردستان «نقابە المحامین» و «إتحاد الحقوقیین»یش هەیە، بێگومان «نقابە» کە بەهێزترە لە «إتحاد»ەکە، جا ئەمە لە هەموو عێراقدا وایە کەوا «نقابە» بەهێزترە لە «إتحاد» و دەرماڵەی خۆی هەیە، هەتاوەکو لە میسریش کاتێ ئەڵێن «نقابە المحامین» ئیزرابیان کردووە بەهێزترە لەوەی بڵێن «إتحاد الحقوقیین» ئیزرابیان کردووە، را رای ئێوەشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرماڵە لەسەر بنەمای «نقابە» نادرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای یاسا مامۆستایان موخەسەساتی میهەنیان هەبووە کە تەبعەن کەم بووە ئێستا زیاد بووە، هیچ پەیوەندییەکی بە سەندیکاوە نییە، ئەگەر ئەندامی سەندیکا بێت موخەسەسات وەردەگرێت، سەندیکای موحامین کەس موخەسەسات وەرناگرێت، سەندیکایە و هیچ موخەسەساتی نییە، چونکە بە یاسا بۆی فەرز نەکرایە، هەموو موخەسەساتێک بە یاسا دەدرێت، جا ئەگەر سەندیکا بێت یا (إتحاد) بێت، لەتوانادایە (إتحاد معلمین)بەهۆی یاساکەوە موخەسەساتی میهەنیان بدەیێ، ئەگەر نەیان دەیێ دەتوانی بە یاسا لێیان (حەزف)بکەی کە موخەسەسات نییە، لەبەر ئەوە ناو دەلیل نییە کە سەندیکا بێت موخەسەسات وەردەگرێت و ئەگەر سەندیکا نەبێت موخەسەسات وەرناگرێت، بۆ نمونە دەڵێن ئەگەر ئەندازیارێک لە سەندیکای ئەندازیاران نەبێت موخەسەساتی میهەنی مەدەنێ، مەبەستیان لەوەیە کە ئینتیما بکات بۆ ئەندامێتی، مانای ئەوە نییە بە سەندیکاکەی کە ئەندازیارەکەی ئیسپات

دەبێ، تەنیا بابەتەکە ئینتیما کردنە بۆ ئەوەی زیاد بێتن، بۆ ئەوەی بتوانن ئیجرائاتی دەرحەق بکەن، ئەگەر خوانەخواستە خوار ڕۆیشت، لەبەر ئەوەی یەکێتی مامۆستایان ناوێکی زۆر پیرۆزە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە وشەی (إقليم) لابدرێت وەک بەڕێز د. ناصح فەرمووی ئیتیفاقمان نەکردووە، لەوانەیە لەسەر ئێمە لاچووە کاتی ئیتیفاقەکە نەمان نوسیووە، وەکو خۆی بمێنێ و، ئەو ناوەی کە هاتووە (جميع المعلمين والمدرسين) زۆر لە جێی خۆیەتی، چونکە دەڵێین (معید) موعید لە زانکۆ کاریان چیە؟ بۆیە ناوی موعیدە دەرس دەڵێتەوە جا ئەگەر کەم یان زۆر، یارمەتی مامۆستایەک دەدات یان یارمەتی پرۆفیسۆرێک دەدات، واتە دەرس دەڵێتەوە شتی بۆ ئامادە دەکات، لەبەر ئەوە پێویست نییە و زۆر بە ڕێکوپێکی هاتووە، کە بەڕێزتان هیچ لاریتان نەبێ بدرێتە دەنگدانەوە، برادەران ڕەئیەکی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بخوێنێتەوە بۆ ئەو هەڵەو چاکردنەوانەی کە بەڕێزتان ئیشارەتتان پێدا.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة ازاءها:

١ـ الإقليم: إقليم كوردستان ـ العراق.

٢ـ الوزارة: وزارة التربية.

٣ـ الإتحاد: إتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.

٤ـ المجلس: المجلس التنفيذي لإتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.

٥ـ مكتب السكرتارية: مكتب سكرتارية إتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.

٦ـ الهيئة العامة: جميع أعضاء اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق.

٧ـ المعلم: جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدرسيين في الجامعات والمعاهد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناوی یاسایەکە دەبێت بە(قانون إتحاد معلمي كوردستان العراق)، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ماددەکە پەسەند ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، ماددەی یەکەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التأسيس والأهداف

المادة الثانية:

يؤسس بموجب هذا القانون إتحاد بإسم اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق ويكون مقره الرئيس في العاصمة أربيل وله أن يفتح فروعاً في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ئەوە هەیە کە (له أن يفتح فروعاً)ببێتە (عليه أن يفتح فروعا)، چونکە ئەوە ئیجبارییە، بەڵام (له) ئیختیبیاریە، ئەگەر وا بکرێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی ئێوە هیچ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە لەسەر(له و عليه).

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، (لە) مەبەستی ئیختیاریە ئەگەر ڕەئی ئەوان وایە دەبێت (فرع)ەکە هەبێت، ئەگەر توانا

هەیە بڵێین (وله فروع في محافظات الاقليم) بەبێ (أن يفتح) ئەو وشەیە لاببەین،(يؤسس بموجب هذا القانون اتحاد بأسم اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق ويكون مقره الرئيس في العاصمة أربيل وله فروع في محافظات الإقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرەئی من ئیلزام نابێت، لە شوێنێکدا کە ژمارەی یاسایی نەبێت، لەوانەیە زروفێکی وا بێت کە شەفەویەن بتوانێت. هەر وەختێک توانی بیکاتەوە ئەیکاتەوە، کاک د. ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا ئەم پرۆژەیەی کە هاتووە رەئی لیژنەی یاسایی و رەئی لیژنەی پەروەردەیە، جا ئەگەر کەم وکورتیەک لە وشەیەک هەبێت، ئێمە وەکو ئەشخاس دەتوانین رەئی خۆمان دەربڕین، چونکە ئەم پرۆژەیەدا هاوبەشە و، یەکەم جارە پرۆژەی وا دەکرێت، پرۆژەیەکی هاوبەشە بەناوی (لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە) پێکەوە رێکەوتین لەسەر ئەم پرۆژەیە، من پێم وایە ئەوەی لەم پرۆژەیەدا هاتووە زۆر بەتوانا ترە لەوەی کە(له ان يفتح) ئەگەر نیسابی یاسایی هەبوو حەتمەن(له أن يفتح) لێرە هیچ کەم وکورتیەکی تێدا نییە، وابزانم ئێمە وا رێکەوتین، یەعنی (عليه) ئەگەر نیساب نەبوو چۆن دەبێ بکرێتەوە(عليـه)، ئەمەیان زۆر رێکوپێک ترە، داوای لێبوردن دەکەم ئێمە وەکو ئەشخاس تێبینیمان هەبێت زۆر ئاساییە، بەڵام وەکو لیژنەی پەروەردە، ئاسایی نییە، چونکە هەموومان رێکەوتین لەسەر ئەم پرۆژەیە، لەگەڵ رێزمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک جەوهەر شاواز، فەرموو.

**بەڕێز جوهر احمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە کە لە دوای (يفتح فروعاً في محافظات أو بعض الأقضية)چونکە ئێستا لقی خانەقینمان هەیە، ئەگەر ئیزافە نەکرێت ناتوانین ئەم لقە بکەینەوە، چونکە خانەقینش عاییدی پارێزگای دیالەیە، من وا پێشنیار دەکەم لێرە ئەو عیبارەیە زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید، فەرموو.

**بەڕێز إبراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە بۆ ئایندە دروست دەکرێن، یەعنی نەک بۆ شتێک حازر هەبێت، ئێمە ئەگەر یاسایەک

بۆ شتی حازر دروست بکەین، ئێمە یاسایەک بۆ ئاینده دروست دەکەین، راستە واقیعەکە ئەوەیە کە ئیتیحادەک پێشتر هەبوو، بەلاّم بە گوێرەی ئەم یاسایە دەبێت شتێکی تازە دروست بکەین، لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی کە بچن مۆڵەت وەربگرن، کێ دەچیت مۆڵەت وەردەگریت؟ یان ئەو ئیتیحادەی پێشتر ئەوە هەر دەبێتە ئیتیحاد، دەبێت بە گوێرەی ئەو یاسایە کۆمەڵێک هەبن بچن مۆڵەت وەربگرن و، ئیتیحاد بە گوێرەی ئەم یاسایە دروست بکەن، هەروەها دەبێت یاسا بێتە جێبەجێ کردن نەک بێتە دروست کردن، جێبەجێکردنیش دەبێت سەقفەکی زەمەنی بۆ دابنێین کەوا کەی هەڵبژاردنەک دروست دەبێت بەگوێرەی بەرژەوەند جا شەش مانگی تر یان ساڵێکی تر، تاکو ئەو یاسایەی بە دروستی پێدا بچیت، ئینجا زەروریە ئەو فەقەرە زیاد بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رەئیەی کاک ئیبراهیم دانیم، چونکە مونەزەمە هەیە مەوجوودە، تەنیا یاسایەکە بۆ تەنزیمی ئیش وکاری تازە و کۆن لێک بکاتەوە یاخود زیاد کردنی فەقەراتی تێدا هەبێت، هیچ حەق نییە گۆرانکاری تێدا بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم هەیە لەسەر عیبارەی (له ان يفتح فروعاً في محافظات الإقليم)(له) بەمانای ئیختیار دێت، بەس ئەگەر سەیری ماددەی (١٤و١٥) بکەین، هەر لە یاسادا هاتووە (هيئة فروع و انشطة قضاء) یەعنی بە قانون ئیلزامییە (له فروع في محظات الإقليم والاقضية) شتێکی وا بێت بە رەئی من باشترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هاتبێت لە قانونەکە کە فەرعەکان لە مەرکەزی پارێزگاکان بێت، ئەو کاتە برادەران حەقیان هەبوو باسی قەزا و ناحیەکان بکەن، بەلاّم دەڵێت (محافظات)حدود ئیداری شاملی نەواحی و قەزایەکانە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بڵێین (الاقضية والنواحي) زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر وەلامتان هەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا بەنیسبەتی فەرموودەی کاک ئیبراهیم سەعید، کە مونەزەمەی یەکێتی مامۆستایان موجازە رەسمیەن بەبێ قانونی جەمعیات ئێستا حالیەن ئیش دەکات، قانونەکە کە دەرچووە تەنیا مەسەلەی تەنزیمی قانونێکە بۆ دوارۆژ و ئیش و کارەکانی رێک بکات، لەبەر ئەوە پێویستیان بە ئیجازە وەرگرتن نییە ئیجازەیان هەیە، بەلام قانونەکە شێوەی ئنتیخابات و تەرتیباتی بۆ کردینە کەی ئینتیخابات دەکەن و؟ چۆن ئینتیخابات دەکەن؟ لەمەو دوا ئەو مونەزەمە موجازە بە پێی قانونەکە خۆی حازر دەکات، بەپێێ تەمسیل بەپێی ئەو نیسبەتەی کە لە قانونەکەدا هاتووە، لەبەر ئەوە پێویستی بە ئیجازە نییە، خۆی موجازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە دووبارە ماددەی دووەم بخوێنەوە جارێکی تر.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التأسيس والأهداف

المادة الثانية:

يؤسس بموجب هذا القانون إتحاد بأسم اتحاد معلمي كوردستان ـ العراق ويكون مقره الرئيس في العاصمة أربيل وله أن يفتح فروعاً في محافظات الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دوو پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە،زۆر سوپاس، ماددەی دووەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، یەک دەنگ پەسەندی ناکات، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

الإتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية وله حق تملك الأموال المنقولة وغير المنقولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی، هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچ تێبینیمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە وەکو لیژنە هیچ تێبینیتان نییە، چونکە پرۆژەکە هی خۆتانە و، تەنیا بۆ وەڵامدانەوە و، هەروەها بەنیسبەت لیژنەی پەروەردەش، ئەمە کارەکەمان ئاسان دەکات، تەنیا بخوێنرێتەوە و رەئی ئەندامان وەربگیرێت، لەوانەیە لیژنەی دارایی تێبینی هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئی ئێمە ماددە ڤی شکلی بێتە نڤیسین ( تتمتع النقابة بالشخصية المعنوية وله الاستقلال المالي والاداري) زۆر ریکو پیک ترە وەکو هاتووە(له حق تملك الاموال المنقولة والغير منقولة)، واتا (الاستقلال المالي والاداري)هەموو شت دەگریتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت عەرەبییەکەی مامۆستا مەلا طاهر بۆمان چاک بکاتن، تۆزێک ئیلتباسی تێدا هەیە.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الاتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية) ئەوە خەبەریەتی ، (له) بۆ ئیتیحادە نەک بۆ مونەزەمە، خۆی (له) وە نەک(لها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الاموال المنقولة والغير منقولة)، یان (المنقولة و غير المنقولة).

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(غير لا يتعرف ابدا)، واتە (غير) هیچ (ال)ی لەسەر نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز نەمەر کەچۆ/ وەزیری هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(الأتحاد منظمة مهنية مستقلة) وا بزانم لێرە شتێکی زیاد هاتووە، قانونی جەمعیات تەعریفی مونەزەمات و نیقابات و ئتیحادات و هەمووی کردووە، یەعنی میهەنیە موستقلە ئەو تەعامولەی لەگەڵ فەقەرەی دووەمی ماددەی یەکەم (الوزارة: وزارة التربية) سەر بەخۆ نەوعە تەعاروزەک هەیە، بەڵام بە شێوەی گشتی قانونی مونەزەمات تەعریفی هەموو مونەزەمات دەکات، نیقابەی مامۆستایان و ئەندازیاران و پزیشکان و هەمووی میهەنی و موستەقیلن، بەڵام ئیشارەتی کردووە کە لە زمنی قانونێکی گشتیدا هاتووە، یەعنی لێرە مونەزەمەی مستەقلە چاکی بکەن باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئامانجێ ئتیحادێ شتەکی تێدا نینە بۆ خزمەتا قیتاعێکی مەزنی کۆمەلەیێ، بەرڤەرێ ژ بەر هەندێ ژ بەر قانونەکا داهاتیە کو حەق تەمەلوکا (الأموال المنقولة وغير المنقولة) ببێتە نەسەکی قانونی من وەکو بۆ جهێ ئیجتیهادێ نەمینێت ئان سوئالی من پێشنیار دەکەم (لتحقيق أهدافه او أغراضه المنصوص عليه في هذا القانون )بێتە زیاد کردن، دیمایکا وێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاک ەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تێبینیەکەی بەڕێز نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران، نایەوێ چونکە لە قانونی جەمعیات هاتیە، ئێستا ئەوە قانونەکی تایبەتیە بەو قانونەی دروست دەکرێت، ئەوە دەبێتە قانونێکی تایبەتی ، لەو قانونە تایبەتیە دەبێت پێناسەی خۆی بۆ بێت، چونکە رادەوەستێ قانونی جەمعیات شەملی ئەوە ناکات، بە قانونی خۆی موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت، ئەو قانونە کە دەرچوو بەو قانونە تەئسیس دەبێ و بەو قانونە ناوی لێ دەنرێت، لەبەر ئەوەی عیلاقەی بە قانونی جەمعیات نامێنێ.

بەنیسبەت ئەوەی کاک د.رزگار فەرمووی، پێویست ناکات چونکە ئەهدافی هەیە و حەقەکیشی هەیە، بەڵام ئەو حەقەی بۆ چیە؟ هەندێک ئەهداف لەسەر شانیتی ئەهدافەکان جێبەجێ دەکات،

ئینجا ئەگەر لێرە بگوترێت و نەگوترێت پێویست ناكات، وشەیەكی زیادە چونكە ئەهدافی هەیە ئەهدافەكان جێ بەجێ دەكات، ئەگەر ئەهدافەكەشی جێبەجێ نەكرد ئەوە شتەكی تەبیعیە مومكینە لە لایەكی تر محاسەبە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی سێیەم تكایە جارێكی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

الإتحاد منظمة مهنية مستقلة تتمتع بالشخصية المعنوية وله حق تملك الأموال المنقولة و غير المنقولة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی سێیەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەی سێیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولاً: يعمل الاتحاد لتحقيق الاهداف التالية:

١ـ تجسيد النظام الفيدرالي لكوردستان ـ العراق.

٢ـ الدفاع عن الحريات الديمقراطية والسلم ومبادىء حقوق الإنسان.

٣ـ الإسهام في رفع المستوى التربوي والتعليمي والقدرات العلمية والثقافية والفكرية للمعلمين وإعدادهم بما يحقق الإيمان التام بالقضايا القومية والوطنية وأهداف الحركة التحررية الكوردية(كوردايتي).

٤ـ المساهمة في وضع ستراتيجية نظام التربية والتعليم لإعداد برامج ومناهج تتلائم مع الأهداف والطموحات المشروعة لشعب كوردستان ـ العراق.

٥ـ إحترام مهنة التعليم وصيانة قدسية المداراس والمعاهد والجامعات والدفاع عن حقوق معلمي كوردستان وتحقيق أهدافهم وطموحاتهم وضمان الحرية الكاملة لأداء مهامهم.

٦ـ رفع المستوى المعاشي للمعلمين وتقديم الخدمات الاجتماعية والصحية في المجالات التي تحقق الحياة الكريمة.

٧ـ الحفاظ على التراث القومي في كوردستان وتطوير الوضع الثقافي وأبراز دور المعلم في

البناء والتطوير الحضاري وتحويل المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني.
٨ـ المساهمة في إلزامية التعليم وتعليم الكبار ومكافحة الأُمية في الأقليم.
٩ـ التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات و المنظمات والأتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم وخارجه.
١٠ـ تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية.
١١ـ إشراك معلمي كوردستان في الندوات والمؤتمرات التربوية والعلمية خارج الاقليم.
١٢ـ ضمان وحماية الحقوق التربوية والثقافية الخاصة بالمعلمين في الأقليم.
ثانياً:
١ـ للاتحاد تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية الخاصة بالمعلمين في الأقليم.
٢ـ للاتحاد حق الإشراف المباشر على الجمعيات والمؤسسات التي يقوم بتأسيسها وله أن ينتدب عضواً في المهنة الإدارية لهذه الجمعيات لتمثيله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رەئی لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من لە فەقەرەی (٩) نۆدایە کە هاتیە(التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والأتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم و خارجه) ڤێری (خارج الأقليم) گەلەک ختورەتی تێدا هەیە، یان وشەی (خارجە)بێتە حەزف کرن، چونکە بەرێ وی کە ژی گەلەک جەمعیات و نقاباتا تەلەب کرد ژی حەزف کری، یان ژی ئیزافە بێتە کرن (بعد اخذ الموافقة من الجهات الرسمية) بەشکلی موتلەقی بمێنیتن، دێ (سوء الاستغلال) تا کرن، زەرەر ژیا تێدایە، رەئیش بۆ بەڕێزا جەنابێتەیە.
لە فەقەرەی (ثانياً:١ـ للاتحاد تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية الخاصة بالمعلمين في الأقليم)، هەر وەکی راپۆرتێ خۆ دەمە نیشانە پێداین مە گوتین لێ ئیزافە بێتە کرن(بعد اخذ الموافقات الاصولية من الجهات المعنية ولها حق في الغائها في حالة الحاق الضرر بالاتحاد) چونکە ماددەی چوار ئەساسی ماددەکا دی بی مەشروعی کەڤندا، واتە دوو تێبینیمان هەی فەقەرەی (٩)(وخارجه)، و(ثانيا:١ـ بعد اخذ الموافقات الاصولية من الجهات المعنية) کە حەقی ئەوشی ژ هەبیتن (وله حق الغاء اي منها عندما يلحق الضرر بالاتحاد)، مەبەستی من زەرەری مادییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە، ناوی ئەو بەڕێزانە

نوسراوه تکایه ئەوەی ناوی نەنوسراوه بادەستی بەرز کاتەوه،
١- بەڕێز د. رزگار.
٢- بەڕێز د. ناصح.
٣- بەڕێز إبراهيم سعيد محمد.
٤- بەڕێز د. إدريس هادی صالح.
٥- بەڕێز حميد سليم ميران.
٦- بەڕێز سفر محمد حسين.
٧- بەڕێز د. لطيف محمود احمد برزنجی.
٨- بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا.
بەڕیز حاکم سەفەر، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان دوو تێبنی بچوکم هەیە، (اولا: ٥- أحترام مهنة التعليم وصيانة قدسية المدارس والمعاهد) وابزانم شوێنی (قدسية) بکەینە (حرمة) باشترە و مولائیم ترە.
وتێبینی دووەم لە فەقەرەی (٧- الحفاظ على التراث القومي)وشەی (الوطني) زیاد بکرێت باشترە چونکە لە پێشی هاتووە ( القومي والوطني) بی باشترە چونکە موتەکامیل دەبی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت فەقەرەی (١١- إشراك معلمي كوردستان في الندوات والمؤتمرات التربوية والعلميةخارج العراق)، شتێک بووە لە موئتەمەری(٣،٤،٥،٦) ئەوە لە شیعاری موئتەمەری ئێمەدا بووە، هەتا لە نیقابەی مەرکەزی ئەمەیان مەنع نەکردیە کە بلێن عیلاقاتەکە دەبێ بێ، تێبینی دووەم ئەوەیەکە لە فەقەرەی(٣- الاسهام في رفع المستوى التربوي)بەرەئی من با بکرێت بە (العمل على رفع) نەک (الاسهام) چونکە (الاسهام) کەمەک موشارەکە کردنە، ئیش کردنی جیدی (العمل على رفع المستوى) یەعنی ئیشەکەی (الاتحاد)بۆ ئەوەیە نەک موساهەمات، موساهمە یەعنی بەشێکە، لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیەش وەکو ماددەکانی تر وەکو گوتم رەئی هەردوو لیژنەیە، بەڵام پێش ئەوەی رەئی لیژنەکان بێت،راستە لەسەر داوای (١٠) ئەندام بووە، بەڵام ئەو پرۆژەیە لەبەر ئەوەی زۆر گرنگ

بوو، پەیوەندی بە شەریحەیەکی یەکجار زۆر گرنگ هەیە لە کوردستانی عیراق،بۆیە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز بە پەسەندی زانی ئاراستەی حکومەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوە هەم وەزارەتی دارایی رەئی خۆی لەسەر داوە هەم وەزارەتی پەروەردە رەئی خۆی لەسەر ئەم پرۆژەیە داوە، ئینجا بەناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە جارێکی تر هاتۆتە لای ئێمە، ئێمەش دیسان وەکو هەردوو لیژنەکە موشارەکەمان کردووە، یەعنی رەئی ئەوانیشمان بە ئیعتیبار وەرگرتووە، ئەمە مانای ئەوە نییە نابێ موناقەشە بکرێت، بەڵام حەز دەکەم بزانم ئەمە گەلاڵەی ئارایەکی یەکجار زۆرە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من تێبینیەکم هەیە لەسەر فەقەرەی(١٠ـ تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية)، من لەگەڵ رێزم بۆ ئەم نیقابەیە، ئەم نیقابەیە ئیعترافی بە ئێمە نەکردووە بە عەکسەوە مەوقفیشی زۆر سلبیە لە فیدرالیەتەکەمان و لە ئیتیحادەکەمان، لەبەر ئەوە من وا تەسەوڕ ئەکەم ئەم فەقەرەیە دەبێ هەندێک بیگۆڕین(تمتين العلاقة مع معلمي جمهورية العراق) باشتر دەبێت بێ ئەوەی لەگەڵ نیقابەکە بێت، ئەم مەسەلەیە ئیشکالێکمان بۆ دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مەبەست لە نیقابە نییە کە ئێستا هەیە، مەبەست دوارۆژە، بەڵام لە قانون ناتوانی بڵێین ئەم نیقابەیە ئیعترافی پێ ناکرێت و ئەوە ئیعتیرافی پێ دەکرێت، بەڵام مەبەست ئەم نیقابەیە، ئەم نیقابەیە نییە ئەوەی تریانە، بەڕێز د.ئیدریس.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رەئی من فەقەرەی (١٠) هەر نەمێنێت باشترە، چونکە لە فەقەرەی(٩ـ التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات...) بەشێوەیەکی گشتی یەعنی فەقەرەی (١٠)شی شمول کردیە، واتە دووبارە بوویتەوە بەشێوەیەکی تایبەتی، فەقەرەکی زیادە پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لە بارەی فەقەرەی(٧و٨)، فەقەرەی(٧ـ الحفاظ على التراث القومي في كوردستان وتطوير الوضع الثقافي وإبراز دور المعلم في البناء والتطوير الحضاري وتحويل

المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني)، بەرەئی من (تحويل المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني) ئەوە ئیشی ئەوان نییە، لەوانەیە موساهەمەی تێدا بکەن، بەڵام ئیشی ئەوان نییە.

بەنیسبەت فەقەرەی(٨ ـ المساهمة في إلزامية تعليم الكبار ومكافحة الأمية في الاقليم)، ئەوە موساهەمەی تێدا دەکەن بەڵام ئەوەش ئیشی ئەوان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەر بۆرا مرۆڤایەتیە ئیسپاتی کردیە کە دیموکراتیەت شتێکی زۆر گرنگە و پێتڤیە بۆ مەسەلا ئیبداعێ زێدە کرنا بەرهەمێ و ئاوا کرنا عیلاقاتێ ئینسانیێ ناڤ بەینا کۆمەلادا، ژ بەر هەندێ گرنگی پێدان بۆ دیموکراتیەتێ ناڤ ڤێ شەریحەتێ بەئیعتیبار مەزنترین شەریحە د کۆمەڵێ دا، ژ ناحیا ئەرکێ ئەرکەکی زێدە گرنگ و ئەساسە بۆ ئاوا کرنا کۆمەڵێ، من پێشنیار دکەم ئەڤ فەقەرە بێتە ئیزافە کرن، هەر چەندە ئیشارەت دایە(العمل من اجل توسيع وتعميق العملية الديموقراطية في المجتمع الكوردستاني وممارستها بشكل فعال في المدرسة و داخل صفوف الاتحاد)، ئەڤە یەک، تێبینیەکی بچوکم هەیە لەسەر فەقەرە( ٣ـالايمان التام بالقضايا القوميه والوطنيه) ئەوە دی چونکە قەزایای قەومی و وەتەنی گەلەک مەزنە بەر فرە هو شاملی هەمی تشتەکی کرنا ئەڤە دوو، لە فەقەرەی( ١٠ـ تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية) با بمینێت، چونکە مومکنە گۆرانکاری زۆر هەبیت، من پێشنیار دکەم وشەی(الجمهورية العراقية) با بمینێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەهداف تەبعەن تشتەکی زۆر پیرۆزن، ستراتیژیەت و سیاسەتا وێ نیقابە دەرکەتن، فەرقا لەگەڵ مومارەسا ئیختیساسێت رۆژانە گەلەک فەرقا هەیە، تەبیعی هەتا فەقەرەی(١٢)، گەلەک دروستن ئەڤە ئەهدافن، بەڵام(ثانياً) ئەڤە ئەهداف نییە، ئەمە مومارەسەیێ ئیختیساساتە، یەعنی (١ـ للاتحاد تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية...، ٢ـ للاتحاد حق الاشراف...) لە هەر چی نیقابەیەک تەماشا بکەین، ئەمە زمنی مومارەسەی ئیختیساسی مەجلیس دانراوە، مەجلیسی ئەو نیقابەیە، نە ئەهدافن ئەمانە، یەعنی ئەمە دەبێت لێرە لابرێت و بچێتە فەقەرەی مەجلیسی تەنفیزی، یەعنی ئەمە ئیختیساسی مەجلیسی تەنفیزیە، لە ئەهداف نامینێتن، فەقەرەی (١٠) ئەڤە دەبێت تەرکیزی لەسەر بکەین، مەوزوعی نیقابەی مامۆستایان،

به حەقیقەت تەعریفی نیقابات و ئتیحادات ئەوە دەکرێتن مونەزەمەکی میهەنی موستەقلە، هی عیراق ئەبەدەن موستەقل نییە، چونکە مونافەسەی تێدا نییە، کەی هاتوو قەوائیمێت مونافەسەی هاتە تەقدیم کرن، هەرچی نیقابات تەمسیلا هەمی مامۆستایانی عیراقێت دکاتن، ئەوسا ئێمە دەبێت تمتینی عیلاقات لەگەڵ بکەین، ئینجا باشتر وایە ئەم فەقەرەیە لابچیتن و هەر کاتەک نیقابەکی وا لە عیراق دروست بوو کە بگونجێتن لەگەڵ مونەزەمەکی میهەنی موستەقل، ئەوسا با ئێمە با تەعدیلەک بخەینە سەر ئەهداف و ئەو فەقەرەیە دروست بکەین، بەلام ئێستا من بە زەرورەتی دەزانم کەوا فەقەرەی (١٠) لابچیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. لەتیف فەرموو.

**بەڕێز د. لطیف محمود احمد برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر بڕگە (٩) و (١٠) هەبوو، کاک د. ئیدریس و برادەران هەندێک باسیان کرد، بەڕاستی بڕگە دە ئیبرازی ئەو تەعاونەیە و تەرکیزێکی زیاترە لەسەر خاڵەکە بە رای من ئەو بڕگەیە لاببرێت، ئەو ئیشکالەش حەل دەکات کە کاک عەبدولخالق باسی کرد، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش پرسیارێکمان هەیە، پرسیارێک و پێشنیارێکمان هەیە:

١ ـ (تجسید) یەعنی چی؟ بۆ نموونە بلێین ئامانجێکمان هەیە (تجسید)ی نیزامی فیدرالی یەعنی چی؟ بۆ نموونە (الدعم والحمایە) (دعم وترسیخ) قەبوڵە، بەس (تجسید)، کاک ئیبراهیم دەڵێ یەعنی ئەبعادی بۆ دادەنێین.

٢ ـ پەیوەندی بە یەکەم و دووەمەوە هەیە، ئیعتیراز لەسەر دووەم هەبوو، ئەمە پەیوەندی بە یەکەمەوە نیە، لە حەقیقەتدا دووەم وەسائیلی جێ بەجێ کردنی یەکەمە، دەتوانین ئەو رەبتە لێرەدا بکەین، دووەمیان شتێکە (لتحقیق اهداف الاتحاد) یەک و دوو ئەو:

ثانیاً: لتحقیق اهداف الاتحاد:

١ ـ تأسیس الجمعیات.

٢ ـ حق الاشراف المباشر علی الجمعیات.

ئەو رەبتەی دەبێت، ئەگینا ئەو رەبتە خۆی عەمەلیەن ئەوانە وەسائیلن، یەعنی ئەوەشی تیا نەبێت هەر عەینی شتە، جا تکایە وەلامەکانتان، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت مامۆستا مەلا هادی فەرمووی لەبارەی بڕگە دوو (الاسهام) کەمە، چونکە ئیبتیدائەن

دەڵێ (يعمل الاتحاد) مانای ئەوەیە عەمەلە، دووەمیش (الاسهام في رفع المستوى التربوي) یەعنی مانای ئەوە نییە کەمە، هەوڵ دەدات لەگەڵی ئەویشی تێدایە لەناو مەوزوعەکەی مانای ئەوەیە بۆ دەورێکی کەمە (الاسهام) دەور نیە، (العمل) مانای ئەوەیە لەو لاو لەو لا داوا بکات، مانای ئەوەیە خۆی لە ناو مەوزوعەکەیە(يساهم فی)، بەڵام عەمەل لەوانەیە هەوڵ دەدات لەو لاو لەو لا، بەڵام (يساهم) خۆی دەچێتە ناو مەوزوعەکەی و هەوڵیش دەدات، لەبەر ئەوەی (الاسهام) زۆر بەهێزە لەو حاڵەتەی لە سەرەتاوەش وتراوە(يعمل الاتحاد لتحقيق الاهداف)، بەنیسبەت برادەران زۆریان باسی برگەی دەیان کرد( مع الجمهورية العراقية) بەڕێزتان وەڵامتان دانەوە، بەس بۆ مەوزوعەکە بەو تەنگیە وەربگرین (نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية)نەقابەی ئەو حوکمەتەی نیە، هی مامۆستایانی عێراقە بۆ ئێمە ئیبرازی ئەو دەورە نەکەین کە ئێمە وەک مامۆستایانی کوردستان حەزمان لێیە پەیوەندیمان لەگەڵ مامۆستایانی عێراق هەبێت، ئێستا ناوی جمهوری عێراقە پێمان خۆش بێت یان ناخۆش بێت، ئەوجا لە دوا ڕۆژ ناوی چی لێ دێت وەختەکی ترە، ئەمە با مامۆستایان وا تێبگەن ئێمە خۆمان بە مەعزەل نینە، ئەمەش لەگەڵ مامۆستایانی عێراق هاوسۆزی ئەوانین، ئەگەر غەمەکیان هەبێت غەمیان دەخۆین و ئاگاداریانین و با یەکتر بناسین، بە رای من ئەوە چ موشکیلە ناگۆڕی بۆ یەکسەر ئیستیفزاز دەبین کە باسی جمهوری عێراق دێت، ئێمە پەیوەندیمان بە عێراق نیە، پەیوەندیمان بەو خەڵکەیە کە لەوێیە، یەعنی پەیوەندیمان باش دەبێت لەگەڵ ئەو مامۆستایانە، ئیتر ئەو خراپە، چاکە کەیفی خۆیەتی، بەس با مامۆستایان هەست بکەن کە ئێمە ئەوانمان وەکو مامۆستایان لە بیر نەکردووە.

بەنیسبەت زۆربەی برادەران، وەکو کاک د. رزگار فەرمووی مەوزوعی دیموکراتیەت ئیبراز بکرێت، دیموکراتیەت باسی تێدایە (دفاع عن الحريات الديمقراطية والسلم ومبادىء حقوق الانسان)، موجتمەع مەدەنی کاک حەمید فەرمووی ئەوە ئیشی وان نیە، راستە ئیشەکە ئەرکی ئەوان نیە، بەس ئەوانیش بەشێکن لەوەی، ئەگەر هەوڵ بدەن دانیشتوانەکەی بگۆڕن و روو لە مەدەنیەت بکەن و شتی وا هەرچەند زۆربەمان ئێستا کە گوێمان هەتا لە وەسائیلی ئیعلامیش دەبێت زۆر جار مەسەلەی مەدەنیەکت بە زۆر نەوعی عەنتیکە تەفسیر دەکەین، دانیشتوانی مەدەنی هەندێک گرانە، دانیشتوانی مەدەنی مانای ئەوەیە حکومەت لەناو مەوزوعەکەی بچێتە دەرێ، هەموو شتێک ببێتە ئەهالی و بەشەر بەحەقیقەت موساهەمەیە، هەوڵ دانە با هەوڵ دەین هەموو لایەکمان ئەو موجتەمەعەی بگۆڕین بە موجتەمەعی مەدەنی رزگارمان بێت لەو وەزعەی کە هەیە، خراپ نیە کە دنیا هەمووی داوای دەکات موجتەمەع مەدەنی بێت، ئەگەر سەقافەتی هەبوو مەجتەمەعی مەدەنییە، هەر ئەوانە بوو مەوزوعی جەنابت وەڵامت داوە بەنیسبەت کاک ئیبراهیم سەعید برگەی دوو، بۆیە داخیلی ئەهداف نەکرا بە شتێکی موستەقیل هاتۆتە خوارێ بۆ بەندەک لە ماددەک، مانای ئەوەیە بەشێک لەو ئەرکانەی ئێمکان نییە لەو رێگایە، ئەوەی بەڕێز کاک جەمیل

فەرمووی کەوا (للاتحاد تأسيس الجمعيات والنوادي) ئەگەر ئیجازە وەربگری هیچ ئیتیحادێک و هیچ جەمعیەیەک دروست نابێت، ئەگەر ئیجازە وەرنەگری و، هیچ کەسێک حەقی نیە نادی بکاتەوە کە دەڵێ یەعنی حەقی هەیە بکاتەوە، ئەو حەقە بەچی دەکات بە قانون داوا دەکات لە وەزارەتی ناوخۆ دەڵێ نادی دەکەمەوە و، هەر نادیەکیش و هەر جەمعیەتێکیش لە ئەهدافی تەئسیسی خۆی دەربچێ یاخود لە داب و نەریتی قانونەکە دەربچێ موحاسەبە دەکرێ و دادەخرێت، لەبەر ئەوەی پێویست نیە بڵێین حەقی هەیە دابخرێت، بۆ حەقی هەیە وەزارەتی ناوخۆ هەر جەمعیەک دابخات ئەگەر لە ئەهدافی خۆی دەرچوو یان خوانەکا ئیسائە بوو بۆ موجتەمەعەکەی ئێمە، لەبەر ئەوەی پێویست ناکات بە گۆڕانی ماددەکە، چونکە بەرێکوپێکی هاتووە، ئەو وشەیەش بەرێزتان راتان وا بوو ئێمەش لەگەڵ رای ئێوەینە با بیێتە (ترسيخ النظام الفيدرالي لكوردستان العراق) لە باتی (تجسيد)، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە لە بەرێز شێخ عەفان، بە سیفەتی سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانە، ئایا ئەو خاڵە لا بچێت ( تمتين العلاقة مع نقابة المعلمين في الجمهورية العراقية) هیچ تەئسیرێکی هەیە؟.

**بەرێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەئسیری نییە، بەس وابزانم لە مسوەدەکە تۆزێ بە کەموکوڕی هاتووە، بۆیە دەستی دەدەینێ (بما يخدم مصالح المعلمين) ئەگەر ئەوەی تیا بێت زەرەری چیە و هیچ زەرەری نیە ( ) ئەوە نەهاتووە نازانم، نەخێر ئیعتیرازمان نییە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەسەور دەکەم ئێوە ئەگەر ئیعتیرازتان نەبێ لابردنی باشتر بێت، مومکینە لابردنی باشتر بێت، ئیعتیرازتان نەبێ ئێوە وەکو یەکێتی مامۆستایان، چونکە تەئویل دەکرێت راستە ئێمە دەزانین چیە مەوزوع، بەس خەڵکی تر لەوانەیە بە نەوعێکی تر لێکی بدەنەوە، یان بە نەوعێکی تر باسی بکەن، ئەگەر خۆتان ئیعتیرازتان نەبێ، ئێمە مانعمان نیە، لەو ئیشکالەش رزگارمان دەبێت، لە دوا رۆژدا دەتوانن پەیوەندی باش بکەن، یان (تمتين العلاقة مع معلمين العراق) ئەویش دەبێت، بیریشی لێ بکەنەوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت گوتت ئەگەر لابردرێت ماددەی پێشوو دەیگرێتەوە (التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والاتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم وخارجه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس من تەسەور دەکەم شتێک هەبێت کە پەیوەندی لەگەڵیدا هەبێت وەکو عێراق (تمتين العلاقة) کاک عەبدولخالق پێشنیارێکی باشی کرد، (تمتين العلاقة مع معلمي العراق) بۆ نموونە، شتێکی وای تیا هەبێت، یەعنی چەند خسوسیەتێکی هەیە بەنیسبەت ئێمەوە مامۆستایانی عێراقیش بەم شێوە هەم شتێکی وای تێدا هەبێت، فەرموو کاک حمه عەلی.

**بەڕێز حمه علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین عێراقەکە داخیل بکەین (التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والاتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم والعراق وخارجه) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر هەر خۆی باشترە کە ئەویش (تمتين العلاقة مع معلمي العراق) یان (مع المعلمين في بقية انحاء العراق) بۆ ئەوەی رەبت بێت لەگەڵ عینوانی یەکەم، ئەوجا تکایە ئەو تێبینیانەی رەچاوتان کردووە، ئەو گۆڕانکاریانەی خستوومانەتە سەری، جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

اولا: يعمل الاتحاد لتحقيق الاهداف التالية:

١ ـ ترسيخ النظام الفيدرالي لكوردستان العراق.

٢ ـ الدفاع عن الحريات الديمقراطية والسلم ومباديء حقوق الانسان.

٣ ـ الاسهام في رفع المستوى التربوي والتعليمي والقدرات العلمية والثقافية والفكرية للمعلمين وإعدادهم بما يحقق الإيمان التام بالقضايا القومية والوطنية وأهداف الحركة التحررية الكوردية (كوردايتي).

٤ ـ المساهمة في وضع ستراتيجية نظام التربية والتعليم في الاقليم لإعداد برامج ومناهج تتلائم مع الأهداف والطموحات المشروعة لشعب كوردستان العراق.

٥ ـ إحترام مهنة التعليم وصيانة قدسية المدارس والمعاهد والجامعات والدفاع عن حقوق معلمي كوردستان وتحقيق أهدافهم وطموحاتهم وضمان الحرية الكاملة لأداء مهامهم.

٦ ـ رفع المستوى المعاشي للمعلمين وتقديم الخدمات الاجتماعية والصحية في المجالات التي

تحقق الحياة الكريمة.

٧ ـ الحفاظ على التراث القومي في كوردستان وتطوير الوضع الثقافي وإبراز دور المعلم في البناء والتطوير الحضاري وتحويل المجتمع الكوردستاني الى مجتمع مدني.

٨ ـ المساهمة في إلزامية التعليم وتعليم الكبار ومكافحة الأمية في الأقليم.

٩ ـ التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والمنظمات والأتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخل الاقليم وخارجه.

١٠ ـ تمتين العلاقة مع المعلمين في بقية انحاء العراق.

١١ـ إشراك معلمي كوردستان في الندوات والمؤتمرات التربوية والعلمية خارج الاقليم.

١٢ـ ضمان وحماية الحقوق التربوية والثقافية للقوميات المتآخية في الاقليم.

ثانيا: لتحقيق اهدافه للاتحاد:

١ ـ تأسيس الجمعيات والنوادي الاجتماعية والثقافية الخاصة بالمعلمين في الاقليم.

٢ ـ حق الاشراف المباشر على الجمعيات والمؤسسات التي يقوم بتأسيسها وله أن ينتدب عضوا في الهيئة الإدارية لهذه الجمعيات لتمثيله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوارەم پەسند دەکەن بەم شێوەیەی خوێندرایەوە دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی چوارەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

لێرەدا کۆتایی دێنین بە دانیشتنەکەمان، دانیشتنی داهاتوومان ڕۆژی یەک شەممە دەبێت کاتژمێر (١٠)ی بەیانی، سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)**

یەک شـەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/٢٠٠٢

خولی یەکەم

سـاڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/٢٠٠٢

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە حەوت)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە حەوت)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە (٧)ی خولی یەکەمی ساڵی (١١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین، بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەی یاسای یەکێتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستانی عێراق، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە لە دانیشتنی پێشودا لەسەر مەنەسەکە ئامادە بوون بفەرموون بێنە سەر مەنەسەکە. پێش ئەوەی دەست بەکار بین ئەنجامی هەڵبژاردنی لیژنەکانمان بەدەست گەیشتووە بەڵام هێ پێنج لیژنەی ئیمزاکانیان تەواو نەبوو بۆیە ناردمانەوە کەوا ئیمزای لەسەر بکەن، جا تکام لە لیژنەی کاروباری پەروەردە و خوێندنی باڵا، کاروباری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، لیژنەی پەیوەندی و کاروباری ڕۆشنبیری، هەروەها لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی پاراستنی مافی ئافرەتان، ئەم پێنج لیژنەیە ئیمزاکانیان تەواو نەبووە، لیژنەی هەڵبژاردن بەڵکو ئەمڕۆ تەواوی بکەن بۆمان بنێرن، لە دانیشتنی ژمارە (٦)ی ڕۆژی چوار شەممە وابزانم گەیشتینە ماددەی پێنج تکایە فەرموون ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

العضوية

المادة الخامسة:

يعتبر أعضاءاً في الاتحاد:

أ- جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في المعاهد والجامعات في الاقليم.

ب - المعلمين من شهداء الحركة التحررية الكوردستانية أعضاء فخريين.

ج - معلمي ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين.

د - المتقاعدون من أعضاء الأتحاد ولمدة سنة واحدة إعتباراً من تاريخ إحالتهم على التقاعد وإنفكاكهم من الوظيفة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە هەر وەکو پێشو جەنابتان فەرمووتان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردەش تێبینی نییە، دەمێنێتەوە دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راپۆرتی ئێمە ئەوەمان داوا کردووە (وجميع المعلمين والمدرسين في سلك التعليم والتدريس المعينين رسمياً في الإقليم أعضاء في الاتحاد) ئەوە شاملترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە. ئەو ناوانەی نوسراون ئەم بەڕێزانەن (د.رزگار، کاک ئیبراهیم سەعید، شێخ یەحیا، مەلا محمود دێرشەوی، مەلا محمد طاهر) ناوی هەمووان نوسراوە کەواتە، بەڕێز مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیم لەسەر برگە (ج - معلمي ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين.) بۆچی ئەم مامۆستایانە کە روبەروی تۆپ و تەیارە بوونە ئەوان معلمی فعلی بون و بۆچی ئەندامێکی فعلی

نەبن بۆچی ئەندامێکی فخری بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا محمد مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی کەلیمەی (العضوية) لێرە بەزیاد دەزانم چونکە لە پێشان لە فەسڵەکە لە ئەوەڵەوە، تەبعەن ئەم فەسڵە چوار ماددەیە (تأسيس، أهداف، عضوية)یە، عضویە حەقی وای هەیە ببردرێت بۆ لای فەسڵەکە ئەگەر واشبێ دابەشی بکەن دەبێ (تأسيس) لەسەر ماددەی خۆی دابنێن (أهداف) لەسەر ماددەی خۆی دابنێن ئینجا (العضوية) لەسەر ماددەی خۆی دابنێن، ئەوە یەک دووەم دەربارەی خاڵی ئەلف (أ- جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في المعاهد) (والتدريسيين في المعاهد) لێرە کاتی خۆی گوتمان مامۆستایانی ئەوەی سەر بە وەزارەتی ئەوقافە بەرناکەوێ بەڵام کە گوتت (والتدريسيين في المعاهد) پەیمانگا بە گشتی گوتراوە ئەویش تەبعەن بەردەکەوێ، دووەم دەربارەی خاڵی «بێ» (المعلمون من شهداء الحركة التحرية) نەک (المعلمين) خاڵی جیمیش (معلمو ثوره أيلول التحرريه) نەک (معلمی) دەربارەی خاڵی دالیش (د ـ المتقاعدون من أعضاء الأتحاد ولمدة سنة واحدة بعد إحالتهم على التقاعد إعتباراً من تأريخ إنفكاكهم من الوظيفة.) چونکە عادەتەن مێژووی ئیحالەو مێژووی ئینفیکاک دوو شتی جیاوازن لە یەکتری، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم تێبینیانەتان نوسی وانییە؟ بەڕێز کاک ئەنور شوکر فەرموو.

**بەڕێز انور شوکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەم بەسەر کردنەوەیە ڕێزلێنانە لە ڕۆڵی خەباتی ئەو مامۆستایانەی کە بەشدارییان لە شۆرشی ئەیلولی مەزن کردووە و وەک لە بڕگەی جیم لەماددەی پێنجەم هاتووە (ج ـ معلمي ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين.) مایەی شانازیە، بەرای من ئەم ڕێزلێنانە مامۆستایانی شۆرشی گولانی پێشکەوتن خوازیش بگرێتەوە کە شۆرشی گولان نا ئومێدی لە دڵی میللەتی کورد نەهێلاو ئومێد و هیوا بەخش بوو هەروەها ناسنامەی میللەتی کوردی پاراست و هەوڵ وپیلانی دوژمنانی لە گۆڕ نا، کەواتە بڕگەی جیم لە ماددەی پێنجەم بکرێتە (معلمي ثورتي أيلول وگولان التحررية أعضاء فخريين) ،هەروەها ئەگەر بڕگەیەکی تریش زیاد بکرێت ڕێز لە هەڵوێستی ئەو مامۆستایانەش بگیرێت کە لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی و پارتایەتی تەمەنێکیان لە زیندانەکانی ڕژێم بەسەر برد ئەوانیش بکرێنە ئەندامی فخری، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەڤە ئینتمایە لێرە ئەگەر بخوێنن هەمووی بەرەو خوێندنی تەبیعی ئینتماء وەكو نەوعەكی ئیختیاریە زیاتر بەلام ئەوە لێرە نەوعەكی ئیجبارییە، لەبەر هەندێ هەر ئینتمایەك ئەبێ بە تەڵەبێكی تەحریری تەقدیم بكەی، تەقدیمی تەڵەبێكی تەحریری هەر كەسێ بۆ سكرتاریەت یان بۆ مەجلسی تەنفیزی كو نەقیب یان مەجلسی تەنفیزی موافەقەی لەسەر بكات، لێرە ئەم شەرتە نینە وەكو شەرتێك دەبێ ئینسان داڤخازی بكات مامۆستا داڤخاز بكات ئینتمائی بكات، ئەڤە یەك هـی دووێ: (معلمین من شهداء الحركة التحررية الكوردستانية) دەزگایەكی تایبەتی هەیە سەرۆك بارزانی و سەركردایەتی پارتی ئێمە موئەسەسەیەكی هەیە ئیهتمام بەم مەسەلەیە دەدات، ئەڤە عیلاقەی بەوە هەیە شەهید بی دەچێتە رەحمەتی خواو دەزگایەك هەیە ئیهتیمامی پێ بدەن و سجلی بۆ بكرێتەوە ئەوە پەیوەندی بە دەزگای شەهیدەوە هەیە، یا جیم(جـ ـ معلمي ثورة أيلول التحررية المتقاعدين أعضاء فخريين.) تەبعەن لێرە موتەقاعدین زیاد دەكەن چونكە هەر موتەقاعیدەكان ماون، نەماون خزمەتی بكەن تەبعەن سی چل ساڵ بە تەئكید نەماینە با كەلیمەی موتەقاعدین زیاد بكرێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك د.رزگار، بەڕێز كاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی كاك دكتۆر قسەكەی منی كرد، ئەویش مەوزوعی ئینتماء بوو، ئەم عضویەتە بەراستی بەس بۆ ئەمەنەیە كە ئۆرێدی تێدانە ئەدی ئەگەر كەسێكی تر تازە بیەوێت ئینتماء بكەتن چ رێگایەك هەیە بچێتن، ئەویش دائیمەن لە قەوانینی پێشتر سێ رێگامان داناوە (يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى نقيب أو رئيس الفرع في لمحافظة) دووەم (يعرض طلب الانتماء على المجلس) لێرە مەكتەب سیاسی بێت یان مجلس تەنفیزی بێت یان مەكتەبی سكرتاریەت یان مەجلسی تەنفیزی (خلال ثلاثين يوماً) ئەگەر نەبوو حەقی پێشنیاری هەیە، ئەوەی دەبێ تێدابێت عضویەت و ئینتماء بێتن نەك تەنها عضویە بێت، چونكە لە هیچ شوێنی تر نەهاتووە جگە لەوەش شروتی تر هەنە لە عضویەت لە نەقاباتی پێشتر هەر دیسان لێرە باس نەكراوە وەكو هاولاتی خەڵكی كوردستان بێتن و موقیم بێت تیای، ئەوی تریان (غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف) نازانم ئینجا ئەوان مەبەستیان لێرە كە تەعین

بووینە لەبەر ئەوە ئەو دوو شروتانە لە ئەسنای تەقدیمی وەزیفە ئەو شروتانە بەسەریان دانراوە یان یاخود ئەگەر نا دەبێ ئەوەش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆمەڵێک مامۆستا هەن لە کۆمەڵەی نابینایان یان کەڕولاڵەکان ئەمانە بەشێکیان سەر بە وەزارەتی پەروەردەن هەندێکیشیان سەر بە وەزارەتی تەندروستین، تیایان هەیە سیفەتی مامۆستایەتی هەیەو ئەندامە و تیاشیاندا هەیە سیفەتی مامۆستایان پێ نەبەخشراوە لە وەزارەتی پەروەردە چونکە سەر بە وەزارەتی تەندروستین و ئەندامیش نین، بۆیە تکا ئەکەم ئەمانە بەش خوراون گەلێ جاریش داوایان پێشکەش کردووە بۆ یەکێتی مامۆستایان و هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی وەکو مامۆستا ئیعتباریان بۆ بکرێت، هەمان شەهادەیان هەیە شهادەی زانستی کۆمەلایەتی هەیە، هەیە شهادەی زانستی دەرونناسی هەیە، وئەرکەکانیان قورس ترو گرانترە ئەزانم بۆیە بوون بە مامۆستایەکی ئیعتیادی، بۆیە تکام وایە لێرە شروتی عضویەتی پێ بدرێ بەڵکو ئەگەر بکرێت لە فورسەتێکا چاوێ بەم وەزعە بخشێندرێتەوە لە ماددەی یەکەما قبوڵ نەکرا بۆ ئەم یەکێتی یە، بەڵکو پەنا بەخوا بتوانن ئەوانیش ڕێزی مامۆستایان لێ بگیرێت و پێشنیاریش ئەکەم کە ئەم پێشنیارە بخرێتە تەسویتەوە بۆ ئەوەی کە شەرەفی عضویەتیان پێ ببەخشرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەلامی لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دوو سێ برادەر تەئکیدیان لەسەر کرد جەنابی مامۆستا مەلا مەحمود و کاک ئەنوەر، مەوزوعی شۆڕشی حەرەکەی تەحەروری بۆ ئەعزای فەخرییە هی شۆڕشی ئەیلول، بەراستی ئەندامی فەخرین لەسەر ئەو ئەساسەی زۆربەیان لەوانەی هەڵگری شەهادات نەبووینە لەوانەیە خەریجی ئیبتدائی و شتی وابووینە بە دەورات لەبەر پێویستی و لەبەر ئەرکی شۆرش و ئەوانە کراون بە مامۆستا بۆ ئەوەی خەڵک سودیان لێوەر بگرێت، تەبعەن ئەم شەهاداتانە سەبەبی تەئهیلە بۆ مامۆستایەتی کە ئێستا پێیان دەڵێن ئەندامی فەخری مایەی ڕێزلێنانن دەنا ئەوانە ئەساسەن لە ریزی مامۆستایان نینە، ئێستا لەوانەیە بەشێکیان لەکار نەبێت لە ئیش نەبێت بەلام مادام ئیسپات بکات مامۆستای شۆرشی ئەیلولە لەوانەیە ئەندامێکی بەڕێزی یەکێتی مامۆستایان بێت، ئەوەش تەبعەن ڕێز لێنانەکە بە تەئکید کە لێرە ئەوە هاتووە. دوایی ئەوەی

کاک ئەنوەر فەرمووی بابەتی ئەوانەی گیراوەکان، گیراوەکان دوو ئیحتمال هەیە ئەوانە بەربوونە یان خوایان لێ خۆش بووەو کوژراون، ئەگەر کوژراون شەهیدی (حرکة التحررية الكوردية)ن ئەندامن لە یەکێتی ئەعضای فەخریین ئیعتیادییە ئەگەر ماشبن چ لەسلکی تەعلیم بن ئەوانە بن گەڕابنەوە بە تەئکید ئەوانە دوو بارە دەتوانن پەیوەندی بکەنەوە بە یەکێتیەکەو ئەندامیشن بەتەئکید شمولیان دەکات، بەنیسبەت ئەوەی برادەران فەرمویان بۆ داواکردنی پەیوەندی کردن نییە تەبعەن موعەلمین و مودەرسین بە حوکمی قانون ئەندامن، بەحوکمی ئەم قانونە ئەندامن ئەوان لە یەکێتی، مانای ئەوەی موعەلیمە لە وەزارەتی پەروەردە ئەوەی تەدریسیە لە زانکۆ و پەیمانگاکان ئەندامن ئەوە کارە تەبیعیەکەیە، دەمینێتەوە ئەوەی کاک ئیبراهیم فەرمووی بۆنمونە: یەکێکی تازە موراجەعەتی نەقابەی بکات تەنها ئەمری دامەزراندنی ببات کە تەعین کراوە ئەوە لە باتی هەموو تەڵەبی ئینتمایەو لەباتی هەموو شتە ئەو ئەمرە ئیسپاتی ئەوە دەکات کە بووەتە فەرمانبەری ئەو دوو سێ جێگایەی کە لە قانونەکە هاتووە بەتەئکید ئەو کاتە دەبینە ئەندام، ئەوەی کە کاک شێخ یەحیا فەرمووی بابەتی ئەو مامۆستایانەی کە لە قوتابخانەی نابینایانن تەبیعی ئەوانە دوو جۆرن، جۆرێکیان هەیە لەسەر وەزارەتی پەروەردەن مونەسەبن لەوێ ئیش دەکەن ئەوانەی مونەسەبن هیچ ئیشکالیان نییە، چونکە لە ئەساسەوە فەرمانبەرن، لە لایەکی تر سیفەتێکی رەسمیان هەیە و تەنسیب کراون، ئەوانی تر کە ئێستا لەسەر میلاکی وەزارەتی تەندروستین و لەو موئەسەساتانە دەرس دەڵێنەوە ئەوانە ئێستا لە یەکێتی مامۆستایان ئەندام نین بەراستی یاساکەش بەم شکلە دارێژراوە شمولی ئەو کەسانە دەکات کە لە یەکێتی مامۆستایان ئەندامن و قبوڵ کراون مانای خەڵکێکی تر زیاد نەکراوە بیخەینە ناوێ وئەو مەترسیەش هەیە لەوانەیە مەرجی تەدریسی تێدا نەبێت ئێمە بڵێین ئەو کەسانەی لەوێ دەرس دەڵێنەوە ئەندام بن، لەوانەیە ببنە ئەندامی یەکێتی مامۆستایان لەوانەیە هیچ مەرجی تەدریس و تەعلیم و ئەوانەی تێدا نەبێت و هەشە وەکو فەرموتان ئیحتمال هەیە بەکالیۆریۆسی هەیە لە دەرون ناسی وئەوانە ئەو نەوعەشی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەوە مەتروکە بۆ یەکێتی مامۆستایان بە ئیعتبار ئەوانە لە سەرەتا ئەندام نەبوونە لەسەر ئەو ئەساسە تەتەروق نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزو تەقدیر بۆ بۆچونی کاکەرەش کە تەعبیری لەڕای هەردوو لیژنە کرد ئیهتمام بۆ هەندێ هاتێ، بەڵام بەڕای من وەکو نەوعە ئیجباریەک ئەڤ ئیجباریانەش ئیحتماله گەلێک مەرغوب نەبن مانای چ گرفت هەیە ئەگەر ئیلتزام بکەن تەقدیمێکا تەڵەبێکی تەحریری بۆ ئینتماء بکەن، یا دوو

من گوتم کلیمەی موتەقاعد زیاد بکرێت چونکە هەر چەندە مەفهومی وی لەسەر موتەقاعیدانە، بەڵام کلیمەی موتەقاعد لێرە نەیەتە زیاد کردن لەوانەیە تەئویلەک یان تەفسیرەکی هەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شێخ عفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو رایەی کە برایانی لێژنەی یاسایی دایان تەبعەن رەئیەکی زۆر رێک و پێک بوو بەنیسبەت ئەوە هەر مامۆستایە تەڵەبێک تەقدیم کا ئەوە مومکین نابێت چونکە ئی وا هەیە ئێستا بە سەدان مامۆستا چوار سەد پێنج سەد مامۆستا کە تەعین نەبووە خەریجی (دار المعلمین)ە و خەریجی کولیاتە، ئەو کەسە دەبێت بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایان کە مومارەسەی عەمەلی ئیش و کارەکە بکات کە مومارەسەی کرد ئۆتۆماکیی بە ئەمرە ئیداریەکە ئیعتبار دەکرێت بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و لە هەموو عێراقیش هەر وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەعقیب لەسەر ئەم بابەتەیە؟ تەعقیبمان ناوێت، یەک تەعقیب و تەواو لەسەر ئەم بابەتە فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وانیە ئەمە تەعقید بێت بە پێچەوانەوە ئەمە ئاسانکاریە بۆ مامۆستا ئەمە لە قازانجی مامۆستایە بەتایبەتی کە دامەزرا ئۆتۆماتیکیەن دەبێت بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، بە پێچەوانەوە ئەمە ئاسانکاریە نەک تەعقید لەبەر ئەوە من پێم وایە شتێکی زۆر باش و پیرۆزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیتان هەیە؟ تەعقیب لەسەر ئەم بابەتەیە یان تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز یحیى محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزم بۆ رایەکانی لێژنەی یاسا دروستە، بەڵام تکا ئەکەم ئەوانە بەش خوراون چەند ساڵە لەم شوێنانە هیلاک دەبن مانای ئەگەر ئیعتبار بکرێت شەرەفی ئەندامیان پێ ببەخشرێ تازە ئایا ئەوە هیچ خەلەلێک دەگەیەنێت؟، ئەوە لەلایەنێک، لایەنێکی تر حەزم کرد بەڕێز نوێنەری یەکێتی

مامۆستایان بەراستی تێبینی بکردبا لەسەر ئەم بابەتە بەڵام بەداخەوە ئەو ئیشارەتی نەکرد، لایەنێکی تر دەرچوانی با بڵێین دار موعەلمین ئێستا رەئی فەرموو کە ئەوانە نابنە ئەندام هەتا دانەمەزرێن ئایە مامۆستایان یان دەرچوانی دار موعەلمین لە شوێنێک کە تەعین دەبن؟ هەر دەبن بە مامۆستا ئێ باشە لەم رۆژەوەی کە دەردەچن و شەهادەکەی وەردەگرن جا کەی تەعین بوو قەیناکا باشە بۆچی سیفەتی مامۆستایەتیان پێ نەبەخشرێ چونکە ئەمان ئەمساڵ تەعین بن یان ساڵێکی تر تەعین بن هەر مامۆستان، پێویستە یەکێتی مامۆستایانیش هەوڵ بدات بۆ دامەزراندنیان و تەعینیان لەبەر ئەوە حەقی وایە ئەوان هەر لەم رۆژەوە درچوون و شەهادەکەیان وەرگرت ئیعتبار بکرێن بە مامۆستا ئینجا کەی تەعین دەبن یەکێتی مامۆستایان هەوڵیان بۆ بدات ئەوە شتێکی ترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو، مەبەستی ئەوەیە زۆر مامۆستا هەیە تەخەروج دەکات و مامۆستایەتی ناکات دەچێ ئیشێکی تر دەکات ئەوە حەقی نییە ببێت بە ئەندام تا ئیش نەکات، بۆیە ئەم شەرتە دانراوە دەبێ ئیش بکات فەرمانبەر بێت یان لە شوێنەک مامۆستا بێت ئەو کاتە داخیلی نەقابە دەبێت، فەرموو.

**بەرێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوانەی مامۆستان لە وەزارەتی تەندروستی تەبعەن هەیە دکتۆرە، ئەو دکتۆرە لە نەقابەی پزیشکانە، هەیانە خەریجی کولیەی تەمریزە ئەوە لە کارمەندانی تەندروستی یە لە نەقابەی ئەوانە، تەبیعی یەکێک نابێت ئەندام بێت لە دوو نەقابە، تەبیعی ئەم بریارەی کە ئێمە ئێستا لەسەری رۆشتووین نەمان توانیوە لێی لا بدەین لەبەر یەک دوو شت نەمان توانیوە بەتایبەتی ئەمە موقەرەراتی موئتەمەراتی ساڵی ١٩٩٢ لەناو کۆنگرەیا بە ژمارەیەکی زۆر لە چوار سەد، پێنج سەد ئەندامانی کۆنگرە ئەمەیان بریار دابوو، لەبەر ئەوە ئێمە تا بەستنی کۆنگرە ناتوانین دەستکاری بکەین لەبەر ئەوە دامان نەنا لە یاساکە، ئینجا بە نیسبەت مامۆستایانیش وەکو موهەندسین نین موهەندیس ئەروا کاری تایبەتی خۆی دەکات ئەوە موهەندیسە لە نەقابەی موهەندسین، بەڵام مامۆستا کە تەعین نەبێت مانای وایە مامۆستا نییە لەوانەیە بچێت سایەق تەکسیاتی بکات لەبەر ئەوە تا عەمەلیەتەکە نەکات پێی ناوترێت مامۆستا، لای ئێمە پێی ناوترێت مامۆستا، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەسەور دەکەین گفتوگۆی ئەم ماددەیە تا ئەم حەددە بەس بێت، بۆیە تکایە ماددەی پێنج بخوێنەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە، بەو تەعدیلاتانەی کە کردوتانە فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

المادة الخامسة:

يعتبر أعضاءاً في الاتحاد:

أ- جميع المعلمين والمدرسين من منتسبي وزارة التربية والتدريسيين في المعاهد والجامعات في الاقليم.

ب - المعلمون من شهداء الحركة التحررية الكوردستانية أعضاء فخريين.

جـ - معلمو ثورة أيلول التحررية أعضاء فخريين.

د - المتقاعدون من أعضاء الإتحاد ولمدة سنة واحدة إعتباراً من تأريخ إحالتهم على التقاعد وإنفكاكهم من الوظيفة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی پێنچەم پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەی پێنچەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم تكایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

الفصل الثالث

المادة السادسة:

يتكون الاتحاد من الهيئات التالية:

١- الهيئة العامة.

٢- المجلس التنفيذي.

٣- مكتب السكرتارية.

٤- هيئة الفرع.

٥- لجنة القضاء.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ كاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تێبینی نەقابەی تر بكەین لەم تەشكیلە لێژنەی ئینزباتی تیایە، عەجەبەن بۆچی لە نەقابەی مامۆستایان نییە ئەم پرسیارە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـلا مـحـمـد طاهر زين العـابدين:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

من قسەم لەسەر ئەوە هەیە ئێمە پێناسە ی(المجلس) مان کردووە نەک (التنفيذي) تەنفیزیەکە لە کوێ هاتووە پێم وایە خۆی هی مەکتەبی سکرتاریەتە حەقیقەت، (المجلس)مان پێناسە کردووە لە پێشا ئەمە یەک، دووەم لە خاڵی چوار و پێنج (هيئة الفرع في المحافظات) (لجان الاتحاد في الاقضية) بەرای من وا باشترە چونکە لێژنەکە یەک لێژنە نییە (اقضية) لەوانەیە لجانی ئەقضیەمان تەبعەن هەیە هەیئاتی فروع هەنە تەبعەن لە پارێزگاکان نەک هەیئە واحدە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـاسم مـحـمـد قـاسم(د.رزگـار):**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

یەک ئەوەی کاک ئیبراهیم سەعید فەرمووی کە لێژنەی ئینزبات نییە، دوو (المجلس التنفيذي) ژمارەی وان تەحدید نییە یەکن دوون چەندن؟ شروطی عضویەتی وان تەنها شروطی عضویەت بۆ سەرۆکی داناوە، مجلس تنفیزیش هەندێ شروط نەدانانە نە عەدەدی وان دانانە، جا نازانم لە موتڵەقی یاساکە هەیە مومکینە ماددەی (١٢)ش ئەگەر برادەران ئاگادار بن باسی کردووە بەلآم ژمارەی نەداوە لە ماددەی (١٢)ش هەیە (المجلس التنفيذى) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ئێستا تۆ موناقەشەی ماددەی شەش دەکەی یان حەفت؟ .

**بەڕێز د.قـاسم مـحـمـد قـاسم(د.رزگـار):**

ببورە مامۆستا من ئیشارەتم کردووە گوتم لە ماددەی (١٢)ش هەیە، ماددەی شەش من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ژمارەی بۆ دیاری نەکردووە (المجلس التنفيذي) هەموو یاساکەم خوێندیتەوە نە تەحدیدی ژمارەی وان چەندە ئەندامی مەجلسی تەنفیزی یەکێتی نە شروطی عضویەتی مەجلسی تەنفیزی هەنە لە هەموو یاساکە مەوجود نییە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

بەڕێز کاکەرەش فەرموو.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

هەموو ئەندامانی مەجلیس تەنفیزی مەرجی تەعینیان تێدایە ئەگەر جەنابی کاک د.رزگار تێبینی

کـردبێت چونکه مـەجلیس تەنفـیزی پێک هاتووه له مـەکـتـەبی سکرتاریەت شروط دانراوه بۆ دامەزراندنیـان بۆ سەرۆکی یەکێتی یە ئەویش شروطی بۆ دانراوه سەرۆکی ئەندامانی لقەکان ، سەرۆکی دەستەی لقەکان شروط دانراوه چۆن سەرۆکی لقەکان دادەمەزرێ، جەنابتان کە گەیشتینە تەشکیلاتی مەجلسی تەنفیزی کە لە چ پێک دێت لەو کاتی دا ئەگەر شروط نەبوو ئیمکانی هەیە چارەسەری بکەین بەلام شەرت هەیە بۆ هەموویان بۆ ئەعزای مەکتەبی سکرتاریەت کە هەمـوویان ئەندامی مـەجلسی تەنفیزین بۆ سەرۆکی یەکێتی شەرت هەیە بۆ سەرۆکی لقیش شەرت هەیە، سەرۆکی لقیش ئەندامە لە مـەجلسی تەنفیزی کەسی تریش ئەندامی مەجلسی تەنفیزی نییە هەر ئەوانەنە مەکتەبی سکرتاریەت و سەرۆکی لق و سەرۆکی یەکێتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی شەش ئەخەینە دەنگ دانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی شەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی شەشەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەفتەم تکایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

المادة السابعة:

أ- تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء الأتحاد الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب أحكام هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة فيه وتجتمع في مركز الاتحاد كل سنتين مرة واحدة لعقد المؤتمر العام عن طريق المندوبين بنسبة مندوب واحد لكل مائتين وخمسين عضواً لانتخاب رئيس الاتحاد وأعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددهم خمسة عشر عضواً أصلياً وأربعة أعضاء احتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مرور خمسة عشر يوماً من الاجتماع الأول وفي نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث عدد المندوبين.

ب - يكون رئيس الاتحاد وأعضاء المجلس التنفيذي ومكتب السكرتارية وأعضاء هيئات الفروع أعضاءً في المؤتمر.

جـ - للاتحاد عقد مؤتمر إستثنائي بناءً على طلب يقدمه ٣/٢ من أعضاء المجلس التنفيذي أو بناءً على طلب ثلث أعضاء المؤتمر العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە: نوسراوە (كل سنتين مرة واحدة) لە هەموو نەقابەک و یەکێتیەک هەر

سێ ساڵ جارێکە لێرە ئەو دوو ساڵە ببێتە سێ ساڵ زۆر زۆر عەمەلی ترە و بۆ یەکێتیش زۆر قازانجە لە ناحیەی دارایی مەعقولیش نییە هەر دوو ساڵ کۆنگرە ببەسترێ وەکو هەموو یەکێتی و نەقاباتی تر سێ ساڵ بێت، تەسەورم کرد لێژنە قانونی خۆی ئەو تەعدیلە دەکات، دووەم: دوو برگەی تری تێدا بوو وەکو کۆبونەوەی ساڵانە بەرای ئێمە ئەوە لابچێت دیسان لێژنەی یاسا بۆ خۆی ئیلغای کردووە لە مەشروعی تازە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە؟ مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی مەکتەبی سکرتاریەت هەڵدەبژێردرێت لێژنەی تەنفیزی ژمارەی وەکو برادەران گوتەنی ژمارەی لێژنەی تەنفیزی دیار بکرێت ئینجا ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی لێرانە هاتووە دەڵێ (ینعقد المؤتمر العام عن طریق المندوبین بنسبة مندوب واحد لکل مائتین وخمسین عضواً) بەرای من زۆرە راستە مامۆستایان زۆرن بەڵام ئەگەر قەزاکان وەربگرن زۆر جار لە قەزایان (٢٥٠) مامۆستا نییە، یەعنی مەندووبی ناوێ، لەبەرە ئەوە من ئەو ژمارەیە بە زۆری ئەزانم، واتە لە سەدوو پەنجا زیاتر نەبێ لەجیاتی دووسەدو پەنجا مەبەست وایە قەزا شمل ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا طاهر فەرموو.

**بەڕێز مامۆستا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی لێژنەی قەزا حەقە، ئەندامی موئتەمەر بن، چونکە لێژنەی قەزا بەهەڵبژاردنە (المجلس التنفیذي) لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەتدا تکرارە تەبعەن، چونکە مەکتەبی سکرتاریەت قائیمەی ئەندامانی هەر مەجلیسەکەیە بەرای من (المجلس التنفیذي) تەبعەن لاناچێ (یکون رئیس الاتحاد واعضاء مکتب السکرتاریة والرؤساء وأعضاء الفروع واللجان، اعضاء في المؤتمر)

چونکە مەجلیسی تەنفیزی لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەت تەقریبەن موتەداخیلی یەکن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو شێخ عفان.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە باش هاتووە، بەڵام هەندێکی لەم دواییەی کەمێ زیادەی تیایدابێت ، ئەگەر ئامادە نەبوون پازدە ڕۆژ دووبارە بوو، عادەتەن موئتەمەر هەموو کاتێ ئامادە ئەبێ، قەت مومکین نیە ئامادە نەبێ ئەوە یەک.

بەنسبەت تەحدیدی ئەعزای مەجلیسی تەنفیزی، ئەوە لەدوای یەک دەچێ مەعلووم نیە لقەکان، چەند لق دروست دەبێ تا وەکو سەرۆک لقەکان بێن بە ئەعزای مەکتەبی تەنفیزی لە دوای ئەمە ڕوون ئەبێ کە ئەندامەکان ئەبن بە چەند، بەنسبەت دووسەدو پەنجا کە ئێمە لامان هەندێک زیاد بێت ،ئەگەر دووسەد بێت باشترە هەرچەند ئێمە ئێستا پێم خۆشە ئاگادار بن هیچ قەزایەکمان نیە لە هەزار مامۆستا کەمتری تیا بێت بە تەئکیید یەعنی هەزارمان نیە، هەزارو چوارسەد، هەزارو دووسەد، دووهەزار، قەزاشمان هەیە سێ هەزار مامۆستای تیایە وەکو قەزای شەقلاوە، ئینجا لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت بە دوو سەد، ناحیەی مالیەکە مۆتەمەرە قەلەبالغیەکەی ئێمە ئێستا (٢٧٦٣٠)ی مامۆستا بەشداریی هەڵبژاردنەکە دەکەن، ئەگەر بیکەی بە چواریش زائیدەن ئەوانەی کە ئەندامن هەندێکی تریش کە میوانن بانگ دەکرێن، تەقریبەن ئەبێ بە سێ سەد کەس، جا لەبەر ئەوەی ئێمە تەحدیدمان کردوە، ئەگەر بکرێت بە دووسەدیش هەر باشە، بۆ هەر دووسەد دەنگ یەک نوێنەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ بەڕێز کاک شێروان حیدری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک عبدالخالق وتی بەنیسبەت قەزا، قەزا تەحدید کرایە پەنجا، بە سییش دەعوەتی هەیە بەنیسبەت فەرعیشەوە لە پارێزگایەوە بە سەدو پەنجا تەحدید کرایە لە یاسایەکەدا، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سەفەر فەرموو.

ئەو مەبەستی ئەوەیە هاتن بۆ مؤتەمەرە.

**بەڕێز سەفەر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان لە خالّی ئێک لە دوو ماهی(ویعتبرالنصاب کاملا بحضورثلث عدد المندوبین) کە ئاخر ئیحتیمالە، لە یاسای دی هاتووە هەموو وسائیری نیقابات وبعکسە هەر ئەندامێک حازر نەبوو ( یعتبر المجلس مستمرا لدورة اخری) وابزانم مەفهومە ئەوەی کاکە رەش، وبعکسە (یعتبر المجلس مستمرا لدورة اخری)، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێگەیشتن لە قسەکەی، ئەو ئەڵێ ئەگەر ثلث حازر نەبوو مەجلیسەکە بەردەوام دەبێت، پاش پازدە رۆژ، ئەگەر لە ٣٠٪حازر نەبوون بە دوو جار نیصاب نەبوو ئەوە مەجلیس تا دەورەیەکی دیکە ئیشی خۆی دەکا، مەجلیسی تەنفیزی وسکرتاریەت بەیەکەوە. خۆی ئیحتمالەکە زەعیفە بەدوو جار نیصابەکە حاصل نەبێ، بەس ئەوە چونکە مەندووبن، حازر دەبن بەزۆری، بەڵام بەو ئیحتمالەی کە حازر نەبوون پێشنیارەکەی لە جێی خۆیەتی، لەحەقیقەت.

**بەڕێز کاکە رەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ئێمە وای لێ نەکەین، با بڵێین هەڵبژاردنەکە دەبێ (مهمابلغ عدد الحاضرین)با هەر بکرێ .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتوانن واشی لێ بکرێ، جا فەرموو جەنابت جوابیان بدەرەوە.

**بەڕێز کاکە رەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەسەلەکە ئیحتمالاتە، چونکە ئەوانە هەر حازر دەبن، بەحەقیقەت، بەس ئیحتمالەک هەیە کە ئەبێ چارەسەر بکرێ، بەس بە رای ئێمە وای لێ نەکەین کە مەجلیسەکە بەردەوام بکات، وای لێ بکەین بڵێین بۆ جاری دووەم لە پاش پازدە رۆژ(مهما بلغ عدد الحاضرین) هەڵبژاردنەکە بکرێ، نەک مەجلیسەکە بەردەوام بێت، دوای ئەوە مەجلیسەکە هەوڵ بدات خەڵکەک نەیێ..هتد، هەندێک گیروگرفت پەیدا بکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێ، بڵێین هەڵبژاردنەکە(مهما بلغ عدد الحاضرین) ئەو ٣/١ لادەبەین ئەوەی دوایی، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت جوابی هەموو وڵامەکانی تر بدەرەوە.

**بەڕێز کـــاکـــە ڕەش نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ئەوەی کاک عبدالخالق فەرمووی، بەحەقیقەت بەنسبەت ئێمە لاریمان نییە چەندی دائەنێن، چونکە ئەم ژمارەیە ئێمە دامان نەناوە، ژمارەکە لەسەر داواکاری یەکێتی مامۆستایان بوو کاتی خۆی وئێستاش یەکێتی مامۆستایان دەیەوێ دووسەد بیت یان دەیەوێ سەدو پەنجا بیت، بەنیسبەت ئێمە هەر ژمارەیەکی پەرلەمان و ئێوەی بەڕێزتان بڕیار بدەن ئێمە لاریمان نییە، تەداخولی ژمارەکە ناکەین، بەنسبەتی مەجلیسی تەنفیزیش کاک شێخ عفان ڕوونی کردەوە کە لەکێ وکێ پێک دێت ئەوەش مەجلیسی تەنفیزیە ئەبێ لەسەرەتا ناتوانین بڵێین هەتاکو ڕەئیس وروئەسای هەیئات و فروعی دیارنەکرێ هەڵبژاردن لە بەینیان نەکرێ، وابزانم هەر ئەوەندەش بوو، وبەنیسبەت سێ ساڵ ودووساڵیش، ئەوەی کە بەڕێز لیژنەی دارایی فەرموی ئێمە لەوەش تەدەخولمان نەکرد، ئەوەش لەسەر داواکاری یەکێتی بوو، بەحەقیقەت چونکە ئەوان وتیان ئێمە پێمان خۆشە مؤتەمەراتمان زوو بۆ بکرێ و، زوو مەکتەبی سکرتاریەت بگۆڕێ وتەنشیت بکرێ، لەبەر ئەوە ئەو ژمارەیە ڕاستە لە نیقابات و زۆربەی سێ ساڵ هاتووە بەس ئەو ژمارەیە ئێمە تەدەخولمان نەکردوە مومکینە ئەوان موبەڕری خۆیان هەبێ دەتوانن جواب بدەنەوە بۆ دوو ساڵە سێ ساڵ نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

من پرسیارێکم هەیە، (عن طريق المندوبين) لە ئێستاوە تەحدیدی کەین دووسەدوو پەنجا بۆچی تەحدیدی کەین( عن طريق المندوبين ) ئەو کاتە مەکتەبی تەنفیزی خۆی مندوبین تەحدید دەکا چەند بێ؟ یا لیژنەی تەحزیری مەسەلەن بۆ نموونە چونکە من تەسەوڕ ناکەم ئەو ژمارەیە دووسەدو پەنجا لەخۆیەوە هاتبێ، ئەو دوسەدووپەنجایە پاش ئەوەی یەکێتی دانیشتووە لەنێوان خۆیان گفتوگۆیان کردووە وئیتسالاتیان کردوە بۆ ئەو مؤتەمەرەی کە دادێت بەتەئکیید دووسەدو پەنجا کەسیان داناوە، بۆیە نوسیویانە بۆ یاسایەکە لەخۆیانەوە نەیان هێناوە ئەو ژمارەیە، فەرمووکاک عفان.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەنسبەت دوو ساڵ وسێ ساڵ تەبیعی ئێستا عادەتەن لەوەو پێش لەسالانی (١٩٧٤) هەر یەک ساڵ بووە، چونکە بە ئیعتیبار دەورەی مامۆستایانە، مامۆستا تەخەرج دەکا ئەروا گۆرانکاری ئەبێ لە مەنهەج وپێرۆ وپرۆگرام، گۆرانکاری لەوەزعی عام، یەک ساڵ بووە، ئێمە وتمان لەبەر زروفەکی تایبەت کردمان بە دوو ساڵ، ئێستا لە سلێمانی مومکینە هەر یەک ساڵ بێت، ئێمە کردومانە بە دووساڵ، ئێستا بکرێ بە سێ ساڵ زۆر زەحمەتە، بەنسبەت ئەندامانی کەرتەکان،

ئەگەر ئەندام بن لەكۆنگرە ئەوە تەبيعى زۆر ئەكا، ئێمە(٢٩) كەرتمان هەيە، (٢٩)سێيى ئەوە مانای یەک موئتەمەری تەواو ئەكا عەرزەكە، لەبەر ئەوە زۆرە نەمان توانى، ژمارەكە يەک جار زۆرە، (٢٩) كەرتمان هەیە هەر لەسنووری ئێمە ئێستا كەواتە ناتوانين، عەرزەكە زۆر دەكات مانای وايە ئينتخابات نابێ ببێ، جا لەبەر ئەوە ئاوامان لێ كردوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەی دووسەدو پەنجايەكەتان لەكوێ هێنا.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

دووسەدو پەنجايەكە، ئێمە لەبە زرووفى ئێستای كوردستان ئەبێ لە هۆڵێكدا جێگەمان بێتەوە، يەعنى ئێستا (٢٧) هەزار كەس، ئەگەر بەدووسەتيش بێت بۆ هەر هەزار كەس پێنج ئەندامانى سكرتاريەت و ئەندامانى لقەكان وئەوانيش تەقريبەن دەوری (٧٠) كەسن ئەمە ئەبێ بە (٢٧٠) ميوانانيشمان هەيە دەوری (٣٠) كەسێک ئەوە (٣٠٠)كەس، ئێمە حيسابمان دەوری (٣٠٠) كەس بووە،لە قاعەش (٣٠٠) كەس دەتوانى ئيشى تێدا بكات لەوەی زياتر بێت زەحمەتە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، كاک جميل فەرموو.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەسلى پرۆژەكە تا (١) لە(٢٥٠) ئەسلى پرۆژەكە (١)لە (١٥٠)ومادەكەش مەوجودە لە مادەی (١١) لە(١٥٠) هاتووە، ووتم پەرلەمان قەوانين وتەشريعات بۆ موجتەمەعێ دائێت تا فلان ئيتيحاد وای داوا كردوە فلان وای داوكردوە، لەبەر ئەوە دەبێت ليژنەی قانونيش راستە رای لەگەڵ رای مامۆستا يەكتر ناگرنەوە، بەڵام لەوانەيە مەجموعەيەک دێت لێرە مەجموعەكى محدد زياتر بە دڵى خۆيانە، چيان دەوێتن، دەبێت ئێمە سەيری موجتەمەع بكەين و، سەيری قوانينى ئيتيحاداتى تر بكەين، مەسەلەی سێ ساڵيش مەسەلەی ئەو نيسبەيەش ئەوەی جەنابى سەرۆكى ئەنجومەن فەرمووی( عن طريق المندوبين) لە زۆربەی قوانينى مۆتەمەراتيش وا هاتووە، زۆر چاكترە يان وەكو ئەسلەكەی خۆی بێتن (١)لە(١٥٠)، بەڵام ئەوەی جەنابى سەرۆكى پەرلەمان ئەيلێ لە هەموويان چاكترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

من ئەزانى مەبەستم چييە؟ خۆی مەسەلە، ئەگەر نيقابەيێ بێ مۆتەمەر بگرێ، موئتەمەر ئەو شتەی كە رێگای ناداتێ كە ئەندام زۆر تيا كۆ بكاتەوە مەسەلە ماليەكەيە،بەڵام كە نيقابە سەيری

مالیەی خۆی کرد مومکینە حەز دەکا هەزار مامۆستا کۆ بکاتەوە موئتەمەر بگرێ دوو هەزار کۆ بکاتەوە، ئەگەر ئیمکانیەتی هەبێ لەبەر ئەوە ئەو حوریەتەی بۆ مەجلیسی تەنفیزی بەجێ بێلێ، یان بۆ لیژنەی تەحزیری بەجێ بهێلێ لەو کاتەی کە ئەیەوێ موئتەمەرەکە بگرێ تەحدید کا بۆ چەند کەس،بەلام ئسلوبەکە مەندوبە، موهیم ئەوەیە، یەعنی ئێمە تەحدیدی ژمارە بکەین لە قانونە هەندێک، چونکە قانون بۆ ئەمرۆ ناکرێت، قانوون ئەبێ لە هەموو زروفێکا بتوانی جێبەجێی بکەی، فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێزعـــبـــدالخـــالق مـــحـــمـــد رشـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بەڕاستی من پشتگیری موقتەرەحی جەنابت دەکەم و، لەگەڵ ئەوەش من ئەو جارە کە وتم (١٥٠) لە بەر ئەوەی کە لە ئەسلی مەشروعەکەدا هاتووە ئەمە یەک، دوو لەبەر ئەوەی شەریحەی مامۆستایان شەریحەیەکی زۆر موهیمەو گەورەیەو، مۆتەمەریان (٣٥٠)بێ یان (٤٠٠) یان(٥٠٠) بەرای من ئەوە ئەهمیەتەکی تایبەتی هەیە، لە بەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە مەسەلەکە تەرک بکرێ بۆ لیژنەی تەحزیری یان بۆ هەیئەتێ ئیداری نسبەکە دابنێ ئینجا ئەوە (٥٠) یان (١٥٠)ئەو تەقدیر ەبۆ ئەوان دەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحـــیـی مـــحـــمـــد عـــبـــدالکریم:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

یەک مولاحەزەم هەیە بەراستی وەک یاداوەریەک هەندێک ناوچەمان هەیە، هەندێ ناحیەمان هەیە(٢٥٠) مامۆستای تێدانیە، یەعنی هەندێک شوێنمان هەیە(٢٥٠)مامۆستای تیا نییە، داوا دەکەم کاری پێ بکرێ یا ئیستیسنای ئەو ناحیانە بکرێ، با لەو ناحیانەی کە ژمارەی مامۆستایان کەمە با دوو مەندوب حازر بێت، یان چارەیێ بۆ ئەو ژمارەیەبکرێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

کاکە شێخ خۆی قانون بۆ ناحیەیەک داناندرێ، قانون بە عام دائەنرێ، بۆیە ئەم ئیقتراحەمان کرد کە مەجلیسی تەنفیزی خۆی تەقدیری وەزع وزروفی خۆی بکا، بەیانی مومکینە ئەتوانی دوو ناحیە لە یەک بدات بیکات بە دائیرەیەکی ئینتیخابی بۆ مۆتەمەر بۆ مەندوبی مۆتەمەر، ئەگەر عەدەدی پڕ نەکردەوە،چارە هەیە بۆ هەمووی، کێ تر ناوی نوسیوە؟ نەخێر هەر ئەوها (من المؤتمرالعام عن طريق المندوبين بنسبة يحددها المجلس التنفيذي) تەواو ئەبێ، جا ئەوان خۆیان سەیری وەزعیەتی خۆیان ئەکەن لەو ساڵە کە مۆتەمەر ئەگرن، سەیری ئیمکانیاتی مادی خۆیان ئەکەن،مومکینە زروفەکی سریە نەتوانی هەر (٢٥٠) کەسێکی ببینی، مومکینە ئەو کاتەی

له(١٠٠٠) كەسێك دێت، ساڵەكی دیكه وەزع باش تر ئەبێ ئەتوانی بڵێی هەر (١٠٠) كەسێك یا (٥٠)كەسێك، لەوه موراعاتی مامۆستایان ئەكەین، چونكه موهیم ترین نیقابەیه، له حەقیقەتدا وەكو نیقابه، ئەوه مناقەشەی لەسەری تەواو بوو، نەخێر رایەكەی من ئەروا چونكه هەموو تئییدتان كرد بۆیه، بیخوێنەوه لەگەڵ تەعدیلاتەكه.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

المادةالسابعة:

أ- تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء الاتحاد الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب أحكام هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة فيه وتجتمع في مركز الاتحاد كل سنتين مرة واحدة لعقد المؤتمر العام عن طريق المندوبين بنسبة يحددها المجلس التنفيذي لإنتخاب رئيس الاتحاد واعضاء مكتب السكرتارية البالغ عددهم خمسة عشر عضواً أصلياً وأربعة أعضاءاحتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مرور خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول وفي نفس الزمان والمكان ويعتبر النصاب كاملاً مهما بلغ عدد المندوبين الحاضرين.

ب - يكون رئيس الاتحاد وأعضاء المجلس التنفيذي ومكتب السكرتارية وأعضاء هيئات الفروع أعضاءً في المؤتمر.

ج - للاتحاد عقد مؤتمر إستثنائي بناء على طلب يقدمه ٣/٢ من أعضاءالمجلس التنفيذي أو بناءً على طلب ثلث أعضاء الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(المؤتمر) نا ئەوه بكرێ به (الهيئة العامة)، ئەو ٣/١ هەیئەتی عامەیه، ئەعزائی مۆتەمەر یەك جار عوزووی مۆتەمەره وئەروا دوای ئەو كێ عوزووی مۆتەمەره؟ یەعنی مەندوب یەك جار مەندوبه، مەندوب بۆ یەك مۆتەمەر مەندوبه، بەس (عضو الهيئة العامة) دائیمه،خاڵی (ج) بیخوێنەوه.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

ج - للاتحاد عقد مؤتمر إستثنائي بناءً على طلب يقدمه ٣/٢ أعضاء المجلس التنفيذي أو بناء على طلب ثلث أعضاء الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادەی حەوتەم ئەیخەینه دەنگ دانەوه بەگۆرانكاریەوه، تكا لەو ئەندامه بەڕێزانه ئەكەم كه مادەی حەوت پەسەندی دەكەن دەستیان بەرز كەنەوه، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامه بەڕێزانەی كه پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوه، مادەی حەوت بەگشتی دەنگ به گۆرانكاریەوه وەرگیرا، مادەی هەشتەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

المادة الثامنة:

يشترط فيمن ينتخب رئيساً للاتحاد أن يكون من مواطني الأقليم وله خدمة لا تقل عن خمس عشرة سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەڤەیە،(يشترط فيمن ينتخب رئيساً للاتحاد أن يكون من مواطني الأقليم وساكناً فيه) ساکنی اقلیمیش بێت وئاخیریش ئیزافە بکرێت(ان لا يكون محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف)،وەکو لە هەموو قوانینی پێشوو هاتوە ئەم شەرتەش بۆی ئیزافە بکرێتن، شەرتی لێرە ساکن بێت (وأن لايكون محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە تکایە،ناوی ئەو بەڕێزانە نوسراوە:

- حەمە علی تۆفیق میرزا فتاح.
- ابراهیم سعید محمد.
- عبدالخالق محمد رشید .
- شێخ یحیی محمد عبدالکریم .
- فاضل رؤوف.
- د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار).

**بەڕێز احمد علی عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، من پێشنیار دەکەم لە جیگای پازدە ساڵ ببێتە دە ساڵ، لەبەر ئەوە فرسەتێک بە بەرهەمی سەرهەڵدان و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بدەن و، تەرشیحیان بکەن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیقتراحەکە جارێکی تر بکەیت، چونکە لێی تێ نەگەیشتین.

**بەڕێز أحمد علی عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، پێشنیاری من لە جێگای پازدە ساڵ ببێتە دە ساڵ، بەڵکو فرسەتێک بە بەرهەمی سەرهەڵدانی مامۆستایانی کە دەرچون دوای سەرهەڵدان دوای تەشکیلی پەرلەمان وحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوانیش حەقیان هەبێت بێن خۆیان تەرشیح بکەن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حمە علی توفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم بۆ ئاخیری ئەو جوملەیە رابردوی پاک بێت، ئیزافە بکرێت، ئەو کەسەی کە خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی رابردووی پاک بێت، بۆی ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی مامۆستا نییە؟ ئەوەی ئەبێ بە سەرۆک مامۆستا نییە؟ ئەوەی ببێ بە مامۆستا ئەو شروتانە هەمووی تیا ئەبێ، تحسیل حاسیلە( من علمني حرفاً ملكني عبداً) ئەمە هەمووی مامۆستایان ئەگرێتەوە ناوو ناتوری ناوێ خۆی (كاد المعلم ان يكون رسولا ) بەڕێز کاک ئیبراهیم سعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی پێش ئەو مادەیە موناقەشە بکەم، ئەگەر تەماشای قانونەکەمان بکەین تەسەلسولی مەنتقی تر بیتن ورازا و تر بی ئەبێ تەسەلسولی دروست بێ لە قانون، مادەی حەوت باسی هەیئەی عامەیە، مادەی یازدە مەهامی هەیئەیە نوسراوە مؤتەمەر، بەس هەیئەی عامەیە، یەعنی ئەوە دەبێ دوای ئەوە بێتن، ئەگەر تەماشای مادەی دوازدە بکەین (يتكون المجلس التنفيذي من رئيس الاتحاد ) ئینجا باسی سەلاحیاتی مەجلیسی تەنفیزی کردیە دوایی چووە مەکتەبی سکرتاریەت ئەبێ رەئیسی یەکێتی بچێتە ئەو جێگایە، تاکو شوێنەکە بەتەسەلسولەکەی مەواد دروست بێن ئینجا ئەگەر ئەوە پەسەند بکرێتن من موناقەشەی ئیقتراحی خۆم لە سەر ئەم مادەیە تەئجیل دەکەم ئەگەر نا ئیحتیفاز بە حەقی خۆم دەکەم بۆ مناقەشەی ئەم مادەیە، ئەگەر تەماشای تەسەلسول بکەین مادەی حەوت و مادەی دوازدە تەکمیلەی مەهامە، ئەم سەرۆکە هاتووە نە لە شوێنی خۆی، سەرۆک ئەبێ بچوبایە لە جیاتی مادەی سێزدە، چونکە ناوی سەرۆک دوایی هاتوە(المجلس التنفيذي يتكون من رئيس الاتحاد ، اعضاء مكتب السكرتارية، رؤساء الفروع ) ئینجا هاتوە باسی سەلاحیاتی مەجلیس تەنفیزی کردوە دوایی چووە( مكتب

السكرتارية) باسی مەکتەبی سکرتاریەی کردوە، ئەبێ رەئیس ئتیتحاد لێرە با پێش( مکتب السكرتارية) تاکو تەسەلسول مەنتقی تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەرێزکاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەگەر لێرەش بێ هیچ موشکیلەیەک نییە، بچیتەوە هیچ موشکیلەیەک نییە، بەحەقیقەت خۆی موئتەمەرە، دوو شتان هەڵدەبژێری لە سەرەتاوە وتمان سەرۆکی یەکێتی ومەکتەبی سکرتاریەت، یەکسەر سەرۆکی یەکێتی هاتە خوارەوە خۆی و هەڵبژاردنەکەی وشرووتی واتە زۆر موشکیلە نییە و، ئەگەر بچیتەوەش هەر موشکیلە نییە، یەعنی بە رای من زۆر شتەکی کەم نییە لە قانونەکەی ئەگەر لەجێگای خۆی بمێنێ زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو رای خۆت بدە لە سەر مادەکە.

**بەرێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە لەسەر ئەو مادەیە، یەکەمیان مەوزوعی پازدە ساڵ، ئەگەر تەماشای نەقابەی مامۆستایانی عێراقی بکەی زۆربەی زۆری ئەوانەی مامۆستانە لە زانکۆیەکان دەبنە نەقیبی نەقابەی مامۆستایان لە عێراق، کە تەماشای ئەم چل ساڵەی دواییەی بکەی ئاگاداریم لەسەر ئەم مەسەلە هەیە، زۆربەیان دکتۆرایان هەیە، بۆ دکتۆرا پازدە ساڵ زۆرە، هەم دکتۆراشی هەبێ هەم پازدە ساڵ خزمەتی هەبێ تاکو ئەو موئەهیلەی هەبێ بۆ ئەوەی ئەو شەرتەی لەسەری تەتبیق ببێت وببێ بە سەرۆکی نیقابەی مامۆستایان، بۆ هەندێکیان ئەوەی خەریجی پەیمانگای مامۆستایان پازدە ساڵ مەعقولە، بەڵام بۆ هەندێکیان چونکە مامۆستای زانکۆش مە شمول دەبێ پازدە ساڵ لێرە زۆر دەبێ، یان ئەبێ بیکەینە فەقەرات، یان هەموو ساڵەکان کەمتر بکەینەوە بۆ نمونە بکەین بە دە ساڵ، بەرای من باش ترە، ئەوە یەک.

دووەم، با ئێمەش نەختێک وکو دەبێژن بچینە رەکیزا دیمقراتیەتێ، رەکیزا دیمقراتیەتێ یەکیان تەداولە، یەعنی شەرتەکی دانێین بۆ سەرۆکی بڵا دوو دەورە لەسەر یەک حەقی هەبێتن بۆ تەرشیح کردن، دوای دەرچونی ئەم قانونە دوو دەورە، باشە با مەجال بۆ یەکەکی تربەجێ بێلین، یەعنی دیموکراتیەت حەقیقەت لێرەدا دیار دەبیتن، وەکو جارا دی ئێمە بەحسی موجتەمەعی مەدەنی کری وئەم حەز کەین بەرەو موجتەمەعی مەدەنی بچین، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی دکتۆرا چەندی پێ دەچی تا دکتۆرا وەرئەگرێ، باشە پێش شەهادەی دکتۆرا وەربگرێ چیە خۆی؟ بکالۆریۆسە، لە زانکۆ وەکو موعید ئەمێنیتەوە، ئەبێ بە تەدریسی، ماجستێر وەر ئەگرێ،

ماوەیەک ماجستێری دەرس ئەڵێتەوە، ئینجا دکتۆرا ئەکا، یەعنی ئەو دە پازدە ساڵە خزمەتەی هەر ئەبێت، یەعنی شتەکی تەواو نییە، بەنیسبەت تەداولیش، حەقیقەت خۆ ئەوە سوڵتە نییە تەداولی بکا، ئەمە نەقیبی مامۆستایانە عادەتەن چ مامۆسایەک زۆر باش بێت هەموو ئیحترامی بگرن وەزنیشی هەبێ ناوێکی هەبێ شەخسیەتێکی هەبێ، ئەوە ئەمێنێتەوە، هەر کاتێ مامۆستایان زانیان بەکەڵکیان نایێ وئەسالیبی تەواو نییە ئەی گۆڕن بە ئیعتیادی، خۆ مەسەلە رای (قائد الجیش) نییە یا رئیسی جمهور نییە کە ئینتیهای پێ بێ، خۆی رەئیشە شتی تر نیە، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێی ناوێ رای خۆم تەوزیح کەم، ئێمە بۆچی ئەمانەوێ یەکێک دەرکەین کە بەڵک نەهات با تەقاعید ببیت بە مەرموقی ، یەعنی من نییەتم ئەوە نییە کە بەکەڵک نەهات با یەکێکی تر بۆ خۆیان ئیختیار کەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم خدمە کە نوسراوە پازدە ساڵ ببێت بەدە ساڵ، لەبەر ئەوەی، یەکەم، ئێمە ئینتیفازەکەمان ئەوە یازدە ساڵە، بێجگە لەوەی ئەو وتووێژە زۆر مەشاکیلی هەبووە لەژێر سوڵتەی حوکمەتی مەرکەزی، ناچمە ناو تەفاسیلیەوە، بۆ ئەوەی کە گەنجەکانیش بەڕاستی دەورێکی گرنگیان هەبێ، وەکو وتمان مامۆستایان توێژێکی گرنگن لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە دە ساڵ بێت وهاووڵاتی کوردستانیش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووکاک شێخ یحیی .

**بەڕێز یحیی عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە هەموو ئیشارەتی لەسەر کرا، بەڵام دوو بارەی دەکەمەوە لە سەر وەزع وشروتی رئاسەت کە بەڕاستی دا بنرێ کە لە دوو دەورە زیاتر نەبێ، رێزم هەیە بۆ رایەکان ئیحتیمالە لەبەر چاک و خراپی نییە، بەڵام بۆچی دەورو فرسەت نەدەین بە خەڵکی تریش لەو بابەتە باشانە لەو مامۆستا زیرەکانە کە دەور ببینن جا رجا ئەکەم کە تەسبیت بکرێ یا پێشنیارەکە بخرێتە دەنگ دانەوە بۆ

ئەوەی لە دوو دەورە زیاتر هەڵنەبژێردرێتەوە بۆسەرۆکی یەکێتی ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک فاضل ڕؤوف.

**بەڕێز فاضل ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، منیش هەر تێبینیەکەم وەکو کاک ئیبراهیم لە سەر تەسەلسولەکەیە، بەڵام من مادەی هەشت ونۆ ودە ئەڵێم، ئەگەر بخرێنە پاش مادەی دوازدەوە،وابزانم لەسەر شتەکە باش تر ئەبێ،و، بکرێتە سێ خاڵ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاک د.ڕزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم د.ڕزگار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێتی مامۆستایان حەجم ورۆڵێکی گەلێ گرنگی هەیە، چەند ئیهتمامی پێ بدەن بە ڕای من زۆر باشترە و لە مەسلەحەت دایە ل ڤێرێ من پێشنیار دەکەم ئەو کەلیمەیە(له ماضي مشرف في النضال) چونکە ئەو مامۆستایە ببێتە سەرۆکی نیقابەی مەفروزە زێدە پاقش بیتن و، ڕۆڵێکی باشی هەبێ لە خەباتی میللەتێدا ئەڤە تیەک،یادووێ پرسیارێکم بوو برادەرا هەیە، هەمی سەندیکای دنیا جێگر هەبیا، هەرچەندە ئەڤە جێگرە، نزانم ئەڤە جێگر نینە یان فعلەن نەبیەنا، چونکە ئەگەر بێن ماددەی دی بێژت (اذا شغر منصب رئيس الأتحاد) یەعنی شەش هەیڤا کەمتر شەش یەکەم ڕۆژە، ئینتیخابات نانە کرن، پاش شەش هەیڤا هەموویا سەرۆک دێنەڤتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز لیژنەی دارایی فەرمووی کە بگوترێت (جنحة مخلة بالشرف أو بجناية)، تەبعەن ئەوە پێویست ناکات، چونکە ئەگەر یەکێک مەحکوم بە(جنحة مخلة بالشرف أو بجناية) نە مامۆستا دەبێت نە تەدریسی دەبێت، ئەوە دەردەکرێت لە دائیرەکەی، مەرجی تەوزیفی ئەوەیە مەحکوم نەبێت بە(جنحة مخلة بالشرف أو بجناية).

بەنیسبەت ئەو دە ساڵەی برادەران دەڵێن بەڕای من وەکو لیژنە دە پازدە ساڵانم پێ باش بوو لەبەر

یەک شت، تەبعەن مەسەلە مەسەلەیەکی میهەنیە زیاتر بیر لە مەوزوعی شەهادات و شتی وا بکەینەوە، میهەنی چۆن بتوانین خزمەتی مامۆستایان بکات و بە چ شێوەیەک مامۆستا لێی رازی بن، مەوزوعەکە زیاتر ئەوەیە چ بیر لە دکتۆرا بکەینەوە یان بیر لە مامۆستا بکەینەوە، یەعنی جاری وا هەیە مامۆستا زیاتر دەتوانێت خزمەت بکات و، جاری وا هەیە لە دکتۆرایەک زیاتر دەزانێت، مەسەلە مەسەلەی شەهادات نیە، مەسەلە بەڕێوەبردنی ئیشە، ئیشەکەش ئیشێکی زانستی نیە زیاتر ئیشەکە هی مەسەلەیەکی میهەنیە هی ئیشوکاری مامۆستایانە، ئیداریە زیاتر.
ئەوەی بەڕێز کاک حمە عەلی تۆفیق فەرمووی رابردووی پاک بێت، تەبعەن ئەو پیاوە مەندووبە دێتە ناو موئتەمەر( ٤٠٠ ) یان ( ٥٠٠ ) مامۆستا ئەگەر نەیانتوانی تەقدیر بکەن کابرایەک خۆی تەرشیح دەکات رابردووی پاک نیە دەنگی دەدەنێ؟ وەڵلاهی حەقە رێزی ئەو دەنگدانە بگیرێ، ئێمە رامان وا بێت دەبێت رابردووی پاک بێت ( ٥٠٠ ) مامۆستا لە ناو هۆڵ نەتوانێ تەقدیری ئەوە بکات ئەو مامۆستایە رابردووی پاکە و بە کەڵک نایێ، یەعنی حەقە ئەو ( ٤٠٠ ) مامۆستایە یان ئەو ( ٥٠٠ ) مەندوبەی کە تەمسیلی ( ٢٧٠٠٠ ) کەس دەکەن حەقە رێزی ئەو رایە بگرن، مادام کابرایەکی ناپاکیان پێ باش بێت، بەداخەوە، بەس دەبێت یەکێکی پاک هەڵبژێرن.
بەڕێز کاک عەبدولخالق هەر لەسەر دە ساڵەکەی تەئکیدی کردەوە، تەبعەن مەترووکە بۆ برادەرانی پەرلەمان.
جەنابی کاک شێخ یەحیا فەرمووی تەحدیدی بکەین بۆ دوو ساڵ، بۆ بە دوو ساڵ تەحدیدی بکەین و حەقی هەبی زیاتر لە دوو دەورە خۆی تەرشیح نەکات خەڵکانێک هەبێت مامۆستایان تەقدیر بکات و دەنگی بدەنێ، بۆ بێین رێی لێ بگرین، بڵێین نابێ، چونکە خۆت لە دوو دەورە تەرشیح کردووە، خۆی تەرشیح کردووە و سیقەی مامۆستایانی پێ دەدرێت، وەکو عەرەب وتی ( حلت البرکە)، مادام مامۆستا دەنگی دەدەنێ، بۆ ئێمە رێی لێ بگرین، لەبەر ئەوەی بە پێویستی نازانین کەوا لەسەری فەرز بکەین و لە دوو دەورە زیاتر خۆی تەرشیح نەکات.
بەنیسبەت ئەوەی کاک د. رزگار فەرمووی جێگر دیار کراوە، مەسئوولی مەکتەبی سکرتاریەت کە هەڵدەبژێرێت دەبێتە جێگری سەرۆک(نائب الرئیس) لە مەکتەبی سکرتاریەتەوە، سکرتێر دەبێتە(نائب الرئیس)، لەبەر ئەوەی جێگری سەرۆکە لە مەکتەبی سکرتاریەت زیکر کراوە کە هەڵدەبژێرن لەنێوان خۆیان سەرۆک هەڵدەبژێرن مەسئوولی مەکتەبی سکرتاریەت (ویکون نائبا للرئیس) لەبەر ئەوەی جێگری سەرۆک دیاری کراوە، کە دەڵێین ئینتیخابات ناکرێت ئۆتۆماتیکیەن جێگر دەچێتە جێگای ئینتیخابات شتێکی زۆر تەبیعییە کە شاغیر بوو، بەڵام ئەگەر لە شەش مانگ پتر بوو ئەوە ئینتیخابات دەکرێت و سەرۆک دادەنرێت، ئەگەر کەمتریش بوو دانانرێت، لەبەر ئەوەی جێگری هەیە، جێگر ئیشوکارەکان دەبینێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ گۆڕانکاری ناکرێت، پێشنیارەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، باشە پێشنیارەکەی ئێوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەم ماددەیە جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة: يشترط فيمن ينتخب رئيسا للاتحاد أن يكون من مواطني الاقليم وله خدمة لا تقل عن خمس عشرة سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشت پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، پێنج ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن، ئەوانی تر پەسندی دەکەن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی هەشت وەرگیرا، ماددەی نۆیەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: يتولى رئيس الإتحاد الصلاحيات التالية:

أ ـ تمثيل الاتحاد لدى الجهات القضائية والإدارية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالاتحاد وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرئيه من أعضاء المجلس.

ب ـ رئاسة إجتماعات الهيئة العامة والمجلس التنفيذي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا هاتووە دەڵێ (تمثيل الاتحاد لدى الجهات القضائية والإدارية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات) ئەو موصادەقەیە، ببورە بەڕێز نازانم میزانیەش دەگرێتەوە، ئایا تەصدیقی میزانیە لە سەلاحیەتی سەرۆکە حەز دەکەم روون بکرێتەوە وەکو تێبینیەک، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـــلامـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەم دوو ماددەیە بە حەقیقەت وەکو برادەران ئیشارەتیان پێ کرد، دوای (مهام وصلاحيات المؤتمر والمجلس) مەکتەبی سکرتاریەت بێت بەڕاستی، یەعنی حەقی خۆیەتی، ئەگەر ئەوە پێشنیارەکە قەبوڵ نەکرێت لەسەر ئەمە قسە دەکەم ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن، سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی هیئەی عامە و کاروبار و مەکتەبی سکرتاریەت ئەویش ریئاسەکەی هەر بەوەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی کاک شێخ یەحیا فەرمووی موعامەلات فەرقی هەیە لەگەڵ میزانیە، مامۆستایەک کەفالەتەکی هەیە تەقدیم دەکات بۆ دائیرەیەکی مووعەیەن کە تەئیدی ئیتیحادی دەوێت، دەهێنێتە ئیتیحاد، سەرۆکی ئیتیحاد تەئیدی ئەو کەفالەتەی دەکات لەسەر ئەساسی ئەوەی کە مامۆستایە لێرە و مەقدیرەتی مالی ئەوەیە و موعامەلات ئەوەیە (ما يتعلق بالاعضاء)، یان بۆ نموونە یەکێتی مامۆستایان خانوویک دەگرێت تەنزیمی عەقدەکە لەنێوان کابرای (مؤجر و مستأجر)کە (مستأجر)ەکە یەکێتی مامۆستایانە موصادەقە لەسەر عەقدەکە دەکات و ئەوانە موعامەلاتە، میزانیە دەبێت زیکر بکرێت و پەیوەندی بە موعامەلاتی ئیعتیادی نیە، موعامەلاتی ئیعتیادی رۆژانەیە تەوقیعی ئەوراقێکە و ...... .

بەنیسبەت ریئاسەتی مەکتەبی سکرتاریەت لە مەکتەبی سکرتاریەت چارەسەر کرایە لەوێ دەڵێن (ويرأس الاجتماعات)ی مەکتەبی سکرتاریەت، (ويرأس) یەعنی حازر دەبێ، ئەگەر حازر بوو بە ریئاسەتی ئەو دەبێ، ئەگەر حازر نەبوو بە ریئاسەتی مەکتەبی سکرتاریەت دەکرێت با فەرز نەکەین هەموو کاتێ، لەوانەیە لەوێ نیە، خۆ ئەگەر حازر بێ لەوێ حازر دەبێت بە ریئاسەتی وی دەبێت، ئەگەر حازریش نەبوو بە سکرتێر کۆبوونەوەکە دەکرێت لە مەکتەبی سکرتاریەت ئەوەمان زیکر کردووە، دەڵێن (ويحضر رئيس الاتحاد اجتماعات مكتب السكرتارية يكون برئاسته عند حضوره) ئەوەمان زیکر کردووە و چارەسەریش کراوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لە دواییدا من پێشنیارێکم هەیە بۆ پاش و پێش خستن، چونکە پێشنیار زۆرە بۆ پاش و پێش خستن، بەڵێ بەڵێ تەصویتی لەسەر کراوە، دەتوانین صەلاحیات بدەین بە لیژنەی صیاغە، ماددەکە خۆی ناگۆڕێت، کەواتە ماددەی نۆیەم جارێکی تر بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة: يتولى رئيس الإتحاد الصلاحيات التالية:

أ ـ تمثيل الاتحاد لدى الجهات القضائية والإدارية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالاتحاد وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتئيه من أعضاء المجلس.

ب ـ رئاسة إجتماعات الهيئة العامة والمجلس التنفيذي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی نۆیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی نۆیەم بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دەیەم.

المادة العاشرة: إذا شغر منصب رئيس الإتحاد يتم إنتخاب رئيس آخر وبنفس الطريقة الواردة في هذا القانون إذا كانت المدة المتبقية للمؤتمر العام أكثر من ستة أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەش مانگ زیاتر ئەوە دیارە، بەڵام گەر شەش مانگ کەمتر بێت، دەبێت نەصێکی وازیح بێت (نائب رئيس) لە جێگای رەئیس بێتن، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش وەڵامی بدەرەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەعنی تحصیل حاصل (رئيس ونائب رئيس) ئەگەر هەبێت، یەعنی ئەگەر رەئیس شاغیر بوو جێگری رەئیس نایەتە جێگای رەئیس ئیعتیادیەن، یەعنی پێویستە نەصەک بنووسین بڵێین ئەگەر رەئیس نەبوو جێگری رەئیس دەچێتە جێگای، جێگری رەئیس مانای وایە (يرأس الاجتماعات في حالة عدم وجود رئيس)، ئەگەر رەئیس مەوجود بوو جێگری رەئیس هیچ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دەیەم دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دەیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز

بكەنەوە، ماددەی دەیەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی یازدەمین.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة:

مهام وصلاحيات المؤتمر

١ ـ دراسة ومناقشة قانون صندوق الضمان وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة الخاصين بالاتحاد وإقراره.

٢ ـ دراسة ومناقشة قانون الاتحاد وتقديم المقترحات اللازمة لتعديله.

٣ ـ دراسة ومناقشة النظام الداخلي للاتحاد وإقراره.

٤ ـ دراسة وتنظيم واجبات ومهام لجان المؤتمر العام وإقرار التقريرين الإداري والمالي.

٥ ـ دراسة ومناقشة الموازنة السنوية العامة والحسابات الختامية للاتحاد وإقرارها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە برگە چوار تەنیا بەشەکی بێتە خواندن (دراسه وتنظيم واجبات ومهام لجان) هەتا ویندەرێ بێتن (إقرار التقريرين الإداري والمالي) حەزف بکرێت و، لە برگەی پێنج (دراسة ومناقشة التقرير الإداري والمالي والحسابات الختامية للاتحاد وإقرارها بأكثرية الاصوات) و (الموازنة السنوية) حەزف بکرێت رایی ئێمە ئەوەیە ئیعدادا بێتە کرن لە قیبەلێ مەکتەبی سکرتاریە و تەصدیقاتی یا سالانە بێتە کرن ل قیبەلی (مجلس التنفيذي) لە ناحیەی عەمەلی، چونکە سالانەیە میزانیە زۆر چێترە موئتەمەر هەر دوو ساڵ جارێکە و، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێت و سەیری بکەین لێرە بە عینوانێکی رەئیسی هاتووە (مهام وصلاحيات المؤتمر) سەیری بکەین لە ماددەی حەوت (صلاحيات المؤتمر) لەوێش هاتووە، چونکە مانای (الهيئة العامة) یەک مانا دەدات، وابزانم باشترە بۆ ناحیەی صیاغە و بۆ ئەندامانی لیژنە ئەو عینوانی سەرەکی

نەمێنێت، وابزانم باشترە ( تقوم الهيئة العامة اضافة الى ذلك بالمهام التالية) زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خالا چارێ موئتەمەر ئان هیئە عامە تشکیلا لیژانا دکەت، تشکیلا لیژانا و کۆنگرە تەصویتا، یەعنی ئەڤ لیژنەیە دینە تەشکیل کرن و هەمی تەصویت و ئیقرار بێتە کرنێ فشبەر هەندێ پێویستە(تشكيل لجان المؤتمر وتنظيم واجباتها ومهامها) چونکە بێتە ئیقرار هەمی ئیقرارە تەصویتە لیژنەی دارایی و لیژنەی تەقریر و لیژنەی نیزام داخیلی چ لیژنە تەشکیل کرن ئەڤە هەمووی تەصویتە و ئیقرار دیتە کرنێ لە موئتەمەردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ماددەکە زۆر چاک هاتووە، بەس نازانم عورفی مەنتیقی وا دەزانن ئێمە سندووقمان زۆرە، سندوقێکی لە بیر چووە، (صندوق الوفيات)مان هەیە هی ئەو مامۆستایانەی کە ئەمری خوا دەکەن، ئێمە پارەیەکیان بۆ خر دەکەینەوە، هەر یەکێک کە ئەمری خوا دەکات ( ۳۰۰۰ ) دیناری لەو سندووقە دەدرێتێ و، وەختی خۆشی جەنابت کە لە ئەنجومەنی وەزیران بووی، جا ئەو سندووقە باس نەکراوە، ئەگەر باس بکرێت بە ئیعتیبارێکی باشە، چونکە پارەی بۆ کۆ دەکرێتەوە، (صندوق الوفيات) هەر ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت تەواو، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش وەلامیان بدەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت مەوزوعی ئەو سندووقی وەفات مومکینە مانیع نیە ئیزافە بکرێت، ئەوەی بەڕێز کاک شێخ عەفان فەرمووی.

بەنیسبەت ئەوەی کاک حاکم سەفەر فەرمووی کە بڵێین موئتەمەر مانای ئەوەی مەندوبینە مانای ئەوەیە هیئە عامەیە، کە باسی وشەی موئتەمەر هاتە گۆڕێ یەعنی هیئە عامە، ئەوجا موئتەمەرەکە لە رێگای مەندوبینە، صەلاحیاتی موئتەمەر لێرە دوو ساڵ کۆ دەبێتەوە، ئەو دوو

شتەی رەئیسی ئیتیحادی مەکتەبی سکرتاریەت، مانای ئەوە نیە ئیشی تریش ناکات و حەسر کرایە لێرە، جگە لەوانە ئەو ئیشانەش دەکات، یەک لەوانە موناقشەی ئەو یاسایانە دەکات و، ئەوەی کاک د. رزگار فەرمووی راستە لیژنەکان ئینتیخاب دەکرێن، بەس چی تێدایە چۆن دیراسەت دەکرێت و چەند لیژنە دروست بکرێت، لیژنەی چ دروست بکرێت، فلان لیژنە تۆ ئەوە بکە، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە، هەر دوو تەقریریش عادەتەن تەقریری ئیداری و دارایی، مەکتەبی مەجلیسی تەنفیزی هەموو ساڵێ دەبێ تەقدیمی موئتەمەری بکات، بۆ هەر موئتەمەرێک و دەبێت موناقشە بکرێت بۆ ئەوەی ئیقرار بکرێت، ئەگەر ئیقرار نەکرێت مانای ئەوەیە سلبیاتێکی لێ پەیدا دەبێت، دەبێت لیژنەی تەحقیق تەشکیل بکرێت، ئەگەر خەلەلێکی دارایی هەبێت، بەس بەراستی ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی باش تێنەگەیشتم نەمزانی بۆ لەوانەیە خەتای من بێت نەک خەتای ئەو کە من تێنەگەیشتوومە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی کاک جەمیل گوتی موازەنەی ساڵانە بۆ ساڵێکە ئەوە مەعلومە، حیساباتی خیتامیش هەر ساڵێکە باشە ئەوە بکرێت بە واجیباتی تەنفیزی باشتر نیە، یەعنی خاڵی چوارەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، تەقریری ئیداری و دارایی هەبێت لە موئتەمەردا، بەس موناقشەی موازەنەی ساڵانە و حیساباتی خیتامی واجبی تەدریسی نیە، چونکە ئێستا دوو ساڵە تێکەڵ دەبێ دوایێ لەگەڵ موئتەمەر، جا بۆ ئەو رایە چیتان هەیە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نیە، وەک لیژنەی یاسایی لاریمان نیە (مجلس تنفیذي) بچێتە هەر جێگایەک لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو ویستت قسە بکەی.

**بەڕێز وریا احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە لاریمان نیە و لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریەین بەبێ برگەی پێنج.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێخ عەفان ئێستا سندوقی وەفیات فەرمانبەری تایبەتی خۆی هەیە، بەس عادەتەن وەفیاتیش دەمێنێتەوە بۆ زەمان، لە پەرلەمان یەک پێناسە هەیە بۆ یاسا، یاسایەکە غەڵەتە نیزامی بۆ دانێین، بەڕێز شێخ عەفان بۆمان باس ناکەی لە کوێوە هاتووە ئەم یاسایە.

**بەڕێز عـــفـــان عـــثـــمـــان نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومــــــەن.**

بەنیسبەت (قانونی ضمان) قانونێکی کۆن هەبوو ئێمە ئێستاش لامانە، چۆن وەکو ئەو قانونانەی عێراق گۆڕاوە و لەسەری ڕۆیشتوون، ئێمەش لەسەر ئەو قانونە ڕۆیشتووین دوو سێ جاری تریش هەوڵمان داوە تەعدیل بکرێت، تەعدیلاتمان لەسەر کردووە، یەعنی پارەکە هەمووی دەدرا بە نەخۆشی کە بە سلفە ئێستا زیادی کردووە، جا قانونەکە وەک قانون هەمانە بەناوی قانونی سندوقی زەمان، جا نەمزانی ئەوە بێنم بۆ برادەرانی یاسایی، جا بەیانی دێنم ، ئەگەر ئەو قانونە هەبێت یان نیزامێکمان نەبێت، ناتوانرێت لە قائیمەی مووچە ئەو پارانە بچێت بۆیان.

**بەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــومــــــەن:**

قەیدی ناکات، ئێستا (قانون صندوق الضمان) ئەوە قانونێکی پێ هەیە، (صندوق الوفیات) قانونی پێ نییە (صندوق الأمراض المستعصیة) قانونی پێ نییە، ئەوانە بەنیزامێکی خۆتان یان بە بڕیارێکی خۆتان بێت، قانونیش بەس لە پەرلەمان ئیقرار دەکرێت لە هیچ شوێنی تر ناکرێت، ئەوە موناقشەی بکەن و پێشنیاری تەعدیلاتی بکەن، ئەوانە هیچ موشکیلە نیە، جا ئەگەر تەعقیب بەو شێوەیە بێت ئێستا ئیتیفاق بکەن بە یەکەوە پێشنیار بکەن بۆ ئەوان، ئێوە دەتوانن ئەو قانونە هەبێت بەس دەتوانن پێشنیاری تەعدیلات بکەن، ناتوانن ئیقراری بکەن، ئەوە شتێکە برایەوە، دوانەکەی تریش قانونی پێ نیە، هەمووی تێکەڵ بووە، دوانەکەی تریش بە پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەکەین بە برگەیەک ناوی لێ دەنێین نیزام (نظام صندوق الوفیات وصندوق الامراض المستعصیة والخطرة الخاصة بالاتحاد وإقراره) ئەوەیان یەک، ئەوی تریان (دراسة ومناقشة صندوق الضمان الخاص بالاتحاد وإقرار المقترحات الخاصة لتعدیله)، یەعنی تەئجیلی بکەین بۆ سبەینێ، ئەوەتان لەلا بێت.

بەڕێزان بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە زیاتر بیری لێ بکرێتەوە و صیاغەیەکی گونجاوی بۆ دابنرێت کۆتایی دێنین بە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان سبەینێ کاتژمێر (١٠) کۆ دەبینەوە.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)**

دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٤/١٥

خولی یەکەم

ساڵی یازدەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

دوو شەممە ڕێكەوتی ١٥/٤/٢٠٠٢

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ١٥/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە هەشت)ی خولی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە هەشت)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی ١٥/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق، كە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان پێشنیار كراوە.***

***٢- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای خانەنشینی پارێزەرانی كوردستان) كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٨)ی خولی یەكەمی ساڵی (١١)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین، بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمرۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق، خاڵی دووەمیشمان خستنەڕوو وگفتوگۆكردنە لەسەر پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ ی یاسای خانەنشینی پارێزەرانی كوردستانە. ئەویش ئەگەر زوو تەواو بووین لە یاسای یەكێتی مامۆستایان ،خاڵی دووەمیش دەست پێ دەكەین دەنا مەجبور دەبین دوای بخەین، لە دانیشتنی ژمارە حەفت گەیشتینە ماددەی (١١)ە ئەم ماددەیەمان دواخست تا ئەمرۆ تاوەكو هەردوو لیژنەی یاسایی و مامۆستایانی پەروەردەو خوێندنی باڵا بگەن بە سیغەیەك لەسەر خاڵی یەكەمیان، وەكو ئەوەی

بزانین گەیشتونەتە سیغەیەکی گونجاو بۆیە تکا دەکەم لەو بەڕێزانەی دوێنێ لەسەر مەنەسەکە بوون بفەرمونەوە سەر مەنەسەکە جارێکی تر، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی گەیشتنە سەر نەتیجەیەک لەسەر خاڵی یەکەم؟ جەنابت فەرموو رونی بکەوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی برادەرانی یەکێتی مامۆستایان سندوقی زەمانیان ئیبراز کرد دەرکەوت کەوا ئەمە بە قانون نییە، قانونی زەمان نییە تەنیا نەقابەی مەرکەزی کاتی خۆی بۆ تەنفیزی بڕیاری کۆنگرە سندوقێکی داناوە بۆ یارمەتی مامۆستایان ئەوە لەسەر ئەو ئەساسە بۆیە ئێمەش گەیشتینە ئەو سیغەیەی کە هەمووی بە سندوق بڕوێنین (١- دراسة ومناقشة صندوق الضمان وصندوق الوفيات وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة الخاصين بالاتحاد وإقراره.) لەگەڵ برادەرانی مامۆستایان، ئێمە گەیشتینە ئەو سیغەیە بەو نەوعە بڕوات وراش رای بەڕێزتانە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر وشەی(ضمان) تێبینیم هەیە، (ضمان) شتێکی زۆر گەورەیە ئیلتزاماتێکی دارایی زۆری دەوێ پێناسەش نەکراوە لە یاساکە بەحەقیقەت، پێشنیارێکم هەیە بکرێت بە سندوقی موساعەدات، مانای کە دەڵێی (زەمان) زەمانی چی دەکەی زەمانی چیان دەکەی، زەمانی ئەملاک دەکەی، مومتەلەکات دەکەی، مانای وا بە موتڵەقی هاتووە پێناسەش نەکراوە لە یاساکەدا مادام موساعەداتە بکرێت بە سندوقی موساعەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ عەفان وەڵامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتی سندوقی زەمان مێژویەکی هەیەو لەگەڵ دروست بوونی یەکێتی مامۆستایان ولە ساڵی ١٩٧٢ بەرەسمی لە نەقابەی مەرکەزی ئێمە ئیش و کارمان کە دەست پێکردووە لە نەقابە، ناوی سندوقی زەمان بووە ئەو سندوقەش بریتییە لە خزمەتی مامۆستا لە ناحیەی دروستکردنی بینا و ژن هێنان و مردن و تەقاعد بوون و نەخۆشی. لە هەموو ئەمانە سولەف و منحە هەیە. ئینجا ئەم

حساباته بەشێکی منحەیە دەڕوات بەشێکیشی سلفەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سندوقەکە ئەو سندوقەش قابلی دەست کاری نییە لەبەر ئەوە ناوی لێنراوە زەمان تەنها بۆ ئەم کارانە نەبێت بەهیچ جۆرێک ناتوانرێ یەک دیناری لێ دەربهێنرێت، لەبەر ئەوە ناومان لێ ناوە زەمان نەک لەبەر موساعەدات بە ئیجتیهادی من یان بە ئیجتیهادی یەکێکی تر پارەی لێ دەربێت تەنها ئەگەر یەکەک بێت موستەمسەکات بێنێت کەوا خانوو دەکات پارەی بدرێتێ یان یەکێک نەخۆش بێت تەقریری پزیشکی بێنێت ئینجا لەو پارەیەی دەدرێتێ بە چەک مانای قسەکردنیشی بە چەکە بە چەک لەگەڵ سندوق قسان دەکەین نەک بە پارە، ئینجا ئەگەر بوو بە سندوقی موساعەدات ئەو کاتە بە ئیجتیهادی منە کابرا ئەگەر نەخۆشی هەبێ رەنگە من شتێکی بدەمێ بەڵام لێرە بۆم ناکرێت تەنها موستەمسەکاتی رەسمی نەبێت ناتوانم یەک فلسی بدەمێ بابەتەکە ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای عەمەلیەن هەیە ئێستا ئەم سندوقە؟ یەکێتی مامۆستایان ئەمەی هەیە و هیچ ئیشکالیشتان نییە لە جێبەجێ کردنیا؟.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

بەڵێ ئێستا ئەم عەمەلیە هەیەو هیچ ئیشکالیشمان نییە، هەندێ نمونەشم لایە گەر حەز بکەن باسی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر رونی کەیەوە خراپ نییە.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

تەبیعی تاکو ئێستا لە بدایەتی گەڕانەوەی ئێمە بۆ شاری هەولێر چوار ملیۆن دینار دراوە بە سولەف و منەح و وەفیات و نەخۆشی گران، (٢٩٥٠٠٠٠)ی منحەیە و رۆیشتووە (١٠٥٠٠٠٠)ی سولفە تەدویر دەبێتەوە لەو سێ سندوقە، سندوقی وەفیات زەخمی زۆری لەسەرە لەوانەی عادەتەن عەجزی هەیە سندوقی زەمان ئێستاش تەقریبەن وەزعەکەی باشە روبعی ئەو پارەیە بەڵام ئەو پارەیە قابلی هیچ نوعە دەستکاریەک نییە، ئەوانەی کە دراوە تائێستا ٦٢٠٠ مامۆستا بۆ بەشێک لەم سندوقی زەمانە سودی وەرگرتووە وەکو بینا دروست کردن و بینا کڕین و دانانی کتێب و نەخۆشی، ١٢٠٠ مامۆستاش سودی وەرگرتووە لە منحەکانی تر وەکو ئەمرازی موستەعسیە وەکو موعالەجەی دورودرێژ بۆ نمونە ئەوەی کە دەفتەرێکی هەیە دەفتەری نەخۆشی دورودرێژ ئەوە (٣٠٠) دیناری بە منحە ئەدرێتێ، تەبیعی ئەمە هەمووی لەگەڵ موستەمسەکاتی رەسمی دەدرێتێ و تا ئێستا ئەم پارەیە لە سندوقە و دیوانی رەقابەی دارایی و پێش دیوانی رەقابەی داراییش وەزارەتی دارایی کارمەندانی تەدقیقی ناردووە هەموو ساڵێک تەدقیقی سجلاتیان کردووە بەڵام ئاخیر زانیاری ئەمەیە کە ئەم ژمارەیەی کە ئێستا وەرم گرتووە

تەفاسیلی تریشم لایە کە ئەمرۆ کە بۆ بەڕێزان و جەنابتانی باس دەکەم، شتی تریش هەبێت تەوزیح بێت لە بارەی ئەو پارەیەوە ئەتوانین مەعلوماتمان هێناوە باسی بکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئێستا ئێمە لە یاساکە بە موتلەقی ناوی دێنین، سندوقی زەمان، ئەو سندوقە تەبعەن کە سندوقی زەمان هەبوو لە حوکمی قانونەکەی کاتی بەستنی کۆنگرەو شتی وا کە کۆنگرە دێت تەفاسیلی لەو سندوقەیە کۆنگرە تەفاسیلەکان دادەنێت، لەوانەیە لیژنەی تایبەتی لە کۆنگرە بڕیار دەدرێ ناوی لێ بنێ لیژنەی زەمان ، لیژنەی فلان هەتادوایی، ئەم لیژنانە دروست دەکرێن لە نەقابە، ئەو لیژنانەش سەرپەرشتی سندوق دەکەن و حساباتی ئەو سندوقە دەداتە سکرتاریەت مانگانە یان سێ مانگ جارێک حەسەب ئیتفاقیەی کە لەگەڵ مەکتەبی سکرتاریەت دەیکات، لەبەر ئەوە بابەتەکە هیچ ئیشکال دروست ناکات مادام ئێمە لە قانون ناوی لێ دەنێین سندوقی زەمان واتە مانای ئەوەیە ئەم سندوقە تایبەتە بەخۆیان خازیعە بۆ بڕیاری کۆنگرەی تایبەتی خۆیان بەچ شێوەیەک ئەم سندوقە موعالەجە دەکەن چۆن سەرفیاتی لەسەر دەکرێت و بەچ سیغەیەک دەدەنە چ موساعەداتێک؟ ئەو زەمانە شمولی دەکات ئەوە مەتروکە لە نەقابەی مەرکەزیش کاتی خۆی هەر بەم شکلە هاتووە، وەختی خۆی هاتووە تەنها سندوقی زەمان یان لیژنەی زەمان بەو ناوە لە قانونەکەی وان هاتووە شەرحی نەکردووە کە چ دەکەن چ ناکەن پارەکانی کە دەبرێن لە ژێر چاودێری لیژنەکەیە، هەروەها لە ژێر چاودێری مەکتەبی سکرتاریەت سەرف دەکرێت بەرەئی سەرۆکی مەکتەبی سکرتاریەت بڕیار دەدرێت ئەو شتانە سەرف بکرێت، بەرای ئێمە بەو سیغەیەی کە هاتووە بڕوات چ گرفت دروست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی هیچ تەعقیبتان هەیە؟.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە کاک سەعید تا بیخەینە دەنگ دانەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

**مهام وصلاحيات المؤتمر**

**المادة الحادية عشرة:**

١ـ دراسة ومناقشة صندوق الضمان وصندوق الوفيات وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة الخاصين بالاتحاد وإقراره.

٢ـ دراسة ومناقشة قانون الاتحاد وتقديم المقترحات اللازمة لتعديله.

٣ـ دراسة ومناقشة النظام الداخلي للاتحاد وإقراره.

٤ـ دراسة وتنظيم واجبات ومهام لجان المؤتمر العام وإقرار التقريرين الإداري والمالي.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی (١١)ە بوو بە تەعدیلاتەوە، ئەیخەینە دەنگ دان تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی (١١)ە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناكات بەزۆرینەی دەنگ ماددەی (١١)ە وەرگیرا، ماددەی (١٢)ە تكایە.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

**تشكيلات المجلس التنفيذي ومهامه**

**المادة الثانية عشرة:**

أـ يتكون المجلس التنفيذي من:

١ـ رئيس الاتحاد.

٢ـ أعضاء مكتب السكرتارية.

٣ـ رؤساء فروع المحافظات.

ب ـ يمارس المجلس الصلاحيات والمهام التالية:

١ـ متابعة أعمال مكتب السكرتارية وهيئات الفروع.

٢ـ متابعة تنفيذ توصيات ومقررات المؤتمر.

٣ـ إقرار الموازنة السنوية والحسابات الختامية.

٤ـ منح شرف العضوية للشخصيات التربوية والفكرية.

٥ـ دراسة ومناقشة النظام الداخلي وتقديم المقترحات الضرورية لتعديله.

جـ ـ يعقد المجلس التنفيذي إجتماعاته الدورية مرة واحدة كل ثلاثة أشهر لإدارة شؤون الاتحاد وله عقد إجتماعات استثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تەعقیبێكتان هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی دارایی هەر خاڵی سێیەم بوو(٣- إقرار الموازنة السنوية والحسابات الختامية.) بەڵام دەمێنێ (التقرير الاداري والمالي) ئەگەر فەقەرەی شەشەم لێ ئیلغا بکرێت ببێت بە (إعداد التقرير الاداري والمالي وتقديمها الى المؤتمر العام) چونکە لە کۆنگرەی گشتی هاتووە دەسەڵاتەکەی (مناقشة وإقرار التقرير الاداري والمالي) کێ ئیعداد دەکاتن ئەوە مجلسی تەنفیزی هەبێ باشترە یانیش ئەگەر لیژنەی یاسا بڵێتن هەر پێویست ناکات ئەوە شتێکی رۆتینییە ئەویش مانعمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی ئەوەتان هەیە لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاک ەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو تەغیراتانە لەسەر ئەو ئەساسە کرا کە لە ماددەی (١١) هاتبوو (دراسة و مناقشة الموازنة السنوية) بەئیعتبار موازەنەی ساڵانە عائیدی مەجلیس تەنفیزیە لێرە بڕیارەکە دراوە ئیعدادیش موازەنەی ساڵانە درا بە مەکتەبی سکرتاریەت، ئیعدادی بکاو حازری بکاو تەقدیمی مەکتەبی تەنفیزی بکا بۆ بڕیاردان لەبەر ئەوەی ئیقراری ئەو پێی ناوێ ئیعداد بکات چونکە ئیقرارەکە بەڵام تەقریر نهائی کاتی خۆی لە مەجلس تەنفیزی تەقریرەکە کە بۆ کۆنگرە دێت تقریر نهائی تقریری دارایش لە زمنی موازەنەی لەزمنی دارایش تەقریر تەقدیم دەکات، لەبەر ئەوەی کافیە (إقرار الموازنة السنوية والحسابات الختامية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستیان تەقریری ئیداری و مالییە؟ چونکە ئیمکانیەتی هەیە مەسەلەن ئەو دەسەڵاتە بە سکرتاریەت بدرێ بە تەنفیزی بدرێت بە سەرۆکی نەقابە، لەبەر ئەوە لە شوێنێک تەوزیح بکرێت لەوانەیە خراپ نەبێت. هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی (١١)؟ کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری برگە چوار بکەین (منح شرف العضوية للشخصيات التربوية والفكرية.) بەینەما لە شروطی عضویەت لێرە کە هاتووە (الفكرية) تێدا نییە موعەلمین و مودەرسین، شوهەدا (الحركة التحررية)، مامۆستایانی شۆڕشی ئەیلولی تەحەڕوری موتەقاعید. کەسایەتی فکری لە قودسیەتی فەخریان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم جێگری سەرۆک هاتووە بەڵام لە کۆنگرەی سێی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ناو وەکو رەسمی و قانون یەکێتی دوو جێگری هەبوو، جێگری یەکەمی ئێمە جێگرە لە نەقابەی مامۆستایانی مەرکەزی ئێستا ئەمە بە دوو شێوە دێ ئەگەر شێوەیەکی نەقابیەو میهەنییە دەبێ بە نەوعێک تەعامولی لەگەڵ بکرێت، ئەگەر رێکخراوێکی کوردستانیەو وەکو رێکخراوێکی سیاسیە شتی تر دێنێ، وەکو ئەگەر رێکخراوە موراقەبەی تەفتیش دەبێت ئەگەر نەقابەیە دەبێ لێژنەی ئینزبات هەبێت. یەکێتی مامۆستایانی کوردستان تا ساڵانی حەفتا سیفەتە میهەنیەکەی نەتوانیوە مومارەسە بکات رێکخراوێکی کوردستانی شۆڕشی قەومی و رۆشنبیری بوو شان بەشانی حەرەکەی کوردی خەباتی کردووە تا رێکەوتنی (١١)ی ئازار لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر لەگەڵ حکومەتی عێراق کە کرا لە خاڵی (١١)م رێکەوتنی رێکخراوەکان دەڵێ (وتكون المنظمات الكوردستانية عضواً في المنظمات العراقية المماثلة أو المشابهة لها) کەواتە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەکو رێکخراوێکی تەواو نەک لقی هەولێر یان لقی سلیمانی وەکو رێکخراوێک دادەنرا بە ئەندامێک لە نەقابەی مامۆستایانی عێراقی، نەقابەی مامۆستایانی عێراقیش کە وەکو ئەندامە لە یەکێتی مامۆستایانی عەرەب نوێنەری یەکێتی مامۆستایان دەبوایە بەشدار بێت لەوانە کە جێگری یەکەمی یەکێتی جێگری یەکەمی نەقابەی عێراقی بووە، ئینجا ئەو شتانەی ئەو کاتە هەبووە ئەو قەرارە سیفەتی قانونی بەخۆیەوە بینیوە چونکە سەرۆکی جمهوری کە بڕیاری شتێکی دا راستە ئەو یاسایە نە رەفز بوو نە ئیشیشی پێ نەکرابێت ئەو قانونە ماوە تاکو ئێستاش، رێکخراوی کوردستانی بەم شێوەیە لەگەڵ نەقابات و زەمانی هەموو شتێکی هەیە مەوجودە. جا لەبەر ئەوەی ئێستا دەبێ ئەگەر بابەتی دوو جێگر موقەرەر بووە لە کۆنگرەی سێ و چوار و پێج و شەش لە کۆنگرەی دوو موراقەبەو تەفتیش دەبێ هەبێت دەنا لێژنەی ئینزبات نابێت هەبێت دەبێ موراقەبەو تەفتیشی وەکو رێکخراوێکی کوردستانی هەبێت ئێستا موراقەبەو تەفتیشیشی نییە لێژنەی ئینزباتیشی نییە نازانم ئەگەر برادەرانی قانونی تەعامول بکەن بلێین ئەوە ئیجبارییە باشە خۆ نەقابەی دەرمانسازی ناهێڵێت دەرمان خانە بکاتەوە ئەگەر ئینتمای نەقابە نەکات. بۆ لێژنەی ئینزبات لەوێ هەیە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەبینم کە ئەرکەکانی ئەنجومەن چەند ئەرکێک لێی کەمە یەعنی پێویستە زیاد بکرێن کە تەماشای مەکتەبی سکرتاریەتیشم کرد ئەرکەکانی ئەوانە هەر دیار نەبون، ئینجا دەبێ یان ئیزافەی ئێرە بکرێت هەندێکیان یان ئیزافەی ئەرکەکانی مەکتەبی سکرتاریەت ئەویش بۆ نمونە قبولی پەیوەندی ئەندامان چی قبوڵ دەکات یەعنی مەجلس تەنفیزی قبوڵ دەکات یان مەکتەبی سکرتاریەت پێم وایە ئەنجومەنی تەنفیزی عادەتەن بەم ئیشانە هەڵ دەستێت ئەوە ئیعتیادیە، دووەم ئەگەر بۆ نمونە هاتوو لقێک زیاد بکرێت قەزایەکی نوێ دروست ببێتن کێ لێژنەی قەزا دروست دەکاتن کێ سەلاحیاتی هەیە یان پارێزگایەک دروست ببێت ئەوەش ئەبێ پسپۆڕیەکەی لە ئەنجومەن بێت، ئەوی تر ئەگەر لێژنەی کاتی کێ لێژنەی کاتی دروست دەکات بۆ هەر ئیش و کارێکی نەقابە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵی چوارەم (٤ـ منح شرف العضوية للشخصيات التربوية والفكرية.) لە بەشی دووەم هاتبوو ئەوەی کە ئەندام بێت دەبێ مومارەسەی کارەکە بکات لێرە مادام ئەو شەرەفی ئەندامیەتی پێ بدەن دەبێ ئەندامی فەخری بێت نەک ئەندام بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم شروتەی پێشوو ناکۆک نەبێ وەکو ئەندامی فەخرین جا نازانم ئەوان مەبەستیان ئەوەیە یان هەر وەکو ئەندامێکە کە لە پێشدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی لێژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کاک ئەمین فەرمووی هەمان بڕگەیە لەگەڵ هی بەڕێز کاک ئیدریس، ئەوانی تر فەرمووی لە بڕگەکانی تر نەهاتووە نوسراوە (التدريسين والمعلمين) نازانم هەتا دوایی ئەو ناوانە هاتووە ئەوە نەهاتووە ئەوان بە حوکمی قانون ئەندامی فەخرین لە یەکێتی مامۆستایان ئەوە دەسەڵاتێکی تایبەتییە درایتە ئەنجومەنی تەنفیزی ئەگەر یەکێک لە زمنی ئەوانە نەبوو ئەوەی کە زکر کراینە ئەوە حەقی هەبێت کابرا کەسایەتیەکی تەربەویە یان کەسایەتیەکی فکریە نە لە

تەدریسیە نە هی شۆڕشی ئەیلولە نە حەرەکەی کوردییە، ئەوانە هیچیان نییە و کەسایەتیەکی تەربەوییە ئیمکان هەیە ئەو کەسە کیانێکی بدرێتێ، کە دەشلێن شەرەفی ئەندامی دەبێ برادەران تێ بگەن شەرەفی ئەندامی مانای فەخری وتەی (شرف العضوية) مانای فەخری یە ئەگەر نا یەکێک ئەندام بێت ئەوە ئەندامە پێی ناوێت. دەربارەی لیژنەی ئینزبات برادەران تەتەروقی لیژنەی ئینزباتیان کرد ئەوەی ئەندام بێت لە یەکێتی مامۆستایان هەمووی فەرمانبەرە. هەموو نەقابەکانی تر پێویستە غیری فەرمانبەری تێدابێت نەقابەی پزیشکان دەبێ دکتۆر فەرمانبەر بێت لە نەخۆشخانەو دەبێ دکتۆر بێت لە دەرەوە بەبێ ئەوەی لە دائیرە بێت موهەندیس هەمان شت، دەرمانسازی هەمان شت، کە جەنابی مامۆستا مەلا هادی فەرمووی صەیدەلی ناتوانێ دەرمانخانە بکاتەوە گەر لە نەقابە نەبێ بەلام شەرت نییە فەرمانبەر بێت، فەرمانبەریش نەبێت دەتوانێ دەرمانخانە بکاتەوە لە دائیرە فەرمانبەر نییە بەلام لە نەقابەی بەئعتبار شهادەکەی ئیبراز دەکاو ئەندامەتی وەردەگرێت و دەچێ دەیکاتەوە، لەبەر ئەوەی لە نەقاباتی تر پێویستە لێرە پێویست نییە چونکە ئەگەر ئیجرائەک لە دائیرەکەی بەرامبەر ئەو مامۆستایە وەرگیرا خوانەخواستە فەسلیان کرد بۆ خۆی ئیعتیادی لە نەقابە فەسڵ دەکرێت، لە دائیرەی کە نەما بۆ خۆشی لە نەقابەی نامێنێت چونکە پەیوەندیەکەی بەنیسبەت نەقابەی ئیجبارییە. بەنیسبەت قبولی پەیوەندی نییە ئەوانەی ئەو شروتانەیان تێدا متەوەفرە بە حوکمی قانون ئەندامن پێویست بە بڕیار ناکات ئەنجومەنی تەنفیزی بڵێت بڕیارماندا فلان کەسمان کرد بە ئەندام لە قابە نەخێر ئەوەی مامۆستا بێت ئەندامە ئەوەی تەدریسی بێت ئەندامە ..هتد. مانای بە بێ بڕیاری ئەنجومەنی تەنفیزی لەبەر ئەوەی پێویست بە قبولی پەیوەندی ناکات بە حوکمی قانون ئەوان ئەندامن شەرتی تەعینی فەقد کرد شەرتی ئەندامی فەقد دەکات ئیعتیادیەن ئەندامیەتی نامێنێت پێویست بە بڕیار ناکات مادام فەرمانبەر نییە پێویستی بە قبولی پەیوەندی ناکات، بەنیسبەت لیژنەی قەزا ئەگەر قەزایەک دروست کرا یان جێگایەک دروست کرا تەبعەن هەر قەزایەک ئەگەر زیاد ببێت بە تەئکید سنوری ئیداری بۆ دادەنێرێت لە زمنی ئەو سنورە ئیداریە مەعلومە بە گوێرەی ئێستا سیغەکە دێینە سەری، نوێنەرانی کۆنگرە لەوێ دیاری کراون کە گەیشتینە سیغەکە دەزانین چەند کەسن و کێنە ئەوانەی نوێنەری ئەم سنورە ئیداریە دەکەن لەزمنی ئەو سنورە ئیداریەی ئەو نوێنەرانە ئیمکان هەیە لیژنەی قەزایان لێ دروست بکرێت، پارێزگاش هەمان شت پارێزگاش ئەگەر دروست کرا عیبارەتە لە چەند قەزاو ناحیەک ئەویش نوێنەرەکانیان مەعلومە بۆ کۆنگرە ئیمکان هەیە لە زمنی ئەو نوێنەرانەی کە لەوێ بوونە فەرعەکە دروست بکرێت، لیژنەی کاتیش شتێکی زۆر ئاساییە هەموو موئەسەسەیەک هەموو قیادەی رێکخراوێک حەقی هەیە لیژنە بۆ هەر کارێ تەقدیم بکات بۆ غەرەزی تەنفیزی کاروباری یەکێتی، مانای ئەگەر زکر بکرێت لە قانونەک یان زکر نەکرێت دەتوانن هەر ئەندامێ یان دوو ئەندام یان سێ ئەندام تەکلیف بکات بە ئیشێکی موعەیەن هەڵبستن و تەقدیم بکەن لەبەر ئەوەی پێویست ناکات بڵێی ئەمە ئەنجومەنی تەنفیزی

حەقی تەشكیلی لیژنەی هەیە ئەگەر بگۆترێ و نەگۆترێ حەقی تەشكیلی لیژنەی هەیە لەبەر ئەوەی دەقەكەی خۆی زۆر رێك هاتووە بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن ئەگەر جەنابت بفەرمووی بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك ابراهیم سعید جەنابت ویستت قسە بكەی.

**بەرێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر سبەینێ قانونێك دارێژین، قانون لەسەر ئەساسی فیدرالیش ئەو راستییە كە ئێستا ئێمە باسی دەكەین وەكو لەگەڵ نەقاباتی عێراقی دەبێ دوو بارە گەڕانەوە لەو قانونانەی ئێمە بكرێتەوە جا بۆ ئێستا كاتی خۆی هەبووەو پێرەو كراوە شتەكەش زەرەری ئێمەی نییە هەتا لە ناحیەی قانونی فیدرالیش تەثبیت بكرێت بەهەمان شكل دەمێنێت مانای ئیستقلالیەتێكی زۆر ئەوەی هەیە لەوێ هەبێ و لێرە نەبێت، نازانم موهەندیسێك ئیشی دەدەنێ كە ئەندام نەبێت. راستە لێرە ئیجبارییە تۆماتیكیەن مامۆستا ئەندامی نەقابەیە بەڵام لەوێندەریش ئەگەر ئینتما نەكات وەزیفەكەی نادەنێ موجەرەد موهەندیسەو تەعین بووە لەم گۆرەی من ئینتمای نەقابە ناكەم ئیشی دەدەنێ ئیشی نادەنێ ئەویش بەزۆرییە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرێز كاك عبدالخالق فەرموو.

**بەرێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی من وا تەسەور دەكەم لیژنەی قانونی یارمەتیمان بدات نەقابەیەكی وا گەورە یەكێتیەكی وا گەورە دەبێ لیژنەی رەقابەو تەفتیشی هەبێت، لیژنەیەك كە مورتەبیت بێت بە ئەنجومەنی تەنفیزی مادام لە كۆنگرە دامان نەنا ئەم مەسەلەیە زۆر گرینگە (٢٧) هەزار كەسن لێرانە لە لایەكەی تریش (٢٣) هەزار كەسن لەبەر ئەوە بەرای من لیژنەی تەفتیش و رەقابە زۆر گرینگە مەربوتیش بێت بە ئەنجومەنی تەنفیزی. خاڵی سێ بێت پێش سەرۆكایەتی فروعی پارێزگاكان هەروەها لە برگەی بائیش (مهام المجلس) ئەوەیە موتابەعەی كارەكانی لیژنەی رەقابە و تەفتیش بكات، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەرێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عەشمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕونکردنەوەکەی لێژنەی یاسایی بەڕاستی زۆر چاک بوو بەڵام دەمەوێ تۆزێک ئیزافاتی بۆ بکەم بەنیسبەت ئەو ڕونکردنەوەی لێژنەی تەفتیش یان ئینزبات، ئێمە نەعوزوبیلا هیچ مامۆستاییێک عقوبە نادەین. نییە شتی وا ئێمە دیفاع کەرین لە مامۆستا ئێمە ئێستا پارێزەرێکمان هەیە دامان ناوە بۆ قەزایای ئیش و کاری مامۆستایان پارە دەدەین بەو پارێزەرە هەر قەزییەیەک هەبێت پارێزەرەکە کاری بۆ دەکات، بەڵام بۆ چارەسەر کردن، یان ئاگادار کردنی مامۆستایەک ئەگەر شتێکی سلبیاتی هەبوو لێژنە هەیە لە بەڕێوەرایەتی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردە ئەندامی گرینگی ئەو لێژنەیە کە عەمەلی بێت هی ئێمەیە ئێمە ئەندامین لەم لێژنانە لەبەر ئەوە ئێمە ئاگاداری ئیش وکاری مامۆستایانین بەڵام سزای مامۆستا بدەین حکومەت عقوبەی دەدات ئەگەر موخالەفەیەکی کرد، ئێمە بەهیچ جۆرێک وەک نەقابە پێمان باش نییە هیچ عقوبەیەک بە مامۆستایان بدەین بەگشتی، لە لایەنی تەفتیش و موراقەبەوە تەبعەن تەفتیشی فەرعەکان و کەرتەکان ئیعتیادی دەکرێ لەهەر کاتێ بمانەوێ لێژنەیەکی تایبەتی بۆ دادەنرێت لە مەکتەبی تەنفیزی ئەگەر کارێک بوو دەچێت سەیری دەکات و ئەگەڕێتەوە. بەنیسبەت دیاری کردنی کەرتەکان لە نیزامدا هاتووە هەموو لقێک ئەبێ بەلایەنی کەمەوە (١٥٠٠) مامۆستا کەمتر نەبێت هەتا ئەگاتە حەدی (١٠٠٠٠) هەموو کەرتێکیش لە (٥٠٠) مامۆستا کەمتر نییە ئەمە تەحدیدی کەرت و لقەکانە، بەنیسبەت مامۆستایانی شەرەفی ئەندامی هەتا ئێمە شەرەفی ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەتمان بە مامۆستایەکی بەڕێز داوە کە جەنابی دکتۆر (د.ئیدریس)ە لە دەستەیەکی گشتی مامۆستایان داواکرا کە شەرەفی ئەندامیەتی بدرێتێ ئێستا فعلەن شەرەفی ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەتیشی هەیە خۆی ئاگادارە لە مەوزوعەکە چونکە لە کاتێک دابوو ئەو ماندوبونی خۆی زائیدەن دەرس گوتنەوە لە زانکۆ لەبەر ئەوە ئەو کاتە ئەوەی پێ درا جەنابیشی دکتۆریشە، جا لەبەر ئەوە لێژنەی ئینزبات قەت بەعامی مامۆستایان لەگەڵی نەبوون ئێمەش لەگەڵی نین چونکە شتەکە بەڕاستی زاهیرەیەکی جوان نییە تەحقیق هەیە بەڵام ئێمە نوێنەرمان هەیە لەوێ ئێستا ئێمە پارێزەرێکمان هەیە ئەم پارێزەرە دیفاع لە مامۆستا دەکات من تەحقیقی چی لەگەڵ بکەم بەڕاستی شتەکە جوان نییە دەنا خۆ ئاساییە بەڵام سیغەیەکی جوان نییە بڵێی وەڵڵا تەفتیش یاخود ئینزبات لەسەر کێ لەسەر مامۆستا کە تۆش موتەعەلق نیت بە مامۆستاوە، مامۆستا فەرمانبەرە لە دائیرەیەک لە وەزارەتێک لە حکومەتێک ئەوان چی لێ بکەن چێ لێ نەکەن ئێمە دیفاعی لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی پـەرلـەمـــــان.**

بەنیسبەت جەنابی کاک عەفان دەڵێت لیژنە لە وەزارەتی پەروەردە هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر ئیجرائاتەک بکرێت لە وەزارەت دەڵێن فەرمانبەرێک خەریجی دواناوەندییە یان خەریجی ناوەندییە موحاسەبەی مامۆستایەک بکات مودەریسەو خەریجی کولیەیە قەیدیناکا بەڵام لیژنەیەکی موراقەبەو تەفتیش کە کۆنگرە دایبنێت پێیان نەنگە کە هەبێت لەناو ئەم یەکێتی یە، هەبوو ئەگەر ئەمە ڕێکخراوێکی سیاسییە دەبێ موراقەبەو تەفتیشی هەبێت ئەگەر ڕێکخراوێکی میهەنییە وەکو ڕێکخراوەکانی تر دەبێ ئەوە هەبێت، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

چی هەبێت؟ ئەوە چییە؟.

**بەڕێز مـــلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

لیژنە ئینزباتی هەبێت.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جـــمـــیـل عـــبـــدی سندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لیژنەی ناردووە بەڕێزان ئێستا پێشنیارێکیان کرد بۆ تەفتیش و موراقەبە لیژنەیەکی دروست بکەن، تەفتیش و موراقەبە هیچ لیژنەی پێویست ناکات بۆ خۆی لە ماددەی (١٦)ە لەم پرۆژەیەدا ئێمە نەیگەیشتینێ خۆی دەقەک هەیە دەڵێن هەموو حسابات و ئیدارە خاضیعن بۆ ڕەقابەی قانونی و مالی، ڕەقابەی قانونی عامی هەرێمی کوردستان ئیشراف دەکات و ڕەقابەی دەکات و تەدقیقی دەکات لەبەر ئەوە هیچ پێویست بە لیژنەی موراقەبەو تەفیتش ناکات، بەڵام مەسەلەی لیژنەی ئینزباتی ئەوە ماددەیەکی ترە وەختێ ئێمە بێینە سەر ماددەی (١٣) بێینە سەر لیژانی مالی و ئیداری ئەتوانن لەسەر ئەو ماددەیە موناقەشەی بکەن ئایا لیژنەی ئینزباتی هەبێت یان نەبێت لە ماددەی داهاتوو نەک لەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز کاکەڕەش فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کاک مەلا هادی فەرمووی ئەگەر موهەندیس لە نەقابەی ناوی تەسجیل نەبوو ئیشی پێ نادەن،

قەیدیناکا ئیشی پێ نادەن بەڵام ئەگەر فەرمانبەر نەبوو کێ موحاسەبەی دەکات ئەگەر خەلەلێکی هەبوو ئەگەر لە لیژنەی ئینزبات نەبێت، ئەگەر ئەو موهەندیسە خەلەلێکی هەبوو و هەڵسوکەوتێکی خراپی هەبوو هەڵەیەک لە هەڵەکانی کاری خۆی کرد کێ موحاسەبەی دەکات؟ ئەگەر لیژنەی ئینزباتی لە نەقابەکەی نەبێت چ جیهەتێک نییە موحاسەبەی بکات دەبێ یەکسەر بچێتە شورطە، کابرا بچێت ئیقامەی دەعوا لە شورطە بکات لەسەر کابرای لەوانەیە خەلەلێکی بچوک بێت پەیوەندی بە (عدم إلتزام) هەبێ بەمیهنەی وەکو پێویست ئەوە لیژنەی ئینزباتی هەیە، بەڵام مامۆستا ئەگەر (عدم إلتزام)ی بە کاری خۆی نەبێت بەڕێوبەرایەتی پەروەردە موحاسەبەی دەکات، لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە موحاسەبەی دەکەن، ئیدارەی قوتابخانە موحاسەبەی دەکات، موفەتیشی پەروەردەی کە دەچێت تەفتیشی دەکات موحاسەبەی دەکات، سەد رەقابەی لەسەر هەیە مامۆستای قوربەسەر هەتا دەگاتە لای وەزیری پەروەردە باشە لیژنەی ئینزباتی بۆ چییە مانای موفەتیش، بەڕێوەبەری قوتابخانە، ئیداریەن بە پارێزگا مەربوتن بە سەرۆکی یەکەی ئیداری ئەوانە هەموو رەقیبن لەسەر مامۆستا دەیەوێ لیژنەی ئینزباتیش هەبێت چی لێ دەکات لیژنەی ئینزبات، لیژنەی ئینزبات ناتوانێ شەرەفی ئەندامیەتی لێ بستێنێتەوە چونکە بە حوکمی قانون ئەوە ئەندامە و فەرمانبەرە لە دائیرەی ناتوانێ بڵێت تۆ ئەندام نیت هەتا ئیرتباتی لە دائیرە قەتع نەبێت، بەحوکمی قانون ئەوهایە دەبێ ئیرتباتی قەتع بێت ئیرتباتیش زانراوە لە چەند حالەتێک قەتع دەبێت لە دائیرەکەی خۆی وەکو پێویستە، لەبەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەک لێرە زروفی ئەو نەقابەیەی وەکو ئەوانی تر نییە دوای مەسەلەی موراقەبەو تەفتیش ئیشێ چییە تەفتیشی چ دەکات ئەگەر بابەتی سجلاتی مالییە وەکو بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی فەرمووی خازعی تەدقیقی حساباتی وەزارەتی داراییە، مەکتەبی سکرتاریەت حەقی تەفتیشی هەیە، ئەنجومەنی تەنفیزی حەقی تەفتیشی هەیە، سەرۆکی یەکێتی حەقی تەفتیشی هەیە، لیژنەکە کە دەچێت چ تەفتیش دەکات ئەگەر بابەت سجلاتە ئەوە سجلات خازعی رەقابەی داراییە مانای چ عەمەلیەتێک نەمایە موراقەبەو تەفتیش بکات تەنیا ئەگەر هەر بۆ ناو ناوێکی دابنێین لیژنەکی تەشکیل کەین بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیەش داوا بکەن موتەفەریغ بن لە وەزارەتی پەروەردە ئەوانیش ئیش و کار نەکەن بەناوی ئەوەی کە موتەفەرغن ئیش وکاریان هەیە ئەوانیش واجیب نەبین وەکو ئەوانی تر چەند کەسێک عەفو بکرێن بە تەفەروغ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کارمان ئەوە نییە لیژنەی رەقابەو تەفتیش بێنین ئێمە میهیمەمان ئەوە نییە بچین موراقەبەی

مامۆستا بکەین، ئێمە لیژنەی تەفتیش و رەقابە دائیمەن لە نەقابات و لە ئەحزاب کە تەشکیل دەبێت بۆ ئەوەیە کە موراقەبەی تەجاوزاتی هەیئاتی قیادی بکرێت، مانای ئەوە سکرتاریەتە ئەوە سەرۆکە ئەوە هەیئەی فەرعە تەجاوزێکی کردووە یان دەسکاریەکی بەحەقی ئەندامیەتی کردووە پەیوەندی نییە بۆ موراقەبەی ئەوە من لەگەڵ ئینزبات نیم چی دەکەین بەنیسبەت ئینزباتەوە بەڵام بەنیسبەت لیژنەی رەقابە و تەفتیش بۆ ئەوەیە ئەگەر سەرپێچیەک هەبوو موتابەعەی نەشات، نەوەک سکرتاریەت و سەرۆک و جێگری سەرۆک تەجاوزی سەڵاحیاتی خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

عەزیەتی بۆ هەندێ خەڵک دێتەکرن لەنێوان کاری ئیداری وەکو کارمەند و ئەرکی نقابی، بۆچونی بەڕێز کاک شێخ عەفان وەکو سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان لێرەیە پشتگیری ئەو یان بۆچونی ئەو وەکو کارمەندێک قسان دەکات، ڤێرێ نەڤرۆشا دەبینی سەبەینێ قانونا ئیلتزاماتی دارایی هەبێتن مانای هەیڤانە یان ساڵانە مامۆستایەک بێت مولزەمە وەکو نزامی ناوخۆ وەکو ئەم قانونە بێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات بەرامبەر بە نەقابەی، خوانەخواستە ئەگەر مامۆستایەک هەڵەیەکی کرد ئایە وەزارەتی پەروەردە دێت موحاسەبەی ئەوی بکات ئیلفات نەزەرە یان تەنبە یان هەر شتێکی تر بێت، لێرە خەڵت نابێت بێتە کردنێ مانای مامۆستا وەکو مولتەزیمە بە قانون و تەعلیماتی یەکێتی هی دووش وەکو کارمەند خازعە بۆ ئەرکی وەزیفی لەبەر هەندێ من بە پێویستی دەزانم ئەو لیژنەیە هەبێتن بۆ عیلاج نەوەک هەدەفی سەرەکی موراقەبەی مامۆستایان بی نەخێر بۆ رەدعە بۆ تەقویەیە بۆ زیاتر تێکەڵ کردنی مامۆستایە لەگەڵ یەکێتی لەبەر ئەوە من بە پێویستی دەزانم ئەوە هەبێتن و فەرقیش هەیە لە مابەینی ئیدارە و مابەینی نەقابە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تەئیدی قسەکەی کاک عبدالخالق دەکەم منیش دەمویست ئەوە بڵێم موراقەبەو تەفتیش هەیە، موراقەبەو تەفتیشی دەستەی باڵایە نەک هەر ئەوان خۆیان بەرپرس و بەرپرس نەبن کەس نەتوانێ عقوبەیان بدات، لیژنەک هەبێت موراقەبەو تەفتیشی ئیش وکاری لیژنەی تەنفیزی و مەکتەبی سکرتاریەت بکات موراقەبەو تەفتیش بۆ ئەوەیە نەک مامۆستایان لە کاتی وەزیفەی،

له کـاتی وەزیفـەی ئەوە پەروەردە هەیە فـلان هەیە قـەیدیناکـا بەڵام مـوراقـەبەی ئیش و کـاری سیـاسیـان، لەوانەیە لادان لە ئیش و کارێکی راسـتەقـینەی خـۆیان کە دەسـەڵاتی خۆیان نەبێت تەجاوزی دەسەڵاتی خۆی کردووە، لەگەڵ رێزوسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەیئەی تەنفیزی موراقەبەی ئیش وکاری مەکتەبی سکرتاریەت دەکات، کۆنگرە موراقەبەی ئیش وکاری هەیئەی تەنفیزی و سەرۆکی نقابە دەکات، لیژنەی موراقەبە و ئینزباتی عـادەتەن تەفتیشی لقەکان و ئەندامان دەکەن و موحاسەبەی ئەندامان دەکەن، ئەگینا ئەو هەیئەی تەفتیشەی جەنابت دەیلێی ئەو سەرۆک و هەیئەی تەنفیزییە بۆئەوەی ئەوە هەندێ رون بێت باشە، چونکە زانراوە هەیئەی تەنفیزی. بۆ کێ دادەنرێت و ئینزبات بۆ کێ دادەنرێت، ئینزبات بۆ هەیئەی تەنفیزی ئەوەی بتوانێ موحاسەبەی هەیئەی تەنفیزی بکات تەنیا کۆنگرەیە، جەنابت کە قسەی دەکەی هەستە سەر پێ فەرموو.

**بەڕێز مـلا هادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەبێ بەنیسبەت ئەوەی بۆ کۆنگرە تا کۆنگرە دێت راپۆرتی کۆنگرە خۆیان لەوانەیە لیژنەی تەنفیزی یان مەکتەبی سکرتاریەت ئەو قسانەی کە کردی ئەو تەجاوزانەی کە خلافی قانونی کردویەتی نایداتە کۆنگرە لەوانەیە بیشارێتەوە، موراقەبەو تەفتیش بۆی هەیە ئەو راپۆرتە ئامادە بکات کـاتی کۆنگرە دێت پێشکەشی بکات بە کۆنگرە بڵێت ئەمە راستی رابردووی ئەم دوو ساڵەی سەرۆکایەتی یەکێتی بووە لەو مەجالەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بەڕێز کاکەرەش.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی برادەران تەسەوریان وابوو وگوتیان تێکەڵاوی دەکەن بەڵام وا تەسەور دەکەم ئەوان تێکەڵیان کرد، دوو ئیلتزام هەیە بەنیسبەت مامۆستا بەرامبەر نەقابە ئیلتزامێکی دارایی هەیە راستە وەزارەتی پەروەردە جێبەجێی دەکات لە قائیمەی موچەی دەبڕێت ئەو ئیلتزامە داراییە مانای بەدەلی ئیشتراک و بەدەلی سندوقی زەمان و نازانم چی ...هتد. یەکسەر لە قائیمەی دێتە خوارێ لەبەر ئەوەی هیچ مامۆستایەک نییە عاسێ بێت لە قائیمەکەی دێتە خوارێ ناتوانێ تەنفیزی نەکات ئەوە یەک، دوو ئەوەی بەڕێز جەنابی سەرۆک فەرمووی ئەو موراقەبەو تەفتیشە کۆنگرە رەقیبە لەسەر ئەوانە ئەگەر هاتوو ئەو رەقیبە هەبوو لە کۆنگرەی ئایندە هەر ئەندامێک هەر کەموکورییەک ببینێت بۆی هەیە لە کۆنگرە هەڵسێت قسان بکات هەر مەندوبێک چی بوێت لە

کۆنگره قسه دەکات، دووەم بەڕێزان ئیلتزاماتی یەکێتی مامۆستایان بەراستی ئەو ئیلتزامە نییە چ ئیلتزاماتێکیان هەبێت بۆ خۆیان عەلائەساس سەرپێچی بکەن چونکە ئیشی وان دیفاعە لە مامۆستا، یەک ئەوان مەربوتن بە دائیرەی خۆیان دائیرەکانی خۆیان موراقەبەیان دەکەن وەکو باسمان کرد چەند کەسێکن موشرفن لەسەریان دەمینێتەوە ئەوانە تەنیا رەقیبن لەسەر ئامێرە ئیداریەکان نەوەکو سەرپێچی لەسەر مامۆستایەکان بکەن نەوەک مامۆستا مەغدور بکرێ لەسەر ئەوەی نینە ئەوان هەیئەی ئیداری بچن ئەنجومەنی تەنفیزی بچی موحاسەبەی مامۆستا بکات و ئاگای لە مامۆستا بێت پێویستە ئەو ئاگای لە مامۆستاکان بێت بزانێ خەڵکی تر تەجاوز لەسەر مامۆستا دەکات یان ناکات و، دیفاع لە مامۆستا بکەن ئەگەر لەکاتێک یان لەلایەک موفەتیش غەدری لێ کرد، بەڕێوەبەری قوتابخانە غەدری لێ کرد، بەڕێوەبەری پەروەردە غەدری لێ کرد، وەزیری پەروەردە غەدری لێ کرد، ئەوانە بیگەیەنە جیهاتی خۆی چ ئەرکێکیان نییە بەرامبەر مامۆستا کە عەلائەساس ئەوان موحاسەبەی مامۆستا بکەن بزانن چییە. چونکە ئەوان هەدەفیان زانراوە چەند هەدەفێکە نوسراوە ئەهدافەکان لە هەموو ئەهدافەکان هەمووی تێدایە هەر یارمەتی دانی مامۆستایانە هیچی تری تێدا نییە موراقەبەی مامۆستای تێدا نییە نیهائیەن چونکە ئەوان پێویستیان بە موراقەبەی مامۆستا نییە ئەوان ئەگەر راپۆرتێک لە لایەنێکی نەیەتن لە جیهەتێکی رەسمی نەیەتن نەڵێت فلان مامۆستا ئیخلالی هەیە داوایان لێ دەکەن ئەندامێکیان بێت لە لیژنەکە دەچێ ئیشتراک دەکات لە ئەندامیەتیەکەی لەبەر ئەوە ماددەکە زۆر بەرێک و پێکی هاتووە ئەگەر لوتف بفەرموویت جەنابی سەرۆک بیداتە دەنگدان خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، بێ گۆرانکاری؟ تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە ئەم ماددەی دوازدەیە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**تشكيلات المجلس التنفيذي ومهامه**

**المادة الثانية عشرة:**

أ- يتكون المجلس التنفيذي من:

١- رئيس الاتحاد.

٢- أعضاء مكتب السكرتارية.

٣- رؤساء فروع المحافظات.

ب - يمارس المجلس الصلاحيات والمهام التالية:

١- متابعة أعمال مكتب السكرتارية وهيئات الفروع.

٢- متابعة تنفيذ توصيات ومقررات المؤتمر.

٣- إقرار الموازنة العامة والحسابات الختامية.

٤- منح شرف العضوية للشخصيات التربوية والفكرية.
٥- دراسة ومناقشة النظام الداخلي وتقديم المقترحات الضرورية لتعديله.
جـ - يعقد المجلس التنفيذي إجتماعاته الدورية مرة واحدة كل ثلاثة أشهر لإدارة شؤون الاتحاد وله عقد إجتماعات إستثنائية كلما دعت الحاجة الى ذلك.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی یەكمان هەیە نازانم وەری دەگرن یان وەری ناگرن؟ ماددەی (١٢) ئەلفتان نوسیوە جا یەك دوو سێ، ئەلف بكرێت بە یەكەم ، باء بكرێت بە دووەم، جیم بكرێت بە سێیەم.

**بەڕێز كاك ڕەش محمد نقشبندی:**

زۆر چاكە قبوڵمانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی (١٢) دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی ماددەی (١٢) پەسەند ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، چوار ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناكەن بە زۆرینەی دەنگ ماددەكە وەرگیرا، ماددەی (١٣) تكایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

## المادة الثالثة عشرة:

### مكتب السكرتارية

اولاً: يعتبر مكتب السكرتارية الهيئة العاملة للمجلس التنفيذي للاتحاد وينتخب من بين أعضائه سكرتيراً ويكون نائباً لرئيس الاتحاد ومسؤولي اللجان المالية والإدارية ويقوم بتوزيع الاعمال بين أعضائه ولرئيس الاتحاد حضور إجتماعات مكتب السكرتارية وعند حضوره ينعقد الاجتماع برئاسته.

ثانياً: يشترط فيمن ينتخب لعضوية مكتب السكرتارية وهيأت الفروع أن يكون من مواطني الأقليم ولاتقل خدمته عن عشرة سنوات.

ثالثاً: يمارس مكتب السكرتارية المهام التالية:
١- تنفيذ مقررات وتوصيات المؤتمر العام.
٢- تنفيذ مقررات وتوجيهات وتعليمات المجلس.
٣- الإشراف على نشاطات الفروع وإصدار التوجيهات والتعليمات اللازمة بما يحقق المصلحة العامة والعملية التربوية والتعليمية وتمتين العلاقة مع الهيئات الإدارية للفروع.
٤- إقرار صرف الأموال اللازمة لتنفيذ مهام مكتب السكرتارية في حدود الصلاحيات المقررة وضمن المبالغ المرصدة في الميزانية العامة وله أن يجري المناقلات المالية ضمن الميزانية المقررة.

٥- العمل على تعزيز العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في الاقليم.
٦- إعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية وتقديمها الى المجلس التنفيذي لاقرارها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاكەرەش.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەڵەیەكی چاپ هەبوو نوسرابوو (ولرئيس الاتحاد حضور أجتماعات) ئەمە هەڵەیە چونكە (يحضر إجتماعات) تەنها ئەگەر ئیشێكی هەبێتن لەبەر ئەوە ئێستا لەبەر دەمی ئێوە وانوسراوە (ولرئيس الاتحاد حضور إجتماعات) بەڵام لێرە (يحضر إجتماعات)، شەشەمیش بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن لەبەر ئەوەیە كە موازەنەكەمان لابرد لێرە لە دەسەڵاتی كۆنگرە شەقەكە كرا بە دوو بەش، بەشی بڕیاردان و بەشی ئیعداد، بەشی بڕیار درا بە ئەنجومەنی تەنفیزی هی میزانیەی ساڵانە بەشی ئیعداد هی موازنەی ساڵانە و حساباتی ختامی درا بە مەكتەبی سكرتاریەت ئەو ئیعدادی بكات وبدرێتە ئەنجومەنی تەنفیزی بۆ بڕیاردان لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوانە جارێكی تر بیخوێنەوە ئەو سەرۆكی یەكێتییە چۆن بێت بۆ ئەوەی رون بێت.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد يعقوبی:**

**المادة الثالثة عشرة:**

**مكتب السكرتارية**

اولاً: يعتبر مكتب السكرتارية الهيئة العاملة للمجلس التنفيذي للاتحاد وينتخب من بين أعضائه سكرتيراً ويكون نائباً لرئيس الاتحاد ومسؤولي اللجان المالية والإدارية ويقوم بتوزيع الاعمال بين أعضائه و يحضر رئيس الاتحاد أجتماعات مكتب السكرتارية وعند حضوره ينعقد الاجتماع برئاسته.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی سەرەوە شتێكی رون نییە؟ (سكرتيراً ويكون نائباً لرئيس الاتحاد ومسؤولي اللجان المالية) تۆزێك رونی بكەنەوە (كما وينتخب) بۆ ئەوەی رون بێت، لێژنەی دارایی تێبینیتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ لێژنەی یاسا كە بڕگەی شەشیان زیاد كرد لەسەر بۆچونی لێژنەی دارایی و ئابوری بەڵام

ئێمه هەندێ تێبینی ترمان هەیە ماددەی پێش ئێستا لەسەر لێژنەی ئینزباتی زۆر گفتوگۆ کرا رای لێژنەی دارایی و ئابوری ئەوەیە لە دوای ئەوە (مسئول لجان المالية والادارية والانضباطية) لێرە زیاد بکرێت لەبەر چی نەوەک تەنها عقوباتی ئیداری بگرێتەوە وەڵڵا مامۆستایەک چونکە لە پەروەردەیە عقوبە وەردەگرێتن، یەکێتی مامۆستایان لەوانەیە جەمعیەی ئیستهلاکیش هەیە لایان، نادی مامۆستایانیش هەیە لایان دور نییە مامۆستایەک رۆیشتە جەمعیەی ئیستهلاکی لەوێش موشکیلەیەکی دروست کرد شەری کرد وزارەتی پەروەردە پەیوەندی پێوە نییە عقوبەی بدات ئەمە دەبێت لێژنەی ئینزباتی هەبێت، رێز و ئیحترامم بۆ مامۆستایان هەیە رۆیشتە نادی مامۆستایان لەوێ سەرخۆش بوو گرفتێکی دروست کرد کێ موحاسەبەی دەکات نەوزارەتی پەروەردە نە لێژنەکان پەیوەندی پێوە هەیە، دەبێ لێژنەی ئینزباتی هەبێتن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەلامێکی کوشت پۆلیس عیلاجی دەکات.

**بەرێز جمیل عبدی سندی:**

دووەم شروطی (من ينتخب لعضوية) نوسنیوبەتی (من مواطني الإقليم) پێویستە (ومقيماً فيه).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم تێبینیانە بنوسەو جوابی بدەرەوە؟ فەرموو.

**بەرێز جمیل عبدی سندی:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن، لە دووەم هاتووە (ثانياً: يشترط فيمن ينتخب لعضوية مكتب السكرتارية وهيئة الفروع أن يكون من مواطني الأقليم ) رای ئێمە ئەوەیە ئەمەی لەگەڵ زیاد بکرێت (ومقيماً فيه) چونکە مواطنی هەرێمە لە دەرەوەی هەرێم دانیشتووە یان لە سوریا دانیشتووە یان لە ئەوروپا دانیشتووە پێویستە ئەمە زیاد بکرێت ئیقامەشی لێرە بێتن، چوارەم لە شوێنی میزانییەی گشتی بەشێوەیەکی گشتی میزانییەی سالآنەیە حەقی گواستنەوەی هەبێتن مەکتەبی سکرتاریەت نوسیوبەتی ئەمە دەبێ زیاد بکرێتن پێشنیاری ئێمە لە کۆتایی بنووسرێ(بعد موافقة المجلس التنفيذي) چونکە بریاری میزانییە کێ دەیکات ئەنجومەنی تەنفیزی دەیکاتن گەر گواستنەوەکە هەمووی بە دەستی مەکتەبی سکرتاریەت بێتن بڵێین لقی خانەقین لایدابێت هاتبێتە لقی کەرکوک یان لقی دهۆک زیاتر بۆ خۆیان داینێن لە مەکتەبی سکرتاریەت سەرف دەکەن لەبەر ئەوە، چونکە بریارەکەی بەدەستی ئەنجومەنی تەنفیزی یە سەرۆکی لقەکان هەمووی تێدا ئەندامن لەبەر ئەوە دەبێ موافەقەی ئەنجومەنی تەنفیزی وەربگیرێتن بۆ گواستنەوە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە؟ بەرێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مــحــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پێم وایە ئەم ماددەی یەکەمی بکرێت بە ماددەی (١٣)ە و بکرێت بە دوو برگە بۆ نمونە: دەڵێت (يعتبر مكتب السكرتارية) ئەوە بەراستی ئەلفە و (رئيس الاتحاد يحضر) ئەمەش شتێکی ترە دوو شتی لێک جیاوازن ئەمە یەک، دووەم (مسئولي لجان المالية والإدارية) بکرێت بە (مسئولي اللجان المالية والإدارية) لە دووەمیش (هيئة الفروع) بکرێت بە (هيئة الفرع) یا دەبێ فروع بکرێت بە فرع یا دەبێ (هيئة) بکرێت بە (هيئات)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــلا هادی خــــضــر کـــوێخــــا:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەنیسبەت قسەکانی کاک جەمیل کە باسی ئەوە دەکات دەڵێ لقێک لەوەی بەشی زیاد دەبات شتی وا نییە لە میزانییە بەنیسبەت ئەندام دادەنرێت میزانییە، مانای هەر لقێک بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی خۆی حساباتی خۆی بۆ دەکرێت نە زیاد و نەکەمی هەیە بەشی کەس نابات، سوپاس.

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مــــحـــمـــد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڕێگای قانونی سەرۆکی مەکتەبی سکرتاریەت دەبێ بە جێگری بەرپرسی یەکێتی بۆ سەرۆکی یەکێتی (١٥) ساڵ ئێمە خزمەتمان دانا، دەبێ (١٥)ساڵ خزمەتی هەبێت بۆ جێگریش (١٠) ساڵمان دانا شتێکی باشە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت یەکو (٧) ساڵ بێت یانیش (١٠) ساڵەکە ببێتە (٧) وەکو جێگر نەبێت وەکو سەرۆکی مەکتەبی ئەوە یەک، دوو برگەی پێنج (٥- العمل على تعزيز العلاقة مع النقابات والمنظمات المهنية والجماهيرية في الاقليم.) ئەگەر بەری خۆ بدەینێ ماددە چوار برگە نۆ دوبارەیە ئەم ماددەیە من پێشنیار دەکەم ئەمە نەمێنێت چونکە دوبارەیە ئەگەر بەری خۆ بدەنێ برگە نۆ دەبێژێت (التعاون وتطوير العلاقات مع النقابات والأتحادات والجمعيات المهنية والجماهيرية داخيل الاقليم وخارجه)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کاک د.رزگار پێشی گرتەوە هەر چی مەوادی ئیقتراحم کردوە پێشتر دەیان گوت ئەمە زیادە پێویست ناکاتن تەرکیز و موختەسەری باشە کەچی لێرە دەبینم کەوا شت زیاد بووە ئەم جارە من پێشنیار دەکەم هەڵ بستێت مانای کەمتری لێ بێت ئەویش برگەی پێنچە کە (العمل علی تعزیز العلاقة) ئەوە وەبزانم لێرە حەشوو بووە چونکە لە ئەهداف کە هەدەفی هەر ئەندامێکە برگە نۆ هەمان شتە، هەدەفی هەر ئەندامێکی یەکێتییە کەوا تەعاون لەگەڵ نەقاباتی تر بکات لێرە من پێشنیار دەکەم ئەوە هەڵبستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ کاک جەلال خۆشناو فەرموو.

**بەڕێز جلال سلیم خوشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیاری بکرێت مەکتەبی سکرتاریەت کە کۆبونەوە دەکات مانگێ جارەکە پازدە رۆژ جارێکە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەستەی گشتی لەم رۆژانە نیبە؟ چ وەڵامت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سکرتارییەت پازدە رۆژ جارێکە ئەگەر زروفێکی تایبەتیش بوو حەفتەی جارێک دەبێت، زروفی تایبەتی بێت لەوانەیە لە حەفتەیەکی دوو جاریش بێت چونکە هەمووی ئامادەن لە هەمان شوێنا پێویست ناکات ئاگادار بکرێنەوە و بانگ بکرێنەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی ئەگەر وەڵامتان هەیە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن دیسان مەوزوعی لێژنەی ئینزبات هاتەوە گۆڕێ یەکەم لێژنەی ئینزبات مەسئەلەکی

شەخسی یە مانای پەیوەندی بە ئەندام هەیە نەک ئیش و کاری ئیداری پەیوەندی بە ئیش و کاری ئیداری نییە، لیژنەی ئینزبات مانای ڕێکخستنی ئەندام. کۆمەڵێک وەسائیل هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەندام هەموومان باسمان کردووە پێی ناوێت دوبارەی بکەمەوە ، بەڵام بەڕێز کاک جەمیل بابەتێکی باس کرد ئەگەر مامۆستایەک خوانەکات لە نادی شتێکی کرد کۆمەڵێک کەس هەیە موحاسەبەی بکات دەستەی کارگێری یانە دەتوانێ موحاسەبەی بکات، پۆلیس دەتوانێ موحاسەبەی بکات، وەڵڵاهی پۆلیسەکەی پێش دەرگاش دەتوانێ موحاسەبەی بکات دەتوانێ بە ئەمری دەستەی کارگێری یانە بیباتە دەرێ دەڵێ ئەوە ئیخلال بە نیزامی ئیدارە دەکات کۆمەڵێک قەزایا هەیە جگە لە دائیرەکەی خۆی سبەینێ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەیە یان ئیدارەی قوتابخانەیە چونکە بوونی لیژنەی ئینزباتی مامۆستایان لەوێ هیچی پێ ناکرێت، بۆ نمونە: لیژنە ئینزباتی گوتی ئەو پیاوە پیاوێکی خراپە سلوکی خراپە، خۆ پێی ناکرێت لە ئەندامیەتی لای ببات مادەم فەرمانبەرە هیچی پێ ناکرێت جا لەبەر ئەوەی بەجێماوە بۆ دائیرەکەی خۆی دائیرەکەی بڕیار دەدات ئەگەر خوانەکات هەڵەیەکی کرد کە دوورە ئەوەش لە مامۆستا، مامۆستا شتی وا ناکەن بە هیچ شێوەیەک هیچ مەترسی ئەوەیان لەسەر نییە خوانەکات ئیخلالێک بە نیزام و شتی وا ناکەن ئەم لاو ئەملا ئەگەر کەسانی تر بیکەن بەڵام مامۆستا نایکات. بڕگە پێنج برادەران دەڵێن زیادە لەبەر ئەوەی کە لە ئەهداف هاتووە دیسان با بە کاک ئیبراهیم سەعید بڵێین زیاد نییە با مەکتەبی سکرتاریەت ئیعتمادی لەسەر ئەوەی نەبێت بڵێت لە ئەهداف هاتووە هەموو ئەندامێک با ئەمن نایکەم با ئەویش هەست بکات زمنی واجیباتێکی هەیە با واجباتی خۆی ڕێک بخات علاقاتی خۆی باش بکات چونکە ئەو کیانێکی هەیە ئەندام کیانی هەندێ زەحمەتە عیلاقات پەیا بکات ڕاستە دەڵێت لەسەر هەموو ئەندامێک پێویستە، بەڵام با ئەویش هەست بکات بۆ (ذکری) (إنما الذکـری تنفع المؤمنین) خراپ نییە ئەگەر تێدا بێت بۆ ئەوەی ئەویش واجباتی خۆی بزانی.
بەنیسبەت ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی سەرف لازمە موناقەلە لەدەست ئەنجومەنی تەنفیزی بێت نەک لەسەر مەکتەبی سکرتاریەت ئەگەر جەنابی کاک جەمیل بابەتەکە بە دیقەت بخوێنێتەوە پەیوەندی بە ئەنجومەنی تەنفیزی نەمایە چونکە دەڵێ (إقرار صرف الأموال اللازمة لتنفیذ مهام مکتب السکرتاریة) تەنها بۆ خۆی بۆ کاری خۆی بۆ هیچ ئیشێکی تر نا (في حدود الصلاحیات المقررة وضمن المبالغ المرصدة في المیزانیة العامة وله أن یجري المناقلات المالیة ضمن المیزانیة المقـررة.) مانای بۆی دانراوە مەکتەبی سکرتاریەت تۆ (١٠٠٠٠) دینار سەرف دەکەی دوو بۆ پەرواگەیە دوو بۆ فلانییە سێ بۆ فلانییە، باشە کەل و پەلی پەراوگەی پێ نەوێت چ بەربەست هەیە مەکتەبی سکرتاریەت ئەگەر بداتە دوو فەراشان یان ئیشێکی پێ بکات لەبەر ئەوە چ پێویست نییە زمنی ئەو مەبلەغەی بۆ خۆی دانراوە بگەڕێتەوە بۆ موناقەلەکە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی تەنفیزیش شتێکی کەم نییە چونکە تەدەخولی لقەکان ناکات، بەڕێزی فەرمووی کە گوایە هی فلان لقی بۆ فلان لقی نەقل دەکەن نەخێر ئەوە دەسەڵاتی ئەو نییە موناقەلە لە زمنی ئەو پارەیەی

بۆ خۆی دانراوە بۆ سەرفی خۆی تەنها بۆ خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەی (١٣) ئەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەكەم كە ماددەی (١٣) پەسەند دەكەن دەستیان بەرزكەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزكەنەوە، ماددەی (١٣) بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٤)مین تكایە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**هيئة الفرع**

**المادة الرابعة عشرة:**

اولاً: أ ـ يجتمع أعضاء فروع الاتحاد في المحافظة عن طريق المندوبين بنسبة ممثل واحد لكل مائة وخمسين عضواً من عدد أعضاء الاتحاد كل سنتين مرة واحدة وذلك لانتخاب هيئة الفرع البالغ عددهم سبعة أعضاء أصليين وعضوين أحتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وعند عدم أكتماله تجري الانتخابات بعد مرور سبعة أيام من الاجتماع الأول وفي نفس الزمان والمكان المعينين مهما بلغ عدد الحضور.

ب ـ تنتخب هيئة الفرع في أول اجتماع لها رئيساً للفرع ومسؤولي اللجان المختصة.

ثانياً: تمارس هيئة الفرع المهام والصلاحيات التالية:

أـ تنفيذ مقررات وتوصيات مكتب السكرتارية.

ب ـ مناقشة الميزانية السنوية العامة والخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية العامة للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وقانون الضمان وصندوق المساعدات بالمعلمين وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی دەست پێ بكەن ئێمە تێبینیمان هەیە ئەلف و بای بكەن بە یەك و دوو، قانونەكەش بكەن بە سندوق، سندوق وەفاتە ئەوە موساعەدات نییە ئەوە هەر جارەو سندوقێكی تازەمان بۆ زیاد دەكەن قبوڵ نییە فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سندوقەكان بە ئیعتبار ئێستا سێ سندوقن سندوقی زەمان، سندوقی نەخۆشییە درێژخایەنەكان ئەو نەخۆشیانەی زۆر گرانن و نەخۆشەكان دەنێردرێنە دەرەوە، سندوقێكیش بۆ مردووەكان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو موساعەداتە چییە؟.

**بەڕێز عــــفــــان عـــشـــمـــان نقـــشـــبندی:**

موساعەدات لە زمنی سندوقی زەمان دایە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـــەنجـــومـــەن:**

مانای سندوقی وەفاتە لێرە لە جیاتی موساعەدات دەبێ سندوق وەفەیات بێت.

**بەڕێز عــــفــــان عـــشـــمـــان نقـــشـــبندی:**

بەڵێ.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـــەنجـــومـــەن:**

ئێمەش وا دەڵێین بکرێت بە (صندوق الوفيات)، (بالمعلمين)نیش لابە، سندوق وفيات كافييە، تكايە جارێكی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــيد أحـــمـــد يعـــقـــوبی:**

**المادة الرابعة عشرة:**

**هيئة الفرع**

اولاً: ١ ـ يجتمع أعضاء فروع الاتحاد في المحافظة عن طريق المندوبين بنسبة ممثل واحد لكل مائة وخمسين عضواً من عدد أعضاء الاتحاد كل سنتين مرة واحدة وذلك بانتخاب هيئة الفرع البالغ عددهم سبعة أعضاء أصليين وعضوين إحتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وعند عدم إكتماله تجري الانتخابات بعد مرور سبعة أيام من الاجتماع الأول وفي نفس الزمان والمكان المعينين مهما بلغ عدد الحضور.

٢ ـ تنتخب هيئة الفرع في أول اجتماع لها رئيساً للفرع ومسؤولي اللجان المختصة.

ثانياً: تمارس هيئة الفرع المهام والصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات وتوصيات مكتب السكرتارية.

٢ـ مناقشة الميزانية السنوية العامة والخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية العامة للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وصندوق الضمان وصندوق المساعدات بالمعلمين وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـــەنجـــومـــەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـــەنجـــومـــەن.**

تەبعەن ئەو بابەتی تەمسیل سەرەتا ئەمە تەرک کرا بۆ ئەنجومەنی تەنفیزی، حالەتێکی تر روئەدات ئێستا ئێمە لە پارێزگا هەڵبژاردنمان کردووە نوێنەرانی کۆنگرە دیار کراون کە ئەم

نوێنەرانە هەڵبژێردراون بۆ ئێمە دووبارە بێینەوە لە پارێزگا هەڵبژاردن بکەینەوە ئەم نوێنەرانەی لە پارێزگا چوینە کۆنگرە کە گەڕانەوە دوای تەواو بوونی کاری کۆنگرە ئەوان لە نێوان خۆیان کۆبنەوە و دەستەی لق دروست بکەن جا بەرای ئێمە بەم شێوەیە بێت یەکەم : (يجتمع مندوبو المحافظة المنتخين لعضوية المؤتمر العام، بعد إتمام أعمال المؤتمر لإنتخاب هيئة الفرع من بينهم والتي تتكون من سبعة أعضاء أصليين وعضوين إحتياط وبأشراف مكتب السكرتارية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میزانییەی ساڵانە یەک میزانیەیە نە میزانییە گشتی جیاوازی میزانییە تایبەتی لق هی لقەکان گفتوگۆ دەکرێتن زمنی میزانیەی ساڵانەی گشتی یەکێتی، لەبەر ئەوە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە زۆر چاک ترە (٢- مناقشة الميزانية السنوية الخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وقانون الضمان وصندوق المساعدات بالمعلمين وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.) مانای ئەوەیە موناقەشەی ئەم میزانیەی تایبەت بە خۆیان دەکەن لە مەکتەبی سکرتاریەت لە زمنی گفتوگۆی ساڵانەی گشتی کە بۆ یەکێتی مەکتەبی سکرتاریەت ئیعداد دەکات و پێشکەشی ئەنجومەنی تەنفیزی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەت جارێکی تر بخوێنەوە تکایە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

(٢- مناقشة الميزانية السنوية الخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وقانون الضمان وصندوق المساعدات بالمعلمين وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.) هەردوو گشتیەکە نامێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، کاک جەوهەر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جوهر أحمد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە لە دووەم ئەگەر بڕگەیەک زیاد بکرێت ئەویش بەم شێوەیە: (الاشراف على اعمال الأتحاد في المحافظة وتمثيلها لدى الدوائر الحكومية) ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت چونکە ئەرکەکانی سەرۆکی یەکێتی لە مادەی نۆ هاتووە هەروەها ئەم بڕگەیە لە لیژنەی قەزاش هاتووە بەڵام لە دەستەی

لقەکان نییە جا لەبیر چووە یان پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەرەش گوتی بە نیسبەت ئەوە راست دەکات مانای نیسبەتی هەڵبژاردن لە نێوان ئەندامانی کۆنگرە دەکرێت نەک ئێستا، ئەوەی کە مەندوبن ئامادەن بە سەرپەرشتی مەکتەبی سکرتاریەت وا ئەکرا شتێکی باشە وای لێ بکەن، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە سەرۆکی لق کە ئەندامە لە مەکتەبی سکرتاریەت چەند ساڵێکیشی بۆ دیاری بکرێت بۆ خزمەتەکەی چونکە هیچ باسی نەکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر پێشنیاری لێژنەی یاسایی بێتە دەنگدان گەلێ پرسیار دێنە حل کردنێ ئەگەر یا ئەسڵی بێت لێرە ئەگەر بۆ نمونە پارێزگایەک دوو هەزار ئەندامی هەنە گۆرەی ئەم نسبەیە (١٥٠) مانای هەر (١٥٠) یەک مەندوبە باشە ئەوە دەبێتن تەقریبەن (١٣٥٠) ئەدی (٦٥٠)ی تر چی لێ دێت مانای دێ مەتروک بن ئەگەر پێشنیاری لێژنەی یاسایی جێبەجێ بێت ئەم گرفتە لادەچێت ئیستفسار نامێنێت رون دەبێت ئەوە یەک، هی دووێ ئەندامی لق نۆ کەسن ئێمە پێمان باشە وەکو کاک ئیبراهیمیش گوتی نەک تەنها بۆ سەرۆکی لق بۆ هەر نۆ ئەندام بێت حەفت و دوو ئیحتیات ماوەیەکی بۆ دابنێن چونکە بە موتڵەقی هاتووە لێرە بێ دیاری کردنی ماوەی خزمەتەکەی ئەوەش وەزیفەیەکی ئیدارییە زیاتر پێویستی بە خزمەتە، پێویستی بە تەجروبەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامی لێژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاک ئەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن نابێت (١٥٠) بێنێت چونکە لە سەرتا ئێمە ئەو دەسەڵاتەی دامانە ئەنجومەنی تەنفیزی ئەویش نیسبەتی تەمسیل دیاری دەکات تەبعەن نابێت هیچ نیسبەیەکیش دابنێین چونکە بڕیاری لەسەر دراوەو خراوەتە دەنگدان، دووەم ئەم پێشنیارەی ئێمە کردمان وەکو لیژنەی یاسا کە عەلائەساس ئەو نوێنەرانەی کۆنگرە لەوێ کە گەڕانەوە لە ئیش و کارەکانی خۆیان هەڵبژێرن لەبەر ئەوەی بەراستی بۆ دەستەی لقەکان ماوە دیاری نەکرا چونکە ئەوانە هەموویان نوێنەری کۆنگرەن چوینە وێ، بۆنمونە: سەرۆکی یەکێتیش چویتە وێ سەرۆکی یەکێتیش وەنییە نوێنەری کۆنگرە نەبێت لە کۆنگرە نەبێت بەڵام بە ئیعتباری شتێکی زۆر زۆر باریزە ماوەیەکی بۆ دانرا، بەنیسبەت رای لیژنەی سکرتاریەت لە هامان کات لیژنەی سکرتاریەت ماوەیەکی کاتی بۆ دانرا، بەڵام بۆ دەستەی لق بە ئیعتباری ئەوانە مەندوبی کۆنگرەن ولە دەستەی خۆیان کە دەگەڕێنەوە ئایە ئەوەکەی دیار دەکەن مانای وایە ئەفزەلیەتێکمان دایە خەڵکەکەی پارێزگا بۆ ئەوەی بزانین ئەوانە کێ دەیەوێ لە بەینی خۆیان بەراستی بۆیە دیاریمان نەکرد ئیحتمالیش هەیە جار بە جار لە مەندوبەکان ئەو مواسەفاتە زۆر دەرنەچێت لە مەندوبی پارێزگا لەوانەیە ئەگەر بڵێین دە ساڵ پارێزگایەک عەدەدی کەم بوو دە کەس دەرچو بوون کەسی دەساڵی تێدا نەبوو یان کەسی حەفت ساڵی تێدا نەبوو چی بکەین مەندوبن ئەوانە هەڵبژێردراون لەوێ هەندێ گرفتە بەڵام ئەگەر هاتە یەکێتی لەوێش هاتە کۆنگرەی گشتی لە کۆنگرەی گشتی ئەم جۆرە مواسەفاتەی لێ دەست دەکەوێت زەلامێک پازدە ساڵی لێ دەردەکەوی یان یەکی دە ساڵی بۆ مەکتەبی سکرتاریەت بەڵام زۆر زەحمەتە لەوانەیە دەست نەکەوێت لە قەزایەک، لەبەر ئەوەی وامان بەباش زانی کەوا ساڵ دیاری نەکەین بە نیسبەت ئەندامی لق و لیژنەی قەزا، لە ئەوانەی لیژنەی قەزاش دیاریمان نەکردووە ئەوەی بەڕێز کاک جەوهەر شاواز ئیشارەتی پێدا لەوێش هەموومان دیاری نەکردووە چونکە دەقەکە دەگۆڕێت ئەوە وەکو پێشان نییە وەکو ئەو پێشنیارەی بۆ دەستەی لق کرا هەمان پێشنیار بۆ لیژنەی قەزاش دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆ رونکردنەوە مەرجی تەمەن هاتووە بۆ ئەندامانی لق و سەرۆکی لق لە مادده (١٣)ە هەر بۆ زانیاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕاستە دەستەی لقەکان هاتووەو تێبینیەکانی وردن.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
سوپاسی بەڕێز کاک حاکم سەفەر دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
جا تکایە بە تەعدیلات و موقتەرەحاتی خۆتانەوە ماددەکە بخوێننەوە با بیخەینە دەنگدان فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**
**المادة الرابعة عشرة:**

**هيئة الفرع**

اولاً: ١ ـ يجتمع مندوبو المحافظة المنتخبين لعضوية المؤتمر العام بعد إتمام أعمال المؤتمر وذلك لإنتخاب هيئة الفرع من بينهم والتي تتكون من سبعة أعضاء أصليين وعضوين أحتياط وبأشراف مكتب السكرتارية.

٢ ـ تنتخب هيئة الفرع في أول اجتماع لها رئيساً للفرع ومسؤولي اللجان المختصة.

ثانياً: تمارس هيئة الفرع المهام والصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات وتوصيات مكتب السكرتارية.

٢ـ مناقشة الميزانية السنوية العامة والخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية العامة للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وصندوق الضمان وصندوق الوفيات وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هەر دوو گشتییەکان لابەن چارێکی تر دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**
٢ـ مناقشة الميزانية السنوية والخاصة بالفرع ضمن الميزانية السنوية للاتحاد وتنفيذ التعليمات المالية وصندوق الضمان وصندوق الوفيات وصندوق الأمراض المستعصية والخطرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی (١٤) پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٤) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٥) تکایە.

**بەڕێز محمد سعيد أحمد سعقوبی:**

**المادة الخامسة عشرة:**

**لجنة القضاء**

اولاً: يجتمع أعضاء الاتحاد في القضاء والنواحي التابعة له في مركز القضاء بنسبة ممثل واحد لكل خمسين عضواً وذلك لانتخاب لجنة القضاء والتي تتكون من ثلاثة أعضاء أصليين وعضو إحتياط ويتم النصاب بحضور ثلثي عدد المندوبين وفي حالة عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد مرور سبعة أيام مهما بلغ عدد المندوبين.

ثانياً: في أول اجتماع تعقده لجنة القضاء تنتخب من بين أعضائها رئيساً لها ويحضر الرئيس اجتماعات هيئة فرع الاتحاد.

ثالثاً: مهام لجنة القضاء:

أـ تنفيذ قرارات وتوجيهات هيئة الفرع.

ب ـ الإشراف على أمور الاتحاد في القضاء.

جـ ـ رفع التقارير الدورية الى هيئة الفرع حول كل ماتراه ضرورياً لرفع مستوى التعليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟ .

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەش هەر وەکو دەستەی لق دیسان لە مەندوبینی قەزا لیژنەکە هەڵ ببژێردرێت ئەوانەی کە لە کۆنگرە ئامادە بوونە بەم شێوەیەی کە ئێستا بۆ بەڕێزتانی دەخوێنینەوە: (يجتمع مندوبو القضاء المنتخبين لعضوية المؤتمر العام بعد إتمام أعمال المؤتمر لانتخاب لجنة القضاء من بينهم والتي تتكون من ثلاثة أعضاء أصليين وعضو أحتياط وبأشراف هيئة الفرع) ئەوە بچێتە جێگای یەکەم ئەوانی تریش وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن پشتگیری بۆچوونی لیژنە یاسای دەکەم لەو ماددەدا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا.

**بـــــەڕێـــــز وریـــــا دزەیـــــی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە .

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــمـــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ببورە من پرسیارێکم هەبوو (ثانيا في اول اجتماع تعقده لجنة القضاء تنتخب من بين أعضائها رئيساً لها ويحضر الرئيس) پرسیارێ من ئەوەیە (بأي صفة يحضر) وەکو ئەندام بۆ لق یان وەکو محافەزە یان وەکو چ سیفەت حازر دەبی یەعنی ئەبێت سیفەتێک هەبێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

فەرموو کاکەڕەش نقشبندی.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

کە دەڵێین و يحضر مانای وایە عضوێکی ئەسڵیٚ نییە بۆ خۆی حەوت عضوی ئەسلینە کە دەڵێین يحضر اجتماع مانای وایە بەسیفەتی شخصی دێ بۆ ئەوەی گوێ بداتە موقەڕەرات چی هەیە بینی لەمؤتمری حضور مانای وایە عضوی ئەسڵی نییە حقی تصویتی نییە زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشە روون بکرێتەوە باشتر نییە هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــەلا هادی خـــضـــر کـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەو ئەندامەی کە حازر دەبێ بۆچی ئامادە دەبێت خۆ بێ دەنگ دانانیشێت دەبێ گفتوگۆ بکات تەنها لە دەنگدان حەقی نییە دەنا حەقی هەموو شتێکی هەیە گفتوگۆ و ڕەئی خۆی بدات، بەڵام کە برادەرانی یاسایی قسەیان کرد ئێمە نابی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەوانیش دەڵێین تەنها حەقی دەنگدانی نییە ئەتوانێ ڕەئی بدات ئەتوانێ بڵێت ئەمە وابێت باشە ئەتوانێ گفتوگۆ بکات، بەڵام کە گەیشتە دەنگدان حەقی دەنگدانی نییە چونکە ئەندامی ئەسڵی

نیـیـه ئامـاده دەبێت تەنهـا، مـاددەی (١٥) کـەواته ئەخـەینه دەنگدانەوە تکایه جـارێکی تر بیخوێنەوە به تەعدیلاتەوە.

**المادة الخامسة عشرة:**

**لجنة القضاء**

اولاً: يجتمع مندوبو القضاء المنتخبين لعضوية المؤتمر العام بعد إتمام أعمال المؤتمر لانتخاب لجنة القضاء من بينهم والتي تتكون من ثلاثة أعضاء أصليين وعضو أحتياط وبأشراف هيئة الفرع.

ثانياً: في أول اجتماع تعقده لجنة القضاء تنتخب من بين أعضائها رئيساً لها ويحضر الرئيس اجتماعات هيئة فرع الاتحاد.

ثالثاً: مهام لجنة القضاء:

١ـ تنفيذ قرارات وتوجيهات هيئة الفرع.

٢ ـ الإشراف على أمور الاتحاد في القضاء.

٣ ـ رفع التقارير الدورية الى هيئة الفرع حول كل ماتراه ضرورياً لرفع مستوى التعليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامه بەڕێزانه ئەکەم که ماددەی (١٥) پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامه بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی (١٥) بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی (١٦) تکایه،

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**المادة السادسة عشرة:**

**الفصل الرابع**

**مالية الاتحاد**

اولاً: تتكون مالية الاتحاد ممايلي:

١ـ يدفع كل عضو في الاتحاد مبلغ خمسة دنانير شهرياً كبدل العضوية بالنسبة للمعلمين والمدرسين وعلى الشكل الآتي:

أـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.

ب ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق مساعدة المعلمين المتوفين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشه مامۆستایەک مردبێت چۆن یارمەتی دەدرێت سندوقی یارمەتی بکرێت به سندوقی وفیات.

ب ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.

جـ ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
د ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
٢ـ يدفع كل عضو من التدريسيين في المعاهد والجامعات مبلغ قدره عشرة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:
أـ يستقطع مبلغ أربعة دنانير من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.
ب ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.
جـ ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
د ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ ـ ب ـ جـ ـ د) من الفقرة اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بأسم (لجنة الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.
ثالثاً: فتح حساب في مصارف الأقليم لتنفيذ الفقرات (أ ـ ب ـ جـ ـ د) من الفقرة أولاً.
رابعاً: تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في أجتماعات الفرع.
خامساً: تخضع حسابات الاتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.
سادساً: لايحق لأي عضو المطالبة بالحقوق المالية في الفقرة (أ ـ ب ـ جـ ـ د) من الفقرة اولاً إذا فقد عضويته في الاتحاد.
سابعاً: يتم نقل نسبة(٥٠٪) خمسين بالمائة من الموارد المالية الواردة في الفقرة (د) من اولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینی هەیە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە زۆر سوپاسی لیژنەی یاسایی دەكەین بۆ چاكردنی ئەم پرۆژەیە تا كۆتایی ساڵی ٢٠٠١ لیژنەی پەروەردەو فێركردنی باڵا نەهاتووە ڕاپۆرتێكی باش پێشكەش بكات دووبارە سوپاسی لیژنەی یاسایی دەكەم بەڵام ئەم بەشە ئەم ماددەیە داراییە تایبەتمەندە بە ئیش و كاری لیژنەی دارایی و ئابوری و زۆر دەستكاریان لەم بەشە گرینگە كردووە ئێمە لەگەڵ نین و ئێمە پشتگیری ئەسڵی پرۆژەكە دەكەین تێبینی لیژنەی دارایی لەسەر ئەم گۆرانكاریانە هەمانە.
بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، لێرە لە پرۆژەی ئەسڵی هەمووی بۆ ئەندامان وەكو یەك پێنج دینار بوو

ئەو ئەندامانەی کە داخیل دەبوون پێنج دینار دەدات، دوو دینار بۆ سندوقی زەمان بوو هەمان ئەم دابەشکردنە بەڵام لێرە دوو ئیزافە کراوە فەرقێکیان کردووە لەنێوان ئینتماء بۆ مامۆستایانی وەزارەتی پەروەردەو مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان، هی زانکۆ و پەیمانگاکان کراوەتە دە دینار یەکێتی پارێزەران ئەگەر ئەندامێک داخیل بێت حاکم بێت داواکاری گشتی بێت فەرمانبەرێکی سادە بێت بچێت پارەی لێ وەردەگرن لە ئەسڵی پرۆژەکە هەمان پارە بوو لێرە ئەمە شتێکی دارایی سرفە چۆن لێرە ئەم گۆرانکارەییە کراوە لەبەر ئەوە دوو (٢ـ يدفع كل عضو من التدريسيين في المعاهد والجامعات مبلغ قدره عشرة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:) رای لیژنەی دارایی دوو هەموو لابچێت چونکە زیاد کراوە لە ئەصلی پرۆژەکەدا نییە، ئەمە حالەتێک حالەتێ دووەمْ باش دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند یارمەتی جمعیات و یەکێتی و نەقابات دەدات لە دارایی هەموو یەکێتیەکان هەیە ئەو یارمەتیانەی کە لە حکومەتەوە پێشکەش دەکرێن، هەروەها پرۆژەی کە دەکرێت لەلایەن رەیعەوە ئەم پرۆژانەی کە دەکرێت لەلایەن یەکێتی و رەیعی چاپ کردن و رەیعی ئاهەنگ و تەبەروعات هەروەها پارە دانان بۆ ئەم خانوانەی کە بۆ یەکێتیەکان بەکرێ گیراوە ئەمانە هەمووی لە راستی پرۆژەکەدا هەیە لێرە چۆن حەزف بووە ئەساسەن لیژنەی دارایی و ئابوری تەئیدی ئەم ماددەیەی کردووە، هەروەها پێنچەم: (تخضع حسابات الاتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.) یەکسەر (الرقابة القانونية والمالية) بکرێت بە (الى الرقابة العامة للمالية) شمولی هەمووی دەکات و دەستەی رەقابەی دارایمان هەیەو لە جێگای قانونی و دارایی بکرێت (الرقابة العامة للمالية) دەستەی گشتی رەقابەی دارایی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی هەیە؟ ئەوەی تێبینی هەیە دەستی باش بەرزکاتەوە تا ناوی بنوسم، ئەو ناوانە نوسراون ئەیخوێنمەوە ئەم بەڕێزانە: (عبدالخالق زەنگەنە، شێروان حەیدەری، ئەمین مەولود، د.ئیدریس، رەجب شەعبان، مەلا هادی، د.رزگار، سەعید محمد صديق، فازڵ رەئوف. کاک عبدالخالق زەنگەنە یەکەم ماوەی چارێکە سعاتێ پشوو ئەدەین دوای ئەوە بەردەوام ئەبین لە دانیشتنەکەمان سعات (١٢)ە لێرە ئامادە بن تکایە.

لە گفتوگۆکردنی ماددەی (١٦)ە دابووین ئێستا کاتی تێبینیەکانی بەڕێز ئەندامانی ئەنجومەنە، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نازانم لە فکر دەرکراوە زانیاری نییە ئی هەر نەقابەیەک یان یەکێتیەک بێجگە لە ئیشتراکات بابەتی نەشاتات و چاپەمەنی هەروەها منح ویارمەتیدان هەیە، هەر دیارە لە فکر دەرکراوە ئەمە زیاد بکرێت بەرای من شتێکی باشە و هەشە مجەلەیان هەیە و نشاتاتی نادی

هەیە و فعالیات هەیە ئینجا وابزانیشم وەک برادەرێک ئیشارەتی پێ کرد موساعەداتی ئەنجومەنی وەزیرانیش هەیە لەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر هەمان تێبینی کاک عبدالخالق، بە پێی زۆربەی مەعلوماتی ئێمە یەکێتی مامۆستایان منەحی هەیە لە وەزارەتی دارایی کەواتە منح و ئەوانە دەبێ داخیل بکرێن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەگەر سەیری ماددەی (١٦) بکەین تەنها باسی ئیشتراکات دەکات نەک عینوانەکەی کە وەکو: (تتكون مالية الاتحاد مما يلي) بەرای من سیاغەی ئەم ماددەیە بەم شێوەی خوارەوە بێت:

( اولاً: تتكون مالية الاتحاد من:

١ـ الاشتراكات و الاستقطاعات .........

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی (١٦)جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة السادسة عشرة:**

**الفصل الرابع**

**مالية الاتحاد**

اولا: تتكون مالية الاتحاد مما يلي:

١ـ يدفع كل عضو في الاتحاد مبلغ خمسة دنانير شهرياً كبدل العضوية بالنسبة للمعلمين والمدرسين وعلى الشكل الآتي:

أـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.

ب ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.

ج ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
دـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
٢ـ يدفع كل عضو من التدريسين في المعاهد والجامعات مبلغ قدره عشرة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:
أـ يستقطع مبلغ أربعة دنانير من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.
ب ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.
ج ـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
دـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات(أـ ب ـ ج ـ د ) من الفقره اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بأسم(لجنة الضمان ولجنة المساعدة ولجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.
ثالثاً: بدلات الإيجار وريع النشاطات و المساعدات والمنح الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جا مادام وای لێهات تكایە فەقەرەكەی سەرەتایی چاك بكەن بۆ ئەوەی چ ئیشكالێمان هەیە نەمێنێ، جا ئەگەر لەسەرەخۆ بینوسنەوە باشترە، ببێتە (اولاً: ١ـ يدفع كل عضو من المعلمين والمدرسين مبلغ قدره خمسه دنانير وعلى الشكل الاتى) بۆ ئەوەی تێكەڵ نەبێ لەگەڵ ئەوانی تر، ئینجا جارێكی تر بیخوێننەوە بەوردی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

**الفصل الرابع**
**مالية الاتحاد**

اولا: تتكون مالية الاتحاد مما يلي:
١ـ يدفع كل عضو من المعلمين والمدرسين مبلغ خمسة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:
أـ يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.
ب ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات.
ج ـ يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية

والخطرة.
د- يستقطع مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
٢- يدفع كل عضو من التدريسين في المعاهد والجامعات مبلغ قدره عشرة دنانير شهرياً وعلى الشكل الآتي:
أ- يستقطع مبلغ أربعة دنانير من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.
ب - يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق السوفيات.
ج - يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.
د- يستقطع مبلغ دينارين من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.
٣- بدلات الإيجار وريع النشاطات و المساعدات والمنح الرسمية.
ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات(أ- ب - ج - د ) من الفقره اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بأسم(لجنة الضمان ولجنة المساعدة الأعضاء) لتنفيذها.
ثالثاً: فتح حساب في مصارف الإقليم لتنفيذ الفقرات(أ - ب - ج - د ) من الفقره اولاً.
رابعا: تتم الموافقة فى قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في أجتماعات الفرع.
خامساً: تخضع حسابات الاتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.
سادساً: يحق لأي عضو المطالبة بالحقوق المالية في الفقرة(أ - ب - ج - د ) من الفقرة اولاً إذا فقد عضويته في الاتحاد.
سابعاً: يتم نقل نسبة( ٥٠٪ ) خمسين بالمائة من الموارد المالية الواردة في الفقرة (٢) من اولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو فەقەرەش هەندێ كەم وكورتی تێدا هەیە، یەعنی[( الفقرات أ - ب - ج - د ) من الفقرة اولا )] نییە بەتەنیا یان فەقەرەی [(١ و٢) من اولاً] دەبێ ئەوەش ڕێک بخرێ، فەرموو كاک ئەمین.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێی من دووبارەبوونەوە لە ماددەكە زۆرە دەربارەی ئیستیقتاعات و بەڕێی من ئەگەر ماددەكە بەشی یەكەمی بەم شێوەیە سیاغە بكرێت باشترە(تتكون مالية الاتحاد مما يلي: ١- الاشتراكات: تستقطع من راتب العضو الشهري المبالغ المدونة ادناه: دينار واحد كبدل اشتراك ،ديناران لمصلحة صندوق الضمان، دينار واحد اشتراك عضو في صندوق الامراض المستعصية، دينار واحد للامراض الخطرة) بەنیسبەت معاهد بەراستی تكراری نەكەینەوە باشترە (تضاعف المبالغ

الواردة في الفقرات( الفقرات أ ـ ب ـ ج ـ د ) بالنسبة للتدريسيين في المعاهد والجامعات، كە موزاعەف بوو پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز حـــمـــيـــد سليم مـــيـــران:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

بەرەئی من ئیزافەی قازانجی ئیستیسمارات بكرێت بۆ ئەو مەبلەغانە، چونكە لە ماددەی هەژدەدا هاتووە دەڵێ هەندێ ئیستیسمارات دەكەین كە ئیستیسمارات بكرێت دەبێ قازانجەكەشی ئیزافە بكرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د. ناصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

بەراستی من پێم وایە ئەو پێشنیارەی كاك ئەمین كردی باش بێت، ئەگەر بە پەسەندی بزانن، ئەگەر نا هەر بەنیسبەت (أولاً: ١ـ يدفع كل من المعلمين والمدرسين مبلغ خمسة دنانير شهريا ) بە كێی بدات؟ لێرە دیار نییە، ئینجا دەبێ یان بڵێین (يدفع للاتحاد) یان بكرێت بە(١ـ مبلغ خمسة دنانير من كل عضو من المعلمين والمدرسين على الشكل الآتي) بەلام من پێم وایە ئەو پێشنیارەی كاك ئەمین لە هەمووی باشترە، هەم كورت كردنەوەیەكە هەم ماناكەی باشترە لەوەی كەوا دارێژراوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز رجب شـــعـــبـــان طـيـب:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

با بچن هاریكاریا نەخۆشێ بكەن، جێت خۆدا بچن هاریكاریا وا كەسا بكەن كە لێبقەومێتن، كە فەرع و لجانێت ئەقزیەو هاریكاریا بكەن، من پێشنیار دكەم كە لە ( ٥٠ ٪ ) بەنیسبەت وی سكرتاریەتێ بكاتە دەستی وی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

سوپاس، كاك رجب شعبان، فەرموو كاك مەلا هادی.

**بەڕێز مـــلا هادی خـــضـــر كـــوێخـــا:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

من سێ پێشنیارم هەیە، یەكەم بەنیسبەت ئەو فەقەرەی كە كاك عەبدوالخالق باسی كرد كە فەقەرەی یەكەمە باسی ئەو مینحەیە نەكرایە كە وەربگیرێت، پێشنیاری دووەم فەقەرەی دووەم لە ناحییەی تەبویبەكەی دەبوایە بە فەقەرات بوایە(ا،ب،ج،)،(وتكون كالآتي )، سێیەم بەنیسبەت رەئی لیژنەی دارایی باسی ئەوە نەكرایە لە زمنی دارایی حكومەتی تێدا بێ كە بەرگری لێ بكات، بەرەئی من فەقەرەكە زۆر بەرێكوپێكی هاتووە، شتەكی ئاسایی خۆیانە و مامۆستایان پێی رازی

بووینە و دیراسەتیان کردووە چەند ساڵە هەروا ڕۆیشتووە، لیژنەی دارایی دیراسەتی شتێک دەکات کە لە حکومەت وەرگیرا بێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز د.رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە فەقەرا ئەساسێ برادەران باسیان کرد، کاک عەبدولخالق وکاک شێروان، بەلاّم من تەنها یەک پێشنیارم هەیە، ئەویش(سابعاً) ئەڤ پارەیەی کە( ٥٠ ٪ ) خەسم بێتە کرنێ بۆ حیسابێ سکرتاریەتێ ژ هەر فەرعەکێ من پێشنیار دکەم ئەڤ فەقەرە بێتە ئیلغا کرن، چونکە مەکتەبێ سکارتاریەتێ(مینحە ومساعدات) وەرگرت کە ئەڤ پارانەی ئەگەر فەرعی ببینێت بێتە سەرفی ئەندامێ فەرعی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک سەعید هروری.

**بەڕێز سعید محمد صدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینیم هەیە لەسەر برگەی یەک کە دەڵێت(تتکون مالیة الاتحاد مما یلي: ١ـ یدفع کل عضو....) وا بزانم بکرێتە (مایدفعە کل عضو) باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک فاتح محمد امین.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبنیەکەی منیش هەر لەسەر (بدل اشتراك)ە ئەو پێنج دینارە و ئەوی تر دە دینارە، ڕاستە جیاوازی لە مووچەکانیاندا هەیە، بەلاّم وەکو سوود وەرگرتن لە سندوقی زەمان و سندوقی نەخۆشی هەر وەکو یەک بێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو بەڕێز د.ناصح.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیوادارم سەرۆکی لیژنەی دارایی بەناوی خۆیەوە ئەو قسەیەی کرد بێت، چونکە من ئاگام لێیە برادەرانی ئەندامی لیژنەی دارایی ئەو رەئیەیان نەبوو بەرامبەر بە رەئی لیژنەکەیان، ئەو زۆر باش دەزانێ هۆی دواکەوتنی ئەو پرۆژەیە لە کوێوەیە و لە کوێ دواخرا و بۆ دواخرا؟ ئەم پرۆژەیە بۆ زانینی هەموو لایەکتان ساڵێک وپانزە رۆژە گەیشتۆتە دەستی ئێمە، کە گەیشتە دەستی ئێمە یەکسەر رەئی خۆمان لەسەر داوە، وەکو جەنابتان دەزانن بە(١٠)دە ئەندام بەرز ئەکرێتەوە و، لەسەر داوای جەنابتان رەوانەی حکومەت دەکرێ، ئەوانیش رەئی خۆیان لەسەردەربڕن، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەوشتانە بە درەنگ جێبەجێ کراون، ئینجا لە١٦/١٢/٢٠٠١ گەیشتۆتەوە دەستی ئێمە، ئێمەش دەستمان پێ کردۆتەوە و رەئی خۆمان لەسەر داوە، بە هاوبەشی ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی پێکەوە بە هاوبەشی دیراسەتمان کردووە، شەرتیش نییە هەر پرۆژەیەک بێت ئەسڵەکەی چۆن بێت بەم شێوەیە بڵاوکرێتەوە، جا ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە بڵاوی کەینەوە پێویست ناکات نە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و، نە لیژنەکان رەئی خۆیان دەربڕن و نە موختەسین تەماشای بکەن، پرۆژەیەک کە هات هەر لەلایەن خودی یەکێتی مامۆستایان دوای تێبینی تر هاتووە نەک لەدوای ئەوەی کە لیژنەکەمان پرۆژەکەی ئامادە کردووە ئەوجا لەدوای ئەوەی یەکێتی مامۆستایان هەندێ تێبینیان هێنایە پێشەوە بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، لێرەش یەک دوو ماددەیان وا پەسەند کرا، لەبەر ئەوە هۆی دواخستنی پەیوەندی بە ئێمەوە نییە،ئەمە یەکەم جاریشە وەکو دوو لیژنە ئێمە ولیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە دیراسەتمان کردووە و، ئەم پرۆژەیەمان ئامادە کردووە، دوای ئەوەی راوبۆچوونی هەموو لایەکمان وەرگرتووە و، بەرژەوەندی گشتی مامۆستایانمان خستۆتە بەرچاو، داواکارییەکانی یەکێتی مامۆستایانمان جێبەجێ کردووە و، لە رووی یاسایشەوە تەماشامان کردووە، وەکو لیژنەی پەروەردەش هەموو شتێکمان رەچاو کردووە، لەوانەیە ئەو مەسەلانەی (ریع و هبات و إیرادات)ی تێدا نییە، فعلەن ئەمانە پێویستە هەبن و، وابزانم کاک عەبدولخالق و کاک شێروان و چەند برادەرێکی تر ئەو پێشنیارەیان پێشکەش کرد، لام وایە ئەوە پێویستە بکرێت، بەڵام حەز ناکەم ئەندامی پەرلەمان فیشەک بە تاریکیەوە بنێت، بەتایبەتی خۆی بزانێ راستیەکە چییە؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی راستی ماددەی (١٦) کە دەڵێت (تتکون مالیة الاتحاد مما یلي) دەبێت هەموو شتێکی تێدا بێت،(بدل اشتراك و بدل استقطاعات)یشی تێدا هەبێت و (منح و تبرعات و مساعدات و إیرادات مالیة) دەبێت ئەوانەشی تێدا هەبێت، تەبیعی ئەوە ئەگەر زیاد بکرێت لەوانەیە خراپ نەبێت، ئەوەی راستی بێت هەر نەقابەیەک یا هەر یەکێتیەک یان هەر حزبێکیش کە ئیمکاناتی ماددی ناوەوەی خۆی زیاتر بێت، ئەوە توانای زیاتر دەبێت ئیستقلالیەتی زیاترەبێت و زیاتر دەتوانێ ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات و، ناکەوێتە ژێر تەئسیراتی هیچ شتێک، ئێمە کە قانون دادەنێین بۆ نیقابەیەک ، قانونی نیقابەکە دەبێت وەکو قانونی نیقابەکانی

تر بێت، دەبێت تەواوی ئیستقلالیەتی خۆی هەبێت و، ئەو قانونی ئیستقلالیەتە بپارێزێت بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی ئامانجەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، نەک یەکێکی تر بۆی جێبەجێ بکات، یان پێی بڵێت چی بکات؟ ئەو خاڵە ئەبێ رەچاو بکرێت، لەبەر ئەوە دەبێت قیادەی ئەو نیقابەیە یان قیادەی ئەو یەکێتییە ئەبێ لە مەسائلی مالیدا بزانێ لە کوێوە بۆی دێت؟ تەبیعی لە ئەندامەکانییەوە بۆی دێت، بەشێکی ئەساسی لە ئەندامەکانیەوە بۆی دێت نەک لە شوێنی ترەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە چارەسەری ئەو گیروگرفتانە بکەن باشترە، کاک یۆنادم فەرمو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان مواخەلەی کاک ئەمین لە جێگای خۆیەتی، بەڵام وادیارە هەندێ کەم وکوڕی هەیە لە تەبویبی فەسڵ، ئەوەی لە فەسڵی چوارەمدا هەیە مالیەی ئیتحادە، مالییەی ئیتیحاد نەک هەر لە فەسڵی چوارەمدا هەیە بەڵکو لە ماددەی شانزە و حەڤدەش هەر هەمان قسەکانی جەنابتی تێدا هەیە و بە هەمان شێوە، جا چ دەربارەی ئیستیسمار یان چ ئەوانی تر، بەڵام نەختێک گۆڕانکاری بچوکی دەوێت، مالییەی ئیتحاد جا یەک مادده بێت یان شانزە، بەگشتی هەر سێکیان، یان مەوادی جۆرا وجۆر بن، بەڵام هەمووی لەژێر مالیەی ئتیحاد بێت، بەم شێوەیەش زۆر باشە، بەڵام تەبویبی موفەسەڵ و ئەو شتانە هەندێ نارێکە و گۆڕانکاری دەوێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شێخ عەففان، فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە باشم زانی هەندێ روونکردنەوە بکەم، من بۆیە پێشتر دەستم هەڵنەبڕی، چونکە ئێمە بەتەئکید لەگەڵ ئەوەین کە دەبێت مینەح لە پڕۆژەکەدا هەبێت، لە پڕۆژە کۆنەکەی ئێمە یەکەم جار باسی مینەحمان کردووە، حەز دەکەم مێژووی ئەو مینحەتان بۆ بڵێم و جەنابی وزیری دارارییش لێرەیە، لە دوای دروست بوونی کابینەی سێیەم بە دوومانگ واتە لە مانگی یەکەم ئەو مینحەیە دراوە بە مامۆستایانی کوردستان لەوە و پێش ئیعتمادی لەسەر خۆی بووە، بەپارەی خۆی ژیاوە، بینایاتی خۆی هەبووە، ئەو مومتەلەکاتەی کە هەیبووە هی خۆی بووە، بە هیچ جۆرێک حکومەت مواخەلەی نەکردووە، یارمەتیشی لە هیچ حزبێک لە حزبەکانەوە وەرنەگرتووە و نە لە حکومەت وەرگرتووە، لەدوای دروست بوونی کابینەی سێیەم ئەو مینحەیەی دراوەتێ کە ئێستا بووە بەنیوە، تەبعەن ئەو مینحەی ئێمە لەگەڵیان بووینە ئەوا لەیاساکەی خۆماندا لە یەکەم شت نوسیومانە، حەز دەکەم برادەران هەمووی ئاگادار بن، بەڵام بەنیسبەت ئەوەی کاک جەمیل

فەرمووی خەتای لیژنەی پەروەردە بووە، نەخێر ئەم یاسایە یاسایەکی زۆر تێرو تەسەل بووە، بەڵام گێروگرفتی بۆ دروست بوو لە رۆژنامەکانیشدا بڵاو بووەتەوە، ناردرا بوو بۆ هەموو مونەزەمەکان و، هەروەها ناردرا بوو بۆ هەموو حزبەکان، پاش ئەوە هاتۆتە ئێرە، هەندێ عەرقەلەی تێدا دروست بووە، نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وزیران و بۆ وەزارەتی پەرەوەردە، تەبعەن ئەمانە هەمووی بوو بە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکە، لیژنەی پەروەردە زۆر بەدوایەوە بووە، زۆر هەوڵی داوە کە چارەسەری بکات، جگە لەوانە ئەو خاڵانەی کە لە یاساکەدا هەنە وەختی خۆی لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسایی هەمووی نوسراوە(اعلانات ، منح حکومیة، ریع مطبوعات، مشاریع عامة) تەبیعی ئێمە چەند خانوومان هەیە هەر چەندە ئێستا هەندێکیان بەدەستمانەوە نییە، ئێمە خانوومان هەیە لە زاخۆ لە ئامێدی لە سۆران لە شەقلاوە، لە هەولێر دوو بینامان هەیە، ئەوانە هەمووی مومتەلەکاتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستانن، تەبعەن ئێمە قازانجی ئەوانە هەموومان نوسیوە لە پرۆژەکەماندا، ئەوە نەبووە بیشارینەوە، لەراستی دا حەزم کرد لە پێشەوە بڵێم ئێمە مینحە بە ئاشکرا وەردەگرین، بەڵام ئەو مینحەیە لەوانەیە پاش ماوەیەکی تر کەم بکرێتەوە یان نەمێنێ، ئێمە حەز دەکەین توانایەکی زیاترمان هەبێت و ئەو مینحەیەمان زۆر پێویستە. لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من پێم وایە ئەو پێشنیارەی کاک ئەمین کردی باش بێت، ئەگەر بە پەسەندی بزانن، ئەگەر نا هەر بەنیسبەت (اولاً: ١ـ یدفع کل من المعلمین والمدرسین مبلغ خمسة دنانیر شهریا ) بە کێی بدات؟ لێرە دیار نییە، ئینجا دەبێ یان بڵێین (یدفع للاتحاد) یان بکرێت بە(١ـ مبلغ خمسة دنانیر من کل عضو من المعلمین والمدرسین علی الشکل الآتي) بەڵام من پێم وایە ئەو پێشنیارەی کاک ئەمین لە هەمووی باشترە، هەم کورت کردنەوەیەکە هەم ماناکەی باشترە لەوەی کەوا دارێژراوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەویش دیار نییە بە کێی بدات؟.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هی ئەوەی تۆ دەڵێی یەکسەر دەڵێ (یستقطع) لەوێوە دەست پێدەکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک عەلی، کاک عەلی ئاخیر کەسە قسە دەکات.

**بەڕێز حـــمـــە علی توفـــیق مـــیـــرزا فـــتـــاح:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئەو ئیرادە تازەیەی کە ئێستا هاتە کایەوە، مینەح و ئەو شتانە، بەراستی چۆنیەتی سەرفی دیار نییە؟ چونکە تەنها ئەو سەرفانەیە کە ئیقراری بۆ ئەکا لە کۆنگرە، بۆ ئەو ئیستیقتاعاتانەیە کە لە بەدەلی ئیشتیراک دەبێ، مەفروزە ئەو ئیراداتە تازەیەی کە ئێستا دەرس کرا چارەسەری چۆنیەتی سەرفی بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

خۆی عادەتەن ئەوە لە میزانیە دەکرێ، لە میزانیەی سالانە کە دائەنرێ، قازانجەکەی هەمووی دیاری دەکرێت، کە چەندە و ئەبوابی چیە؟ ئەوجوهی سەرفی چۆن دەبێ بۆ ساڵی داهاتوو؟ ئەمانە هەمووی لە میزانیە دیاری دەکرێت.

ئەم ماددەیە پێویستی بە سیاغە هەیە وەکو بۆمان دەرکەوت لەبەر ئەوە ئەو ئیقتیراحەی کاک ئەمین چاکە، کۆی ئەکاتەوە، گیروگرفتی زۆرمان بۆ چارەسەر دەکات، وەک فەقەرە یەک و دوو یان (أ ـ ب ج ـ...) ئەوانەی هەمووی تێکەڵە لەبەر ئەوە سیاغەکەی بۆ دوایی بە جێ دەهێڵین، ئێستا دەچین بۆ ماددەیەکی تر، سیاغە بکرێت ئەو ماددەیە لە کۆبوونەوەیەکی تر یەکسەر دەیخەنەوە دەنگدانەوە، بێ گفتوگۆ کردن پاش سیاغەکردنی، ماددەی حەڤدەم تکایە.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المادة السابعة عشرة:

تتكون الميزانية العامة للاتحاد من الميزانية الخاصة لمكتب السكرتارية والفروع والمشاريع والأعتمادات الخاصة بمكتب السكرتارية أو الفرع.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەڤدە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ماددە حەڤدە پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی حەڤدەمین بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەژدە، فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المادة الثامنة عشرة:

لمكتب السكرتارية أو هيئة الفرع بموافقة المجلس التنفيذي أن يستثمر جزءاً من موارده المالية

في مشاريع إنتاجية تدر فوائد على الاتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز یونادم یوسف کنا.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئێمە گەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی شانزە ئەویش هەر مالییە، جا مالیە چ ئیشتیراکات بێت، یان ئیستیسمارات بێت، هەمووی مالییە ماددەی شانزە و ماددەی هەژدە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە، باسیشم کرد کە تەبویب و فەسڵ ،هەندێک کەم و کوڕی تێدا هەیە، خۆزگە برادەرانی یاسایی و لیژنەی دارایی پێکەوە سیاغەی بکەن، دەمج بکرێت بە یەک ماددە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک یۆنادم ، ماددەی هەژدە تەخویلە بۆ ئیستیسمار، هیچ پەیوەندیەکی بە واریدەوە نییە، بەڵام پەیوەندی بە داراییەوە هەیە، بەڕێز کاک حمید، فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت فەرمووت تەخویلە، بەڵام ئەمە کە ئیستیسمار کرا قازانجی دەبێت، قازانجەکەش دەبێ باس بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر داخیل بکرێت لەماددەکە، راستە دەبێ قازانجەکەی داخیل بکرێت، زۆر سوپاس، فەرموو مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئیستیسماری مەوارید، مەواریدەکە دەبێت باس بکرێت، یەعنی دیار بکرێت، یەک لەوانە ئێستا لایەکی نەخۆشخانەی هەولێر موڵکی نیقابەی مامۆستایانە، ئەمە تا ئێستا باس

نەکرایە، مەوریدێکە جێگای (٢٢)سەریری تێدا هەیە بە پارەی مامۆستایان دروست کراوە، ئەو مەوریدە نازانم ئایا بزرە قسەی لێکراوە یان نەء؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ماددەی هەژدەم دەڵێ مەکتەبی سکرتاریەت یان هەیئەتی فەرع، ئەگەر مەجلیسی تەنفیزی موافەقەتی کرد، بۆی هەیە بەشێک لە مەواردی مالی پارەی بەدەستییەوە ماوەتەوە، مەواردی مالی ئەو مەواریدە مالیە ئیستیسمار بکات بە مەشاریعی ئینتاجی، یەعنی تەخویل دەکات، ئەو کاتە مەکتەبی تەنفیزی بۆی هەیە سکرتاریەت یان هەیئەتی فەرع تەخویل بکات، ئەگەر پارەی زیاتری هەبێت، بەشێک لەو پارەیە بەکار بهێنێت بۆ ئەوە. یەعنی ئێمە نالێین چ مەشروعێکە یان چی ئەکرن یان چی ئەفرۆشن؟ یان پارەکە لەکوێوە هاتووە، باسی ئەوە هیچیان ناکات، هیچ تێبینی تر هەیە، دیارە هیچ تێبینی نییە، ماددەی هەژدە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەژدە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە ماددەی هەژدە پەسەند ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەی هەژدە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی نۆزدە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:

الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدة التي تمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق و خارجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک لە راپۆرتا لیژنەیا دارایی و ئابووری دا هاتیە، (وخارجه)ڤێ بێتە حەزف کرن، بەس بێنێتن (الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدة التي تمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق). (خارجه) نەمێنێتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی دوو مانای هەیە، دوو ماناکەتان لێ ئیلتیباس نەبێ، یەکێکیان یەکێتی تەمسیلی مامۆستایانی کوردستان دەکات لەناوەوە و لە دەرەوە، ئەوەی تریان یەکێتی تەمسیلی مامۆستایانی ناو کوردستانی عیراق دەکات، نەک تەمسیلی دەکات لەناو کوردستانی عیراق،

بەڵکو تەمسیلی ئەو مامۆستایانە دەکات کە لەناو کوردستانی عیراقن، جا ئێوە دەتانەوێ کامەیان بڵێین، (الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدة التي تمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق) ئەوە وازیحە، تاقە مونەزەمەی شەرعیییە کەتەمسیلی هەموو مامۆستایانی کوردستانی عیراق دەکات، ئەوی تریان(الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدة التي تمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق و خارجه) ئەوەش شتەکی ترە، جا کامەتان دەوێت وەکو مامۆستایان داخیلی کەین ئەوەمان پێ بڵێن، خۆ لە حەقیقەت دا ئەوە باشترە(الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدةالتي تمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق) نەداخیلی دەوێت نە خارجی دەوێت، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، فەرموو کاک عبدالخالق تۆ ئەو شتانە دەزانی.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی نازانم ئەو موستەلەحە (الشرعية الوحيدة) بەرەئی من هەندێک باشە سیغەیەکی تری بۆ بدۆزینەوە باشترە، بەتایبەتی (الوحيدة) تەبعەن ئەوە لە تەعدودیەت هاتووە لە دنیا تەعدودیەتی زۆر هەیە، تەبعەن من لەگەڵ ئەوەم نیقابەی مامۆستایان تەمسیلی گشت مامۆستایان بکات، بەڵام ئەو موستەلەحە وا بزانم لە حەیاتی تەجاوزی کرد بێ، باشیش نییە ئێمە بێنەوە بەکاری بهێنینەوە، دوایی بیچەسپێنین بەسەر خەڵکیدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق بەپێی قانون ئینتیماء بۆ ئتیحاد ئیلزامیە، هەموو مامۆستایەک لەکوردستانی عیراق بەشەرت ئیشی مامۆستایەتی بکات، ئۆتوماتیکی ئەبێت بە ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لەبەر ئەوە خارجی ئەو یەکێتییە هیچ یەکێتیەکی تر و هیچ رێکخراوێکی تر، قانونی نییە، کە قانونی نەبوو واتە شەرعی نییە، ئەوە پەیوەندی بە تەعدودیەتەوە نییە، فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ موستەلەحەکەم، بەڵام لەگەڵ تەعبیرەکە نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرمووکاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەس تەعدیلێک بگونجێ لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کاک عبدالخالق (الاتحاد هو المنظمة الشرعية الوحيدة التي تمثل جماهير معلمي كوردستان ـ العراق و امام المحافل الرسمية) تەواو یەعنی نەک (الوحيدة و الشرعية التي تمثل) لەوکاتە شەرعیە تەمسیلی ئەمام مەحافیلی رەسمی دەبێت، بەڵام تەنها نییە لەوانەیە یەکێتییەکی تر هەبێت چەپ بێت یاراست بێت، بەس ئەو شەرعی نییە تەمسیل ناکات، ئەمە شەرعیەتی وەرگرتیە ئەو تەمسیل دەکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الاتحاد يمثل جماهير المعلمين في كوردستان ـ العراق  داخل الاقليم وخارجه) تەواوە، پێی ناوێ، عەینی مانا دەگرێتەوە، بەڵام شەرعیبەتی تێدا نییە، هیچ ئیعتیراز هەیە لەسەر ئەو سیغەیە(الاتحاد يمثل جماهير المعلمين في اقليم كوردستان ـ العراق داخل الاقليم و خارجه)، فەرموو کاک برهان.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، یەکەمیان ئەگەر بگوڕێ(الشرعية الوحيدة) (المنظمة المهنية......) ، دووەمیان ئەگەر برایان تێبینیان کرد بێت، لەو ماددانەی کە هاتوون تا ئێستا، تەحدید نەکراوە کە قانونەکە کەی ئیقرار دەکرێ کەی ئینتیخابات دەکرێ؟ من بە گونجاوی دەزانم لەم ماددەیە چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کاتێک دیاری بکرێت، چونکە لە قانونی سەندیکای تر هاتووە، تەحدیدی ئەو ماددەیە کراوە، دوای ئەوە کە لە پەرلەمان ئیقرار دەکرێ، ماوەیەکی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی ئینتیخاب بکرێت، لەلایەن مامۆستایان و رەئی ئاخیریش بۆ جەنابتانە و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داخیلی قانونی ناکەین، چونکە خۆی یەکجارە، ئەوان خۆیان مودەتی ئینتیخاباتەکە دیاری دەکەن، بەڵام ئەو خاڵە زۆر پێویستە کە ئیشارەت بەوە بدرێت کە ئەم ڕێکخراوە تەمسیلی مامۆستایانی کوردستان دەکات، ئەوە حەقی ئەوەی هەیە موراجەعەی جیهاتی رەسمی بکات ، جا چ لەناوەوە بێت یان چ لەدەرەوە بێت، فەرمووکاک د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر خەلەلەکە گوایا لە وشەی (الوحيدة) بێت ئەو پێشنیارەیە بەم شێوەیە بکرێت، لەوانەیە باشتر بێت، (الاتحاد هو المنظمةالمهنية الشرعية ....)، واتە لەرووی میهەنیەوە شەرعیەتی هەیە، چونکە هەر مامۆستایەک ئیجباری کە دەچێتە یەکێتی مامۆستایانەوە دەبێ یەکەم جار دابمەزرێ، لێرە شەرعیەتەکەی خۆی لەوێوە وەردەگرێ، یەعنی مونەزەمەیەکی تر ناتوانێ تەئسیر لە

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بکات، ئەمە مونەزەمەی میهەنی شەرعیە لە کوردستانی عیراق و هەروەها لە دەرەوەی عیراقیش، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاکەرەش.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من وشەی شەرعییەتی پێ ناوێ، چونکە شەرعیەتەکە لە قانون وەردەگرێت، قانونەکە تایبەتیە بۆ خۆی شەرعیەتەکەی وەرگرتووە حاجەتی وشەی شەرعی ناکات، بۆ خۆشی مونەزەمەکی میهەنیە چونکە تەعریف کراوە، لە سەرەتاوە، هەروەها ئەوەشی پێ ناوێت، تەعریف کراوە کە ئیتیحاد چیە؟ لەبەر ئەوە ئەو سیغەیەی کەوا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەڕێزی ئیعلانی کرد کەوا ئیتیحاد مونەزەمەیەکە تەمسیلی جەماهیری مامۆستایانی کوردستان دەکات، یان بەشێوەی ئەوەیە هەدەف تاکو تەزاروب لە بەینی ئیتحادات نەبێ، کە بەم شێوەیە هاتووە بەراستی کۆمەڵەی ئتیحادات نەبێ داخیلی موناڧەسە ببێن وەکو زۆر مەسائیلی تر کەروویداوە، ئەوە یەکێتی قوتابیانی فلان کەسە یان ئەوە هی فلانە، مامۆستایانیش وای لێ بێت، ئێستا مامۆستایان سیغەکیان لەبەینی خۆیان هەیە ڕێکەوتوون، سیغەکی زۆر ڕێک و پێک، لەبەر ئەوە بەو سیغەمان هێنا کەتاکە مونەزەمە بێت لە کوردستان، ئینجا کێ دەردەچێ ئەوە موشکیلە نییە، بەڵام ئەو سیغەیەی کە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەن عەرزی کرد، ئەوەش بەنیسبەت ئێمە وەکو لیژنەی قانونی کە تەرح بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو سیغەیە وەکو رئاسەت تەقدیمی دەکەین بۆ گفتوگۆ کردن، لە جیاتی ماددەی نۆزدە، لە جیاتی (المنظمة الشرعية الوحيدة) (الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل جماهير معلمي كوردستان العراق داخل كوردستان و خارجه)، تێبنی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، تێبینی نییە، تکایە بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز کاکە رەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة عشرة:

الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل جماهير المعلمين في كوردستان العراق داخل إقليم كوردستان و خارجه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم جماهيريشى ناويت.

**بەڕێز كـاكـە ڕەش مـحـمـد نقـشـبندى:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن.**

بەڵێ ڕاستە (جماهير)يش پێويست ناكات.

المادة التاسعة عشرة:

الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل المعلمين في كوردستان العراق داخل إقليم كوردستان و خارجه.

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن:**

كەمن وتم ڕەئى هەيە، كەسێكتان تێبنى نەبوو، فەرموو كاك سيروان.

**بەڕێز سـرتيپ مـحـمـد حسين(سيـروان كـاكـەيى):**

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن.**

هيچ ڕەئيم نييە، بەس تێبينيەكى هونەرى، ئەو ماددانە ماددەى(١٩، ٢٠، ٢١) لەژێر فەسڵى ماليەى ئتيحاد هاتووە، فەنيەن ئەوە نابێ لەوێ بێت دەبێت هەڵبگيرێت، چونكە هيچ پەيوەندييەكى بە ماليەوە نييە، بچێتە ئەحكامى ختامى كە لەدواوە هاتووە، هەر ئەوەندە تێبينيەم هەيە.

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن:**

ڕاستە دەبێت ناو نيشانێكى بۆ بدۆزينەوە، فەسەڵێكى بۆ دابنێين، چونكە هەندێ شتى تەفسيليشى تێدا هەيە، ناونيشانێكى بۆ بدۆزنەوە، ناحيەى قانونەكەى موهيم ترە، تكايە ئەو ماددەيە بخوێننەوە ئينجا لە پاشان ناونيشانى بۆ بدۆزنەوە.

**بەڕێز كـاكـە ڕەش مـحـمـد نقـشـبندى:**

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن.**

المادة التاسعة عشرة:

الاتحاد المؤسس بموجب هذا القانون يمثل المعلمين في كوردستان العراق داخل إقليم كوردستان و خارجه.

**بـەڕێـز سـەرۆكـى ئـەنجـومـەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەى نۆزدە پەسەند دەكەن بەم شێوەيەى خوێنرايەوە، دەستيان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەى پەسەندى ناكەن دەستيان بەرزكەنەوە، بەگشتى دەنگ ماددەى نۆزدە وەرگيرا، ماددەى بيست.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة العشرون:

يساهم الاتحاد في جميع المجالس واللجان المتعلقة بمجال المعلمين والتربية والتعليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جميل عبدى سندى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

چونكە مەجالێت تەعلیمی وتەربیە مەجالەكی حكومیە ژ بەر هەندێ پێشنیار دكم ئیزافە لەسەر هەبێت(وبموافقةالجهات الرسمية) نەک فەرز بێتن لەسەر حكومەتێ دبێت لە هەموو مەجالەكی تەربیە وتەعلیم بەشداری بكەن(يساهم الاتحاد في جميع المجالس واللجان المتعلقة بمجال المعلمين والتربية والتعليم وبموافقةالجهات الرسمية)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە قانون ڕێگا ئەدەیت كە لە هەموو لیژنەكان بەشداری بكات، كە پەیوەندی بە مامۆستا و تەربیەو تەعلیم هەیە، دەبێت ڕێگای بدەیتێ، ئەگەر بە دەستی جیهەی تەربیە بێت هەر مەجالی ناداتێ، بە كەیفی خۆی ئیش دەكات، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئێمە حەز دەكەین تێبینی هەبێت، فەرموو كاک رجب.

**بەڕێز رجب شعبان طيب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بنویسن(للاتحاد)ئەگەر حەز كاتن، ئەگەر حەز نەكەت ناكات، ئەگەر مە گوتن (للاتحاد) واتە (يجوز)، ئەگەر مە گوتن يساهم واتە موساهەمەی دكاتن لگەڵ هەمی لیجانا لبەر هەندێ مەجال پتر دەداتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جەنابت خۆت مامۆستای، باش پارێزگاری لە مامۆستا دەكەیت.

**بەڕێز رجب شعبان طيب:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەسلەحەت بیتن كە داخیلی لیجان بیتن، ئەگەر مەسەلەحەت نەبیتن با داخیلی لیجان نەبیتن، بەینەما مە بلێین (يساهم) فەرقەكی دبیتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم باشە وای لێ بکرێت (یساهم المجلس في جميع النشاطات والمجالس واللجان المتعلقة بمجال المعلمين والتربية والتعليم)، خۆ مەجلیسی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، لەوانەیە کۆبوونەوەک بکەن لەسەر شتەکی، لەوانەیە یەکێتی مامۆستایان نەتوانی لەوێ ئامادە بێت، بەڵام ئەگەر (نشـاط) بێ دەتوانی ئامادە بێت، هەمووچالاکیەک کە پەیوەندی بە تەدریسەوە هەبێت لەگەڵ لیجانیش لیجانیش ئەوە شتەکی ترە دەتوانی بەشداری بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکە رەش،فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە خۆی نەسەکە زۆر باش هاتیە، واتە (یساهم)یەکێتی مامۆستایان لە هەر لیژنەیەک کە پەیوەندی بە مامۆستایان هەبێت یان بە تەربیەوە هەبێت، فەرز کەین ئەگەر لە قوتابخانەیەک مامۆستایەک(لاسمح الله) لیژنەیەکیان تەشکیل کرد لە دژی مامۆستایەکی تر، با نوێنەرەکی نیقابەی مامۆستایانی تێدا هەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لێ بکات، با بزانی غەدر لەو مامۆستایە دەکرێ یان ئەو مامۆستایە موستەحەقی ئەو عقوبەیە، هەر بۆ خۆی یەکێتی مامۆستایان کە تەمسیلی مامۆستایان دەکات حازر بێت بۆ تەحقیق، واتە مەسەلەکە زۆر ئاساییە، لەگەڵ ریزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە ماددەی بیست دەخەینە دەنگدانەوە، تکایە بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

المادة العشرون:

يساهم الاتحاد في جميع المجالس واللجان المتعلقة بمجال المعلمين والتربية والتعليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەم ماددەیە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بەگشتی دەنگ ماددەی بیست وەرگیرا، ماددەی بیست ویەک.

المادة الحادية والعشرون:
أ ـ يكون رئيس الاتحاد وسكرتير مكتب السكرتارية ورؤساء الفروع متفرغين لإنجاز اعمال ومهام الاتحاد.
ب ـ لمكتب السكرتارية وبنسبة(٢/٣) ثلثي أعضاء المكتب أن يقرر تفرغ أي عضو من اعضاء مكتب السكرتارية أو هيئات الفروع لمهام وواجبات الاتحاد.
ج ـ يجب أن لا يتجاوز عدد المتفرغين لمهام الاتحاد من أعضاء مكتب السكرتارية أو هيئة الفرع عن(١/٣) ثلث عدد الأعضاء.
د ـ تعتبر المدة التي يقيضها العضو في التفرغ لمهام الإتحاد خدمة فعلية لأغراض الترفيع والعلاوة والتقاعد والترقية العلمية ويصرف لهم مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم أضافة الى رواتبهم ومخصصاتهم المهنية أو الجامعية المقررة بموجب القانون والتعليمات الخاصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەڤێت ماموستا تەفەرغ دەکاتن بۆ نیقابە هەمی موخەسەساتی میهەنی جامیعی وەردەگریتن، بێ ئەوەی هیچ خزمەتێک بۆ وەزارەتی تەربیەو ونە بۆ جامیعی و نە بۆ مەعهەدی بکات، لەبەر ئەوە ناکرێتن موخەسەساتی تەربەوی، یان جامیعی وەربگرێتن لەگەڵ ئەوەش موخەسەساتی زیادیش وەربگریتن، لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی و ئابوری پێشنینار دەکاتن، ئەوە شەتب بکرێتن( ویصرف لهم مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم إضافة الى.....) یان دەبێت ئەوە وەربگرێتن یان دەبێ میهەنی وەربگریتن، مادام میهەنی جامیعی وەربگریتن، (خلال فتره تفرغهم) ئەوە شەطب بکرێتن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرمووکاکە ڕەش.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەکە باش هاتووە، ئەوەی بەڕێز لیژنەی مالی بۆی چووە، چونکە ماموستایان ئەوانەی کە موخەسەساتی میهەنی و شتی تر وەردەگرن، باوەڕناکەم هیچ ماموستایەک دەوامی لە سێ سەعات زیاتر بێت، بەلاّم کە تەفەروغی کرد، لەوانەیە ببیتە (١٠یان ١٥)سەعات، لەوانەیە تەواجودی ڕۆژانە لە مەرکەزی ئتیحاد مانای وایە واجبات و موهیماتی زۆر تر دەبێت، مخەسەسات لە زۆربەی دەوائیر قانونەکی تایبەتی هەیە پێی دەگوترێت(مخصصات الاعمال

الإضافية) ناومان نەناوە ئتیحاد بۆ ئەوەی خۆی تەقدیر بکات، ئەو مامۆستایەی تەفەروغی بۆ دەکات، خۆیان مەجلیسی تەنفیزی کۆ ببێتەوە قەرار بدات، ئەو مامۆستایەی تەفەروغی کردووە نیسبەی راتبی مەقتووعی بۆ بکرێت، شتەکی زۆر ئاساییە، ئەرکەکی زۆر قورس نییە، سێیەکی ئەعزای ئتیحادن، نابێت تەجاوز بکات لە سێیەکی زیاتر کە موتەفەرغ بن، ئەگەر مانگێ تەقدیر بکرێ (٥٠ـ ٦٠) دینارەک ئیزافە لەسەر مووچەی خۆیان وەربگرن موقابیل ئەو هاتوچۆیەی رۆژێ سێ جار پێویستە بێتە ئتیحاد، بەڵام رۆژەکانی تر یەکجار دەڕوا، لەوانەیە بە تەکسی بێت، شتەکی زۆر پێویستە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دائیمەن مینحە وموخەسەساتا بە قانونە، نە سلاحیەتا مەکتابا سکرتاریەتیە کو هەندەک موخەسەساتی دی بدرێتە وان، بەپێچەوانە ئەو مامۆستایە ماندوو دبت ئەوەی لە مەدرەسە چ مامۆستای سەرەتایی چ مامۆستای ناوەندی یان لە زانکۆ دەرس دەڵێتن؟ کو موقابلیا موخەسەسات وەردەگریتن، لە هیچ قانونەک نییە کو سلاحییەتی مەکتەبی سیکرتاریەت بە کەیفی خۆی موخەسەسات دابنێتن، دایمەن موخەسەسات بە قانونە ئەوە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری مەوجودە، لەبەر ئەوە (مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم) ئەوە شەتب بکرێتن تەنیا ئەوەی موخەسەسات و راواتبی میهەنی و جامعی ئەوەی بە پێی قوانیین مەعلووم بیت ئەوە قەیدی ناکات، تەرقیە و عەلاوە و تەرفیع ئەوەی بۆ حیسابە قەیدی ناکاتن، بەڵام ئەوە ئەوەڵەن لە سەڵاحیەتی مەکتەبی سکرتاریەت نییە کە موخەسەسات بدات، بەراستی موخەسەسات بە قانونە، دووەم نابیتن مادام هیچ جوهدی بۆ تەعلیم و تەدریس سەرف ناکات، بەس جوهدەکەی بۆ ئتیحادە بۆ دەبێت موخەسەساتی تر وەربگرێت، دەبێت لەیەک لا وەربگرێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووکاکەرەش وەڵامی بدەرەوە.

**بەڕێز کاکەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موخەسەساتێک کە بە قانون دەدرێت بە خۆی لە میزانیە عامەیە، قانونی لە میزانیە عامە ناگوترێت، ئیمکان نییە موخەسەسات بەبێ قانون بدرێت، موخەسەساتە دەدرێتە ئەو کابرایە لە میزانیەی خۆیانەوە لەزمنی پارەکانی خۆیانەوە پارەکەی خۆیان وەردەگرن. لەپارەی خۆیان دەدەنە یەکێکی تر ئەوجا بەهەر نەوعەکی بێ کەواتە سەلاحیەتی ئەوەی نییە رۆژەکی ئەگەر یەکێکی

موکافەئە بکات هەیەتی سەرۆکی ئیتیحادە هەموو مەجالێک هەیە پارەی خۆیەتی میزانیەی خۆیەتی یان لەزمنی میزانیەی خۆیان سەرفی دەکەن و موئتەمەر بریار دەدات. مومکینە سەلاحیەت بداتە سەرۆکی ئیتیحاد موکافەئە(١٠)هەزار دیناری بداتێ لەزمنی میزانیەی خۆیان، ئەوە عیلاقەی بە یاساوە نییە. دوایی ئەتۆ کە دەڵێیت (صرف له القانون)ئەوە بە یاسا دەیدرێتێ نا کا موخەسەساتەکە ئەمە بە قانوونی موخەسەساتی دەوڵەتە قانونی موخەسەساتی مونەزەمەیەک نییە ئەگەر کابرایەکی موتەفەریغ چوار عانەی بداتێ ناوی بنێ یاسای موخەسەسات با لەباتی موخەسەساتەکەش بیکەنە موکافەئە و ببڕێتەوە مەوزوعەکە.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک یونادم

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕێزان هەر لەفەقەرەی (د)هاتووەئەڵێیت (تعتبر المدةالتي يقضيها العضو في التفرغ لمهام الاتحاد خدمة فعلية لأغراض الترفيع والعلاوةو التقاعد)ئەوە زۆر ڕێکە چونکە جێگای خۆیەتی تەرقیەی علمی عیلاقەی نییە بە مودەت لەوانەیە مامۆستایەک کە لەزانکۆ (١٠)ساڵ هیچ تەرقیەی عیلمی بۆ نەیەتەوە چونکە هیچ بەحثێکی پێشکەش نەکردبێ حەقمان نییە ووشەی تەرقیەی عیلمی بۆ بێتەوە بەبێ هیچ بحوثات و ئەبحاث و ئەو شتانە ئەوە نەمێنێ باشترە.سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن :**

سوپاس. کاک د.ئیدریس باسێکی تەرقیەی عیلمیمان بۆ بکات خراپ نییە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەرقیەی عیلمی ڕاستە لەزانکۆ بەڵام لەهەندێ جاریشدا بەپێی خدمەیشە لەهەندێ وولاتیش هەیە بە(عدد سنوات)

مەسەلەن لە لیبیاو زۆر وولاتی کە هەیە عەدەدی سەنەوات کەتەواو دەکات ئەوەندە ساڵ تەرفیع دەکات عیلمیەن ئیحتیماله بەنیسبەت مامۆستایان شتی وا بەحس نییە بە تەرقیە بیکەن لەوانەیە بەمودە بیکەن بەڵام بەنیسبەت جامیعە نیزامیک کە هەیتمان ئێستا ئەمە بە بوحوثە بەنیسبەت فەقەرەی (د)یش ئەگەر (ضمن الميزانية الخاصة) ئەوە لەجێی خۆیەتی ئەو موخەسەساتەیان هەبێت بەڕاستی بەس (ضمن ميزانية الاتحاد)یەعنی لەمیزانییەی خۆیان داخل بکرێت ئیشکالەکە نامێنێت وەکو (کاکە ڕەش) فەرمووی لیژنەی یاسای ئەوەلە میزانییەی خۆیان ئەو موخساتەی دەدەن و نایکەنە موکافەئە چونکە موکافەئە مەتاتیەی تێدایە بەڕاستی زیاد

دەکات و کەم دەکات .سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر موخەساتەکە بمێنێتەوە باشترە میزانییەی خۆیانە. فەرمووکاک شمائیل .

**بەڕێز شمائیل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ئیدریس بەحسی کرد ئەو مەسەلەی تەرقیەی عیلمیەئێمە هەردووکمان ئەندازیارین من و کاک یونادم دەزانین بەسەنەواتی خدمەیە نابە بەحسە یەعنی جێگری ئەندازیار، موستەشار، ئەوانە هەمووی بەپێی خدمەیە ئەوی ترنازانم کاک جەمیل باسی کرد بەڕاستی جارجار مەلەکی زیاتر دەبێت لەمەلیک وا بزانم ئەوە پرۆژەی حکومەتە ئەوە زمنی میزانییەی ئیتیحادە یەعنی ئەوە مەسئولیەتی ئیتیحادە تەحەمول بکات ئەوە مەسئولیاتێکی زۆر گەورەیە بەبێ موقابیل ئەوە بەڕاستی میثالیەتە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس.ناوەکانمان نووسیوە خۆ هەر دەقیقەیەک یەکێ دەست بەرز ناکاتەوە.فەرمووکاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی.

**بەڕێز ئیبراهیم عبد القادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم کاک جەمیل مەخسەدی موخەسەساتی میهەنی و تەعلیمی بوو ئەوی لەفەرمانگەی خۆی وەردەگرێ بەڕێز کاکە ڕەشیش باسی موخەسەساتی نیقابەی کرد کەدەیداتێ ئەگەر بەقسەی کاک جەمیل بێت ئەو موخەسەساتەی کە لە فەرمانگەی خۆی وەری دەگرێت موخەسەسات نییە موخەسەساتی تەدریسیە ئەگەر بزانێت تەفەروغە موخەسەساتەکەی لێ دەبڕێت وا بزانم ئیستیعدادی ئەوەی نییە تەفەروغ بکات دوایی دەبێت بەیاسا ئەوەش یاساکە دەڵێت ئەو موخەسەساتەی کەوەردەگرێ بۆ ئەو مودەیەی کە تەفەروغ دەکاتن لەبۆ نیقابە لەبۆ ئیتیحاد ئیعتیبار دەکرێت بە خدمە بۆ تەرفیع ئەوە یاساکە تەحدیدی دەکاتن ئێمە موخالەفەی هیچ یاسایەک ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێزشێخ عەفان نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێزعەفان عثمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برایان زۆر باسی تەفەروغیان کرد تەفەروغ تائێستا بۆ مامۆستایان نییە ئەوەی کەمسئولی لقی

دهۆکە ئێستا بەڕێوەبەری پەیمانگایە دەوامی خۆی ئەکات بەمەزبووتی پێشساڵێکە کە هەولێر ژمارەی مامۆستای گەیشتۆتە (١٤)هەزار ئینجا سەرۆکی لق بەس ئەوە بۆ ماوەی ساڵێکە موتەفەریغە تا ئێستاش هیچ کەسێک داوای تەفەروغی نەکردووە ئەو موخەسەساتەیش کە دەدرێت بەهەر کەس بدرێت رەنگە لەنیوقاتی مەعاشی پۆلیسێک کەمتربێت کەئەدرێت بەو کابرایە دێت و ئەڕوات ئەندامی سکرتاریەت بێت یان ئەندامی لق بێت ئەگەر ئەویش بەشەوان دەوامی تەواو بێت ئەگەر بەتەکسی بێت و بڕوات ئەوا بەشی نیو مانگی ناکات سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە لێرە ناخوا چونکەنەنوسراوە، چەندە نوسراوە موخەسەسات؟ نوسراوە کێ ئەو موخەسەساتەیان بۆ سەرف ئەکات؟ نەنووسراوە کێ بۆیان سەرف دەکات لەماددەکەدا (یصرف لهم مخصصات محددة خلال فترە تفرغهم إضافةً الی رواتبهم و مخصصاتهم ) ئیشکالەکان من تەسەورەکەم لەویا بێت کەنەنووسراوە کێ بۆیان سەرف ئەکات.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

دووشتی زۆر وازحن دەڵێت ئەوە تەفەڕوغە و(یصرف لهم مخصصات محددة خلال فترە تفرغهم إضافةً الی رواتبە ومخصصاتە المهنیه)ئەو ڕەواتیب و موخەسەساتی میهەنیە هی حکومەتە ئەوی تر مەعنای ئەوەیە موخەسەساتی ئیتیحاد بۆی سەرف دەکات چونکە ئەوان ناتوانن شت لەسەر حکومەت فەرز بکەن بڵێن دەبێت تۆ موخەسەسات بدەیت بەخەڵکی، موخەسەساتی هی میهەنی وڕاتبی ئەوی تریش هی خۆیانە سەرفی دەکەن سێ شتە موخەسەسات مەحدودە ئیزافەتەن لەسەر ڕاتب و موخەسەساتی میهەنی کە خۆی لە فەرمانگەی خۆی وەری دەگرێت مانای وایە دەست کاری ئەوەی نەکرێن چونکە تەفەڕوغی کردیە بڵێت ئەتۆ ئیستیحقاقی موخەسەساتی میهەنیت نییە چونکە مومارەسەی میهنە ناکەیت وەک مامۆستایەک بچێتە ئەوەی تەفەڕوغ بکات مومکینە یەخەی بگرن ئەگەر یاسا نەبێت دەڵێن تۆئێستا مومارەسەی میهنە ناکەیت حەقی موخەسەساتی میهەنیت نییە لەبەر ئەوەی ئەم نەسە زەروریەو، ئەبێت مەغدور نەبێت کابرا موخەسەساتی میهەنی لۆ بچێت چونکە تەفەڕوغی کردیە بۆ ئیشوکاری ئیتیحاد ئەوەیە مەوزوعەکە هیچی تر نییە، نەسەکەش زۆر باش هاتیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محمد سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سەعید أحمد یعقوبی:**

المادة الحادیة والعشرون:

اولاً- یکون رئیس الاتحاد وسکرتیر مکتب السکرتاریة ورؤساء الفروع متفرغین لإنجاز أعمال ومهام الاتحاد.

ثانياً ـ لمكتب السكرتارية وبنسبة(٣/٢)ثلثي أعضاء المكتب أن يقرر تفرغ أي عضو من أعضاء مكتب السكرتارية أو هيئات الفروع لمهام وواجبات الاتحاد.
ثالثاً ـ يجب أن لايتجاوز عدد المتفرغين لمهام الاتحاد من أعضاء مكتب السكرتارية أو هيئة الفرع عن(٣/١)ثلث عدد الأعضاء.
رابعاً ـ تعتبر المدة التي يقضيها العضو في التفرغ لمهام الإتحاد خدمة فعلية لأغراض الترفيع والعلاوة والتقاعد والترقية العلمية ويصرف لهم مخصصات محددة خلال فترة تفرغهم إضافة الى رواتبهم ومخصصاتهم المهنية أو الجامعية المقررة بموجب القانون والتعليمات الخاصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
داوا لەو ئەندامانە دەکەم کە ماددەی (٢١)یان لا پەسەندە دەست بەرز بکەنەوە. سوپاس، ئەو ئەندامانەی لایان پەسەند نییە دەست بەرز بکەنەوە (٣)ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا بەڕێزان لێرەدا کۆتایی هات بەدانیشتنەکەی ئەمڕۆمان دانیشتنی داهاتوومان سبەینێ سەعات (١٠)دەبێت تکامان لەلیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە ئەوەیە کە ماددەی (١٦)سیاغە بکەنەوە. زۆر سوپاس.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)**

سێ شەممە ڕێکەوتی ١٦/٤/٢٠٠٢

خولی یەکەم

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ١٦/٤/٢٠٠٢

***كاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٦/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە نۆ)ی خولی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی (ژمارە نۆ)ی خۆی لە كاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ١٦/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق.***

***٢ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی یەكەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین.

بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە دوو خاڵ پێكهاتووە:

١ ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای یەكێتی مامۆستایانی هەرێمی كوردستانی عێراق.

٢ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەموار كردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩.

پێش ئەوەی دەست بە كار بین، بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێزان وەزیری پەروەردە و وەزیری دارایی و ئابووری دەكەین، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە دوێنێ لەسەر سەكۆیەكە ئامادە بوون، با بفەرموونە سەر سەكۆیەكە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الرابع: مالية الإتحاد

المادة السادسة عشرة:

اولاً: تتكون مالية الإتحاد مما يلي:

١ ـ خمسة دنانير يدفعه كل عضو من المعلمين والمدرسين شهرياً يستقطع من راتبه على الشكل الاتي:

أ ـ مبلغ دينارين من راتب العضو لمصلحة صندوق الضمان.

ب ـ مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الوفيات .

جـ ـ مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.

د ـ مبلغ دينار واحد من راتب العضو كبدل اشتراك شهري عن بدل العضوية.

٢ ـ ضعف ما هو مقرر في الفقرة (١) اعلا يدفعه كل عضو من التدريسيين في المعاهد والجامعات.

ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات(أ، ب، جـ، د) من البند اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بإسم (لجنة الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.

ثالثاً: فتح حساب في مصارف الاقليم.

رابعاً: تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في إجتماعات الفرع.

خامساً: تخضع حسابات الإتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.

سادساً: لايحق لأي عضو مطالبة الإتحاد بالحقوق المالية إذا فقد عضويته في الإتحاد.

سابعاً: يتم نقل (٥٠٪) خمسين بالمائة من الموارد المالية الواردة في الفقرة (د) من اولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تتكون مالية الإتحاد) سێ و چوار و پێنج ئەوانەت لەبیر چوو بخوێنیەوە، هەر ئەوەندە بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو و سێ و چوارمان لەبیر چوو بە حەقیقەت لە مالیەی ئیتیحاد، یەکەکیان وەسائیلی ئەوەی کە لە مووچەیان دەبڕا لە زمنی مالیەی ئیتیحادە.

دوو: (المنح والمساعدات من حكومة الاقليم).

سێ: ( ريع نشاطات الإتحاد ).
چوار: ( فوائد الاستثمارات).
پێنج: ( بدلات ايجار المباني المملوكة للإتحاد ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەوانە، کاک فاتح مەحمەد ئەمین فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر سیغەکە دەڵێم ئەگەر بڵێین (تتكون مالية الإتحاد من:١ ـ بدل الاشتراك وبالشكل التالي) بەدل ئیشتیراکەکە ئەو پێنج دینارەی کە لێی دەبڕێ خۆی دابەش دەبێت، بەڵام بەناوی بەدل ئیشتیراکەوەیە.

تێبینی دووەم: دوایی دەڵێین (يدفع كل عضو) ئەگەر لەباتی ئەوە بڵێین (يستقطع من كل عضو) چونکە هەمووی بە (يستقطع) هێناومانە و، فعلەن لێشی دەبڕێ خۆی نایدا، تۆ لێی دەبڕی وەکو سیغەی ئیجباری.

تێبینی سێیەم: کە دەڵێن ( ٥٠ ٪ ) ببڕێت لە فەرعەکان بدرێت بە مەکتەبی سکرتاریەت، بە قەناعەتی من ئەو ڕێژەیە زۆرە، ئەگەر بکرێت بە لە ( ٤٠ ٪ ) گەلێک باشترە بۆ ئەوەی لقەکان نەختێک بتوانن چالاکی خۆیان دەربڕن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیریی ئەو رایەی کاک فاتح دەکەم، کە ئیستقتاع بکرێت، بەڵام عەرەبییەکەی لە عەرەبی یاسایی ناچێت، وەکو یەکێک لە عەسکەری فێری عەرەبی ببێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەلەسەی (يدفع ، استقطاع) چارە کرا، بەڵام من لە دووەم و پێنجەم لەبارەی خوێندنەوە و سیغەکەی قسەیەکم هەیە دەڵێ: (يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف في الفقرات (أ، ب، ج، د ) من الفقرة اولا وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص

وتشكل)، پێموایه (تشكل) بكەرەكەی دیار نیە و، تەشكیل لیجان هەتا لەگەڵ ئیلیتزام موافیق بێت، ئیلیتزام و تەشكیلی لیجان لەسەر هەیئاتی فەرعە ئەوە تێبینیەك.
تێبینی دووەمیشیان: (خامساً: تخضع حسابات الإتحاد الى الرقابة المالية) قانونیەی بۆ چیە نازانم، رەقابەی مالیەمان هەیە، بەڵام قانونیەمان هەیە؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو كاك د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ببورە، دوێنێش من پێشنیارم كرد، ئەمڕۆش پێشنیار دەكەم لە (سابعاً) ئەو ئیشتیراكاتەهی فەرعی بمێنن باشترە ئەندامێكی فەرعی بێنە سەرف كرن، چونكە مەكتەبی سكرتاریەت ئەڤە نوكێ پێنجی سەدی تەحویلی حیسابا مەكتەبی سكرتاریەت دەبێ، مەكتەبی سكرتاریەت مینحەت هەین ئیستسمارات هەین، ئەڤ مەبلغە ئەگەر بۆ فەرعی بمێنێ ل ئەندامە بێتە سەرف كرن من باشتر دەبینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە، ئێمە دوو تێبینیمان هەیە:
لە خاڵی یەكەم (أ) وتراوە (يستقطع من راتبه) وانیە، (يستقطعەكە) لابردراوە (مبلغ دينارين لمصلحة صندوق الضمان) نەك (دينارين من راتب العضو) جارێكی تر، (دينار واحد كبدل إشتراك) جارێكی تر (من راتب)ەكەی ناوێت ئەمە یەك، ئیجاراتیش (ايجار العقارات المملوكة) شامیلە، جا تكایە وەڵامی پرسیارەكانیش بدەرەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت جەنابی مامۆستا مەلا هادی فەرمووی سیاغەكە قانونی مەزبوت نیە، حەز دەكەین سیاغەكمان بداتێ بۆ ئەوەی گفتوگۆی بكەین لەگەڵ برادەران، بزانن كامەیان عەرەبیەكەی باشترە، چونكە ئێمە هەردەم ئەوەی عەرەبیەكەی باشتر بێت دایدەنێین و، سوپاسیشی دەكەین ئەگەر عەرەبیەكی جوان و رێكوپێك ترمان بداتێ، بۆ ئەوەی بتوانین عەرزی سەر برادەرانی بكەین.
بەنیسبەت ئەوەی كاك فاتح فەرمووی (استقطاعەكە) هاتووە، چونكە دەڵێین (خمسة دنانير يدفع كل عضو من المدرسين يستقطع من راتبه)، وشەی (استقطاع) هاتووە، چونكە دەبڕێ.
ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیریش فەرمووی، ئەویش هەر ئیلتیزامەكە لیجانی بۆ تەشكیل دەكرێت و دەڵێ ئەو ئیلتیزامە دەكرێت (وتشكل اللجان لهذا الغرض) مانای ئەوەیە ئیعتیادیە پێی ناوێ بڵێین ( وتشكل اللجان من قبل )، ئەوجا لەوانەیە لیژنەی فەرعی خۆی بیكات، لەوانەیە

مەکتەبی سکرتاریەت خۆی بیکات، لەوانەیە (مجلس تنفیذي) خۆی بیکات، چۆنیان زانی کە وتمان (تشکل اللجان) مانای ئەوەیە ئەو لیژنەیە چۆن کرا بە چ شێوەیەک پێیان پەسند بوو بەو شێوەیە لیجان دەکرێت، لەوانەیە لیژنەیەکی گشتی دەکرێت، لەوانەیە لیژنەیەک لە هەر فەرعێک دەکرێت، لەوانەیە لیژنەیەک لە مەکتەبی سکرتاریەت بکرێت لە ژێر ئیشرافی مەجلسی تەنفیزی، با ئەو شتەی بۆ ئەوان لێ بگەرێین بزانین چۆن و بە چ شێوەیەک پێیان باشە، بەس فەرز بکەینە سەریان کە لیجان بۆ ئەو ئیشە دروست بکەن.

ئەوەی کە کاک د. رزگار فەرمووی دەڵێ بمێنێتەوە لە فەرع باشترە، تەنیا یەک برگەیە ئەوەی لە ٥٠ ٪ی تەحویل دەبێت بۆ مەکتەبی سکرتاریەت، ئەوانی تر تەحویل نابێت، تەنیا مەوزوعی ئیشتیراکی (عن بدل عضویە) کە دینارێکە، ئەو ٥٠ ٪یە تەحویل دەبێت، نەک ئەوانی تر، ئەوانی تر هەموو لە فەرع دەمێنینەوەو، دوو دینارەکەی هی (الامراض المستعصیە) یان (ضمان) یان (وفیات) هەموو لە فەرعەکان دەمێنینەوە، تەنیا ٥٠ ٪ی ئەو دینارەی کە هی بەدل ئیشتیراکی ئەندامەکانە.

دووەم: ئەگەر هیبات و شتی وا مەکتەبی سکرتاریەت وەریگرێ خۆ بۆ خۆی نیە، (هیبات) وەرگرێت دەبێت بچێتە لقەکان و حیسابی ( مجلس تیفیذي) دابەش دەکرێت، خۆ ئەو هیباتە مانای ئەوە نییە هەر هیبەیەک چووە مەکتەبی سکرتاریەت ئینفیرادی پێ دەکات بەکەیفی خۆی دابەشی دەکات، شتی وا نییە دادەنیشن، مومکینە لەو هیباتانە حیسەی لقەکان چیە حیسەی منداڵەکان لە چییە، لەوانەیە ئەو هیباتانە بۆ پڕۆژەکان دەچێت، چۆنیان پێ پەسند بێت بەو شێوەیە دەڕوات، بەس ئیمکان نیە خۆی بتوانێت ئینفیراد بکات وەڵڵا ئەو هیبە وەردەگری بۆ خۆی، لەبەر ئەوە لقەکە بێ بەشە لەو هبەیە، نا شتی وا نییە،سوپاس.

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاکەڕەش نەقشبەندی، تێبینی تر هەیە، تەعقیب هەیە، ئەوانەی تەعقیبیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک فاتح فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەروکی ئەنجومەن.**

١ ـ بەنیسبەت ئێمەشەوە دەزانین یەک دینارە، بەڵام ئێمە دەڵێین لەو دینارە لە ٤٠ ٪ بنێردرێت، چونکە لەوانی تر ناتوانی تەسەروف بکات، حەقی هەر کەسێ بۆ شوێنی خۆی دەچێت.

ئەم ناحیەیە لەناحیەی ئێمە سیغەکەمان گوت، گوتمان ئەگەر بنووسرێت بەو شێوەیەی کە باسمان کرد، بەقەناعەتی من چاکترە.

٢ ـ هاتینەوە سەر ٥٠ ٪کە وەکو وتم بیکەین بە ٤٠ ٪ یان کەمتر، لقەکە دەتوانی سوود لەو جیاوازیە وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرمووو كاك حەمید.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت لە ٥٠٪ ئیلتیزامێک دەریکات بە ئیعتیبار بزانین میزانیەکان چۆنن، لە سالی ١٩٩٦ تاوەکو ئێستا بەنیسبەت ئەو پارەیە لە لقەکان هیچ وەرناگیرێت عەفو دەکرێت، چونکە نەیان بوو عەفو دەکرێن، بەلام رەسمیەن هەیە، بەس کە نەبوو مەکتەبی تەنفیزی خۆی عەفویان دەکات، لەبەر ئەوە گرنگ نیە ببێت و نەبێت، تا ئێستا نەک لە ٥٠٪ لە ٢٪ش نایێت، هەر هیچی نایێت، ئەگەر بکرێت لە ٤٠٪ لاریمان نیە، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی ئیعتیرازتان نیە لەسەر لە ٤٠٪، لەسەر یاسایە ئەگەر ئیستیقتاع کرا لە پەروەردەوە یەکسەر بچێتە حیسابی سکرتاریەت یان بچێتە حیسابی لق لە (٤٠٪)ەکە پێتان باشە، جەنابی وەزیر هیچ تێبینی هەیە، با ئەوە بکەن بە ٤٠٪، تاکو بیخەینە دەنگدانەوە، بەس خۆی موتتەبەعە عادەتەن بەدەلاتی ئیشتیراک بۆ قیادە ٥٠٪یە لە هەموو شوێنێک، یەعنی دەبێت ئەوە بزانن، لە هەموو رێکخراوەکانی دونیا تەقریبەن موەحەدە لە ٥٠٪ی بەدەلاتی ئیشتیراکە، زۆر شوێنی هەموو ئەو بەدەلاتی ئیشتیراکە بۆ ئەوێ دەچێت و دەگەڕێتەوە، بەس حەددی ئەدنای بەدەلاتی ئیشتیراک لە ٥٠٪یە، فەرموو شێخ عەفان.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت کۆن وەکو نەقابەی مامۆستایان، نەقابەی مەرکەزی، نەقابەی مەرکەزی حیصەیەک بەپێی میزانیەی خۆیان بۆیان دادەنرێت، بەلام ئێمە تۆزێک دیموکراتی ترمان کردووە، با ئەوها بێت لقەکان تۆزێک سەربەخۆ بن، لەگەڵ ئەوەشدا یانەیان هەیە (نادی)، یانەکانیش هەر بۆ خۆیانە، بەڵگەنامەیان (هویە) هەیە ئەویش هەر بۆ خۆیانە، ئەوانەش هەموو دیسان هەر بۆ لقەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام نوێنەری یەکێتی خۆی موعارەزەی ئەوەی نیە، تەسەور ناکەین ئیشکالێکی وا هەبێت، نازانم لیژنەی یاسایی ئامادەیە ئەگەر ئیعتیرازیان هەبێت لەسەر ئەوەی بکرێت بە ٤٠٪.

**بەڕێز كـــاكـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە هیچ ئیعتیرازمان نیە مەسەلەكە لەنێوان خۆیانە، دیارە سەرۆكی یەكێتی مامۆستایان رازی بێت، ئێمە لاریمان نیە لەوە ٥٠ ٪ بێت یان ٤٠ ٪ كەیفی خۆیانە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

كەواتە پێشنیارەكە دەیخەینە دەنگدانەوە، پێشنیاری كاك فاتح ئەوەیە كە لە ٥٠ ٪ یەكە ببێتە لە ٤٠ ٪، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كەپەسندی دەكەن لە ٥٠ ٪ ببێتە لە ٤٠ ٪ دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا ٥٠ ٪ كراوە بە ٤٠ ٪، ئینجا جارێكی تر یاسایەكە هەموو بە وازیحی بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی سیغەكەشی دەركەوێ.

**بەڕێز كـــاكـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

الفصل الرابع

مالية الإتحاد

المادة السادسة عشرة:

اولاً: تتكون مالية الإتحاد ممايلي:

١ ـ خمسة دنانير يدفعه كل عضو من المعلمين والمدرسين شهرياً يستقطع من راتبه على الشكل الاتي:

أ ـ دينارين لمصلحة صندوق الضمان.

ب ـ دينار واحد كبدل إشتراك عن صندوق الوفيات.

جـ ـ دينار واحد كبدل إشتراك في صندوق الامراض المستعصية والخطرة.

د ـ دينار واحد كبدل إشتراك شهري عن بدل العضوية.

٢ ـ ضعف ما هو مقرر في الفقرة (١) أعلاه، يدفعه كل عضو من التدريسيين في المعاهد والجامعات.

٣ ـ المنح والمساعدات من حكومة الاقليم.

٤ ـ ريع نشاطات الإتحاد.

٥ ـ فوائد الإستثمارات.

٦ ـ بدل ايجار العقارات المملوكة للإتحاد.

ثانياً: يحدد المؤتمر العام كيفية الصرف للفقرات (أ، ب، جـ، د) من البند اولاً وعلى الهيئات الإدارية للفرع الالتزام بالتعليمات الصادرة بهذا الخصوص وتشكل اللجان الخاصة بإسم (لجنة

الضمان ولجنة مساعدة الأعضاء) لتنفيذها.
ثالثاً: فتح حساب في مصارف الاقليم.
رابعاً: تتم الموافقة على قرارات لجنة الضمان ولجنة مساعدة المعلمين في إجتماعات الفرع.
خامساً: تخضع حسابات الإتحاد الى الرقابة القانونية والمالية.
سادساً: لايحق لأي عضو مطالبة الإتحاد بالحقوق المالية اذا فقد عضويته في الإتحاد.
سابعاً: يتم نقل نسبة(٤٠٪) من الموارد المالية الواردة في الفقرة (د)من البند اولاً الى حساب مكتب السكرتارية في مصارف الاقليم من قبل الفرع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی شازدە پەسند دەكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناكەن دەستیان بەرز بكەنەوە، ماددەی شازدە بە گشتی دەنگ وەرگیرا.
دوێنێ ماددەی شازدەمان تەئجیل كرد بوو، ماددەكانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە و بیست و بیست و یەكمان بڕیار لەسەردا، تەنیا ئەو ماددانە جیا نەكرا بوونەوە، چارەتان بۆ دۆزیوەتەوە؟.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا لە پاشی ماددە هەژدە (الفصل الخامس) دێت، ئەوجا ماددەی نۆزدە و ماددەی بیست و ماددەی بیست و یەک، ئەوانە تەصویتیان لەسەر كراوە، ئێستا فەسڵی شەشەم (الأحكام الختامية) ماددە بیست و دوو.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەعنی لە جیاتی عینوان فەسڵی پێنجەم دادەنێن، ماددەی بیست ودوو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الفصل السادس
الأحكام الختامية

المادة الثانية والعشرون:
اولا: لايجور وضع اليد أو حجز أموال أو ممتلكات الإتحاد أو بيعه لسداد القروض المفروضة عليه.
ثانيا: إذا تم حل الإتحاد فإن ممتلكاته تؤول الى الجهة التي يقررها مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بڕگە یەک زۆر درەنگ هاتووە، بەڕای ئێمە ئەوە هەر پێویست نیە هەبێت، چونکە هەموو حیجزەک بە حوکمی یاسا دەبێت، باشە ئەگەر ئیتیحاد هاتوو شتێکی لە یەکێکی کڕی و دوایی قەرزاری ئەو لایەنە بوو، بۆ ئەو لایەنە نەتوانێ داوای لێ بکات؟، ئیجرائاتەکە دەکرێت بە یاسا، بەنیسبەت بڕگە یەک هەر نەبێت، بڕگە دووش ببێتە ئەسڵی ماددەکە، بەس لەباتی (الجهة التي يقررها مجلس وزراء) برادەرانی یەکێتی مامۆستایان پێیان وا پەسند بوو یەکسەر تەحدیدی وەزارەتی پەروەردە بکەین، مومتەلەکاتی ئیتیحاد بەئیعتیبار نزیکترین وەزارەت لە یەکێتی مامۆستایان وەزارەتی پەروەردەیە، لەبەر ئەوە تەحویلی وەزارەتی پەروەردەی ئیقلیم بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی دارایی ئەوەیە بڕگە یەک نەمێنێت، چونکە یەکێتی مامۆستایان شەخسیەتێکی مەعنەویە، چ حقووقێکی هەیە خازعی هەموو یاساکانە، لەبەر هەندێ هیچ حیجز ناکرێت بەبێ یاسا، لەبەر ئەوە بڕگە یەک نەمێنێت، لە بڕگەی دووەمیش بەس ئەوە بمێنێت (إذا تم حل الإتحاد فإن ممتلكاته تؤول الى الجهة التي يقررها مجلس وزراء اقليم كوردستان) چاکترە، بڕگەی یەکەم نەمێنێت، وشەی دووەم لابدرێت، هەر نەصی ماددەی دووەم چ هاتووە، ئەو بمێنێت، ڕاستە وەزارەتی پەروەردە نزیکترین وەزارەتە بۆ یەکێتی مامۆستایان، بەڵام ئەم یەکێتیە لەوانەیە مومتەلەکاتی تری هەیە، مەسەلەی عەقارات، لەبەر عەقارات و ئەوە دەبێت وەزارەتی دارایی بدات، شتەکانی تر ئیعتیادی بۆ وەزارەتی پەروەردەیە، لەبەر ئەوە بڕگەی دوو بمێنێت وەکو خۆی (يقررها مجلس وزراء اقليم كوردستان) زۆر چاکترە. ئەو وەختە لە ١٠٠٪ شتەکانی پێویست بۆ وەزارەتی پەروەردە دەڕواتن مومتەلەکاتی تری بۆ نموونە عەقاراتە ئەوە بۆ فەرمانگەی عەقاراتی دەوڵەت دەچێت کە تابعی وەزارەتی دارایی و ئابووریە، بەو شێوەیە چۆن هاتووە بمێنێت چاکترە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا فەرموو.

**بەڕێز وریا احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە جەنابت کردت وشەی (العراق) لە دوای کوردستان بێت باشترە، چونکە ئەمە نە کورتکراوەیە، ئەگەر کورتکراوە بێت ئەو وەختە پێویست ناکات بڵێین (مجلس وزراء) هەر دەڵێین ( مجلس وزراء اقليم)، چونکە ئیقلیم پێناسە کراوە، کورتکراوەش بەو شێوەیە ناکرێت، چونکە یەکەم جاریشە دێت، هەر بڵێین (مجلس وزراء اقليم كوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو مادده بمێنێت، چونکە تەئکید دەکاتە سەر شەخسیەت و هیبەتی حەسانەتی یەکێتی مامۆستایان، بەس وشەیەک زیاد بکرێتە کۆتایی (القروض المفروضة عليه الإ بقرار قضائي)، چونکە ئەو ماددانە زیاتر حەسانەتە بۆ یەکێتی زیاتریش پاراستنی شەخسیەتی مەعنەویە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پێمان باشە ئەو سیغەی برگەی یەکەم، ئەگەر بەشێوەکەی تر بمێنێت باشترە، چونکە تا رادەیەک پاراستنە بۆ وەزعی مامۆستایان، بەڵام بەنیسبەت برگەی دووەم ئێمە پێمان باش بوو و، راشمان دا نزیکترین وەزارەت بۆ یەکێتی مامۆستایان وەزارەتی پەروەردەیە، ئەگەر بێیتە سەر بینایە ئەو بینایانە لە دوا رۆژ هەر بە قوتابخانە دەکرێت، هەر پەیوەندیدارە بە وەزارەتی پەروەردە، ئینجا لەبەر ئەوە ئێمە پێمان باش بوو، چونکە بەڕاستی ئەو وەزارەتەی کە پەیوەندیدارە بە مامۆستایان وەزارەتی پەروەردەیە، ئەگەر یەکێتی مامۆستایانیش شتێکی بەسەر بێت میراتگری

هەر وەزارەتی پەروەردە دەبێت، واشمان پێ باشە، چونکە مومکینە تەعامولمان لەگەڵ ئەوان زیاتر بێت، ئەوان لە قسەی ئێمە زیاتر تێ بگەن،بەڵام پێمان باشە وابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتێ کە حەل بوو قسەتان لەنێواندا نامێنێت، حەل بوو حەقتان نەبێ بەسەر ئەوە، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە مەنزوری دیموکراتیەت یەکێتی مامۆستایان یەکێک لە ڕێکخراوی ئەهلیە و ئەساسێکە بۆ موجتەمەعی مەدەنی لە نیزامیکی دیموکراتیەتی دا، هەتا چارەش بێت، مەفروزە ڕێکخراوێکی وەک ئەمە یان نزیکی ئەهدافی ئەوە تەشکیل بکرێت یان مەجود بێت ئەسڵەن، نابێت موڵکی ڕێکخراوێک لە موجتەمەعێکی دیموکراتی پاش حەل بوونی بچێتە حکومەت، چونکە دەبێتە موصادەرە، موصادەرەش لە حالەتێکی وا، یەعنی مامۆستایان دەمێنێ بێتو ڕێکخراوێکی ئەهلی هەبێت تەمسیلی ڕایان بکات یان تەمسیلی ئەهدافی مەدەنیان بێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو ڕایە نیم وەکو بڕگەی دووەم مومتەلەکاتی یەکێتی مامۆستایان ئەگەر بێتو حەل بێت بچێتە وەزارەتی پەروەردە یان بچێتە حکومەت ئەسڵەن، چونکە مەبدەئێکی عام لە یاسای جەمعیاتیش هەیە و لە هەموو یاساکانی تریش هەیە تەحویلی نزیکترین ڕێکخراو دەبێت، ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە نزیکی ئامانجی ڕێکخراوی یەکەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرموو.

**بەڕێز عبدالعزیز طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو سیغەیە وەکو خۆی بمێنێت، چونکە بە حەقیقەت یەکێتی مامۆستایان عایدی وەزارەتی پەروەردە نییە وەکو مومتەلەکات بگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، لەبەر هەندێ بە تەسەوری من زۆر شتی تریش هەیە، یەعنی بڕیارەکە بە دەستی (مجلس وزراء) بێتن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بێت باشترە وەکو بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەوانەی تێبینی تریان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگەی دووەم دەڵێ (إذا تم حل الإتحاد) باس نەکراوە ئەو یەکێتیە چۆن چارەسەر دەکرێت، ئێمە تازە تەشکیلی دەکەین، یەعنی لە چ حالەتێک چارەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی باسی مومتەلەکات بکەین و بیدەینە لایەنێکی تر، یاسایەکەم بەر چاو نەکەوتووە، ئەگەر برادەرانی یاسایی تەوزیحی بکەن، لە چ حالەتێک ئەو ئیتیحادە حەل دەبێت و چۆن خۆی حەل دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی منیش لەگەڵ رای لیژنەی یاسامە کە برگەی یەک نەمێنێت، بەس نەک بە تەواوی نەمێنێت، شێخ عەفان شتێکی وت لەو بارەیەوە، بەس تەعدیلەکی بکرێت، منیش لەگەڵ رایەکی وەسەتم وابزانم باشتر دەبێت، یاسای نەقابەش بێت بڵێین (لایجوز حجز أو بیع ممتلکات النقابة الا إذا کان الدین ناشئا عن ثمنها)، یەعنی شتێک بمێنێت، حەللەکی باشە و شتێکی مەعقولی یاساییە، ئەوە یەک.

دوو: وابزانم (مجلس وزراء) بمێنێت، چونکە (مجلس وزراء) تەقدیر دەکات، ئەگەر حالەتەکە حەل بێت بۆ چ لایەنێک مومتەلەکاتەکەی بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدلخالق زنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ ـ بەنیسبەت برگەی یەکەم (لایجوز وضع الید) بەڕای من بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی مەعنەویەن بۆ ئەو نەقابەیەی کە گەورەترین نەقابەیە لە کوردستان، قیمەتێکی مەعنەوی هەیە زیاتر لەوەی کە لایەنی ئەمنی بێت یان لایەنی تر بێت.

٢ ـ بەنیسبەت ئەو برگەی دووەم هاتووە لەگەڵ ئەوەم (مجلس وزراء) بمێنێت لە لای ئەو، چونکە (مجلس وزراء) تەحدید نەکراوە، دوای حەلی شتەکە تەحویل دەکات بۆ وەزارەتێک، مومکینە بیکاتە لیژنەی تەحزیری تازە، چونکە ئەو نەقابەیە بەردەوامە و (مجلس وزراء) خۆی بەرزترین سوڵتەی تەنفیزیە، هەردوو برگەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە زۆر جێگای ڕێزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو، ئەندامانی بەڕێز ئێمە کە دەڵێین کێ تەعقیبی هەیە ناوەکان دەنووسین، پاش ئەوە کەسی تر حەقی نیە دەستی بەرز بکاتەوە، ئیلا ئەگەر وتمان کێ تەعقیبی هەیە، چونکە عادەتەن یەک جار دەپرسین کێ تەعقیبی هەیە، کێ رایەکی هەیە ناوەکان دەنووسین، ئەگەر زانیمان مەجال هەیە دوو جار پرسیار دەکەین، ئەگەر مەجال نەبوو دوای ئەوە تکامان وایە دەست بەرز نەکرێتەوە، ئیلا ئەگەر ئێمە مەجالمان دا فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی تەئکیدەن بۆ قسەی حاکم سەفەر ، یاسای نەقابەی پزیشکان لە لامە لەسەر مەسەلەی حیجز تەوزیحی کردووە، دەڵێت ئیلا ئەگەر ئەو قەرزە ناشیئ بێت لە نرخی عەقار ئەوسا دەتوانی بیفرۆشی، مادام رای یەکێتی مامۆستایانیش لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو برگەیە بمێنێت، دەتوانن بەو سیغەیەی کە هاتووە بێتە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک فەرسەت تەعقیبی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رای کاک سەفەرم، چونکە راستە دوور نیە سبەینێ نقابەش شتێک بکرێت وەکو عەقارێک، بەس ئیمکانیەتی نەبێت پارەکەی بدات بەناوی خۆشی تەسجیل بکات، هێشتا پارەکەی نەداوە لەو حالەتە مەفروزە خودانی ئەو عەقارەی ئەسڵی حەقی هەبێت حیجز لەسەر ئەو عەقارە دابنێت، تاکو حەقی خۆی جارێکی تر ئیستیعادە بکات، تەبعەن ئەو مەبدەئەش مەوجودە لە زۆر قەوانین هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو برادەرانە باسی حەلیان کرد، جەنابی کاک د. ئیدریس فەرمووی نەگوتراوە حەل بکرێت، ئەگەر شتێک عادەتەن لێرە زیکر نەکرا لە قەوانینی عام لە مەبادیئی عام هاتووە کە چۆن حەل دەکرێت لە یاسای جەمعیات شێوەی حەل هاتووە، حەل بە بریارێکی قەزائی و یان ئەگەر زۆربەی ئەندامەکان فەقدی ئەندامەتیان کرد، گرنگ ئەوەیە هاتووە لەوێ لەبەر ئەوەی حاجەت نیە لێرە

زیکر بکرێت کە چۆن حەل دەکرێت، لەبەر ئەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەو قاعیدە گشتیەی کە هەیە، چۆن زیکر دەکرێت، بەس ئەوەی کاک سەفەر فەرمووی و، جەنابی سکرتێر تەئکیدی کرد، ئێمە دەڵێین ئەسڵەن نەصەکە نەمێنێت، مانای ئەوەیە ئەگەر حەقێک لە زیمەتی یەکێتی هەبوو و، ئەو حەقە خەڵک دەتوانێت بە حوکمی یاسا بیکات، خۆ بە بەلاش ناتوانێت بیکات، بەس ئەوان رەبتیان کرد بە عەقار، باشە بۆ رەبتی ناکەن بە مەوادی ئەساسی کرین و لە جیهەتێکی موعەیەن، ئەو ئەساسە پاشی ساڵێک نەیدات، پارەکەی هەر نەدات، ئەو ئەساسەی بەکار هێنا، مومکینە ئەگەر ئەساسەکەی حیجز بکات ٥٠ ٪، ٤٠ ٪ی قیمەتی کۆن نەکات، ئەوە هەر نەگەیشتە حەقی خۆی، مانای ئەوەیە نەیتوانی ماددەیەکی تر حیجز بکات، ئیلا دەبێت ئەو ماددەیە حیجز بکات، لەبەر ئەوەی شت بە یاسا حیجز دەکرێت، بە بڕیاری قەزائی حیجز دەکرێت، بە بڕیاری تەنفیز حیجز دەکرێت، لەبەر ئەوەی پێویست نیە ئەوە بکرێت، (قوانین نافذه المفعول) ئیعتیادییە، ئیمکان هەیە بەو شێوەیە چارەسەر بکرێت.

ئەوە وەڵامی کاک ئیبراهیمیشم دایەوە، بەڕای من ئەو ماددەیە هەر نەبێ، چونکە ئەگەر نەقابە قەرزار بوو، شتێکی کرد حەقی هەبێ، چونکە هەر جیهەتێک حەقی هەیە بە حوکمی یاسا بیکات و موراجەعەی طورقی یاسا دەکات، ئەما بەنیسبەت (مجلس وزراء) تەبعەن جەنابی وەزیری پەروەردە دەڵێ موستەلەکاتی بۆ ئێمە نیە، با (مجلس وزراء) تەحدید بکات، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا لاریمان نیە، کە بڕگەکە بەو شێوەیە بمێنێت و، سەلیم تریشە بەڕای من لەوەی بڵێین (الجهة المشابهة) ئەو وەختی کێ ئەو جیهە موشابیهەی تەحدید دەکات، با (مجلس وزراء) وەکو خۆی بمێنێت، ئەگەر جیهەتێکی نزیکی لێ هەبوو یان وەکو ئەوەی کاک عەبدولخالق فەرمووی، مومکینە لە حەلیش بڕێک کارەسات روو بدات، زۆر زەحمەتە حەل لەو جۆرە نەقابانە کە (٢٧٠٠٠) ئەندامی هەبێت، با (مجلس وزراء) تەقدیری ئەو جیهەتەی بکات، ئێمە لاریمان نیە، چونکە پێشنیارەکەی ئێمە بە حەقیقەت لەسەر داواکاری لیژنەی پەروەردە کرد، پێویست ناکات بڵێین موئمین بووینە یان موئمین نەبووین، چونکە وا دیارە بۆمان کردن، لەبەر ئەوەی بۆمان کردن دەکات موتەفیق بووین لەگەڵیان، بەس ئێستا ئەنجامی گفتوگۆ وەکو خۆی بمێنێت باشترە و لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە پرسیارێکمان هەیە مەبدەئیەن ناحیەی یاسا ئەو ئیحتیمالە دابنێین یەکێتی مامۆستایانی کوردستان حەل ببێت، ئایا پەرلەمان موئمینە ئەگەر مەسەلە زۆربەی مامۆستایان وتیان ئێمە یەکێتی مامۆستایان ناهێڵین، ئێمە وەکو پەرلەمان رازی دەبین لەسەر ئەوە، هیچ تێبینی تر هەیە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، کاک فاتح مەحمەد ئەمین فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت یەکەم لە ماددەی بیست و دوو، ئەگەر وەکو خۆی مایەوە، لە کاتێک یەکێتی مامۆستایان قەرزار بوو کێ دەیدات ئەو قەرزە؟، یەعنی ئەگەر قەرزار بوو ئەویش حەقی نەبوو کە حیجزیش بخاتە سەری، قەرزەکەی کێ دەیدات.

بەنیسبەت خاڵی دووەمیشەوە، هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئەوساکە جیهەتی مەجلیسی وەزارەت بڕیاری ئەوە دەدات ئەمە چ وەزارەتێک لێی نزیکە یان بۆ کێ نزیک بێت، یەعنی خۆی ئەو بڕیارە دەدات، پێویست ناکات ئێمە ئەو تەفسیراتەی لێرە بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا تێ دەگەم کە ئەوە حەلی هیئەی ئیدارەیە، حەلی نەقابە نابێت، چونکە ئەوە بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی وەک سکرتێری پەرلەمان گوتی، دوایی ئەوە دەستکەوتێکی میللەتەکەمانە، یەعنی حەق نیە ئێمە وای تەسەور بکەین، ئەوە حزب نیە هەڵەیەک بکات، تاکو حەل بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە قانون نەقابە دامەزراوە، حەل نابێت من وا تەسەور دەکەم. بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئیستیفادەیە نەصەکی وا تێدا بێت کە ئێمە هەموو موتەفیقین کە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان گەورەترین یەکێتیەو زۆر گرنگی خۆی هەیە، بۆ تەقدیر و حیمایەت نەصەکی وا تێدا هەبێت کە بڵێین (لایجوز حجز أو بیع ممتلکات النقابة إلا إذا کان الدین ناشئا عن ثمنها)، جەنابی کاکەڕەش ئیشارەتی بە قەنەفە دا، ئەگەر قەنەفە بکرێ بۆ نموونە کۆنیش بێ، ئەو وەختەش ژی فەرقی ئەو قەنەفە کۆنە بە تەقدیری کۆن حیساب دەکرێ، قەرزەکە دەبێت هەر بدەن، وابزانم ئەگەر نەصەکەی تێدا بێت باشترە و شێخ عەفانیش پێی خۆش بوو شتەکی وا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصح حــــیــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئەوەی برای بەڕێزم کاک کاکەڕەش ئیشارەتی پێدا بەنیسبەت حیجز، ئەگەر نەشمینێت بەڕای من قیـمـەتی نیە، چونکە ئەو مەوزوعـە چارە کـراوە لە قـەوانینی وەزعی، بۆ نەقابە حەقی هەبێت شکایەت لە خەڵک بکات بۆ خەڵک حەقی نەبێت شکایەت لە نەقابە بکات، بۆیە حەق وایە بۆ قانونی تەنفیـزی بەجێ بهـێـڵێ چ چارەیەکی داناوە، بەپێی ئەو چارەسـەرەییـە بڕوات، لەگـەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەڕێز کاک د. ناصح سەرۆکی کوتلەی زەرد فەرموو.

**بەڕێز د. نـاصح غـــفــــور رمــــضــــان:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

لێرەدا ئەگەر بە وازیحی خاڵی یەکەمی ماددەکە بخوێنیەوە، ناڵێ نابێت قەرزەکە بدرێتەوە، یەعنی باسی ئەوە ناکات، بەس دەڵێ نابێت دەستی بەسەردا بگیرێت، لەبەر ئەوە قـەرزەکە هەر دەبێت بدرێتەوە، بۆیە ئەم نەصەی کە هاتووە، باوەڕ بکە زۆر زۆر وازیحە، هیچ خەلەلێکی تێدا نیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

ئێـمـە لەگـەڵ لیژنەی یاسایی و پەروەردە و دارایی ئێـسـتـا قـسـەمـان کـرد لەگـەڵ نوێنەرانیـان، لە حەقیقەتدا وەکو سەرۆکایەتی بەو شێوەیە دەبینین کە ماددەی بیست و دوو هەردوو بڕگەی هەبێ و نەبێ تەئسیـری نیـە، لەبەر ئەوە ئەگەر نەمێنێت چاکتـرە، ماددەی بیست و دوو ئەگەر نـەمێنێت چاکتـرە، ئەو پێشنیارە تەقدیم دەکرێت بەناوی هەموومانەوە، ئینجا تکا لەو ئەندامـە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسند دەکەن ئەو ماددەیە هەر نەمێنێت، دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی دەکەن ئەو ماددەیە هەبێت، دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی بیست و دوو بەگشتی دەنگ لەغو کرا، ماددەی بیست و سێ.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــیـــد احـــمـــد یعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

لایجوز مراقبة أو تفتیش مقر مکتب السکرتاریة أو مقرات الفروع إلا بحضور رئیس الإتحاد أو رؤساء الفروع أو من یمثل الإتحاد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ستوونی حوکمڕانی ئێمە لسەر دیموقراطیەتێ و ئازادیا بیروڕایان و تەعدودیەت هەین بۆ سولْتامە بەڕاستی یا هاڤیە دان کو حیمایەتا هاوولاتیان بکەت هەروەک حیمایەتە نەقابەتا بکەت، ئەز نزانم ئەڤ کەلیمە موراقەبێ یەعنی بۆ چی هاتووە؟، کێ موراقەبەی نەقابە دەکات؟، وابزانم چ پێویست ناکات، چ جیهەت نین مونەزەمێکی وا میهەنی موستەقر بێتە موراقەبە کرن، یەعنی ئەو سیستەمە نەمایە، ئێستا موراقەبە بخەنە سەر ئەو جۆرە جیهەتانە، ئەگەر بێتو مەسەلەی تەحری بێت، بۆ هەندێ مەسەلەی تر تەحری بە حزوری رەئیس دروستە، بەس موراقەبە نەمێنێتن، مەسەلەی موراقەبە هەڵبگیرێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەو تێبینیە بوو کە کاک ئیبراهیم گوتی کە موراقەبە نەمێنێت، یا دویش من پێشنیار دکەم جارێکی دی (إلا بقرار من المحكمة وبحضور رئيس الإتحاد) یەعنی دەبێت بڕیاری مەحکمە دەربچێت ئنجا مەقرێ تەفتیش کرن و، ئیلا سەربەخۆ دەزگایەکی رەسمی بچێت مومکین نینە لە قانونا ئیل ڤێرێ زۆر پێویستە بێژێت ( لايجوز تفتيش مقر مكتب السكرتارية أو مقرات الفروع إلا بقرار قضائي وبحضور رئيس الإتحاد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەنیسبەت منەوە موڕاقەبە هەر ئیشارەی باش نیە بیکەین، مەسەلەی تەفتیش وەک د. رزگار وتی، بەڕاستی دەبێت بە بڕیار لە مەحکمە بێت، نابێت هیچ جیهەتێک حەق بدات بەخۆی بڕوات بۆ تەفتیشی نەک بەس نەقابەی مامۆستایان، بەڵکو گشت نەقابات، ئیلا دەبێ بە بڕیاری قەزائی بێت، لەبەر ئەوەی یان ئەو بڕگەیە دەبێت ئیعادەی صیاغە بکرێتەوە، چونکە موڕاقەبەمان نیە لە کوردستان، لەسەر چاپەمەنی موڕاقەبە نیە، چۆن لەسەر نەقابات هەیە، لەبەر ئەوە ئەو

وشەیە هەر نابێت داخیل ببێت، تەفتیشیش یان تەحریاتە ئەویش بە ئەمری قەزائی ئەبێت (وبحضور رئیس الإتحاد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو ماددەیەش هەر نەمێنێت، چونکە ئێمە بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەچین، ئەوەش وەکو هەر دەزگایەکی ئەگەر تەفتیش بکرێن لە قەزا یان لە مەحاکم ئەمرێک دەردەچێ هەر جێگایەک بیانەوێ بەرەو کۆمەڵگایەکی مەدەنی دەچی تەفتیش دەکرێت، ئەوە ئیستیسنا ء نیە لەگەڵ جێگایەکانی تر هەر جێگایەک حکومەت بیەوێ تەفتیشی بکات بە قانون بە حوکمێک دەچێت تەفتیشی دەکات، بۆ لێرە هەبێت بۆ جێگایەکی تر نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بۆ ئەوە کراوە کە حەسانەتێکی تایبەتی بدرێت بە نەقابەی مامۆستایان کە موحتەمەلە، نیزام چەند دیموکراتی بێت و یاسا چەند سەروەر بێت، لەوانەیە دەزگایەک هەبێت موراقەبە هەر بخاتە سەری، لەوانەیە فەرمانبەرێک یان کارگێری مەرکەزێک بچێت خۆی پیا بکات، ئەو ئیحتیماله هەیە لەبەر ئەوە هەبوونی ئەو بڕگەیە لە یاسا بە تەئکید زەرەری نیە و، ئەگەر هەشبێت هەر قازانجی دەبێت بەنیسبەت نەقابەکە خۆی،بەس مومکینە ئیزافەی ئەوەی بە بڕیاری مەحکمە بێت ئەوە زورورییە، سیغەکەشی ئەگەر وابێت زۆر وازیح بێت مەوزوعەکە مومکینە خراپ نەبێت، بەڕێز کاک یۆنادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە دەبوایە لیژنەی تەفتیش و لیژنەی پەروەردە خۆیان ئیتیفاق بکەن لەسەر ئەو سیاغەتانە، پێموایە مەبەستیان ئەوە نیە خەڵکێکی ئاسایش بێن موراقەبەی ئەو مەقرە بکات یان بۆ نموونە تەفتیشێکی ئەمنی بکات نا، مەبەستیان ئەوەیە کە رەقابە و تەفتیشی دارایی و ئیداری ئەو شتانەیە کە یاسایان دەوێت، ئەگەر ئەوە نەبێت، دەنا دەبێت هەر نەمێنێت، چونکە هەموو کەسێک ئەگەر خەرقێکی قانونی ئەمنی کرد جیهازی قانونی جیهازی ئەمنی وڵات حەقی هەیە بەپێی بڕیاری مەحکمە موراقەبە بکات و ئیجرائاتی خۆی بکات، بەڵام ئەگەر ئەوەی تر بێت بە شێوەیەکی تر سیغە بکرێت بەڕای من تەبیعیشە و بەڵام مەفهوم بێت، ئەوە مەفهوم نییە، رەقابە و تەفتیشی داراییە یان ئەمنیە، کامەیانە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەفتیشی مالی دانراوە (خاضع للرقابة المالیة) لە برگەیەکی پێشتر دانراوە، ئەوە جیاوازە، رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو بەڕێزتان فەرمووتان مەوزوعەکە بۆ حەسانەیە، نالێت (مراقبة وتفتیش مالیة) دەڵێ (مراقبة أو تفتیش مقر) مەقر چ پەیوەندی بە دارایی هەیە دەڵێ ( لایجوز تفتیش مقر) مەسەلە تەفتیشی مەقرە، سبەینێ مەرکەزی شورطە کە کارەساتێکی کوشتن دەبێت، یەکسەر دەڵێ کابرای قاتیل رووی کردە ناو مەقری یەکێتی مامۆستایان و، غار دەداتە ناو مەقری یەکێتی و هەمووی تەفتیش دەکات لەو حالەتانە مەفروز نیە ئەو بتوانی بچێتە مەقری ئیتیحاد دەبێت ئاگاداری سەرۆکی لقەکان بکات و، دەبێت ئاگاداری قازی تەحقیق بکات و، هیچ لایەنێک نیە بتوانێت بچێتە جێگایەکی مەسکون ئیلا (بقرار من المحکمة) ئەوە یاسایە، لەبەر ئەوە لێرە پێویستی بە وشەی قەزائی نیە، بەس لێرە ئێمە ئیشتیراکی شتێکمان کردووە، یەعنی ئەگەر بریاری قەزائیش هەبێت هەر دەبێت سەرۆکی ئیتیحاد حازر بێت، ئەوجا بچێتە ژوورێ، ئەوە لێرە حەسانەیە بۆ مەقری ئیتیحاد، یەعنی فەرز بکە قازی تەحقیق بریاری دا تەفتیشی مەقری یەکێتی مامۆستایان لە دهۆک بکرێ، نابێ قازی تەحقیق بچێتە ناو مەقری ، دەبێت ئاگاداری سەرۆکی لقی دهۆک بکات، بڵێتە لقی دهۆک من بریاری قەزائیم پێیە وا دەچمە ناو مەقری جەنابت فەرموو حازر بە، دەبێت سەرۆکی ئیتیحاد حازر بێت، ئەوجا بچێتە ناو مەقرەکەی، نەک لە خۆیەوە بچێتە ناو مەقرەکەی، هەتا ئەگەر بریاری قەزائیشی پێ بێت، لێرە ئیشتیراکی حزووری ئەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە زۆر باش هاتووە، پێویستی بە بریاری قەزائی ناکات، چونکە بەبێ بریاری قەزائی کەس ناتوانێت بچێتە جێگایەک، ئەگەر یاسا رەچاو بکرێت هیچ جێگایەکی مەسکون نابێت خەڵک بچێتە ناوی بەبێ بریاری قەزائی، یان بۆ نموونە لایەنێک وا تەسەور دەکات کە ماددەیەکی مەمنوع لەناو مەقرەکە هەیە فەرز بکە ئیخباریەکی دەکات، دەڵێ ماددەیەکی مەمنوع لەناو ئەو جێگایە هەیە، پۆلیسی گومرگ لەخۆیەوە غار نەدا بچێتە ناو ئەو مەقرە بڵێ وەڵلا من دەچمە ژوورەوە لەبەر ئەوەی مەوادی تیرۆر لێرە هەیە، مەفروزە بێت موراجەعەی مەحکەمەی گومرگی بکات، ئەوێ بەپێی یاسا ئەگەر سەلاحییەتیان هەبێت بریار وەربگری، پاشی بریار وەرگرتنیش ئاگاداری سەرۆکی ئیتیحاد بکات، بڵێ ئەمە بریارێکی قەزائیم هەیە بۆ تەفتیش کردنی ئەو مەقرەی جەنابت وەرە حازر بە لەکاتی تەفتیشی، لەبەر ئەوەی ئەوە حەسانەیە بۆ مەقری ئیتیحاد و زەروورییە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

تەعقیبی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەمە ئاخیر تەعقیبە، بەڕێز كاك شمایل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شـمـائیل ننو بنیـامین:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

بەڕاستی من پشتگیری پێشنیارەكەی كاك د. ئیدریس دەكەم، ئەوەی ئێستا كاكەڕەش باسی كرد، بەڕای من ئەو خاڵە ئەگەر لێرە تەسبیت كرا، مانای ئەوەیە حەسانە بۆ مەقری یەكێتی مامۆستایان هەیە، بەس مەقراتی تر نیە، تەوەجوهاتی ئێمە، تەوەجوهاتی دیموكراتی ئەوەیە یاسا حیمایە وحەسانە دەدات بەبێ تەسبیتی ئەو خاڵە لێرە، بەڕای من ئەو خاڵە لەغو بكرێت، باشترە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز كاك ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم عـبـدالقـادر دوغـرمـچی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

ڕێزم بۆ بەڕێز كاكەڕەش هەیە، بڕگەیەك هەیە لێرە دەڵێ (لایعمل بأي نص) ئەمە ئەگەر بڕیاری قەزائی زیكر نەكەین یان ئەمری قەزائیش پێی ناكرێت تەفتیش بكات، لەبەر ئەوە زۆر زۆر زەروورییە زیكر بكرێت بە بڕیاری قەزائی (بقرار قضائی)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

فەرموو كاكەڕەش.

**بەڕێز كـاكـەڕەش مـحـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

تەفتیشی جێگای مەسكون ئەوە مەبدەئێكی دەستووریە، یەعنی حورمەتی مەساكین حورمەتی هەموو جێگایەك مەسوونە بە حوكمی دەستوور لەسەر ئەساسی دەستووریەتی قەوانین بگوترێت و نەگوترێت، هیچ كەسێك حەقی نیە بەبێ بڕیاری قەزائی جێگایەكی مەسكون تەفتیش بكات، ئیلا دەبێت بە بڕیاری قەزائی بێت، مەبدەئێكی دەستووریە، ئەوە لە مەبادیئی دەستووردا هاتۆتە خوارێ سەربەخۆیی فەرد ئەوە لە قواعیدی گشتی دەستوورە، بەداخەوە كە ئینسانێكی یاسایی بڵێ ئەگەر ئەوە وتی (لا یتعارض) ئەوە تەعاروزی هەیە، هیچ تەعاروزی نییە، ئەگەر هەر یاسایەك لەگەڵ دەستوور تەعاروزی هەبوو، ئەوە یاسایەكە ئیهمال دەكرێت، مەبدەئێكی دەستووریە ئیمكان نیە جێگایەكی مەسكون تەفتیش بكرێت ئیلا دەبێت بە بڕیاری قەزائی بێت، ئەوە سابیتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڕیاری قەزائی داخیلی بڕگەکەمان کرد وابزانم هیچ زەرەری نییە، تەسبیتێکە بۆ حەسانەکەی، ئەوە یەک.

هی دوو، ئەوەی کاک شەمائیل باسی کرد لەزۆربەی زۆری نەقابات هاتووە حەسانەی تایبەتی داوە بە مەقری نەقابە و بە ئەندامانی نەقابەش، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو سیغەیە بخوێنەوە چۆنە ئەمەیان، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ڕۆشنایی پێشنیارەکانی ئەندامان، سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارەی هەیە، مادده بیست و دوو ( لایجوز تفتیش مقرات الإتحاد إلا بقرار قضائي وبحضور رئیس الإتحاد أو رؤساء الفروع أو من یمثل الإتحاد ).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەش هەیە، تێبینیتان هەیە لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەسڵی ماددەکەینە، لەبەر ئەوەی پێویستی بە بڕیاری قەزائی ناکات، چونکە مەبدئێکی سابیتە بڕیارەکانی قەزائی، هەموو شتێک وەڵڵا پێویست نییە زیکری بکەینەوە، چونکە جائیزە، ئێستا هەموو برادەرانی یاسایی لێرەنە، یەکەکیان هەڵبستێت بڵێ جائیزەماڵێک تەفتیش بکرێ بەبێ بڕیاری قەزائی، دەڵێم قەیدی ناکات هەر جێگایەکی مەسکون نەک ماڵ بەبێ بڕیاری قەزائی خەڵک بچێتە ژووری، ئەگەر جائیزە بچێتە ژووری من لاریم نییە، لەبەر ئەوەی بڕیاری قەزائی بۆ چییە، ئەوەی ناوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەڕەش باسی کرد، ڕاستە، بەس لە حالەتێک ئێمە دەستوورمان هەبێت ئەو مەبدەئە ڕاستە مەبدەئێکی دەستوورییە، بەس تەسبیت نەکراوە تاکو ئێستا لە هیچ وەسیقەیەکی موحەڕەر،

لەبەر ئەوە بەڕای من ئیراد کردنی ئەو مەبدەئەی دەستووری لەو یاسایە زەرەری تێدا نیە، بەپێچەوانەوە، قازانجی تێدایە، ئەوە یەک.

دوو، بەڕای من مەقری نەقابە یان هەر ئیتیحادێک ناتوانین موقارەنە بکەین لەگەڵ ماڵێک، ماڵ حورمەت و حەسانەیەکی تایبەتی هەیە لەگەڵ مەقراتی تر، بەڕای من ئیعتیبار نابێت و بە مەحەلێکی مەسکون حیساب نابێت لە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکەڕەش نەقشبەندی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە زۆر دەستوور هاتووە، دەڵێ (حرمة المساكن والمكاتب) مەکاتبیشی تێدایە، مەقری ئیتیحاد یەکێکە لەو مەکاتیبە، مەکاتیب بە جێگایەکی مەسکون ئیعتیبار دەکرێت خەڵک نابێت بچێتە ژووریَ ئیلا بە بڕیاری قەزائی نەبێت، چونکە مەکتەبیش حورمەتی خۆی هەیە بە مەسابەی مەسکەنە، یەعنی ژووری مەکتەبی پارێزەرێک فەرقی نیە لەگەڵ ماڵی کە دەچێتە ژووریَ بە بڕیاری قەزائی، دەبێت بە بڕیاری قەزائی بچێتە ژووریَ تەفتیشی بکات، ئەگەر نا حەقی نیە بچێت تەفتیشی مەکتەبێک بکات، لەبەر ئەوە یەکێتی مامۆستایان کە تەمسیلی (٢٧٠٠٠) کەس دەکات لە خۆڕا بچێتە ژووریَ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ پێشنیارەکەی سەرۆکایەتی هیئەم و، وجودی بڕیاری مەحکمە زۆر زەرووریيە لەبەر دوو لایەن:

یەکەمیان: ئەو ئیشارەیەی کە ئێمە دەستوورمان نییە، یان یاسای ئاساسیمان نییە.

دووەم: بەڕاستی هەندێ جیهازی تایبەتیمان یان ئەمنیمان حەق دەدات بەخۆی، ئەو قەزییە ئەگەر تەسبیت کرا، ئەو حەقە نابێت، بەڕای من زۆر باشە و بەنیسبەت گشت نەقابات و حزبەکان و ئەوانەی کە ئیجازەی یاسایی خۆیان وەرگرتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، کەواتە هەردوو پێشنیارەکە دەیخەینە دەنگدانەوە، هی خۆتان بخوێنەوە، ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە یەکەم جار، پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدانەوە یەکەم جار یان ئەسڵەکە، رای لیژنەی

یاسایی چیه؟ کامیان دەخەینە دەنگدانەوە یەکەم جار، پێشنیارەکە، فەرمووپێشنیارەکە بخوێنەوە و بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون:

(لايجوز تفتيش مقرات الإتحادإلا بقرار قضائي وبحضور رئيس الإتحاد أو رؤساء الفروع أو من يمثل الإتحاد).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و دوو بەو شێوەیەی خوێندرایەوە بەو پێشنیارە دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددە بیست و دوو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والعشرون:

يتم منح هويات الأعضاء من قبل الفرع ضمن الحدود الجغرافية للمحافظة ويجب أن تكون موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی بیست و سێ، فەرموو د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نزانم (يتم منح هويات الأعضاء من قبل الفرع) ودیزڤەرنە (ويجب أن تكون موحدة وصادرة من مكتب السكرتارية) یەعنی ئەڤ گەل لێکدانە چۆن دەبێت( صادرة من مكتب السكرتارية ويحق الفرع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بۆی شەرح بکەن، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەدەف لەوەیە کە دەڵێین ( صادرة من مكتب السكرتارية) مەوزوع کلێشەو شێوەکەیەتی هەموو بەڵگەنامەکان لە مەکتەبی سکرتاریەت چاپ دەکرێن تەنزیم دەکرێن و دابەش دەکرێنە سەریان،

تاوەکو هەموو وەکو یەک بن، صادیر مەبەستی ژمارە و مێژووی صادیرە نییە، (صـادرة یعني المنظمة من قبل مكتب السكرتارية) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی بیست و سێ دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و سێ پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، کەس نیە پەسندی نەکات، ماددەی بیست و سێ بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و چوار.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون:

لا یعمل بأي نص یتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ماددەی بیست و چوار، دیارە تێبینی نیە، ماددەی بیست و چوار دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و چوار پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی بیست و چوار بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و پێنج.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والعشرون:

على مجلس الوزراء تنفیذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ماددەی بیست و پێنج، دیارە تێبینی نیە، ماددەی بیست و پێنج دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و پێنج پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی بیست و پێنج بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و شەش.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة والعشرون:

ینفذ هذا القانون إعتبارا من تأریخ نشره في جریدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ماددەی بیست و شەش، دیارە تێبینی نییە، ماددەی بیست و شەش دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و شەش پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی بیست و شەش بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

ئێستا هەموو یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عێراق دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی هەموو یاساکە پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، هەموو یاساکە بە گشتی دەنگ وەرگیرا. فەرموو کاک د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی لیژنەی پەروەردە و بە نوێنەرایەتی شێخ عەفان بەناوی مامۆستایانی کوردستانیشەوە و بەناوی کوتلەی زەردیشەوە، بەناوی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە زۆر سوپاسی ئێوەی بەڕێز و یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە چوار رۆژە ئێمە خەریکی تاوو توێ کردنی ئەم یاساییەن کە نزیکەی ساڵێکە هەموومان، بەتایبەتی لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسا و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە کاری لەسەر دەکەین، جگە لەوە یەکێتی مامۆستایان خۆیان و لایەنە سیاسیەکانیش دەوری باشیان بینیوە و، هەروەها ئەو لیژنانەش دەوریان بینیوە لە تاوو توێ کردن و را دان لەسەر ئەم یاسایە، بۆیە جارێکی تر بەناوی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو، هەروەها بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم و، پیرۆزبایی لە یەکێتی مامۆستایان دەکەم کە ئەم یاسایەیان بەم شێوەیە و، بەرێکوپێکی دەرچوواند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک د. ناصح وەکو سەرۆکی کوتلەی زەرد، بەڕێز شێخ عەفان نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی گشت مامۆستایانی کوردستانەوە، سوپاسێکی بێ پایانمان هەیە، بەتایبەتی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسا و لیژنەی پەروەردە و لیژنەی دارایی و، لیژنە تایبەتەکانی تر، هەروەها یەکە یەکەی ئەو برادەرانەی کە بە تایبەتی یاساکەیان تێرو تەسەل کرد، ئومێدەوارین مامۆستایانی کوردستان دەوری خۆیان ببینن لەو دەورەی کە بینیویانە لە ساڵانی رابردوو و،

خاوەنی (٣٨٢) شەهیدی مامۆستان لە مامۆستا حەسیبی لە بیر نەچۆوە تا مامۆستا فەرەنسۆ هەریری و، ئومێدەوارین پرۆسەی پەروەردە چاکتر و باشتر لە کوردستاندا جێ بەجێ بکرێت و، هەروەها نەهێشتنی نەخوێندەواری بەجۆرێک بێت ئێمە شان بە شانی وڵاتانی پێشکەوتوو دەوری خۆمان ببینین و مامۆستایانی کوردستانیش وەک پێشمەرگەیەکی ماندوو نەناس لەو مەیدانە دەوری خۆیان ببینن و، سوپاس و پێ زانینمان بۆ دەزگای شەرعیەت لە کوردستان، هەر بژین بە شادی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، پیرۆزبایی لە هەموو مامۆستایانی کوردستانی عێراق دەکەین بە دەرچوونی یاسای یەکێتی مامۆستایانی کوردستانی عێراق لە هەمان کاتیشدا سوپاسمان ئاراستەی هەموو ئەو لیژنانە دەکەین کە کاریان لە پێگەیاندنی ئەم یاسایە کردووەو هەموو ئەندامە بەڕێزەکان کە کاریان تێ کردووە و چ بە پێشنیار، چ راستەوخۆ بۆ چاک کردن و گەشە کردنی ئەم یاسایە، هیواداریـن یاسایەکە ببێتە مایەی پارێزگاری لە مافەکانی مامۆستایانی کوردستان و چاک کردنی باری گوزەرانیان، هەروەها هیوادارین کە یاساکە ببێتە مایەی پێشکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێر کردن لە کوردستاندا، جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین.

ئێستا بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێک پشوو دەدەین، پاش ئەوە دێینەوە بۆ برگەی دووەمی کاروباری ئەمرۆمان.

پاش پشوودان..........

ئێستاش دەچینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمرۆمان ئەویش:

٢ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان).

بۆ ئەم مەبەستە تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی و ئەندامێکی لیژنەی دارایی دەکەم کە بفەرموون بۆ سەر سەکۆیەکە.

بەڕێز کاک محەمەد سەعید یەعقوبی و بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموون، لیژنەی یاسایی تکایە رای خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ اربیل

لجنة الشؤون القانونية
العدد: ٨
التاريخ: ٢٠٠٢/٤/٦

الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم
م/رأي اللجنة

كتابكم المرقم ك/ ١٥ والمؤرخ (٢٠٠٢/٣/٢٨)
إجتمعت اللجنة القانونية في المجلس الوطني للنظر في مشروع التعديل الاول لقانون هيئة صندوق تقاعد المحامين في اقليم كوردستان العراق المرقم (١٨) لسنة ١٩٩٩. وبعد قيام اللجنة بدراسة ومناقشة المشروع المذكور من كافة الجوانب ايدت اللجنة بالاجماع مشروع التعديل للمبررات الواردة في اسبابه الموجبة وذلك بعد الاخذ بنظر الاعتبار الملاحظات والمقترحات المدرجة ادناه راجين التفضل بالاطلاع وعرض المشروع على المجلس الوطني للمناقشة وابداء الرأي.

مع فائق التقدير

الملاحظات والمقترحات:
١ ـ بالنسبة للمادة الثانية من المشروع: « تقترح اللجنة جعل المدة الواردة في الفقرة الرابعة من المادة الثالثة من القانون سنة واحدة بدلاً من سنتين»
٢ ـ بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع: « تقترح اللجنة جعل النسبة الواردة في الفقرة (٣) في المادة الخامسة من القانون ١٥٪ بدلا من ١٠٪ من الاتعاب التي تدفع للمحامي عند توكيله في الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوي.
٣ ـ بالنسبة للمادة الرابعة في المشروع: « إضافة الى التعديل الوارد في المشروع بشأن الفقرة (١) في البند ثانياً في المادة السادسة من القانون تقترح اللجنة مايلي:
١ ـ تعديل البند ثالثاً من نفس المادة في القانون وإعادة صياغتها وعلى الوجه الاتي:
{ يدفع المحامي بدلات إشتراكات الصندوق دفعة واحدة خلال شهر كانون الثاني من كل سنة وفي حالة التخلف عن موعد الاستحقاق تضاف نسبة (٥٠٪) من بدل الاشتراك السنوي}.
٢ ـ تعديل البند سادسا من نفس المادة من القانون وإعادة صياغتها وعلى الوجه الاتي:
«على الدوائر الرسمية والاشخاص المعنوية أن تستقطع النسب المقررة قانونا من بدل أتعاب المحامي وتحويلها الى الصندوق مباشرة».
٤ ـ بالنسبة للمادة الخامسة من المشروع: «تقترح اللجنة إلغاء المادة الخامسة من المشروع والخاصة بتعديل المادة الثانية عشرة من القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، رای لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جـــمـــيـل عـــبـــدى سندى:**

**بەڕێز ســـەرۆكى ئـەنجـــومـــەن.**

راى ليژنەى دارايى ئەوەيە:

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ اربيل

لجنة الشؤون المالية والاقتصاد

العدد: ج/٥

التاريخ: ٢٠٠٢/٤/١٠

الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ تعديل قانون صندوق تقاعد المحامين

تحية وإحتراماً

كتابكم المرقم ك/١٥ في ٢٠٠٢/٣/٢٨ والمرفق به التعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق المرقم (١٨) لسنة ١٩٩٩ والمرسل من قبل رئاسة مجلس الوزراء بالكتاب المرقم ٢٥٤ في ٢٠٠٢/٣/١٩.

إجتمعت لجنتنا يوم الاربعاء ٢٠٠٢/٤/٣ و ٢٠٠٢/٤/٩ لدراسة ومناقشة المشروع المذكور أعلاه. وبعد الدراسة والمناقشة ندون ادناه توصياتنا بالاغلبية:

١ ـ الديباجة غير موجودة ومن الضروري كتابة الديباجة بصورة صحيحة وتصحيح السطر الثاني وتقرأ كالاتي: « ماعرضه وزير شؤون مجلس الوزراء ووافق عليه مجلس الوزراء».

٢ ـ المادة الاولى: ليس من الصواب الحاقها بوزارة المالية والاقتصاد لكون الصندوق خاص بالمحامين ويمارسون مهنة حرة.

٣ ـ المادة الثانية: في الفقرة (٣) إحلال كلمة (الحكام) بدلاً من (حكام الدرجة الاولى) وفي السطر الثالث إحلال كلمة (مجلس) قبل (نقابة المحامين) وتقرأ «ويرشح مجلس نقابة المحامين». وفي االفقرة (٤) من هذه المادة تقرأ كالاتي «تعين وزارة المالية والاقتصاد اعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة (٣) من هذه المادة لمدة سنتين قابلة للتجديد».

٤ ـ المادة الثالثة: فقرة (ب) نرى من الضروري حذف هذه الفقرة حيث اصل المادة متكونة من خمس فقرات فكيف تضاف فقرة (٤) علما بأن أصل الفقرة موجودة في القانون وتسلسلها فقرة(٤).

٥ ـ المادة الرابعة: تعدل المبالغ في الفقرات وتكون كالاتي:

أ ـ ٢٥٠ دينار.

ب ـ ٣٠٠ دينار.

ج ـ ٣٥٠ دينار.

د ـ ٤٠٠ دينار.
ه ـ ٤٥٠ دينار.
و ـ ٥٠٠ دينار.
٦ ـ المادة الخامسة: تحذف هذه المادة من المشروع ولا حاجة لتعديلها.
٧ ـ المادة السادسة: لا نوافق على تعديل المادة (١٥) من القانون الاصلي حيث مبلغ (٥) دنانير شهريا لاحتساب المدة كافية.
٨ ـ المادة السابعة: حذف هذه المادة من المشروع حيث لا نوافق على تعديل المادة (١٦) من القانون الاصلي.
٩ ـ المادة الثامنة: الفقرة (١) تعديل المبلغ الى (٩٠٠) دينار شهرياً ويقرأ كالاتي (عوائل المحامين الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية راتباً تقاعدياً لايقل عن (٩٠٠) ديناراً شهرياً.
١٠ ـ الاسباب الموجبة: حذف عبارة « والحاقه بوزارة المالية والاقتصاد للإقليم لتتولى هي مهمة تمويلها ».

هذا ولكم الأمر مع التقدير

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك بورهان.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من هەروەكو ئەندامێكم لە لیژنەی دارایی و، هەروەها ئیش دەكەم لە نەقابەی پارێزەران سەرۆكی دەستەی سندووقی خانەنشینی پارێزەرانم، زۆر ئاگادارم لە وەزعی كە ئێستا سندووق تێیدایە و، ئەو مەوردەی هەیەتی، بەڕاستی سوپاسی وەزارەتی دارایی دەكەین كە مینحەیەكمان دەداتێ و، ئێستا منحەكە گەڕاوەتەوە بۆ نیوە، لەبەر ئەوە ئێستا ئەم پرۆژەیەی تەقدیم كراوە و گەیشتۆتە پەرلەمان، لەبەر ئەوەی هەندێ كەموكوڕی لە ناو مادده یاساییەكە هەیە (یاسای سندووقی خانەنشین) دەمانەوێ تەعدیل بكرێت و ئەو كەموكوڕیانەی تێدایە چاك بكرێت، بەڕاستی ئێستا سندووقی خانەنشین پاش ئەو یاسایەی كە كرا لە ساڵی ١٩٩٩ بە سوپاسەوە خانەنشینی پارێزەران ئێستا زیاد بووە لەگەڵ ئەو خانەنشینەی كە ئەوسا وەردەگیرا، ئێستا تەقریبەن(١٧) خێزانمان هەیە، بەپێی یاسای كۆن خانەنشینی هەر یەك لە پارێزەران ناگاتە (١٢٠) دینار، ئێمە وەكو لە موئتەمەر كە دەنگی لەسەر درا، بۆ ئەوەی وەزعی خۆمان چاك بكەین و زائیدەن ئەو یارمەتیەی كە لە حكومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی بۆمان دێت رسوومات‌مان زیاد كردووە،

رسووماتی ئەو پارێزەرانەی کە ئیشتیراک دەکەن لە سندووقی خانەنشین و نەقابەی پارێزەران رسووماتمان زیاد کردووە، ئەو یاسایەی کە ئێستا دەرچووە، ئەو تەقاعودیەی کە ئێستا بە پارێزەران دەدرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین نەگەڕێینەوە یارمەتیان بدەین، بەڕاستی ئەو رسووماتەی کە ئێستا بەڕێزتان و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەیبینن، کە ئێمە رسووماتمان موزاعەف کردووە، ئەو رسووماتەی کۆن کە ئێستا وەریدەگرین زۆر زۆر کەمە، ئەگەر بەڕێزتان بفەرموون پاش من ئەو رسووماتەی کە بە یاسای کۆن وەریدەگرن هەر زۆر کەمە لەگەڵ ئەوە ئێمە ئێستا زیادیشمان کردووە، بەڕای من لە لیژنەی دارایی، تەبعەن موخالیفی بەڕێزان ئەندامان و سەرۆکی لیژنەی داراییە، چونکە ئەوان زۆر بۆچوونیان گونجاو نەبوو لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی من کە لە لیژنەکەماندا وتم، بۆیە من داوای لێبوردنم کرد و، تەحەفوزم کرد لەسەر بڕیاری راپۆرتی لیژنەکەمان، ئەو بۆچوونانەی کە ئێستا کاک جەمیل خوێندیەوە، ئەوە هەندێ رایە لە برادەران و، رای منی تێدا نیە، چونکە من لە وەزعەکە دەزانم سندووقی خانەنشین مەوردێکی زۆر زۆر کەمی هەیە، پارێزەران شایەنی ئەوەن کە تەقاعودیەکی گونجاو وەربگرن، خێزانی وامان هەیە ئێستا تەقاعودیەکانیان کە دێن وەربگرن، بەڕاستی تەقریبەن پێنج شەش مانگ تەئخیری دەکەن، بۆ ئەوەی کە شتێک هەبێت بیبەن بۆ ماڵەوە، بەڕاستی هەر تەقاعودی (٩٠) دینارە یان (٨٠) دینارە یان (١٠٠) دینارە لەوە زیاتر نییە، لەبەر ئەوە هیوادارم وەکو ئەو راپۆرتە بێت کە لە لیژنەی یاساییەوە هاتووە، پشتگیری دەکەم و برادەرانیش پشتگیری بکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راپۆرتی لیژنەی دارایی هی لیژنەکەیە، مومکینە جەنابت تەحەفوزت کرد بێت، بەس بە زۆری تەئیدییان کردووە، لەبەر ئەوە راپۆرتی لیژنەکە خۆیەتی، چاکیشە رای خۆت دەربڕی، تەبیعی بە گفتوگۆ کردنی یاساکە مادده بە مادده، ئەو وەختە دەتوانی رای خۆت جارێکی تر تەرح بکەیت دەربارەی هەر ماددەیەک، هەروەکو بۆ ئەندامانی بەڕێزی تریش هەیە رای خۆیان تەرح بکەن، بەس بەنیسبەت ئەو مەوزوعەوە ئیلحاقی سندووقەکە بە وەزارەتی دارایی، ئەوانەی موافەقەتی وەزارەتی لەسەرە، لەبەر ئەوەی ئێمە ناتوانین بیکەین بە یاسا و بە بڕیار، ئەگەر وەزارەتەکەش موافیق نەبێت لەسەر ئەوە، تەسەور دەکەم ئەوە ئیشکالە بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ئەو مەوزوعە کراوە، ئێمە ئەوە دوو ساڵە پێوە خەریکین بە حەقیقەت، ئەوە یەک لە داواکارییەکانی پارێزەرانە لە کۆنگرە، وەکو راسپاردەیەکی کۆنگرە و هەیئەی سندووق تەخویل کرا کە ئەم پرۆژەیە ئامادە بکات و، چەندین لیژنەمان تەشکیل کردووە لەناو

پارێزەران تاوەکو ئێستا تا بەو ئەنجامە گەیشتینە، هەیئەی سندووق مومەسیلی وەزیری دارایی تێدایە کە مدیری عام دەیکات، پاشان چووەتە تەدوین قانونی لەوێش موافەقەت کراوە، هاتۆتە ئەنجومەنی وەزیران وتەبەنی کردووە و بووەتە پرۆژەیەک، بۆیە داواکاری پارێزەرەکان ئەوەیە کە ئیلحاق بکرێت بە هەیئەی سندووق، چونکە لە حەقیقەتدا پەیوەندیەکی زۆر پتەو هەیە لەنێوان هەیئەی سندووق و نێوان وەزارەتی دارایی، بۆ نموونە:

یەکەمینیان: نوێنەری وەزارەتی دارایی ئەندامە لە هەیئەی سندووق بە سیفەتی مدیری عام.

دووەم: مینحەی هەیئەی سندووق هەرچەندە منحەیەکی موتەوازیعە وەزارەتی دارایی دەیدات.

سێیەم: بڕیارەکانی هەیئەی سندووق ئەگەر هاتو ئیعتیرازی لەسەر بکرێت لە وەزارەتی دارایی ئیعتیرازی لەسەر دەکرێت لە هەیئەی تەدقیقی قەزایای خانەنشین.

چوارەم: تەعلیماتی تایبەت بە ئوجوری پارێزەران لە لایەن وەزارەتی داراییەوە دەردەچێت، هەموو هەیئاتی سندووق هی حکومەتی مەرکەزی مەربوت بوون بە وەزارەتی دارایی، لەگەڵ ئەوەش هەیئەی سندووقی خانەنشینی پارێزەرانی ئێمەی ئێستا هەتاکو ١٩٩٩ مەربوت بوو، چونکە قانونی بەغدا نافیز بوو، بەڵام ڕەنگە بە هەڵەیەک ئەم برگەیە هەڵگیرا، دوایێ ئەنجومەنی وەزیران تەمویلەکەی هەڵگرتووە، تەنها ئیدارەکەی داوەتە دەست وەزارەتی دارایی، هیواداریین ئەم برگەیەمان بۆ تەسبیت بکەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەلایەن وەزیری داراییەوە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان مامەندۆ/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەلای ئێمەوە ئەوەی کە گرنگە تەمویلەکەی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە نەبێت، چونکە پارێزەرەکان فەرمانبەر نین، ئێمە بۆ هیچ نەقابەیەک و سەندیکایەک تەمویلەکەی لە لایەن وەزارەتی دارایی نەکراوە، بۆیە لابردنی تەمویلەکە و هەڵگرتنی ڕەنگە کێشەکەمان چارەسەر ببێت، چونکە ئێمە وەزعی دارایی ئێمە تەحەمولی ئەوە ناکات کە تەمویلی سندووقی نەقابەی پارێزەران بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا موناقشەی ئەو ماددەیە ناکەین، تکایە با ماددە ماددە دەست پێ بکەین، فەرموو ماددەی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحیم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

إستناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء، شرع المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٢

قانون التعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق المرقم (١٨) لسنة ١٩٩٩

المادة الاولى:

تعدل الفقرة اولا من المادة الثانية من القانون وتقرأ كالاتي:

اولاً: يؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين تحدد موارده ونفقاته وتدار من قبل الهيئة بموجب احكام هذا القانون وتلحق بوزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیباجەكە وازیح نەبوو( بناء علی ما عرضە مجلس الوزراء) وا هاتووە، چۆنتان نوسیوە دیباجەكە (بناء علی ماعرضە مجلس الوزراء) خۆی دەبێت (مجلس الوزراء) عەرزی بكات، قانونەن (مجلس الوزراء) دەبێت بینێرێت بۆ پەرلەمان، لیژنەی یاسایی تێبینیان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كە باسی تەدوینی قانونی كرا لەم دانیشتنە، تەدوینی قانونی موافیق نەبووە لەسەر ئەم گۆڕانكاریە و تەعدیلاتانە، بەڕێز بورهان جاف خۆی تەمسیلی نەقابەی كردووە لەوێ تەدوینی قانوونی موافەقەیان نەكردووە، هەروەكو بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرمووی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەک دەقیقە كاك جەمیل بەو ئیتیجاهە قسە بكە كە گفتوگۆیەكانی لەسەر بێت، ئێمە دەڵێین

ماددەکان، رات لەسەر ماددەی یەک، ماددەی یەک کە هاتووە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بۆ پەرلەمان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، ئینجا لەناو ئەنجومەنی وەزیران کێ موافیقە و کێ موافیق نیە، پەیوەندی بە ئێرەوە نیە، تێبینیت لەسەر ماددەی یەک چیە فەرموو بڵێ.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبووردن دەکەم، لێرەدا هاتووە (وتلحق بوزارة المالية والاقتصاد)، رای لیژنەی دارایی و ئابووری ئەوەیە ئەڤ تەعدیلە نێتە کرن و ئیلحاق نێتە کرن ب وەزارەتا دارایی و ئابووری، چونکە ئێک وەزارەتا دارایی و ئابووری هەیە، قانون و نیزامی خۆی هەی و، شتی زۆر گرنگ ژی ئەوە تەمویلە، ئەگەر ناحیە فەنی بێت ناحیە تەمویل، ئەسبابی موجیبە هاتیە گوتی (لتتولى وزارة المالية والاقتصاد تمويل الصندوق) ژی بەر هەندێ ئەمن گەل ڤێرێ نینم (وتلحق بوزارة المالية والاقتصاد) شی ناحیە تمویلێ، ئەگەر ئەسبابی موجیبە بێتە حەزف کرن (لتتولى هي مهمة تمويل) ژ مەبەستا مە مەسەلە داراییە و کو نەبێتن تەشکیلاتی ویزارەتێ یێ دروست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک مەلا تاهیر.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێزمدا بۆ کاک جەمیل مەوزوع لێرە لە ماددە یەک هاتووە دەڵێ (وتلحق بوزارة المالية والاقتصاد) قەسدی ئەوە نیە یەعنی راستەخۆ تەمویلی بکات، ئێمە خۆمان ئیشتیراکاتی پارێزەرمان هەیە و دوای ئەوە دەعم دەکرێت لە لایەن پارێزەرەکان و ئیشتیراکاتی لەم تەعدیلە تازە کە ئێستا دەکرێت، یەعنی ئیشتیراکات زیاد بووە، قەسدمان لێرە لە ماددە یەک ئەوەیە لە کاتێک ئەگەر عەجزێکی تووش بوو ئینشاء الله تووشیشی نابێت، ئەگەر عەجزێکی تووش بوو ئەوە وەزارەتی دارایی دەعمی بکات، ئەگەر ئیجازەم بدەی هەروەکو چۆن هاتووە لە قانونی نەقابەی پارێزەرانی مەرکەز رەقم (٦٨) لە ساڵی ١٩٦٩ دەرچووە ماددەی سێ برگە یەک هەمان شت دەڵێ، دەڵێ (وتلحق بوزارة المالية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان تێبینیەک لە ئەسبابی موجیبە ئیشارەتێکی وازیح بە تەمویلدا هەیە، فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رازین و هەروەها وابزانم لیژنەی یاساییش رازیە بۆ ئەوەی ئەوە نەمێنێت لە ئەسبابی موجیبە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕای ئێمە ئەگەر ئیشارەتێکی وازیحیش هەبێت ئەو ئیلحاقەی بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، مومکینە وازیح بێت و ئەو ئیشکالە حەل بکرێت، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەقیقەتێک هەیە حەز دەکەم ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی بەڕێز بزانن، هەیئەی سندووق لە رۆژی دروست بوونیەوە هەتاکو ئێستا مووچەی خانە نیشینەکانی بەشێوەیەکی رێکوپێک داوە لەسەر ئەساسی تەمویلی زاتی بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی ئەوە جەنابی وەزیری دارایی دانیشتووە، ئەو پارەیەی کە بۆ ئێمە دابین کراوە وەکو هیئەی سندووق (١٠٠٠٠) دینار بووە، ئێستا بوویتە (٥٠٠٠) دینار، ئێمە تەنیا مووچەی خانەنیشینیمان ئێستا مەبلغێکی وا زۆر نیە دەتوانین دەفعی بکەین لە سنووری (١٠٠٠٠) دینارێکە دەفعمان کردووە، رەنگە هەتا ساڵێکی تر دەفعی بکەین ئیمکان هەیە بتوانین بەردەوام بین، پاش ئەوەی کە رسووماتەکە زیاد بکەین، ئێمە تەوازنێکمان داناوە لەنێوان رسومات و نێوان ئەو کەسانەی کە خانەنیشینی دەکەین و، بەرنامەیەکی تایبەتیمان هەیە کە تووشی عەجز نەبین لە دوا رۆژ، بۆیە بە حەقیقەت هیچ ئەرکێکی داراییمان لەسەر وەزارەتی دارایی نیە، هەرچەندە بەڕێز وەزیری دارایی مادی و مەعنەوی پشتگیری هەموو نەقابەکانی کردووە و، بەتایبەتی نەقابەی پارێزەران، بۆیە بە حەقیقەت ئەگەر ئەوە بێت ئێمە لەسەر ئەساسی تەنسیق و هاوکاری و تەعاونیش دەکەین بە حەقیقەت، نەک لەسەر ئەساسی وەڵلا من ئەوەم ئیلحاق کردووە بە وەزارەتی دارایی وەڵلا دوایێ داوای تەمویلی بۆ بکەم، نەک لەسەر ئەو ئەساسە، بەڵکو لەسەر ئەساسی تەنسیق و هاوکاریە، بۆیە بە حەقیقەت دانانی ئەو برگەیە زۆر زۆر گرنگە لە لای ئێمە، چونکە مەعقوولیش نیە هیئەی سندووقی خانەنشینی نەقابەی پارێزەران وا بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی سەر بە هیچ ئیدارەیەک بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لەسەر ماددەی یەک تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، لێرە ئیشارەت بە یەک شت دەدەین، مەبدەئی مەوزوعەکە گرنگە، ئەگەر مەوزوع تەمویل بێت، ئەوە سبەینێ هەموو نەقابات دەگرێتەوە، چونکە تەنیا حەسر نابێت بە نەقابەی پارێزەران و پارێزەر، ئەو وەختە هەموو

نەقابات دەگرێتەوە، دەبێت بە ئیلتیزامێکی گەورە بەسەر حکومەتی هەرێم، ئایا حکومەتی هەرێم دەتوانێت بەو ئیلتیزامە هەستێت یان هەڵنەستێت، ئەوە پرسیارەکەیە، ئینجا ئەوە مادام بە یاسا دەردەچێت، دەبێت وازیح بێت، حکومەت ئیلتیزامی هەیە بەرامبەر بە نەقابە، بەس ئیلتیزامەکەی بە تەئکید لە سنووری ئیمکانیاتی خۆیاندایە و، ئەو ئیلتیزامە تاکو ئێستا بەو شێوەیە بووە، رۆژێ زیادە رۆژێ کەم دەبێتەوە بەپێی وەزعی دارایی بڵێین وەزارەتی دارایی، تا ئێستا وا ئیشەکە کراوە، ئینجا ئێمە لە ئێستاوە بێین شتێکیان لەسەر تەحدید بکەین، سبەینێ هەر ئەرکێکی گەورەتر دەخەینە سەر شانیان دەبێت خۆیان بریاری ئەوە بدەن، یەعنی لەو ناحیەیە دەبێت خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن، چونکە گرنگی جێ بەجێ کردنی بە بەردەوامی ببینن، جا ئەگەر نەیانتوانی تەقدیری ئەوە بکەن من تەسەور دەکەم یاسایەک بەو ئیتیجاهە دەربکەین زەرەری زیاتر دەبێت لە قازانجی، بەس ئەگەر بە شێوەیەکی وا بێت بتوانن جێ بەجێی بکەن و بە بەردەوامی جێ بەجێی بکەن ئەو کاتە قازانجە بۆ هەموو لایەک و شتێکی خراپ نیە، ئەو ناوانەی نووسراون بەرێزان:

١ ـ کاکەرەش محمد نقشبندی

٢ ـ ملا محمد طاهر زین العابدین

٣ ـ حمید سلیم میران

٤ ـ ابراهیم سعید محمد

کەسی تر هەیە دەویەوێت قسە بکات، بەرێز کاکەرەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەو ماددەیە زۆر بە رێکوپێکی هاتووە، مەوزوعیش ئێمە وەک لیژنەی یاسا ئێستا باسمان کرد کە مەسەلە مەسەلەی تەمویلە لەو دیباجەیەی کە لە سەرەتای ئەسبابی موجیبە هاتووە، مەسەلەی تەمویل لەوێ نەمێنێت، هەر بڵێین (وتدار من قبل هیئة) بە ئیعتیباری ئیلحاقە و، ئەو مەسەلەیە کە دەڵێن ئیلحاقی وەزارەتی دارایی مەسەلە مەسەلەیەکی تەکنیکییە تەنیا، چونکە هەموو بڕیارەکانی سندووق خازعی تەدقیقە لە وەزارەتی دارایی، وەزارەتی دارایی تاکە جیهەتە بزانی بڕیاری سندووق لە جێگای خۆیەتی ئەو پارێزەرە وەکو پێویست خانەنیشنەکە رێکوپێکە بڕیارەکەیان راستە لە رووی یاساییەوە موتابیقە یان نا، لەبەر ئەوەی ئەگەر رەبت نەبێت بە دائیرەکەی یان ئیلحاق نەبێت بە دائیرەکەی، چۆن بێتن تەدقیقی ئەو سجلاتانە بکات، تەدقیقی ئەو بڕیارانە بکات، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە مەسەلەی ئیلحاق و، ئیلحاقیش تەمویل ناگرێتەوە، یەعنی زۆر دائیرە هەیە بە دائیرەی تر رەبت دەبێت لە زمنی میزانە، ئەسڵەن لە یاسا نەهاتۆتە خوارێ لەسەر ئەساسی میزانییەی وی تەحەمولی هیچ ئەرکێکی ئەوە بکات، ئیلحاق ناکات مانای ئەوەیە ئیلحاقی دارایی مادام بڕیاری ئەوە درا کە وشەی تەمویل لە ئەسبابی

موجیبە لابچێ و ئێمەش رازین، ئێستا وەک لیژنەی یاسا ئەو وشەیە لاببرێت لە ئەسبابی موجیبە، تەنیا ئیلحاقی بێت و ئیدارە بێت لە وەزارەتی دارایی و، هیچ مەسەلەی تەمویلی تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعدیلەکە لێرەدا دەڵێ (وتدار من قبل هیئة) تەبعەن لەپێشدا هیئەتی سندووق پێناسە کراوە لەسەرەوەدا، من لەگەڵ ئەوەم لە تەعدیلەکە سندووقی هیئە ئیزافە بکرێت، جا ئیلحاقیش دەکرێت یان ناکرێت ئەوە بۆ موختەسین بەجێ دێلین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک حەمید میران فەرموو

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە سندووقی خانەنیشینی پارێزەرانە، یەعنی هی ئەو کەسانەیە کە لەلای حکومەت ئیش ناکەن و، خۆیان کار دەکەن و، سندووقی تریشمان لەوەو پێشتر زۆر بووە کە دانراوە هەر هەمووی نەدراوە بە ئیدارە کردنی بۆ وەزارەتی دارایی ، ئێمەش وای بە چاک دەزانین کە شتی تایبەت نەکرێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەوانی تریش دەگەڕێنەوە دەڵێن ئێمەش ئیلحاق بکەن بە وەزارەتی دارایی و، ئەمە لەبەر ئەوەی خۆیان ئیش دەکەن بۆ خۆیان و خۆشیان پارە دادەنێن بۆ ئەوەی سندووق بیانداتەوە، بەڕای من هەر تابعی خۆیان بێت چاکترە، یەعنی ئەندامی وەزارەتی دارایی هەبێت بۆ بەشدار بوون، بەڵام نەک ئیلحاق بێت بە وەزارەتی دارایی، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو پرسیارە ویستم ئاراستەی جەنابی وەزیر بکەم وەزیری دارایی، بەس پێش ئەوەی قسە بکەم بۆ جەنابت، ئەو موداخەلانەی من تەقریبەن لەسەر هەمان بۆچوون بوون، تەبعەن هەدەڤا سەرەکیا پەرلەمان و حکومەتی هەرێمێ کوردستانێ و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبەکانی موئتەلیف گەل هەدەڤا ئەوان هەموویا وەکو ئیسعادە هاوولاتی کوردستانی تکەن و ژیانەکا باشتر

بۆ وان دابین کەن، ئەگەر ئەم تەماشا بکەین پێش ئێستا دوو سەندیکا، سەندیکای هونەرمەندی کوردستانێ و سەندیکای صەحەفی کوردستانێ دوو پرۆژ یەت قانونا سندووقا تەقاعودێ ئاراستەی پەرلەمانێ کوردستانێ کرد بوو، بەس ئەمە ماوەیەکە نازانم بۆ حکومەتی زۆرییە یان چییە، هەر وەسا بە زانینە من کو سەندیکای ئەندازیارێت کوردستانێ دەبێ ماوەیەک خۆ ئامادە بکەن، کو پرۆژەی یاسا سندووقا موتەقاعیدی موهندیسین ئەو ژی تەقدیمی پەرلەمان دکەم، بێژە ئەگەر هاتوو ڤێرە تسبیت بوو کو مولحق ببیتن ئەڤ سندووقە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەبعەن شەریحی دەفنە هەمی وەکی ییکن، هاوولاتی هەمیا بێتە نەزرەکی عەدلانە بەرێ خۆ بدەینێ هەمان سەندیکایە، ئەو حەقەی هەی کو ئەو ژی مولحق بن ب وەزارەتی دارایی و ئابووری، چونکە دیسان پارەش ژوان دێتە وەرگرتن بۆ سندووقێ، تەبعەن ئیلحاقی وێ ویزارەتێ زەمانەکە بۆ ژیانەکا باشتر بۆ هەموویان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو کاک بورهان.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر جەنابتان ئیجازە بدەن وەڵامی ئەو بۆچوونانەی کاک ئیبراهیم و کاک حەمید بدەمەوە، لەگەڵ ڕێزمدا، ئەو سەندیکانای تر ئەوانەی تر وەزارەتی خۆیان هەیە، بەس فەرمانبەرن، یەعنی پارێزەر ئیشێکی سەربەخۆ دەکات پەیوەندی بە هیچ وەزارەتێکەوە نییە، تاکو بە وەزارەتی دادەوەش نیە، هەم ئیشەکەی سەربەخۆیە و فەرمانبەر نیە، دوای ئەوە ئەو مینحەیەی لە وەزارەتی داراییەوە پێی دەدرێ شتێکی وا نیە بتوانێت بە تەواوی ئیشەکان ببات بەڕێوە، ئەوە دەعمێکە دەعمێکی بۆ دەکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر ئیلحاقی بکەین بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە، یەعنی بۆ ئەوە نییە یەکسەر تەمویل بکرێت و ئەو ئیشتیراکانەی پارێزەر دەیدات هەمووی بۆ خۆیان سەرف بکەن، ئێمە بە بەردەوامی، نوێنەری وەزارەتی دارایی لە سندووق مەوجودە بە بەردەوامی ئاگای لە حیساب و مەساریف و ئیشوکاری دەستە هەیە، لەبەر ئەوە ئیشەکە سەربەخۆیە دەبێت زۆر بۆ ئەو مەوزوعە بچین کەوا ئیلحاقەکە بۆ ئەوە نیە، بەس تەمویلەکە بێت و تەواو، بەس ئیلحاقەکە بۆ ئەوەیە لە کاتێکدا ئەگەر عەجزێک دروست بوو، وەزارەتی دارایی بتوانێت یارمەتی ئەو عەجزە بدات، ئەو بۆچوونەی مامۆستا مەلا تاهیر ئەوە ئیزافەی سندووقە، ئەوە بەراستی لە مادده یەکدا هاتووە (هیئە الصندوق)، ئەگەر ئیزافە بکرێت سندووقەکە باشتر و چاکترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستی وەکو ئاگادارم مومکینە هەموو برادەران ئاگادار بن، ئێک لە قووەتی ئەو ئیتیحادات و نەقابات لە کوردستان هەیە و کە قەوانینی ئەوان لە پەرلەمان هەر مەبدەئەکی ئەساسی تێدایە کە دەڵێ (ولها استقلال إداري ومالي) ڕاستە، وەکو مەبدەئەکی دیموکراتی، ئێمە کە هێزە و قووەتا بۆ ئەو ئیتیحادات و مونەزەمە کە حکومەت چ دەوری تێدا نەبێت ئان چ تەدەخول و یان ئیشراف بە هەر شتێکی بێت. دوو ڕاستی موازەنە بکەین لەنێوان بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تایبەتی، چونکە ئێمە گوتن نەقابە، نەقابەیەکی میهنیە و سەربەخۆیە و شەخسییە، وابزانم ڕایەک هاتە پێش کە خازیعە بۆ ڕەقابەی دارایی وابزانم هەموو ئیتیحادات و نەقابات خازیعن بۆ ڕەقابەی دارایی، وەکو من بزانم شتێکی ئوسولیە ئەویش مەبدەئێکی عامە، وابزانم حکومەتی ژی هیچ حکومەتی مەی هەرێم تەقسیری نەکردووە بەشانی خۆ مەنح و هەیبە دابن بە ئەو ئیتیحادات و نەقابات ئو قەدر ئیمکان لەسەر وەزعی دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١ ـ لەوانەیە کاک ئیبراهیم وا تێ بگا، ئێستا بیست نەقابە هیئەی سندووقیان هەیە، ئەوەی لە پەرلەمان پەسند کرا هەتا ئێستا دوو سندووقە، یەک هی ڕۆژنامەنووسانە، یەکیش هی پارێزەران، هی هونەرمەندانیش نەکراوە، ئەوانی تر هەمووی فەرمانبەرن لە دائیرەی حکومی، یەعنی بەو شێوە فراوانە نییە کە کاک ئیبراهیم و برادەرانی تر تەسەروف دەکەن.

٢ ـ پارێزەر بەدرێژایی تەمەنی خزمەت دەکات هەر پارە دەدات، ڕسومات دەدات، کەینێ مرد یان پیر بوو هیچی پێوە نەما ئەوجا داوای خانەنیشین دەکات، یەعنی ئەو پارێزەرانە شەریحەکن لەو میللەتە کە برادەران نوێنەرانی ئەو شەریحەشن، هەر من نوێنەری ئەو شەریحەیە نیم بە حەقیقەت، یەعنی ئێمە کە دەڵێین ئیدارە بێت، فعلەن ئیدارە بێت زەماناتێکی دوا ڕۆژیە بۆ ئەو پارێزەرانە، مەوزوع ئەوە نیە ئێستا ئێمە دەچین یاخەی وەزارەتی دارایی دەگرین وەڵلا تەمویل بکات. وەزارەتی دارایی تا ئێستا مینحەی نەداینێ خۆمان کر کردووە، دەماندا تێ سەرچاوان، ناماندا تێ سەرچاوان، بەگوێرەی وەزع و زوروفی دارایی، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سندووقە یەکەم مەقرەکەی لە نەقابەیە، ئەوەی ئیدارەی سندووقەکەش دەکات ئەوانیش هەر لە نەقابەنە، نازانم ئەو رەبتە بۆ لەگەڵ وەزارەتی داراییە بەڕاستی یەعنی من ئەسباب موجیبەی لێ نابینم، یەعنی بەخۆی سندووقەکە لە نەقابەیە ئەو خەڵکەی کە ئیشیش دەکەن سەر بە حکومەت نین، لە هەموو دنیا کە تۆ موئسەسات دادەمەزرێنی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی دەچی رەبتیان لەگەڵ موئسەساتی حکومەت کەمتر بکەیەوە خۆت تابعی وی نەکەیت، ئایا هەر نەقابەک لە دوا رۆژ مەفروز نییە ئیدارەی بۆ خۆی بکات و سیقەی بەخۆی بێت و بۆچی بارگرانی بخاتە سەر وەزارەتی دارایی وەکو ئەوەی سیقەمان بەخۆمان نەبێت ئەو نەقابانە دروست دەکەین، ناتوانین ئیدارەی سندووقێک بکەین یان شتێکی تر بکەین، بەڕاستی من بە ئیجابی نابینم بۆ دوور خایەن بۆ دوا رۆژ وا باشە ئێمە بیر بکەینەوە سیاسەتی پەرلەمان چییە؟ ئایا بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی دەچێ یان هەر خۆمان وەکو حکومەتی مەرکەزی بەغدا خۆمان رەبتی وەزارات و حکومەت دەکەین، پرسیارەکە لێرەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز د. ئیدریس باسی ئەوەی کرد کە لە نەقابەیە، قەیدی ناکات لەوانەیە لە بینایەی نەقابە بێت، یەعنی دەتوانین لە جێگایەکی تر بێت ئەم ئیستیقلالیکی دارایی و ئیداری خۆی هەیە، یەعنی جیاوازە لەگەڵ نەقابەی پارێزەران، دوای ئەوە ئێستا لەم تەعدیلەش هاتووە، هەر ئێستا سەرۆکی ئەو دەستە ئەندامێکە لە نەقابەی پارێزەران، ئێستا لەم تەعدیلە هاتووە دەگۆڕێت، دەبێت بە حاکم ئەویش سەر بە وەزارەتی داد دەبێت، لەبەر ئەوە ئیستیقلالیەتی هەیە لەگەڵ نەقابەی پارێزەران لە رووی دارایی و ئیداری و، ئەو خزمەتی ئەو ختزانانە دەکات کە خانەنشین بوونە. وەکو چۆن هاتووە لە قاعیدە دەڵێ (المحامي قضاء واقف) قەزای واقیفە وەکو چۆن حاکم دانیشتووە ئەویش یارمەتی دەدات و بۆ ئەوەی بگاتە عەدالەت لە بڕیارەکانیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەعلیقەکەم لەسەر قسەکانی برای بەڕێزم کاک د. ئیدریسە، د. ئیدریس وا دەزانی ئێمە سەد ساڵە لە نەقابە و مونەزەمەینە، ئێمە تازە خۆمان تەئسیس کردووە هەمووی هێشتا نەکەوتینە سەر پێیان بە حەقیقەت، پێویستمان بە دەعم و هاوکاریە، کەی تەمەنی نەقاباتی ئێمە گەیشتۆتە (٢٥) یان (٣٠) ساڵ ئەو وەختی حیساباتی د. ئیدریس دێتە گۆڕێ و خزمەتی خۆیان بکەن بە ئیشتیراکاتی خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن، ئێستا نەقابە هەیە، بەڕێز وەزیری دارایی دانیشتووە، یەک مانگ مینحەی نەداتێ لەسەر پشت دەکەوی، وەزعەکە بەو شێوەیە، نەک بەو شێوەیەی د. ئیدریس دەڵێ، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم ســـــعـــیـــد مـــحـــمـــد:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

دوو سێ جار دووبارە بۆوە لە برادەران کە وا دیارە بەس پارێزەران ئەون، ئەوانەی لە دەرەوەی حکومەت ئیش دەکەن و، سندووقی خانەنشین بۆیانە، تەبیعی وەکو ئەندازیاران بۆ ئەو ئەندازیارانەیە کە لە دەرەوەی حکومەت ئیش دەکەن، بۆ ئەو ئەندازیارانە نین کە لە ناو حکومەتدا ئیش دەکەن، لە موئەسساتی حکومی ئەوانە تەقاعودی حکومەت وەردەگرن، بۆ ئەوانەیە وەکو پارێزەران ئەوانەش هەندێکیان لە دەرچوونیانەوە لە کۆلێژ دەچنە قیتاعی تایبەتی لەوێ ئیش دەکەن و ئیستقتاعاتیان لێ وەردەگیرێ و بۆ ئەوەیە کەوا وەکو پارێزەران، هەروەها دەرمانسازی و ئەوانی تریش، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەڕێز حەلیمە بارزانی فەرموو.

**بەڕێز حلیـــمـــەحـــسین مـــحـــمـــد بـارزانی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تەبعەن کە وتیان وەزارەتی دارایی و ئابووری واتا سندووقی تەقاعود ئیلحاق کراوە بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە، ئیلحاق لە پێناسەکەوە هاتووە لە سەرەتای یاساوە دەڵێ :

١ ـ الاقلیم: اقلیم کوردستان.

٢ ـ الوزارة: وزارة المالیة والاقتصاد.

٣ ـ الصندوق: صندوق تقاعد المحامین.

ئەوە تازە نییە، مولحەقە بەوی، پێناسەکە وایە لە یاسا، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لەسەر ئەم مەوزوعە زۆر رای جیاواز هەیە، جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری رای خۆی دەربڕی کە ئەو لەگەڵ ئەو نەصەدا نیە کەوا لێرەدا هاتووە، هەروەها لیژنەی داراییش هەمان رای هەیە لەناو پارێزەرەکانیشدا رای جیاواز هەیە، ئێستا پەیدا بوو، دەربارەی سندووق هەندێکیان دەڵێن تەمویلەکە نەکرێت، چونکە ئەم پرۆژەی کە هاتووە ئێستا لیژنەی یاسایی دیراسەی کردووە، ئەوان نووسیانە دەڵێن تەمویل بکرێت، لە ئەسباب موجیبەکە تەمویلەکەی تێدایە، کەواتە ئێستا رای جیا جیا پەیدا بوو، ئەگەر لە مادده دووش هاتووە دەڵێت: (يراس الهيئة ممثل من وزارة العدل ويمثل الصندوق امام المحاكم والدوائر الاخرى) یەعنی بۆچی نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدایە، بەڵام رەئیسی هیئەکە نوێنەری وەزارەتی دادە، من پێم وایە ئەمە تەئجیل بکرێت، بۆ ئەوەی باشتر دیراسەت بکرێت، دیارە ناگەینە ئەنجامێکی وا، ئەگەر تەئجیل بکرێت باشترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەسڵی پرۆژە ئێمە داوای تەمویلیمان کردووە، نە دیوان موافەقەتی کردووە نە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەتی کردووە، بەڵام لەسەر ئیلحاقەکە موافەقەتیان کردووە و، ئێمە هەموومان رامان یەکە لەگەڵ ئیلحاقەکە، بەنیسبەت تەمویلەکە کە دەڵێن لە ئەسباب موجیبە هەڵبگیرێت، با هەڵبگیرێت رەنگە لە ئەنجومەنی وەزیران لە بیریان کرد بێت، با ئێستا هەڵبگیرێت، یەعنی مەسەلەکە ئەوە نیە، جەنابی وەزیری دارایی لەسەر ئیلحاقەکەی موعارەزەی نیشان نەداوە وەکو برای بەڕێزم کاک د. ناصح ئیشارەتی پێدا، ئەو لەسەر ئەوەی موافیق بووە و ئەندامیشە لە ئەنجومەنی وەزیران بە حەقیقەت لەوێ، مەعقوولیش نییە لێرە رای جیاواز بدات، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر موافیقە ئێمە موافیقین تەمویلەکەش هەڵبگیرێت، داوا دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەو ماددەیە بداتە دەنگدان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئایا بەو سیغەیە رازیی کە نووسراوەتەوە.

**بەڕێز سرکیس ئاغا جان مامەندۆ/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە کە باسمان کرد کە تەمویلەکە عایدی وەزارەتی دارایی نەبێت، ئێمە وا حیسابمان کرد کە لەناحیەی هونەرییەوە مولحەق دەبێت بە وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئێستا لە گفتوگۆی برادەران وا تێگەیشتم کە هەدەف لەو ئیلحاقە ئەوەیە ئەگەر عەجزێک پەیدا بوو وەزارەتی دارایی و ئابووری دەعمی ئەو عەجزە بکات، یەعنی ئێمە لەگەڵ تەئمینی عەجزەکەش رازی نینە، ئەگەر هەدەف لەو ئیلحاقە دەعمی عەجزیش بێت، کەواتە ئێمە دژی ئەو پێشنیارەین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئێوە نیو موافیقن، پێشنیارەکەی بەڕێز سەرۆکی کوتلەی زەرد دەخەمە دەنگدانەوە، ئەو مەوزوعە دوا بخرێت تا ئیتیفاق بکرێت لەسەری، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسندی دەکەن ئەم مەوزوعە دوابخرێت دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا مەوزوعەکە تەئجیل بکرێت، سوپاس. بەڕێزان بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە، زۆر سوپاس.

| | |
|---|---|
| **فرست أحمد عبدالله** | **د.رۆژ نوری شاوەیس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٠)**

دوو شـەممـە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٤/٢٢

خولی یەکەم

سـاڵی یازدەیەم

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی (١٠)

## دووشەممە ڕێكەوتی ٢٢/٤/٢٠٠٢

***كاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ٢٢/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆكی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی ژماوە (١٠)ی خولی یەكەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی كار:***

***بەپێی حوكمەكانی بڕگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خۆی لە كاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی ٢٢/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ (یاسای چاپەمەنی هەرێمی كوردستانی عێراق).***

***٢ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای خانەنشینی پارێزەرانی كوردستان) كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار كراوە.***

***٣ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی دووەمی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ (یاسای حزبەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق).***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

((بەناوی خوای گەورەو میهرەبان))

بەناوی گەلی كوردستانەوە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی خولی یەكەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق دەست پێ دەكەین. بەڕێزان بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان لە سێ خاڵ پێكهاتووە:

١ـ خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای چاپەمەنی هەرێمی كوردستانی عێراق.

٢ـ خستنەڕو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی هەمواركردنی یەكەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی كوردستان كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە

پێشنیار کراوه.
٣ـ خستنەڕو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
بۆ ئەوەی دەست بەکاربین تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم بفەرموێتە سەر سەکۆیەکە، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تأريخ القرار:**

**قرار**

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ /  /٢٠٠٢ تشريع القانون الاتي:

**قانون رقم(   )لسنة٢٠٠٢**

**قانون التعديل الأول لقانون المطبوعات لاقليم كوردستان ـ العراق رقم(١٠)لسنة ١٩٩٣**

**المادة الأولى:**

١ـ تعدل الفقرة الاولى من المادة السادسة من قانون المطبوعات رقم (١٠) لسنة ١٩٩٣وتقرأ كالآتي:
«يعتبر المطبوع الدوري قائم الوجود بعد منح الاجازة وصدور أول عدد منه. وإذا أرتأى صاحب الأمتياز الغاء وجوده فعليه اعلام الوزارة بذلك تحريرياً ويكون ملغياً قانوناً اعتباراً من تأريخ تسجيل طلب الالغاء لدى الوزارة».
٢ـ إضافة فقرة جديدة الى المادة السادسة ويكون تسلسلها(٣) وتقرأ كالآتي«إذا لم يصدر المطبوع الدوري أو الغير الدوري خلال ثلاثة أشهر اعتباراً من تأريخ منحه الاجازة تعتبر إجازته ملغية وذلك بعد توجيه انذار اليه بذلك».
٣ـ إضافة فقرة جديدة الى المادة السادسة وكالآتي:
«يحق للأحزاب السياسية والمنظمات الجماهيرية والمؤسسات العامة تبديل صاحب الامتياز أو رئيس تحرير المطبوع الدوري الذي تصدره تلك الجهة وعليها إعلام الوزارة بذلك».

٤ـ إضافة فقرة جديدة الى المادة السادسة وكالآتي:
«يحق لصاحب الامتياز تغيير رئيس تحرير المطبوع الدوري عند الضرورة وعليه إعلام الوزارة بذلك»

**المادة الثانية:**

تعدل المادة التاسعة لتكون بفقرتين حيث يبقى المتن الحالي على ماهو عليه ليكون الفقرة الأولى من المادة.

وتضاف فقرة جديدة اليها وتكون كالآتي:
«يخول وزير الثقافة في الاقليم صلاحية توجيه إنذار الى رئيس التحرير أو صاحب الامتياز أو كليهما في حالة مخالفتهما لأحكام هذا القانون وعلى رئيس التحرير نشر الإنذار في مكان بارز وفي أول عدد يصدر بعد تسلمه للإنذار»

**المادة الثالثة:**

تعدل الفقرة الأولى من المادة الثالثة وتقرأ كالآتي:
«تقام الدعاوي العامة الناشئة عن مخالفة أحكام هذا القانون من قبل الادعاء العام بعد إعلامه من قبل الوزارة. أما الدعاوى الناشئة عنها فتقام من قبل المتضرر»

تعدل الفقرة الثانية من المادة الثالثة وتقرأ كالآتي:
«لاتسمع الدعاوي الواردة في الفقرة الأولى من هذه المادة من قبل المحاكم بعد مرور ستة أشهر على تاريخ النشر في المطبوع الدوري أو البدء بالتوزيع في المطبوع غير الدوري»

**المادة الرابعة:**

تضاف فقرة أخيرة الى المادة (١٢) من هذا القانون وتكون برقم (٣) وتقرأ كالآتي:
«إذا احظر نشاط الحزب السياسي أو أغلق مقره بقرار قضائي فتسري أحكام هذا القرار على جميع المطبوعات التي تصدرها دوريةً كانت أم غير دورية وتلغى إجازة صدورها».

**د.روژ نوري شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شێروان حەیدەری، پرۆژەی ئەم هەموارکردنە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەین بۆ دیراسەت کردن و دەربرینی رایان دەربارەی. بەنیسبەت خاڵی دووەمەوە تکا لە بەڕێز کاکەرەش ئەکەم بفەرموێت بێتە ئێرە هەروەها بەڕێز کاک جەمیل عبدی سندی، خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان. بەڕێز

کاک شێروان فەرموو دیباجە و ماددەی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شـــيـــراوان نـاصـح حـــيـــدری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ماعرضه المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق ، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ إصدار القانون الاتي :

**قانون رقم( )لسنة٢٠٠٢**

**قانون التعديل الأول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان ـ العراق المرقم(١٨)لسنة ١٩٩٩**

**المادة الأولى:**

**تعدل الفقرة اولاً من المادة الثانية من القانون وتقرأ كالاتي:**

**اولاً: يؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين تحدد موارد و نفقاته و تدار من قبل هيئة بموجب أحكام هذا القانون و تلحق بوزارة المالية و الاقتصاد.**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نـقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە لەسەر ماددەی یەک.

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز جـــمـــيـــل عـــبـــدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆكی ئـەنجـــومـــەن.**

من دەبینم ئەم ماددەیە پێویست بە تەعدیل ناكات هەروەها بۆچی ئیلحاق بكرێ بە وەزارەتی دارایی و ئابوری بەبێ هۆ، تاكو بەرپرسیارەتی نەكەوێتە سەر وەزارەتی دارایی و ئابوری هەروەها چونكە ئەوە نەقابەكی میهەنییە نە مونتەسبی وەزارەتی دارایی و ئابورین، وەزارەتی دارایی و ئابوری هەیكەلی خۆی هەیە ویاسای خۆی هەیە و نیزامی خۆی هەیە، لە برگەی یەكەم دەبێژێتن (**يؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين**) ئەڤ مەقەری نەقابەیە مانای خیلافە دوو

برادەر گەر سەبوری گوتی عیلاقەتمان پێوە نییە ئەڤە دەتوانن لە مەقەری نەقابە دەربچن ئەمە لە مەقەری نەقابەیەو مادده و قانونی ئەسڵی وائەڵێتن تەعدیلەکەش هەر وائەڵێت، تەئسیسەکەی لە مەقەری نەقابەیە، سندوق تقاعدی موحامین دروست دەکرێتن، برگەی دووەم خۆی دەڵێتن (صندوق التقاعد ذات شخصية معنوية) مانای بەرپرسایەتی دارایی لەسەر خۆیەتی کەسایەتیەکی مەعنەوییە ئەگەر کەسایەتیەکی مەعنەوی نەبا ئەوە شتێکی تر بوو بەڵام کەسایەتیەکی مەعنەوییە، لە دانیشتنیی پێشوشدا برا بەرێزێک فەرمووی پەیوەندیمان پێوە نییە لە برگەی سێیەم دەڵێت (يعتبر كل محامي عضو في النقابة مشتركاً في الصندوق) ئەم سندوقە پابەندە تەنها هی برا پارێزەرەکانە هیچ کەسێکی تر سود لەم سندوقە وەرناگری هیچ کەسێکی تر نابێتە ئەندام لە سندوقی تەقاعود غیری پارێزەر نەبێ وئەوەی ئەندام نەبێت لە نەقابەی پارێزەران، ئەو کاتە تا ئێستاش سەرۆکی دەستەی نەقابە هەر ئەندامێک ئەنجومەنی نەقابەی پارێزەرانە لەبەر ئەو هۆیانەی پێشوی ئەوەی من باسم کرد لەبەر ئەوە پێویست ناکات بەهیچ شێوەیەک هیچ بەرپرسایەتیەکی دارایی بکەوێتە سەر وەزارەتی دارایی و ئابوری یان ئیلحاق بکاتن لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوری هەر پێویست بە تەعدیلی ئەم ماددەیە ناکات هەر وەکو پێشووی بمێنێتن وەکو ئەو ئەسبابەی من گوتم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناونوس بکرێن، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو قسانەی کە کاک جەمیل فەرمووی بەراستی من دەمەوێ وەڵامی بدەمەوە کە دائیرەی تەقاعود هی پارێزەران واتە نەقابە نییە رێکخراویش نییە، کە دەڵێی سندوقی تەقاعود مانای دائیرەی تەقاعودی پارێزەران هەموو دەوائری تەقاعود لە عێراق ئی هەر جێگایەک بێت سەر بە وەزارەتی داراییە پێمان خۆش بێ وپێمان ناخۆش بیت و، ئەوە قانونی عێراقی لەبەر دەستمانە هی سندوقی تەقاعود دەڵێ (وتلحق بوزارة المالية) وسنوری هەڵسوکەوتی وەزارەتی دارایی لەگەڵ سندوق تەنهاو تەنها مینحەکەیە لە مینحە تەجاوز ناکات و، رۆژێک لە رۆژان ئێمە نەچوینە وەزارەتی دارایی لستی موچەمان بردبێت هی پارێزەرانی موتەقاعید بلێین بۆمان سەرفکەن هەمووی لە سندوق سەرف کراوە هەتا ئەمرۆ ئەوە یەک، دوو لەوەتەی دروست بوونی نەقابەی عێراق لە سییەکانەوە دروست کراوە هەتا ئەمرۆ دەستەی سندوقی تەقاعودی پارێزەران لکاو بووە بە وەزارەتی دارایی هەتا ئەمرۆش و ئیمکانیەتی نەقابەی پارێزەران زۆر بووە رەنگە زۆر جار منحیشی دابێتە وەزارەتەکانی تر لە نێوانیان وەزارەتی داراییش، سێ پەیوەندیەکی

زۆرمـــان هەیە لەگـەڵ وەزارەتی دارایی وەکـو ئیـشــارەتم پێ دا نوێنەری وەزارەتی دارایی کـە بەڕێوبەری گشـتیـیە ئەندامە لە دەسـتـەی سندوق، منحـەی سندوقی تەقاعـود لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەدرێت تەوابعی دارایی هی سندوقی تەقاعودی پارێزەران وەزارەتی دارایی بۆمان چاپ دەکات تەعلیـماتی کرێی پارێزەران وەزارەتی دارایی دەری دەهێنێ خەڵکەکە جێبەجێی دەکات پارێزەریش هەر وەکو هاوڵاتیـیـەک پێویسـتی بە زەمـاناتێک هەیە بۆ دوارۆژ، بڕیاری دەسـتـەی سندوق قابیلی ئیعـترازە لە وەزارەتی دارایی لە دەستەی لێ کۆڵینەوەی موتەقاعدین پاش ئەوەی ئیـعـترازەکە سەری نەگرت ئینجا دەچێتەوە مەحکەمەی تەمییز، بۆیە بەراستی لەبەر ئەو بابەتانە ئێمە داوامان کردووە کە ئیلحاق بکرێ بە وەزارەتی دارایی و ئێمە تەئیدی پرۆژەی حکومەتمان کرد، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیزافەت هەیە جەنابت؟ فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زیاد لەوەی کە بەڕێز کاک شێروان فەرمووی لیژنەی دارایی رونی کردەوە کەوا کەسایەتی مەعنەوی هەیە بۆیە پێویست نییە ئیلحاق بکرێت بە وەزارەتی دارایی باشە ئەگەر کەسایەتی مەعنەوی هەیە مانای وایە خۆی تەحمول دەکات ئەگەر ئەم وشەیە بگۆترێ و نەگۆترێ مانای وایە چ زەرەر لە وەزارەتی دارایی نادات چ عەمەلیەتێکی ئیجباری تێدا نییە ئەگەر ئیلحاق بکرێت، کەسایەتی مەعنەوی مانای وا نییە کە ئەگەر لایەنێک کەسایەتیەکی مەعنەوی هەبوو رەبت ناکرێت بە وەزارەتەک زۆر موئەسەسات هەنە کەسایەتی مەعنەوی و بێ لایەنیان هەیە، بەڵام مەربوتن بە وەزارەتێکی موعەیەن بە قانونێکی موعەیەن وەزارەتێک ئیشرافیان لەسەر دەکات ئەوە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی ئیلحاق نەکرێت باشترین بەڵگە ئەوەیە بەراستی کە بەڕێز کاک شێروانیش فەرمووی بابەتی لێکۆڵینەوە، باشە ئەگەر مولحەق نەبێت چۆن ئیعتراز لە وەزارەتی دارایی بێت لەسەر عەمەلیەتی تەقاعود وەزارەتی دارایی ئەبێ بەتتی تێدا بکات، بڕیاری وەزارەتی دارایی تەمییز دەکرێتەوە نەک بڕیاری سندوق چونکە کابرا کە ئیعترازی گرت ئەگەر بە ئیعترازەکە رازی نەبوو ئینجا بڕیارەکە تەمییز دەکرێت ئەو بڕیارە نەک بڕیاری سندوق مانای وایە وەزارەتی دارایی تەرەفە لە مەوزوع، واریداتیشی چەسپاوە بە پێی ئەو مواریدانەی کە هاتوون دەڵێ مەواریدی سندوق دیاری کراون یەک لەو منحانە کەس نەیگوتووە لە قانونەکە ئەبێ ئەو بار گرانییە لەسەر وەزارەتی دارایی بێت و ئەبێ وەزارەتی دارایی تەقاعودی بدات، کۆمەڵێک بڕگەیە مەواریدە داراییەکە یەک لەو بڕگانە ئەوەیە کە (المنح التي تقدمها حكومة الاقليم) شتێکی زۆر ئاساییە ئەم منحانە بە نیسبەت هەموو نەقابەکان لەبەر ئەوەی پرۆژەکە پرۆژەیەکی حکومەتە ئێمە

وەک لیژنەی یاسا لەگەڵ پرۆژەکەی حکومەتین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری کاک سرکیس ئاغاجان فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغاجان مامندو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی پارێزەران لەبەر ئەوەی ئیمکانیەتی هونەریان نەبوو بۆیە داوایان کردبوو کە مولحەق بن بە وەزارەتی دارایی و ئابوری ئەوەی کە وەزارەتی دارایی و ئابوریش دەیکات زۆرتر لە لایەنی سەرپەرشتییە و لێکۆڵینەوەیە نەک لە رووی داراییەوە، تەبیعی حکومەتی مەرکەزی لەوێ نەقابەکە سندوقی موتەقاعدین ئیمکانیەتی زۆر هەیە ئەوە ئیستسماراتە، ئەبنییەیە، هەر وەکو بەڕێز کاک شێروان حەیدەری باسی کرد بە پێی قانونی عێراقیش پێویستە ئەو میزانییەی کە دایدەنێن (٩٠٪) ئیراداتیان دەرباز نەبێت بۆ ئەوەی هیچ کات عەجزیان نەبێت هەموو جارێ (١٠٪) بمێنێت بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی تەمویلیان نەکات، تەبیعی دیارە هەموو لایەکمان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە وەزارەتی دارایی هەدەف لە مولحەق بوونی ئەوە نییە کە وەزارەتی دارایی و ئابوری تەمویلیان بکات ئەگەر وابێت بە رای من دەتوانین شتێک زیاد بکەین لە کۆتایی ماددەی یەکەم بڵێین بەبێ مەسئولیەتی دارایی، مانای هەدەفی فەنی و ئیشراف بێت بەتەنها چونکە بەرای من بەو وەزعەی کە ئێستا هەیەو بەو مەعاشەی کە برادەران دایان ناوە مەعاشی تەقاعودی (١٥٠٠ ـ ٢٠٠٠) دینار تەسەور ناکەم بتوانن بەم ئیراداتانە سنودقەکە بەڕێوە ببەن، لەگەڵ رێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەندیکای ماف پەروەران تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لەوانەیە راست نەبێت ئەم موقارەنەیە لەگەڵ هەر سەندیکایەکی تر بیکەین چونکە تەنها سەندیکایە کە فەرمانبەر نینە و تەنها سەندیکاشە لەوانەیە موتەقاعدیش زێدە زێدە نادیرن موحامی بەردەوامە لەسەر ئیش و کاری خۆی تاکو مردن مانای خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەر هەندێ، هی دووش ئەڤ ماددەیە هی ئەنجومەنی وەزیرانە موافەقەی لەسەر کری (وتلحق بوزارة المالية و الاقتصاد) من پێشنیار دەکەم کە رونکردنەوە بێتەکرنێ تەنها وەکو بمێنێت ئەم ماددەیە بەلام ئەم ئیلحاقە ئایە لایەنی ئیدارییە لایەنی هونەرییە یان لایەنی ئیشرافییە؟ گرینگ ئەوەیە وەکو بەڕێز جەنابی وەزیری دارایش ئیشارەتی بۆکرد من ئەوە باش دەبینم کە بێتە کرنێ یان ئیلحاق بی لە لایەنی ئیداری یان

هونەری ئەم ماددەی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی موداخەلەی منیش هەر لەسەر بابەتی ئیلحاقە بە وەزارەتی دارایی، ئەگەر تەماشا بکەین قانونی ئەسلّی دیار دەبیێ ئەم تەعدیلە هەموو ئەرکی ئەخاتە سەر وەزارەتی دارایی لەبەر چی برگە یەک لە ماددە پێنج ئێستا نەهاتوبنە سەری دەبێژین ئەو برگەیەیان لەغو کردووە (النسبة المؤية المستقطعة من أتعاب المحامين في الدعاوي والمشورة القانونية) لێرە کردویانە بە (١٠٪ من أتعاب المحامي التي تدفع للمحامي عند توكيله الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوي) مانای تەنها بۆ ئەو ئیشانەی حکومەت دەیداتە پارێزەر لەویّ (١٠٪)یە نەک ئەو پارێزەرەی داوای تەقاعودی دەکات پارەکە لێی ئیستقتاع دەکرێت (١٠٪) لەو ئیشانەی کە حکومەت تەنسیبی دەکاتن مانای لێرە کەوا کەمیان کردوە ئەو پارەی کە پارێزەر بداتە سندوقی کەمیان کردوە بەو ئەمەلەی حکومەت پارەی بداتێ ئەوە یەک، دوو هەمووومان دەزانین کاتێ یەکێک خەریجی کۆلێژێک دەبێت کە سەرەتا تەخەروج دەکات دوو ڕێگا لە پێشیەتی یان دەچێ تەعین دەبێت لە موئەسەساتی حکومی یان دەچێتە قیتاعی خاص، ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە بۆچی دەچێتە قتاعی خاص وبۆچی دەچێتە موئەسەساتی حکومی، موئەسەساتی حکومی سێ چوار ئیمتیازی هەیە گەنجەک حەز دەکات بچێت لەوێ تەعین ببێت یەکێ لەوان تەقاعودە مانای ئەوەیە کە دەچێ تەعین بیێ حسابی پاشەڕۆژی خۆی دەکات کەداوای تەقاعودیش دەکاتن جگە لە پارچە زەوییێک یان خانوو بوو ئەویش ئێستا خانوو هەمووی تەملیک کران نەما ئەوەی دەچێتە قتاعی تایبەت ژیانی خۆی دەبێنێت کو مرۆڤێکی موتەمەکینە بچێتە قتاعی تایبەت لەوێ رەئس مالێکی بخاتە دەست خۆی لەماوەی ئەو فەترەی ئیشی خۆی پێویستی بە تەقاعودی نەبێت بۆیە دەچێت لەم قتاعانە ئیش دەکات مانای رەئس مالێکی لە دەست دەبیێ منەتی بە تەقاعودی حکومەت نییە، بەلاّم ئەگەر پارێزەری کۆن بێن سندوقێکی بۆ خۆیان چاک بکەن مەسەلەکە قانونییەو رەوایە بەلاّم دارایی هەمووی پشتیوان بیێ و پارەیەکی ئوسا دابیێ کو بچن ئیلتزامێ بەرامبەری وێ تەحقیق بکات مانای جیاوازی مەبلەغی نەبیێ لەگەلّ قانونی مەدەنی پارەی وێ تا سبەینێ بەوی بلێین پارەی بدە، ئەڤە موداخەلەی من بوو شتێکی ئاسانە تەعبیرێ دا (يؤسس في مقر النقابة سندوق لتقاعد المحامين) ناوی سندوق لێرە دروست بێت مادەم تەئسیسە (يؤسس في مقر النقابة سندوق بإسم سندوق تقاعد المحامين) مانای ناوی وێ دروست بیێ نەک (سندوق لتقاعد المحامين)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی قانونی تەقاعودی پارێزەران هەر لە ساڵی (١٩٣٦)وە سندوقی تەقاعودی پارێزەران لکاوە بە وەزارەتی دارایی و ئابوری، وا دیارە لە مێژە سەیری قانونی تەقاعودی پارێزەران یان قانونی پارێزەرانی کۆنی نەکردوە تا ساڵی ١٩٦٩ هیچ قانونێک نەبووە بەناوی (صندوق تقاعد المحامین) (الباب العاشر)بوو لە قانونی پارێزەران ئی ژمارە ١٧٣ تا ساڵی ١٩٦٥ دەرکەوتووە تا ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ هیچ سندووقێک نەبووە بەناوی (صندوق تقاعد المحامین) (الباب العاشر) تایبەت بوو بە تەقاعودی پارێزەران لە نەقابەی پارێزەران، لە قانونی نەقابەی پارێزەرانی عێراق بابی دەیەم تایبەت بوو بە تەقاعودی پارێزەران پاش ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ کە حزبی حاکم حەزی کرد زۆر گۆڕانکاری لە نەقابات بکات زۆر نەقابات ئیستقلالی خۆی نەمێنێت بینێتە ژێر دەستی خۆی یان بە شێوەیەکی تر بێت، ئەوەی بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی ئەوە لە بەغدایە بڕیاری (مجلس قیادة الثورة)یە.

بأسم الشعب

مجلس قيادة الثورة

قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة إصدار القانون الآتي:

قانون صندوق تقاعد المحامين رقم (٦٨) لسنة ١٩٦٩

مانای پاش ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨، لەساڵی ١٩٦٩ یەکەم سندوقی تەقاعودیی پارێزدران دەرچووە لەوانەشە هەموو برادەران حەز دەکەن ئێمە بەشێوەی ئازادی بژین نەقابات سەربەخۆیی خۆی هەبێت لەبەر ئەوە دەبێ ئێمە زۆر زۆر ڕاست بین، نەک لە لایەک ئێمە ئازادی و حوریەتی نەقابات و یەکێتی و ڕێکخراوەکان ئەدەین لەلایەکی تریش ناوەڵڵا وەزارەتی دارایی و ئابوری دەبێ پارەکە هەمووی ئەتو بیدەیت. بەرای من زۆر ناشیرینە ئەوەندە ئێمە ئیسرار بکەین و مولتەزم بین بە بڕیارەکانی مەجلس قیادە ثورە لە خوا بەزیاد بێت حکومەتی هەرێم هەیە، دەسەڵاتی کوردی هەیە، نیزامی جیهانی گۆڕاوە، ئازادی ڕێکخراوەکان هاتووە، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەک نابێتن ئیلحاق بکرێتن بە وەزارەتی داراییەوە ئەگەر بێت و بە لایەنی هونەری وەکو بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری فەرمووی (دون المسئولية المالية) ئەو کاتە دەبێتە شتێکی هونەری گرفتی تێدا نییە، هەروەها بەڕێز شێروان حەیدەری فەرمووی تەوابعی تایبەت هی سندوق وەزارەتی دارایی قسەی تۆ ڕاستە بەڵام بۆ کێیە لە مەسڵەحەتی کێ دایە، ماددەی پێنجەم لە سندوقی تەقاعودی پارێزەران کە لەم پەرلەمانە پیرۆزە دەرچووە ماددەی پێنجەم بڕگە دوو لە

مەواردی سندوقە (التوابع الخاصة بالصندوق) ماناى نە بۆ وەزارەتی دارایی ئەو شتە راستە وەزارەتی دارایی بە ئەرکی خۆی هەڵ دەستێت تەوابعی تایبەت بە سندوق چاپ کاتن بەڵام هی مەسڵەحەتی سندوقە، وەزارەتی دارایی و ئابوری ئیشراف و رەقابە لەسەر هەموو نەقابە و هەموو رێکخراوەکان دەکات لە جیهانا هەتا لە تورکیاش وەزارەتی دارایی هەتا وارداتی هەموو ئەحزابێک و سەرفیاتی هەموو ئەحزابێکیش دەبێت لە ژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی دارایی و ئابوری دابێت لایەنی هونەری و لایەنی رەقابەی دارایی ئەوە شتێکی ترە ئەبێ هەموو نەقابات و هەمووی سەنادق و هەتا واریداتی ئەحزابیش دەبێت وەزارەت و حکومەت سەیریان بکاتن ئایە بە شێوەیەکی ئسوڵی دێتن؟ ئایە لە هیچ جێگایەکی موعادی وەری ناگرێت؟ ئایە سەرفیاتەکەی تەواوە تەواو نییە؟ لەبەر ئەوە ئێمە پشتگیریی قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری دەکەین (دون المسئولية المالية) زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک حەمە عەلی فەرموو.

**بەڕێز حەمە علی توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە قانونی خدمەی مەدەنی من دەمەوێ پرسیاری لە برادەرانی یاسا بکەم ئایە ئەو پارێزەرانەی پاش ماوەیەکی پارێزەرایەتی هەندێکیان وەزیفە وەردەگرن ئایە ئەو ماوەیەی کە پێشان لە پارێزەرایەتی بووە زیاد دەبێت بۆ وەزیفەی تازەیان یان نا؟ ئەگەر ببێت بەراستی دەبێت ئیلحاق بکرێت بە وەزارەتی داراییەوە چونکە لەوێ پەیوەستییەک لە نێوان خدمەو تەقاعودا ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکەرەش نقشبندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابی کاک عەلی فەرمووی هەر پارێزەرێک ئەگەر تەعین بێت خزمەتەکەی دەچێتە سەرێ و ئەو پارەیەی کە لە سندوقی پارێزەران ئیستیقتاع کراوە دەگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بۆ دائیرەی تەقاعود کە لێ وەرگیراوە بە ئیعتباری تەوزیف بووە پێچەوانەش راستە ئەگەر هاتە پارێزەرایەتی دەتوانێ ئەو فەرقەی تەقاعودیەکەی هەیە بێتەوە ئەوە کە بە ئیعتباری ئەسڵەن ئیستفادە لە تەقاعودیەکەی دەکات ئەو عەمەلیەتە عەمەلیەی نەقلی پارەی تەقاعودی بە هەردوو لایەن دادەڕوات، بەنیسبەت ئەوەی کاک ئیبراهیم فەرمووی وا دیارە برەک تێکەڵی کرد لە نێوان ئەوەکەی پارێزەر دوو جۆرە پارە دەدات پارەک ساڵانە بۆ خۆی دەدات پەیوەندی بە هیچەوە نییە

پارەکیش ئەدات ئەگەر هاتوو حکومەت تەکلیفی کرد بە دەعوایەک بردییەوە دەبێ (١٠٪) ئەو پارەیەش بداتە سندوق هەر چەندە ئێمە ئێستا پێشنیارمان کردووە کە (١٠٪) زیاد بکرێت ببێتە (١٥٪) پێشنیاری ئێمە ئەوەیە، واتە دوو شێوە پارە هەیە مانای ئەوەی سالآنە موقەنەنە ئەبێ هەر بیدات دەعوای هەبێ و نەبێ ئەوی تر دعاوی حکومییە بۆ ئەوەی نەچێتن بەلآم بەراستی ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی کە گوایە قانونەکە باش نەخوێندرابیتەوە، وا دیارە جەنابیشی باشی نەخوێندیتەوە، چونکە پێشی سندوق تەشکیل بکرێت، ئەو پارەیە بەپێی قانونی نیقابە وەردەگیرێت ئیحالەی وەزارەتی دارایی دەکرێت، پارەکە لە نیقابە ئیستیقتاع نەکرا هی تەقاعوود و ئیحالەی وەزارەتی دارایی دەکرا لەبەر ئەوە سندوق نەبوو، دوو بەراستی حەزم نەکرد ناوی ئەو قەرارەی هێنا، نەوەک خەلک بە ئیجابی لە قەلەمی بدات بلێت جیهەتێک بەم جۆرە خزمەتی شەریحەتێکی گەورەی کردیە حەق نەبوو، ئەو قەرارە بخوێنیتەوە کەوا سندوقێکی تەشکیل کردیە بۆ هەموو نیقابەی پارێزەرانی عیراق، حەق نەبوو ئیشارەت بەو قانونە بدرێت بە راستی، نەوەک برادەرەک بە ئیجابی تێی بگات، کە گوایا ئەو جیهەتە خزمەتی ئەو شەریحە گەورەیەی کرد سندوقەکی بۆ دانان بۆ ئەوەی خزمەتیان بکات، حەق نەبوو ئیشارەتیان پێبدات لە ناو ئەو هۆلە نەوەک خەلک بە شتێکی دی لێکی بداتەوە، مەسەلەی ئەو برادەرانەی کە دەلێن بابەتەکە تەوزیع بکرێت، چونکە بابەتەکە لە قانونەکە وازیحە لە ناحیەی ئیداری بە خۆی تەسبیت کرایە، تدقیق لە وزارەتی دارایی، ئیعتیراز لە وزارەتی دارایی، باشە چ ئیمکان هەیە بگوترێت لە قەرارەکە بلێین بەس قەزایەی ئیداری خۆی لە ناحیەی ئیداری بابەتەکە تەوزیع کرایە، هەموو ئیشەکان لە وزارەتی داراییە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەگەر جەنابی سەرۆک لێمان قەبوڵ بکات، دوو پێشنیار هەیە، یەکەم تایبەتە بە جیهەتی دارایی، پێشنیارەکە بداتە دەنگدان و ئەو پرۆژەی حکومەتیش کە ئێمە وەک لیژنەی قانونی ئیسراری لەسەر دەکەین کە بەو سیغەیە هاتووە، ئەوەش بداتە دەنگدان و، رەئی ئاخیری بۆ ئەندامانی پەرلەمانە بزانن کامەیان قەرار دەدات، ئێمە مل کەچین بۆ قەرارەکە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەرێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا بزانم کاک ئیبراهیم بەنیسبەت ئەو نیسبە میئەویە بە هەڵەدا چووە بەراستی، موقتەرەحی حکومەت، نەک موقتەرەحێکی تازەیە، بەڵکو پێشتر لە قەوانین هەبووە، لەو دەعوایانەی کە پارێزەر وەردەگرێت ١٠٪ بۆ سندوق دەچێت، ئێستا ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ئیقتیراحمان کردیە کە ئەو نیسبەتە زیاد بکرێت نەک کەم بکرێتەوە، ١٠٪ بکرێتە ١٥٪، حەزم کرد ئەو روونکردنەوە بدەم، چونکە بابەتەکە بەم شێوەیە نییە، کە کاک ئیبراهیم تێگەیشتووە، نیسبەی میئەوی دیاری کراوە ١٠٪ ئێمە داوامان کردیە بکرێتە ١٥٪ کە حکومەت دەیداتێ، ئەو ١٥٪ بۆ کوێ

دەگەڕێتەوە؟ بۆ سندوقی تەقاعودی پارێزەران دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لەسەر کرا، من موداخەلەم تێدا کرد، ئەوە لەماددەی سێ هاتووە یەعنی بۆ ئێستا نییە، جا بێڵێین بۆ ئەو کات یان ئێستا وەڵامیان بەدەمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەجێیبهێڵە بۆ ئەو کاتەی کە ماددەی سێیەم دەخوێنرێتەوە باشترە، فەرموو کاک برهان جاف.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتەن بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیەی برایان، بەڕێز وەزیری دارایی خۆی ئاگادارە، ئەو هەیئەیەی لەلایەن وزارەتی دارایی و ئابووری تەعین دەکرێت، مومەسلی نیقابە، مومەسلی وزارەتی داد، مومەسلی وزارەتی دارایی خۆی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی، فەرموو.

**بەڕێز سرکیس اغا جان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەسمان لەسەر ئەوە موعاریز نییە، کە هەیئەتەکە مولحەق بێت بە وزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێز کاکەرەش و بەڕێز کاک شێروان بەراستی ئەو بابەتانەی کە باسیان کرد بەڵگەمان زۆرە کە لەبەر چ سندوق مولحەقە بە وزارەتی دارایی، من تەئیدی هەموو ئەو هۆیانە دەکەم، کە بەڕێزیان ئیشارەتیان پێدا، بەڵام بابەتەکە لێرە بەس تەمویلەکەیە، بە خۆیان دەڵێن هەدەفی ئێمە تەمویل نییە، دەتوانن سیغەیەکی بچوک بدۆزنەوە و گیروگرفتەکە چارەسەر بکەن، شتێک زیاد بکرێت یان سیغەیەکی نوێ بدۆزنەوە مادام هەموومان موتەفقین لەسەر یەک شت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە، فەرموو کاک سعید یعقوبی.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مینحە کەمە کە وزارەتی دارایی دەیدات بە سندوق، ئێستا ئەگەر سەیری وەزعی نیقابە بکەین، مینحەکەی ئێستا بۆتە نیوەی هەندی جاران، بەڵام هەیئەی سندوق نالێت بۆچی بۆتە نیوە یان بۆچی کەم کراوەتەوە، ئەگەر ئیلتیزامەکی وەها هەبوایە لەسەر وەزارەتی دارایی ئەوە سندوق حەقی خۆی بوو داوا بکاتن بۆی تەواو بکرێت، لە بەندەکەدا نالێت(علی وزارة المالیة تمویل صندوق النقابة) نالێت( علی وزارة المالیة تأمین الموارد المالیة للصندوق) هیچ ئیلزامەکی تێدا نییە، بۆسەر وزارەت بۆیە پێشنیارەکەی وزارەتی دارایی کە دەلێت ئیلحاق بکرێتن بە وزارەتی دارایی، شتەکە پێویستە بکرێتن بۆ تەنسیق و بۆ رواندنی کارو بارەکان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک رجەب شەعبان.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سندوقی تەقاعودیا پێتڤیا گرێدا بیتن جیهەتە کیڤە، ویا هاتیە دیارکرن بێتە گرێدان وزارەتا دارییێدا، ئەڤ مەشروعەش مەشروعی حکومەتیا مەجلیس وزراء تەقدیم کرییە، وەزیری دارایش لێرەیە فەرمووی مە هیچ ئیعتیرازمان لسەر نییە، بەس کە لە ناحیا تەمویل نەبیت، نابێتە گرێ دان و، من پێشنیار دکەم کە فەقەرەیەک بێتە زیاد کرن بێژیتن( وتلحق بوزارة المالیة من حیث الادارة والرقابة والتفتیش) لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەو ئیلحاقە بۆ چیە ئێمە پرسیاری ئەوە دەکەین، بەس ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە بۆچی ئیلحاق بکرێت بە وزارەتی دارایی، لیژنەی یاسای تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سندوقی تەقاعوودی پارێزەران هەر جیهەتێک لەو جیهەتانەی کە نوێنەرەکە خۆی تەرشیح دەکات، ناوەکان دەچێتە وزارەتی دارایی، بەڕێز وەزیری دارایی ئەمرێکی پێ دەردەکات و، شەخسی وەزیریش دەبێت بە خۆی ئیمزای بکات، بە ئیعتیباری سندوقی تەقاعود، ئەمری تەعینی سندوق ئەعزائی سندوق بە سەرۆکەوە کە سەرۆکەکەی حاکمە، جەنابی وەزیری دارایی ئەمر دەردەکات بە تەعینیان، ئەوە لایەک، لای دووەم، ئیعتیرازەک کە لەسەر قەراری تەقاعوود هەبێت کە سندوقی تەقاعوود قەرارێک دەردەکات بۆ پارێزەران، ئەو ئعتیرازە دەچێتە وزارەتی دارایی ناچێتە هیچ لایەکی تر، ئەبێ لە وزارەتی دارایی روونی بکاتەوە، ئەو کابرایە راستە یان راست نییە، ئەگەر کابرا بە قەراری وەزیری دارایی رازی نەبوو، ئینجا دەچێتە مەحکەمەی تەمییز

و قەراری سندوقی نیقابە تەمییز ناکات، قەراری وەزیری دارایی تەمییز دەکات، دەڵێت بەڕێز وەزیری دارایی غەدری لەمن کرد، لەبەر ئەوە من موستەحەقی تەقاعوود نیمە، ئێمە هەموومان قەرارمان دا گوتمان وزارەتی دارایی سندوقمان تەحدید کردیە، پێک هاتووە لە فلان شت و مینحە، بۆ ئیلحاق مانای ئەوەیە کە شتەکی زیاد دەکەوێتە سەر وزارەتی دارایی، تەحدیدمان کردیە لە مینەح زیاتر نییە، نوسراوە بەشێک لە دارایی مینەحە، ئیلحاق ئەگەر نەبێتە دائیرەیەک یان موئەسەسەیەک سەر بە وزارەتی دارایی، چۆن وزارەتی دارایی وەکو موتەقاعیدەک کە ئیعتیرازی هەبێت لە وزارەتی دارایی تەدقیق دەکرێت لەسەر چ ئەساسەک، ئەگەر مەربووت نەبێت پێی ئیلحاقی پێ نەبێت، دوایی ئیلحاق مانای ئەوە نییە، وزارەتی دارایی تەحەمولی هیچ شتێک بکات، لە هیچ زەمانێک ئەوە نییە، بۆ دەوائیرمان هەیە کارگەمان هەیە وزارەتمان هەیە، هەمووی مولحەقن بە وزارەتی دارایی هەموو تەموویلی زاتییان هەیە، عیلاقەیان نییە بە وزارەتی دارایی خۆیان خۆیان تەمویل دەکەن، مومکینە وزارەتی دارایی ئیستیفادەیان لێ بکات، کاک شێروان شتێکی عەزر کرد، بەدەیان جار نیقابەی پارێزەران وەفری هەبووە مینەحی داوەتە وزارەتی داد، لەبەر ئەوەی واریدات زۆر بووە و شت زۆر بووە، دوای مینەح کە ئیلحاق بێت وزارەتی دارایی تا ئێستا کەس چووە بۆ وزارەتی دارایی کە ئەوەندە پارەمان بدەنێ، وزارەتی دارایی سەربەخۆیە پارەکە دەدات یان نادات، مینەحەکەی رەفز دەکات یان ناکات، ئەوە خۆی سەربەخۆیە، گوتمان مینحەکەش ئیجباری نییە، شتەکی مەعلومە هیچ ئیجبارییەکی تێدا نییە، لەبەر ئەوە ئیلحاقەکە هیچ زەرەرێکی تێدا نییە، تەنیا ناحیەی فەنی رێک دەکەوێت وەکو دائیرەکی سەر بەو وزارەتەی بتوانی بە کاری خۆی هەڵبستێ موقابیلی ئەو سندوقەی هیچی تر نییە، ئەرکەکەش هیچ عیلاقەی بە وزارەتی داراییەوە نییە، چونکە موفرەداتی دارایی تەحدید کراوە لە سندوق، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەردوو بەڕێزان فەرموویان، کو قەراراتی هەیئە مل کەچە بۆ وزارەتی دارایی و ئابووری، با بڵێین فلان ماددە مل کەچە ئەوە یەک، دووەم هەتا خزوعیش هەموو مەسائیلی مالی لە هەموو کاتەکیش خازیعە، بەڵام هیچ ماددەیەک تیا نییە، کو قەراراتی هەیئە خازیعە بۆ ئەوە، هەتا ئەگەر خازعیش بێتن ئەوە شتێکی زۆر ئاساییە، لەماددەی ئەسڵیش ئەمری تەعینی ئەو هەیئەیەش لە وزارەتی داریی و ئابوری دەرناچێتن، ئێستا برادەران داوایان کردووە کە تەعدیل بکرێتن ئەمرەکە لە وزارەتی دارایی و ئابوری دەربچێتن، ئەساسەن لە وەزارەتی دارایی و ئابووری

ئەمری تەعینی ئەو هەیئەیە دەرناچێتن، بەڵام لە تەعدیلەکە خۆیان داوایان کردووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەکید دوای ئەو قانونەش کە دەردەچێت، نیقاباتی تریش تەقدیم دەکەن بۆ سندوقی تەقاعوود، ئەوانەی ئیشی موحامیەتی بکەن، لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن، عەجەبەن وزارەتی دارایی موافەقە دەکاتن بۆ ئەوانەش کە مولحەق بیتن یان تایبەتە بۆ موحامیەکان بەتەنیا، ئەگەر بۆ ئەوانی تریش ڕازی بێت ئێمەش لەگەڵێن شتەکە ئاساییە، بەڵام ئێمەش حەز ناکەین مەسەلەکە تایبەت بێت بەس بۆ شەریحەیەک، شەریحەکی تر وا نەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. إدريس هادي صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە کۆبوونەوەی پێشوو من ڕەئی خۆم دەربڕی، هەر لەسەر ڕەئیەکەی خۆم بەراستی ئەم بۆ چوونە گرنگە، کە ئێمە قانونێک دەردەهێنین بە چ نیزامێک دەچین؟ ئایا بەنیزامی مەرکەزی یان ئێمە دەمانەوێت ئەو قانونە بسەپێنین؟ من پێم وایە زۆر بەسەراحەت تر قسە بکەین، باشترە لەوەی کە بڵێین مەسائیلی مالیی گرنگە یان مەسائیلی تر گرنگە، کە ئێمە بۆ شتەک بۆ کۆمەڵگای مەدەنی شتەک دادەڕێژین بۆ دوارۆژ، ئەگەر مەسائیلی دارایی با فەقەرەکی تێدا هەبێت زۆر وازیح تر بێت بڵێت لە کاتی پێویست ئەگەر عیجز هەبوو با وزارەتی دارایی پارەیان بداتێ و دەعمیان بکات، بەڵام ئەو ئیلحاقە نەکرێت، چونکە ئیلحاقەکە لەوانەیە لەڕوویێکەوە کە ئێمە یاسایەک دەردەکەین، یەعنی ئێمە فەسڵی سوڵتات و ئەو ئیستقلالیەتەی مونەزەمات کە دروستی دەکەین،ئێمە خۆمان پابەندی شتێک بکەین، بەڕەئی من مەسائیلی داراییەکە ئەوەندە گرنگ نییە بە قەدەر ئەوەی کە ئێمە بە چ بۆ چوونێک ئەو یاسایە دادەڕێژین، جا لەبەر ئەوە من ناتوانم قەناعەت بە خۆم بکەم ئەو ئەسبابانەی کە گوتران لێرە کە ئیلحاقەکە بۆ ئەوەیە کە ئەسبابەکی مووجیبە بەنیسبەتە خۆم بەراستی، جا لەبەر ئەوە کاک إبراهیمیش فەرمووی  گوتی باشە ئەدی نیقاباتی تر هەیە، بە خۆی ئەو سندوقی تقاعوودە بەشێکە لە (الضمان الاجتماعي) بۆ دوارۆژ، خۆمان ئێمە شەرائیحی ترمان هەیە لە کۆمەڵگا، ئەگەر وزارەتی دارایی تەقدیری ئەو شتە دەکات، (الضمان الاجتماعي) بۆ هەموو شەرائیحی موجتەمەع دادەنێت بەرێک و پێکی ئەوە شتەکی ئەو بەخۆی مەسئولیەتەکە دەخاتە ئەستۆی خۆی تەعویزی مالییان دەداتێ ئەوە شتەکی ترە، ئەگەر نا با ئێمە دایبەمەزرێنین

هەمـوو وەكو يەک بێت لە دوارۆژ، مـوحـامـيـەكـانـيش بەشێكن لە شەرائيـحى ئەم كۆمەڵگايە با تەمييز نەبێت لەبەينى نيقابەک و نيقابەكى تر، هەمووى بە يەک بۆ چوون بێت ئەوەش سياسەتى حكومەتى ئێمەيە و پەرلەمان تەحديدى دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سـوپاس، د.ئيـدريس، بەڕێز حـاكم سـەفـەر، ئەگـەر نەڵێين تەعـقـيب هەيە كـەس دەست بەرز نەكـاتەوە، دوو كـەس بۆيان هەيە دەسـتـيـان بەرز كـەنەوە، سـەرۆكى كـوتلەى زەرد و وەزيرى موختەس، جا هەر كەسێ لە جێ خۆى دەست بەرز كاتەوە نيزامەكەمان تێک دەچێت.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

بەراستى ژى ئەوەى جەنابت گۆتى جێ سەرنج و ئيهتيمامە، بۆ مە ئيلحاق بكەين، چونكى هەمى نيقاباتى دى و ئيتحاداتى دى شتى وا تێدا نييە ئەوە يەک، دوو زۆر هاتە پێش برادەران تكرارى كرد كە وزارەتى دارايى تەعينى ئەو هەيئە دەكات، وابزانم تەعين ناكات، وا بزانم ژى لە فەقەرەى چوار هاتووە، وا بزانم تەواو نييە، چونكى بە خۆى حاكم موعـەيەنە، مەسئولى وزارەتى دارايى موعيەنە ئەوە هى سندوق، حاكم رەئيسە ئەگەر ئيشارەتى پێدا و پێ نەدا، لازمە ئيشارەتى پێ بدات، تازە تەعين نابن بەخۆ موعيەنن تەنسيبە بۆ ئەو هەيئە، جا مەسەلەى ئيلحاق و ئەو شتانە بەراستى زۆر زەروورى نييە، لەگەڵ ريزمدا.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

وا بزانم لەسەر ئەو بابەتە زۆر گفتوگۆ كرا و، رەئى موختەليف هەيە، ليژنەى ياسايى داواى كرد كەوا بەو شێوەيەى كە هاتووە بخرێتە روو، وەزيرى دارايى و ليژنەى دارايى ديسان رەئيان ئەوەيە نەخێر بەم شێوەيە نەبێت، من لەگەڵ برايان ئەندامانى ليژنەى ياسايى ئەو بابەتەم باس كرد، بەراستى لەناو ئەوانيشدا رەئيەک هەبوو(دون تحمل المسؤلية المالية) يەعنى رەئيەک هەبوو پێش وەخت كە ئەوەى تێدا نەبێت، ئەگەر مەسەلەكە تەمويلى داراييە، ئێمە لەم بارودۆخەى ئێستادا ئەوەمان پێ ناكرێ، ئەسبابى ئەوەيش وازيحە، تەقاعوودى دانراوە( ١٥٠٠ ) دينارە، يەعنى مەسەلەكە ئيحتيمالى هەيە بۆيان جێ بەجێ نەكرێت، سندوقەكە بۆى جێ بەجێ نەكرێت، ئينجا ئەو كاتە كێ تەحەمولى بكات، وزارەتى دارايى؟ لەبەر ئەوە وەزيرى دارايى پێشنيارى كردووەكە سيغەيەک بدۆزێتەوە يان(دون تحمل المسئولية المالية)يەعنى سيغەيەكى وابێت مەسئوليەتى

داراییەکەی تێدا نەبێت، پێم وایە رەئی وەزیری دارایی بخرێتە دەنگدانەوە، وا دیارە هەندێ لە برادەران تەئیدی رەئی وەزیری دارایی دەکەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە یەک تەعلیقمان هەیە لەسەر ئەو بابەتە، رەئی لیژنەی یاسایی وازیحە، ئەویش ئەوەیە دەڵێت یان ئیلحاق بکرێت یان ئیلحاق نەکرێت، لەناحیەی یاسایی ئەوە راستە، راستە ئەمڕۆ مومکینە وەزارەتی دارایی ئیمکاناتی نەبێت، بەڵام ئەگەر لە دوارۆژ سندوق عیجزی هەبێت، مەجبورە وەزارەتی دارایی بۆی پڕکاتەوە، وەکو هەر کارگەیەک، کارگەیەک کە خۆی ئیمکاناتی خۆی هەیە، قازانجی کرد پارە ئەدات بە وزارەتی دارایی، بەڵام کە زەرەری کرد وزارەتی دارایی مەجبورە تەعویزی بکا و بۆی پڕ کاتەوە بۆ ئەوەی ئیشەکەی نەوەستێ، ئەمە لایەنێکی تری بابەتەکەیە، کە ئەڵێین ئیلحاق دەبێت حیسابی ئەوە بکەی شەرت نییە ئەمڕۆ، شەرت نییە ساڵێکی تر، بەڵام لە دوارۆژ لەوانەیە ئەوە بێتە کایەوە، ئەمە لایەکی ترە، لایەکی تر ئیلحاق نەکرێت، یەعنی وزارەتی دارایی هیچ ئیلتیزامێکی نەبێت بەرامبەری، جا ئێمە حەقە بزانین کامەیان قازانجی هەیە، قازانجەکەی لەم زروفە چیە و زەرەرەکەی چیە؟ قازانجەکەی بۆ کێ ئەبێت؟ ئەگەر قازانجەکەی عام بێت مەفروزە بۆ هەموو لایەک بێت، چونکە شەرائیحی تر موشابهی هەیە بۆ پارێزەران، ئەگەر پارێزەران حەقیان هەبێت، ئێمە ناڵێین حەقی نەبێت، تا ئێستا حوکمی ئەوەمان نەداوە، ناڵێین باش نییە ئیشی بۆ بکەی، باشە ئیش بۆ هەموو کەسێک بکەیت، بەڵام لە هەمان کاتدا شەرائیحی تر هەنە، دەبێت رەچاوی ئەو شەرائیح و نیقاباتانەش بکرێت لە حاڵەتێکی وا، ئایا دەمانەوت ئەو سیستەمە هەمووی وا لێبکەین؟ یان جارێ زووە یان ئەو کاتە هاتووە کە ئێستا بیکەین، ئەمە بە راستی لێکدانەوەیەکی قوڵی دەوێت، جا ئەوانەی تەعقیبیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز کەنەوە بۆ ئەوەی ناونوسیان بکەین، ئەگینا موقتەرەحات زۆرە کە ئیزافە بکرێتە سەر ئیلتیزاماتی مالیی، ئیلتیزاماتی مالیی ئیزافی نەبێت، بەڵام ئیلحاق هەر ئیلحاقە، یان دەبێت ئیلحاقی بکەی یان دەبێت ئیلحاقی نەکەیت، واتە حەددێکی بۆ دابنرێت، بەرەئی ئێوەش وا نییە، ئەوەی تەعقیبی هەیە تکایە دەستی زۆر بەرز کاتەوە، ئەمە ئاخیر قسەیە کە تیای ئەکرێت، ناوی ئەو بەڕێزانە نوسراوە،

بەڕێز د.ناصح غفور رمضان.

بەڕێز بەڕێز جمیل عبدی سندی.

بەڕێز حمید سلیم میران.

بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی.

بەڕێز شفیقە فقێ عبدالله.

بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار).

بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی.

بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا.

بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم.

بەڕێز یونادم یوسف کنا.

بەڕێز یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان من تەعقیبێکم هەبوو، لەسەر برای بەڕێزم د. ئیدریس، کۆمەڵگای مەدەنی چ ئەوروپا چ ئەمریکا چ ئەوانی تر، مەسئولیەتی زەمانەتی ژیانی موتەقاعید تەقریبەن زۆربەیان وابۆی حیساب کراوە کە حکومەت مەسئولیەتی هەیە، تەنزیم کراوە پەیوەندی هەیە و، ئیلحاق هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو مەسەلەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی یان مەدەنی نییە، کە پیاو تەقاعوود بوو ئاخیری ژیانی دەوڵەت مەسئولیەتی بەرامبەر بەو کەسانە هەیە، هەرچەند ئازاد بن ئەو وڵاتانە هەرچەند کۆمەڵگای مەدەنین، هەر مەسئولیەتی ناڵێم وزارەتی دارایی، بەڵام دەزگایەکی وا کراوە کە حەق و حقوقی ئەو کەسە رەچاو بکرێت بە ئاخیری ژیانی، جا لەوانەیە بۆ چوونی بەڕێز وەزیری دارایی راستە(١٥٠٠یان ٢٠٠٠) زۆر بێت، بەڵام دیسان مەسئولیەتی حکومەتە بەرامبەر بە هاووڵاتیانی خۆی بەگشت شەرائیحەوە نەک تەنها پارێزەران بەڵکو بەگشت شەرائیحەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان دیارە هەر خودی یاساکە لەسەر داوای لیژنەی یاساییش ئەو برگەیە هاتۆتە پێشەوە کە ئیلحاق بکرێت بە وزارەتی دارایی ئەوان داوا ئەکەن، بەڵام ئەوان یەک دوو جار بۆمنیان روون کردەوە، کە ئەوان مەبەستیان مەسئولیەتە داراییەکە نییە، بەڵام ئەمرۆ بە پێچەوانەوە پەشیمان بوونەتەوە و، وەزیری داراییش ئەڵێت ئەگەر مەسئولیەتە مالیەکەی تێدا بێت، خۆم مەجبور ناکەم کە ئەو ئیلحاقە بە ئێمەوە بێت، بەڵام گیروگرفتەکە لێرە ئەوەیە کە وەکو جەنابت پێشنیارت کرد، ئەگەر ئێمە بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی ئەڕۆین بۆچ ئەبێت ئیلحاق بکرێت لەرووی فەنی و ئیداریەوە بە وزارەتی دارایی، ئەگەر مەسەلە کۆمەڵگەی مەدەنییە، ئەوان خۆیان هەموو شتێکیان تەمویلی زاتییە، دوایی خۆیان پێشنیاریان کردووە مەسەلەی تەقاعوودی(١٥٠٠) دیناری تێدایە، بەراستی ئەو مەشاکیلانە هەموو ئیلزامە داراییکەیە، وەزیری دارایی ئەڵێت لەم بارودۆخەی ئێستادا ئێمە ناتوانین ئەو ئیلتیزامە جێ بەجێ بکەین، ئەگەر ئەوە بێت ئێمە ئامادە

نین، یەعنی تەحەمولی ئەو مەسئولیەتی ئیلحاقە بکەین، لێرە ئەو خاڵەی تێدا هەیە بۆیە بەراستی من پێم وایە بەش بە حاڵی خۆم پشتگیری لە رەئیەکەی وەزیری دارایی بکەم، لەم بارودۆخەی ئێستادا، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حلیمە حسێن بارزانی.

**بەڕێز حلیمە حسین محمد بارزانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من بەڕێز کاک یۆنادم باسی کرد، بەراستی دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەم پرۆژەی کە هاتیە کە برادەرانی لیژنەی یاسایی قسەی لێ دەکەن، خەڵک موقتەنیعی رەئیەکەیە، وەزیری داراییش کە قسە دەکات لە ناحیەی داراییەکەی کە کاتی خۆی(٥٠-٩٠)دینار بووە تەقاعوود، ئێستا بۆتە(١٥٠٠) دینار بەراستی مەترسیەک هەیە لەوەی ئەگەر رۆژێک لە رۆژان ئەو فەراغە نەکرا مەجبوورە ئیلحاق بکرێ بۆ ئەوەی کە تەواوی بکات، بەرەئی من ئەگەر بەو شتە حەڵ دەبێت یان تەئجیلی بکەن لە دەرەوە ئتیفاقی لەسەر بکەن، یان بدرێتە دەنگدان پرۆژەی رەئی نوێ، کە رەئی بەڕێز وەزیری داراییە، بدرێتە دەنگدان وچارەسەر بکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی جەنابت فەرمووت سێ ئیقتیراحە، خۆت دەزانی سێ پێشنیارە.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە رەئی وان موقنیعە، رای وەزیریش موقنیعە، بەرەئی من وایە تەسویت بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر کامەیان، جەنابت سێ پێشنیارت وت، جا ئێمە تەسویت لەسەر کامەیان بکەین، یەکیان ئەڵێت ئیلحاق بکرێت، یەکیان ئەڵێت ئیلحاق نەکرێت، یەکێکیشیان ئەڵێت ئیلحاق بکرێت و ئیلتیزاماتی مالیی تیا نەبێت، جا کامەیان بخەینە تەسویت.

**بەڕێز مـــــلا هادی خــــضـــــر کـــوێخـــــا:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

بەرەئی من ئەوەی ئیلتیزاماتی مالیی تێدا نییە ئەوە بخەینە تەسویت.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

باشە بۆ ئەوەی وازیح بێت، زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حمید میران.

**بەڕێز حـــــمـــــیـــــد سلیم مـــیـــــران:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

ئێمە وا دەزانین کەوا ئەوە مەسئولیاتی وەزارەتی دارایی لەسەری زیاد ئەبێت، ئەگەر بێتو ئەو بابەتە ئیلحاق بکرێت بە وزارەتی دارایی، یان ئەو ئیلحاق کردنە مەشروت بێت وەکو جەنابی وزیر فەرمووی یان ئیلحاق نەکرێت بە وزارەتی دارایی، چونکە شەرائیحی کۆمەڵگە زۆرن، نابێت ئێمە هەریەکە بە چاوێک سەیریان بکەین، دەبێت هەموو بە یەک چاو سەیریان بکەین و، یەکێک پاش ئەوەی شەهادە وەردەگرێت یان بۆ خۆی ئیش دەکات یان دەچێتە قیتاعی حکومەتەوە بۆ میری ئیش دەکات، ئەوەی بۆ میری ئیش دەکات بە مووچەیەکی کەم بۆ ماوەیەکی درێژ، مەعقول نییە هەردوولایان تەقاعوود وەرگرن، هەردوکیش عەینی وزارەتی دارایی بیدات، لەبەر ئەوە وا ئەزانم ئەو بابەتە مەشروت بێت وەکو وەزیری دارایی فەرمووی، چونکە ئەگەر ئیلحاق کرا پێوەی وەکو جەنابت فەرمووت وەکو کارگەکانی وزارەتی پیشەسازی لێ دێت، وەکی تر زەرەر دەکات، دەبێت وزارەتی پیشەسازی مووچەی خەڵکەکە هەر بدات و هەر بەدرەوام بێت ئیشەکەی ناتوانی خەڵکەکە دەربکات، ئەویش هەر وای لێدێت لە دوارۆژ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز شەفیقە فقێ عبداللە:

**بەڕێز شــەفـــیـــقـــە فـــقی عـــبـــداللە:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

بەشی زۆری قسەکانی من کاک حمید میران کردی، بەڵام من ئەڵێم ئێستا ئێمە بارودۆخی ئەوەمان نییە کە ئەم بارە قورسە بخەینە سەر وزارەتی دارایی هەموو کاتێکیش هەموو حکومەتێک حەز دەکات، میللەتەکەی خۆی هەموو هاوڵاتیەک باری ژیانی خۆش بێت، بە ئاسوودەیی بژیت، بەرەئی من ئیستا ئەو بارە دوا بخرێت، تاکو ئێمە زروفێکی باشمان دەبێت، ئەو کاتە خۆی حکومەت مولحەقێک دەدات بە هەموو شەرائیحەکان مولزەمی دەکات لەسەر وزارەتی دارایی، ئەگەر ئێستاش ئەکرێت ئەو ئیلحاقە ببێت بە وزارەتی دارایی با مەشروت بێت بە (دون الجانب المالي)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک یونادم ئیشارەتی بە خاڵێکی باش کرد، بەڵام من هەندێ بە روون تر ئەیڵێم بەراستی بە رەئی من هەموو تەقاعوودیەک دەبێت بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئینجا ئیلحاق بکرێت بە حکومەت ئەوە شتێکی زۆر پێویستە، لەگەڵ ئەو برگەیە نەنوسرێت(دون المسؤولیة المالیة) لە ئیرادات ئەگەر ئیمکانیات باس بکرێت بووترێت جگە لەو مینحەیەی کە حکومەتی هەرێم ئەیدات بە نیقابە یان بە سندوقی تەقاعوود، هیچ مەسئولیەتێکی تری مالیی هەڵ ناگرێت هەردووکی بوترێت، چونکە بوترێت (دون المسؤولیة المالیة)، لەوانەیە مینحەکەش بفەوتێت، بەڵام ئەگەر ئیشارەت بە مینحەکە بکرێت لەگەڵ ئەوەیدا کە زیاتر حکومەتی هەرێم تەحمول ناکات شتێکی خراپ نییە، ئینجا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم بزانی حکومەتی هەرێم، ئەو مووچانەی کە دانراوە (١٥٠٠) یان زیاترە یان کەمترە، ئایا حکومەت وەکو وزارەتی دارایی لەسەر ئەو مەبلەغانە هەیە یان نا؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر قسە لەسەر وی بابەتێ هاتە کرنێ فعلەن فەقەرە ئەساسی بێ تەعدیلێ، ئەگەر بەرێ خو بدەنێ هەمی ئەوا، هەرچەندە سەندیکا ماف پارێزان وەکو مە گوتی تایبەتمەندیە وا هەین، بەڵام ئەگەر یەکێک بێ ڤێ قاعێ حازر نەبیتن لەدەرڤە ڤێ فەقەرە بخوینیتن، بە تەئکید دێ بۆ چوونەک پەیدا دەبیتن، فعلەن ئەو ئیلحاقانە دێ شێ تەفسیر ببێت، گەلێک تەحەمووڵاتێ تەبیعاتێ مانێ ژی هەی، هەر چەندە ئیحتیماڵە یەکێک تر تەفسیر بکەت، نەخێر چونکە زیکر ناهێتە کرنی مومکینە نەبێت، بۆ جارێ ژ ڤێ ئیجتیهادو تەفسیرات لێ دەرکەوین، مە ژ دەبین باش ئەڤ فەقەرانە بێتە هەلگرتن نەمینێت دڤێ مەشروعێ دا، ئەگەر لە دوارۆژ هاتوو تەقەبوول هاتە کرنێ زێدە کرنا هاتە پێش تەعدیلێک پێشکەش دکەن، ئەم لڤێ حازرین و هاریکاری بۆ بکەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جمیل عبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عـــــبـــــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

هەروەکی بەری مە گۆتی، مەسئولیەتی مالیی شتەکی زۆر گرنگە هەمی حکومەتێت عالەمێ، ئەگەر خزینەکا بە قووەت نەبت ئەو سوڵتەیە ئەو حکومەتە فەشەلی دێنیت، دبیت بۆ چوونا مە هەمیا وەکی نوێنەری میللەتی دیێ ژی وەکی کورد دیێ ژی دڤێتن هەمی بۆ چوونا مە هەمیا بێتن زێدە ژ گرێ خزینەتا حکومەتا هەرێمێ بکەن، زۆر زۆر وەلێ بکەن رۆژ بەرۆژێ کو رەسید ژێ هەبیتن، نەک ئەوا موحاوەلە بکەتن هەر فیئەتەک بزانن کا دی چاوا ئمتیساسی ئەو خزینە دکاتن ئەو حکومەتە بێ هێز بکاتن و فەشەلێ بهێنتن و، حکومەتی کوردی یان سوڵتەی کوردی نەمێنیت، لەبەر ئەوە( دون المسؤولية المالية)زۆر چاکە، لە هەموو شتێک چاکتر ئەوەیە هەر ئەم تەعدیلە نەکرێتن واتە ئیلحاق نەکرێتن بە وزارەتی دارایی و ئابوری، لەبەر چی؟ چونکە نیقابات و ئیتیحادات هەموویان ئیستیقلالیەتی خۆیان هەیە، زۆر چاکە و گرنگە ئەو ئیستیقلالیەتە بپارێزن، هەروەها وزارەتی دارایی و ئابووری قانون و نیزامی خۆی هەیە، هەیکەلی خۆی هەیە، لە هەیکەلەکەی خۆیدا هیچ سندوقێک نییە بەم ناوە، نابێت ئێمە زۆر شتی تری پێ ئیلحاق بکەین، کە هەیکەلی وزارەتی دارایی و ئابووری ئەوەندە فراوان ببێت یان ئەوەند ماندووی بکەین، کو شتەکی ناحەق هیچ جارەک ئەم وزارەتە نە رەسیدی بمێنیتن، هەمی خەزینەی وزارەتی جیهان دائیمەن رەسیدێکی زۆری هەیە، ئێمە نە رەسیدمان ماوە، چونکە وزارەتی دارایی تەقسیری نەکردووە لەگەڵ هەموویان بۆ هەموو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک جمیل ئەو تەفسیلاتە پێویست ناکات، جارێ وەرە سەر ئەو ئیعتیرازاتەی خۆت بڵێ، چی لە خەزینە هەیە یان نییە، ئیشی ئێمە نییە.

**بەڕێز جـــــمـــــيل عـــــبـــــدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە رەئی ئێمە ئیلحاق نێتە کرن بۆ وزارەتی دارایی و ئابوری ژ بەر هەیکەلێ وزارەتێ دارایی ئابووری، قانون ونیزامی چونکە نیقابات و ئیتیحادات ئیستقیلالیەتی خۆی هەیە، دەبێت ئەو ئیستیقلالیەتە بپارێزن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەراستی چەند شتێک برادەران خستیانە روو، زۆربەی وا تەسەور دەکەن کە هەر شتێک

شەریحەکی ماوە، یان بە تەنیا بۆ ئەو پارمەتی ئەو شەریحەیە بدرێت و پارمەتی یەکی تر نەدرێت، تەبعەن سەرەتا گوتراوە هەندێ شەرائیح هەنە، کە ئەوانە فەرمانبەریان نیە لە حکومەت مەشمول نینە بە تەقاعود، ئەوانە هەموویان مەعلومن، ئەوە پارێزەرانە، هونەرمەندانە، هیچ لاری نیە، ئەوەی سندووقی خانەنشینی هەبێت، سندووقی بۆ بکرێت، سندووق بە یاسا دەکرێت لە خۆڕایی ناکرێت، لێرە دا بڵێین هەموو نەقابەکان وەکو نەقابەی پارێزەران دەبێت، نەقابەی مامۆستایان بۆ وەکو نەقابەی پارێزەران بێت، چونکە مووچەی خۆیان هەیە و خانەنشین دەبن حەسب ئوسوول لە دائیرەکانیان، یانیش هەندێ برادەرانی تر تەئیدی ئەوە دەکەن کە تەقاعودیەکە زۆرە، پارەی خۆیانە بۆ خۆیان ئیستیقتاع دەکەن، ئێستا بڕیارەکە پێشنیار کراوە لە نیسبەتی (١٠٠٪)ی تێدا هەیە هەتا (٣٠٠٪)، ئیستیقتاعاتی سندووقی تەقاعود لە پارێزەران زیاتر بکرێت هەتا (٣٠٠٪)ی تێدایە، پارەی خۆیانەو وەریدەگرن دەیدەنە تەقاعود، لە زمنی واریداتەکەیان دایان ناوە تەنیا ئەو مینحەیەی کە حکومەت دەیداتێ و، ئەگەر مینحەکەش حکومەت نەیدا، ئەوان چ دەکەن، یەعنی دەتوانن زۆری لە حکومەت بکەن بڵێن دەبێت بماندەیێ، کەس پێی ناکرێت زۆری لە حکومەت بکات، لەبەر ئەوەی ئەو ئیلحاقەی هیچ زەرەرێک بە وەزارەتی دارایی ناگەینێت، ئەگەر لوتف بفەرمووێ سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیارەکەی دارایی بە ئیعتیبار پێشنیارە بداتە پرۆژەی حکومەت و، ڕاش بۆ پەرلەمانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەوزوعەکە لە حەقیقەتدا ئەوە نیە بڵێین بتوانین بە دانگدانێک بیبڕێنینەوە، بە قەناعەتی ئێمە وەکو سەرۆکایەتی، ناشمانەوەی پەرلەمان بڕیارێک وەربگرێ و، ئەو بڕیارە جێ بەجێ نەکرێت، یان بڕیارەکە کێشەیەک دروست بکات، لە جیاتی ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بۆیە پێمان باشە، ئەگەر نوێنەرانی وەزارەتی دارایی لەگەڵ حکومەتدا دانیشن، تاکو بگەنە چارەیەک، کە گەیشتنە چارەیەک، ئەوە بەنیسبەت هەموومانەوە باشترە، بۆیە ئێمە ئەو مەوزوعە تەئجیل دەکەین تا دانیشتنێکی تر، هیوادارین هەردوو لا دانیشن و قسەی تێدا بکەن.

تێبینیەک هەیە، یەعنی حەز دەکەم ئەوەی بزانن، ڕاستە لە زۆر وڵاتاندا حکومەت بەرپرسیارە بەرامبەر بە خانەنشین و تەنزیمی خانەنشین و ئیشراف لەسەر خانەنشینی هەموو چینەکان دەکات، بەس لە هەمان کاتدا یەک یاسای خانەنشین هەیە دوو یاسای جیاواز نیە، حەددی ئەعلا هەیە، حەددی ئەدناش هەیە، بەپێی وەزیفە، بەپێی خدمە و، فەرق و جیاوازی نیە لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر، ئێمە تا یاسایەکی وامان نەبێت، ناتوانین داوای ئیشرافی ئەوانە بکەین، یەعنی هەندێ نوسراوی وامان بۆ هاتووە، شتی وا هەیە لێرە، ڕاستە ئەوانە هەمووی ڕاستە، ئەم مەوزوعە تەئجیل دەکەین دەچینە سەر مەوزوعی تر، خاڵی دووەم تەئجیل دەکەین بۆ دانیشتنی داهاتوو.

خاڵی سێیەم: خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی دووەمی یاسای ژمارە (١٧)ی

ساڵی ١٩٩٣ی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند کراوە بە نووسراویان ژمارە (٧٢٠) لە مێژووی ٦/٨/٢٠٠٠ پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کراوە، خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژەیە لە دانشتنی ژمارە (١)ی خولی دووەمی ساڵی (٢٠٠٠) کرا، لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی هەیە لەسەر ئەم خاڵە، فەرموو کاکەڕەش.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو پرۆژەیە ماوەیەکی زۆرە لە لای ئێمەیە، بەس مومکینە لەبەر چەند هۆیەک، چەند هۆیەکی تایبەتی، مومکینە ئینتزاری ئەوەمان کردووە، نەوەکو وجهەی نەزەرێک لە لایەک شتێک بەو شێوەیە بۆمان بێت، نەمانتوانی وەکو پێویست ڕای خۆمان لەسەر پرۆژەکە دەربڕین و، بتوانین ئاراستەی پەرلەمانی بکەین، بۆ ئەوەی پەرلەمانی بەڕێزیش عەرزی ئەندامان بکات، جا ئەگەر لوتف بفەرمووێ سەرۆکایەتی پەرلەمان، داوا دەکەین بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ یان حەفتەیەک ئەو پرۆژەیەمان تەئجیل بکەن، چونکە وا دیارە هیچ دیراسەت و شتی تر لەم لاو لەو لامان بۆ نەهاتووە، بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین ڕای خۆمان وەک لیژنەی یاسا دەربڕین پێشکەشی ئێوەی بەڕێزی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەی یاسایی دەیخەینە دەنگدانەوە، داوا دەکەن تەئجیل بکرێت بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ، حەقیقەتیش ڕاستە ئەو مەوزوعە زۆری بەسەردا چووە، بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ئامادە بکەن، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تەئجیل کردنی خاڵی سێیەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ خاڵی سێیەم تەئجیل کرا بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ، دانیشتنی داهاتوومان ڕۆژی چوارشەممەیە کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی، سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١١)**

چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/٤/٢٠٠٢

خولی یەکەم

ساڵی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١١)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/٤/٢٠٠٢

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/٤/٢٠٠٢ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١١)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.*

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٤/٤/٢٠٠٢ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستانی عێراق.***

***٢ ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژماوە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان) کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم.

بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە (١١) خولی یەکەمی ساڵی دوازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بەکار بین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان چاکە بیخەینەوە یاد کە ئەمڕۆ ڕۆژی ماتەمینی گشتی یە لەکوردستانی عێراقا ڕۆژی بۆمبارانکردنی شاری قەڵادزێ ی خۆ ڕاگرە لە ٢٤/٤/١٩٧٤دا بەم بۆنەیەوە تکا دەکەم دەقیقەیەک ڕاوەستن بۆ یادکردنەوەی گیانی پاکی شەهیدانی ئەو ڕۆژە ڕەشە.

چەند ئەندامێکی بەڕێز داوایان کردبوو پێش دانیشتنەکە بەم بۆنەیەوە قسە بکەن موداخەلەیان هەبێت و، پێش ئەوەی دەست بەکاری ئاسایی خۆمان بکەین دەرفەت دەدەین بەو بەڕێزانە کە موداخەلە لەم بارەیەوە بکەن بەڕێز کاک د. ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

ڕژێمی داخ لەدڵی بەغدا دوای ئەوەی لەماوەی چوار ساڵی بەناو ئاشتی دا لە ئازاری ١٩٧٠- هەتا ١٩٧٤ نەیتوانی بەگفتوگۆو پیلان دانان و فرتو فێڵ بەکار هێنان یان دزە کردن بۆ ناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و، دورخستنەوەی هەندێ لە هاوپەیمانە دێرینەکانمان لە پارتی و شۆڕش بۆ هەڵخلەتاندنی هەندێ کەس و لایەن دوای ئەوەی نەیتوانی پارتی و شۆڕش بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر لەجەماوەر دابڕێ و مەرجەکانی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ ئەوەبوو جارێکی تر شەڕی نایەوە، شەڕی لەناوبردنی پارتی و شۆڕش و قەلاچۆکردنی کوردو کوردستانی بەرپا کردەوە ئەوەی لەدەستی هات و پێی کرا بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتە فاشستی و رەگەزپەرستانەکەی پیادەی کرد یەکێک لەو شالاوە دڕندانەیە بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ بوو بەتایبەتی ئەم شارە کورد پەروەرە لەو سەردەمەدا باوەشی بۆ قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کردبۆوە زانکۆی لە ئامێز گرتبوو سەرباری ئەوەی کە قەڵادزێ مەکۆی شۆڕش و شۆڕشگێران بوو، بوو بەمەکۆی زانست و رۆشنبیرانی کوردستانیش بۆیە بێ بەزەییانە رق و کینەی خۆیان بەرامبەر بەقەڵادزێ هەڵڕشت و لە ئەنجامی شالاوێکی دڕندانە بۆردومانێکی سەخت لە ٢٤/٤/١٩٧٤دا فڕۆکەکانی ڕژێمی بەغدا بە چەک و تەقەمەنی و بۆمبای قەدەغەکراوی نێو دەوڵەتی کارەساتێکی گەورەی دڵتەزێنی نایەوە کە بووە هۆی شەهید بوونی ١٣٦ کەس و دوو ئەوەندەش زیاتر بریندارو پەکەوتە بوون ئەمە جگە لە زەرەرو زیانێکی تری زۆری مادی و مەعنەوی بۆیە لەبەر گەورەیی کارەساتەکە بەتایبەتی لەو سەردەمەدا سەرۆک بارزانی نەمر ئەم رۆژەی بەرۆژی ماتەمینی گەلی کوردستان ناوزەد کرد بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لەشەهیدان و لەبنەماڵەی شەهیدانی کوردستان، ئەکەین بەتایبەتی شەهیدانی قەڵادزێ و نەمان و سەرشۆڕی بۆ ئەو ڕژێمە مل هوڕەی کە هێشتا پەندی لەرابردوو وەرنەگرتوەو تۆبەی نەکردوەو بەردەوامە لەسەر سیاسەتی پاکتاوکردنی رەگەزی و لەناوبردنی کوردو کوردستان. ڕێزی بێ پایانمان بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدانی رۆژی ماتەمینی گەلی کوردستان. هەزاران سڵاو لەشەهیدانی قەڵادزێ و گشت ئەو شەهیدانەی خۆیان کرد بەقوربانی کوردو کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد نەچوو. زۆر سوپاس

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک د. ناصح فەرموو کاک یونادم.

**بـــەڕێـــز یـــونـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

بەڕێزان ئەمڕۆ یادی بیست و هەشتەمین ساڵی جەریمەی گەورەی ڕژێمی دیکتاتۆری فاشستە

لەشاری قەلادزێ ساڵی ١٩٧٤کە حیقدی خۆی لەسەر قوتابیانی زانکۆی سلێمانی ڕشت هەرچەندە هەر بەتەنها لەقەلادزێ نەبوو بەڵکو لەگەلاڵەش هەر لەناو ئەهلی دا هەروەها لەهەڵەبجەشی دا و، لەزۆر شوێنی تریش، ئەمە نیشانەیەک بوو کە ڕژێم ڕاستگۆ نەبوو یەکەمین ڕۆژ کە ڕێکەوت لەگەڵ سەکردایەتی شۆڕشی ئەیلول ڕاستگۆ نەبوون لەو ڕێکەوتنە هەروەها دەستیان درێژکرد بۆ سەر میللەتی ئاشوریش کە چۆن گروپێ دروست بکەن بۆ لێدانی ١١ی ئازار لە ساڵی ١٩٧٣ بەلام بە جهودی ئەو نیشتیمان پەروەرانە نەیتوانی ئەو سیاسەتە بەڕێوە ببات. ئەمڕۆش ڕژێم هەر بەردەوامە لەسەر هەمان سیاسەت کە ویستی چاوی شۆڕشگێران بشکێنێ. وئیرهابی کرد لەنێوان خەڵک و هاولاتیان کەوا لە هاولاتیان بکات پەشیمان بینەوە لە شۆڕشەکەیان و نەچنە پێش بەلام شۆڕش لەکاتی خۆی هەتا ئێستاش جەماوەری کوردستان بەیەکەوە بەرەو پێشەوە چوو و، نەگەڕایەوە تا پیلانەکەی جەزائیر نەهاتە پێش ئێمە و مەمانان ئەمڕۆ وەکو یادێکی دڵتەزێن دەبێ لەبەر چاومان بێت ڕژێم هەمان ڕژێمە سیاسەت هەمان سیاسەتە هەمان نەهجە دیکتاتۆری و شۆڤینیزم و کۆمەڵ کوژ کە دواتر ئەنجامەکەیان ئەوەبوو کە کیمیا بارانی هەڵەبجەو شوێنەکانی تریان کرد، دەبێ زۆر وریا بین زیاترو زۆرتر یەکگرتوو بین لەم یادانە دەبێت زیاتر یادمان بێتەوە کە چۆن دەبێت دەستی یەکتر بگرین پارتی و یەکیەتی هەموومان خەڵکی کوردستان پێکەوە خەباتی خۆمان بەرەو پێش ببەین گیانی پاکی شەهیدانی ئەو یادە دڵتەزێنانە خۆش بکەین و دڵی میللەتی خۆشمان خۆش بکەین دیسان سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی کۆمەڵ کوژی هەڵەبجەو قەلادزێ و دۆڵی جافایەتی و هەموو شوێنەکانی تر دابنوێنین و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک یونادم بەڕیز کاک عبدالخالق زەنگەنە

**بەڕێز عبدالخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەڕاستی لەو ڕۆژەوە کە گەلی کورد تێکۆشانی خۆی دەکرد بۆ دیموکراتیەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان و، بزاڤی گەلی کوردستان خۆی دا نووساندبوو بە بزوتنەوەی نیشتمانی لە عێراقا هەوڵی دەدا کە دوای ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار دوای ئەوەی کە چاوەڕێی ئەکرد ڕێکەوتنەکە جێ بەجێ ببێ ڕژێمی بەغدا جوابی ئەوە بوو کە جارێکی تر جاردانی شەڕی نارەوای دژی گەلەکەمان کرد لەو ڕۆژە حکومەتی عێراقی بەوەش نەوەستا بە لێدانی پێشمەرگەو هاتە سەر شارەکانی مەدەنی هێرشی کردە سەر قوتابخانەکان هێرشی کردە سەر مامۆستاکان و لەو ڕۆژە ڕەشەدا تەیارەکانی ڕژێمی عێراقی بەگشت جۆرە چەک لەگەڵ ئەوەشدا ناپاڵمی بەکارهێنا و، بۆ هۆی ئەوەی کە بەسەدان کەس بکوژرێن و بریندار بن و ئەو

ڕۆژەش کرا بەو ڕۆژە ڕەشانەی لەناوچەوانی ئەو نیزامە دیکتاتۆریە شۆڤینییە لەعێراق درا ولە حەقیقەتدا بارزانی نەمر کە ئەو ڕۆژەی کردە ڕۆژی ماتەمینی بۆ کورد. لەبەر ئەوەی بوو کە یەکەمین هێرشی گەورە بوو، بەو شێوە دڕندانە ئەنجام درا و ئەوانەشیی کە کوژران گشتی تەلەبە بوون و مامۆستا بوون و، هاولاتی بوون بە پیاوو بە ئافرەت بەگشت عومرەوە لەبەر ئەوە من وا تصور دەکەم زۆر لەوەهەم دا بوون ئەوان و دوای ئەوان کە جارێکی تریشیان لەقەلادزە داو هەروەها چەند جارێکی تریش لەهەڵەبجەو لە شارەکانی تری کوردستانیان دا، ئەم سیاسەتە نە بەس بۆ عێراق و بەڵکو بۆ ولاتانی تریش پێش عێراق بەکارهێنرا بەراستی سەری نەگرت و لەکوردستانیش سەر ناگرێ لەگەڵ ئەو هەڵمەتانەش کە دەکرێن و ئەو شالاوانەی کە دەکرێن دژی کورد، کە هێشتا بەردەوامە کەبۆ خۆمان بەچاوی خۆمان دەبیینین کە چ دەکرێت لەشارێکی وەک کەرکووک و خانەقین و ئێستا ئەو شالاوە گەورەی کە لەمەخمور دەکرێت هەروەها لەمناطقی وەک موصل و حملەیەکی گەورەی ئێستا عەشائیری عەرەبی هاوردوەو هەوڵ دەدا کە گۆرانکاریەکی تەواو بکات لەواقعی کوردستان من وا تصور دەکەم لەباتی ئەوەی کە ئەنزیمەی دیکتاتۆری و شۆڤینی عێراق ئیستیفادە بکات لەدەرسی خۆی و لەدەرسی ولاتانی تر کە ئێستا زۆربەی ئەو ولاتانە بەرەو محاکەماتی دەولی دەڕۆن بەردەوامە لەسەر ئەو سیاسەتە و، وابزانم ئێستا دنیا دوای ئەو گۆرانکاریەی کە روویدا هەق نییە کەس ئەو هەقە بدات بەخۆی وا تصور نەکات ڕۆژێک نایەت محاکەمە بکرێت خاصەتەن دوای ئەوەی کە شەستەمین دەوڵەت پێشی چەند ڕۆژێک موافقەی کرد لەسەر تەشکیلی مەحکەمەی دەولی بۆ ئەوانەی جینۆساید دەکەن دژی میللەتەکەیان ئێمە لەو ڕۆژە کە ئێستا دانیشتووینە بەناوی پەلەرلەمانەوە ئەو وەختە پەرلەمان نەبوو ئەو شەهیدانە کە ڕۆیشتن. یەکێک لەدەستکەوتەکانمان ئەو ئازادییەو دیموکراتیەو ئەو پەرلەمانەو ئەو حوکمەتەیە کە هەمانەو ئەو ئیعلانی فیدرالیەتەی کە هەمانە من واتصور دەکەم کە ئەوانەی شەهید بوون و ئەوانەی کە بریندار بوون و دوای ئەوانیش بەهەزارانی تر، ئەبێت باش بزانن گەلی کورد تەنازول ناکات لەهەقی خۆی و بەردەوامە هەتاکو دەگاتە هەموو ئامانجەکانی هەزاران سلاو بۆ گیانی پاکی شەهیدان زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک عبدالخالق فەرموو کاک نادر.

**بەڕێز نادر محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕژێمی بەغدا لەو کاتەی لەهەموو ڕێکەوتنەکانی پاش گەز بووەوە، ئەوەبوو لەهەموو شارەکانی کوردستان روویان لەقەلادزێ کرد پێشتر لیژنەیەک پێک هاتبوو ئەو لیژنەیە بۆ ئیستیعابی خەڵکەکە بوو دوای ئەوە کە جامیعەو لەهەموو شوێنەکانەوە بەرەو شاری قەلادزێ هاتن ئەم

لیژنەیە ئەو خەڵکانەی کە دەهاتن بۆ قەڵادزێ دابەشی دەکردن بەسەر ماڵەکاندا ئەوەبوو لە ٢٣ی مانگ تەیارەکانی بەعس ئێوارەکەی هاتن بۆ قەڵادزێ دەوریان کرد بەسەر قەڵادزێ و پشدەردا ئەمجا شەویش سەعات ١٠ چەند تەیارەیەک هاتن گلۆپی سووریان هەڵدەکرد بەسەر قەڵادزێ ئەوەبوو بەیانی زوو سەعات نۆو چل دەقە بەدڵێکی زۆر رەقەوە قەسفی قەڵادزێیان کرد کە ئەوکاتە جامیعەی سلێمانی لەوێ بوو دام و دەزگاکانی حکومەت ئەوکاتە هەمووی لەقەڵادزێ بوون زیاتر لە ١٣٦کەسی شەهیدکرد وزیاتر لە ٣٠٠ کەس بریندار بوون دوای ئەوەی کە بەراستی بەعس ئەم پیلانەی سەرکەتوو نەبوو بارزانی نەمر ئەم رۆژەی بەرۆژێکی ماتەمینی گەلی کورد ناوزەد کرد، بەڵام تاکو ئێستا پیادە نەکراوە ئەم فەرموودەیەی بارزانی و، تاکو ئێستاش بەراستی بۆ قەڵادزێی شەهید هیچ شتێک نەکراوە و، زوربەی ئەو شەهیدانەی کە لەوێ شەهید کراون وەکو شەهید ناویان دەرنەچووە و وەکو شەهید هیچ معامەلەیەکیان بۆ نەکراوە من بۆ خۆم بەچاوی خۆم بینیومە کە لەبنەماڵەیەکدا نۆ کەسیان شەهید بوون تەنها پیاوەکە دەرچوو کە ئەحمەدی حاجی سابیرە من خەڵکم دیوە بەراستی بەبێ سەر کەوتووە ئەم قوتابیانەی کە لە زانکۆی سلێمانییەوە و لەوانە هاتبوون ئەوانە زوربەیان شەهید بوون لەوێ جا من داوام ئەوەیە کەوا ئاورێک بدرێتەوە لەشاری قەڵادزێ کە تا ئێستا هیچ شتێکی بۆ نەکراوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک نادر. بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سوحبەت بێتە سەر تراجیدیاو کارەساتێت دوژمنی گەلی کورد بەسەر مەی نایەنە و سوحبەت بێتە سەر هەندێ نزانین ژ کێرێ دەست پێ بکەین (دەشتا سلێڤانی، گوندی سولێ، خوشک و برایێن مە کرستیانا لە سێمێلی دەست پێ بکەین بچین قەلادزێ، بچین گردی سەیوان، بچینە حەلەبچە، بچینە گەرمیان، نازانم ل کێرێ دەست پێ بکەین هەندە زۆرن هەندە تاوان و کارەساتا بسەر مە هێنانە نازانم کیژ جێ و کیژ ژمارە دەست پێ بکەم و ئەگەر روو بکەینە ناو روپەلێت مێژووا گەلێ کوردا دەبینین ئەڤە ژ کەڤن بسەرمە داهینایین و بەرامبەر ڤان تاوان و ڤان تراژیدیا رژدی و اصرارا گەلێ کورد کە بژیت سەربەخۆ ژیانەکا ئازاد و خودان سەروەت و سامانا خۆ بێت، دوژمنا ڤیا ژیاناما تاریک بکەت هەروەکو سەیدایەک ژ هزرا نەتەوەی کورد پالدا کە هەندە تاوان زۆر بووینە سەیدایێ خانێ مەزن گوتی

قەد مومکینە ئەڤ چەرخی لەولەب * طالع ببیتن ژ بۆمە کەوکەب
رابت ژمە هی جیهان پەنایەک * پەیدا ببیتن مە پادشایەک

یەعنی ئەڤ هەند عاسمانی ژیانا کوردستانێ تاریک و ناخۆش کردبی یک ژوان سەیدایێ هزرا

نەتەوەیەتێت کورد کە سەیدایێ خانی بیت ڤی گوتنێ بێژیت ئەگەر بزڤرین بۆ شارێ قەلادزێ ل سالا ١٩٧٤ێ دوژمنێ مە هەلبژارد کو ڤێ تاوانێ تومار بکات مومکینە چەند ئەگەر هەبینە وان ئەگەرێت مە بە گوێرەی زانینی خۆ ئەم دبێژین کە رژدیا ڤیا ئیسرارا گەلێ کورد بەرامبەرا بەلاڤکردنا زانین و زانستێ کە سەرکردایەتیا شۆرشا گەلێ کورد شۆرشا ئەیلولا مەزن بارزانی پشتی ئاگرێ شەرێ دەست پێ کری و رژێم هجومی کوردستانێ کری سەرەرای بەرتەنگیی و ژیانا نەخۆش زانکۆ سلێمانی بەردەوام بیت لە کارێ خۆ ئیلحاحی کرد کو پرۆسا زانینێ ل کوردستانێ بەردەوام بت دوژمنا ڤیا شەمالکا پرۆسیسا بلاڤ کردنا زانستێ ل کوردستانێ ڤەمرینێ هەروەسا ئەو خەلکێ بەرێ خۆ دایێ قەلادزێ و چوویی ورێ نەوعەکێ روعبێ نەوعەکێ شکاندنا مەعنەویاتێت خەلکێ بییە بەلێ ئەگەر بزڤرین بەرێ خۆ بدەینە ئەنجامێت وێ سەرەرای ئەوەی نزیکەی (٤٠٠) خوشک و برای مە ل کوشکێت پاشەرۆژا کوردستانی بووینە شەهید بریندار کەفتن بەلێ شارێ قەلادزێ وەکو لڤێرێ ئاخافتنێ شەهیدەکی بەرکەفتی ل بزاڤا ئازادیخوازی کوردی کە شەهید فرەنسۆ هەریری بوو لڤێرێ دەمێ مە سوحبەت لسەر هەلەبجە کرد گوتی «هەر خەلکی هەلەبجە بوویە نیشتمان پەروری وان و دلسۆزی وان خەلکێ دەڤەرا سلێمانی بییە شایستەی ڤێ وساما شەرەف و بەرخودان و سەر نیشتمان پەروەری بووینە» لڤێرێ ئەز دبێژم خەلکی قەلادزێ خۆراگر شایستەی ڤێ میدالیا شەرەفێ بووینە ژبەر نیشتمان پەروەری وان دلسۆزی وان هەلگرتنا چەکی بۆ پاراستنی مافی میللەتێ کورد هەمی کە ئەگەر ئەڤ تاوانا بسەرا وان هینا بن کە تاوان نەک بتەنێ بسەر خەلکێ قەلادزێیە بەلکو بسەرێ گەلی کوردستان هەمی هینای وەکو من استشهاد پێ کرد ئەو تاوانێت وان دەستپێکرد.

بەلێ ئەورۆ کە بیرهاتنا (٢٨) سالیا ڤێ تاوانێ دکەین ئەم ب دلەکی رەحەت دبێژین مە سەروەرەکی هەی ئەڤرۆکە پاپۆرا مە دکێشیت و بەرەڤ بەنداڤا سەرکەفتنێ و ژیانەکا بەر فرەه ئەم پشت راستین کە ئەڤ سەربورا مە دەست پێ کری بخوین و روندکێت خوە بسالا بخەبات و تێکۆشینێت خوە دچەسپینین و زێدەتر ژ بەرفرەه دبیت باوەریا مە ب سەروەرێ مە زۆرە و تەنها وەفاداری بۆ وان نەمرا هەمیا ئەڤە کە ڤێ سەربورێ بچەسپیینن بەرفرەه بکەین زارۆکێت وان کە ئەمانەتن لسەر ملێت مە خودان بکەین و ژیانەکا لائق بۆ پەیدا بکەین. دوماهی ئاخافتنا خۆەه سەرێ رێزو نەوازشێ بۆ وان نەمرا هەمیا و سەرکاروانێ شەهیدا بارزانی نەمرو کاکە ئیدریس ل دلێ مە هەردەم ساغ بچەمینین و و تازیا خۆ دگەیەنینە مالا شەهیدا و دبێژینە شەهیدێ خۆ ل گۆرێ خۆدا تەنا بن و ئەڤرۆکە قوتابییێت قوتابخانا پارتی و بارزانی و پارتی نیشتمان پەروەر ئەڤرۆکە یێ کاروانێ دکێشن و سەروەرک مە هەیەو دگەهینە کاروانی و دگەهینە و ئەنجامی خۆەو، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەرێز کاک د. رزگار بەرێزان لەحەقیقەتدا لەوانەیە هەر یەکێک لەئێوەی بەرێز

بیەوێ لەم بارەیەوە بدوێ موداخەلەیەک پێشکەش بکات هەقی خۆشیەتی بەس لەحەقیقەتا لەبەر ئەوەی کاتەکەمان بۆ ئەو بابەتە بەدەرەجەی یەکەم تەرخان نەکردووە بەرنامەی کاری خۆمانمان هەیە و، ئەو بەڕێزانەی کە قسەیان کرد لەجیاتی هەموومان قسەیان کرد و ئەبێ بمان بورن کە ناتوانین بوار بەهەموویان بدەین دوا ووتار بۆ بەڕێز فەوزیە خانە.

**بەڕێز فـــــوزیە عـــــزالدین رشـــــید:**

**بەڕێزســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لەراستی دا ئەگەر چاوێک بەمێژووی پڕ خەباتی گەلەکەمانا بخشێنین ئەبینین پڕە لە کارەساتی دڵتەزێن و، پڕە لە مەئسات بەڵام ئەوەی لێرەدا ئیمڕۆ دەمانەوێ باسی کەین کارەساتی جەرگ بڕی قەڵادزێ یە چونکە بۆ یەکەم جار ڕژێم ناپاڵمی بەکارهێنا لەو شارە خۆشەویستەدا لەشۆرشی ئەیلولی مەزن لە مانگی (٣) وە حکومەتی بەغدا پەیمانی خۆی شکاند ئەوەبوو هەموو دام و دەزگاکانی ئیداری و پارتی دیموکراتی کوردستان روویان کردە شاری قەڵادزێی خۆشەویست و ئەمەوێ بڵێم کە ئەو شارە بەراستی باوەشی بۆ هەموو ئەو خەڵکە کردبۆوەو، یەک لەوانە زانکۆی سلێمانی بوو کە خۆم یەکێک بووم لەو قوتابیانەی کەرووم کردبووە ئەو شارەو کە تەماشای میلی کاتژمێرەکە دەکەم دووسێ دەقەی ماوە لەم کاتەدا کەتەیارەکانی ڕژێم هێرشیان کردە سەر شارەکەو و، بۆردومانیان کرد و، بەچاوی خۆم ئافرەت و منالم بینی کە بریندار بوون و قاچ و دەستیان لێببۆوە بۆیە هەموو ساڵێ لەو کاتەدا ئەوەی کارەساتی قەڵادزێی دیبێ ماتەمینیەکی تایبەت دایدەگرێ جگە لەوەی هەموو کورد قەت ئەو کارەساتەیان لەبیر ناچێ و پارتی دیموکراتی کوردستان جگە لەوەی خەباتی چەکداری و بەرگری لەخۆ کردن و بەرگری لە مانی کورد کردووە، هەمیشە گوێ ی بەزانست داوە بۆیە بانگەوازی قوتابیانی کرد بۆ ئەوەی رووبکەنە ئەو شارەو لەوێ پەرە بەخوێندنیان بدەن ئەوە بوو هەمووی هەفتەیەکی نەخایاند کە پۆل پۆل قوتابیان روویان ئەکردە شارەکە و، خەریک بووین کە کتێب و دەفتەری خۆمان ئەبرد بۆ ئەوەی دەست بە خوێندن بکەینەوە حکومەتی ڕژێم هەمیشە هەوڵی داوە میللەتی کورد سەرکوت بکات میللەتی کورد دوور بخاتەوە لەزانست بۆیە هێرشی بردە سەر قوتابیانی زانکۆو و ئیداراتی شۆرشی ئەیلولی مەزن و جێی وەبیر هێنانەوەیە کە لە کۆلێجی ئاداب چوار شەهیدمان هەبوو هیواو ئازادو بورهان و سۆرانی سەڵتەو حەمە ساڵح سەم سام بۆیە سەری نەوازش بۆ ئەو هەڤاڵانەم دائەنوێنم و بۆ هەموو شەهیدانی قەڵادزێ و هیوادارم کارەساتی وا دووبارە نەبێتەوە و هەرچەندە دووبارە بۆوە بەخراپتر لە هەڵەبجەو لە هەموو شارەکانی تری کوردستان لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس فەوزیە خان سوپاس بۆ بەڕێزان هەموویان کە موداخەلەیان لەم بارەیەوە پێشکەش کرد گرنگ ئەوەیە ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ڕژێمی فاشی و دوژمنانی کوردو کوردستان بەگشتی

هیچ درێغیان نەکردوە لەبەکارهێنانی هەموو چەشنە چەکێک و، هەموو کارێکی ناپەسەند بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوەی ئازادی خوازی گەلی کوردستان و بۆ نەهێشتن و رووخاندنی ورەی بەرزی کورد بە کارەساتەکانی ٧٤و لەهەقیقەتا هەر لەسەرەتای بەهاری ٧٤ دا کە ڕژێم شەڕی دەست پێکردەوە لە دژی شۆڕشی گەلی کوردستان.پیرو لاو، موسەقەف و زانا بەگشتی خەڵکی شارەکان هەموویان روویان کردە چەند شارۆچکەیەکی کوردستان و لەوانە قەڵادزێ ی خۆراگرو هەڵەبجەو گەلاڵە بەتایبەتی بۆ ئەوەی ورەی ئەو خەڵکە بڕوخێنرێ و، زەبرێکی کوشندە لەکوردستان بدرێ، ڕژێم بەسەبقی ئیصرار ئەو سێ شارەی بۆردومان کرد لە چەند ڕۆژێکی نزیک لەیەکا و زەرەرێکی زۆری لەخەڵکی بێ گوناهی بێ چەک دا ئێمە لێرە لە پەرلەمانی کوردستان جگە لەیاد کردنەوەی ئەو ڕۆژە جگە لەدانەواندنی سەری ڕێزو نەوازش بۆ یادی ئەو شەهیدە سەر بەرزانە ئەوە ئەخەینەوە یاد کە پێویستە داوا بکەین کە ئەو جەریمەیە کە جەریمەیەکی جینۆسایدە لەقەڵادزەو هەڵەبجەی ئەو کاتەو گەلاڵە بخرێتە سەر ئەو شکاتکارییانەی کە گەلی کوردستان لە ڕژێمی بەغدای دەکات و دووبارە سوپاستان دەکەمەوە و ئێستا دەست بەکار دەبین بە کاروباری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە لەدوو خاڵ پێک هاتووە یەکەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای یەکیەتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لەهەرێمی کوردستانی عێراق و دووهەم بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ٩٩ لەسەر خانەنشینی پارێزەرانی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار کراوە. بەنیسبەت خاڵی یەکەمەوە پرۆژەی یاساکە لەلایەن دە ئەندامی بەڕێزی ئەنجومەنەوە پێشکەش کراوە بۆیە بەکوردیش نوسراوەتەوە یاساکە، بۆیە تکا دەکەین لە بەڕێز د. ناصح غفور بفەرمووێ بۆ خوێندنەوەی نووسراوو پرۆژەکە فەرموو کاک د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ /سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

بابەت/ پێشنیاری پرۆژەی یاسایی

لەگەڵ ڕێزو سڵاو تکایە بەڕێزتان بفەرموون بەپێی برگە یەکی مادده ٧١ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ ئێمە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە ناومان نووسیوە پێشنیاری پرۆژەی یاسای یەکیەتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لەهەرێمی کوردستان دەکەین. بۆ ئەوەی بخرێتە پرۆگرامی کاری ئەنجومەن بۆ پەسند کردنی لەگەڵ ڕێزماندا. ناوەکان:

١- د.ناصح غفور رمضان.

٢- فاتح محمد امین.

٣- وریا احمد دزەیی.

٤ـ ملا هادی خضر کوێخا.
٥ـ یار احمد افراسیاب.
٦ـ جلال سلیم خۆشناو.
٧ـ محمد امین مولود.
٨ـ طه محمد طه.
٩ـ ملا محمود فندی دیرشەوی.
١٠ـ عفان عثمان نقشبندی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی یاسای یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان .
بەشی یەکەم.
دامەزراندن و ئامانجەکان .
ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:
١ـ هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢ـ یەکێتی گشتی: یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران.
٣ـ کۆنگرە: کۆنگرەی یەکێتی گشتی.
٤ـ یەکێتی پارێزگا: یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران لە پارێزگا.
٥ـ سەرۆک: سەرۆکی یەکێتی گشتی سەندیکاکان.
٦ـ سەندیکا: سەندیکای کرێکاران.
٧ـ لیژنەی سەندیکا: لیژنەی سەندیکای کرێکاران.
٨ـ نوسینگەی راپەڕاندن: نوسینگەی راپەڕاندنی یەکێتی گشتی.
ماددەی دووەم:
بەپێی ئەم یاسایە یەکێتیەک بە ناوی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستانی ـ عێراق دا دادەمەزرێت وبارەگای گشتی لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆی ونوێنەرایەتی کرێکارانی کوردستانی عێراق دەکات و بۆی هەیە لقەکانی لە ناوەندەکانی پارێزگاکانی هەرێم بکاتەوە.

ماددەی سێهەم:

یەکێتی گشتی لە سەر داواکارییەک پێک دێت کە بەلایەنی کەمەوە لە (١٥) پازدە ئەندام لەوانەی کە کرێکاران وپتر لە (٥) پێنج ساڵە لە پێشەکەی خۆیان کار دەکەن، پێشکەش لایەنی تایبەتمەندی دەکەن وبەدەستەی ئامادەکار دادەنرێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری یەکێتی گشتی تا هەڵبژاردنی خۆی ئەنجام دەدا.

ماددەی چوارەم:

یەکێتی گشتی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە کار دەکات:

١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی وپشتگیری کردنی فیدرالیزم وچەسپاندنی وپەرەپێدانی.

٢ـ ڕێکخستنی کارەکانی ئەندامانی سەندیکاکان لە بواری چالاکی گشتی وبە تایبەتی و پێشخستنی وبەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وپیشەییان لە هەرێمدا.

٣ـ ڕێکخستن وپتەوکردنی پەیوەندی ئەندامەکانی لە نێو خۆیاندا ولەگەڵ دەزگا حکومیەکاندا وداکۆکی لێکردنیان وبەرگری کردن لە مافەکانیان تابتوانن ئەرکەکانیان جێ بەجێ بکەن.

٤ـ پەرەپێدان و بەدیار خستنی ڕۆڵی کرێکاران لە هەرێمدا.

٥ـ پەیوەندی وهاریکاری کردن لەگەڵ ئەو سەندیکا وکۆمەڵانەی کە ئەمانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی یەکێتی گشتی یەک دەگرنەوە، هەروەها بەشداری یەکتری کردن لە کۆنگرەو خولەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

٦ـ هەوڵدان بۆ زامن کردنی دوارۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی وپیریەتی وبێ کاریدا.

٧ـ پاراستن وپەرەپێدانی بەرهەم ومافی کرێکاران بەیەکەوە.

٨ـ گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسی وکۆمەلایەتی ورۆشنبیری پیشەیی بۆ کرێکاران.

٩ـ چەسپاندنی گیانی ڕێزگرتن بۆ سستەمی کار لە ڕێگای هۆشیارو ئارەزومەندانە و دڵسۆزیەوە.

١٠ـ کارکردن بۆ یەکخستنەوەی خەباتی کرێکارانی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتی ودژایەتی کردنی هەموو جۆرە جیاوازیەکی ڕەگەزپەرستی چینایەتی بۆ گەیشتن و جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان.

بەشی دووەم:

چوونەپاڵ یەکێتی وئەندامییەتی

ماددەی پێنجەم:

ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێتەدێ:

١ـ لە کرێکارانی کوردستانی عێراق بێ و تیایدا جێوار بێ وتەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردبێ.

٢ـ پێویستە بەوە ناسراو بێ کە پشتگیری لە چینی کرێکار دەکات.

٣ـ بە تاوانێکی ناسیاسی یان کەتنێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرابێ.

ماددەی شەشەم:
١ـ چوونە ناو سەندیكا بەداوایەكی نوسراو دەبێ كە پێشكەش بە سەرۆكی لقی یەكێتی پارێزگا یا سەرۆكی سەندیكا دەكرێ وبەڵگەنامەو پێویستیەكانیشی پێوە دەلكێنرێ.
٢ـ داواكاری چوونە ناو سەندیكا لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە مێژووی تۆمار كردنیەوە لە سەندیكا دەخرێتە بەردەم لیژنەی لق یان سەندیكا بۆ براندنەوەی لەو ماوەیەدا و ئەگەر لە كاتی تەواوبوونی ئەو ماوەیە نەبراندرایەوە بە قەبووڵ كراو حساب دەكرێت.
٣ـ لیژنە بۆی هەیە داواكاری چوونە ناو سەندیكا بە بڕیارێكی هۆدار رەت بكاتەوە، وخاوەنی داواكاریش بۆی هەیە لەلای دادگای پێداچوونەوەی هەرێم لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە مێژووی ئاگادار بوونیەوە تانەی لێ بدا، وبڕیاری دادگاش بنبڕە.
٤ـ هەر كرێكارێک كە داوای چوونە ناو سەندیكای قبوڵ نەكرا بۆی نییە جارێكی تر داواكاری پێشكەش بكات، تەنها ئەگەر هۆیەكانی قبوڵ نەكردن نەمابن.
٥ـ رەسمی چوونە ناو سەندیكا(٦) دینارە ورەسمی بەشدار بوونیش(١٪) دینارە.

بەشی سێیەم:
پێكهاتەكان وكار بەڕێوەچوون:

ماددەی حەوتەم:
یەكێتی پێک دێت لە:
١ـ كۆنگرە.
٢ـ یەكێتی گشتی.
٣ـ یەكێتی پارێزگا.
٤ـ سەندیكای پیشە.
٥ـ لیژنەی سەندیكای پیشە.

ماددەی هەشتەم:
كۆنگرە بە بەرزترین دەسەڵات دەژمێردرێ وهەر سێ ساڵ جارێک دەبەسترێت وپێک دێت لە ئەندامانی نوسینگەی راپەراندنی یەكێتی گشتی ونوێنەرانی هەڵبژێردراو بە رێژەیەک كە لەلایەن لیژنەی ئامادەكاری تایبەت بە هەڵبژاردن نیشان دەكرێت.

ماددەی نۆیەم:
ئەرک ودەسەڵاتەكانی كۆنگرە:
١ـ بڕیار دان لە سەر پەیرەوی ناوخۆی یەكێتی وهەموار كردنی.
٢ـ هەڵبژاردنی ئەندامانی نوسینگەی راپەڕاندنی یەكێتی گشتی سەندیكاكانی كرێكارانی كوردستان لە رێگای دەنگ دانی نهێنی وراستەوخۆ.
٣ـ هەڵوەشاندنەوەی یەكێتی .

٤ـ دیاری کردنی رامیاری گشتی یەکێتی سەندیکاکان.
٥ـ گۆڕینی ناوو ئارم ودروشمی یەکێتی.
٦ـ راستاندنی بودجەو حسابکاری دووماهی.
٧ـ گفتوگۆ کردن وبڕیار دان لە سەر راپۆرتی یەکێتی گشتی.
٨ـ چاو پێ خشاندن بەو پێشنیارانەی لە بارەی هەموار کردنی یاسای یەکێتییەوە پێشکەش کراون.

ماددەی دەیەم:

یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان:

یەکەم:

یەکێتی گشتی بە دەستەی باڵای رێکخستنەکانی سەندیکایەوە سەرکردایەتی بزووتنەوەی سەندیکایی لە هەرێمی کوردستان دەکات و، هەڵدەستێت بە چاودێریی و سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی رێکخستنەکانی ئەو سەندیکایەی لە خوارەوەیە وخاوەن کەسایەتی مەعنەویە و سەربەخۆیی دارایی وکارگێڕی هەیە وسەرۆکی یەکێتی گشتی نوێنەرایەتی دەکات.

دووەم:

نوسینگەی راپەڕاندنی یەکێتی گشتی پێک دێت لە(٥تا ٧) ئەندامی ئەسلی و(٢) دوو ئەندامی یەدەگ کە راستەوخۆ لەلایەن کۆنگرەوە بە دەنگ دانی نهێنی وئازاد هەڵدەبژێردرێن و لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان دوای کۆنگرە کارەکان دابەش دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ سەرۆک.
٢ـ جێگری سەرۆک.
٣ـ سکرتێر.
٤ـ لێپرسراوی دارایی وبەڕێوەبردن.
٥ـ لێپرسراوی راگەیاندن وپەیوەندیەکان.

ماددەی یازدەهەم:

ئەرک ودەسەڵاتەکانی نوسینگەی راپەڕاندنی یەکێتی گشتی :

١ـ لانی کەم مانگی جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەکات، ئەگەر پێویستی کرد لەسەر داوای سەرۆک وزۆربەی ئەندامانی کۆبوونەوەی نائاسایی پێک دێن.
٢ـ سەرپەرشتی چالاکیەکان وریکخستنەکانی یەکێتی دەکات.
٣ـ کارکردن لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی یەکێتی.
٤ـ پێشکەش کردنی پێشنیارەکان دەربارەی هەموار کردنی یاسای یەکێتی.
٥ـ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە.
٦ـ دامەزراندنی کارمەندان لە یەکێتی و دیاری کردنی کرێکانیان.

٧ - دیاری کردنی ئەوەی نوێنەرایەتی یەکێتی گشتی دەکا لە لیژنە رەسمیەکان وئەوانی تر لە بارێک دا کە سەرۆک نوێنەرایەتی ئەکا.
٨- بەشداری کردن لە پێشکەش کردنی پێشنیارەکان لە بارەی یاساکان وپلانەکان وبەرنامەی کارو کرێکارەکان لە هەرێمدا.
٩- ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو دامەزراندنی ژمێریارێکی یاسایی بۆ ووردەکاری کردنی حسابکاری دووماهی.
١٠- خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.
١١- تەماشا کردنی دەست لە کار کێشانەوەی سەرۆک یان جێگرەکەی یان هەر ئەندامێکی یەکێتی گشتی یان لیژنەکانی سەندیکاکان.
١٢- دامەزراندن وبەڕێوەبردنی یانەکانی یەکێتی گشتی بە گوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی کۆمەڵەکان.
١٣- پێدانی هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە سەرۆک یا سەرۆکی لقەکانی یەکێتی لە پارێزگاکاندا.
١٤- سەرف کردنی خەرجیە پێوەیستیەکان.
١٥- بڕیار بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ، لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش بەو لایەنەدا یەک لادەبێتەوە کە سەرۆکی تێدایە.
١٦- دەرکردنی ڕێنمایی پێویست وتایبەت بە یەکێتی وکرێکاران.
١٧- کردنەوەی خولی رۆشنبیری بۆ کرێکاران.
١٨- دەرکردنی چاپەمەنیەکانی وەرزی ومانگانە یان هەفتانە.
١٩- دروست کردنی لیژنەی تایبەت بۆ هەر کێشەو ڕووداو ومەبەستێک بەرامبەر هەرکەس ولیژنە ودەستەیە لە هەر ئاستێکدا بن.

ماددەی دوازدەهەم:

ئەندامانی نوسینگەی ڕاپەڕاندنی یەکێتی گشتی بە دەست لە کارکێشراوە دادەنرێت ئەگەر هەرسێ دانیشتنی یەک لە دوای یەک یان پێنج دانیشتنی پچر پچر بەبێ عوزری رەوا ئامادە نەبوو.

ماددەی سێزدەهەم:

سەرۆک ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

یەکەم: نوێنەرایەتی کردنی یەکێتی گشتی لەلای لایەنە دادوەری وکارگێری وسەندیکاکاندا وراستاندنی مامەڵە وبەڵگەنامەکانی تایبەت بە یەکێتی گشتی وبۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدا بە هەریەکێ لە ئەندامانی یەکێتی گشتی کە خۆی دەست نیشانی بکا.

دووەم: سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەو یەکێتی گشتی.

ماددەی چواردەم:
ئەگەر شوێنی سەرۆک بە هەرهۆیەکەوە چۆڵ بوو جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە باقی ماوە شوێنی سەرۆک دەگرێتەوە. ئەگەر پایەی جێگرەکە چۆڵ بوو ئەوا سکرتێر شوێنی دەگرێتەوە.
ماددەی پازدەهەم:
یەکێتی سەندیکاکانی پارێزگا:
یەکەم: کاروباری لقی یەکێتی لەلایەن لیژنەی لق لە پارێزگا بەڕێوە دەچێت کە نوێنەرایەتی سەندیکاکان دەکات.
دووەم: هەردوو سەندیکا یان پتر بۆیان هەیە یەکێتیەک دابمەزرێنن بۆ سەندیکاکانی پارێزگا و دەبێتەوە خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوەی وسەربەخۆیی هەیە لە رووی دارایی وکارگێریەوە، سەرۆکی لق نوێنەرایەتی دەکات.
سێیەم: لیژنەی لق لە هەر پارێزگایەک لە سەرۆک و(٤) چوار ئەندام ،(٢) دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێت کە هەر سێ ساڵ جارێک. بەدەنگدانی نهێنی هەڵیان دەبژێرن، بەمەرجێک دەبێ لەو کەسانە بن کە لەو پارێزگایەدا دەست بە کارن لە پیشەکەیان، لیژنەکەش سەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێر هەڵدەبژێرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لێرەدا بەسبێت، با کاک جلال هاوکاریت بک.

**بەڕێز جلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ماددەی شازدەهەم:
دەسەڵاتەکانی یەکێتی پارێزگا:
١ـ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە ویەکێتی گشتی ولیژنەکان.
٢ـ دامەزراندنی کارمەندی لق ودەستنیشان کردنی مووچەکەیان دوای وەرگتنی رەزامەندی یەکێتی گشتی.
٣ـ دەست نیشان کردنی ئەو کەسەی دەبێتە نوێنەری یەکێتی پارێزگا لە لیژنە رەسمەیەکان وهی تر لە پارێزگادا.
٤ـ پێشکەش کردنی پێشنیارو راسپاردەی تایبەت بە کاروباری لق بە یەکێتی گشتی تاکو بڕیاری خۆی لە بارەیانەوە بدات.
٥ـ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی مەزەندە کراو بۆ لق وبەرزکردنەوەی بۆ یەکێتی گشتی بۆ راستاندنی.

٦ـ سەرف کردنی خەرجی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری یەکێتی پارێزگا.
٧ـ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەی کە یەکێتی گشتی پێی داوە بەپێی ئەم یاسایە.
٨ـ لانی کەم مانگی جارێک کۆدەبنەوەو، ئەتوانن کۆبوونەوەی نائاسایی پێک بێنن لە سەر داوای سەرۆک یان زۆرینەی ئەندامانی گەر پێویستی کرد.
٩ـ داڕشتنی بەرنامەی کاری سەندیکاکانی پارێزگا بە شێوەیەکی نوێ و لەگەڵ ئیش وکارو چالاکیاندا.
١٠ـ پێکەوەنانی لیژنە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی یەکێتی لە پارێزگادا.
١١ـ ئامادەکردنی راپۆرتی بەردەوام لە سەر ئیش وکارو چالاکی یەکێتی وسەندیکاکان لە پارێزگادا.
١٢ـ ئاشکرا کردنی هەڵوێست ودەربڕینی رای کرێکارانی سنووری دەسەڵاتی لە کاتی پێویستیدا بەپێی یاسا.
١٣ـ پرسینەوە لەو ئیش وکاری سەندیکاکان وپاداشت وسزا بۆ هەر کەم وکوڕی وسستی وچالاکیەک.
١٤ـ سەرپەرشتی کردنی ئەو لیژنانەی کە پێویست نین بە سەندیکاکان لە رووی کارگێری ودارایی یەوە.

ماددەی حەڤدەهەم:

سەندیکای پیشە:

أ ـ پێناسە: رێکخراوەیەکی سەربەخۆیە، خاوەن کەسایەتی دارایی، ئیداری، مەعنەوی یەوە پێک دێت لە سێ لیژنە بەرەوسەر تر بەپێی خشتەی دیاری کراوی پیشەکان بەمەرجێک یەک سەندیکای پیشەیی زیاتر نەبێت لە پارێزگادا.

ب ـ پێک دێت لە(٥) پێنج ئەندام و(٢) دوو یەدەگ کە لەلایەن ئەندامانی هەڵبژێردراوی لیژنەکان لە رێگای دەنگدانی نهێنی وراستەوخۆ هەڵدەبژێدرێن ولە کۆبوونەوەی یەکەمی سەرۆک، جێگر، سکرتێر وبەرپرسی دارایی هەڵدەبژێردرێن.

ج ـ ئەرک ودەسەڵاتەکانی :
١ـ لانی کەم مانگی جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات.
٢ـ دروست کردنی لیژنەی سەندیکا بەپێی یاسا.
٣ـ نوێنەری کرێکارانە بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک کە رووئەدات لە نێوان کرێکارو خاوەن کار.
٤ـ بۆی هەیە ببێتە لایەن لە کێشەی کەسایەتی ئەگەر داوای لێ کرا.
٥ـ سەرپەرشتی ورێنمایی وئاراستە کردنی لیژنەکانی پێوەی بەستراوە بۆ یەک رێزی ئەندامانی وداکۆکی لە مافەکانیان.
٦ـ چاودێری وهەوڵی جێ بەجێ کردنی هەموو ئەو یاسایانەی پەیوەندیان بەکارو کرێکارانەوە

هەیە.
٧ـ خۆپیشاندان ومانگرتنی ئاشتیانە دوای سەرنەگرتنی هەموو هەوڵێکی یاسایی بە یاداشت وگفتوگۆ دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسینگەی ڕاپەڕاندن.
٨ـ نوێنەرایەتی کرێکارانی پیشەکەی ئەکات لە هەموو لیژنەو ئەنجومەنەکانی تایبەت بە کرێکاران لەسەر ئاستی پارێزگادا.
٩ـ هەوڵدان بۆ دابین کردنی زەوی بۆ ئەندامان.
١٠ـ پەسەند کردنی داوای وازهێنانی ئەندامان.
ماددەی هەژدەهەم:
١ـ سەندیکا نوێنەری یاساییە بۆ هەموو ئەندامانی کە ئەرکەکانی خۆیان جێ بەجێ کردووەو. هەروەها بۆ هەموو کرێکارانی سەندیکای پیشە لە پەیوەندی وداوا کە لە نێوان ئەمان وکارگێریەکان وخاوەن کار چ ئەم پەیوەندییە دەربارەی گرێبەستی تاک وکۆمەڵ بێت. وهەر ئەنجامێک دەبێت کە ناکۆکی تێدا پەیدا بێت.
٢ـ سەرۆکی سەندیکا دەبێتە نوێنەری یاسایی بۆی وسەلاحیەتی بڕیار دانی دەبێت.
٣ـ سەندیکا نوێنەرایەتی تاکەکەسی کرێکار دەکات هەرکاتێک داوای لێ کرا و،بەردەوام دەبێت هەتاکو دوای مردنیشی، تەنها ئەگەر وارسەکان قبوڵیان نەکرد کە خۆیان بەو ئەرکە هەستن.
ماددەی نۆزدەهەم:
لیژنەی سەندیکای پیشە:
١ـ بنکەیەکی بنەڕەتی ڕێکخستنی سەندیکای کرێکارانە لە هەرێمی کوردستان لە هەر شوێنی کارو پرۆژەیەک ژمارەی کرێکارانی لە (٢٥)وە زیاتر بێت.
٢ـ لە کاتێکدا شەرعیەتی پێک هێنانی لیژنەی سەندیکا نەبوو لەبەر کەمی ژمارەی کرێکارانی لەهەر شوێنی کارو پرۆژەیەک دەتوانرێ لە دوو پیشەی نزیک لەیەک لیژنە پێک بهێنرێت. ئەگەر بەو شێوەیەش لیژنە هەر پێک نەهات ئەتوانرێ نوێنەری پەیوەندی دیاری بکرێ.
٣ـ کۆبوونەوەیەک ساز دەکرێت لەلایەن ئەو کرێکارانەی کە ئارەزووی پێک هێنانی سەندیکایان هەیە وکۆنووسێک ئیمزا دەکەن کە تێیدا ناوو ناونیشان وپیشەیان دیاری دەکەن بەپێی پەیڕەوێکی ناوخۆ. لەنێوان ئەندامان لیژنەی سەندیکا هەڵدەبژێرن کە ژمارەیان لە(٣) سێ کەس کەمتر نەبێت لە (٥) پێنج کەس زیاتر نەبێت، کۆنووس وپەیڕەوەکە بەرزدەکەنەوە بۆ یەکێتی سەندیکاکانی پارێزگا.
ماددەی بیستەم:
ئەرک ودەسەڵاتەکان:
١ـ لە کۆبوونەوەی یەکەمی خۆیان کارەکان دابەش دەکەن وهەر (١٥) ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام دەدەن.

٢ـ لیژنەی سەندیکا هەوڵ دەدات بۆ زیاتر کردنی بەرهەم وپاراستنی کەرەسەی بەرهەم وچاککردنی جۆرەکانی.
٣ـ جێ بەجێ کردنی هەر یاسایەکی پەیوەندی بەکارو کرێکارانەوە هەیە.
٤ـ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی وهۆشیاری کرێکاران وبەرگری لە مافەکانیان.
ماددەی بیست و یەکەم:
لە دەست دانی ئەندامێتی:
١ـ وازهێنان.
٢ـ دەرکردن.
٣ـ مردن.
٤ـ گەر جێگای پیشەکەی بە جێ هێشت.
٥ـ ساڵێک بەردەوام ئابوونە نەدات.
٦ـ نابێت کرێکار لە لیژنە یان سەندیکا دەربکرێت تەنها بەبڕیاری لیژنەیەکی تایبەت نەبێ کە لەلایەن نوسینگەی راپەڕاندن دیاری دەکرێت.
ماددەی بیست و دووەم:
داهاتی سەندیکا:
یەکەم:
١ـ ئابوونەی بوون بەئەندام بەبڕی(٦) دینار.
٢ـ ئابوونەی ئەندامێتی بەبڕی ١٪.
٣ـ کۆمەک وهاوکاری حکومەت.
٤ـ قازانجی چاپەمەنی وئاهەنگ وهەر جموجوڵێکی تری سەندیکا بەپێی یاسا.
٥ـ کرێی بینایەو مەتەلەکاتی سەندیکا.
٦ـ هەر کۆمەک وهاوکاریەکی تر کە لەلایەن کەسایەتی ورێکخراوی کوردستانی وجیهانی یەوە بێ مەبەست وبەپێی یاسا.
٧ـ قازانجی ئەو سەرمایەی دەخرێتە هەر پرۆژەیەکی بەرهەم هێنەرەوە بەپێی یاسا.
دووەم:
ئەم رێژانەی لای خوارەوە لەلایەن سەندیکاوە دادەنرێت لە بودجەی ساڵانە لە کۆی گشتی داهات:
١ـ ٤٥٪ خەرج دەکرێت بۆ خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتی کرێکاران.
٢ـ ١٥٪ خەرج دەکرێت بۆ صندوقی یەکێتی پارێزگا.
٣ـ ١٥٪ خەرج دەکرێت بۆ صندوقی یەکێتی گشتی.
٤ـ ٢٥٪ دەمێنێتەوە دەبێتە سەرمایە وبەکاردێت لەهەر پرۆژەیەکی بەرهەم هێنەر بەپێی یاسایان بەپێی پێویستی سەندیکا لە بەرژەوەندی کرێکاران دوای وەرگرتنی رەزامەندی نوسینگەی راپەڕاندن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز نصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست و سێیەم:

پێویستە کارگێڕی وخاوەن کار لە سەر داوایەکی نوسراوی کرێکار مەبلەغێک ببڕێت لە مووچەی مانگانەی بۆ ئابوونەی بەشدار بوونی لە نیوەی یەکەمی مانگی داهاتوو کە پێویستە ئەو مەبلەغە بدرێت وهەر کاتێک دوا کەوت ئەوە قەرزە لە سەر کارگێڕی وخاوەن کار دەبێت ئەو مەبلەغە بدەنە لیژنەی سەندیکا یان سەندیکا لەگەڵ فەوائیدی دواکەوتن.

ماددەی بیست وچوارەم:

داهاتی یەکێتی سەندیکاکانی پارێزگا پێک دێت لە:

١ـ ڕێژەی دیاری کراو لە داهاتی سەندیکا.

٢ـ ئەو بەشەی کە لەلایەن یەکێتی گشتی یەوە دادەنرێت لە بودجەی ساڵانە.

٣ـ قازانجی پرۆژەکان وچالاکیەکان.

٤ـ پیتاک وئەو یارمەتیانەی کە بەپێی مەرج دەدرێن.

ماددەی بیست وپێنجەم:

داهاتی یەکێتی گشتی پێک دێت لە:

١ـ ئەو یارمەتیەی کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆی سەرف دەکرێت.

٢ـ ڕێژەی دیاری کراو کە لە لایەن یەکێتی پارێزگاوە دەدرێت لە داهاتی سەندیکا.

٣ـ قازانجی پرۆژەکان وچالاکیەکان.

٤ـ پیتاک و ئەویارمەتیانەی کە دەدرێت بەبێ مەرج.

ماددەی بیست وشەشەم:

١ـ پێویستە لە سەر هەموو تەشکیلاتی سەندیکاکان داهاتەکانیان لە یەکێ لە بانکەکانی هەرێم دابنێن.

٢ـ پێویستە لە سەر هەموو تەشکیلاتی سەندیکاکان مل کەچی چاودێری دارایی بن.

ماددەی بیست وحەوتەم:

١ـ نابێ دەست بە سەر بارەگاکان وتەشکیلاتی سەندیکایی وکەلوپەلەکانیاندا بگیرێت کە پێویستن بۆ ئەنجام دانی چالاکی.

٢ـ نابێ دەست بەرداری پارەی تەشکیلاتی سەندیکایی بکرێت بەبێ بەرامبەر ئینجا چ گوێزراو بێ یان نەگوێزراو بێت، تەنها بۆ کارێکی سەندیکایی نەبێت ودوای وەرگرتنی ڕەزامەندی

نوسینگەی راپەڕاندن.
٣- نابێ موڵکیایەتی پارەوپوولی ڕێکخستنەکانی سەندیکا(بالتقادم) بێت.
ماددەی بیست وهەشتەم:
کار بە هیچ دەقێکی تر ناکرێت ئەگەر ناکۆک بێت لەگەڵ بڕیارەکانی ئەم یاسایە.
ماددەی بیست ونۆیەم:
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.
ماددەی سییەم:
کار بەم یاسایە دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وقائیعی کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس بۆ هەردوو بەڕێزان کاک د. ناصح و کاک جلال خۆشناو بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ولیژنەی یاسایی ولیژنەی کۆمەڵایەتی ولیژنەی مافی مرۆڤ ئەکەین . دووبارە زۆر سوپاس بۆ هەردوو بەڕێز، فەرموو بچنە جێگای خۆتان.
خاڵی دووهەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەرخستنە روو و گفتو گۆ کردنی هەمواردنی یەکەمی یاسایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای خانە نیشینی پارێزەرانی کوردستان کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش کراوە، تکا لە بەڕێزان نوێنەرانی لیژنەی یاسایی ولیژنەی دارایی دەکەم، فەرموون وەرنە ئێرە، هەروەها کاکە ڕەش نقشبندی.
لە باسی ماددەی یەک بووین، بڕیاریش وابوو لەگەڵ نوێنەرانی حوکمەت و هەردوو لیژنەکە دانیشین و، بگەینە نەتیجەیەک،ئەگەر گەیشتبن تکایە بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو .
**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان مامندۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لەگەڵ لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی دانیشتین وپێشنیارەکەی ئێمەیان پەسەند کرد کە ماددەی یەکەم (تلحق بوزارة المالیة والاقتصاد) هەڵبگیرێت، یەعنی پێشنیارەکەی ئێمە پێی رازی بوون، بۆیە لێرەش پێشنیار دەکەین کە ئەو بڕگەیە لە ماددەی یەکەم هەڵبگیرێت، تەبیعی بڕگەییەک هەیە لەسەرچاوەکانی داهات وەک(منح)ە هەر کاتێ کە وەزعی داراییی حکومەت باش بێت ئێمە ئیعتیادی دەتوانیین بەهۆی ئەو (منح)ە کە لە یاسایەکەدا هەیە لە بابی سەرچاوەکانی دارایی یارمەتی ئەو سندوقە بدەین، بەڵام هەدەفەکە تەنیا ئەوەیە کە ئیلتیزامێکی یاسایی لە

سەر ئێمە نەبێ ئینشاالله وەزعەکە باش بێت، ئێمە نەک پارێزەرەکان بەڵکو یارمەتی هەموو یەکێتیەک وسەندیکا ونەقابەکانی تر دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس،بەڕێز کاکە ڕەش نقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن لەکاتی خۆی وەک لیژنەی یاسا بەراستی پشتگیریمان لە پرۆژەی حوکمەت کرد ولە سەری سور بووین کەبەردەوام بێت، لەبەر ئەوە کە جەنابی وەزیری مالیەی بەو ناوەی کە تەمسیلی حوکمەت دەکا، ورای حوکمەتیشی بەو شێوەیە وەرگرتووە ئەو برگەیەی تێدا نەبێ، یەعنی تەعدیلی پرۆژەکە، ئێمەش وەک لیژنەی یاسا ئێستاش پشتگیری لە پرۆژەکەی حوکمەت دەکەین مادام پرۆژەکەیان گۆری و، بە پرۆژەی حوکمەتی ئەزانین و، پشتگیری لەپرۆژەکە دەکەین و، ئەو عبارەتە لە ئاخیری ماددەکە نەبی ئیلغا بکرێ و(تلحق بوزارة الماليةوالاقتصاد) زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوەش تەئییدی ئەوە ئەکەن، زۆر سوپاس ، تکایە ماددەی یەکەم بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى: تعدل الفقرة (اولا) من المادة الثانية من القانون وتقرأ كالآتي:

اولاً: يؤسس في مقر النقابة صندوق لتقاعد المحامين تحدد موارده ونفقاته وتدار من قبل هيئة بموجب احكام هذا القانون وتلحق بوزارة المالية والاقتصاد.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن. نەسی ئەسلیش بەم شێوەیە(تلحق بوزارة المالية والاقتصاد) تێ دانییە، بۆیە ئێمە لەگەڵ پێشنیارەکەی حوکمەتین کە ئەو نەسە هەڵبگیرێت وماددەکە لەوانەیە هیچ گۆرانکاریەکی بەسەردا نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی پێویست بەو گۆرانکارییەی ماددەی یەکەم ناکا، تکایە ماددەی دوو بخوێننەوە.

پێشنیارەکە ئێستا ئەوهایە ئی حوکمەت وهەردوو لیژنەی یاسایی ودارایی ماددەکە نەمێنێت، یەعنی ئەو گۆرانکاریە نەکرێت، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەوە پەسەند دەکەن کە ئەو تەعدیلە نەکرێت دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس.

ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە پێشنیارەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی

یەکەم پێویست ناکا ،ماددەی دووەم ئەبێتە ماددەی یەکەم فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادةالاولى :

تلغى المادة (٣) من القانون وتحل محلها ما يأتي :

١- تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة أعضاء أصليين وثلاثة اعضاء احتياط يمثلون كلا من وزارة العدل و وزارة المالية والاقتصاد ونقابة المحامين.

٢- يرأس الهيئة ممثل من وزارة العدل و يمثل الصندوق امام المحاكم والدوائر الاخرى.

٣- ترشح وزارة العدل العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين حكام الدرجة الاولى.
وتختار وزارة المالية والاقتصاد العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين موظفيها الذين لا تقل درجتهم عن درجة مدير وترشح نقابة المحامين العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين المحامين المستشارين.

٤- يعين وزارة المالية والاقتصاد اعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة(٣) من هذه المادة لمدة سنتين قابلة للتجديد .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا بڕگە (٤) بە ڕای ئێمە وەک لیژنەی یاسایی ئەو دوو ساڵە بکرێت بە یەک ساڵ (قابلة للتجدید) ، لە بەر ئەوەی ئوموری دارایییە ، بە حەقیقەت پێویستە زوو گۆڕانکاری تێدا بکرێ وجائیزە هەر نەفسی جەماعەت دووبارە تەجدید بکرێ و، جائیزە مەجموعەیەکی تربێن لەبەر ئەوە بە ڕای ئێمە ساڵ بە ساڵ بگۆڕێ باشترە،بە تایبەتی ئەو وەزعەی کە ئێستا ئێمە تێداینە، بەڕای ئێمە بکرێ بە ساڵێک، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە ڕایا ما لە ثانیەن هاتییە (من بين حكام الدرجة الأولى) ڕاستە لە قانونی عێراقی حکامی (درجة اولى)بەڵام تەنیا محامیەکان لە بەغا هەن بیست جار بەقەد محامیەکانی هەموو هەرێمی

کوردستانن، وهەوڵ دا زیاتر مەجالی هەبێتن بۆ وەزارەتی عەدل(من بين الحكام) ئەو کاتە وەزارەتی عەدل بەکیفی خۆی حاکم دەرەجەی بۆ دانێت، حاکمی دەرەجە دووەم، سێیەم، چوارەم. حاکمی دەرەجە یەک زۆر کەمان هەیە لە هەرێمی کوردستان وئیستئناف پێویستی بەوان هەیە، جینایەت پێویستی بەوان هەیە لە بەر ئەوە (من بين الحكام)، ئەوە خاڵێک.

خاڵی دووەم : لە خاڵی سێیەم دا هاتووە (وترشح نقابة المحامين)بە رای ئێمە لیژنەی دارایی (نقابة المحامين) تا هەیە ئەوکۆیێتن نقابەتەکی زۆر زەحمەتە،(وترشح مجلس نقابة المحامين) مەجلیس بۆی هەبێتن مومەسلی خۆی تەمسیلی بکا و(ترشح مجلس نقابة المحامين ).

٣ـ سەتری پێش ئاخیر مەجلیس نقابەی محامین ترشیح بکات زۆر ساوێن ترە نەک بێژن نقابەی محامین ترشیح بکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەو حیسابەی وەزارەتیش زۆر گەورەیە ،وەزارەتی مالیەزۆر گەورەیە، وەزارەتی عەدل گەوریە ئەوەش جیهەتەکی لێرە تەعیین ناکەی بەو حسابە بێت .

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیل تەعدیلێ دەبیە مدیر، پێشتر راستە مدیر عام بوو، بەڵام ئەمجارە زۆر زەحمەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە دەڵێی نەقابە تەحصیل حاصل دەکرێت، کە دەڵێی وەزارەت مەعلومە وەزیرەکانە وا نیە، لە ناحیەی داراییەوە هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەناحیەی دارایی دەیانبێژن وەکو حوکام دەرجەی یەکەم ناحیەی راتبێ ناحیەی موخەسەساتی زۆر زۆرە، حوکام دەرەجەکەی فراوانترە لە وەزارەت کێ بە پەسند دەزانن، مومکینە هەر ئەوە بێت و، فەقەرەی چوارەم کەشکول هاتووە (سنتان) وەکو خۆی بمێنێت، چونکە هەر ساڵێک ئەمرێک دەربچێ، مومکینە ئەو هەیئە تەشکیل نەبووە باش ئیشەکەی خۆی نەزانیوە، یەکسەر تەغییر بکەی، لە ماددەی (٣٤)یش کە قانونی نەقابەی پارێزەران هەر سێ ساڵ هەیئەی عامە کۆ دەبێتەوە، ئەمەش هەیئەی سندووقە، بەلای کەمەوە هەر دوو ساڵ بێت، یەعنی بیکەنە یەک ساڵ رای ئێمە لیژنەی دارایی هەر زۆر زۆر کەمە لە پرۆژەکەدا دوو ساڵ هاتووە، وەکی خۆی بمێنێت، ئێمە پشتگیری لە ئەصلی مەوزوعەکە چۆن هاتووە دەکەین، زۆر چاکە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک جەمیل، وەڵامی ئەوەتان هەیە لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە دەڵێین نەقابە، یەعنی مەجلیسی نەقابە لە نەقابەی زیاتر هیچی تر نیە، چی تر هەیە لە غەیری مەجلیسی نەقابە، موئتەمەر هەیە خۆ قابیلە تەئجیلی ناکەین تا موئتەمەرێک دێت نوێنەرێک دادەنێ بۆ سندووق، کە دەڵێین نەقابە یەعنی مەجلیسی نەقابە، مەجلس کۆ دەبێتەوە شتێکی زۆر تەبیعیە، وەکو بەڕێزتان فەرمووتان وەزارەت یەعنی وەزارەتی دارایی، دووەم مەسەلە مەسەلەی ساڵێک و دوو ساڵ، بە حەقیقەت ئەوە مەسەلەیەکی ئیداری بەحتە، هیچ پەیوەندی بە ئوموری داراییەوە نیە، کە ئەوە لە ناحیەی دارایی خراپە یان چاکە، موجەڕەد لە ناحیەکی ئەمانە و، وەزیری دارایی بەڕێز صەلاحیەتی هەیە هەمان لیژنە تەجدید بکات، بەس ئەو لیژنەیە با بزانن ئەوانە کاتینە، لیژنەی سندووق بۆ ماوەی ساڵێک چ زەرەری هەیە، ئەگەر ساڵێک بێت. سێیەم مەسەلەی حاکم، کە دەڵێین حاکمی دەرەجەی یەکەم لەو حالەتەیە، مەوزوعی سندووق لە ناحیەی داراییە، حاکمی دەرەجە یەک خیبرەکی باشی هەیە، لەبەر ئەوەی پێویستە کابرایەک بێت وەزنی خۆی هەبێت، چونکە خەڵک موراجەعەت دەکات، سندووقە و تەقاعودە، نەک حاکمێکی دەرەجە چوار کە تازە تەعین بووە، مومکینە دە ڕۆژە هاتووەتە حەقلی قەزا، یەکسەر تەعین بووە لە موحامات را هاتووە، مومکینە قەزایەی دارایی و قەزایەی سندووق وەکو قەزیەکی زۆری نەدیوە، لەبەر ئەوە حاکمی دەرەجە یەک بێت لەبەر ئەمانە، یەعنی نازانم ئیعتیرازەکە بەڕای من ئیعتیرازێکی دارایی نیە، یەعنی لەسەر ئەساسی ئەوەی ئەگەر لە ناحیەی دارایی بێت خراپە یان چاکە، ناحیەیەکی تەکنیکی ئیداری بەحتە، لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی مەفروزە تەرکیز بکات لەسەر قەزایای دارایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ ئەو ماددەیە برێک تەوزیح بکەم بە حەقیقەت خۆی هەیئەتی سندووقی ئێستا دوو ئەندامی تێدایە لە نەقابە، یەکێکیان ئەندامی مەجلسی نەقابەیە کە سەرۆکایەتی هەیئەی سندووق دەکات، ئەویتریان پارێزەرێکی موستەشارە، ئێمە وەکو نەقابەی پارێزەران نامانەوێ هەیئەی سندووق ئالەتێک بێت لە دەست نەقابە، بەکەیفی خۆی نەقابە تەوجیە بکات، چونکە بڕیارەکانی هەیئەی سندووق قابیلی ئیعتیراز و قابیلی تەمییزە، بۆیە پێمان باشە حاکمێک

سەرۆکایەتی ئەم هەیئەتە بکات، بۆ ئەوەی بڕیارەکەی عادیلانەو بە حیاد بێت، ئەوە لە لایەکەوە، کە مدیر داوا کراوە بە حەقیقەت، ڕەنگە مدیر عام، بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە لە وەزارەتی دارایی کەم بێت و مەشغول بن و زۆریش ئیشوکاریان هەبێت، ئێمە کە دەرەجەی مدیریان داناوە، بۆ ئەوەی مەجال بدەینە وەزارەتی دارایی، ئەگەر مدیر عام نەبوو، مدیرێکمان بۆ دابنێ و، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای یاسایەکەی پێشتر بکەین کە ئەو تەعدیلەی بەسەر داهاتووە، ئەو نوێنەرەی یان ئەو ئەندامەی لە وەزارەتی دارایی مدیر عامە لێرە کراوەتە مدیر دیارە ژمارەی مدیریش لە وەزارەت زۆرە، وەکو مدیر عام لە یاسایە ئەسڵیەکە بۆ مدیر عامیش خاڵێکیان دانابوو، ئێستا کە ئێمە کردومانە بە مدیر ژمارەکەشیان زۆرترە، هەر ساڵەکە بمێنێتەوە باشترە، نەکرێتە دوو ساڵ، یەعنی دوو ساڵ جارێک بگۆڕی ژمارەیان زۆر دەبێت لێرە، یەعنی هەموو ساڵێ دەتوانی دوو کەس بگۆڕی، جا بەڕای من ساڵەکە بمێنێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە تێبینیەکان بنووسنەوە لیژنەی یاسایی، تاوەکو وەلامیان بدەنەوە، بەڕێز کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز برهان علی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لە یاسایەکە ئەسڵی قالبەکە هاتووە لە بڕگە دوودا، دەڵێ سەرۆکی هەیئە تەمسیلی سندووقەکە دەکات (امام المحاكم والدوائر الأخرى) نازانم بۆ (الاشخاص الطبيعية والمعنوية)ی لێپچراوە لێرە، پێشنیارەکەش ئەوەیە ئیزافەی ئەو عیبارەیەش بکرێ (والاشخاص الطبيعية والمعنوية) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وازیحە پێشنیارەکەی، بەڕێز کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حـــمـــيـــد سليم مـــيـــران:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من پشتگیری لیژنەی دارایی دەکەم لەبارەی بڕگە سێ لە ماددەی دوو کە دەڵێ (ترشح وزارة العدل العضوالاصلي والعضو الاحتياط من بين حكام الدرجة الاولى)، مـانای ئەوەیە دەبێت دوو حاکمی دەرەجە یەک بنێرێ بۆ ئەوێ، منیش وای بە چاک دەزانم بۆ ئەوەی دەستیان کراوە بێت کە (بين حكام) کافیە و، تا دەرەجە یەک دەنێرێ یان دوو، یەکێکیان دەرەجە یەک و ئەوان دەرەجەی تری دەدەنێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــمـــد امين مـــولود امين:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

تێبینیەکەم لەسەر بڕگە چوارە (تعين وزارة المالية والاقتصاد اعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة (٣) من هذه المادة لمدة سنتين قابلة للتجديد)، بەڕاستی ئەمە وا دەگەیەنێت کە وەزارەتی دارایی ئەوان تەعین دەکـات، بەڵام ئێـمـە لە پێـشـەوە وتمان تەرشیح هەر لە لایەنێک بەس هی خـۆی تەرشیح دەکات، باشتر وایە بڵێین ( يتم تعين أعضاء الهيئة بموجب امر صادر من وزارة المالية والاقتصاد)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب محمد حسين (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

هەمان تێبینی کـاک مـحـەمـەد ئەمـینە، بەس من لەسـەر وشەی تەعـینەکە دەڵێم لە جیـاتی ئەوە (يتشكل أعضاء الهيئة بأمر من وزارة المالية)، ئەگەر لە ڕووی ئیداری و یاسایی بگونجێت ئەو شێوەیە (يتشكل أعضاء الهيئة)، خۆ ئەوانە لە جێگای خۆیان تەعینن، بەتایبەتی ئەوەی دارایی و حاکمەکانیش، موعەیەنن لە جێگای خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز ســـفـــر مـــحـــمـــد حـــسين:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

هەر لەسـەر فـەقـەرەی چوار، وابزانم هەندێک ئیـشـارەتمان پێدا، بەس ئەگەر سـەیری بکەین لە

فەقەرەی یەک و دوو و سێ ئەندامی هەیئەی سندووق بەخۆی موعەیەنە، یەعنی یەک حاکمە و یەک دەرەجەی مدیرە بە حوکمی قانون موعەیەنن، وابزانم ئەو مەهامی زێدە، ئەو ئیشی زێدە بە سیفەتی مونتەدیب بێت یان مونتەسیبی بێت شتێکی وا، تەنسیب ئان ئینتیداب، جا کە هەر شتێکی زۆر پێویست بێت، مومکینە بڵێین وەزیری دارایی ئەمرێکی وای دەرکرد بۆ تەکلیفی ئەو ئیشوکارە، بەڵام (یعن وزیر المالیة) شتێکی جائز نیە و نابێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیل فەقرە سێ بێژت (حكام الدرجة الاولى)، ئەگەر تەسەلسولێ حوکام بە قەناعەتی من صنفی یەکەمە، نەک دەرجەی یەکەم، هەروەکو ئەسباب موجیبە لێی هاتووە، ئێت بێژت (حكام من الصنف الاول) دەرەجە نابێت بۆ حوکام، صنف تێدە گوتن، ئەڤە ئێک، ئی دوێ: من تەئیدەی لیژنەی قانونی دەکەم کە ساڵێک بێت، چونکە مەسەلەی مالی بۆ پاکی و پاقشتن و پاراستن ساڵێک باشترە، ئەگەر بێت پاکوخاوێن بن، جارێکی تر گەلێک دیپاقشتر بن.

سێ: ماددەی فەقەرە یەکێ نزانم نەوعێک غەموز داتبینم، چونکە سێ جیهەت سندووقی نوێنەریت خۆی هەین، ئەندامێکی ئیحتیات و ئەندامێکی ئەسڵی، ئایا ڤێ فەقەراتێ یەعنی شەرتە هەر یەکو یەکی ئیحتیات و ئەسڵی هەبن وەکو تەوزیع ڤێرەدا، چونکە ماددەی ئەسڵی ئەگەر بێتە تەعدیل کرن، ئیحتیمالە مەفهوم ترە، ئەل ڤێرێ ئەو نەصصە نەشەرتە ئێکی ئەندامی ئیحتیات و ئێکی ئەسڵی لگەل تەمسیلی هەر جیهەتێک کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار، لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامەکە بدەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو برادەرانەی کە ئیعتیرازیان لەسەر (تعين وزارة المالية) بوو، لێرە تەعین یەعنی تەسمیە مەفروزە ئەمرێک دەربچێت، ئەوانە دەبنە ئەندامی سندووق، راستە خۆ لە دەوائیری خۆیان نینە، ئەگەر تەعین بکرێن، بەس (يعينون للإشراف على الصندوق لتنفيذ مهام صندوق التقاعد)، یەعنی جیهەتێک بلێ ئەوانە وانە، یەعنی ئەو جیهەتەش وەزارەتی دارایی بەپێی ئەو یاسایە تەخویل کراوە، تەعین مانای ئەوە نیە (تعينهم للاشراف على الصندوق) یان (تسميهم للإشراف على الصندوق)، (تعين كأعضاء الهيئة في الصندوق) مانای ئەوە نیە تەعین لە دائیرەی خۆیان تەعین بوونە جارێکی تر تەعین دەبێتەوە، ئەوە پەیوەندی بە یاسای نەقابە و شتی وا نیە،

برادەران لەوانەیە وا تەسەور بکەن کە تەعین و شتی وایە.
ئەوەی کاک بورهان فەرمووی، یەعنی ئەگەر ئیزافەی بکەینەوە یان ئیزافەی نەکەینەوە، یەعنی زمنی دەوائیری تر ئەوانەی شەخسیەتی مەعنەویان هەبێت، تەقریبەن کیانێکیان هەبێت، دەتوانێت حارز بێت لە پێش هەر جیهەتێک، بەڵام ئەگەر ئیزافەی بکرێ هیچ زەرەری نیە بۆ ئەوانەی شەخسیەتی مەعنەویان هەیە، بەڕای من کە دەڵێی دەوائیری تر هەموو شتێکی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ماددەکە زۆر دوور و درێژ دەبێت.
ئەوەی کاک د. ئیدریس فەرمووی، ئێمە فەرزمان نەکردووە لەسەر وەزارەتی دارایی ئیلا دەبێت مدیر بێت گوتمان (لاتقل درجتهم عن درجة مدير) ئینشاءالله مدیر عامێکی دادەنێن، چونکە سەربەخۆیە بۆ خۆی، بەس کە دایدەنێین (لايقل عن مدير)، سوپاسیشی دەکەین ئەوەی تەئیدی ئەوە دەکات کە دەڵێ بۆ ماوەیساڵێک بێت، فعلەن ماوەی ساڵێک زۆر باشترە ئەمین ترە لەوەی کە زۆر درێژەی نەدەینێ، چونکە سیاسەتێکی ئیداریە لە هەموو جیهەتێک هەیە، هەتا کاتی خۆی فەرمانبەری ئیداری فلان حەزیان نەدەکرد زۆر لە جێگایەکدا بمێنێن، رای وەزیری دارایی ئەوەیە کە ئینسانێکی باش و بە رێکوپێکی دەمێنینەوە دووبارە داوایان لێ دەکرێ، بەس ئەندامی ئەسڵی و ئیحتیات پێویستە هەبێت، دوایێ ئەو برادەرانە تەسەوریان کرد کە حاکم مەشغول دەبێت، حاکم دەچێت لە نەقابە دادەنیشێت ئیشوکاریان سندووقە، مومکینە قەزیەکی تەقاعودیە یان قەزیەکی ئەوەیە لەنێوان خۆیان کۆ دەبنەوە و (١٥) رۆژ جارێک یان (٢٠) رۆژ یان مانگێ جارێک کۆ دەبنەوە و سیاسەتی سندووق تا بزانن چی لێ هاتووە، بزانن کێ تەقاعود بووە یان نا، یەعنی ئەو حاکمە ناچێت لە نەقابە دەوام بکات واز لە دائیرەکەی خۆی بێنێت، برادەران تەسەوریان ئەوها بێت، وەڵڵا چووەتە سندووق دوو حاکم بەوە مەشغول بوون، ئەسڵەن پێ مەشغول نابن، ناوەکانیان دێت، ئەگەر ئەو حاکمە پێی نەکرا بێت ئەویتریان ئیحتیاتە دەچێتە جێگای دادەنیشێت بۆ ئەوەی ئیشەکەی رانەوەستێت (١٥) یان (٢٠) رۆژ جارێکە، مومکینە بچێت سەعاتێک لەوێ کۆ ببێتەوە، یەعنی ئەرکێکی وا زۆر نیە تەسەور وا بێت ئیشغالی بکات لە وەزیفەکەی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی پێشنیارەکە بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

تلغى المادة (٣) من القانون وتحل محلها مايأتي:

١ ـ تتألف هيئة الصندوق من ثلاثة أعضاء أصليين وثلاثة أعضاء احتياط يمثلون كلا من وزارة

العدل و وزراة المالية والاقتصاد ونقابة المحامين.
٢ ـ يرأس الهيئة ممثل من وزارة العدل ويمثل الصندوق امام المحاكم والدوائر الاخرى.
٣ ـ ترشح وزارة العدل العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين حكام الدرجة الاولى.
وتختار وزارة المالية والاقتصاد العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين موظفيها الذين لاتقل درجتهم عن درجة مدير وترشح نقابة المحامين العضو الاصلي والعضو الاحتياط من بين المحامين المستشارين.
٤ ـ تعين وزارة المالية والاقتصاد أعضاء الهيئة المذكورة في الفقرة (٣) من هذه المادة لمدة سنة واحدة قابلة للتجديد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەک بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، چوار ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:
أ ـ تعدل الفقرة (٣) من المادة (٥) من القانون وتقرأ كالاتي:
٣ ـ ١٠٪ من الاتعاب التي تدفع للمحامي عند توكيله في الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوي بموجب قانون المحاماة.
ب ـ تضاف فقرة (٤) الى المادة الخامسة من القانون وتقرأ كالاتي:
٤ ـ الهبات الوصايا للصندوق.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری ئێمە ئەوەیە کە ئەو لە(١٠٪) بکرێتە لە (١٥٪) باشترە و زیاتر وەفری دارایی پەیدا دەبێت بەنیسبەت سندووقی نەقابەی، بەڵێ پێمان باشە لە (١٥٪) ئیراداتی سندووق زیاتر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێزشێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئیستقتاعەکە لە (١٠٪)یە تا ئێستا، بەڵام پێشنیاری هەیئەی سندووق لە (١٥٪) بووە، وابزانم هەڵەیەکی چاپ بووە، لەوانەیە لە (١٥٪)ش لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتبێت، ئێمە ئەو (١٥٪)یەمان کە داناوە تەعزیزە بۆ مەرکەزی دارایی نەقابە، لەبەر ئەوەی ئێمە داوای تەقاعود دەکەین، داوای حقووقی خۆمان دەکەین، رسووماتمان زیاد کردووە لەو پرۆژەیە، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسڵی ماددەی فەقەرە سێ دبێژت (النسب المئوية المستقطعة من الاتعاب المحامين في الدعاوي والمشورة القانونية)، یەعنی ئەساسەن زۆر زۆر شامیلە ئیت ڤێت مە نیسەبی میئەوی هەمی ئەتعابی میحامی وەرگرت تەهەمی دەعاویادا گەل مەشورە قانونی، ئیل ڤێرێ چ لە (١٠٪) بێت چ لە (١٥٪) بێت، یەعنی مەجموعی پارە ئەوەی دەفعی دەکات زۆر هینا خوارێ، حەسریان کردووە بە ئەو (الدعاوي التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوي بموجب قانون المحاماة)، یەعنی ساڵێ یەک دەعاویش نیە تەوزیع دەعاوی بکاتە موحامی، یەعنی یومکن دوو ساڵ یەک جار بەشی ئەو ناکات، هەر چ نەبێ ئەگەر لە (١٥٪) با مەشورەی قانونیشی تیا بێت، ئەگەر لە هەمووی دەعاوی وەکی ئەسڵی ماددە نەبێت، با هەر چ نەبێت مەشورەی قانونی لێ وەربگرێتن لە (١٥٪) و، لە فەقرەی (ب)نووسراوە (تضاف فقرة (٤) الى المادة الخامسة) ئەساسی ماددەی پێنجەم مەفروزە بەڕێز کاکەڕەش کە جێگای رێزو تەقدیری ئێمەیە گوتی دەبێت لیژنەی ئابووری ئەوەندە لە مەسەلەی دارایی با سەیر بکات، خۆی سەیری ماددە ئەسڵیەکەی کردووە، خۆی ماددەکە پێک هاتووە لە پێنج فەقەرە، چۆن ئیزافەی فەقەرەی چوارەمە، فەقرەی چوارەمی ئێستا موشابهی چوارەمی کۆنە، فەقەرەی چوارەمی کۆن دەڵێ (الهبات المختلفة)( بموافقة السلطات المختصة)، لێرە وەکی شوبە تەعدیلتان کردووە دەڵێ (الهبات والوصايا للصندوق) ئەساسی ماددەکە بەخۆی هاتووە لە پێنج فەقەرە ماددەی پێنجەم، لەبەر ئەوە رای ئێمە ئەو فەقەرەی (ب) نەمێنێت، چونکە بە خۆی ئەسڵەن لەگەڵ فەقەرەی چوارەم لە ماددەی پێنجەم لە (الهبات المختلفة بموافقة السلطات المختصة) تیایە و، لە (أ)یش مەشورەی قانونی تیا بخرێت، چونکە بۆچوونی هەردوو بەڕێزان مامۆستا شێروان حەیدەری و مامۆستا کاکەڕەش کە لە (١٠٪) بکرێتە (١٥٪)

زۆر باشە، بەڵام مەشورەی قانونیش مەشمول بێت زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو فەقەرەی چوارەمەکە ئیزافە کراوە، مومکینە هەڵە کراوە و، هەڵەکە هی ئێمە نیە، ئەوە لە پرۆژەکە کە پرۆژەی حکومەتە، با تاوانەکە تەوجیهی ئێمە نەکرێت، چونکە ئێمە نەمان کردووە، لەوانەشە لەناحیەکی تر لە هەڵەیەکی چاپ هاتووە، شتێکی زۆر تەبیعیە تەسەلسولەکە شتێکی ئەوەندە کارەسات نیە، تەسەلسولی فەقەرەیەک زیاد بووە یان کەم بووە، ئەوە یەک.

دوو: سەرۆکی لیژنەی دارایی دەڵێ مومکینە دەعوایەک بێت، بەپێی یاسای نەقابە پارێزەر تا ئێستا هەر دەعوایەک قیمەتی لە (١٠٠٠٠)دینار زیاتر بێت ، دەبێت دائیرە پارێزەر بگرێت، (١٠٠٠٠) دینار کە ئەمڕۆ چ قیمەتێکی هەیە، ئێستا وا تەسەور بکەم پرۆژەیەک بەدەست حکومەتییە، ئەو پارەیەی زیاد بکەن، ئەگەر هاتوو زیاد کرا بگەینە سنووری (٥٠٠٠٠) دینار یان (١٠٠٠٠٠) دینار، بەس هەتا ئێستا بە دەیان ناتوانم بڵێم بە سەدان، بە دەیان دەعاوی هەیە کە ئێستا لە زیمەی پارێزەرەکانە، چونکە لە (١٠٠٠٠) دینار زیاتر فەرمانبەری حقووقی دائیرە ناتوانێت ئیشتیراک بکات، نازانم ئەو وشەی ساڵی یەک دوو دەعاوی لە کوێ هاتووە، ساڵێ هەزاران دەعاوی هەیە لە دەوائیری حکومەتی، ئەو خەڵکەی شکایەت دەکات کێ هەیە لە (١٠٠٠٠) کەمتر شکایەت لە حکومەتی بکات نازانم، لە چ جێگایەک هەیە، مومکینە خاوەنەکەی ئەگەر (١٠٠٠٠) دینار بێت هەر لێی خۆش بێت، نەچی موراجەعەی دەوائیر بکات، مەسەلەی مەشورەی یاسایی، مەسەلەکە مەتروکە لەنێوان وەزیر و شەخسی پارێزەر، نامانەوێ ئێمە ئەوەی فەرز بکەین لەسەر پارێزەرێک، لەبەر چ فەرز ناکەین؟ تاکو ئەو دائیرەیە سەربەخۆیی هەبێت، چونکە لەگەڵ لیژنەی دابەش کردنی دەعاوی نیە، دەعاوی حکومی دەبێت دائیرە کتابێک تەوجیه بکات بۆ لیژنەی دابەش کردنی دەعاوی بڵێ پارێزەرێک تەرشیح بکەن دەعوایەکمان هەیە لەگەڵ فلان جێگای، بەڵام بۆ مەشورە وەزارەتەکە خۆی پەیوەندی بە پارێزەر دەکات و، نەقابە نازانی پەیوەندی نێوان پارێزەران و ئەوان چییە؟ بە ئاگاداری نەقابەی نیە، نەقابە تەرشیحی ناکات بۆ مەشورە خۆی وەزارەتێکی سەربەخۆیە، هەر وەزارەتێک کێ بانگ دەکات، پێی وایە کابرایەکی کەفوئە مەشورەی پێ دەکات و، چەندی دەداتێ، لەوانەیە لە زمنی موکافەئات بێت، هەر بە موکافەئە بیداتێ، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە تەحدید کردنی.

دووەم: لێرە هاتووە دەڵێ (النسب المئوية المستقطعة) مانای ئەوەیە نیسبەکە دیار بکرێت، پێشتر لە (١٠٪) بوو ئێستا بکرێتە لە (١٥٪)، لە (١٥٪) کە پێمان باشترە، وەکو کاک

شێروان فەرمووی وەزعی سندووق باشتر دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز كاك شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تەئیدی بۆچوونەكانی برای بەڕێزم كاكەڕەش دەكەم، بەس دەمەوێ یەك خاڵ تەوزیح بكەم، ئەو كرێیەی كە لە مەشوەرەی یاسایی وەردەگیرێ موڵكی هەیئەی سندووق نیە، موڵكی نەقابەی پارێزەرانە و، نەقابەی پارێزەرانیش كە ئەو مەشوەرەی وەردەگری تەعینی پارێزەر دەكات وەكو موستەشارین بۆ كۆمپانیای ئەهلی و ئەجنەبیش و، ئەمری تەعینیان لە لای ئێمە دەردەچێ، بەڵام ئەوەی تر كە برای بەڕێزم كاكەڕەش ئیشارەتی پێدا، ئەوە هی ئەو دائیرانەیە كە بۆ خۆیان موستەشاری یاسایی دادەنێن، ئەوەش هەر مەفروزە ئەو مەشوەرە بێتە نەقابەی پارێزەران، بەڵام ناچێتن، بۆمان نانێرن لەسەر هەموو شتێك، ئەوە ئیتیفاقێكە لەنێوان دوو تەرف، بۆیە بە حەقیقەت هەیئەی سندووق كە مەسەلەی كرێی مەشوەرەتی لێرە دەرهێناوە، كرێی مەشورەت ئێمە وەریدەگرین حالی حازر، ئەوە نۆ ساڵە، پەیوەندی بە هەیئەی سندووق نیە، بەڵكو نەقابەی پارێزەران وەردەگرێت، بۆیە لێرە لامان بردووە، نیسبەتەكەشی زیادیان كردووە، ئێمەش تەئیدی نیسبەتەكەی دەكەین و، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە، بەڕێز كاك جەمیل عەبدی سندی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو قانونی مەعمول لە ساڵی ١٩٩٩ لە پەرلەمان دەرچوو، لە ماددەی پێنجەم فەقەرەی سێیەم نووسراوە (النسب المئوية المستقطعة من اتعاب المحامي في الدعاوي والمشورة القانونية)، یەعنی مەشوەرەی قانونی دەبێت لە ماوەیەك بێتە سندووق، ئەگەر نەقابەی پارێزەران بۆ خۆی دەبێت و نایێتە سندووق، مانای موخالەفەیەكی قانونی زۆر زۆر سەریحە، قەت تەسەورم نەكرد كە ریئاسەتی نەقابەی پارێزەران ئەو موخالەفەی قانونی بكاتن، چونكە لە ماددەی پێنجەم لە فەقەرەی سێ هاتووە ( النسب المئوية المستقطعة من أتعاب المحامين في الدعاوي والمشورة القانونية) راش رای جەنابێتەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە تەئیدی کاک جەمیل دەکەین، فعلەن نسەبی موستقتەعە لە (١٠٪) بۆ هەیئە دەچێت، ئێستا بە نیسبەت دەعاوی حکومی زۆر ئیعتیادیە، ئەوە دەچی، ئەویتریش بۆ ئێمە دێت، بەڵام لە یاسایەکە هەڵەیەک بوو بە حەقیقەت، ئێمە دەمانەوێ چارەسەری ئەو هەڵەیە بکەین، چونکە لە کاتی تەتبیقاتی عەمەلی تووشی ئەو هەڵەیە بووینە، مەوزوعەکە راستکردنەوەی ئەو هەڵەیەیە، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شـــــعـــــبـــــان طیـب:**

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

بەنیسبەت نیسبە ئەویش گەل وێ جەمع بکا دەبێتە لە (١٥٪) بەدل لە (١٠٪)، چونکە بۆچی مەواریدی سندووقا وان پتر بێت، یا دوێ ئێمە گوتن کە مولحەق نەبێتن بە وەزارەتا مالیە، با ئیعتیمادی سەرف بکەن پتر، لەگەڵ رێز و سلاوم.

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز ســـرکـــیـس ئـاغـــا جـــان مـــامـــەندۆ:**

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

ئێمە پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەکەین، لە (١٠٪)یەکە بکرێتە لە (١٥٪) بۆ ئەوەی داهاتەکانیان زیاد بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەڕێز کاک بورهان جاف فەرموو.

**بـەڕێـز بـرهـــان عـلـــی جــــــــاف:**

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

زۆر سوپاس بۆ کاک شێروان دەربارەی مەشوەرە بوو کە تەوزیحی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مــــلا مــــحــــمـــــد طاهر زين العـــابدين:**

**بــەڕێــز ســــــەرۆكـى ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئەگەر برگەی (ب) ئیزافە بكرێت، حەقە بلێی (تعدل فقرة (٤) من المادة (٥) وتقرأ كالاتي)، بەڵام ئەگەر وەكو خۆی ئەسڵەكە بمێنێتەوە، پێمان موەفەق ترە، چونكە ئەسڵەكەش هەر دەڵێت (الهبات المختلفة بموافقة السلطات المختصة)، (الهبات المختلفة) وەصایاش دەگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بــەڕێــز ســــــەرۆكـى ئـەنجــــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك حمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حـــمـــە علی توفـــیـق مـــیـــرزا فـــتـــاح:**

**بــەڕێــز ســــــەرۆكـى ئـەنجــــــومـــــــەن.**

بەڕاستی ئەوەی پارێزەر بێت مەشمولە بە سندووقی نەقابەی پارێزەران، لەبەر ئەوە مادام هەر دەعاویەكی ببینێت ئەتعابی پارێزەران وەرگرێت لە هەر شتێک بێت، حەقە موساهەمەی هەبێت ئەویش بۆ سندووقەكە، چونكە ئێستا ئەو فیكرەی وەزارەتی دارایی نەما بۆ خۆیان دەبێت، داهات بۆ خۆیان پەیدا بكەن، داهاتەكەشیان ئەتعابەكەیانە، ئەوە لەبەر ئەوەی من برگەی یەكەم لە ئەسڵی یاسایەكە بەڕاستتر دەزانم كەوا مشوەرەی یاساییشی تێدا بێت، چونكە ئەویش بەشداری سندووقی دەبێت هەبێت، بۆ ئەوەی داهاتیان هەبێت.

دووەم: ئەو برگەی (ب) پێویست ناكات بەو تەعدیلە، چونكە ئەسڵیەكە هەموو شتێكی تێدایە بەڕێكوپێكی، زۆر سوپاس.

**بــەڕێــز ســــــەرۆكـى ئـەنجــــــومـــــــەن.**

وەڵامی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كـــاكـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بــەڕێــز ســــــەرۆكـى ئـەنجــــــومـــــــەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیر عەرزی كرد، برگە چوارەكە هەر پێی ناوێ، چونكە ئەوە زیاد هاتووە لێرە، تەقریبەن هەر بە خۆی مەوجودە فعلەن (الهبات المختلفة بموافقة السلطات المختصة)، بە حەقیقەت لە پرۆژەكەدا هاتووە، خوا دەزانی چۆن هاتووە، مومكینە ئیلتیباسێک بووە، بەنیسبەت ئەوەی كاك حمە عەلی فەرمووی، ئێستا جەنابی كاك شێروان تەوزیحی كرد، خۆی ئێمە دوو جیهەتمان هەیە، جیهەتێک نەقابە جیهەتێک سندووقی نەقابە، تەبعەن نەقابەش پێویستی بە واریداتێک هەیە بۆ ئیشوكاری خۆی، سندووقیش مەسەلەكەی تەقاعودە، دەعاوی حكومی دەعاویەكانی سابیتە، نیهائیەن هیچ غەل و غەشی تێدا ناكرێت، چونكە دائیرەكە

موكەلەفە، ئەو نیسبە میئەویەی کە بریار دەدریت لە کرێیەکەی دەبرێت، یەکسەر تەحویلی سندووق دەکات بە کتابێکی رەسمی، ئیعتیادی دەچێتە وەزارەتی دارایی ، ئەوەی نەقابەی هی مشوەرەی یاسایی ئەو عەرزی کردین دوو جۆر مشوەرە هەیە، هەندێکیان هەیە پرسیان پێ دەکرێت بە نەقابەی، هەندێک هەیە مشوەرەکە لەنێوان وەزارەتەکە و ئەوەی مومکینە لە موکافەئە سەرف دەکرێت بۆ پارێزەرەکەی، پارێزەرەکە هەر موراجەعەتی نەقابە ناکات ئیشەکیان هەیە، بەس ئەوانەی سابیت لە کۆمپانیاکانن، تەنیا کاک شێروان ئیشارەتی بەوە دا کە ئەوانەی سابیتن، کۆمپانیاکە داوا لە نەقابە دەکات کە مشاورێکمان بدەنێ، شەخسێک ئەگەر پرسیان پێ دەکات، ئەوان تەعینیان دەکەن، کە تەعینیان بکەن بەشێک لەو (١٠٪) یەی کە دێتن لە مشوەرەکە بێتە نەقابەی بۆ ئیدامەی ئیشوکاری خۆی، یەعنی هەر لێی وەردەگیرێ لە کابرای، بەس لەباتی بچێتە سندووق دێتە نەقابەی، دوو جیهەت هەیە نەقابە و سندووق، دوو جیهەتی جیاوازن هەردووکیان پێویستیان بە مادده هەیە (١٥٪) دەچێتە سندووق بەنیسبەت دەعاوی حکومی هیچ نایێ بۆ نەقابە، هی مەشوەرەکە دێتە نەقابە بۆ ئەوەی ئیشوکاری خۆی پێوە بەرێوە ببات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەی دوو بیخوێننەوە بە تەعدیلاتەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة (٣) من المادة (٥) من القانون وتقرأ كالاتي:

٣ - (١٥٪) من الاتعاب التي تدفع للمحامي عند توكيله في الدعاوى التي تنسبها له لجنة توزيع الدعاوى بموجب قانون المحاماة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دوو بەو شێوەیەی خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی دوو بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێ.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ کەموکوڕی تێدایە، ئینجا بەڕاستیەکەی بخوێنمەوە یان بە کەموکوڕیەوە بخوێنمەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە کەموکوڕیەکە بخوێنەوە و پێشنیاری خۆشتان بدەن.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصح حــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەڵێ باشە.

المادة الثالثة:

تعدل الفقرة (١) من ثانيا من المادة السادسة من القانون وتقرأ كالاتي:

ثانيا:

١ ـ تستوفى بدلات الاشتراك عن كل سنة على الوجه الاتي:

أ ـ (١٥٠) ديناراً اذا لم تمض على تسجيل المحامي ثلاث سنوات.

ب ـ (٢٠٠) ديناراً اذا مضى على تسجيل المحامي ثلاث سنوات الى خمس سنوات.

ج ـ (٢٥٠) ديناراً اذا مضى على تسجيله اكثر من خمس سنوات الى عشر سنوات.

د ـ (٣٠٠) ديناراً اذا مضى على تسجيله اكثر من عشر سنوات الى خمس عشرة سنة.

ه ـ (٣٥٠) دينارا اذا مضى على تسجيله اكثر من خمس عشرة سنة الى عشرين سنة.

و ـ (٤٠٠) دينارا اذا مضى على تسجيله اكثر من عشرين سنة فما فوق.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصح حــــیـــــدری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وەکو لیژنەی یاسا تەئیدی ماددەکەمان کردووە تەبیعی ئەو رسوماتانەی کە دامان ناوە زیادەی رسوماتە بە نیسبەتی (١٠٠٪) هەتا (٣٠٠٪) و ئەوە ئیرتجالی نەهاتووە لە کۆنگرەی یەکەمی پاریزەران گفتوگۆ کراوە پاشەوی هاتۆتە دەستەی سندوق لەوێندەرێ لیژانی تایبەت پێکهێنراوە و لە هەمان کاتدا پرسمان بە پسپۆڕان کردووە پێمان باش بوو ئەم نیسبەتانە کە دیاری کراون دابنێین، بەنیسبەت برگە یەکەوە ئێمە وای بە باش دەزانین کە پاریزەرەکە لە برگە یەک بڵێت (تعدل فقرة أولاً من البند ثانيا) ئەوجا بێتە ئیشتراکاتەکە: (أـ تستوفى بدلات الاشتراك من المحـــامي) هەندە پاریزەر دووبارە نەبێتەوە لە برگەکانی تر، هەروەها حەز دەکەم ئەوەش روون بکەمەوە هەندێک بە ئەسڵ ئیشتراکات بە یاسا هاتبوو پێشتر، پاشان تەخویلی دەستەی سندوق کرا کە خۆی ئیشتراکات دابنێ دوایی کە ئێمە قانونی تەقاعودمان دەرهێنا لە پەرلەمانی کوردستان تەخویلی دەستەی سندوقمان کرد کە بە نیزامیک ئەو ئیشتراکاتە دیاری بکرێت بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە وا بە باش دەزانین کە ئەوە لە سولبی یاسایەکە دابێت وەکو مەبدەئێکی دەستوری چونکە ئیمکان نییە رسوم فەرز بکرێت تەنها بە قانون نەبێت بۆیە ئێمە ویستمان ئەو رسوماتە بەقانون دابەزێنین بەم تەعدیلە، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تێبینی لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

له ماددەی شەشەم برگە ئەلف هاتووە (على الهيئة إصدار نظام تحدد بموجبه بدلات الإشتراك وفق الأنظمة المالية وقيامها) وادیارە دائیمەن بەدەلاتی ئیشتراک و رسوم بە قانون بێتن وادیارە دەستەی سندوقیش نە هاتووە نیزامێک دروست دەربێختن، لەبەر ئەوە ئەو پارەی ئێستا هاتووە و داناوە نەکو پارە هاتۆتە مەزاعف چوکە ئەساسەن دەسەلاتی دەستەی سندوق دیارە نەشیا پاشی وی راڤیتن، ئەم پارەیەی هەیە زۆر زۆر کەمن چونکە حسابمان کردووە (١٥٠) دینار یان (٢٠٠) دینار ئەو پارانە زۆر زۆر کەمن بۆ سالانە پارێزەر دەفع بکاتن لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی و ئابوری هەڵسا بە حسابێکی بەسیت، پارێزەر سالی خزمەتی هەبێت چەندی هەبێتن تەنها ناخۆش ببیتن بۆ پازدە سال چەند دەفع دەکاتن بۆ پازدە سال سەیرمان کرد ئەم مەبلەغانە زۆر کەمە لە ماوەی پازدە سال پارێزەر (٣٦٠٠) دینار دەداتە سندوق مانگانە خۆی (٩٠٠) دینار وەربگرێتن تەقاعود سالانە (١٠٨٠٠) دیناری وەربگرێتن، لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی سەیری کرد هەرنەبێت ئەوەی پارێزەر دەیدات لە پازدە سال بە سندوقی تەقاعودی خۆی هەرنەبێت بکاتە راتبی شەش مانگی وەختی تەقاعود دەبێت لەبەر ئەوە هەر یەکێکمان (١٠٠) دینارمان زیاد کرد ئەو مەبالیغانە کە لە پازدە سال پارێزەر بتوانێ تەنها (٥١٠٠) دینار بداتە سندوق مانگانە (٩٠٠) دیناری وەربگرێتن و سالانەش (١٠٨٠٠) دینار وەربگرێت بۆ ئەوەی بۆ ماوەی (٢٥) سال (٩٨٥٠) تەنها پارێزەر دەفع بکاتن بۆ سندوق مانگانە چەندی وەردەگرێتن (١٥٠٠) مانای ئەو پارەی پاش تەعدیلاتی لیژنەی دارایی بداتن پارێزەر (٢٥) سال تاکو تەقاعود دەبێتن تەنها موچەی تەقاعودی هی شەش مانگە، مانگانە (١٥٠٠) دینار وەردەگرێت سالانە (١٨٠٠٠)دیناری وەردەگرێت تەقاعود بۆ دە سال (١٨٠٠٠٠) دیناری وەردەگرێت بۆ بیست سال تەقاعود (٣٦٠٠٠٠) دینار وەردەگرێت مەبالغی زۆر زۆرە بۆ زانیاریش تەنها (٩٨٥٠) دینار دەداتە سندوقی تەقاعود، پاش ئەو تەعدیلاتەی کە لیژنەی دارایی کردویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە تەنها هەر ئەوەندە ئەدات پارێزەر یان ئیستقتاعی تریش هەیە؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ سندوقی تەقاعودی تەنها ئەونده ئەدات جگە لە دەعاوی (١٠٪ یان ١٥٪) تەنها بۆ دەعاوییە ئەویش ساڵێ یەکی بەبەر ناکەوێت چونکە وەزارەت بە کەیفی خۆی موحامی دەگرێتن ئەوهای لێ ناگەرێت، تەوزیعی دەعاوی تەنها زۆربەیان ئەوانەن کە موجرێیکە یان قاتلێکە خزمەکانی موحامی بۆ ناگرن ناچار مەحکەمە بۆی دەگرێت بە (٥٠٠)دینار (١٥٪) دەکاتە (٧٥) دینار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکە ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر بۆیە عەرزمان کردن ئینسان هەندێ لە پسپۆری خۆی تەخەصوص بکات چونکە وا تێدەگەم کاک جەمیل تێکەڵی کرد، نازانی جیاوازی نێوان ئینتداب و لیژنەی تەوزیع دەعاوی ئەوانەی کە خەڵک دەکوژن و شت دەکرێت ئەوە لە مەحکەمەی جینائی پارێزەر ئینتداب دەکرێت، ئینتداب دەکرێت ئەسڵەن ئینتدابەکە کرێیەکی زۆر کەمە لەوانەیە (٥٠)دیناری دەدەنێ مانای (٣٠)دینارە ماندوبونی پارێزەر زۆر پارێزەر ئەوەی ناکەن ئەو موحامیە لاتولوتەکان ئەوەی دەکەن ئەوانەی کە ئینتداب دەکرێن، لیژنەی دابەش کردنی دەعاوی قەزایەی مەدەنییە قەزایەی حقوقییە خەڵک ئیقامەی دەعوا لەسەر دائیرەیەک دەکات دەڵێ ئەو دائیرەیە ئەوەندە پارەم قەرزارە یان ئەوەندە حەقەی خواردوومە یان مقاوەلەم تەنفیز کردووە پارەکەی نەداومێ، ئەگەر قیمەتی ئەو پارەیەی داواکراو لە (١٠٠٠٠) دینار زیاتر بێت ئەوە دەبێ ئەو دائیرە بۆ لیژنەی تەوزیعی دەعاوی بنوسێ پارێزەرێکی بۆ تەوکیل بکەن دەنێرن و هەڵدەبژێرن پارێزەرەکە لەوێ جەنابی وەزیر وەکالەتی بۆ دەکات لەباتی وەزیر دەچێت لەوێ ئامادە دەبێت لە دەعوایەکە، ئەتعابەکەشی ئەو وەختی بەنیسبە (٥٠٠٠)ی یەکەم ئەوەندەیە (١٠٠٠٠)ی یەکەم ئەوەندەیە (٣٠٠٠)ی یەکەم ئەوەندەیە بە تەسەلسول دەروات هەتا دەگاتە ئەو حەدەی تەقریبەن نزیکەی (٧٥٪) دەکات لەوێ دیاری نییە ئی دەعاوی خوطەطە بەتایبەتی هی میزانییە مەفروزە لە (١٥٠٠)دینار زیاتر نەبێت کرێیەکە، بەلاّم هی خوطەطەکە دیاری کراو نییە، ئەگەر بگاتە (٦٠٠٠٠)دیناریش گرینگ نییە لەبەر ئەوە با تێکەڵ نەبێت، دوای ئەوەی بەڕێزتان فەرمووتان پارێزەر کە شتێک دەدات تەنها بۆ سندوقە بەدەلاتی ئیشتراکی ساڵانەشی هەیە بۆ نەقابە پەیوەندی بە سندوقەوە نییە ئیشتراکی ساڵانە پارە دەدات، چونکە ئەگەر ئەو ئیشتراکە نەدات ئینتما نەکات و هەویەکەی نوێ نەکاتەوە ناتوانێ لە دەعاوی حازر بێت لەبەر ئەوە ئەوەی دانراوە ئەو مەسائیلە دوایە ئێمە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لە دوو سێ لایان گفتوگۆ کراوە، لایەک دەڵێن ئەو گفتوگۆیە دەکرێ دەڵێ ئەو پارانە با رەبت نەبێت بە وەزارەتی دارایی با وەزارەتی دارایی تەکلیف نەکات لایەکیش دەڵێن ئەو پارەیە

کەمە زۆرە، سندوقەکە خۆیان پارە دەدەن و خۆیان ئەو نیسبەتەیان دیاری کردووە و خۆیان ئەرکەکە تەحەمول دەکەن بۆیە بەرای من بەم شێوەیە لێی گەڕێن کە بزانن چۆن خۆیان ئیفزال کردووە بۆ خۆیان بڕوا باشترە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاکەرەش فەرمووی ئیشتراکی نەقابە ئەوە مومارەسەی میهەنییە پەیوەندی بە تەقاعودەوە نییە پەیوەندی بە سندوقی تەقاعودیش نییە، بۆ سندوقی تەقاعود تەنها ئەمە ئەداتن ئەوەش بۆی حساب دەکرێتن ئەگەر ئەمە نەداتن موحاسەبە دەکرێتن یان تەقاعودیەکەی رادەوەستێتن یان رەسمی نەقابەشی لێی وەرناگرن تا ئەمە دەفع بکاتن، هەر وەزارەتێکیش بۆ خۆی چ پارێزەرێک باشە ئەوی دەگرێتن نایەتە تەوزیعی دەعاوی چونکە ئەتوانن لە مەبلەغەکەی کەمتر بنێرن راستە مەبلەغ بە چەندی بێتن ئەتۆ با (٩٠٠٠)ی بنێرێتن پاش ئەوە گەر زیاتری وەرگرت ئەوەش ئیستقتاعی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک جەمیل، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها تەعقیبێکی بچوکم هەیە، یەک پارێزەر دوو جۆرە رسومات دەدات رسوماتی ئیشتراک لە نەقابە ئەوە لە بۆ نەقابەیە ١٠٠ جار ئەوەمان تیکرار کردۆتەوە رسوماتی دووەمیش ئەوەی سندوقی تەقاعودە، هی سندوقی تەقاعود ئەوە تەعدیل کرا ئەوە لەبەر دەمتانە هی نەقابەی پارێزەرانیش وا بەرێوەیە دیسان زیادمان کردووە تەعزیزەن لەبۆ مەرکەزی دارایی نەقابە، بەنیسبەت تەوزیعی دەعاوی حکومی هەر دائیرەیەک موخەوەل نییە سەربەخۆ پارێزەر هەڵبژێری بۆ ئەوەی بچێت لە دەعوایەکەی ئامادە بێت لیژنەیەکی تایبەتی هەیە نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدایە هەروەها نوێنەری ئەو دائیرەی تێدایە کە دەعوایەکەی هەیە و نوێنەری نەقابەی پارێزەرانیشی تێدایە هەرسێ کۆدەبنەوە پارێزەرێک هەڵدەبژێرن بە گوێرەی دەعوایەکەی، مانای شتێکی کەیفی نییە هەر کەسە لەراستە خۆی دەچێت پارێزەر دەگرێت واو واو وا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کامیان زیاتر تەقدیر دەکرێت وەکو وارد بۆ سنوقەکە؟ ئەگەر بتوانین بپرسین.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەوازونێک دانراوە بەراستی ئێمە دراسەتمان کردوەو، تەوازونێکیشمان داناوە بۆ ئەم بابەتە تەقریبەن هەردووکیان لەیەک مستەوانە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس هەر ویستم ئەوەندە بزانم، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موساهەمەیەکی تر هەیە پارێزەر پێی هەڵدەستێتن بەنیسبەت ئەو واریداتەی کە بۆ حکومەت دەڕواتن ئەویش کە خازیعە بۆ زەریبەی دەخل هەر دەعوایەک کە دەبینی لە زەریبەی دەخل ئاسانکاری دەکەن و حسابی بۆ دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی وا چاکە بەڕێزان هەموو لایەنی شتەکە بزانن، بەڕێز حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نمر کچو هسام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گرفتێکم لەلای کاک جەمیل پەیدا بووە، بەنیسبەت دەعاوی حکومی پارێزگاکان لێژنەیەکی مەرکەزی هەیە. نەقابەی پارێزەرانی وەزارەتی دارایی و لایەنی حکومی پەیوەندی دار، مانای ئەو لێژنەیە دەست نیشانی پارێزەر دەکات و دەعوای حکومی بەتایبەتی نەک دەعوای تر، بەراستی ئەو نیسبانەی کە هاتوون و حکومەتیش پێشکەشی کردووە ئێستا ئەساسەن تەرک کرابا بۆ (هیئة الصندوق تستقطع للضروف المالیة والاقتصادیة) بۆ لەوانەیە پتریش ڕۆژێک بێت تەرخان بکەن (٢٠٠) ببێتە (٣٠٠) (٤٠٠) کەمتر زیاتر بەڵام وا داناوە وا دیارە لە خزمەتی وانەو لە سوودی وانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز حاکم نەمر، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە کەس نییە بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خورد کردنەوەی ئەو ئیشتیراکە بۆ ئەم هەموو برگانە من دەبینم زۆرە بکرێتە سێ بەش با بڵێین بەشی یەکەم بۆ سێ ساڵی تا پارێزەرەکە خیبرە پەیدا دەکات ئەوە مەعقولە چونکە لەوانەیە دەعاوی و شتی زۆر نادرێتێ ئەگەر (١٥٠)دیناریش ئیشتیراک بێت، پاشان لە سێ ساڵی تا پازدە ساڵی هەتا ماوەی تەقاعودیەکەی دێت پازدە ساڵ بۆ سەرەوە مانای بکرێتە سێ برگە خوردکردنەوە بۆ ئەو هەموو برگانە هەتا واو من دەبینم زۆرە ئەم ئیشتیراکانە بەو نەوعەی مانای ئەو کاتە شتەکەش زەبت دەبێت هەتا سێ ساڵی ماوەی یەکەم مەعقولە تا خیبرە و شتی پەیدا دەکات لە نێوان سێ ساڵی تا پێنج ساڵی چ شتێکی وا زیاد ناکات بەم دوو ساڵەی چونکە فێرە ئیش بووە فێرە شت بووە جا من ئیقتراح دەکەم هەتا سێ ساڵ (١٥٠) بێت دوایی لەبۆ پازدە ساڵی با (٢٥٠) بێت پاش پازدە ساڵ بەرەو ژور با (٤٠٠) دینار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر ئەوەی کە (تعدل) هەیە (تلغی) باشتر نییە چونکە برگەیە خۆی دارو بەردی هەر نەماوە ئەوەی کە برگەیەکی بچوکە ئەو هەموو برگەیەی لەسەر دارێژراوە (تلغی) لەوانەیە باشتر بێت لە (تعدل)، بەنیسبەت برگەی ئەلف و باوە ئەوەی دەڵێ (إذا لم تمض) لە هەر دووکیانا (إذا مضی) بێ رەواتر نییە؟ چونکە کاتەکان دیاری کراون جا لە باو لە جیم (٢٠٠) (مائتا دینار) بۆ نمونە لە با لە جیم (٢٥٠) مائتان وخمسون دیناراً، لە (ج ـ د ـ هـ ـ و) وشەی (اکثر من) لە هەموویان زیاد نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامی بدەنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەوەی کە کاک د.ئیدریس فەرمووی تەبعەن مەسەلەی سێ ساڵ ئیعتباتەن دانەنراوە. دەسەڵاتی پارێزەر دابەش کراوە بۆ سێ برگە (ا ـ ب ـ ج) هەتا سێ ساڵەکەی کە نەبێتە برگەی جیم دەسەڵاتی نابێت لە هەموو دەعوایەک ئامادە بێت، بە ئەلف و با یەعنی دەعاوی بدائی باوەڕیکەن پێشان لە (٥٠٠) دینار زیاتر بوایە نەی دەتوانێ ئامادە بێت دەبوایە پارێزەرێکی تری لەگەڵ بوایە پاشی برگەی جیم دەسەڵاتی موتڵەق دەبێت دەتوانێ لە هەموو دەعاویەکان ئامادە بێت بۆیە لێرە کەم دانراوە بۆ ماوەی ئەم سێ ساڵە چونکە ناتوانی لە هەموو دەعوایەک ئامادە بێت، پاشی ئەم ساڵانەی تر عەناوینی تر وەردەگرێت دەبێتە مومارس دەبێتە موستەشار سەبر سەبر

بە گوێرەی ئەو تەسەلسول و ئەو عەناوینانەی وەری دەگرێت پارەکەی بۆ زیاد کراوە پەیوەندی بە ساڵەکان هەیە وا تەسەور بکەم حەفت ساڵە پێویستە کەمتر نەبێت ئەوجا دەبێتە موستەشار، شەش ساڵ کەمتر نەبێت ئەوجا دەبێتە موستەشار، مومارس لەوانەیە پاش چوار ساڵ، پێنج ساڵ ئەوجا دەبێتە مومارس، بزانە پاش سێ ساڵ چونکە موتلەق بوو دەبێتە مومارس هەتا شەشی ئەوجا دەبێتە موستەشار، بۆیە لەسەر ئەم ئەساسە پارەکە دانراوە و پارەکانیش زۆر بە نیسبەتێکی باش هاتووە. ئەوەی کە مامۆستا فەرمووی نازانم وەڵلا لایەنی زمانەوانییە ئەوە موبتدایە (مائتان)ە یان (میئتین)ە ئەو باشتر دەزانێ زمانەوانییەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو مامۆستا مەلا محمد تاهیر.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزمدا تەبعەن ئەوە (مئتا دینار)ە ئەوە (مئتان و خمسون دينار)ە بەڵام لێرە مەبەستم لەسەر ئەوەی دەڵێ (مئتان و خمسون ديناراً اذا مضى على تسجيله أكثر من خمس سنوات ) (إذا مضى على تسجيله خمس سنوات الى عشر سنوات) (أكثر من) پێم وایە لە هەموویان زیادە، لە دال دەڵێ (إذا مضى على تسجيله أكثر من عشر سنوات)(إذا مضى على تسجيله عشر سنوات الى خمس عشرة سنة) مانای (أكثر من) لە هەموو برگەکان زیادە پێم وایە چونکە دیاری کردنی ماوەکان بە (اكثر من) دەرناکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زیادەیە، (مئتانْ و خمسين) وە (مائتان وخمسون) ئەوە هێن ناکرێت هەر هەمان شت دەنوسرێ؟

بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سركيس اغا جان مامندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ڕونکردنەوەیەکم هەبوو تەبیعی ئێمە ساڵ بە ساڵ دەرچوی کۆلێژ و بەکەلۆریوسەکان تەبیعی کە دەردەچن عادەتەن ئێستا ساڵ بەساڵ تەبەقەی گەنج دێت ئەم تەبەقە گەنجە ئیشتراکات دەدات ئێ شروتی تەقاعودیش هەیە کە پارێزەرێک بە چ مەرجێک تەقاعود دەکرێت ئەگەر ئێمە حساب بکەین ئەو (١٥٠) و (٢٠٠) و (٢٥٠) دینارەی مانای ماوەی زۆر درێژ بەردەوام دەبێت ئەوە بۆ خۆی ئەو گرفتە حەل دەکات بۆ ئەو پارێزەرانەی کە ئێستا تەمەنیان نزیکی تەقاعود بووە ئەوە تەنها لە لایەنی دارایی ویستم شەرح بکەم مانای پارێزەرێکی گەنج پازدە ساڵ ماوە هەتا بگاتە تەمەنی تەقاعود ئەو هەموو ئیشتیراکاتە کۆدەبێتەوە ئێستاش گەنجەکانی ئێمە خەریکن زۆر دەبن سوپاس بۆ خوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاکم نەمر فەرموو.

**بەڕێز نمر کچو هسام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە سیغەی لیژنە تەدوینی قانونی بۆ ئەم ماددەیە بەم جۆرە بێت ئەگەر جەنابت ئەمر بکەی بیخوێنمەوە.

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة (١) من ثانياً من المادة السادسة من القانون ويحل محلها مايأتي:

ا ـ (١٥٠) مائة وخمسون ديناراً إذا لم تمضِ على تسجيله ثلاث سنوات.

ب ـ (٢٠٠) مائتا دينار إذا مضى على تسجيله ثلاث سنوات.

ج ـ (٢٥٠) مائتان وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس سنوات.

د ـ (٣٠٠) ثلاث مائة دينار إذا مضى على تسجيله عشر سنوات.

هـ ـ (٣٥٠) ثلاث مائة وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمسَ عشرة سنة.

و ـ (٤٠٠) اربعمائة ديناراً إذا مضى على تسجيله عشرون سنة.

مانای سیغەکە بەم شێوەیە بێت لایەنی زمانەوانی و قانونی وابزانم تەواوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هی تەدوینی قانونییە؟

**بەڕێز نمر کچو هسام:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆچی بۆمان نەهاتووە، چونکە ئەوە ڕێک ترە لە سیغەی یەکەم خۆی هەردووکی سیغەی حکومەتە بەڵام ئەوەیان ڕێک ترە لە لایەنی زمانەوانیەوە ڕێک ترە ئەگەر زەحمەت نەبێت بیدە کاکەرەش ئەم سیغەیە، بەڕێز کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاکەرەش فەرمووی گوتی پارێزەر سێ قۆناغی هەیە لێرانە ئیشتیراکات کراوەتە شەش

قۆناغ من ویستم عەمەلیەکە ئاسان بکەمەوە ئەگەر ئیشتیراکات بە دەرەجات بوایە کە تەرفیعی دەکرد کە چوە دەرەجەکی موعیەن تا دەگاتە موستەشار با لە ویوە ئیشتیراکاتیان دیاری کردبایە لەو دەرەجەیەی ئەوەندەیە ئیشتیراکی لەو دەرەجەیەش ئەوەندەیە بە دەرەجات بوایە نەک بە ژمارەی سالان، چونکە لێرە تەختیە دەبێت لەوانەیە پارێزەر هەیە گەیشتوتە ئەو دەرەجەی چونکە ئەوەندە سەلە کەمتر دەدات پارێزەرێکی تر لە هەمان دەرەجەی ئەوە ژمارەی سالەکانی زیاترە زیاتر دەدات دەرەجەکانیشیان یەکە جا لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەم کرد کەوا ببێتە سێ، ئەوها عەدالەتی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە ئیشتیراکاتەکانمان داناوە لەسەر ئەساسی دەرەجەمان دانەناوە پارێزەر موتەمەرینە دوایی دەبێتە مومارس دوایی دەبتە موستەشار لەسەر ئەو ئەساسە دانەنراوە بەتەواوی ئەو مەبدەئەی برای بەڕێزم کاک سەرکیس وەزیری دارایی لەسەر ئەو مەبدەئە دامان ناوە هەتا پارێزەر گەنجە رسوماتی کەم دەدات چەند بەرەو پیری بڕوات رسوماتەکەی زیاد دەبێت لەسەر ئەم ئەساسە دانراوە، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە تا خزمەتی زیاتر بێت نزیک تر دەبێتەوە لە تەقاعود، هەمان شتە بەلام سیاغەکەی ئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەیە کە لێرە کرا بەراستی، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دەقی ماددەی سێیەمە:

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة (١) من ثانياً من المادة السادسة من القانون ويحل محلها مايأتي:

ثانياً: يستوفى بدل الإشتراك السنوي من المحامي حسب مدة التسجيل على الوجه الاتي:

ا ـ (١٥٠) مائة وخمسون ديناراً إذا لم تمض على تسجيله ثلاث سنوات.

ب ـ (٢٠٠) مائتا دينار إذا مضى على تسجيله ثلاث سنوات.

ج ـ (٢٥٠) مائتا وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس سنوات.

د ـ (٣٠٠) ثلاث مائة ديناراً إذا مضى على تسجيله عشر سنوات.

هـ ـ (٣٥٠) ثلاث مائة وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس عشرة سنة.

و ـ (٤٠٠) اربعمائة دينار إذا مضى على تسجيله عشرون سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا (اربع مائه)یە یان (اربع میئه)یە بۆ نوسین وەکو یەک دەخوێندرێتەوە بەڵام خوێندنەوە ئەوها دەخوێندرێتەوە، فەرموو هیچ تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەو ماددەی شەش جگە لەو تەعدیلاتانەی کە ئێستا عەرزم کردن ئەو تەعدیلانە پێویستە ئەو تەعدیلە بکرێت:(تعديل البند ثالثاً) بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن هەدەفیش لەو تەعدیلە ئەوەیە پارێزەر دێت بەدەلی ئیشتیراک دەداو بەدەلی سندوقیش دەدات مەبەستمان ئەوەیە یەک جار موراجەعەی نەقابە بکات بۆ سندوق و شتی وا بەراستی مەسەلەکە مەسەلەیەکی هونەریە هیچ پەیوەندی بە هیچ شتێکی ترەوە نییە : (تعديل البند ثالثاً من نفس المادة السادسة من القانون وإعادة صياغتها على وجه الاتي:

يدفع المحامي بدلات إشتراك الصندوق للسنة الماضية دفعةً واحدة خلال شهر كانون الثاني من كل سنة وفي حالة التخلف عن مدة الاستحقاق تضاف نسبة (٥٠٪) من بدل الإشتراك السنوي).

بەنیسبەت بەندی حەفتەم (على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية أن تستقطع النسب المقررة قانونياً من بدل أتعاب المحامي أو المشورة القانونية) ئەو مەشورە قانونیە لابچێت (وتحويلها الى الصندوق مباشرةً).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە چۆن بوو چیتان لێ کرد؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو خۆبەتی بەندی سێیەکە ئەوهایە ئەسڵی قانونەکە ئەوهایە :(يدفع المحامي بدلات الإشتراك دفعةً واحدة قبل نهاية الشهر الأخير من كل سنة وفي حالة التخلف عن مدة الاستحقاق تضاف اليها نسبة (٥٠٪) من بدل الإشتراك السنوي)

لەو حالەتەی پارێزەر دەبێت لە (٣١ / ١٢)ی ئەم ساڵ بچێت ئەگەر نەچێت بە تەخەلوف حساب دەکرێت لە کانونی دووەم بەپێی قانونی نەقابەی پارێزەران دەبێ بچێتن هەویەکەی نوێ کاتەوە جا توشی ئەو تەخەلوفە دەبێت سندوقی تەقاعودیش بەردەوام هی ساڵی پارە ساڵ دەڕوات ئەوجا دەڵێ لە کانونی دووەم هی ساڵی رابردوو بدات کە دێتن بۆ بەدەل ئیشتیراک هی سندوقیش لە هەمان کاتدا دەدات لە کانونی دووەمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای مانگیکتان فەرق پێ کردووە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لەوەیە بەراستی رسوماتی سندوق و رسوماتی تەقاعود بەیەک مانگ بدرێت بۆ ئەوەی پارێزەر دوو جار سەردان نەکات و غەرامەشی نەیەتە سەری، رسوماتی سندوق عادەتەن هەر وەکو برای بەڕێزم کاکەرەش ئیشارەتی پێدا مانگی ١٢ وەردەگیرێت بەڵام هی چ ساڵێکە هی ئەو ساڵەیە کەتێیدانە لە مانگی یەکەوە تاکو ١٢/٣١ پاش ١٢/٣١ موراجەعەت بکات (٥٠٪)ی دێتە سەر رسوماتی نەقابە لە ١/١ دەست پێ دەکات بۆ ئەوەی هەر دووکیان لە هەمان کاتدا بێت تاکو پارێزەر دووجار سەردان نەکات برایانی دهۆکمان دوو جار دێنەوە بۆ نمونە بۆ ئەوەی تەلافی ئەم مەوزوع بکرێت کردمانە کانونی دووەم هەردووکیان،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەرک نییە لەسەر پارێزەر لە مانگێکا مەبلەغێکی گەورەتر بدات بە جارێک؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مانگێ جارێکە بە نیسبەت هەر یەکێکیان ئەوجا چ مانگێک بدات گرفت نییە ساڵێ یەک جارە، خۆی دوو ئیستفادە دەکات یەک غەرامەکەی نادات دوو یەک سەفەری دەکات دوو سەفەری ناکات ئەوەیە مەوزوعەکە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم دوو خاڵە؟ جا ئەگەر نییە هەمووی بخوێنەوە جارێکی تر بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة:

تلغى الفقرة (١) من ثانياً من المادة السادسة من القانون ويحل محلها مايأتي:

ثانياً: يستوفى بدل الإشتراك السنوى من المحامي حسب مدة التسجيل على الوجه الاتي:

ا ـ (١٥٠) مائة وخمسون ديناراً إذا لم تمض على تسجيله ثلاث سنوات.

ب ـ (٢٠٠) مائتا ديناراً إذا مضى على تسجيله ثلاث سنوات.

ج ـ (٢٥٠) مائتان وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس سنوات.

د ـ (٣٠٠) ثلاث مائة دينار إذا مضى على تسجيله عشر سنوات.
هـ ـ (٣٥٠) ثلاث مائة وخمسون ديناراً إذا مضى على تسجيله خمس عشرة سنة.
و ـ (٤٠٠) اربعمائة دينار إذا مضى على تسجيله عشرون سنة.
تەعدیلی بەندی سێیەمیش بەم شێوەیەیە:
یدفع المحامي بدلات إشتراك الصندوق للسنة الماضية دفعةً واحدة خلال شهر كانون الثاني

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان سەری سەرەوە تعدل فقرە یەک دەبێ بڵێین یەکەم ئینجا ئێستا بڵێین دووەم تعدل فقرە ئەوها.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یعدل البند ثالثاً من المادة السادسة ويقرأ كالاتي:
يدفع المحامي بدلات إشتراك صندوق للسنة الماضية دفعةً واحدة خلال شهر كانون الثاني في كل سنة وفي حالة التخلف عن مدة الاستحقاق تضاف نسبة (٥٠٪) من بدل الإشتراك السنوي.
ثالثاً: يعدل البند ثالثاً من نفس المادة وتعاد صياغتها كالاتي:
على الدوائر الرسمية والاشخاص المعنوية أن تستقطع النسب المقررة قانوناً من بدل أتعاب المحامي وتحويلها الى الصندوق مباشرةً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای ئێستا ماددەی سێ سێ برگەیە (١ ـ ٢ ـ٣) بۆ ئەوەی رون بێت. تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێ کە بەم شێوەی خوارەوە خوێندرایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەوە ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، چوار ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن، بەڵام پێویستە ئەو ئەندامانەی نایکەن پێش ئەوەی کە پەسەندی ناکەن رەئی خۆیان بڵێین، نا جەنابت رەئی خۆت گوتووە هەروەها د.ئیدریسیش رەئی خۆی گوتووە رونە بەڵام هەندێ کەس رەئی خۆی نەگوتووە و پەسەندیشی ناکات، بەگشتی دەنگ ماددەی سێیەم وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:
تعدل المادة (١٢) من القانون و يضاف مايلي الى أخرها ((والمنتمين الى النقابة عام ١٩٩٢)).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای ئێمە ئەم ماددەیە هەر لە ئەسڵی تەعدیلەکە نەبێت، چونکە ئەسڵی ماددەکە بۆ خۆی زۆر باش هاتووە ئەگەر لوطف بفەرموون ماددەکەی هەر وەکو خۆی بخوێنینەوە

(إذا كان بين المدة التي يستحق المحامي التقاعد عنها بموجب المادة (١)مدة مضمومة الى مدة ممارسة المحاماة بمقتضى أحكام هذا القانون فلا يحق للمحامي طلب الإحالة على التقاعد إلا بعد مضي مدة لا تقل عن خمس سنوات مستمرة من تأريخ صدور قرار الضم وذلك بإستثناء حالات العجز).

وادیارە مومکینە ڕۆیشتبێ داوایان کردبێ کۆمەڵێ کەس کە ئەو کەسانەی کە ساڵی(١٩٩٣)ش ئینتیمایان کردوە ئەوانیش عەفوو بکرێن لەماوەی (٥) ساڵ مادەم موددەی زەمیان هەیە جا بەڕای ئێمە تەنها عەجز کافی بێت ئەگەر یەکێک عاجزە ئەگینا بۆ با موحامی وەکو یەک یەکسان بن عەجز بەتەنها کافیە لەبەر ئەوە بە ڕای ئێمە ئەو ماددەیە ئەسڵەن هەر لە پرۆژەکەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس لیژنەی دارای بابفەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە کو ئەڤ ماددا ماددە (٥)نەیەتە تەعدیل کرن(تحذف هذه المادة من المشروع ولاحاجة لتعديلها)چونکە وادیارە هەندێک مەسائلی شەخسی بۆچی نە(١٩٩١ نە١٩٩٢نە١٩٩٣)ئەسڵی ماددەکە حاڵەتی عەجز تەنها ئیستثنای کردووەو زۆر زۆر ڕێک و پێکەو مادەی ئەسڵی و ئەڤ تەعدیلە نەکرێتن سوپاس بۆ یەزدان کو ئەم جارە ڕای لیژنەی دارایی و ئابووریی ولیژنەی یاسا بە یەک بۆچوونن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەست بەرز بکەنەوە. ئەگەر کەس تێبینی نییە ماددەکە دەخەینە دەنگ دانەوە یان پێشنیارەکە دەخەینە دەنگ دانەوە.ماددەی(٥) کەئێستا بووە بە(٤) پێویست ناکات تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارە پەسەند دەکەن دەست بەرز بکەنەوە ،زۆر سوپاس . ئەو بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەست بەرز بکەنەوە،بەگشتی دەنگ ماددەی

(٥)پەسەندکراو، ئێستا(٦)ی کۆن دەبێتە چوارەم.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة ـ تعديل المبلغ الوارد في المادة (١٥)من القانون و جعل المبلغ(٧)سبعة دنانير بدلاًمن(٥) خمسة دنانير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەئی لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێینە سەر ئەسڵی پرۆژەکە کاتێ هاتۆتە پێشکەش کردن بۆ پەرلەمان ساڵی١٩٩٩ئەساسیەکەی (١)دینار بوو مانگانە لیژنەی یاسا ئەو کاتە یەکسەر لە(١)دینارەوە کردی بە(٥)دینار، ئەگەر ئێمە بێین سەیری قانونی تەقاعدی محامی بکەین لە عێراق خۆ وەختی بەندی (١٠)بوو لە قانونی محامات پاش تەشکیل کردنی دائیمەن موازی بووە بۆ قانونی تەقاعدی خدمەی مەدەنی کە حەدی ئەعلای خدمەی مەدەنی چۆنە خەریجی جامیعەی؟ نەقابەی مەحامینیش تەقاعودەکەی نەفسی حاڵەتە و، ئەگەر سەیری قانونیش بکەین لەئەساسدا (٤٣٠)ی فلسە کە ئێستاش ئەگەر (٤٣٠)ی فلسەکە حیساب بکەین عەینەن تەقاعودەکە دەکاتە(٢٤٠)دینار وەکو خدمەی مەدەنی کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان پەیرەو کراوە لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی نابینێت کە(٥)دینارەکە ببێتە(٧)دینار چونکە ئەگەر وامان لێ کرد حەددی ئەدنا کە لەوەختی ئێستا خدمەی شەهری بە(٥)دینار حساب بکرێ حەدی ئەدنا هی تەقاعودی محامی ئێستا (٩٠٠)دینارە حەددی ئەعلاش (١٥٠٠)دینارە کە حیسابمان کرد قبوڵمان کرد ببێتە(٧)دینار مەعنای حەدی ئەدنا هی تەقاعودی محامی حەددی ئەدنا کە مەسەلەن یەک ڕۆژی کردوەو مردووە بەس ئیشتراکی داوەو مانگی یەکەم مردووە دەعمی سەیارە بووە یانیش (١٥)ساڵ خزمەتی کردووە دەکاتن(١٢٨٠)دینار ئەمەش مەبلەغێکی زۆرە و، مەعقولیش نییە کە حەددی ئەدنا لە ڕاتبی تەقاعدی محامی کە(١٢٨٠)دینار بێت چ مانگێکی کردبێت و مردبێت یان (١٥)ساڵی تەواوی کردبێ و مردبێت یان توشی مشکیلەیەک بووبێ لە بەر ئەوە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی دەڵێین دەبێت تەوازنێک هەبێت سەیری قەوانینی مالی بکەن ئەم تەعدیلە نەکرێتن وەکو خۆی بمێنێتن حەدی ئەدنا هی محامی(٩٠٠)دینار بێتن حەددی ئەعلایش (١٥٠٠)دینار بێتن. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

ئەلحمد ولله ئەم جارەش مانعمان نییە با (٥)دینار بێت لەباتی (٧)دینارەکە.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

بەڕێز کاک بورهان با بفەرمووێت.

**بـەڕێـز بـرهـان عـلـی جـــــاف:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

من پشتگیری دەکەم لە پرۆژەکە کە هاتووە (٧)دینار چونکە لە ساڵێکدا لەوانەیە ئەگەر یەک محامی یان دووان داوای ئیحالە بکەن بۆ تەقاعود چونکە (الحمد لله) دەعاویان هەیەو لەتەقاعودیەکە زیاتر دەسکەوتیان دەبێت و، ئەگەر داوا بکەن من خۆم لە سندوقی تەقاعودیم یان یەکێک یان دووان ئەگەر داوای تەقاعودی بکات لە ساڵێکدا، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

بەڕێز کاک یونادم، فەرموو.

**بـــەڕێـــز یـــونـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

(إذا حضر الماء بطل التيمم )بەڕێز وەزیری دارایی ڕەئی خۆی دا من نابێت قسە بکەم بەڵام بەس ڕەقەم ئەمەوێت بیدەمە بەڕێزان، لە دونیای دەرەوە ئەو ئیستقتاعاتانە وا حیسب دەکرێت کە فیعلەن حکومەت زۆر خەسارەت نەکات یەعنی ئەو تەراکومی ئەو ئیشتراکاتە کە لێیان ببرێتەوە ببێتە شتێک کە ڕۆژێک پێیان بداتەوە لێرەدا دەبێت (٤٠٠)مانگ ئیشتراکات بدات (٥)دیناری هەتا یەک ڕاتب بۆی دەربچێت (٤٠٠)مانگ (٥)دیناری ئینجا ئەکاتە(٢٠٠٠)دینار کە داوایان کردوە ئینجا ئەوە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی قسەی کرد و تەواو بوو منیش لەگەڵ ئەوانم بەڵام ئەبێت ئەمەش لەبەر چاو بێت کە حکومەت لەو ئیستقتاعانە ڕەواتبی تەقاعودی دەرئەکاتەوە (٤٠٠)مانگ یەعنی (٣٣)ساڵ خزمەت ئیستقتاعات ئەو کات یەک ڕاتب بۆی دەرئەچێت سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

تەئیدەن بۆ قسەکەی جەنابت عادەتەن زیاتریش لەوە ئەدەن حیسابی ئەو ریسی کۆیە بکەن کە کاک جەمیل باسی کرد سەیارەیەک لێی دا پێش وەخت وەفاتی کرد لەبەر ئەوە زیاتر ئەبێت ئیستقتاعات و ئیشتراکات بۆ ئەوەی حیسابی ئەوشتە هەمووی بکەن وەسندوقەکە زەرەر نەکات. یەعنی سندوقەکە عەجز بهێنێت. زائیدەن خاڵێکی تریش هەیە حیساب ئەکەین ئێمە حیسابێکی

بەسیت ئەکەین ئەڵێین (٤٠٠)مانگ ئیشتراکات ئەکاتە مەعاشی یەک ڕاتب بەس وانییە (٤٠٠)مانگ ئیستقتاعات زائیدەن فەوائیدی ئیستقتاعات ئەبێت ئەوەش حیساب بکرێت . بۆئەوەی صورەتەکە موتەکامیل بێت تێبینی تر هەیە تکایە فەرموو بەڕێز کاک ئیدریس .

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە حیسابی تەقاعودی دەکرێت بۆ فەرمانبەر دەوڵەت موعادەلەیەک بەکار دەهێنێ (عدد سنوات الخدمة) کە بە أشهر زەربی مەعاشەکەی دەکەیت تەقسیمی شتێکی دەکەیت ڕەقەمێک دەردێت)لێرە دەبینیت هەرشتێکی بەسیتیان داناوە مانگانە ئەوەندە دوایی تەقاعودیەکە عدد سنوات یەعنی ئیتیباعی ئەو موعادەلەیان نەکردووە یەعنی لێرە بە دوو میزان تەقاعودی حیساب دەکرێت بۆ نموونە ئەگەر بێت و حیسابی تەقاعودی مامۆستایەک بکەیت کە (٢٠)ساڵ خزمەتی هەبێت لەوەزارەتی پەروەردە کە مامۆستای سەرەتایی بیت بۆ بیست ساڵەکە(١٣٠)دینار تا(١٤٠)دینار زیاترت بۆ دەرناچێت لێرەدا ئەگەر (٢٠)ساڵ بۆ پارێزەرێکی حیساب بکەیت بەو موعادەلەیە کە دوو موعادەلەی جیاوازە (١٦٤٠)دیناری بۆ دەردەچێت یەعنی (١٥٠٠)دینار جیاوازی هەیە من ناڵێم (١٥٠٠)دینار بۆ ژیانی ئەمڕۆ زۆرە من مەبەستم ئەوە نییە بەڵام ئایا چینەکەی تر کە(٢٠)ساڵ مامۆستاییەکەی بە(١٣٠)دینار تەقاعودی دەتوانێت بژی لێرەدا من تێناگەم بۆ بەدوو موعادلە حیسابی تەقاعودی بکرێت من پرسیارەکەم ئەوەندەیە دەمەوێت (توضیح)ێک بدەن لیژنەی یاسایی بۆ چی بەم شێوەیە پچڕپچڕیان داناوە بۆم تەوزیح بکەن لەبەر چی ئینتیباهی ئەو موعادەلەیان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو خاڵەی کە موناقەشەی ئەکەین مەبلەغی(٧)دینارە ئایا بکرێت بە(٧)دینار یان (٥)کە بمێنێتەوە ئێمە موناقەشەی خاڵێک بکەین ئەمانەوێت تەسویتی لەسەر بکەین (٧)دینار زیاد بکرێت یان وەکو خۆی بمێنێتەوە (٥)دینار، پڕۆژەی حکومەت ئەڵێت(٧)دینار ئەبینێ پڕۆژەکە لەنەقابەخۆیەوە هاتووە لەسندوقەکە بەتەئکیدی خۆیەوە هاتووەو چوەتەلای حکومەت و، ئەو (٧)دینارەش بۆیە وتوویەتی (٧)دینار چونکە تەقاعودیەکە زیادە بۆیە رسومەکەی زیاد کردووە ئاوا بەبەلاش زیادی نەکردووە ئینجا تکام وایە موناقەشە ئەگەر ئەکرێت(٧)ەکە زەروریە یان (٧)ەکە زەروری نییە لەسەر ئەوە بدوێن بۆ ئەوەی بتوانین تەسویتێکی لەسەر بدەین کاک شێروان حیدری فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەزەکەم تەوزیحێک بدەم بەنیسبەت ئەو (٥)دینارەو ئەو(٧)دینارە ئەو (٥)دینارە بۆ

مانگانەیە یەعنی عددی خدمەی چەند بێت مەسەلەن ساڵێک حیساب بکە مانگی (٥)دینار دەکات (٦٠)دینار زەربی (١٥)ساڵ پارێزەرێک (١٥)ساڵ خزمەتی هەبێت ئینجا (٩٠٠)دینار وەردەگرێت یەعنی مانگانە(٥)دینار حیساب کرایە (١٢)مانگ دەکاتە(٦٠)دینار زەربی (١٥)ساڵ دەکاتە (٩٠٠)دینار ئەوە لەئەسڵی یاساکەیە بەس ئەوە لێرە مومکینە هەمووی توضیح نەکراوە تەنها عیلاقەمان بە مەبلەغەکەوە هەیە بکرێت یان نەکرێت هەر وەکو جەنابت ئیشارەتت پێ دا دووەمینیش ئێمە داوا دەکەین ئیلحاق بکرێت دەڵێن نابێت ئیلحاق بکرێت دەڵێن بۆ خۆمان رسوماتی خۆمان بدەین تەقاعودی بۆ خۆمان زیاد دەکەین دەڵێن نابێت زیاد بکرێت یەعنی نازانین بەراستی چی بکەین ئێمە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێت بزانن چی دەکەن حەز دەکەم شەرحی بکەن لێرە دەتوانن باسی بکەن.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەرحەکە ئەوەیە ئێمە دەزانین وەزعەکە چۆنە و زروفەکە چۆنە لەگەڵ بۆچوونی بەڕێز وەزیری دارایی (٥)دینارەکە با وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە (٥)وەکو خۆی بمێنێتەوە، تکا لەوئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەندی دەکەن وئەو ماددەیەش ئیلغابکرێت با دەست بەرزبکەنەوە، سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت با دەست بەرزبکەنەوە ئەو ماددەیەش هەر ئیلغا کرایەوە ئەم ماددەیەی (٤)هەر هەمووی تا کۆتایی هەر ئیلغا کرایەوە، ماددەی (٤)جارێکی تر بیخوێنەوە کەجاران ماددە (٧)بوو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة:

يعدل المبلغ الوارد في المادة (١٦)من القانون و يصبح (٢٠٠٠)الفي دينار بدلاً من (١٥٠٠)ألف و خمسمائة دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاکە ڕەش نەقشبەندی بابفەرمووێ.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لەبەر ئەوەی نەسی ماددەكە وەكو خۆی (٥)دینارەكە ماوە ئەوەش بەحەدی ئەعلاكەی هەر وەكو پێشان (١٥٠٠)دینار بێت زیاتر نەبێت لە(١٥٠٠)دینار، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

كەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ئەو ماددەیەش لەغو بكرێت پەسەندی دەكەن ئەو ماددەیەش لەغو بكرێت دەست بەرز كەنەوە، سوپاس . ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەست بەرز كەنەوە بەگشتی دەنگ ئەو ماددەیەش لەغو كرا ئێستا ماددەی (٨)ەم بوو بە(٤)ەم جارێكی تر ماددەی (٤).

**بەڕێز شـــــیـــــروان نـاصـح حـــــیـــــدری:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

المادة الرابعة:

تعدل المادة (٢١)من القانون و يحل محلها مايلي:

إستثناء من أحكام المواد السابقة تمنح الهيئة:

١ـ عوائل المحامين الذين إستشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية راتباً تقاعدياً لايقل عن (٥٠٠)خمسمائة ديناراً شهرياً.

٢ـ عوائل المحامين المتوفين بعد تاريخ ٢٣/ ١٠/ ١٩٩١(سحب السلطة للدوائر المركزية)و لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم (١٨)لسنة(١٩٩٩)راتباً تقاعدياً لايقل عن (٢٥٠))مائتين و خمسون ديناراً شهرياً.

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ڕەئی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێـز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تەعزیزەن بۆ مەركەزی ئەو برادەرانەی كە لە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد شەهید بوون پێشان (٢٥٠)دینار بوو ڕەئی ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی وەكو لە پرۆژەكە هاتووە تەئیدی پرۆژەكە دەكەین كە(٥٠٠)دینار بێت ئەو پارێزەرانەی تر ئەوانەی كە وەفاتیان كردووە پێش دەرچونی یاسای تەقاعود، لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردی نین و، بە وەختی تەبیعی بووە ئەوانیش خێزانەكانیان لە(٢٥٠)دینار حقوقی تەقاعودیان بۆ سەرف بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی بفەرموو.

**بەڕێز جمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەئی لیژنەی دارایی ئەڤەیە .

الفقرة (١) تعديل المبلغ الى (٩٠٠)دينار شهرياً ويقرأ كالاتي:(عوائل المحامين الذين إستشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية راتباً تقاعدياً لايقل عن (٩٠٠)ديناراً شهرياً.

مەعقول نییە برایەکی پارێزەر شەهید بێت لە بەر بزوتنەوەی کوردی خوێنی ڕێژابێت، بەخوێنی ئەو شەهیدانە ئەم پەرلەمانە و ئەم حکومەتە هاتۆتە کایەوە. حەقی شەهید ئێمە کەم تر بدەین، بەپێی ئەم یاسایە یاسایی سندوقی تەقاعودی پارێزەران کە لە پەرلەمان دەرچووە ئێستاش تەعدیلاتی لەسەر هاتووە هیچ ڕاتبێکی تەقاعودی کەم تر لە(٩٠٠)دینار نییە یەکێک بەس بەدەلی ئیشتراکەکەی دابێت لە سەیارە دەعمی کردبێ یان توشی جەڵتە بوو بێت بەس یەک جار بەشداری کردووە لە(٩٠٠)دینار تەقاعودی کەم تر نییە لەبەر ئەوە مەعقول نییە ڕاتبی شەهید کەم تر بێت لەڕاتبی برادەرێکی تر خۆی مردووە یان بۆ (١٥)ساڵ خزمەتی کردووە و توشی ناخۆشی بوو (عجز) لەماڵ دانیشتووە لەوانەیە دووکانێکیش بۆ خۆی بکاتەوە ڕاتبی ئەو زیاتر بێت لەڕاتبی شەهید. لەکاتی خۆیدا کاتێ کە یاساکە دانرا دیسان لەم پەرلەمانە موعارز هەبوو بۆ ئەوەی هی شەهید کەم تر دابنێن بەڵام ئەو کاتەش برادەرانی لیژنەی یاسا مەسەلەن (٧)پارێزەر یان(٩)پارێزەر تەئسیر لەسەر دانیشتنەکە ئەکەن لەبەر ئەوە ئێمە لیژنەی دارایی و ئابوری ئەڵێین لە(٩٠٠)دینار کەم تر نەبێت زیاتر ئەبێت چونکە خزمەتی زیاترە بەڵام لە(٩٠٠)دینار کەم تر نەبێت مانگانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی شتەکە بەئاراستەی مەوزوعیەت بێت لەمەوزوعیەت دەرنەچێت شەهیدی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی یان کوردستانی بەپێی یاسای، شەهیدان یارمەتی وتەقاعودی خۆی هەیە ئەمە یەک،(٢)ئەمەی کە لێرە بەپێی سندوقی پارێزەران دەبڕێتەوە بۆ خێزانی شەهیدان تەقدیرە بۆ ئەوان شتێکی ئیزافیە ئەمە دوو،(٣)ئەو پارێزەرانەی کە شەهید بوون ڕاستە کە حەقی ئەوەیان هەیە کە تەقدیر بکرێن بەس بۆ سندوقی پارێزەران هیچیان دەفع نەکردووە ئێمە لەو خەتا بێینەوە بۆ مەوزوعیەت دەمێنینەوە لەوە لابچین تەبیعی شەهید هەموو کەس حەزەکات شەهید ئەوەی مومکینە بۆی بکرێت،هێشتاکە بیخەینە دەنگ دانەوە بزانین پارە لەبەر دەستی پەرلەمانایە مومکینە هەر یەکێک بڵێت (١٠٠٠)دینار یەکێک بڵێت(٢٠٠٠)دینار یەکێک بڵێت(١٠٠٠٠)دینار بەس ئەوە لەگەڵ واقیعدا لەحەقیقەتدا لەگەڵ یاساشدا تاحەددێک

مومکینه نەگونجێت مەوزوعیش ئەوە نییە چەند پارێزەرێک لێرەن ئێمە تکامان وایە کە لەمەو دوا لەپەرلەمانا کەموناقەشەیەک دەکرێت قسە تەوجیهی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکرێت (٢)هەم محاوەلە بکرێت موراعاتی یەکتری بکرێت یان ئەبێت هەموو شتێک لەیەکتری قبوڵ بکرێت یان ئەبێت وەکو ئەورپییەک بیربکەنەوەو تەسەروف بکەن هەرچییەکیان پێ وتن قبوڵی بکەن ئێوەش قسەی خۆتان بکەن لە زمنی یاسادا تەحەمولی بکەن یان ئەبێت موراعاتی ئەوە بکەن کە هەریەکە موراعاتی تەرەفەکەی تر بکات و هەر لیژنەیە موراعاتی لیژنەکەی تر بکات وهەر ئەندامێکی بەرێزی پەرلەمان موراعاتی ئەندامەبەرێزەکەی تری پەرلەمان بکات تکام وایە مولاحەزەی ئەوە بکەن لە داهاتوودا، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاک شیروان حیدری فەرموو.

**بەرێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم ئەو تەوزیحە بدەم کە تا ئێستا یەک موعامەلەمان نییە لەو بابەتە و، کەسیش موراجەعەی ئێمەی نەکردووە بۆ ئەوەی حقوقی تەقاعودی لەسەر ئەو فەقەرەیە بدەینێ، ئێمە پێمان باش بوو کە(٢٥٠)دینار بوو پێشتر و، ئێستا بیکەینە (٥٠٠) کە مەبلەغێکی مەعقولە دوایی ئێمە ئەڵێین(لایقل)کە دەڵێین (لایقل)هەیئەی سندوق بە بڕیارێک ئەتوانێک هەتا(٢٠٠٠)دیناریش بدات (١٥٠٠)دینار بەپێی وەزع بەڵام ئێمە خۆمان نەبەستۆتەوە، ئێستا بڵێین (٩٠٠)دینار دەبێت بە مولزەمی(٩٠٠)دینارەکە بدەن و وەزعی مالی ئێمەش هەر ئەوەندە تەحەمول دەکات کە لەو حدودەی ئیشارەتمان پێ کرد، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەرێزانەی تێبینیان هەیە کاک إبراهیم سەعید فەرموو.

**بەرێز إبراهیم سەعید محمد:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی یەک بە(ماضی) هاتووە ئەڵێت(إستشهدوا)هیچ مێژوویەکی بۆ دانانرێت هەتا مێژوویەکی (إستشهدوا)بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی ئەڵێت(الذين إستشهدوا)هەتا چ مێژوویەک ئیعتبار دەکرێت چونکە هەمووی رابردووە بەتەسەوری من عەلاقەی بە(٢٣)ی مانگی دەوە دەبێت یان رۆژێکی ترە بەردەوامەیان مێژوویەکی لەسەرە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تایبەتە بەوانەی کە پارەیان نەداوە بە سندوقی پارێزەران تەقدیرە بۆ شەهید بوونیان لە

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئیزافەتەن بۆ هەندێ شتی تر کە مومکینە بۆیان ببڕێتەوە ئەگەر هەبێت، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بەس من ئەڵێم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی بێت شمولی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک یونادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان فەقەرەی (٢) خێزانی پارێزەران ئەوانەی مردوون دوای (٢٣/ ١٠)تا(١٩٩٩)بەڕەئی من ئەوانەش هەر ماون لەگەڵ ئێمە وەکو هەڵوێست و مەوقیف ناکرێت ئەو فەرقە گەورەیە هەبێت هەرچەند ئەگەر ئیشتراکاتی سندوقیشی نەدابێت زۆر کەمە (٢٥٠)بەڕەئی من (٦)بەرامبەر فەرقی ڕاتبی ئەو لەگەڵ یەکێکی تر ئلتیحاقی لە سندوق یەعنی ئیشتراکاتی ڕۆژێک ئەگەر بەرزبکرێت کەمێک ، باوەڕ ناکەم شەریحەی پارێزەران ئەوەندە زۆر بن کەببنە بارێک یان قورساییەکی زۆر لەسەر سندوق و لەسەر نەقابە ئەگەر بکرێت بە(٥٠٠)دینار پێم وایە باشترە حەددی ئەدنایەکەی ئەوانەی کە شەهیدی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستانین ئەگەر لە شۆڕشی ئەیلول بن لەوانەیە ئەمڕۆ کەس نەمابێت یان یەک نەفەر یان دوو مابێن هەموولە (١٨)ساڵ بەرەو سەریان نەماوە لە خێزانی خۆی ئەمە ئەگەر زیاد بکرێت چونکە ئەمە لەوانەیە تازە مردبێت لەوانەیە زیاتر تەبەعاتی خێزانی هەبێت کەمێک زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عادەتەن سندوق پارەی بۆ ئەو کەسانەیە کە پارەیان داوە بەسندوق، سندوق پارەکەیان بۆ کۆ دەکاتەوە دوایی بۆ یان دەکات بە تەقاعودی ئەگەر پارە نەدەیت بەسندوق عەمەلییەن حەقی هیچت نییە خۆ ئەمە هەیئەیەکی خەیری نییە تۆ ئیشەکەیت پارەی گیرفانی خۆت پارەی ئەو پارێزەرانەیە کۆی ئەکاتەوە بۆ ئەو پارێزەرانەی کە پارەیان داوە نەک بۆ ئەو پارێزەرانەی کە پارەیان نەداوە بەڵام ئەگەر هی دەوڵەت بێت جیاوازە چونکە ئەبێت دەوڵەت موراعاتی ئەوخەڵکانە بکات ئەگەر حکومەت ئیمکانیاتی هەبێت زەبتی هەموو ئەوشتانەی کردبێ حەقە حکومەت ئەوە بدات بەڵام ئەگەر هی سندوقێک بێت یان نەقابەیەک ناتوانێت لەخۆی وەربگرێت و بیدات بەکەسێکی تر واتە لەتۆی وەرەگرێت بیدات بەکەسێکی تر بەڕێز کاک د. ڕزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی شەهید ئەو کەسە شەریفەیە کە خۆی قوربان کری کەزارۆکەکەی ئەمانەتە لەسەر ئێمە تەنها تێبینی من ئەوەیە کە سوپاسی برادەران بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەسەور ناکەم هیچ ئەندامێکی پەرلەمان زیاتر دیفاع لەشەهید بکات لە ئەندامێکی تر تەسەورەکەم هەموو ئەندامەکان بە قەدەر یەک دیفاع لە شەهید دەکەن.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم ئیشارەت بەوە بدەم کە ژمارەی ئەو پارێزەرانە(١٧)کەسن هەتاوەکو ئێستا لە(١٧)زیادتر نین، لەسەر یاسایی کەون تەقاعود بووینە ڕەواتبەکانیان بەینی(٨٠)دینارە هەتا(١٢٠)دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاکە ڕەش هەمووی بخوێنەرەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة ـ تعدل المادة (٢١)من القانون و يحل محلها مايلي:

إستثناءً من أحكام المواد السابقة تمنح الهيئة:

١ـ عوائل المحامين الذين إستشهدوا من جراء الحركة التحررية الكوردية راتباًتقاعدياً لايقل عن(٥٠٠)خمسمائة دينار شهرياً.

٢ـ عوائل المحامين المتوفين بعد تاريخ ٢٣/١٠/١٩٩١(سحب السلطة للدوائر المركزية)و لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم(١٨)لسنة١٩٩٩ راتباً تقاعدياً لايقل عن (٢٥٠)مائتين و خمسين ديناراً شهرياً.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

بەڕێز کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی عبد العزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە شۆڕشەکانی کورد پێش ئێستا بوون هەر بەو ناوەوە ناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بوو.ڕاست بووە، ڕاستە خەڵکی ئێرە کوردیشی تیا بووە بەڵام بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی نەبووە خەڵکی کوردستانیشی تیا بووە غەیرە کورد وئەمە

لەماوەی پێشوودایە بۆ ئێمە نییە ئەو ناوە بگۆڕین، لەبەر ئەوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێموایە وەکو چۆن لەمادده کەدا هاتووە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی چونکە شامل بوو کاتی خۆی هەرکەسێ بەشداری کردبێ جا غەیرە کوردیش بەشداری کردبێت مانای وایە بەشداری کردووە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بۆیە ئەوەیان بەو شێوەیە هاتووە ئەگەر وابمێنێتەوە هیچ ئیشکالێکی تێدا نابێت وە هیچ ئیشکالێک دروست ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانی لەگشت ئەدەبیاتماندا هەیە ئینجاش ئەگەر بگرین یەعنی ئەوساتێک لە قەومیاتی تریش بەعەرەبیشەوە بەشداری کردووە و، شۆڕشی بەس کورد نییە شۆڕشی کوردستانە شتەکە با کەمێک شمولی بێت، هەردەم ئینسان لەمەسائیلی نەقابی لەمەسائیلی تەقاعودی با شمولی تر بێت لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدام کە موستەڵەحی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانییە ئێمە لەگشت موستەڵەحاتماندا بەکاری دێنین ئەوە مانای ئەوە نییە یەعنی شتەکە بگۆڕین ئەمە نەقابەی مامۆستایان نییە تا ناوەکەی بگۆڕین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەقابەی مامۆستایان ناوی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە)فەرموو کاک جەلال خۆشناو.

**بەڕێز جەلال سلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شۆڕشی کورد، کورد قیادەی کردووە، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، کورد قیادەی کردووە، غەیری کورد قیادەی نەکردووە و، هەر بەناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش بووە، هەر بەناوی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ناسراوەو، ئەو یاسایەش کە دەردەچێت و تەعدیلە هەر بۆ شەهیدانی ڕزگاریخوازی کوردیە هی پێش ڕاپەڕین ئێستا موحتەمەلە کەوەزع گۆڕابێت و ناو بگۆڕێت ئەوە جائیزە بەس پێشتر هەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بووەو هەر بە بزوتنەوەی

ڕزگاریخوازی کوردی ناسراوەو هەر کوردیش قیادەی ئەو شۆڕشەی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیزافەتەن بۆ قسەکانی برای بەڕێزم کاک جەلال خۆشناو، دائیمەن میللەت، گەل شۆرش هەڵدەگیرسێنێ، لەبەر ئەوەش ناوی حەرەکەی تەحرورییە، چونکە گەل دروستی دەکات، راستە بۆ رزگار کردنی ئەو خاکەیە، بەڵام کێ پێی هەڵدەستێت؟ گەل، دائیمەن دەڵێن شۆرشی فلان گەلی، حەرەکەی تەحروری کوردیش، کورد خۆی دروستی کردووە، میللەتی کورد پێی راڤیە و سەرۆکایەتی کردووە، راستە برا دژداریەتی کرن، بەڵام برای عەرەب وەختێ بەشداری کری یێ بەخۆ رەڤی مەسەلەن ژ نیزامێ مەسەلەن ژ نیزامە یێ رەڤی نەش بەربا بۆ رزگار کرنا کوردستانێ هاتە، زروفەکی وەلێ کرن مەجبور بی بەغدایی بێتن، ئان عیمارەو ناسریە بێتن بەشداری بکەت، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بداتن هەردوو قانونێ مە نیقابەت موحامین و سندوق تەقاعوود موحامین، هەردوو ناوی هاتیە، حەرەکەت تەحروریەی کوردیە، ژ بەر هەندێ چاک دبینم وەکی خۆی کە چاوە هاتە، چاش ئەنجومەنی وەزیران ژی هاتیە، هەر بەناڤێ بەشداری کرنا(الحركة التحررية الكوردية)و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک رجب شعبان، بەڵام ئەگەر رەئیەکی تر هەبێت نەک هەر هەمان رەئی برادەرانی پێش خۆت بیڵێیتەوە، فەرموو کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەتەسەوری من ئەم گەلێ خۆ نەکەینە ئەسیرێت شیعاراتا ئەو شتانە، فەرقا کوردو کوردستانێ چیە؟ مادام کوردستان هەر شملی کوردا ژی دەکەتن، کوردستانیش هەر خاکی مەیە و خەلکێ ناڤ کوردستانێ تێدا دژیتن هەر خەلکێ مەیە، بێژم چ فەرقەکا یەعنی نەیەخینە ناڤ بەینا کوردستانیا کوردا، هیچ فەرقەکی تێدا نییە، ئەم گەلەک وەکی هێندە ئەقوامی دی ترا دیشوڤینی، یەعنی ئەم کو هەندەک دیشوڤینیەتا ئەویا کوردا حیساب کەین زێدەدە تریش ژ خەلکێکی دی دەڵێم هەمی برای یەکین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـركـيس اغـا جـان مـامـەندۆ:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

بەرەئی من برادەران پێویستە هەموو جارێ ئەوەیان لەبەر چاو بێت، لەو كاتەی كە پارتی دیموكراتی كورد بویتە پارتی دیموكراتی كوردستان، یەعنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی كورد بووەتە بزوتنەوەی رزگاری خوازی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

كێی تر دەیەوێ لەسەر ئەو بابەتە قسە بكات، فەرموو مامۆستا شێخ موحسن.

**بەڕێز محسن خـالد مـصطفی مـفـتی:**

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن.**

من تەنها ئەوەندە ئیزافە دەكەم، هەر كاتێكی كە ناوی كوردستان ئەبرێت، ئێمە هیچ كاتێک بە خەیاڵماندا نە هاتووە لەم پەرلەمانە باسی ئەوە نەكراوە بگۆڕێ بە كورد، هەر كاتێ باس كراوە، بەڵام ئەگەر باسی كوردیش كرا كەرەتێک بووە و موستەلەحێكی تایبەتی كە بەم شێوەی دەقی گرتبێت، حەق نییە وابزانرێت، كە باسی كورد كرا، كوردستانی تیا نییە، با وای لێنەیەت وا بیر نەكەینەوە كە باسی كورد كرا لە ناو پەرلەماندا وەک شتێكی ترسناكە نابێ باسی بكرێت، هەموو جارێ باسی كوردستان كراوە دەكرێت، بەڵام با وای لێنەیەت كە وشەی كوردیش نابێت باس بكرێت، یەعنی شتێكی زۆر ئاساییە، لەگەڵ حەرەكەی وەتەنیەتی كوردیدا كە بووە خزمەتی هەمووكوردستانی كردووە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سـەرۆكی ئـەنجـومـەن:**

من وەكو ئەندامێكی پارتی دیموكراتی كوردستان قسە بكەم، پارتی دیموكراتی كوردستان رۆژێک لە رۆژان فەرقی نەكردوە لەبەینی كورد و كوردستاندا، كوردستان وڵاتی كوردە و، ناوی كوردستانی بە پیرۆز تر زانیوە، بۆیە لە كوردەوە كردیویەتی بە كوردستان، دیموكراتی تریشی زانیوە و شامیل تریشی زانیوە، با وامان لێنەیەت لە پەرلەمانی كوردستان، كە كوردستان بووترێت بە مانایەكی لێک بدەینەوە و، وتیان كوردیش بە واتایەكی تری لێک بدەینەوە، بەرەئی من ئەمە خۆ چەواشە كردنە، كە كورد دێت لە شوێنی خۆیدا تەبیعی كورد دێت، كە كوردستانیش دێت لە شوێنی خۆیدا تەبیعی كوردستان دێت، من پێشنیار دەكەم، چونكە كاک جەلال قسەیەكی راستی كرد، رابەری بزوتنەوەی ئازدیخوازی كورد قانونی ژمارە دوو بەم شێوەیە هاتووە، ئەو حەرەكەتە ناوی رەسمی بەو شێوەیەیە، بەڵام كوردستان شامل ترە، كوردستان تەمسیلی هەموو گەلانی كوردستان دەكات و، بزوتنەوەش ئەگەر بزوتنەوەی كوردستان بێت هیچ كەمایەتیەكی تێدا نییە، بە پێچەوانەوە گەورە تر و فراوانترە، من وەكو ئەندامێكی پارتی لێرە قسە دەكەم، دەمەوێت ئەم قسانە تۆمار نەكرێت وەكو سەرۆكی ئەنجومەن ، پارتی كە ناوی خۆی گۆڕی لە بەلاش ناوی خۆی

نەگۆڕی و، ئەوی ناویشی گۆڕی جەنابی بارزانی نەمر بوو، کە پارتی ئەم پارتە دەبێت جێگا بکاتەوە بۆ هەموو ئەو گەلانەی لە کوردستاندا دەژین و، جەوهەری دیموکراتیەتی پارتی ئەوەیە و، جەوهەری دیموکراتیەتی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردیش ئەوەیە، ئەو گیانە دیموکراتیەیی خۆی ئەوفراوانیەی خۆی لەدەست دا، یەعنی ئەبێت بە شتەکی موغەلەق ئەبێت بەشتێکی قەومی موتەعەریف، ئیمڕۆ هەر شتێکی قەومی موتەعەریف لە دنیا ئەگاتە چی؟ ببورن، شتەکەش بۆ پەرلەمان ئەمێنێتەوە کە چۆن دەنگی لەسەر دەدات؟ بەڵام وەکو گوتم ئەو راو بۆچوونەی کاک جەلال خۆشناو لەناحیەی یاساییەوە ناوی رەسمی بە پێی ئەو یاسایانەی کە هەمانە بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردییە، مامۆستا مەلا محمود دێرشەوی، فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــود فندی دیرشـــەوی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خۆی ناڤێ ولات چییە؟ کوردستان، ولاتێ کوردانە، مانای ئەوە نییە حەقی کەسێکی دیکە نییە تێیدا بژی، چ بێت مێڤانی تێدا بژیت، چ بێت ولاتیێ دی تێدا بژی، ئەوێ تێدا بژی ژێت دیفاعێ وی ولاتێ سەر واجبە، مانای ئەوەیە چی نابێت دیفاعێ ژێ نەکرد، بەڵکو فەرزە دیفاعی ژێ بکەیت، بەلام ولات، ولاتێ کوردستان، ژجهێ کوردانە، بۆچی کەلیمە کورد حەساسیەت دروست دەکات، وەللاهی نەحەقە، پاش وەکی برادەران ئیشارەتی کری، هەر شۆرشێن کوردی کەڤن بگرە ژ مهاباد و دەرسیم و دیار بەکرو پێڤە هەرە، هەمی براڤا ئازادی خوازا کوردا، براڤا ئازادی خوازا کورد دیفاعی ژ ولاتێ خۆ دکەن و، فەرە هەر کەسی تێدا رین خارجین نە مەعنا وێت بێ بەشە ل خێر و خێراتا وی ولاتێ، چ جارەکی کوردا ئەو داخاز نەکریە، ئەو لە مێشکێ خۆ نەگێڕایە، ئەوێن نە کورد ژ کوردستانێ دەردێێن، بەلام وختێ دێت سەرچاڤان ئەهلەن وەسەهلەن، بەلێ ولات ولاتێ کوردایە، لەگەڵ رێزمدا.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

المادة الرابعة:

تعدل المادة(٢١) من القانون ويحل محلها ما يلي:

إستثناءاً من أحكام المواد السابقة تمنح الهيئة:

١- عوائل المحامين الذين استشهدوا من جراء الحركة التحررية الكردية راتباً لا يقل عن(٥٠٠) خمسمائة دينار شهرياً.

٢- عوائل المحامين المتوفين بعد خروج السلطة المركزية عن إدارة كوردستان

في٢٣/١٠/١٩٩١ لغاية صدور قانون صندوق تقاعد المحامين رقم(١٨) لسنة١٩٩٩ راتباً تقاعدياً لا يقل عن(٢٥٠) مائتين وخمسين دينارا شهرياً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار پەسەند دەکەن، بەو شێوەیەی خوێنرایەوە دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

تلغى المادة(٢٤) من القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە، شەرحێکی بکەن.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی (٢٤) لەزیمنی ئەحکامی خیتامی بەم شێوەیە هاتووە، کەوا (يستمر العمل برسوم تسجيل وبدلات الإشتراك والغرامات كبدل التأمين الصحي ومنها من رسوم معول بها لحين إجراء مجلس النقابة)، تەبعەن ئێستا لە قانون رسوماتەکان تەحدید کراون لە نەقابەی پارێزەرانیش تەحدید کراوە لە قانون سندوقیش تەحدید کراوە، لەبەر ئەوە پێویست نەماوە هەتا بڵێین (تستمر) وەکو ئەوانەی پێشتر بەگوێرەی یاساکانی نیقابەی موحامینی بەغدا بوو، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەبێت لە یاساکە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە،تێبینی نییە، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدان، بیخوێنەوە جارێکی تر تکایە.

**بەڕێز محمد سعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

تلغى المادة(٢٤) من القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرز

کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کەپەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس،ماددەی پێنج بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەش تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

لوزرة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کاک ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە ئەگەر یەکێک بۆ نمونە شەهیدانە وەربگرێت لە دەزگای شەهیدی، یەعنی نەبێتە مانیعی ئەوەی کە لێ وەربگیرێت، هیچ تەتەروق لەوە نەکرایە، یەعنی ئەگەر ئەمە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە تەعاروزێک دروست دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو ماددەیە (لا یلغی)ی تێدا نییە.

**بەڕێز د.إدريس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، ماددەی (٢٥) لێرە ئیلغا نەکرایە، جا ئەگەر تێیدا نەبێت باشترە، چونکە من مەبەستم ئەوەیە یەکێک لەوێ شەهیدانەی هەبێت و سبەی پێ بڵێین تۆ لێرە و لەوێش شەهیدانەت هەیە، ئەگەر وا بێت باشترە هیچ جۆرە گیروگرفتێکمان بۆ دروست ناکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لایەنە ئیجابیەکەی ئەوەیە کە ڕەبتی وزارەت نەبێت، وزارەت ناتوانێت دوو مووچەی تەقاعوودی بدات بە یەک کەس، بەڵام خۆی سندوقێکی سەربەخۆیە خۆی پارە کۆ ئەکاتەوە، دەیدات بە خانەنشین، ئەگەر لە شوێنێکی تر تەقاعوودی هەبێت، چونکە خزمەتی کردووە تەقاعوودی خۆی وەردەگرێت، هیچ تێبینی تر نییە لەسەر ماددەی شەش، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

لوزرة المالية والاقتصاد إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەش پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس،ماددەی شەش بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوت تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

على الوزارات المختصة تنفيذ هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوت پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس،ماددەی حەوت بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشت تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

ينفذ هذا القانون إعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی هەشت پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس،ماددەی هەشت بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا. تکایە ئەسباب موجیبە بخوێنەوە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة للتعديل الاول لقانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق رقم(١٨) لسنة ١٩٩٩

حيث ان نصوص قانون صندوق تقاعد المحامين لاقليم كوردستان العراق رقم(١٨) لسنة١٩٩٩

والذي اعتبر نافذا إعتبارا من تأريخ نشره في جريدة(پرلمان) بالعدد(٥٧) في ٢١/١٢/١٩٩٩ قد جاء خالياً من بعض النصوص التي ظهرت خلال فترة تطبيقه وتنفيذه مما استوجب اعادة النظر فيها لاسيما عدم بقاء مبرر لبقاء بعض النصوص التي كانت تخص فتره انتقالية لصندوق تقاعد المحامين وبغية رفع المستوى المعاشي والاجتماعي والصحي وتحقيق الضمانات التقاعدية للمحامين حال حياتهم ولعوائلهم بعد وفاتهم وتكريما للمحامين الذين ضحوا بدمائهم و استشهادهم في سبيل الحركة التحررية الكوردية و لزيادة تعزيز صندوق تقاعد المحامين وتفعيل دوره والحاقه بوزارة المالية والاقتصاد للأقليم لتتولى هي مهمة تمويلها ولأجل ان تكون لوزارة العدل دور في تنظيم هيئة الصندوق باناطة مهمة رئاسة الهيئة الى حكام من الصنف الأول و ترشحهم وزارة العدل فقد اقتضى تشريع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەسباب موجەبە، كاك ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من یەک تێبینم لەسەر(لاسیما) هەیە، چونكە ئەو دەڵێت( خالياً من نصوص وكذلك عدم بقاء مبرر) چونكە هەندێ ماددەش ئیلغا كرانەوە، لەباتی وشەی (لاسیما) بیكەینە (كذلك)، چونكە یەكتر ناگرێتەوە ئەو دوو وشەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمەش دوو تێبینیمان هەیە، ئەگەر زەحمەت نەبێت، (نصوص) بكرێت بە (احكام)، دێری سێیەم و چوارەم (بعض أحكام)، دێری حەوتەمیش (الذین ضحوا بدمائهم واستشهدوا في سبیل الحركة التحررية الكوردية)، ئیلحاقەكەتان لابردووە، زۆر سوپاس، بەڕێزان هەموو یاساكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە هەموو یاساكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە هەموو یاساكە پەسەند ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، هەموو یاساكە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، سوپاسی هەموو لایەكتان دەكەم، لێرەدا كۆتایی دێت بە دانیشتنی ئەمڕۆمان، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)**

**دووشەممە ڕێکەوتی ٢٩/٤/٢٠٠٢**

**خولی یەکەم**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره ۱۲

## دووشەممە ڕێکەوتی ۲۹/٤/۲۰۰۲

***کاتژمێر (۱۰)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲۹/٤/۲۰۰۲ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (۱۲)ی خولی یەکەمی، ساڵی (۲۰۰۲)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***
***بەپێی حوکمەکانی برگە(۱)ی ماددە(۲۰) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (۱)ی هەموارکراوی ساڵی (۱۹۹۲)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (۱۲)ی خۆی لە کاتژمێر (۱۰)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ۲۹/٤/۲۰۰۲ دا بەم شێوەیە بێت:***

۱ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە وەزیری ئەوقاف.
۲ ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری ماف و ئەرکی سەرشانی ئەوانەی بە تەبەڕوع مزگەوت یان تەکیە دروست دەکەن.
۳ ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای سەندیکای پارێزەران.
٤ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخ و گۆڕانکارییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان کە تا چ ڕادەیەکیش کار لە ئایندەی کوردستان و عێراقیش دەکەن.

***بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:***
بسم الله الرحمن الرحیم.
بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە (۱۲)ی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەین.
بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لە چوار خاڵ پێکهاتووە:
۱ ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری دەسەڵاتدان بە وەزیری ئەوقاف.
۲ ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری ماف و ئەرکی سەرشانی ئەوانەی بە تەبەڕوع مزگەوت یان تەکیە دروست دەکەن.
۳ ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای سەندیکای پارێزەران.
٤ ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخ و گۆڕانکارییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان کە تا

چ رادەیەکیش کار لە ئایندەی کوردستان و عێراقیش دەکەن.
بۆ مەبەستی دەست بەکار بوون، تکا لە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی دەکەم بێتە سەر سەکۆیەکە، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری تکایە بفەرمووێ بۆ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری دەسەلاتدان بە وەزیری ئەوقاف پێشکەش بکات.

**بەڕێز شــــــیـــــــروان نــاصــح حــــــیـــــــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان دەقی پرۆژەکەتان بۆ دەخوێنمەوە:
رئاسة مجلس الوزراء
قرار
استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ما عرضه وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ مايلي:
١ - يراقب وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية الاوقاف الملحقة ويحاسب متوليها ويستوفي نسبة ٢٠٪ من مجموع وارداتها مقابل ذلك ويقيم الدعوى لمنع تحويل الوقف الى ملك تجاوزا.
٢ - لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.
٣ - على وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية تنفيذ هذا القرار.
٤ - ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی دارایی دەکەین.
خالی دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی بڕیاری ماف و ئەرکی سەرشانی ئەوانەی بە تەبەرووع مزگەوت یان تەکیە دروست دەکەن، تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز شــــــیـــــــروان نــاصــح حــــــیـــــــدری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
رئاسة مجلس الوزراء
قرار
استنادا الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ وبناءا على ما عرضه وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ مايلي:
١ - لا يعين متوليا من قام ببناء جامع او مسجد او تكية اذا كانت الارض التي تم البناء عليها تعود الى حكومة الاقليم وانما يعين مشرفا تحدد حقوقه و واجباته بتعليمات يصدرها وزير

الاوقاف والشؤون الاسلامية.
٢ ـ لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.
٣ ـ على وزير الاوقاف والشؤون الاسلامية تنفيذ احكام هذا القرار.
٤ ـ ينفذ هذا القرار من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی دارایی دەکەین.
خاڵی سێیەم: خوێندنەوەی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای سەندیکای پارێزەران.
بەڕێز شیروان ناصح حیدری:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.
رئاسة مجلس الوزراء
قرار
استناداً الى أحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءا على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠١ اصدار القانون الاتي:
قانون التعديل الاول لقانون المحاماة لاقليم كوردستان
رقم (١٧) لسنة ١٩٩٩
المادة الاولى:
تعدل الفقرتان اولا و ثانيا من المادة الثالثة عشرة من القانون وتقرأ كالاتي:
اولا/ لا يسجل المحامي في الجدول اذا لم يدفع بدل الاشتراك والرسوم المقررة خلال شهر كانون الثاني من كل سنة ويعاد تسجيله مجددا في حالة دفعه لها مع اضافة (٥٠٪) خمسين بالمائة من البدل المستحق بعد مضي المدة المذكورة.
ثانيا/ اذا تخلف المحامي بدون عذر مشروع عن دفع بدل الاشتراك والرسوم المقررة لسنتين متتاليتين يعتبر اسمه مستبعدا من السجل ولا تعد هذه المدة مقضية في المحاماة ولا تحتسب لغرض القدم فيها وفي حالة رغبته في العودة للمحاماة عليه ان يقدم طلبا لاعادة تسجيله مجددا مع مراعاة الشروط الواردة في المواد (٤،٦،٧) من هذا القانون.
المادة الثانية:
تعدل الفقرة اولاً من المادة الرابعة عشرة من القانون وتقرأ كالاتي:
اولا/ لا يجوز لمن استبعد اسمه من السجل ان يمارس أي عمل من اعمال المحاماة الا بعد اعادة تسجيله مجددا.
المادة الثالثة:
تلغى المادة الخامسة عشرة من القانون ويحل محلها مايلي:

اولا/ يكون رسم التسجيل في الجدول كالاتي:
١ ـ (٤٥٠) اربعمائة وخمسون دينارا لمن تجاوز عمره الاربعين سنة ومضى على حصوله على شهادة البكالوريوس في القانون أو ما يعادلها اكثر من ثلاث سنوات.
٢ ـ (٢٥٠) مائتان وخمسون دينارا لمن سبق ان مارس القضاء أو تدريس العلوم القانونية أو شغل وظيفة رئيس الادعاء العام أو المدعي العام أو مستشار قانوني في دوائر الاقليم مدة لا تقل عن ثلاث سنوات مستمرة ولمن سبق وان شغل وظيفة نائب المدعي العام مدة لاتقل عن خمس سنوات مستمرة.
٣ ـ (٢٠٠) مائتا دينار لمن لم يتجاوز الاربعين من العمر ولم تمض على نيله شهادة بكالوريوس في القانون أو ما يعادلها مدة ثلاث سنوات و كذلك لمن له ممارسة في المحاماة مدة لا تزيد على ثلاث سنوات.
٤ ـ (٥٠٠)خمسمائة دينار لمن سبق استبعاد اسمه حكما من الجدول.
ثانيا/ يكون رسم توسيع الصلاحية (رسم التدرج) كالاتي:
١ ـ (١٠٠) مائة دينار من متمرن الى ممارس.
٢ ـ (٢٠٠) مائتا دينار من ممارس الى مستشار.
ثالثا/ يكون بدل الاشتراك السنوي كالاتي:
١ ـ (٥٠) خمسون ديناراً للمحامي المتمرن.
٢ ـ (١٠٠) مائة دينار للمحامي الممارس.
٣ ـ (١٥٠) مائة وخمسون دينار للمحامي المستشار.
رابعا/ يكون رسم التأمين الصحي (١٠) عشرة دنانير سنويا.
المادة الرابعة:
اولا/ يضاف النص الاتي الى الفقرة (ثالثا) من المادة (١٦) من القانون ويصبح تسلسله (٥):
٥ ـ التعاقد بصفة مشاور قانوني لدائرة رسمية أو شبه رسمية واحدة أو مصرف واحد على ان يقتصر عمله ابداء المشورة القانونية دون ان يكون له الحق في التوكل عن تلك الجهة في الدعاوي التي تقام من قبلها أو عليها.
ثانيا/ تضاف الفقرة التالية الى المادة (١٦) من القانون وتكون الفقرة (رابعا):
رابعا/ تحتسب مدة الخدمة في المحاكم والادعاء العام أو مديرية الحقوق في احدى دوائر الاقليم أو التدريس في كلية القانون التالية لنيل شهادة بكالوريوس في القانون أو ما يعادلها لاغراض التدرج المنصوص عليه في الفقرة من هذه المادة.
المادة الخامسة:
تلغى المادة (١٩) من القانون ويحل محلها مايأتي:
اولا/ لا يجوز لغير المحامي المسجل في الجدول إبداء المشورة القانونية أو التوكل عن الغير

للادعاء بالحقوق والدفاع عنها امام المحاكم والجهات التحقيقية أو الفصل في المنازعات بأستثناء مايلي:
١ - للمتقاضين في الدعاوى المتعلقة بالاصلاح الزراعي والتسوية والاحوال الشخصية والاحوال المدنية ان يوكلوا عنهم فيها ازواجهم واصهارهم واقاربهم حتى الدرجة الرابعة ولمن ينوب عن غيره حسب ولاية أو وصاية أو قيمومة أو تولية هذا الحق أيضاً.
٢ - للوزير المختص أو رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة ان ينيبا احد الموظفين الحاصلين على شهادة بكالوريوس في القانون أو ما يعادلها بوكالة مصدقة منهما في الدعاوي التي لا تزيد قيمتها عن (١٠٠) مائة الف دينار.
ثانيا/ تؤلف لجنة لتوزيع الدعاوي الحكومية من ثلاثة اعضاء أحدهم يمثل وزارة المالية والاقتصاد وتنتدبه من بين موظفيها الحاصلين على شهادة بكالوريوس في القانون والثاني يمثل نقابة المحامين التي تنتدبه من بين المحامين المستشارين اما العضو الثالث فتنتدبه الدائرة التي تروم التوكيل عنها في كل دعوى على حدة.
ثالثا/ توزع الدعاوي التي تروم الدوائر الرسمية أو شبه الرسمية توكيل محام فيها للدفاع عن حقوقها من قبل اللجنة المذكورة حصرا.
المادة السادسة:
تلغى المادة (٢٠) من القانون ويحل محلها ماياتي:
اولا/ للمحامي ان يسلك الطريقة المشروعة التي يراها مناسبة في الدفاع عن موكله ولايكون مسؤولا عما يورده في عريضة الدعوى أو مرافعاته الشفهية والتحريرية مما يستلزمه حق الدفاع.
ثانيا/ يجب ان ينال المحامي من المحاكم والجهات التحقيقية ودوائر الاقليم والمراجع الاخرى الاحترام والاهتمام اللائقين بمركز المحامي وعليها تقديم التسهيلات اللازمة والاصولية التي يتطلبها اداء مهامه ولايجوز اهمال طلباته التحريرية وعلى الجهات المذكورة اعلاه عدا المحاكم و الجهات القضائية البت في طلبات المحامي التحريرية خلال اسبوع واحد من تاريخ تسجيل الطلب لديها وفي حالة عدم البت فيها خلال المدة المذكورة على المحامي اخبار النقابة بذلك.
ثالثا/ على المحاكم والجهات التحقيقية ان تأذن للمحامي بمطالعة إضبارة الدعوى أو الاوراق التحقيقية والاطلاع على كل ماله صلة بالقضية التي يراجع من اجلها قبل التوكل فيها كما وعليها ان تقبل حضوره في التحقيق الابتدائي أو أي جزء اخر يقرره القانون.
رابعا\\/ لا يجوز حجز وبيع كتب المحامي وموجودات مكتبه.
المادة السابعة:
تعدل الفقرة (رابعا) من المادة (٢٥) من القانون وتقرأ كالاتي:
رابعا - على الجهات المذكورة في الفقرة اولا اعلاه استقطاع نسبة (١٠٪) من بدل المشورة

القانونية للمحامي وارسال المبلغ الى النقابة لقيده ايرادا لها على ان لاتقل عن (٢٥٠) مائتين وخمسين دينارا سنويا.

المادة الثامنة:

تلغى المادة (٣٥) من القانون ويحل محلها مايلي:

اولا/ تحكم المحكمة ولو بغير طلب على من خسر الدعوى كلا أو جزء باتعاب محاماة عما خسره لخصمه الذي احضر عنه محام ويعتبر من ابطلت الدعوى بناء على طلبه بحكم من خسرها فيما يتعلق باتعاب المحاماة فقط.

ثانيا/ تحكم المحكمة ببدل اتعاب المحاماة على الوجه الاتي:

١ ـ بنسبة (١٠٪) من قيمة المحكوم به على ان لا يزيد على (٥٠٠٠)خمسة الاف دينار.

٢ ـ بنسبة (٥٪) من قيمة بدل الاستملاك على ان لا يزيد على (٣٠٠٠) ثلاثة الاف دينار.

٣ ـ بما لا يقل عن (١٠٠) مائة دينار ولايزيد على (٥٠٠) خمسمائة دينار في دعاوى الاحوال الشخصية والدعاوى غير محددة القيمة وفي الدعاوى الجزائية التي يتم البت فيها بالحق المدني.

ثالثا/ تحكم المحكمة لوكلاء دوائر الاقليم من الموظفين الذين تتم انابتهم في المرافعة وفق الفقرة (اولا ـ ١) من المادة (١٩) من هذا القانون باتعاب تعادل اتعاب المحاماة التي تحكم بها في حالة كسب الدعوى والمنصوص عليها في الفقرة ثانيا أعلاه وتوزع كامل الاتعاب المحكوم بها على الوجه الاتي:

١ ـ (٦٠٪) للموظف الذي ترافع في الدعوى.

٢ ـ (٤٠٪) للعاملين في الدوائر القانونية أو القسم القانوني الحاصلين على شهادة البكالوريوس في القانون أو ما يعادلها.

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (اولا) من المادة (٣٩) من هذا القانون وتقرأ كالاتي:

اولا ـ للمحامي ان يتفق مع موكله بعقد تحريري يصدق عليه النقابة لقاء دفع رسم مقطوع قدره (٢٥) خمسة وعشرون ديناراً.

المادة العاشرة:

تعدل الفقرة (أولاً) من المادة (٤٨) من هذا القانون وتقرأ كالاتي:

اولا ـ تجتمع الهيئة العامة مرة واحد كل ثلاث سنوات اعتبارا من تاريخ الانتخابات.

المادة الحادية عشرة:

تلغى المادة (٧٩) من القانون ويحل محلها مايأتي:

اولا/ يصدر وزير المالية والاقتصاد تعليمات لتحديد اتعاب المحاماة في الدعاوى التي تكون احد دوائر الاقليم طرفا فيها حسب قيمة الدعوى والجهد المبذول فيها وبما لا يتجاوز الحدود

المنصوص عليها في هذا القانون.
ثانيا/ لمجلس النقابة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.
المادة الثانية عشرة:
على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.
المادة الثالثة عشرة:
ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی دارایی دەكەین، زۆر سوپاسی كاك شێروان دەكەین.
بەڕێزان پێش ئەوەی دەست بەكار بین بۆ خاڵی چوارەم كە ئەویش:
خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنەلەسەر بارودۆخ و گۆڕانكارییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەكان كە تا چ رادەیەكیش كار لە ئایندەی كوردستان و عێراقیش دەكەن، پێش ئەوەی دەست بەو خاڵە بكەین پشوویەكی كورت دەدەین بۆ ماوەی نیو سەعات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان بەردەوامین لەسەر كاروباری دانیشتنەكەی ئەمڕۆمان، خاڵی چوارەممان:
خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنە لەسەر بارودۆخ و گۆڕانكارییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەكان كە تا چ رادەیەكیش كار لە ئایندەی كوردستان و عێراقیش دەكەن.
تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە لەم بابەتەوە دەیانەوێ بدوێن دەستیان بەرز بكەنەوە، ناوەكان دەخوێنمەوە، ئەوەی ناوی نەنووسراوە دەستی بەرز بكاتەوە.
ناوەكان ئەم بەڕێزانەن:

١ ـ د. ناصح غفور رمضان.
٢ ـ عبدالخالق محمد رشيد زەنگەنە.
٣ ـ ابراهيم سعيد محمد.
٤ ـ شێخ جعفر علی عبدالعزيز.
٥ ـ د. قاسم محمد قاسم (د. رزگار).
٦ ـ شێخ يحيى محمد عبدالكريم.
٧ ـ سرتيب محمد حسين (سيروان كاكەيی).
٨ ـ حمە علی توفيق ميرزا فتاح.
٩ ـ فاتح محمد امين.
١٠ ـ حميد سليم ميران.
١١ ـ د. ادريس هادی صالح.

١٢ ـ رجب شعبان طيب.
١٣ ـ انور شوكر محمد.
١٤ ـ فوزيه عزالدين رشيد.
١٥ ـ شفيقه فقێ عبدالله.
١٦ ـ فاضل رؤوف.
١٧ ـ سفر محمد حسين.

کەسی تر هەیە بیەوێ قسە بکات؟ حەڤدە ناومان نووسیوە، لە دوایێ کەس نەڵێ قسەم نەکردووە، وەکو ئیحتیات ناوی تۆ دەنووسم، بەڕێز فوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەنیسبەت گۆڕانکاریەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و دەوروبەرو سیاسەتی نێو دەوڵەتی، وەکو ئێمە دەیخوێنینەوە و دەیبیستین لە ئاژانسەکان، دیارە گۆڕانکاری بەڕێوەیە و، ئەو گۆڕانکاریانەش وا چاوەڕوان دەکرێن کە عێراق لێ بدرێتەوە، بەتایبەتی کوردستانی عێراق، ئەوەی ئێمە دەیبیستین سەفەری بەڕێز کاک مەسعود بارزانی وا چاوەڕوان دەکەین یان وا تێدەگەین کە رەنگ رێژی تازەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و سیاسەتی حکومڕانی ئایندەی عێراق تیادا بەشدار بێت و، کوردیش وەکو هەموو نەتەوەیەکی تر حیسابی بۆ بکرێت و، چاوەڕوانی باشتر دەکرێت، پێمان باشە کە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لەم سیاسەتە تازەیە تەسبیتی سنووری کوردستان بکرێت و، عێراقێکی فیدراڵی و واش باشە کە سێ مەنتیقەی فیدراڵی بێت، هەرێمی کوردستان، باشووری عێراق و ناوەندی عێراق، هەروەکو چۆن لەسەر دەمی کۆن سیاسەتی عوسمانی ئەم وڵاتەی بە سێ ویلایەت حیساب کرد بوو، واش باشە کە ئێستاش وا بێت بۆ ئەوەی مەترسی لەسەر ناوخۆ و لەسەر دەرو دراوسێیەکانی نەبێت، ئێمە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە کوردیش ئایندەیەکی گەشی هەبێت لەم سیاسەتە تازەیە، ئەم سەفەرەی کاک مەسعودیش نیشانەی ئەوەیە، شتێکی تریش بیرم چوو، ئەویش ئەوەیە تەسبیتی سنوور مەبەستم ئەوەیە کە سنووری کەرکوکیش دیاری بکرێت، چونکە کەرکوک کێشەی سەرەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردە، دەبێت حیسابی بۆ بکرێت پێش وەختە، نەوەکو دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر محەمەد حسێن فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

موتەوەقیع بووین کە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان تۆزێک سەرە نوقات بدات ئان ئیشارەتەک

بدات، پاشان ئێمە قسان بکەین، ئێمە وا موتەوەقع بووین، بەڕاستی کە ئێمە سەیری ئەحداس دەکەین تەتەوراتی دەولی و ئیقلیمی، بەتایبەتی پاش (١١)ی ئەیلوول کە ئەو حادیسەی تیرۆری لە ئەمریکا روویدا، وابزانم سەرەتایەک بوو بۆ قۆناغێکی تازە لە جیهان کە دێتە پێش و، خاسەتەن دژی تیرۆر و تیرۆرستان، بەتایبەتی لە دەڤەرا شەرق ئەوسەت، هەروەها لە عێراق و لە کوردستان، تەوەقوعمان ئەوەیە بەڕاستی لە ئەنجامی ئەو ئەحداسانە ئیجابی بێت لەسەر وەزعی عێراق و لەسەر وەزعی کوردستان، کە وەزعی ئێمە باشتر دەبێت، چونکە ئەوە بە دەیان ساڵە میللەتی کورد زەحییەی تیرۆرە، تیرۆرێکی مونەزمی هی دەوڵەت لە دەڤەرەکە، چونکە چ لە کوردستانی عێراق بێت چ لە شەرقی ئەوسەت بێت، هێڤیدارین کە وەزعی کورد زۆر باشتر ببێت، ئاشتی سەر بگرێت، زیارەتی جەنابی سەرۆک بۆ ئەوروپا و ئەمریکا ئینشاءالله زۆر سەرکەوتوو دەبێت یان ئیجابی بێت لەسەر وەزعی هەرێم، هەروەها زۆر بەحس و گفتوگۆ هەیە لەسەر ئایندەی عێراق، لەسەر موعارەزەی عێراقی کە رێکوپێک ببێت، کە بەدیلێکی دیموکراتی لە عێراق دەبەزرێت، هەروەها تەوەقعمان دەکرد بەڕاستی شتی باش چێ ببێت لە شەرقی ئەوسەت، مومکینە قەزیەی فەلەستین تەواو ببێت یان ئەوجهی ئیجابی ئینشاء الله لەسەر قەزیەی کورد بگەڕێت و، ئینتیزاری شتی زۆر باشتر دەکەین، وەکو فیدراڵی تەئمین ببێت بۆ کورد، وەکو حیمایەت بەردەوام ببێت، وەکو نیسبەی بڕیاری نەفت بۆ کورد مەزمون ببێت لە ئەوساڵی تازە، لەو مانگەی کە دێت بۆ داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک حاکم سەفەر، بەڕێز کاک فاضل رەئوف فەرموو.

**بەڕێز فاضل رؤوف:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕاستی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئێستا هەنە و هەمووو دەزانین، چ بە رۆژنامەو تەلەفزیۆن و ئەوانەی کە هەیە دیارن و دەزانین، بەڵام من حەزم کرد لێرە باسێکی ئایندەی گیروگرفتەکان کە لە ئایندەدا و، ئێستاش دێتە بەردەممان، من دەچمە سەر تورکیا، تورکیا کە جار جار گیروگرفتمان بۆ دروست دەکەن، وەکو ئاشکرایە و هەیە، بەتایبەتیش ئێستا کە هەر بەردەوامە، ئەویش تەوجیهاتی هەندێ لایەن وکەسان و ئەو رێکخراوانەی کە هەیانە کەلێرە ئەگیرێت، بەتایبەتی بەرەی تورکمانی کە ئێستا ئەگیرێت رۆژ لە دوای رۆژ ئەبینین کە ئەیانەوێ کۆسپ وتەگەرە دروست دەکەن ودیارە، هەرچەند وا بە ئاشکرا نییە، بەڵام ئەوەی کە ئەیبینین ئەو شوێنانەی کە هەیانە زۆر بە توندی وگرنگی گرتویانە و، تەنانەت تەوجیهاتی تایبەتیان هەیە بۆ ئەو خەڵکانەی خۆیان کە هەوڵ ئەدەن بۆ خەڵک کۆ کردنەوە و دروست کردنی هێزێکی نهێنی وبڵاو کردنەوەی چەک لەناویاندا، ئەمەش ناڵێم ئەبێتە موشکیلەیەکی زۆر گەورە بەڵام هەر کێشەمان بۆ دروست دەکا، هەتا سەیر ئەکەین وەک ئەوەیە دروست کردنی حوکمەتێک لە ناو حوکمەتێکەدا،

دروست كردنی مەسئول وپارێزگاو ئەم شتانە لەناو خۆیاندا كە ئەوان بە نهێنی دایئەنێن، بەڵام ئەمە ئەوە ئەگێنی لەوانەیە شتێكی موشكیلە بێ، نازانم تا چ رادەیەك بیر لەوە كراوە تەوەیان هەڵوێستی حكومەتمان لەو بارەیەوەچی ئەبێ و چییە؟ چونكی ئەمە لە ئایندە كێشەی خراپمان بۆ دروست دەكا، هەر چەندە ئێمە لەوە گەورە ترین، حوكمەت و سیاسەتمان وحزبەكەمان زۆر لەوە گەورە ترە، بەڵام بە ئایندەیەكی خراپی دەبینین لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك فاضل بەڕێز شفیقە فقێ عبدالله.

**بەڕێز شفیقە فقێ عبدالله:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.

من لێرەدا پرسیارێكم هەیە پێش ئەوەی كەباسی بۆ چوونەكانی خۆم بكەم ئایندەی كورد چۆن دێتە بەرچاو چی بۆ دەست نیشان دەكرێت، لەراستیدا ئێمە ئەوەی كە بۆی دەچین و داواكاریمانە دامەزراندنی حكومەتێكی فیدرالی یەكگرتووە بۆ عێراق كە هەموو گەلی عێراق بگرێتەوە بەپێی كەم و زۆری نسبەی ئەو نەتەوانەی كە تێیدا دەژین و، هەروەها هەروەكو جەنابی كاك مسعود بارزانی لەم هۆڵە پیرۆزەدا ئاماژەی بەوە كرد كە ئێمە لەهەموو شتێك ببورین مساوەمە لەسەر مافی نەتەوەی خۆمان ناكەین ئایا لەو مافانە چیمان بۆ بەرجەستە دەكرێت چی دێتە ئەوەی كە ئێمە لەژێر سایەیدا بحەسێینەوە؟ سێهەمیشیان ئایا ئەوانەی كە هەستاون بەپێشێل كردنی هەموو مافێكی مرۆڤ لەناو كوردو بەرامبەر بەكورد هەر لەجینۆسایدو كورد قڕان و ئەنفال و كیمیا باران چیان بەسەر دێت ئایە ئەدرێنە دادگای نێو دەوڵەتی لەسەر ئەوە یەعنی پارێزگاری ئێمە ئەكرێت ئەو تۆڵەیەمان بۆ دەكرێتەوە هەروەكو بۆ كۆسڤۆ نەختێكی هاتە دی و لەبەر چاوە و هەروەها ئایە دەست تێوەردانی هەرێمی بۆ ئێمە ئێستاكە سەیر دەكەین چەند دەست دەخەنە ناو كاروبارمانەوە بەدروست كردنی چەند كێشەو گرفتێك بۆ ئەوەی سەری ئێمە جەنجاڵ بكەن و وابكەن كە زیاتر نەتوانین بەكاروبارەكانی خۆمان هەستین ئایا ئەمانە هەمووی ئێستاكە كە قضیەی كوردی گەیاندۆتە ئەوە ئایا ئەو كەسانە كەهەڵدەستن داوا لە ئێمە دەكەن هەتا سەر ئەو پارێزگاریەمان بۆ دەكەن لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز شەفیقە خان بەڕێز كاك حمە علی تۆفیق.

**بەڕێز حمە علی تۆفیق:**

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن .

بەراستی دەنگ و باسەكان زۆرن لەم ڕۆژانەدا چ لەڕۆژنامەكان و رادیۆ وتەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، دوو باسە باسی یەكەم ئەوەیە كە ئێمە ئەو ئاشتیەی كە هەیە

لەنێوان ئێمەو یەکیەتی نیشتمانی چۆنی بچەسپێنین و، بەتایبەتیش باس لەوە دەکرێت کەلەم دواییی یەدا لەکۆبوونەوەی هەردوو بەڕێزان کاک مەسعود و جلال تالەبانی لەئەلمانیا دیسان ئەو ڕێکەوتنە خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە بەڵام بەراستی پێویستە ئەو ئیتفاقانە وەکو ئەوانی تر نەبێت کە پێشتر لەدەرەوە باسی لێ ئەکراو لەناوەوە بەساردی جێ بەجێ دەبوون .

دووەم ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەئایندەی عێراق روو دەدەن وپێش بینی دەکرێت کە گۆڕانکاری لەعێراق بکرێت پێویستە ئێمە هەر لەئێستاوە بزانین کە مافی گەلەکەمان چی یە لەو گۆڕانکاریانە وبەتایبەتی پێویستە دەستورێکی عێراقی ئامادە بکرێت وپێش وەخت بخرێتە بەردەم ئەو کەسانەی کە خاوەنین یان ئەیانەوێ ئەو گۆڕانکاریانە بکرێت و، مافی گەلی ئێمە لەچوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتی فرە حیزبیا بە ئەنجام بگات و، ئێمەش هەقی خۆمانە لەکوردستان بەمافی فیدراڵی خۆمان بگەین چونکە ئەوە بریارێکە لەپەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوە و، هەروەها مافی کەمە نەتەوایەتیەکان لەژێر دروشمی ئەو دیموکراتیەت و فیدرالیەی کە ئەبێت، زۆر سوپاس .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فەرموو کاک ئەنوەر شوکر.

**بەڕێز انور شوکر محمد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن لە ئەگەری رووداوەکانی ئەمڕۆی عێراقدا پێویستە ئێمە لەو دەزگا پیرۆزەدا خۆمان ئامادە بکەین چونکە دیاری کردنی چارەنووسی گەلی کوردستان لێرەدا ئیقرار دەکرێت هەروەها ئەمڕۆ دەبێ خۆمان ئامادەبکەین و بەشێوەیەکی تۆکمە بۆ رووداوەکان و خۆ سازدان بۆ ئەو ئەگەرانەو بە بەرنامەیەکی دارێژراوی پێش بینی کراو بۆ ئازاد کردنی ناوچە کورد نشینەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم هەروەها سەردانەکەی جەنابی سەرۆکی هێژامان سەرۆک مسعود بارزانی ئاسۆیەکی روون و گەشی چاوەروانی ئایندەی گەلی کوردستان دەکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک رجب شعبان .

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتی رووداوەکانی ۲۰۰۱/۹/۱۱ هاتینە روودان نیەتی ئیرهابی بەڵکو گەلەک گۆڕانکاری لەجیهانێ بێنە رووداں نەخاسمەل رۆژ هەڵاتا ناوەراستێ و، یەکێ لەوان عێراقێ دێرینی و، موستەهدەفە گۆڕانکاریە ڤە ئەحداسانە چونکە چ کە موراعاتێ ئیرهابێت دکەتن چ کە چەکێت کۆمەڵ کوژ و ئی کیمیاوی پێش دەخرێتن وئەو پێشکەوتنە ڤی چەکەی نەبەس مەترسی هەیە لەسەر میللەتێ عێراقێ بەڵکو بەرێ خو بکەنێ مەترسی هەیە لەسەر دەوروبەری عێراقێ لەسەر

مەسالحێ ئەمریکێ احتمالێت هەی لسەر قوەتێ ئەمریکی بەلکو لسەر دەڤەری، نەفتێ جیهانیش خەتەر بیتن لەوما عێراقیه موستەهدەف کری.
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان کە میللەتی مە یە کورد هەمی جارە هەمی گاڤێ خوّی حسێب کرد کە جوزئێک لە عێراقێ و کوردستانیش پارچێک لەعێراقێ ئەویش کە یەدگردنە ڤالی دانا ئو چریسک و تیشکێن ڤە ئەحداسە دی ڤەگرێتەوە جا دیێت هەر دێ میللەتی مە زۆری وریا بێتن یەک کە چاوا تەعامولی کات دگەل دوەرو بەری خوو ئی دەرڤە چونکو زۆر ناحەز مەیەت هەین زۆر نارەحەتنیش وەزعێ مە ئی کوردیا  ئەڤروکە دەسمە بەهاتی لایەکی لەلایەکی دیکە تڤیە ئەم زۆر زۆر وریا بین لەگەلّ یەک و دوو دەستێ خۆ تێک بگرین چەند میللەتێ مە کە کوردستانێ عێراقێ هەمی دەستێ خۆ تێک بگرن چەند دەوری مە بالاتر بێت و پتر بێتن ڤە ئەحداثە و، هێڤیە مە ئەوە کە کوردستانیش نەبێتە ساحەیەک بۆ عەملیاتێت ئایندە تێنە کرن نابەینە کەدەورو بەریێن یانیش عێراقێ دگەل قوەتێت دیکەی ئەجنەبی، لەگەلّ رێزو سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک رجب شعبان بەرێز کاک حمید میران .

**بەرێزحمید سلیم میران:**

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن .
من یەکێک لەخالەکان کەوا حەز دەکەم ئیشارەی بکەم بریاری  پاراستنی خەلکی کوردستانی عێراقە کە لەلایەن ولاتانی ترەوە دراوە بریاری (٦٨٨ )حەق وایە هەولّ بدرێ بەهەموو ئەو وەسائیلانەی کە لەوانەیە کە ئەم بریارە بۆ پاراستنی ئێمە هەر حکومەتی مەرکەزی نەگرێتەوە هەولّ بدرێ هەرلایەکی تریش کەئەتماعی هەیە لەشوێن لەسەر ئێمە وەکو ولاتانی دەورو بەر هەر لایەک بێت هەولّ بدرێت بمانپارێزن لەوانیش هەر لە حکومەتی مەرکەزی نا. ئەوە یەکێکیان ، یەکێکی کەشیان هەموو ئەزانین کەوا تەغیری واقعیی قەومی لەو شوێنانەی کەوا کورد نشینن بەردەوامە بەتایبەتی لە کەرکوک پەنجا سالّ زیاترە ئەو واقیعە گۆرانکاری تێدا دەکرێت و، ئێستاش وەسائیلی ئیعلام باسی بابەتێکی تر ئەکات کە ئەیانەوێت فەلەستینی بێنن دایبنێن لێرە جا ئەوەش کاریگەریەکی زۆر خراپی دەبێت بۆ ئێمە ئەگەر ئەوە ببێت ئەوەش بریار وایە هەولّ بدەین ئێمە پشتگیری قەزیەی فەلەستین دەکەین بەلام لەسەر گۆرانی واقعیی قەومی لەناوچە کوردیەکان نا ، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک حمید سلیم میران، بەرێز کاک فاتح محمد امین.

**بەڕێز فـــــاتح مـــــــحــــــــمــــــــد امین:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن.**

فیدرالیەت دروشمی ئێستای کوردە بەڵام پێویستە سنوورو شێوەی ئەو فیدرالیەتە روون بێت و نازانرێت تا ئێستا پشتگیری بۆ کورد تا چ رادەیەکە لەداخوازی یەکەی. پێش هەر گۆڕانکاریەک لەعێراق پێویستە ئێمە لە ئێستاوە پرۆژەی خۆمان هەبێت بۆ ئەو گۆڕانکاریەو، هەڵوێستی خۆمان دیاری کەین لە چۆنیەتی کۆمەڵی کوردستان و ئەو کەمایەتیانەی کە لەگەڵ کورد دەژین، وابزانم چوون بۆ هەر شتێک سنوور هەیە ئەبێت سنورێکیش بۆ دیموکراتیەت دیاری بکرێت نەک هەموو کردەوەیەک هەتا ئەگەر دژی ئەزموونەکەشمان بێت بەدیموکراتیەت دابنرێ، زۆر سوپاس .

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک فاتح محمد امین بەڕێز کاک ابراهیم سەعید .

**بەڕێز ابراهیم ســـــعـیــــد مــــحــــمــــد:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن .

خەتەرناکی یان کارلێکردنی هەر رووداوێک لەسەر ئێمە وەک خەڵکی کوردستان ئیعتیماد دەکاتە سەر دووری ونزیکی ئەو رووداوە لە ئێمەوە چەند رووداوەکە لەئێمەوە دوور بێتن خەتەر کەمتر دەبێت بەمانایەکی تر پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە مابەینی دووری و خەتەرناکی جگە لەو رووداوانە کە پەیوەندی بەمافی رەوای میللەتانی ژێر دەست هەیە چارەسەر کردنی کێشەی هەر میللەتێکی چەوساوەو ستەمکار بەتەئکید کارێکی باشی لەسەر کێشەی ئێمە دەبێت بەچاوپۆشی لە ئەو رووداوە لەکوێ بێتن و ئێستا ئەگەر بێی تەماشای نەخشەی جیهانی یان نەخشەی جیهانی بخەینە بەر چاو و، ئەو جێگانەی کە رووداوی ئاگر گرتی دەست نیشان کەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە خەڵکی کوردستان لەسەر دەمی بۆرکانێکین کە نزیکە بتەقێتەوە راوەستاوە، لەم وەزعە ئاڵۆزو ناسکەدا سەردانی سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی بۆ چەند دەوڵەتێک کە بەشداری دەکەن لە دروست کردنی بریاری دێتن لەکاتێک کە تەهدیداتی ئەمریکی دژ بەعێراق توندو تیژتری لێدێتن و،تاوانباری عێراق دەکرێت بەیارمەتی دانی تیرۆر و، هەروەها بە پێشخستنی چەکی کۆکژ و ئەمریکا ڕژێمی عێراق لەخانەی دەوڵەتانی میحوەری شەڕ لەقەڵەم دەدات و لەکاتێک کە هەردوو (ئەطرافی صیراع) لەرۆژهەڵاتی ناوەراست دا دایەلۆک و چارەسەری شەرعی ئو پرۆسەی ئاشتی و پێکەوە ژیان خستۆتە لایەک و، بەدوای نەهج و سیاسەت و مەنتیقی توندڕەوان کەوتوون و، هەرێمەکە بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەبەن چونکە ئەرکی ئەو توند رەوانە ئی هەردوو لا ئەو ئەنجامانەی کە ئی تیرۆرست کە دژ بە خەڵکی سڤل بەکاردێتن ئەرکیان ئەوە کە هەر محاوەلەیەک بۆ ئەنجامدانی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشەی فەلەستین ئیجهاز بکەن و، رەنگە ئەم کارە نامرۆڤانە کە ئەمرۆ دەبینین موجەرد ببێتە تەمرینێکی

تەمهیدی بۆ موصادەماتی زۆر خەتەر تر و، زۆر وەحشی تر ، لەکاتێک کە هەموو جیهان دژ بەتیرۆرو عونف وەستاوە و، ئەمە بوەتە هۆی ئەوەی کە تەفاهومی کێشەی عەدلانەی میللەتان دەکرێتن و، لەوانە کێشەی میللەتی کورد ئەوەی بۆ ماوەکی زۆر درێژ توشی ئەنواعی ستەمکاری و ئیزتیهاد بویە هەر لەم کاتەدا سەردانی سەرۆکی ئێمە بۆ چەند دەوڵەتێک لە جهو دەمێت خۆ داهاتینە، جەنابی هەوڵ دەدات مخرەجێک بۆ ئەم وەزعەی موتەناقض کە ئێمە لەکوردستان تێدا دەژین ببینێتن موتەناقیضە چونکە لەلایەک ئێمە پێمان خۆشە کە لەم وەزعە بژین و، نامانەوێ ئەم وەزعە لەدەستی خۆمان بدەین یان بدۆڕێنین و لایەکی تر وەزعێ مە ئێ ئارام نینە وەبەرەو مەسیرێکی نادیار دەچێتن هدفی سەرەکی سەرەدانا جەنابی سەرۆک ئەوەیە کە محاوەلەیەکی جدی بکات بۆ دیتنەوی چارەسەریەکا سیاسیا مونصف و عادل بۆ کێشە مەیا رەوا و ئەڤ پێشوازیەت گەرم ئەبێ لەجەنابی سەرۆکی تێنە کرن ئو هەر وەسا بەری هەنگا لە جەنابی رەئیسێ پەرلەمانێ و سەرۆکی حکومەتێ کوردستانێ لایە و بلندترین سولتاتی ئەو دەوڵەتانەی کە سەردانیان دەکەن گەلەک دەلالە و ئو رامانێت هەین ژوانە.

یەک ئەو ئەزمونە ئیسپاتی چەسپاندنی خۆی کردیە لەرێگای ممارسەی فعلی بۆ موفرداتی مافی مرۆڤ و، تەمەتوعا مافی بلاوکردنێ و،تەعبیرە نە بەس تەنها بۆکوردا بەلام بۆ هاولاتیێ نەتەوەی دیکە ئەوانەی کە وەسائیلی تەعبیری تایبەت بۆ خۆیان هەنە وەک ئیزاعەو تەلەفزیۆن و صوحف و قوتابخانە کە تێدا بەزمانی دایک دەخوێنن.

دووهەم :

ئەم ئەزموونە کەپارتی دیموکراتی کوردستان قیادەی دەکاتن ئیسپاتی کەفائەت و شیانا خۆیا کری لەقیادەی پرۆسیسا ئاوەدانکردنا ژێر خانیە ئابووری بۆ ئەم مەبەستە حکومەتێ هەرێمێ هەموو داهاتێ بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراکێ تەرخان کردیە بۆ دروست کردنا هیاکلێ جیڤاتا مەدەنی بۆ دیموکراسی هەروەها ئەم داهاتانە بەشێوەیەکی رێک و پێک بەکارهێناوە بۆ تەمیا بەهێز کردنی کۆمەڵگای مەدەنی.

سێهەم:

ئەم ئەزمونە دیموکراسیە لەکوردستانی عێراق مەرین و، موتەسامیحە لەو موحیتەی کە تێیدایە سەرەرای ئەوە کە هێشتا تەعریفێکی سابت لەسیاسەتی دەوڵەتی بۆی دیاری نەکراوە.

چوارەم:

ئەبێ لەبیرمان نەچێت رۆڵی بارزی دیبلۆماسیەتا کوردی کە توانیویەتی پەیوەندی لەگەڵ خێزانی نێو دەوڵەتی بە هێز بکا و، باشترین شاهید بۆ ئەم خاڵە ئەو قەرارات و تەوسیاتەیە کە لیژنە ناوی لیژنەکە گەلەک دوورو درێژە شئوونی خارجی و مافی مرۆڤ شئوونی ئەمنی وبەرگری پەرلەمانی ئەورووپی رۆژی ٢٣/٤/٢٠٠٢ی بەرزکردیە بۆ پەرلەمانی ئەورووپی وداکۆکی کردیە لەسەر پشتگیری وموسانەدە وتەجرووبەی دیموکراتی ومونەسەساتا ئیدارا کوردی ویارمەتی دانی

ئەو تەجرووبە لە هەموو بوارێک.

تاکو ئەمڕۆ مەترسی کوردستانێ وتەهدیدا دەورو پشتی ئێمە پووچەڵ کەین وتەهدید و مەترسی کەم کەین ئدڤێت ئێمە بە چەند کارێکی ناڤخۆ رابین.

یەک: بەردەوام دان وبەهێز کردن وچەسپاندنا دیموکراتییەت و، جهودێ زیاتر سەرف کەین لە پرۆسێسا ئاوا کردنا ژێر خانیا ئابووری.

دوو: بەردەوامیێ بدەین بۆ یەک بوونا ختابا سیاسیا کوردی وتەنفیزکرنا هەموو بەندێ ئیتفاقیەی واشنتۆن وهەمووکەموو کورِی خیلافیان بگرین وهێشتا پرا ئان جسرا درێژ کەین بۆ بەردەوام بوون لە گفتوگۆ.

سێیەم: تەعاون وتەنسیق لە کەڵ موجتەمەعی نیو دەوڵەتی بۆ نەهێشتنی تیرۆر بکەین و، بەهیچ شێوەیەک مەجالی نەدەین تیرۆرستا وتوندرەوا ئیسیفادەی لەئەڤ ئەجوائی دیموکراتیی بکەن و، ئەبێ ئێمە وەک پەرلەمان تەشریعا یاسا بکەین کە بگونجێن لگەڵ ئیتیجاها نیو دەوڵەتی دژ بە تیرۆرێ، لدواییدا ما باوەری هەیە بۆ سەرکەفتن بۆ کێشا ما رەوا بی ئەڤ کێشا کە لە حیساری یان ئیمبار بووی هوبنی مێژووی دەرچووە و، بەرەو فەزائێکی کراوە وهیچ هێزێک ناتوانیت ئەم کێشەیە بۆ دواوە بگەرێنیتەوە و، داوا لە موجتەمەعی دوەلی دەکین کە بەردەوامی بداتە پاراستنی مەنتیقەی ئامن تاکو خەڵکی ئێمە تەعەروزی زیاتر میحەن وکەوارس نەبن و، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئیبراهیم سەعید، بەڕێز کاک د. ئیدریس هادی.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان. دیارە برادەران باسی زۆر راو بۆ چوونیان کرد، ئەوەی ئێمە کە دەیڵێین نەتیجەی موتابەعەی دەنگ وباسە ئەوەی لەپشت پەردەیە لە دروست کردنی قەرارات ئەوە تەبعەن نازانین چۆنە وچۆن نییە چونکە مومکینە نەتوانین قسەی لێ بکەین ئەو دەوڵەتە گەورانە بەتایبەتی ئەمریکا کە ئەو گۆرانکاریەی کە روو دەدات بە سەرپەرشتی ئەو دەبێت، دیارە پاش نەمانی یەکێتی سۆڤیەت ، یەک قوتبی ئەمریکا کە ئێستا حوکمی دونیا دەکات لە بریارە هەرە گرنگەکانی ئەو گۆرانکاریانەیانە، نیزامی پێچوو بەناوی نیزامی عالەمی تازە بەتایبەتی پاش شەری کەنداو، ئەو سیستمی جیهانی تازەیە گەیشتە ناحیەی عەمەلی وپراکتیکی لە پاش یازدەی ئەیلوول، یەعنی زیاتر ئەو گۆرانکاریانە بە شێوەیەکی عەمەلی دەستی پێ کرد ئەوەش نەتیجەی ئەو دیاردەیە بوو کە پێ دەڵێن تیرۆر یا تیرۆریزم دەوڵەتانی جیهان بەشێوەی دەوڵەتی دابەش کرا کە ئەگەر خیتابی سەرۆکی ئەمریکا (بووش) بێنینە بەر چاومان دەڵێ دەوڵەتەکان دەبێ

مەوقیفی خۆیان دیار بکەن یان لەگەڵ تیرۆرن یان لەگەڵ ئێمەن، خۆشیان بەو ناوەی کە دیفاع لە حوریاتی عام دەکەن نابێ ئەو حوریاتە تێک بچی، یەعنی ئەو نیزامەی کە دایدەنێن بەرەو ئەو ئیتیجاهە دەروا دەیانەوێ دونیاش بەرەو ئەو شتە بەرن، ئێمە زۆر شتمان دیت کە لە دونیا لە وڵاتانی ئەوروپا لە کۆسۆڤۆ کە گۆرانکاری کرد هەروەها پاش یازدەی ئەیلوول کە گۆڕینی نیزام لە ئەفغانستان سیاسەتەکەیان وازحە و، ئێستا ئەو کێشەی فەلەستین کە لە ئارا دایە کە نزیکە لە مەنتەقەی ئێمەوە لە شەرقی ئەوسەت وهەروەها زۆر کێشەی دیکەش ئی ئەو دەوڵەتانە کە ناویان دێ لە لیستی تیرۆر ریز کراینە یا وەکو دەوڵەت یا وەکو رێکخراوەکان ئەمانە تیرۆریستن ئەمانە دەبێ وردە وردە بەرنگاریان بکرێت ونەمێنێت. گۆرانکاریەکان لە سەر ئەو ئاستە ئەبن لە جیهان، بەنسبەت دەوڵەتانی ئیقلیمیش ئەوەی ئێستا کە ئێمە ئەیبینین کورد کە دابەش کراوە لە سەر ئەو چوار دەوڵەتە ئەمە کە هەمانە بەتایبەتی کوردستانی عێراق ، هەروەها تورکیا کە زۆرگرنگە کە باسی لێوە دەکرێ کە حیزبێکی سیاسی وەکو پەکەکە ناوی خۆی دەگۆڕێ و، هەروەها واز لەسیاسەتی عونف وچەکداری دەینێتن لە بەر ئەوەی لەخانەی ئەو قائیمەی دەرچێتن لەو لیستەی کە بە تیرۆریست ناوی ببرێ دیارە ئەوەش هەر لەبەر ئەوەی کە گۆرانکاری وشتی وا لە ئاراو لە پێش دایە، ئێمە پاش راپەرین تا ئێستا بەو گۆرانکارییەی کە لە عێراق رووی دا ئەو هەرێمی کوردستانە ودروست کردنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێم وئەو پشتگیریەی کە لەلایەن دەوڵەتانەوە لەبۆمان دەکرێ ئەو سیاسەتەی کە ئێمە وەکو کورد پێڕەوی دەکەین لەو ناوچەدا دیارە لەگەڵ ئەو تەیارەی کە ئەو نیزامە دروست دەکا، پێکەوە دەروا ودژی نیبە ئەوە خۆش بەختانە زۆر چاکە کەوا دەعمی ئەو تەجروبەی ئێمە دەکرێ کە بەرەو دیموکراتییەت دەچین بەرەو دروست کردنی نیزامەکی تازە دەچین کە فەرقی هەیە' لەگەڵ ئەو ئەنزیمە دیکتاتۆریانەی کە لێرە هەیەولە دەور و بەریش هەیەو، سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیش سیاسەتێکی دووربین بووە ودیراسەتی چاکی کردوە و، لە هەموو روەکەوە کە چۆن میللەتەکەمان بتوانێ بەئامانجەکانی خۆی بگا و، ئەو فیدرالیەی کە هەیە بیپارێزێ لە عێراقیش دیموکراتیەت لە ئایندە دا بچەسپێ، دیارە ئەو سەردانەی بەرێز سەرۆک بارزانیش بۆ وڵاتانی دەرەوە بۆ پرۆژەیەک بووە و،ئەو پرۆژەیە لە مەسلەحەتی کورد بووە وسستەمی فیدرالی تەبەنی دەکا، دیارە چەند پرۆژەکیان بردوە بۆ موناقەشە کردنی وهەروەها ئەو کاریگەریانەی یا ئەو گۆرانکاریانەی کە لە عێراق دەکرێ ئەوە رەچاو بکرێ و، دەوری کورد چ دەبێ تێیدا، چ لەحوکمی مەرکەزی چ لە ئاستی ناوچەکەش، بۆیێ پێم وایە شتەکان زۆر بە زووی بەرەو پێش دەڕۆن هەرچەندە لە سەر سەردانەکەی بەرێز سەرۆک بارزانی تا ئێستا زانیاریەکی تەواومان نییە بەراستی لە ئیعلام دیارە لە بەر گرنگی، خەبەرەکم بیست لە جەزیرەی کە گوتی قیاداتی کوردی چوار پێنج رۆژ پێش ئێستا لە گەڵ مەسئولینی ئەمریکی لە ئەلمانیا کۆبوونەوەکیان کردووە کۆبوونەوەکی زۆر نهێنی بۆ ئەو سێ مەتارەی کە لە کوردستان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئەمریکا تەکزیبی کرد، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تەکزیبی کرد.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

بە هەر حال ئەوە لە جەزیرە بڵاوی کردوە، ئەوان تەکزیبیان کرد، ئەوان بڵاویان کردەوە ئەو خەبەرە چەندی راستە چەندی راست نییە، ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە لە ئیعلام گوێمان لێ دەبێ، چونکە من لە سەرەتا گوتم ئەوانەی لە پشت پەردەیە کە چۆن قەرارات وەردەگیرێ چ گۆرانکارییەک دەبێ، ئەوە مومکینە ئێمە نەیزانین لە خۆمانەوە ناتوانین باسی لێ بکەین، ئێمە باسی ئەو شتانە دەکەین کە فیعلەن ئیتیلاعمان لە سەری هەیە وموتابەعەی دەکەین جا ئومێدە وارم ئەو سەردانەی سەرۆک بارزانی نەتیجەکی زۆر ئیجابی هەبێ لە سەر ئەو گۆرانکارییانەی کە لە عێراق دەکرێ و، ئێمە موتەئەکیدیشین لە قیادەی خۆمان وهیواداریشم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پاش ئەوەی ئێمە کە تەواو بووین خۆی کە ئاگاداریمان لە هەندێ شتە ئێمە نایزانین بۆمانی روون بکاتەوە بۆ ئەوەی کە زیاتر ئێمەش زانیاریمان هەبێ لە سەری وبۆ ئەوەی ئێمەش تەسەورێکی تەواومان هەبێ لە سەر وەزعەکە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د. ئدریس هادی ، بەڕێز کاک د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئاورێکی بدەین نەخشەی رامیاری جیهانی ئەمرۆ پاش روودانی نیویۆرکی وئەڤ رێزبین هێزا هاتی کرنێ دەشێن بێژن جیهان هاتییە دابەش کرن لە سەر دووپشکا بەروکێ دژی تیرۆرو لەگەڵ مافی مرۆڤ وچەسپاندنا دیموکراسێ وبەروکێ لگەڵ رێکێن توندو تیژی بۆ بەجێ هێنانێ ئارمانجێن نە لگەڵ مرۆڤاتێ دگونجێن، ئەگەر بەرێ خۆ بدەین دۆزا کوردی ئان پرسا کوردی خۆش بەختانە دەبینین یێ لگەل بەروکی ئەوەڵی ئەوەش دزڤرێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەت سەرێ سەبرو تەحەمولا میللەتی کورد بۆ رانەمایی ورامیاری وبۆچۆنێن وسیمبولی بەرخودانا گەلی کورد بارزانی نەمر بییە ڤێ وجودما یان استفافا مە بزاڤا کوردی لەگەڵ بەروکی ئەوەلی کار تێکردنێکی پۆزەتیڤە لە سەر پرسا کوردیا هاتەکرنێ، ئەڤێ پۆزێتڤێ ژ زۆر بیابادا یا خویایە گەلەک مینبەری دەولی گەڵەک مەرکەزێن دروست کرنا بریاری لبەر کوردا ڤەبین و ئەمێت بینین بەرپرسێت مەوسەرکردێت مە یێ سەرەدانا ڤان دەوڵەت وپایتەخات دکەن و لهەمی عەردا ژ پرسا کوردی دێتە بەحس کرن وپرسا کوردیش بییە پارچەک ژ موعادەلە رامیاریاد دەڤەرێ، ئەڤەش کار تێکردنەکا پۆزێتیڤە لسەر پرسا کوردی. ئەگەر بزڤرینە سەر ئاستێ هەرێمی ناوچەکە واتا هەرێما ناوەراستا دشێن بێژین دوو خالێت گرنگ هەبین کارتێکردنەکا نە یەکسەر لە سەر پرسا کوردی

هاتە كرنێ یێک ژ ل ئەفغانستانێ بی لسەردەمێ تالیبانێ کە کارتێکردنەکا هزرا بۆ چوونامن سەلبی بیە لەسەر بزاڤا ئازادی خوازا کوردی هاتە کرنێ لسەر دەڤەرێ هاتە کرنێ، چونکە بنگەهەک بیە بۆ توندو تیژیە بۆ تەطەرفێ شک تێدانینە ژگ ئەم وەکو گەلێ بەروکێ ئەولی دژی تیرۆرێ بینە ئەم موستەهدەف بین بۆ توندو تیژیە وان کە مومکین بی بگاتە مە دیارە ئەڤ رۆژە سەر پشکێت وێ دگەهنە دەڤەرێ ئەگەر رێ هەبێت چ دەقەومێت.

خالەکە دی ئەوی کو کارتێکردنەکا نەیەکسەر لەسەر پرسا کوردی هاتە کرنێ ئەوژی دۆزا فەلەستینێ بی بەلام خۆش بەختانە بیدایەتە نیهایەتێ دەست پێ کری ئەڤ بیدایەتە هەنێ هێدی هێدی پرسا وان بەرەڤ ئاشتی دەچێن شک تێدانینە ئەڤ ئاشتیە هەنێ بۆ هەردوو میللەتین فەلەستینی وئیسرائیلی پێکڤە بژین وخوێن وتوندو تیژی وبەس بێتن دیماهی بێتن و کارتێکردنەکا پۆزەتیڤ لە سەر پرسا مە ژی دێتە کرنێ، ئەگەر بزڤرین سەر ئاستی عێراقێ یەعنی ئەم وەکو جوزئەکی عێراقێ ئەم وەکو جزئەکی ل عراقێ عالەمێش حوکمێ لە سەرمەدکات تا نوکە کە پارچەکین ژ عێراقێینە ئەم دبینین ئەو مەنتەقەی فالنجی خوە هەتا نوکە رژێمێن عێراقێ لسەر چووین بۆ چارەسەر کردنا پرسا کوردی هەمی دبینە کۆسپ وتەگەر بۆ چارە سەر کردنا ڤێ پرسا ورەوا پرسا میللەتەکی داخازا مافێت رەوا دکەتن، یەعنی، دڤێرێ ئەگەر رێ بدەنە من سەرۆکی پەرلەمانێ تەنها وەکو ئیستشهادێک بکەم لڤی مەنتقێ فالنجێ کو هەتا نوکە سەر چوون و بۆ چارەسەر کرنا دۆزا کوردی، یێکیش ژ بەرپرسێت مەزنین رژێما عێراقێ کە تەعبیرژ رامیاریا سیاسەتا عێراقیێت کرد بەرامبەر ڤێ پرسێ یێت دبێژتن لبحسا کوردا دبێژیت میللەتێ کورد (اقترفوا جريمة ضد الشعب العراقي والسيادة العراقية ويجب ان يدفعوا ثمناً سياسياً لما اقترفوه) ئەڤە بیت لسەرێ واندا ئەڤ تەوجیهانە بی کە ئەم بینە خودانە ئەڤرۆکە ڤان مەئاسیێت ڤان تەراجیدی بەسەرێ عێراقێ هەمیە هاتین وهەندە میلیارا دۆلار میللەتی عێراقێ خەسارەت بی و،تووشی دوو کاراساتێت مەزن بی کە مال لە عێراقێ نەمایە ئەڤرۆکە شەهید وبریندارو پەککەفتی نەکەتین ومەفقود نینە ئەڤە بی تەوەجوها رژێمێت کوبی دەسەلاتدار لە عێراقێ ڤی رەنگی تەماشای پرسا کوردیت کەین تا ئەڤرۆژە سەرەرای ڤی کاودانێ ئەمرۆ تێدا ژی تەعریب و دەڤەرا کوردی یا بەردەوامە کە ئەڤە ژی شک تێدا نینە خالەکە زێدە زێدە گرنگە بۆ میللەتی کورد و جارەکا دی خۆ یاد کرو گرۆڤەت کرد کە رامیاریا رژێم مەرکەزی بەرامبەر پرسا کوردی نەهاتیە بگهۆرینێ هەر یا جارانێ هەر چەندە ئەڤ کاودانێ دەوری هەمی هاتینە چ مفادێ ژێ نەهاتینە وەرگرتن. بەرێز سەۆرکی ئەنجومەن، ئەگەر ڤەکۆلینەکا رامیاری بۆ شێست چەند ئیستنتاجات بێتە کردنێ هەڵ و مەرجی تازە دێنە پێش، ئێمە دەڵێین عێراق لەبەر دەم گۆرانکاریەکی گەورەیەدایە ئەم گۆرانکاریە هەمووی هەر چەندە مومکینە وەکو ئاماژەی دەزگای راگەیاندن بۆ دێنە کردنی لەوانەیە پاش کەوێت بەلام ئەوە نەفی ناکرێت کە عێراق لەبەر دەم گۆرانکاریەکی مەزن دایە لەوانەیە شەرێکی گەورە بێت ئەنجامی ئەم شەرو گۆرانکاریە تەنەبوئات

و تەحلیلاتی دەزگای راگەیاندی زۆرە، بەڵام لێرەش هەیە دەڵێن ئەم رامیارییەت ودەست بە هەین و دەزگای راگەیاندن باسی دەکەن بشێن ڤان خاڵە دەربرن. یەک ئەوە کە لەوانەیە هەڵبەتە ئیحتمال هەیە ڤێ ساڵە بیت دا حکومەتێک بێتە چاکردن حکومەتێکی مەنفا ئەوە هەمووی ببتە نەواتێک بۆ حکومەتێکی دیموکراتی لە عێراقی ئەم گۆرانکاریە بێتە کردنێ کە شک تێدا نینە بریاری مافی میللەتی کورد دێتە کردنێ لە ڤێ حکومەتێدا میللەتی کورد جێ پێی خۆی هەبێت و رۆڵ و مەوقعی خۆی دەست نیشان لە ڤێ حکومەتێ هەبێتن. دوو دەوڵەتی جیران دەبێ کو پرسا کوردی لێ هەی دەبێ ناچار بن گەرانەوەیەک بە رامیاری خۆیان بکەن ئەم رامیاریە هەتا ئێستا نەدروست نەدان یان ئیعتراف نەکردن بە مافی میللەتێ کورد دەبێ ناچار بن پشتی ئەم گۆرانکاریە ئیعتراف بە میللتی کورد بکەن و هەندێ حقوق کەم یان زێدە میللەتی کورد، من تەوەقوع دەکەم پشتی ڤان کۆنبینێ هاتیتە کردنێ گەل سەرۆکی ئێمە و مام جەلالی وەکو دەنگ و باس رادەگەیەنێت کە رێکەوتنێک هاتیتە کردنێ ئیدارەیەکی یەکگرتوو لە باشور یان کوردستانێ بێتە دامەزراندنێ و سەرپەرشتیا کاروباری هەرێم بێتە کردنێ ئەم گۆرانکاریانە متەوەقعە. هەر چەندە ئێمە دەبینین کە ئەمرۆ جیهان دڵ خۆشی دەبێژین بزاڤ و جموجۆلیا دبلۆماسی کوردی یا ئەڤ نەشات و بزاڤی بەرهەڤیێ کە ئەڤە بەرهەڤیێ بۆوان گۆرینا. من لێرە هەر چەندە برادەری من کاک کوردۆ بۆ لێژنەی پەرلەمانی ئەوروپی ئەڤ ناڤی درێژ دێشم ئیزافە بکەمە سەر هەندێ کە مەرکەزی بارزانی مەرکەزی ئاشتییە لە زانکۆی ئەمریکی لەبەر ئەوە کۆنگرەیەک لەسەر بزاڤی میللەتێ کوردی بێتە کردنێ ئەمەش زمنی دبلۆماسییە زمنی ئەو نەشاتەیە بێتە کردنێ بۆ بەرهەڤیێ ڤان گۆرینێ بێنە کردنێ، دیمایەکی دەبێژم هیوای ئێمە ئەوەیە کە ئەم بشێن ئەمشیابن لەو ئاستە بێن ئاستی ڤان گۆرینێ دورو درێژ لە عێراق بێتە کرنێ لەو ئاستە بێن مافی خۆمان بچەسپێنین و یان ئەو سیغەیەی فیدرالی کە پەرلەمانی کوردستان هەڵی بژاردووە خەڵکێک بێت ئیعترافمان پێ بکات و لەگەڵ یەک بژین و تەنها ئەڤە رێگای ژیانا میللەتی ئێمەیە و دورکەوتن لە ئاگر و ناخۆشی و شەر، زۆر سوپاسی دەست پیشخەریا سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە ئەم بابەتە گرینگەی خستی یە بەر گفتوگۆکردن و هەرکەسە رای خۆی بڵێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس کاک د.رزگار، بەڕێز کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان. بەڕێزان. سەرەتا پێ خۆش حاڵی خۆم دەردەبرم بۆ بەستنی ئەم دانیشتنە هەروەها پێم خۆشە ئیشارەت بکەم بەوەی کە زۆر لایەن و دەتوانم بڵێم حکومەتەکانیش کە شوێنی روداو ئەکەون سوپاس بۆ خوا سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەگەر لە پێشی روداوەکاندا نەبێت ڕەنگە بڵێم لەگەڵیا بووە، سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێم بەراستی ئێمە ئەبێ لەگەڵ تەیاری جیهانیا کە ئەمرۆ لە ئارا دایە لەگەڵ ئەمان بین، لەگەڵ مافی مرۆڤ و

دیموکراتیـەت و ئازادی دابین، دوربین لە گشت توندرەوی و ئیرهاب و بیر تەسکی هەروەها هەوڵ بدەین بۆ پتەو کردنی پەیوەندیەکانی دەرەوەی سەرکردایەتی سیاسیمان حکومەتی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هەموو دۆستانی گەلەکەمان بۆ بەردەوام بەرچاو خستنی کێشەی رەوای کورد و بۆ هێنانە دی بڕیارێکی نێودەوڵەتی بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ و بەردەوام بوونی، دەربارەی ناوچەکە و گرژو ئاڵۆزی ناوچەکە راستەوخۆ هەموویان پەیوەندیان هەیە بە کێشەی گەلی کورد و کوردستانی عێراقەوە بە کورتی حەز دەکەم ئیشارەت بکەم بۆ ئەوەی کە روداوەکانی ناوچەکە بە گشتی بابڵێین ئەوەی لە ئەفغانستان رویدا یان ئەوەی قاعیدە کردی کە کارێکی توندرەوی خراپ بوو ئێمە نابێت لەگەڵیان بین نابێت بهێڵین هیچ بیر تەسکێکی لەم بابەتانە لە کوردستانی عێراق هەوڵ بدەن، لایەکی تر کێشەی (فەلەستین) بەراستی ئێمە رەنگە نەتوانین، هیچمان پێ نەکرێ هاوکاری یان هەوڵ بدەین بۆ حەل کردنی ئەم کێشەیە بەڵام بێ گومان هەموو یەکێک لە ئێمە پڕ بە دڵ تەمەنا دەکات و خۆزگە دەخوازێت کە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل بگات بە ئەنجامێکی ئارام و بگاتە حەلێکی بن بەستی باش، جگە لەمانە وەزعەکە لە دوو لایەنا خۆی ئەگرێتەوە مانی ئەم رژێمە یان نەمانی ئەم رژێمە. مەبەستم رژێمی عێراقە بەراستی ئێمە ئەو توانا سەربازی و سیاسیەمان نییە بیپارێزین یان بیروخێنین رەنگە ئێمە هۆکارێکی یارمەتی بین رەنگە بتوانین هاوکاری بکەین رەنگە بتوانین دەعمی بکەین بۆ مانی بەڵام ناتوانی بمێنی لە مەسەلەحەتی ئێمە نییە بەهیچ نەوعێ دیفاع لەو رژێمە بکەین کە سەراپای پڕە لە خوێن رێشتن و لە بێ بەڵێنی و لە خراپە کاریا دژێ هەموو عێراق بەتایبەتی کورد و کوردستان. دەگەرێمەوە سەر گۆڕینی ئەم نیزامە لە هەردوو حاڵەت من مەترسی تێدا بەدی دەکەم بۆ تەجروبەکەمان مانی بەو شێوەی کە ئێستا هەیە ئەمە بەردەوام نابێت بەراستی لە مەسەلەحەتیشمان نییە چونکە دوژمنان و ناحەزان هەر لە دەورو پشتمان هەر هەموو بەنەوعێک پیلان دەگێری و بەنەوعێک سەیری ئەم تەجروبەیە دەکات و، ئەویش دوژمنەکەمانە کە ئەنفالی کرد و کیمیابارانیان کرد وەکو ئەوسا هەرەشەمان لێ ئەکەن و رەنگە بەتەماش بن بڵێین هیچمان نەکرد خراپمان کرد با چاکی کەین ئەم جارە، لە لایەکی تر کە کاتێ بیر لەوە دەکەینەوە کە ئەم رژێمە نەمێنێت و گۆڕانکاری بکرێت دەوڵەتانی دەورو پشت چاویان بڕیوەتە پارچە پارچەکردنی عێراق و کوردستانیش لەوانەیە دیکتاتۆری وایان تیا بێت کە وابزانێت رژێمە دیکتاتۆریەکانی عێراق نەیان توانیوە و نەیان زانیوە چۆن سەرکوتمان بکەن و نەمان هێڵن جەنابیان وای رەنگە بۆ بچن رەنگە ئەبێ لە سفرەوە دەست پێ بکەن و دووبارە ئەو مەئساتانەی میللەتی کورد دووبارە بکەنەوە، بۆیە لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی نەمانی رژێما ئەبێ هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی کەوا هەندێ هێزی دراوسێ هەیە بەخاکی عێراق و بەخاکی کوردستاندا نەیەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ رێیان ئەدات؟ رەنگە هەر بترسێن نەیەن.

**بەڕێز یحـــیی مـــحـــمـــد عـــبـــدالکریم:**

قوربان ئەو مەسلەحەتەی کە ئەوان هەیانە لە کوردستانی عێراق و لە عێراق ئەگەر مەزهەبی بێ و ئەگەر نەتەوەیی بێ و ئەگەر هەر چی بێت لە مەسلەحەتی ئەمریکاو بەریتانیاش نییە ئەوان بێنە ساحەکەوە ئەمریکا لە مەسلەحەتی دایە خۆی بێت و خۆی مونقزی گەلی عێراق و میللەتی کورد بێت ئەو مەسلەحەتانەی کە هەیە لە عێراق بۆ خۆی بەتەنها بیخوات نەک بیدات بە کەسانی تر خۆیانی پێ بە قوەت بکەن، بۆیە ئێمە ئەتوانین قسەی لێ بکەین ئەتوانین هەولی بۆ بدەین ئەتوانین کە ئەو مەسلەحەتەی کە خەڵکێک هەیەتی لێرە من ئەمریکا مونقزمەو بەسەراحەتیش ئەیلێم و ناشترسێم ئەگەر مونقزم بێت بەڵام مەعەل ئەسەف دەوڵەتانی دراوسێ و ئیسلامکاری ئەکەن و کە سەدان ساڵ لەگەڵیان بژین ئەمریکا ببێت بە مونقزی گەلی عێراق و گەلی کورد وڵلاهی من شەرم لەوە ناکەم ئەگەر ئەمریکا مونقزم بێت بڵێم وەڵلاهی دەستی خۆش بێت وڵلاهی مەسلەحەتەکانیشی ئەپارێزم قەد شەرمی لێ ناکەم من لێرە هەردوو حاڵەت خەتورەتی تێدا ئەبینم بەڵام چەند هەنگاوێکیش ئەبینم کە زەرووریە بەراستی ئێمە بینین یەکێ لەوانە یەک دەنگی ویەک ڕێزی کوردستانی عێراقە بەراستی دەبێ هەوڵ بدەین ئێمە هەموو خیلافەکان لادەین کاری بۆ بکەین و بیسەلمێنین بۆ جەماوەری گەلی کوردستان کە ئێمە بەراستی یەک دەنگی گەلی کوردستانمان ئەوێت یەک ریزی کوردستانی عێراقمان ئەوێت ئینجا با خەڵکی تێ بگات فلان لایەن هەوڵ ئەدات بۆ ئەوەی کە ئەو یەک دەنگییە نەبێت ئاشکرا بێت بۆ میللەت و بۆ تاریخ کە ئەوانە دژی پرۆژەکەن دژی تەجروبەکەن هەر کەسێک بێت بەڵام ئێمە بیسەلمێنین بۆ هەموو جەماوەری کوردستان کە ئێمە بەراستی ئێمەی پەرلەمان ئێمەی حکومەت ئیمە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو حزبانەی کە بەشدارن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە بەراستی داوای یەک ریزی و یەک دەنگی گەلی کورد ئەکەین. خاڵی دووەم کە زۆر بەلامەوە گرینگە پاراستنی دیموکراتیەت و ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤە چونکە ئەمرۆ دونیا ڕوی هەموو لەم مەسەلەیە ئێمەش ئەو شتە ئەمان پارێزێت ئەگەر مافی مرۆڤ ڕەچاو بکرێت لە عێراق و لە ناوچەکەیا کورد سەربەستەو موحتاجی هیچ شتێک نییە موحتاجی حقوقی خۆمان هەین موحتاجی ئەوە نین خەڵکی دیفاعمان لێ بکات، کار بکەین بەراستی بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئەو کارە تیرۆرستی و جینۆسایدانەی کە کراوە دژی کورد و کوردستانی عێراق ئەو بەرپرسانە ڕۆژ بە ڕۆژ هیچ نەبێت بیان ترسێنین بۆ ئەوەی بدرێنە دادگایەکی نێودەوڵەتی. خاڵی تر ئەوەیە کە بەهیچ شێوەیەک مەجالی توندڕەوی نەدرێت جا ئەو توندڕەویە ئاینی بێت یان نەتەوەیی بێت یان چەک و چەک خوازی بێت ڕاست بێت کورسی پەرستیی بێت مەجال بە دروست بوونی دیکتاتۆر و توندڕەوی و ئیرهاب نەدرێت لە کوردستانی عێراق دروست بن هەروەها بۆ ئیدارەی کوردی بەراستی ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێ هەوڵ بدەین کەوا ئیدارەمان لایەق بێت بۆ ئەوەی جەماوەری کورد پشتگیری لێ بکات لە خۆمەوە ئەلێم لە پەرلەمانەوە ئەلێم لە حکومەتەوە ئەلێم لە یەک بە یەکی بەرپرسانی دەزگا

ئیداریەکان ئەڵێم کە دەبێ ئێمە دڵی جەماوەری کوردستان بەرینە رێوە ئینجا چەندمان هەیەو ئەتوانین چۆنیان بدەینێ ئەوە گرفت نییە ئەوانە هەمووی لە پێناوی هێنانە دی یەک مەسەلەیە بەرای من بتوانین ئێمە لەم وەزعەی ئێستا تیاین و لەم دراوسێ خۆشەویستانەی کە هەمانەو کە سەدان ساڵە بەیەکەوە دەژین و هەموو دەوڵەتی ئیسلامین ئێستا پێویستمان لە دەست ئەمانە پاراستنمان لەوانە پێویستمان بە بریارێکی نێودەوڵەتییە پێویستمان بەوەیە کە خەڵک بێت بمان پارێزێت لە دەست ئەمانە بۆ ئەو عیلاقاتە سیاسیەی کە ئێستا ئەمڕۆ سەرۆکی هێژامان ئەم هەنگاوەی ناوەو بەردەوامیشە لەسەری سەفەری کردوەو پەیوەندی بە خەڵکەوە دەکات هەروەها سەرۆکی حکومەت و هەروەها سەرۆکی پەرلەمان بەراستی ئەم هەنگاوانە کاری چاکن بەڵام بەردەوام کێشەی کورد لە گەڵیان مەشاریع لە گەڵیاندایە بۆ هێنانەی دی بریارێکی نێودەوڵەتی ئەو وەختە وابزانم هەموو ئەو دەوڵەتانەی دەور و پشت ئەگەر ئیشێکیشیان هەبێت پیلانێکیشیان هەبێت سەر ناگرێت، کاک حەمید ئیشارەتی بۆ خاڵێکی باش کرد بۆ مەوزوعی ئەو بریاری کە ئێستا هەیە بۆ پاراستنی ناوچەی ئامینە لە کوردستانی عێراق ئەگەر ببێتە حالەتێک بۆ ئەوەی لە دەستی هەموو خەڵکێکی دەست تێوەردەر بمان پارێزێت وەڵڵا ئەوە شتێکی خراپ نییە، زۆر سوپاستان دەکەین و هیواداریین ئەم دانیشتنە دانیشتنی تریشی لە شوێن بێت دەست خۆشیش لە بەڕێزتان دەکەم زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک شێخ یەحیا، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جعفر علی عبدالکریم:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

ئەو بارو دۆخە ئیقلیمیەو نێودەوڵەتیانەی کە کار لە ئایندەی کوردستان و عێراقیش دەکەن بەرای من دوو فاکتەری زۆر گرینگن و بنەرەتی هەیە کە ئەویش یەک فاکتەری کێشەی خوێناوی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینیەکانە، دوو فاکتەری دژ بە تیرۆرزم کە دوای روداوەکانی یازدەی ئەیلولی پار ساڵی نیویۆرک و واشنتۆن هاتە کایەوە کە تا ئێستاش بەردەوامە و بەردەوامیش ئەبێت لە ئایندەدا، فاکتەری شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەڵەستینیەکان رەوشێکی خوێناوی و کاولکارانەی بەخۆوە بینیوە بەتایبەتی لەم دوایەدا پاش هێرشێکی درندانەی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی سوڵتەی فەڵەستینی لە رامەڵاو ئۆردوگای جەنین کە تاوانی زۆر گەورەی تیا ئەنجام درا کە مەترسی بەرپا بوونی شەڕێکی گەورەی لێ دەکرێت لە نێوان عەرەبەکان وجولەکەدا رژێمی عێراقیش کە یەکێکە لە ئاگر خۆشکەرەکانی ئەو شەڕە کاولکاریە لە دورەوە هاوکاریان دەکات و باجەکەی بەگەلی فەڵەستینی ئەدات بە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەوە، لەم دوایەدا نزیک بوونەوەیەک دروست بووە ئومێدەوارم بە ئەنجام بگات و هەوڵەکانی ئاشتی سەرکەوێت دەرئەنجام ببێتە دەوڵەتێکی فەڵەستینی کە پایتەختەکەی قودسی پیرۆز بێت بە

تەئکید ئەوە کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر رەوش و ئایندەی کوردستان و عێراقیش. فاکتەری دووەم شەڕی دژ بە تیرۆرزمە کە ئیستا لە ئارادایە ژیان بەگشتی رەوشتێکی تازەی بە خۆیەوە دیوە کە زۆر شوێنی گرتۆتەوە چاوەڕێ ئەکرێت ئەم شەڕە کە عێراقیش راستەوخۆ بگرێتەوە بە تایبەتی پاش ئەوەی ولاتە یەکگرتوەکان عێراقیشیان ناوزەد کرد لە میحوەری شەردا، بۆیە ئەگەری زۆر هەیە بۆ ئایندەی عێراق کە راستەوخۆ پەیوەندی دارە بە هەرێمی کوردستانیشەوە بەتەئکید بەدی هاتنی هەر یەک لەو ئەگەرانە هۆکاری خۆی دەبیت لەسەر رەوشت و ئایندەی هەرێم و گەلەکەمان، بۆیە پێویستە لەسەرمان زۆر بە وردی لە هەموو روییێکەوە ئەو بار و دۆخە هەڵسەنگێنین و بەرنامەی دارێژراومان هەبێت تا لە کاتی روداوەکاندا بە ئەنجامی بگەیەنین ئەوەی جێی دڵنیاییە کە ئەو فاکتەرە بارودۆخی هەرێم و گەلی کوردمان بە خراپە ناگرێتەوە چونکە بە درێژایی مێژوو کورد قوربانی کاری تیرۆر و تیرۆرستان بووە بە درێژایی خەبات و تێکۆشانی دوور بووە لە کاری تیرۆر و، مەردانە لە سەنگەری بەرگریدا پێشمەرگە قارەمانەکان وەلامی ئەم کارە تیرۆرستانەی رژێمی داوەتەوە، ئەنفال و کیمیا باران خاکی سوتمان دەرکردن و چۆڵ کردن نمونەی ئەم کارە تیرۆرستانەی دەوڵەتە، رێنمایەکانی بارزانی نەمر کاریگەری خۆی هەبووە لە رێگە گرتن لە ئەنجامدانی تیرۆری بەرامبەر، جا لەبەر ئەوە رژێمی بەغداد رژێمێکی تیرۆرستەو تیرۆر بەخێوکەرە درەنگ یان زوو لە بەردەوامی شەری تیرۆردا ئەیگرێتەوە بۆیە ئێستا بارودۆخەکە وا پێویست دەکات زیاتر لە جاران ئاشتی و برایەتی لەم کوردستانەدا جێگیر بێت هەموو خاڵەکانی رێکەوتن نامەی واشنتۆن جێبەجێ بکرێت تا هەموو لایەک کۆک بین لەسەر داخوازی و مافە رەواکانمان کە ئێستا خۆی کە پارێزگاری ئەم رەوشتەی ئێستای هەرێم و چەسپاندن و پەرە پێدانی فیدرالیزما خۆی ئەبینێ بۆیە وا ئەخوازین هەموو هێزەکانی کوردستان خاوەنی یەک گوتاری سیاسی بن و، بەرنامەی ئایندەی کوردستان ئامادە بکرێت بۆ ئایندەی عێراق و سوربوونمان لەسەری بەهیچ شێوەیەک لە ژێر هیچ فشارێکی ناوەوەو دەرەوەدا لەو مافە رەوایانە چاو نەپۆشین چونکە ئەم بارودۆخەی ئێستامان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی یەک سەدەیە بە خوێنی ئاڵی سەدان هەزار پێشمەرگەو شەهیدی سەربەرزو فیداکاری پێشمەرگە قارەمانەکانمان و خۆراگری بێ پایانی گەلەکانمان و بە قوربانی دانێکی زۆر و بێ سنوور بەدی هاتووە، ئەوەی کە داوا دەکەین کەمترین مافی رەوای گەلەکەمانە بەرامبەر ئەو هەموو قوربانییە زۆرەی کە لە مێژودا داومانە. لە ئێستاوە لەگەڵ هێزە بەرهەڵستەکانی تری عێراقدا باسی لێ بکرێت و، لە ئیستاوە ئەو داخوازیانە رەزامەندیان لەسەر وەربگیرێت و لەگەڵ ولاتە بریاردەرەکان و بریار بەدەستەکان را بگۆرێتەوە و هیچ هاوکاریەک نەکرێین تا لە چارەنوس و ئایندەی گەلەکەمان ئاگادار بینەوە. رەوشی ئەم چەند ساڵەی هەرێم ئەم دە ساڵەی دوایی پاش چەسپاندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی سەلماند کە کورد ئەتوانێ بە باشترین شێوە ئیدارەیەکی هاوچەرخ دابمەزرێنێت کە لەگەڵ رەوشی ئەمرۆی جیهاندا بگونجێ بۆیە وای بەباش

دەزانم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران گرینگیەکی تایبەت بدات بە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ بۆ زیاتر ئامادەبوونیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەنگاوێکی دەرەوە و ناوەوە هەروەها بەرگری شارستانی بەتواناتر بکرێت و، مشوری پێداویستیەکانی بخورێت تا لە کاتی پێویستدا دەوری شیاوی خۆیان ببینن. وەزارەتی رۆشەنبیریش ئەرکی زیاتری شیکردنەوەی ئەم بارودۆخە بگرێتە ئەستۆی بەهۆی دەزگاکانی راگەیاندنەوە جەخت لەسەر برایەتی و یەک ریزی گەلەکەمان بکات لەگەڵ گۆرانکاریەکاندا بێت، وەزارەتی مافی مرۆڤیش سەنتەرێک یان لیژنەیەکی تایبەت دابمەزرێنێت بۆ لێکۆڵینەوەو ئامادەکردنی دۆسیەیەکی تایبەت بە بەڵگەو دیکۆمینتەوە بەو هەموو تاوانانەی جینۆساید و تیرۆرستانەوە کە دەرحەق بە گەلەکەمان کراوە لەلایەن رژێمی جۆراوجۆری عێراق، هەر لەپاش لکاندنی کوردستانی خواروو و ولایەتی موسڵ ئەو کاتە بە حکومەتی تازە دروستاکراوی عێراقەوە پاش کۆتایی شەڕی جیهانی هەر لەو کاتەوە تا دەگاتە ئەو تاوانانەی کە ئێستاش بەردەوامن دژ بە گەلەکەمان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەغداد لە کەرکوکی دڵی کوردستان و باقی شوێنەکانی تردا کە ئەم دۆسەیە پێشکەش بکەین بە هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندارن بە ئایندەی عێراق و کوردستانەوە تا رەچاوی ئەم هەموو تاوانانە بکەن کە دەرحەق بە گەلەکەمان کراوە زیاتر سەرنجیان بۆ رەوایی داخوازیەکانمان رابکێشین و هەست بکەن کە جارێکی تر ئەو کارەساتە دووبارە نەبێتەوە وەبێتە زەمانەتێکی نێودەوڵەتی بۆ پشتگیری کردنمان کە ئەم کارە بەراستی پەلە کردنی دەوێت لەدوایدا ئومێدەوارم پشت بە خوای گەورە و خۆڕاگری گەلەکەمان و لێوەشاوەیی و دڵسۆزی سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی گۆرانکاریەکانی ئایندە لە بەرژەوەندی گەلەکەماندا بێت و ئاواتی دێرینی گەلەکەمان بێنیتە دی بەم نزیکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ بەڕێز کاک شێخ جەعفەر، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیب محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

دەنگوباسی ئەو گۆرانکاریانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە بەراستی من وا بۆی دەچم کە تەنها بابەت نابێت لە چوارچێوەی عێراق باس بکرێت ئەم مەسەلەیە من پێم وایە لە دە دوازدە ساڵی کۆتایدا گۆرانێکی زۆر رووبدا لە ئاسیای ناوەراستەوە تا دەگاتە رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەم ناوچەیە هەر هەمووی کەوتۆتە نێو گۆرانکاریەکی گەورەوە تەقریبەن روداوەکانیش تێکەڵاو بوون لەم ماوەیەی کۆتایدا لە دوای روداوی یازدەی ئەیلول و ئەو مەسەلانە، من پێم وایە حکومەتی عێراقی بۆ خۆی هەدەفێک نییە لە ئەهدافەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بەڵکو بەتەصەوری من بەکار هێنراوە یان بەکاری دەهێنێت زمنی بە گەیشتن بە ئەهدافە سەرەکیەکانی، چونکە رژێمی عێراق ئەو رژێمەیە

کە ئەوەندە ئەنفالی کردووە و ئەوەندی کوردی کوشتوە ئەوەندەی ویرانکاری کردووە ئەوندەی تیرۆر و ئیرهابی کرد رەنگە لە فەترە زەمەنییەک پشتگیریشی لێ دەکرا لەسەر ئەو سیاسەتە. بۆیە من تەصەور ناکەم یەعنی ئەوە ئێستا تایبەتە بۆ عێراق ئەم بابەتە بەڵکو لادانی یان لانەدانی کامیان بە قازانجی ئەو سیاسەتە یان ئەو ستراتیجیەتە تەواو دەبێت، کە لە ناوچەکەدا هەیە لەم چوارچێوەیە من تەماشای مەسەلەکە دەکەم هەر چۆنێک بێت مەسەلە گرینگەکان بۆ ئێمە ئەمانەی لای خوارەوەن:

یەک : گرینگترین شت برادەرانیش باسیان لێ کرد رێکخستنی ناو ماڵی کوردە و، بوونی وتارێکی سیاسی یەکگرتووە کەئەم وتارە سیاسیە چ لەسەر ئاستی عێراق و لەسەر ئاستی موعارەزەی عێراقی تەرح بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت بچەسپێ چ لەسەر ئاستی ئیقلیمی لە تەعامول کردن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دەوروپشت کە بەیەک وتاری سیاسی قسەیان لەگەڵدا بکرێت و ئەو مەفهومەشیان بۆ بچەسپێندرێ کە بوونی کورد لەم ناوچەیە فاکتەری جێگیر بوونی سیاسیە نەک فاتەرێکی ئاڵۆز، ئەمە زۆر گرینگە ئیشی بۆ بکرێت من مەسەلەکان لە چوارچێوەی ترسا باسی لێ ناکەم چونکە بەراستی بەسەر کوردا مەترسی زۆر هاتووە گرفت زۆر هاتووە کوشتار زۆر هاتووە ئەمە روداوە ئەبێ موعامەلەی لەگەڵ بکەی ئەبێ خۆتی بۆ ئامادە بکەی ئەبێ هەوڵی بۆ بدەین تەقەلای بۆ بکەین، من ئەبینم ئەم مەسەلەیەی ئێمە ئێستا لە فەترە زەمەنیەک داین پێویستیمان بە ئیش و ئەرک و چالاکیەکی زۆرە لەسەر هەموو ئاستەکان لەسەر ئاستی دیبلۆماسی لەسەر ئاستی سیاسی و رۆشنبیری و ئیعلامی و بەهەموو شێوەیەک دەبێ هەوڵ بدەین و تەقەلا بدەین. مەسەلەی فیدرالیەت خاڵێکی زۆر زۆر گرینگە کە بچەسپێ چ لەسەر ئاستی موعارەزەی عێراقی چ وەکو مەفهومێک لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمیەکان چ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی چونکە ئەگەر بێت و ئەم مەسەلەیە وەکو خۆی نەچەسپێ گرفتێکی یەکجار زۆر گەورە دەبێت ئەگەر گۆڕانێک لە عێراقدا بوو رژێمێکی سەرتاسەری بێتە کایەوە مانای وایە ئێمە هەر چیمان بینا کردووە تاکو ئەم قۆناغە دەکەوێتە مەترسیەکی زۆر گەورەوە چونکە رژێمی عێراقی گۆڕانکاریەکی یەکجار زۆر گەورەی کردووە لە دابەش بوونی ئیداری لە مەسەلەی راگواستنی خەڵک تەعریب بەردەوامە تاکو ئێستا ئەوانە هەمووی ئەبنە ئەمری واقع لە مەسەلەکان ئەگەر بێت و ئەو مەفهومی فیدرالیەتە دیفاعی لێ نەکرێت و داکۆکی لەگەڵ نەکرێت ونەچەسپێت بۆیە موهیمەیەکی زۆر گرینگە بۆ ئایندەی عێراق مەفهومی فیدرالیەت بچەسپێت و دیاری بکرێت ئەو شوێنانە کە جێگای خەڵکی کوردستانە و، پێویستە ئەو خەڵکانەی کە هاتوون لە ئایندەدا ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان مەسەلەکە راگرتن نییە بەڵکو مەسەلەکە هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو بڕیارانەیە کە دراون بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناوچەکەدا بووە دەبێ هەوڵ بدرێت هەموو ئەو گۆڕانکاریانە هەڵبوەشێتەوە کە بە بڕیار دراوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە. خاڵێکی تر هەیە مەسەلەی دیموکراتیەت لە عیراقدا مەسەلەی دیموکراتیەت و مەفهومی ئەو حوکمەی کە لە ئایندە دروست

دەبێت ئەوە زۆر زۆر گرینگە مانای دەبێ دیاری بێت وەزعی خەڵکی کوردستان وەکو مەفهومێکی سیاسی مافەکەی دیاری بێت لە شێوازی ئەو حوکمەی کە بەڕێوە دەچێت لە ئایندە لە عێراق ئەوە دەبێ ئیتفاقی لەگەڵ بکرێت لەگەڵ موعارەزەی عێراقی و هەوڵ بدرێت ئەو مەبادیئە سەرەکیانە بچەسپێن، هەوڵ بدرێت لەگەڵ ئەو خەڵکانەش کە خاوەنی بڕیار و دەسەلاتن کە ئەم گۆرانکاریە لەو ناوچەیە ئەکرێت ئەو مەسائیلانە بخرێنە روو. رەنگە ئێمە نەتوانین هەموو شتێک بچەسپێنین بەلام ئەگەر داکۆکی لەسەر بکەین قسەی لەسەر بکەین خۆمان پێشان بدەین ئەوانە رەنگە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێ و دەبێ هەوڵ بدرێت کە ئەو مەسەلەیە یەک لا بکرێتەوە سبەی رۆژێ حوکمێکی شمولی جارێکی تر نەیەت دیکتاتۆرێک بە دیکتاتۆرێکی تر بگۆردرێت و گرفتێکی تر دروست بێت حوکمێکی عەسکەری بێت ئینقلابێک بێت لە هەر جۆرێک نەوعێکی تر ئێمە جارێکی تر لە سفرەوە دەست پێ بکەین لەو مەسەلەیە، بۆیە پێویستە لە هەر گۆرانکاریەک کە هەنگاو ئەنرێت ئێمە بزانین ئایندەکەی چۆن دەبێت و جێگای ئێمە لە کوێیە لەو مەسەلەیە زۆر زۆر زەرورییە و زۆریش گرینگە ئەوەی کە بە دەستمان هێناوە ئێمە بیپارێزین، کەواتە موجازەفە نەکردن بەمەی کەوا هەیە کە بپارێزرێت زۆر گرینگە و هەوڵدان بۆ دورخستنەوەی کوردستان لە شەڕ لە مەسرەحی شەڕ چونکە وەکو باسیش کرا کە بڕیاری پاراستنی هەیە بڕیاری (٦٨٨) ئێمە هەوڵبدەین ئەو بڕیارە بەهەر شێوەیەک دەبێت ئیشی پێ بکەین وا بخەینە روو کە پێویستە ئاگری شەڕ لەم ناوچەیە دور بکەوێتەوە چونکە میللەتی کورد تەحەمولی رەوی تری نییە تەحەملی موشکیلەی گەورەتری نییە ئەوەی کە بەسەری هاتووە تاکو ئێستا ئەو مەسائیلانە گرینگن هەوڵیان بۆ بدەین. خاڵی تر کە حەزم کرد باسی بکەم ئەوەیە ئێستا هەندێ سێناریۆ کە باس دەکرێت وائەگۆرێ وا ناگۆرێ هەندێ خەڵکیش لە خۆیەوە کردویەتی بە ملکی خۆی و ئەیبەخشێ بە خەڵکی تر. کێشەی فەلەستین کێشەیەکە ئێمە موتەعاتفین لەگەڵ کێشەی فەلەستین حەز دەکەین لە چوارچێوەی ئەو بڕیارە نێو دەوڵەتیانەی کە دراون بە کێشەی فەلەستین چارەسەر بکرێت و ئەوەی کە گەلی فەلەستین و قیادەی سیاسی فەلەستینی پێ رازییە کە خۆیان پێی رازین ئێمەش پێی رازین ئەوەی ئەو بڕیارانەی نێودەڵەتانەی کە زەمانی مافی ئەوانە ئەکات، ئێمەش پێمان چاکە پشتگیری لەو مەسەلەیە بکەین و، لەو سیاقە مەسەلەکان بچنە پێشەوە، بەلام مەسەلەی ئەوەی کەوا لەسەر حسابی خەڵکی عێراق و لەسەر حسابی خەڵکی کوردستان فەلەستینیەکان نشینەجێ بکرێن لە عێراق بەراستی ئەمە یەعنی مەشروعێکە ئەغرازی زۆر پشت پەردەیە مانای نە خزمەتی قەزیەی فەلەستینی دەکات و نە خزمەتی قەزیەی عێراق دەکات ئەم مەسەلەیە پێویستە ئەم جۆرە دەنگانە کە بەرز دەبنەوە بە توندی بەرامبەریان بوەستێنرێ و بەهیچ شێوەیەک قبوڵ نەکرێت کە ئەو مەسائیلانە سەربگرن، چونکە پێکهاتەی عێراق پێکهاتەیەکی زۆر سەیرە لە مەسائلی عرقی و ئیثنی و تائفی و ئەو جۆرە شتانە تەحەمولی ئەم جۆرە شتانە ناکات، ئەگەر مەسەلە جێکردنەوەی خەڵکە و هەژاری و فەقیریە خەڵکێکی زۆری عێراق و کوردستان

ئێستا دەربەدەرە و ئاوارەیە کە دوارۆژ پێویستی بەوە هەیە کە بگەڕێتەوە لە وڵاتی خۆیا جێنشین ببێتەوە جێی ببێتەوە پێویستە ئەو مەسەلەیە بایەخێکی گەورەی پێ بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی چارەکردنی کێشەی پەنابەرە فەڵەستینیەکان، ئەوە ناکرێت لە لوبنان پەنابەربن و بچنە کوێت لەوێ ببنە پەنابەر و لە عێراق لەوێ ببن بە پەنابەر چونکە بە پەنابەری دەمێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز سرتیپ محمد حسین(سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

.....بەڵێ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەی کەدراوە سەبارەت بە جێ نشین کردنی گەڕاوەکان ئەوانە بگەڕێنەوە ئەو یاسایە جێبەجێ بکرێت، یاسایەکی زۆر ڕێک و پێکە و، ئەوە داواکاری خودی قیادەی سیاسی فەلەستینیشە، ئیتر ئێمە نازانین خەڵکی تر بۆ تەنزیر دەکات بۆ ئەم مەسەلە نیشتمان پەروەریەتی و عروبەی ئەوەندە درێژ دەڕوات کە باز دەدات بەسەر مەسەلەکاندا، لە کۆتایی قسەکانمدا بەراستی حەز دەکەم، ئیشارەت بدەم بە سەفەرەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی من تەسەوڕ دەکەم جەنابی سەرۆک بارزانی موهیمەیەکی گرانی لەسەر شانە، لە مەرحەلەیەکی زۆر حەساس و ناسک وهەستیارە ئەو سەفەرەی کردووە ئەوەندە ئەتوانم بڵێم تەماننای موەففەقییەتی بۆ دەخوازم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک سیروان کاکەیی، بەراستی دەست نیشانی هەندێ خاڵی گرنگی کرد لە موداخەلەکەیدا، بەڕێز کاک یۆنادم.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، پێشەکی خۆش حاڵی خۆمان دەردەبڕین بەنیسبەت ئەو موداخەلانە لەم وەزعە ناسکە، فرسەت بێت بۆ پەرلەمان و پەرلەمانتاران ڕەئی خۆیان دەربڕن نەقڵ بکرێت بۆ حزبەکانیان یان بۆ حکومەت، ئەوانیش دەوری خۆیان ببینن، هیوامان وا بوو برای بەڕێز کاک نێچیرڤان بەتایبەتی کە تازە لە دەرەوە گەڕاوەتەوە یان خۆی یان برادەرانی تر لە حکومەت لێرە باسی ئەو جەولەی کردویەتی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە کاک یۆنادم، کاک نێچیرڤان جەولەی ڕەسمی نەکردووە، ئەگەر جەولەی ڕەسمی بکردایە دەهات بۆ پەرلەمان و باسی دەکرد.

**بــەڕێــز یـــونـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڵێ، باسی بەڕێزان (کاک مسعود ومام جەلالیش) چاوپێکەوتن و رەسم زیاتر و رۆشن تر خوێنرایەوە، چونکە راستە هەمووومان لە تەلەفزیۆن و سەتەلایت هەموو شتێک دەبینین، بەڵام هەندێ مەسائیل هەن پشت پەردەن لەوانەیە ئەوان بە وازیحی بزانن، جگە لە بریاری ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بە گشت رەنگەکانیەوە، ئەمڕۆ وای لێهاتووە کە راعی گۆڕانکاری ئەمەریکا بووە، بریاری ئەمەریکا ئەوەیە کە حەتمییە گۆڕانکاری رژێم، جێگای داخە کە دوو هۆی سەرەکی هەیە کە ئەمڕۆ بۆتە کۆسپ لە رێگای ئەو گۆڕانکاریە یان دوا خراوە، بەر لە چەند رۆژێک ئاگادار کراین کە موئتەمەری موعارەزە دواخرا بۆ کۆتایی وەرزی هاوین لەبەر ئەو دوو هۆیە سەرەکییە، ناڵێت لەبەر چییە؟ بەڵام دیارە، یەکەم ئەو وەزعە سیاسیەی لە فەلەستین روویداوە، جەرائیمی شارۆن و لێدانی لە فەلەستینیەکان و، کە رژێمی بەغدا زۆر پێخۆش حاڵە تەغزیەش دەکات بۆ ئەم وەزعە کە هەروا بەردەوام بێ، ئەگەر وا بەردەوام بێت بەبێ حەلّ ئەویش بەردەوام دەبێت، چونکە لێدانی بەغدا دوا ئەکەوێت، هۆی دووەم وەزعی ناوخۆی موعارەزەیە خودی موعارەزەش وەزعەکەی زۆر باش نییە بەو شێوەیە کە بەداخەوە نەتوانرا وا رێک بخرێت کە بتوانن کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، ئەمەریکاییەکانیش وایان ناو لێنا (مؤتمر الخبراء) یەعنی خەبیرو خوبەرا، کە باسی ئایندەی عیراق بکەنەوە وەکو نیزامی عەدلی و نیزامی تەربەوی و ئەو شتانە، کە رزگار بێت لەدەست حزب و حزبەکانی موتەحالیف، لە ئۆپۆزسیۆنی عیراقی، چارەی بۆ نەدۆزرایەوە، بەڵام لێرە زۆربەی برادەران کاک ئیبراهیم سەعید و کاک شێخ یحیی باسیان کرد، دیسان هەندێ خاڵ هەیە دەمەوێت تەئکیدی لەسەر بکەم، زۆر مەترسی هەیە لە وەزعی ئایندە چ دەبێ وچ نابێ؟ بەرەئی من سەنگی کورد لە تەرازووی گۆڕانکاری قورسترین بەردە قورسترین سەنگە.

**بــەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

سەنگی گەلی کوردستان.

**بــەڕێــز یـــونـــادم یـــوســـف کـــنـــا:**

**بــەڕێــز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من ئەڵێم کورد، چونکە تورکمان هەیە، تورکیا دەڵێت دیفاعیان لێ دەکەم، بەڵام ئاشووری هەیە، کەس دیفاعیان لێ ناکات، لە بیریشیان کردووە، سەنگی کوردی یان کوردستانی قورسترین سەنگە لە تەرازووی گۆڕانکاری چ دەولی بێ چ دیمراڵ بێ، یان ئیسلامی بێ یان قەومی عەرەبی بێ یان وەتەنی بێ، هەر چ بێ، لە هاوکێشەی گۆڕانکاری ناتوانن تەجاوزی ئەو فاکتەرە بەتوانایە و قورسە بکەنەوە، نە ئەمڕۆ نە دوایش، من دەمەوێت بۆ برادەران روون بکەمەوە، هیچ گۆڕانکارییەک ناتوانێت بکرێت بەبێ حیسابێکی تایبەتی بۆ قەزیەی کورد و کوردستانی،

لەلایەکی ترەوە مەترسی هەیە کە دوای گۆڕانکاری حەقی کورد دەخورێت و رژێمێک دێت، بەراستی ئەمەریکا پارێزگاری ناکات لە رژێمی دیکتاتۆری دوای ئەم هەموو ساڵە بەناوی دیموکراسیەت و گۆڕانکاری کە بگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگەی دەولی، بێن مەسەلەن مولاحەقەی کورد بکەن بە ناپاڵم و بە کیمیاوی ئەوە ناکرێت، چونکە ئەمەریکیەکان کە راعی ئەو گۆڕانکاریەن، زۆر بە سەراحەت بە بڕیاری کۆنگرێس بە ئاشکرا رەتیان کردەوە، گوتیان ئەوە مەبادیئمانە، یەکەم حەتمیە گۆڕانکاری ڕێژیمەکە، دووەم رژێمێکی یان حکومەتێکی دیموکراتی دێتە پێش کە حەقی هەموو خەڵکی عیراق بە تەئکیدەوە بپارێزێت، سێیەم سنووری عیراق ئەوەش لەبەر هەندێ مەترسی کە دوەلی ئیقلیمی هەیە کە مەطامیحیان زۆرە، سنوری عیراق ناگۆڕێت، یەعنی کەس بۆی نییە تەدەخول بکات لەم لاو ئەو لاوە، من لێرە دەڵێم چی پێویستە بۆ ئێمە بیکەن، واتا ئێمە چی بکەین، بە تەئکیدەوە زۆر بەرچاوە هەڵوێستەکانی پارتی و یەکێتی زۆر بەرە و پێش چووە دەربارەی ئاشتی و دەربارەی هەڵوێستی موشتەرەک، یەک خاڵ بەر چاوە جارێ ماوە هەڵوێستی هەردوو حزب دەبێت وەک یەک بێت بەرامبەر پەیوەندییەکانی ئیقلیمی، یەک خاڵ ماوە ئەوەش ئینشاءالله چارەسەر دەکرێت و، دراوسێیەکانمان بە بڕیاری سیاسی و حزبی نەهاتوونە پێش، چ ئێران بێ چ سوریا بێ چ تورکیا؟ غەیری ئەوان بێ لەناو خۆمان، ئەوە راستییەکی مێژوویی دیوغرافی یە، ناتوانین بیگۆڕین، هەردەبێت بەرێگای دیالۆگ گیروگرفتەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، بەتەئکیدەوە هەر چەند خەڵک هەیە دەڵێت دەوری نابێت گۆڕانکاری لە عیراق، بەڵام بەرەئی ئێمە بمانەوێت و نەمانەوێت خەڵکی دەوروبەر کەم یان زۆر هەر دەوریان دەبێت، بۆ بەرژەوەندی کورد و کوردستان وبەوژەوەندی عیراق دەبێت پەیوەندییەکانمان باش بێت، هەڵوێستی پارتی و یەکێتی دەبێت هەردووکی وەک یەک بێت لە هەموو لایەکەوە، ئەمڕۆ بەرچاوە لە ئەوروپا لەگەڵ بەغدا لەوانەیە لەگەڵ شوێنەکانی تر، بەڵام دەبێت لەگەڵ هەموو لایەک هەڵوێستی پارتی و یەکێتی وەکو یەک بێت، ئینجا زۆر ئیجابی دەبێت هەڵوێستی خیتابی یەکگرتوو دێتە پێش و، خیتابی سیاسی یەکگرتوو ئەبێت، لە گۆڕانکاری دوارۆژ بەتەئکیدوە بۆ بەرژەوەندی ئێمەیە بۆ بەرژەوەندی عیراقە کە هەڵوێستی یەکگرتوو بێت، مەسەلەی سنوور کە باس کرا بەرەئی ئێمە کە دوای گۆڕانکاری دوای ئاشتی دوای لابردنی رژێمی دیکتاتۆریەت بڕیاری خەڵکە و، بڕیاری خەڵک بەم جۆرە دەبێت، چ بەرژەوندیەکی هەبێت ئەوی بکات باشترە، بە تەئکیدەوە بەر لە ٣٥ یان ٣٦ ساڵ نازانم لەبیری هەندێ برادەران بێت، لە مەتالیبی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول ئەوە بوو، دەبێت بگەڕێنەوە ئیحسائی ٥٧، چەند لادێیەکی دەورو بەری کەرکوک لادرا بوو و، چەند شوێنێکی تر دەستکاری کرا بوو، زۆر کەم١٠٪ی ئەمڕۆ نەدەبوو، بەڵام دیسان سەرکردایەتی شۆڕش شەرتی دانابوو دەبێت بگەڕێینە ئیحسای ٥٧ جا ئەوەش شتێکی تەبیعیە بەڵام دوای ئیستقرار و ئیستقراری وەزع لە عیراق دوای لابردنی رژێمی دیکتاتۆریەت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ کاک یۆنادم، بەراستی ئەویش رووناکی خستە سەر چەندین خاڵی گرنگ کە شایەنی ئەوەیە لەسەری بووەستین و لێکیان بدەینەوە، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڕێزان لە سەرەتادا دەست خۆشی دەکەم لەو هەنگاوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە موناقەشەی ئەو تەتەورەی کە لە ناوچەکە و لە دنیا روو دەدات بکرێتە باس لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، گشتمان دەزانین تەتەوراتێکی گەورە بووە لەسەر سەعیدی دەرەوەو دوەلی و ئیقلیمیشەوە، بەتایبەتی ئەگەر وەری گرین دوای ١١ی ئەیلولی کە ئەحداسەکان لە ئەمەریکا روویدا تەئسیری هەیە لەسەر ناوچەکە و لەسەر جیهان، بەتایبەتی دوای حەسمی وەزع لە ئەفغانستان عەسکەرییەن، زۆر کەسیش وا تەقدیر دەکات کە جەنگی سێیەمی جیهانی بەناوی دژی تیرۆر رووبدا، ئەگەر ئینعیکاساتی خۆی هەبێ و، ناوچەی ئێمە دەگرێتەوە بە عیراق و کوردستانیشەوە، لەبەر ئەوە دەبێت بزانین ئێمەش دەگرێتەوە و، ئەگەر ئێمە بگرێتەوە دەبێت حیسابێک بۆ خۆمان بکەین، ئەوە دیمان یەکێکی لە رووداوە گەورەکان کە روویدا مەسەلەی ئیسرائیل و فەلەستینیەکانە، بەراستی دەبێت حەسم بکرێت و، بەداخەوە عەسکەرەکانی ئیسرائیل بە ئیشارەتی سەوزی ئەمەریکا توانیان زۆر شت حەسم بکەن لە سالحی تەوەجووهاتی شارۆن دژی ئەو گەلە خۆڕاگرە گەلی فەلەستین، من ناڵێم لەناو گەلی فەلەستین کەسی خراپ نییە، بەلام کێشەی گەلی فەلەستین کێشەیەکی عادیلە، لەبەر ئەوەی کێشەیەکی عادیلە چارەسەرکردنی لە بەرژەوەندی کوردە، لەو مونتەلقەوە من بۆی دەچم، چونکە ئەگەر کێشەی فەلەستین چارەسەر کرا، تەئسیری دەبێت لەسەر کێشەی دووهەم لە رۆژهەلاتی ناوەراست کە کێشەی کوردە، عیراق یەکێکە لە ئەهدافی رەئیسی لە زیمنی حەملەی دژی تیرۆر، لەبەر ئەوەی ئەو نیزامە حیساب کراوە لەوانەی کە یارمەتی ئیرهاب دەدەن و، مێژوویەکی رەشیشی هەیە دژی گەلانی عیراق و دژی گەلانی ناوچەکە و، تەئیسریشی هەیە لەسەر موخەتەتات و ستراتیژیەتی ئەمەریکا و ئەوروپا، لەبەر ئەوە عیراق مەتلوبە لێی گۆڕان، ئەو گۆڕانەش زۆربەی زۆری ئیدارەی ئەمەریکی قەراری وەرگرتووە گۆڕانکاریەکە جەزری بێت، بە گۆڕانکارییەکەی نیزامی عیراق بێت، وەک چۆن لە ئەفغانستان گۆڕا و، زۆریش تەجروبە دەکرێت لە تەجروبەی ئەفغانستان رەغم ئیختلافێکی زۆر هەیە لە نێوان عیراق و ئەفغانستانیش، لەوانەیە عیراق دوو رێگای لە پێشە یان ئەوەتە قبوڵ بکات بە قەراراتی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەجلیسی ئەمن، قبوڵ بکات بە گەڕانەوەی لیژنەکانی تەفتیش و قەراراتی (عقوبات ذکیە) مل کەچ ئەبێ بۆ ئەوە ئایا ئەگەر ئەوەشی کرد بەگوێرەی تەسریحاتی مەسئولینی عیراقی، هەر وازیان لێ ناهێنن، لەبەر ئەوە نیزامی عیراق ئێستا لەگشت کەسێ ئیحتیاتاتی خۆی وەرگرتووە و، مەسئولەکانیشیان نایشارنەوە و زۆر خەتەواتیش دەهاوێ بۆ

ئەوەی ڕێگا بگرێت کە ئەو گۆڕانکارییە لە عیراق زوو نەبێت، بەڕاستی گەلانی عیراق و گەلی کوردیش موتابەعەی ئەو وەزعە دەکات، بەنیسبەت ئێمەوە لەوانەیە قەراری ئێمە نەبێت کە ئەو گۆڕانکارییە لە عیراق ببێت، ئەوە قەرارێکی دوەلییە قەرارێکی ئەمەریکا و حولافایەتی، ئایا کورد لێرە چ بکات باشە؟ دەوری چی بێت؟

ئەمەریکا بەرژەوەندی هەیە لەناوچەکە، ئێستا گۆڕانکاری زۆر کرایە لە خەلیج، دوای چاوپێکەوتنەکانی (W BOSH) لەگەڵ ئەمیری سعودییە، وتی برایان ئێوە دۆستمانن و بەرژەوەندیشمان زۆرە، بەڵام ئیسرائیل لەبان ئێوەیە، دەبێت بزانین کە ئەمەریکا حولەفای خۆی هەیە و، دوو حەلیفی ستراتیژی هەیە لە ناوچەکە ئەویش ئیسرائیل و تورکیایە، دەبێت کوردیش حیسابی خۆی بکات، لەبەر ئەوە قەلقیێک و ترسێکی زۆر لەناو گەلەکەمان پەیدا بووە، هەتا تەئسیراتی خۆی هەیە لەناو قوەی سیاسی و هەتا لەسەر وەزعی گشتی ناوچەکە، لە کوردستانیش کە رکودێکی ئابووری گشتی هەیە، لەبەر ئەوە من وا تەسەوڕ دەکەم دەبێت خۆمان حازر بکەین، ئەگەر هاتوو عیراق قەبوڵی کرد بە لیژانی تەفتیش و عقوبەی زەکیە، ئەوەش لەوانەیە هەندێ شت تاخیر بکات، خەتریش لەوە لەسەر ئێمە هەیە چونکە قەراری (عقوبات زكيە) بەشی کوردی تێدا نییە، دیار نەکراوە بە قانون بەشی کورد و، کە حیساریش لەسەر عیراق هەڵبستێت، ئێمە ئەکەوینە ژێر فشارێکی تازە، ئەکەوینە ژێر فشاری نیزامی عیراقی ئینجا ئەو نیزامە چەندێک تەفاعوول دەکات لەگەڵ ڕووداوەکان، چەندێک مل کەچ دەبێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان، تا ئێستا ئەو نیزامە هیچ گۆڕانکاری نەکردووە، لەکاتێکدا کە لە خراپترین وەزع بەردەوامە لەسر تەعریب کردن و تەهجیر و لەسەر تەغییری دیمۆگرافیای ناوچەکەمان، لەبەر ئەمە کورد سێ ڕێگای لە پێشە یان ئەوەیە دەبێت موشارەکە بکات لەو قەرارە، یان دەبێت موتەفەریج رابوەستێت یان ئەبێت دژ بێ، ئایا کورد لێرە سەرکردایەتی سیاسی مەفروزە ئەم مەسەلەیە سیاسیەن حەسم بکات، من خۆم شەخسی داوا دەکەم چونکە سوقلی ئەساسی وەک کاک یۆنادم وتی کورد دەورێکی سەرەکی دەبێت لە دوارۆژی عیراق و گۆڕانکارییەکان، لەبەر ئەوە دەبێت کورد خۆی حازر بکات، مەوقفی کوردیش تەئسیری خۆی هەیە، لەوانەیە لە موتەفەریجی یان لە عدم مشارکە زۆر قازانج نەکات، لەبەر ئەوەی ئێمە قوەی فاعیلەین، ئێمە دەبێت چاوەڕێ بکەین بۆ ئەم ئیشە، ئەگەر کرا بە ئیرادەی ئێمە نییە بە قەراری ئێمە نییە، کەبوو بە ڕەئی من دەبێت کورد دەورێکی گرنگی هەبێت، دەوری فەعالی هەبێت، لەبەر ئەوە گۆڕانکارییەکە گشت دەگرێتەوە، عیراق و کوردیش دەگرێتەوە، پارتە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی ئەم مەسەلەیە زۆر بە جدی وەربگرن، ئەو سەفەرەی بەڕێز کاک مەسعود دوای ئەوە بەڕێز مام جەلال بۆ دەرەوەی عیراق و کۆبوونەوەیان لە ئەڵمانیا، هەروەها وجودیان ئێستا لە ئینگلترا، بەڕاستی ئەوە دیبلوماسیەتێکی کوردی بووە لە کاتێکی زۆر باشدا، من قەناعەتم هەیە کە سەرکردایەتی کوردی ئەم جارە دەبێت تەنسیقێکی باشی هەبێت لەسەر سەعیدی جیهان و لەناو موعارەزەی عیراقی

هەروەها لەسەر سەعیدی ناوچەکە، دەبێت ئێمە ئەو گۆڕانکارییانەی روو دەدەن دەبێت لە بەرژەوەندی کێشەکەمان بێت، دەبێت لە بەرژەوەندی مافی گەلی کوردستان بێت، کە خۆتان دەزانن ئەو گۆڕانکارییە ئەوە نییە بزانین ئێمە جیهەتێکین یان نا ء ئێمە موسبەقەن بزانین بەرنامە چیە؟ لە ئەفغانستان موعارەزە هەبوو، موعارەزی شیمال هەبوو قوەتی هەبوو، بەلاّم کە گۆڕانکارییەکە کرا کەسێکیان هاورد لە دەرەوەی ولاّتەوە دایان نا، ئینجا ئێستا چاوەڕێ دەکەن بزانن بەرنامەی ئەم مسئولە چۆنە؟ ئەوە نییە بلێین ئێستا بزوتنەوەیەکی گەل هەیە لە باشوری عیراق یان لە لایەن جیهەتێکی یان تەیارێکی سیاسیەوە یان لە موعارەزەیەکی ناسراوەوە کە بەرنامەی بزانین مەوقفی چیە لە قەزیەی کورد، لە فیدرالیەتەکەمان، ئێستا یەکێک لە شتە گرنگەکان تەرح دەبێت لە عیراق لەناو موعارەزە و هەتا لەسەر سەعیدی شەخسیاتی سیاسی فیدرالیەت بۆ عیراق، فیدرالیەتێکی سیاسی بۆ پارێزگاکان بکرێت، ئایا ئەوە ئێستا بلاّوی دەکەنەوە؟ قسەی لێ دەکەن، ئایا ئەمە هەتا چەند بەرژەوەندی کوردی تێدا هەیە؟ ئێمە لەگەڵ فیدرالیەتێکی میللین، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین لامەرکەزیەت ببێت، هەر پارێزگایەکی دیش وەک لە هۆڵەندا یان لە هەندێ شار پارێزگای خۆی لامەرکەزیەتی خۆی هەیە، فیدرالیەتی خۆی هەیە، ئێمە کێشەی گەلێکمان هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت لە ئێستاوە ئێمە حیسابێکی بۆ بکەین، چونکە ئەو بەرنامەیە لە فیکری زۆر کەسدا هەیە، (بما فیهم) لە مێشکی ئەوساتی خارجی، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت فیکر بکەینەوە بە جدی دەربارەی ئەم مەسەلەیە چی پێویستە، ئەگەر کورد ئەوها دوو موقاتەعە ببێت بەراستی لەوانەیە ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکرێت بلێت فیدرالیەت بدەین بە کامە موقاتەعە، لەبەر ئەوە دەبێت کورد باش فیکر بکاتەوە لە خۆی لەبەر ئەوە زۆر پێویستە بۆ کورد زۆر هەنگاو بنێ، لەپێشیانەوە دەبێت مالّی کورد و کوردستان یەک بکەین، ئەو دوو لەتیە نەهێڵین، با دووژمنان و ئەوانەی دێنە سەر حوکم ئەوە ئیستغلال نەکەن بە شێوەیەکی خراپ بۆ ئەوەی فیدرالیەتەکەمان تەسبیت نەبێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین گۆڕانکاریەک ببێت لە عیراق نە بەس فیدرالیەتەکەمان بپارێزێت بەڵکو تەتەوری پێ بکات، چونکە زۆر ناوچەمان هەیە کەوتۆتە بەر دەستی حکومەتی مەرکەزی ئێستا بەرە و تەغییرێکی تەواون تەعریب دەکرێت تەبعیس دەکرێت، ئینجا ئەویش دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ ئێمە، ئەبێت تەنسیقێکی زۆر باش ببێت لە نێوان پارتی و یەکێتی دەربارەی ئەو بابەتە، دەبێت بەرژەوەندی گەلەکەمان بخەینە بەرچاومان، نەک گۆڕانکارییەک ببێت هەر لایەک رابکات بەرە و حکومەتی مەرکەزی تازە لەسەر حسابی کێشەی گەلەکەمان، ئەوە رووی داوەو رووش دەدات، بەتایبەتی هەندێ لایەن کە بەرژەوەندی تەسک بخەنە پێش و بەڕێز کاک مەسعود لەم هۆڵەدا وتارێکی وت بۆ بەرژەوەندی گشتی ئێمە حزبایەتی ئەکەینە لاوە و شەخسایەتیش ئەکەینە لاوە و، وتەی کاک مەسعود دەبێت ببێتە بەرنامە بۆ گشت حزبێک و بۆ گشت کوردێک لە کوردستاندا، دەبێت تەنسیقێک بۆ خۆمان بکەین لەگەڵ خاوەن قەرار، نابێت تەجاهولی ئەمەریکا بکرێت هەتا دوەلی ئیقلیمش کە ئەوانە لەوانەیە

دەورێکی گرنگیان هەبێت، لەگشت شوێنێک و ولاتێک دەورێکی گرنگی هەبێت لە گۆڕانکاری لە ئەفغانستان و لە پاکستان دەوری گرنگی هەبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە روسیا و تورکیا و ئێران و ولاتانی تریش دەوریان هەبووە، بەڵام پاکستان دەوری حاسمی هەبوو، هەروەها لە عیراقیشدا لە گۆڕانکارییەکە لەوانەیە دەولەتێکی ئیقلیمی ببێتە ئەساس بۆ ئەمەریکا لە گۆڕانکارییەکان، دەبێت کورد ئەوە زۆر بەنەزری ئیعتیبار وەربگرێت، لە ئێستاوە فیکری لێ بکاتەوە، دەبێت کورد لە ئێستاوە فیکر بکاتەوە شتی ئینفعالی نەکات، غەیرە مەدروس نەکات، زۆر کەس وا تەسوڕ دەکات ئەڵێت ئێمە رائەکەین کەرکوک دەگرین، خانەقین دەگرین و دەیان خەینە بەردەستمان مەوازینی قیوا دەگۆڕین و، یان ئیتیفاقی واشنطن تەنفیز ناکەین هەتا تەغیرێک دەبێت لە عیراق ئەو کاتە وەرەقەکەی من بە توانا دەبێت، بەرەئی من ئەوە زۆر لە وەهمە ئەو کەسە، ئەوە بەرژەوەندی میللەتەکەی خۆی ناخاتە بەرچاوی لەبەر ئەوە من واتەسەوڕ دەکەم دەبێت کوردەکە لێرە یەک بێ هەر هەنگاوێک بهاوێ دەبێت بزانی ئەمە تەئسیری سلبی هەیە و ئیجابی لەسەر قەزیەکەمان، ئێمە لە حەقی خۆمان تەنازول ناکەین لە کەرکوکی خۆمان تەنازول ناکەین لە خانەقین تەنازول ناکەین، بەڵام چۆن؟ ئایا بەو ئسلوبەی مونافەسە بۆ ئەوەی بڕۆین ئیشێکی ئینفعالی و عاتیفی بکەین کە بگەڕێتەوە بە زەرەر بۆمان، ئەوە بەرەئی من باش نییە بکرێ، ئەبێت مەوقفێکی موەحەدمان هەبێت لە فیدراڵیەت، هەر برادەرێک وای تەفسیر نەکات، یەعنی فیدراڵیەت بەنیسبەت ئێمەوە وەک نان و ئاوەکەیە، دەبێت مەوقفێکی موشتەرەکمان هەبێت نەک بەس پارتی و یەکێتی دەبێت حزبەکانی تریش هەتا ئەو حزبانەی کە بە کورد خۆیان حیساب ناکەن، مەبەستم تورکمان و ئاشورییە، دەبێت باش بزانن ئەوان لە سایەی کوردستانەوە حقوقیان وەرگرت نەک لەسایەی عیراقەوە، لەبەر ئەوە مەدخەلێکە بۆ کێشەکەیان لە عیراقی دوارۆژ، ئەبێت هەوڵ دەین موکتەسەباتی گەلەکەمان لەدەست خۆمان نەدەین ئەگەر زیادی نەکەین، بەتایبەتی قەراری ٩٨٦ قەراری ٦٨٨ ئەمە دەسکەوتی گەلەکەمانە بەتێکۆشانێک و تەزحیاتێکی زۆر ئێمە ئەو دوو قەرارەمان وەرگرتووە، لە١٣٪ یان داوە پێمان کە حەقێکی زۆر کەمە بۆمان، ئەبێ هەوڵ بدەین لە میزانیەی داهاتوو لە دوارۆژی داهاتوو لە فرۆشتنی نەوتەکە کوردەکە حەقی خۆی وەربگرێ ئەو١٣٪ تەتەوڕ بکات ونیسبەتی خۆی وەربگرێ، دەبێ هەوڵ بدەین لە شارەکانی کوردستان، نابێت تەنازول بکەین لە شارێکی وەک کەرکوک و خانەقین و ئەوانە، دەبێت هەوڵ بدەین بەگشت توانامان بۆ ئەوانەی تەرحیل کراون بگەڕێنەوە حقوقیان وەربگرن و، ئەو سیاسەتەش رابگیرێ کە تەعریبی کوردستان دەکات، دەبێت هەوڵ بدەین تەنیسیقێکی باشمان هەبێت لەگەڵ موعارەزەی عیراقی، دەبێت زمانێکی موشتەرەک بدۆزینەوە لەگەڵ موعارەزەی عیراقی، بۆ ئەوەی ئەو برادەرانە تێ بگەیەنین کە دیموکراتیەت لە عیراق نابێت ئەگەر حقوقی قەومیەتی کوردی تیا نەبێ، چونکە مەسەلەی حقوقی قەومیات لە عیراقدا (وجهین لعملة واحدة)، باش تێبگەین، حکومەتەکەمان دەبێ ئیجرائات لە ئێستا وەربگرێت ئەحزابمان

موئەسەساتمان، بەراستی ئەگەر هاتوو لە عیراق درا دەبێت حیساب بکەین زۆر شت روو دەدات، ئینجا دوەلی ئیقلیمی بێت، تەخریباتی ناوخۆ بێت قیوای رەددە لەناو کوردستاندا بێت، دەبێت ئێمە لە ئێستاوە ئیحتیاتاتی خۆمان هەبێت، حکومەتەکەمان ئیجرائات و شتی خۆی بکات، زۆر شتیش هەیە باشە چارەسەر بکرێت پێش وەخت زۆر زەرورییە، زۆر شتمان لەناوەوە هەیە بەرەئی من ئەغەراتە لە ئەمنی قەومیمان ئەو PMFH چییە لێرە، ئەو موئسەساتە موخابەراتە لە کوردستان چیە ماوە؟ باشە بەپێی یاساو قانون بێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەو پەڕی پەیوەندیمان باش بێت لەگەڵ ئیراندا لەگەڵ تورکیا لەگەڵ سوریا لەگەڵ هەر وڵاتێکی دۆست دا دەبێت هەوڵ بدەین، پەیوەندییەکانمان خراپ نەکەین بەتایبەتی لەو مەرحەڵەیە، ئەو پەڕی مرونەتمان هەبێت، من لەگەڵ ئەوەم چونکە بەرژەوەندیمان وەک یەکە، با نەکەین وا دەولەتێک دژمان بێت و لەومونعەتەفە وەک دووپشک پێمانەوە بدات، لەبەر ئەوە بەرژەوەندیمان پێویستە زۆر شت بکەین، ئەبێت هەوڵ بدەین لە حکومەتی تازەی ئایندەی عیراق کورد هامیشی نەبێت، دەبێت دەوری فەعالی هەبێت و دەبێت موقەرەبیش بێت، چونکە ئەساسەن گۆڕانکاری، ئەگەر کوردی تێدا نەبێت لەوانەیە گۆڕانکاری ببێت بەڵام لەنگ دەبێت، من لەگەڵ ئەوەم ئاشتیەکی سەرانسەری زوو بکرێت و ئیبیتفاقیەی واشنتۆن تەنفیز بکرێت و، موساڵەحەیەکی وەتەنی شاملیش ببێت، شتەکە ئیقتیسار نەکرێت لەسەر پارتی و یەکێتی با گشت حزبەکانی کوردستان موشارەکەیان هەبێت، حەسب حەجمی و ئیمکانیاتی لە موسالەحەی وەتەنیەتدا، لەگەڵ ئەوەم لە ئێستا حکومەتمان و پارتیمان و گشت حزبەکان هەوڵ بدەن حەددێک دابنێن بۆ تیرۆر لە کوردستان ئیغیتالات و تەخریبات، چونکە لەو مونعەتەفانە زۆر بە قووەتە بگرین و، خەتەرێکی گەورەش دەبێت، ئێستا شەڕ دژی تیرۆرە، دەبێ رێگا بگرین لەوانەی کە بەناوی تیرۆر یان غەیری تیرۆر بێت کە ئێستا بوونە خەتەر لە کوردستان و لەوانەیە ئیستغلالیش بکرێت لە لایەن هەندێ دوەلی ئیقلیمی، موعالەجەی سەغەراتمان کەم و کوڕیمان لە هەرێمدا زۆر زەرووریە، بەشێک لەوانە پەیوەندی هەیە بە قەوانین و حوکمەتمان بەشێک لەوانە پەیوەندی هەیە بەیاساو و، بەرای من ئەبێت پەرلەمان هەڵبستێ بەو هەنگاوە لەگەڵ حوکمەت، ئەبێ ئێمە هەوڵ بدەین لەناو کوردستاندا لەناو ماڵی کوردستاندا هەندێ گرفتی بچوکمان هەیە معالەجەی بۆ بدۆزینەوە وەک قەزیەی تورکمان و ئاشوری بەرێگایەکی قانونی و دەستوری بۆ ئەوەی رێگایان لێبگرین لە مویالەغاتیان ونەبنە طابورێک بۆ دوژمنانی گەلەکەمان بۆ ئەوەی رێگا بگرین لە هەندێ کەس خۆشمان وا تصور بکەین بە میزاجیەت ئەتوانین حەلی موشکیلەی کێشەی ئەو گەلانە بکەین، من داوای لێبوردن لەکاک یونادم دەکەم کە بەنیسبەت طابوری پێنج مەبەستی ئاشوریەکان و تورکمان نییە ئەوانەی کە دوژمنی تورکمان و ئاشورین لەناو تورکمان و ئاشورین لەناو کوردیشن چونکە من پێش وەخت گوتم بەنیسبەت ئیرهابیەکان و شتەکان لەناو کورد لەناو گشت میللەتێک طابوری پێنج هەیە و، لەپێشیانەوە کورد بەڵێ ئینجا لەبەر ئەوە من واتەسەور دەکەم ئەبێت هەوڵ بدەین بەگشت

جهودمان بەگشت ئیمکانیاتمان لەم زروفە ناسکە لەو مونعەتەفە بەراستی ئەبێت زۆر لەمستەوای بەرزەوە تەماشای کێشەکان بکەین و من تەوەقوع دەکەم پارتی و بەڕێز کاک مەسعود وقیادەی سیاسی کوردستان باش ئەتوانن ئەو موهیمەتە بەسەر کەوتوویی لەسالحی گەلەکەمان بکەن و لەسالحی گەلانی عێراق و لە سالحی ئازادی و دیموکراتی لەکوردستان کە ئەبێت ئێستا لەگشت وەختێ زیاتر گرنگی پێ بدرێ لەبەر ئەوەی ئێمە چۆن داوا دەکەین ئازادی و دیموکراتی لە عێراق بێ، ئەگەر لەناو خۆمانا فقرات و هەتا موشارەکەی احزابیش وەکو پێوست نەبێت لە رەسم و تنفیذی سیاسەتا لەبەر ئەوە داوا دەکەم و زۆر سوپاسیشتان دەکەم کە ئەو فورسەتەتان دا بۆ ئەو قسانەو زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە بەراستی ئەو شتەی طەرح کرد بۆ ئەوەی زیاتر بتوانین رای خۆمان بدەین تەمەنای موەفەقی دەکەم بۆ گشت لایەک زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک عبدالخالق زەنگەنە، لەراستی دا ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان جێگای ئەوەیە کە هەموو رایەکی تێدا طەرح بکرێت و هەموو شتێکی تێیدا باس بکرێت بەسینگێکی فراوانەوە وەربگیرێت جا چ لەگەڵی بین یان چ دژی بین یان چ نیواو نیو لەو بەینە دابین هەموو ئەندامێکی پەرلەمان حەقی هەیە رەئی خۆی بەو پەڕی ئازادیەوە دەرببڕێت و بەرپرسیشە لەوەی بیری لێ دەکاتەوە بیلێت و طەرحی بکات، زۆر سوپاس جارێکی تر بۆ کاک عبدالخالق. بەڕێز کاک د.ناصح ئاخیر موداخەلە جا شەرتە بتوانێ بەبێ تکرار قسەکانی خۆی بکات فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی بەناوی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە ئەم بوارەتان ڕەخساند و ئەم بابەتە گرینگەتان خستە ناو کاری بەرنامەی ئەمڕۆ هەروەها بوارتان ڕەخساند بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان راشکاوانە ڕاو بۆچونی خۆیان لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆ و ئایندەی کوردستان و عێراق دەرببڕن. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەتایبەتی دوا دەساڵەی سەدەی پێشوو بواری گونجاو ڕەخسا بۆ پەیدا بوون و پیادە کردنی سیستەمی نوێی جیهان و جیهان گەرایی یان وەکو بە عەرەبی دەگوترێ (عەولەمە) بێگومان ئەو سیستەمەش هەم لایەنی ئیجابی هەیە هەم لایەنی سلبی هەیە، چونکە بۆ خۆی سیستەمێکی تازەیەو خەریکە جێگیر دەبێت، بەڵام بۆ ئێمەی کورد بۆ گشت گەلانی چەوساوەش بەتایبەتی ئەو گەلانەی کە بێ مافن و خاک دابەش کراون بێبەشن لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و دیموکراتی بەگەلی کوردیشمانەوە حەتمەن ئەم سیستەمە لە بەرژەوەندی میللەتەکەماندا بووە و، دەریش کەوت دوای وەرگرتنی بڕیاری (٦٨٨) ئێمەی کورد تا چ ڕادەیەک سودمان لەم سیستەمە تازەیە وەرگرت بێ گومان بەرامبەر بەم سیستەمە تازەیە دوژمنیش هەیە، هێزی ڕەش ئەو هێزەی

دژی ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی و مافی مرۆڤ و پێشکەوتنی گەلانە، ئەو هێزە رەشە دژایەتی ئەم سیستەمەی کرد هەر لە سەرەتاوە بەتایبەتی کە بواری بۆ رەخسا هەوڵی ئاژاوە نانەوە و گێرەشێوێنی دەدات و، ئێمە خۆمان لە کوردستانی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم ئەزمونە پواز و گێرەشێوێنیان دروست کرد دژی ئەزمونەکەمان، بەڵام خۆش بەختانە ئەزمونەکەمان بە پشتیوانی خواو هێزی لەبن نەهاتووی گەل توانرا ئەم ئەزمونە بەرەو پێش ببردرێت. ئەوانەی لە پشت هێرشەکەی (۱۱)ی ئەیلولی ساڵی ۲۰۰۱ بوون یان بەکارێکی رەوایان داناو پشتگیریان لێ کرد کەسانی بەناو ئیسلامی چەپ رەو و راست رەوی توند رەو هەروەها بە رژێمی عێراقەوەش هەم خۆیان و هەم ناوچەکەشیان توشی ئەم بارودۆخەی ئێستا کرد لە ئەنجامی ئەم سیاسەت و هەڵوێستەیان کە کردیان بێ گومان ئەم کارەساتە، ئەم سیاسەتە نارەوایە تەئسیری لە کێشەکەی ئێمەو هەروەها لە کێشەی گەلانی ناوچەش کرد بەتایبەتی لەسەر فەلەستینیەکان، من پێم وایە فەلەستین مانای گوناهی، ئەو کارەساتەی ئەمرۆ بەسەر گەلی فەلەستین هاتووە بەشێکی زۆری گوناهی ئەو تیرۆرستانەیە ئەو چەپ رەو و راست رەو و توند رەوانە بە هەموو لایەنەکانیانەوە کە لە ناو هەموو مەزهەب و ئاینەکاندا هەن. هەندێ دەنگۆ بەرزبۆتەوە کە گوایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین خەلک بێنن، فەلەستینیەکان بێنن بۆ عێراق لە عێراق نیشتەجێیان بکەن من پێم وایە ئەو هەڵوێستە ئەو سیاسەتە ئەو بانگەوازە ئەو دەنگۆیە ئەصلەن دژی کێشەی رەوای گەلی فەلەستینە و دژی فەلەستینیەکانە چونکە ئەمە داوای فەلەستینیەکان نییە بەلکو فەلەستینیەکان داوای چارەسەر کردنی کێشەکەی خۆیان دەکەن لەسەر خاکی خۆیان کە فەلەستینە و، دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی فەلەستینە کە ئێمەش بێ گومان وەکو کورد وەکو پارتی دیموکراتی کوردستانیش و وەکو پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستمان رون و ئاشکرایە بەرامبەر چۆنیەتی چارسەر کردنی ئەم کێشە رەوایەو دروست بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستین و، ئومێدیشمان وایە ئەو کێشەیە زوو چارەسەر بکرێت ئەو ئاگرەی ئێستا لەوێ تەشەنەی کردووە دامرکێتەوە چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت مانەوەی ئەو کێشەیە بەو جۆرەی کە ئێستا هەیە کاردانەوەی سلبی ئەبێت لەسەر ئێمەش مانای تەئسیراتی خۆی هەیە ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کورد هەیە لەم سەردەمەدا ئومێدمان زۆرە کە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ سەدەی رابردوودا بەتەئکید بەرەو پێش چووە هەڵوێستی ولاتە زل هێزەکان بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن بریارن ئەمریکا و بەریتانیا تارادەیەکیش فەرەنسا هەروەها روسیاش خەریکە دێتە سەر ئەم هێڵە گشتییە. وابزانم تا رادەیەک لە بەرژەوەندی چارەسەر کردنی کێشەی رەوای گەلی کوردستانە بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا بە پێی ئەو بەرنامەی کە کورد خۆی داوای ئەکات، ولاتانی ئەوروپاش بەتایبەتی پەرلەمانی ئەوروپا هەمان هەڵوێستی هەیە ئەگەر سەرنج بدەین لەم رۆژانەی رابردوودا لە دوا کۆبوونەوەی پەرلەمانی ئەوروپادا هەڵوێستێکیان وەرگرتووە لە چەند خاڵێکدایە لە رۆژنامەکاندا بلاوکراوەتەوە هەمان هەڵوێست و

هەمان داخوازی کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی هەمان هەڵوێستیان وەرگرتووە بەرامبەر چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەی کورد و چۆنیەتی پاراستنی ئەم ئەزمونەی کوردستان و چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی هێرشەکانی رژێمی بەغداد یان چارەسەر کردنی کێشەی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئەمەش بۆ خۆی جێی خۆش حاڵی وبەختەوەری ئێمەیە، بۆیە ئومێدمان وایە دوارۆژێکی گەشەدار بێتە ئاراوە، بێگومان سەرباری ئەمەش بەستنی کۆنگرەو سمینار و کۆبوونەوەی هاوبەش لە وڵاتانی ئەوروپا دەربارەی کێشەی کورد خۆی لە خۆیدا بایەخ دانە بە کێشەکەمان چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت کێشەی کورد کێشەیەکی زیندووە و، راستە لە عێراقدا ئەمە کێشەیەکی ناوخۆیە بەڵام لە قەوارەی خۆی دەرچووە ئەم کێشەیە کاردانەوەی یان تەئسیراتی بۆ دەرەوەش ئەبێت بۆیە چارەسەر کردنی لە بەرژەوەندی نەک تەنها کوردی کوردستانی عێراقە بەڵکو لە بەرژەوەندی هەموو گەلانی کوردستانی عێراقە بەگەلانی عێراقەوە هەروەها بە گەلانی ناوچەکەوە.

بەڕێزان بەڵێ دەبێ ئێمەی کورد ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێش هەموو شتێک خۆمان پابەندی یەک گرتنی گەلی کوردستان بێن یەک خستنەوەی ناو ماڵی کورد یەک خستنەوەی وتار و هەڵوێستی کوردی و کوردستانی ئەرکێکی سەر شانی هەموومانە. بڕیاری گرینگ و مێژوویی بۆ چۆنیەتی دیاری کردنی داخوازی و مافە رەواکانمان لە رۆژەدا لە چوارچێوەی کۆماری عێراقێکی فیدرالیدا ئەرکی سەر شانی هەموومانە وەکو چۆن سەرۆک بارزانی لە کردنەوەی ئەم خولەدا هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بە چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەی کورد روون کردەوە ئەبێ ئەمڕۆ ئێمە هەموومان پابەندی ئەم وتارە بین دیارە خۆش بەختانە پارتیمان پرۆژەیەکی ئامادەکردووە بۆ چۆنیەتی چارسەرکردنی ئەم کێشەیە وەکو باس کراوە، پرۆژەیەکی ئامادەکردووە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردستانی عێراق هەروەها عێراق وەکو چۆن باس دەکرێت هیوا دارم ئەم پرۆژەیەی ببێتە پرۆژەیەکی هاوبەش ببێتە پرۆژەیەکی یەکگرتوو هەم هەڵوێستی کوردی بەرامبەر بەم پرۆژەیە هەم هەڵوێستی موعارەزەی عێراقی بەرامبەر بەم پرۆژەیە ببێتە پرۆژەیەکی یەکگرتوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ناصح بە کورتی وەرەوە سەر بابەتەکە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

بەڵێ، بێ گومان هەڵوێستی رژێمی عێراق تا ئێستا نەگۆڕاوە بەرامبەر ئەم سیستەمەی کە بۆتە هۆی پەیدا بوونی ئەو ئاشتی و ئازادییە لە کوردستانی عێراقدا بۆتە هۆی کە تاکو ئێستا هەر بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتە ناڕەواکەی، بێ گومان وڵاتانی دراوسێش بمانەوێت یان نەمانەوێت لەم هاوکێشەیە بێ بەش نابن بۆیە ئەبێ ئێمە شتی وا نەکەین کە کار لە هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ بکات کە زیان بە ئەزمون وچۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەکەمان بگەیەنن. سەفەری پێشوی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی کە ئێستا لە ئەوروپادایە بێ

گومان ئەم سەفەرە کاردانەوەی ئیجابی دەبێت چونکە وڵاتانی خاوەن بڕیار وڵاتانی زل هێز وڵاتانی ئەوروپا چاوەڕوانی ئەوە ئەکەن کە چۆن کورد خۆیان ئەیانەوێ کێشەکەیان چارەسەر بکرێت لەم گۆرانکاریەی کە چاوەڕوان دەکرێت بە تەئکید هەڵوێستی جەنابی سەرۆک بارزانی کە هەمیشە خەم خۆری گەلانی عێراق بووە و خەم خۆری گەلانی کوردستان بووە بەرژەوەنی باڵای کوردستان و گەلانی عێراقی هەردەم لەبەر چاو بووە، بە تەئکید ئەم هەڵوێستە کاردانەوەی دەبێت لە بڕیاردان بۆ دیاری کردنی چارەنوسی ئایندەی عێراق، هیوادارم ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر پێویستە کە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن جێبەجێ بکرێت ئەم پەرلەمانەی ئێمەش مینبەرێکی پیرۆزە و بێ گومان دەور دەبینێت لە دیاری کردنی ئەو داواکاریانەی کە چارەنوس سازن بەرامبەر بە ئایندەی کوردستان و عێراق. هیوادارم برایانی تری لیستی سەوز یان فراکسۆنی سەوز ئەوانیش بێنەوە بۆ ئەوەی لەم بارودۆخە ناسکەدا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستێکی یەکگرتوومان هەبێت بەرامبەر بە چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەی کوردستانی عێراق هەروەها چۆنیەتی دیاری کردنی مافی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدرالی دیموکراتیدا ئەو فیدرالیەتەی کە پەرلەمانی کوردستان لە (٤/١٠/١٩٩٢)دا بانگەشەی بۆ کرد، لەگەڵ سوپاس و ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز کاک د.ناصح، لە ڕاستیدا دانیشتنەکەمان بە تەئکید هەر چەندە درێژەی کێشا بەسوود بوو بابەتی زۆر باس کراو تەرح کرا و، ناشی شارمەوە بەبێ پەردەو بەبێ قیود لەڕاستیدا قسە لەم بابەتە دەکرا من دەتوانم کورتەیەکی ئەم قسانەتان بۆ بڵێم کە خۆتان کردتان کە تەرح کرا بۆ ئەم بابەتانەی کە لە ڕاستیدا گرینگن و پێویستیان بە هەڵوێستە و لێکدانەوە و تێڕوانین هەیە، شاراوەش نییە لە زروفێکی زەحمەتا کەموکوری دەردەکەوێت لەم زروفەشدا پێویستی زیاد دەبێت بە چارەسەر کردنی ئەم کەموکوریانە ئەمڕۆ لە زروفێکی وا دەژین ڕاستە هیچ شتێ مەعلوم نییە کە چ دەبێ چ نابێت عەیبیش نییە بڵێین لامان مەعلوم نییە. ئێستا ئەمریکا نەبێت لەوانەیە کەس نەزانێ ئەمریکا چ دەکات زۆر بە ئاسانی دەتوانم وا باسی بکەم ئەمریکا نەبێت کەس نازانێ، ئیسپاتیش بۆ ئەوە هەر چ دەوڵەتی تر هەیە لە ئێمە دەپرسن ئەمریکا بیر لە چ دەکاتەوە بیکات و چ دەکات چونکە ئەزانن کورد کلیلی قەزیەکەیە کورد سەنگێکی قورسە لەناو نیزامی ئیشەکە بۆ ئایندەی عێراق. کورد دەور دەبینێ ئەوە زانراوە لەبەر ئەوە هەموو خەڵکی تەصەور دەکات ئەمریکا شتی بۆ کورد گوتووە و کورد دەزانێ چ بووە حەلیفی گەورە گەورەی ئەمریکا نازانێ چ دەبێت ئێمەش وەکو ئەوانین بەڕاستی نازانین چ دەبێت، بەڵام گوێمان لە تەسریحاتە ئەوەی کە دەینوسێ دەڵێ ئەوە تەسریحاتی سەرۆکی ئەمریکایە هی وەزیری دیفاعە ئەجهیزەیانە ئیعلامیانە شتیانە هەموو داوا دەکەن گۆرانکاری ببێت، عێراق بگۆڕێت و بڕوخێت نەک تەنها ئەوندە بگۆڕێت بەڵکو تەسریحاتی گەورەتریشیان هەیە دەڵێن ئێمە تەنها بە

ئینقیلاب رازی نابین دەبێ گۆڕانکاری لە عێراقدا بنەڕەتی بێت بگونجێت لەگەڵ ئەو تەیارە جیهانییەی هەیە لەگەڵ مافی مرۆڤ و حەقی گەلان، ئەمە ئێستا تەرح دەکرێت بەڵام نایشارمەوە لێتان لە قسە زیاتر هیچی تر نییە ئەمە لە لایەک، بەنیسبەت ئێمە خۆ ئێمە خۆمان بۆ ئەمە بێ دەنگ ناکەین بڵێین تەنها قسەیە (دوکەڵ بێ ئاگر نابێت) قسەی بە بەلاش ناکەن ئەو قسە دیارە شتێکی لە دوادایە لەبەر ئەوە واجبی ئێمەیە بیری لێ بکەینەوە ئەگەر هەر شتێکی لە دوا بوو مەوقعی ئێمە چ دەبێت؟ ئەگەر هاتوو لە عێراقیان دا ئەگەر هاتوو پەلاماری عێراقیان دا بە هەر شێوەیەک بێت بێت لەو شێوانەی کە لەوانەیە ئەمڕۆ نیزامی عێراقی بگۆڕن ئایا مەوقفی کورد چ دەبێ کورد دەبێ چی بکات؟ تەبیعی لە قسەکانی هەمووتان و لەو شتانەی کە تەرح کراوە کە شتێکی سەرەکیشە کورد وەختێک بەشداری شتێک دەکات لە بەرژەوەندی خۆی دابێت ئەگەر گۆڕانکاری دیموکراتی هەبێت لە بەرژەوەندی کوردە ئەگەر مافی میللەتی کورد تەئمین بکرێت لە بەرژەوەندی کوردە ئەگەر ئەم بارودۆخەی کە ئێستا هەیەتی سبەینێ وەزعەکەی باشتر بێت لە میللەتی کورد دەدات بەڵام ئەگەر وەزعی خراپتر بێت وەڵڵا لە بەرژەوەندی کورد نییە زۆر بە بەساتەت ئەو شتانەیە کەوامان لێ دەکات بیری لێ بکەینەوە بۆیە زۆر چاکە ئێمە وەکو پەرلەمان بیر لە زۆر شت بکەینەوە نەک هەر بیری لێ بکەینەوە وەکو لیژنەی پەرلەمان دانیشین دیراسەی بکەین و فکرەیەکمان هەبێت بۆ نمونە: ئێمە ئەڵێین ئەگەر هاتوو مافی کورد تەئمین کرا ئێمە بەشداریی دەکەین هەموو کەسێ وا دەڵێت وانییە؟ باشە ئەو مافە چییە ئێمە تا ئێستا بڕیارێکی پەرلەمانمان هەیە دەڵێت بڕیاری فیدرالیەت بۆ نمونە وردمان نەکردۆتەوە ئەم بڕیارەمان عەمەلییەن وردنەکردۆتەوە ڕاستە محاوەلات هەیە لەم لاو لەم لا بەڵام وەکو پەرلەمانی کوردستان تەصەور دەکەین خراپ نییە ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تر بیری لێ بکەنەوە ئەم فیدرالییە چییەو چۆن دەبێت، باشە فیدرالیەتی کوردستان چییە و چۆن دەبێت نابێت لکاو بێت بە عێراقێکی فیدرالییەوە ئەم عێراقە فیدرالیە چۆن دەبێت؟ مانای حەقە لە ئێستاوە بیری لێ بکەینەوە شتێکمان هەبێت فکرەیەکمان هەبێت لەم بارەیەوە ئەمە لە لایەک، لایەکی تر گرینگە بەراستی زۆر گرینگە کاک عبدالخالق تەرحي کرد تەدەخولاتی ئیقلیمی زۆر گرینگە بەیانی ئەمریکا ئیعتماد بکاتە سەر هەر وڵاتێک لە گۆڕانکاری لە عێراق ڕاستە بەشی زۆری لە بەرژەوەندی ئەم وڵاتە دابین دەکرێت بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە بەرژەوەندی میللەتی عێراق دەبێت بەرژەوەندی زۆر وڵاتانی تر پشت گوێ دەخرێت مانای زۆر وڵاتانی تر دژی ئەمە دەبن مانای عەمەلییەن ئەمریکا بتوانێ تێی بگەیەنێ تەدەخولاتی ئیقلیمی عەسکەری نە لە بەرژەوەندی میللەتی عێراقەو نە لە بەرژەوەندی گۆڕانکاری دیموکراتییەو نە لە بەرژەوەندی دراوسێکانی عێراقە و، ئەمە لە ڕاستیدا لە ئەفغانستانیش بینیمان ڕاستە مەرکەزی سیقلی پاکستان بوو بەڵام نەیهێشت پاکستان هیچ کار لە ئەفغانستان بکات ئێستاش ناهێڵێت هیچ بکات عەمەلیەن وای کرد پاکستان تەئیدی بکات لەوە زیاتر نەبوو لە مەوزوع تەئیدی بکات و بیرێکی بۆ بنوسێ و بەکار بێت، دەورێکی

ئەوها گرینگە بەڵام ئێمە دەبێ ئەوە زیاتر بخەینە ڕوو چونکە ئێمە نایشارینەوە بەناوی کوردستان قسە دەکەین هیچ کەسێک لەوانەی کە هەڵبژێردراون کە ئەو دەورە ببینن کە لەو مەوزوعە بەشداریی بکەن هیچ کەسێ لەوانە پشتگیری نە لە تەجروبەی دیموکراتی ئێمە دەکات حەز دەکات بمێنێتەوە ئێمە وەکو کورد ئەگەر سەیری بکەین بێجگە لە شتی تر کە پەیوەندی بە ئاڵای عێراقەوە هەیە، پەیوەندی بە دراوسێیەکەوە هەیە، بە خەڵکانێکی ترەوە هەیە لەبەر ئەوە تەصەور دەکەین ئەگەر ئەو شتە بە وازحی تەرح بکرێت و خۆشمان دیراسەتی بکەین لە دانیشتنی تایبەتیدا لە کۆنگراندا لە لیقائاتی دیبلۆماسیدا تەرح بکرێت لەوانەیە ئەوەش بەرێکی هەبێت بەرێکی واقعی دەبێت ئەمەش خاڵێکە کە لە ڕاستیدا باسی بکەین خراپ نییە، خاڵی تر کە هەرە گرینگە لە ڕاستیدا جێگای زۆر خۆشحاڵییە لەوانەیە زۆر کەس وا تەصەور بکا ئەڵێ ئەوە یازدە ساڵە دە ساڵە تەجروبەیەکی دیموکراتیمان هەیەو پەرلەمانمان هەیەو حکومەتی هەرێممان هەیەو بەڵام بەدەستی خۆمان لە خۆمانمان تێک داوە شەڕی ناوخۆمان هەیە و ئەوەمان هەیەو ئەوەمان هەیە، هێچمان نەکردووە مەحسورین کەس نازانێ ئێمە چیمانکردووە بەڵام لە ڕاستیدا وانییە ئیمڕۆ هەر کەسێ دەمی بکاتەوە داوای گۆڕانکاری بکات لە عێراق کوردستانی کردووە بە نمونە بۆ عێراقێکی ئایندە، ئەم ئەزموونەی کوردستان ئەمڕۆ دەمی هەر کەسێ بکەرەوە هەر زانایێک هەر دبلۆماسییێک هەر کۆنگرەیەکی دوەلی کە ئەگیرێت هەر تەسریحێک کە ئەدرێت سەیر دەکەی عێراقی دوارۆژ بیری لێ دەکەنەوە شتێکی وا بکرێت کە پێک بچێت بەوەی کە لە کوردستان کراوە. خەڵکەکە ئەڵێن ئەم شتەی کە لە کوردستان جێبەجێ کراوە وا دیارە دەتوانین لە عێراقیش جێبەجێی بکەین، من لێرە لەوانەیە واجبێکی تر بۆ لێژنەکانی پەرلەمان بدۆزمەوە کە یەکەم جار پەرلەمان دروست بوو کە یەکەم جار حکومەتی هەرێم دروست بوو چ پێویست بوو زوو بکرێ بۆ ئەوەی وەزعەکە ڕاگیر بگرێ بۆ ئەوەی وەزعەکە ئیستیقرار بکات چونکە بە تەئکید ئەگەر سبەی ڕۆژێ لە عێراق شتێک ڕویدا پێویست بە چەند هەنگاوێک دەکات کە خێرا بیکەین لە بارەی تەندروستی ئێمە چی بکەین، لەبارەی ئاسایشەوە ئێمە چی بکەین، لەبارەی یاساییەوە ئێمە چی بکەین، لەبارەی مەحکەمەو مەحکەمەکاری سزا دانی ئەو خەڵکانەی کە گوناهبارن کە ڕاپەرین بوو خەڵکێکی زۆر گوناهبار بوو لە کوردستان چۆن موعامەلە کرا بۆ ئەم خەڵکە ئایە ئەتوانین هەمان شت بکەین لە عێراق تا چ ڕادەیەک ئێمە موحاسەبەی تاوانباران بکەین هەر سەرێکە خەتی دووەم خەتی سێیەم تا چ ڕادەیەک ئەو شتانە پێویستی بە لێکدانەوە هەیە لەباری تەندروستی چیمان کردووە، لەبارەی پەروەردە پێویستیمان بە چییە، لە ئاوەدانکردنەوە پێویستیمان بە چییە، باری ئابووری وڵاتەکە چۆن ڕاگیر بکەین، بازار چ لێبکەین، ئەمانە هەمووی من تەصەور دەکەم واجبێکی گەلی کوردستانە کە ڕێ نیشاندەری گەلی عێراق بێت بۆ دوارۆژێکی کراوەترو دیموکراتی تر و ئاسوودە تر ئەگەر ئەو دەرگایەمان بۆ کرایەوە ئێمە ماشەڵڵا لێژانی پەرلەمانمان هەموو هەیە هەر لێژنەیە بەرای من ئەتوانێ لە ماوەی داهاتوودا بیر لەوە بکاتەوە لە بواری لێژنەکەی خۆیدا تەعمیمی

بکات لەسەر عێراق، عێراق ئەتوانێ چ بکات لەم بارەیەوە ئەوە داوایەکمان دەبێت وەکو سەرۆکایەتی لە هەموو لیژنەکان لە راستیدا بکرێت. ئەمە لە راستیدا کورتەی ئەو قسانەیە کە ئێوە کردتان من تەصەور دەکەم ئەو ئیشانەش ئەخەینە سەر شانی لیژنەکانی پەرلەمان ئێستا بە قسە دەیکەین بە نوسراویش ئاراستەتان دەکەین و دانیشتنەکە یەک دانیشتن نابێت لەوانەیە لە دوارۆژدا وابکەین دوو لیژنە سێ لیژنە راپۆرت تەقدیم بکەن لەسەر ئەو را و بۆچونانە لە عێراقێکی موستەقبەلدا ئەبێ چ بکرێت لە لایەنی ئابوری چ بکرێت لە لایەنی یاسایی چ بکرێت هەروەها لایەنی پەروەردە چ بکرێت لە لایەنی ئاسایشەوە چ بکرێت بە تەصەوری خۆم لیژنەی ناوخۆ واجبێکی گەورەی دەکەوێتە سەر شانی بیر لەوە بکەینەوە ئێستا زەربەی یەکەم دەستی پێ کرد تەصەور دەکەین حەز ناکەین ببێت بەلام تەصەور بکە لێدان دەستی پێ کرد چ دەقەومێ لە کوردستان خەتەر لەسەر هەولێر چییە لەسەر سلێمانی چییە لەسەر دهۆک چییە لەسەر وەزعی ئێمە خەتەری فەوری چی روودەدات چۆن چارەسەری دەکەی چۆن پێش بینی ئەو خەتەرانە بکەین لە ئێستاوە چی بکەین بۆ عیلاجی لە کاتی روودانیش چ بکەین تەصەور دەکەم ئەوە واجبێکی گەورەی لیژنەی ناوخۆ دەبێت، هەر ئەوەندە سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم بە تایبەتی ئەوانەی موداخەلاتیان پێشکەش کرد بۆ دانیشتنی داهاتوو ئینشائەڵڵا ئاگادارتان دەکەینەوە زۆر سوپاس.

| | |
|---|---|
| **فرست أحمد عبدالله** | **د.رۆژ نوری شاویس** |
| **سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی** | **سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی** |
| **کوردستانی عێراق** | **کوردستانی عێراق** |

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٣)**

دووشەممە ڕێکەوتی ٦/٥/٢٠٠٢

خولی یەکەم

سالّی یازدەیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی (١٣)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ٦/٥/٢٠٠٢

کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی٦ /٢٠٠٢/٥ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی خولی یەکەمی، ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.

بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (١٣)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٥/٦ دا بەم شێوەیە بێت:
١ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسایەکی تایبەت بە حوکمەکانی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩.
٢ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی دووەمی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣( یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بسم الله الرحمن الرحيم
بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ژمارە «١٣»ی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەم دەست پێ دەکەین.
بەڕێزان. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دوو خاڵە.
یەکەم : خستنەڕوو وگفتوگۆ کردن لە سەر پرۆژەی یاسایەکی تایبەت بە حوکمەکانی یاسای جەزاکانی ژمارە «١١١» ی ساڵی ١٩٦٩.
دووەم: خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی دووهەمی یاسای ژمارە«١٧»ی ساڵی ١٩٩٣ی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
بەڕێزان. پێش ئەوەی دەست بە کار بین بەخێر هاتنی گەرمی بەڕێزان، وەزیری ناو خۆ ووەزیری داد ئەکەم، هەروەها وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم هیوادارم ئامادەبوونیان لەم دانیشتنەدا مایەی پێشەوە چوونی گفتوگۆیەکان بێ وگەیشتن بە ئەنجامێکی چاک بێ لە ڕێگای دەرچواندنی یاسای

ڕێک وپێک له هەردوو بوارەکەدا.

بەڕێزان. بەنسبەت خاڵی یەکەمەوە تکام وایە ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی یاسایی بفەرمووێت، هەروەها ئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ناوخۆ وئەندامێکی بەڕێزی لیژنەی ـ دارایی، نووسراوتان هەیە بە تەئریخی ٤/١٠/٢٠٠١ جا فەرموون نووسراوەکەتان ئەدەمێ، بەڕێز کاکە رەش جەنابیشت فەرموو وەرە ئێرە، فەرموو.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

استناداً الى أحكام الفقرة(١) من قانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ وبناء على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء قررالمجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٢ ما يلي :

اولاً: ايقاف العمل بمقدارالغرامات المنصوص عليها في قانون العقوبات المرقم(١١١) لسنة ١٩٦٩المعدل.

ثانياً: تكون مقدار الغرامات المنصوص عليها في القانون المذكور كما يلي:

١- في المخالفات مبلغا لا يقل عن(٥٠) خمسين ديناراً ولا يزيد على (٣٠٠) ثلاثة مائة دينار.

٢- في الجنح مبلغا لا يقل عن(٣٠١) ثلاثة مائة وواحد دينار ولا يزيد على (١٥٠٠) الف و خمسمائة دينار.

٣- في الجنايات مبلغا لا يقل عن(١٥٠١) الف وخمسمائة وواحد دينار ولا يزيد على (٥٠٠٠) خمسة آلاف دينار.

ثالثاً: تنزل المحكمة من مبلغ الغرامة عشرين ديناراً عن كل يوم يقضيه المحكوم عليه في التوقيف.

رابعاً: اذا كانت الجريمة معاقباً عليها بالغرامة فقط فتكون مدة الحبس التي تقضي بها المحكمة في حالة عدم دفع الغرامة يوماً واحداًعن كل عشرين ديناراً على ان لا تزيد مدة الحبس في كل الاحوال عن سنتين.

خامساً: ايقاف العمل بأحكام الفقرة الثالثة من قرار مجلس قيادةالثورة المرقم (١٠٤) في ١٩٨٨/١/٢٧.

سادساً:

أ- ايقاف العمل بالشق الثاني من المادة/٤٤٦ من قانون العقوبات ذي الرقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

ب - ويجوز تبديل العقوبة المقررة في المادة/٤٤٦ من القانون المذكور بالغرامة التي لا تزيد على مائتي دينار اذا كانت قيمة المال المسروق لا تزيد على مائة دينار.

سابعاً: مع عدم الاخلال بأية عقوبة اشد ينص عليها في اي قانون او قرار نافذ. تطبق العقوبة المنصوص عليها في المادة/٤٤٣ من قانون العقوبات المرقم(١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل على مرتكب جريمة سرقة السيارات.

ثامناً: لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

تاسعاً: على الوزراء المختصين والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القرار.

عاشراً: يعمل بهذا القرار من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تكایە:

**بەڕێزكاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

پاش دراسەت كردنی پرۆژەكە لە لیژنەی یاسا پەیوەندیمان كرد بە دیوانی تەدوینی قانونی ئەندامێكی لیژنەی تەدوینی قانونی حازر بوو لەگەڵ بەڕێز نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران بەڕێز حاكم نەمر، پاش تاوتوو كردنی مەشروعەكە لە هەموو روویەكەوە رێك كەوتین هەر سێ لا كە بۆشێوەیەكی ئایندە مەشروعەكەبە شێوەیەكی تر بیهێنینە خوارێ ئەوەی كە ئێستا بەڕێزتان ئەمر بكەن بیخوێنمەوە وەكو ئیتیفاقی لە سەر كرایە و، بەوشێوەیە بیر لە پرۆژەكە بكەینەوە، تەقریبەن عەینی مەئالە، بەڵام تۆزێك بەرێك وپێك ترومونەسەق تر هاتیە، زۆرسوپاس.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێزكاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

**قرار**

**إستناداً لأحكام الفقرة(١) من المادة(٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الورراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / إصدار القرار الآتي:**

**أولاً: يكون مقدار الغرامات المنصوص عليها في قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩**

المعدل كالآتي:
١ـ في المخالفات لا تقل عن (٥٠) ديناراً ولا تزيد على (٣٠٠) دينار.
٢ـ في الجنح لا تقل عن(٣٠١) دينار ولا تزيد عن (١٥٠٠) دينار.
٣ـ في الجنايات لا تقل عن (١٥٠١) دينار ولا تزيد على (٥٠٠٠) دينار.
ثانياً: تنزل المحكمة من مبلغ الغرامة عشرين ديناراً عن كل يوم يقضيه المحكوم عليه في التوقيف.
ثالثاً: اذا كانت الجريمة معاقباً عليها بالغرامة فقط فتكون مدة الحبس التي تقضي بها المحكمة في حالة عدم دفع الغرامة يوماً واحداً عن كل عشرين ديناراً على ان لا تزيد مدة الحبس في كل الاحوال عن سنتين.
رابعاً: ايقاف العمل بأحكام الفقرة الثالثة من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم(١٠٤) في ١٩٨٨/١/٢٧.
خامساً: يعاقب بالحبس على السرقة التي تقع في غير الاحوال المنصوص عليها في المواد (٤٤٠) لغاية (٤٤٥) من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل ويجوز تبديل العقوبة المقررة في هذه الفقرة الى الغرامة التي لا تزيد على (٣٠٠) دينار اذا كانت قيمة المال المسروق لا تزيد على (١٠٠) دينار.
سادساً: يعاقب بالسجن المؤبد مرتكب جريمة سرقة السيارات.
سابعاً: لا يعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القرار.
ثامناً: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.
تاسعاً: يعمل بأحكام هذا القرار اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، رای لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان العراق

م/ رأي اللجنة.

كتابكم المرقم (ك/٦٧) في ٢٠٠١/٦/٢٤
اجتمعت لجنة الشؤون الداخلية لدراسة مشروع زيادات الغرامات الواردة في المواد العقابية في قانون رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.
ان لجنة شؤون الداخلية بعد دراسة المشروع تؤيد الزيادات الواردة لكونها تنسجم مع التطور الاقتصادي والمادي الحاصل في الاقليم في الوقت الحاضر وبالتالي تؤدي الى دعم خزينة الاقليم

ويحد من ارتكاب الجرائم للتفضل للأطلاع مع التقدير.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ڕای لیژنە دارایی تكایە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

نوكە ڕای لیژنەی دارایی دەخینم،

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ اربيل

لجنة الشؤون المالية والاقتصاد

العدد: ج/٢٠

التاريخ: ٢٠٠١/١٠/٧

**السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/ تعديل الغرامات الواردة في قانون العقوبات**

تحية واحتراماً

إجتمعت لجنتنا صباح يوم الاحد الموافق ٢٠٠١/١٠/٧ لدراسة ومناقشة مشروع تعديل الغرامات في قانون العقوبات الرقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل. وندرج ادناه توصياتنا باكثرية الاعضاء وكالآتي:

أ ـ ان يكون الحد الادنى للغرامة (٢٠) ديناراً حيث ان اقل مبلغ للغرامة في القانون الاصلي نصف دينار وكان الحبس عن كل ليلة نصف دينار ايضاً وفي المشروع الجديد ينزل (٢٠) ديناراً عن كل ليلة حبس لذا نجد من الضروري ان يكون الحد الادنى للغرامة (٢٠) ديناراً.

ب ـ يكون مقدار الغرامات بالشكل التالي:

١ـ في المخالفات مبلغاً لا يقل عن(٢٠) ديناراً ولا يزيد على(٣٠٠) دينار.

٢ـ في الجنح مبلغ لا يقل عن(٣٢٠) ديناراً ولا يزيد عن(١٥٠٠) دينار.

٣ـ في الجنايات مبلغ لا يقل عن(١٥٢٠) ديناراً ولا يزيد على (٥٠٠٠) دينار.

هذا ولكم الامر، مع فائق التقدير.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێزان سەرۆكی كوتلەو وەزیرە بەڕێزەكان بۆیان هەیە هەر كاتێ بیانەوێ تەعقیبی بكەن مولاحەزەیەكیان هەبێ ئیشارەتەكمان بدەنێ بۆ ئەوەی مەجالی قسە كردنیان بدەینێ، ئەگەر وانەبێ ئەندامانی بەڕێز تەنیا پاش ئەوەی ئێمە دەرگای موناقەشە ئەكەینەوە ئەو وەختە بۆیان هەیە دەستیان بەرز كەنەوە بۆ پرسیارەكان، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لە سەر موقتەرەحی

حکومەت وئەو ئیتفاقیەی دوایی کراوە و، ئێستا وەزعەکە تێگەیشتن، پرۆژەیەک هاتووە پرۆژەی حوکمەتە لیژنەی یاسایی لەگەڵ حوکمەتدا جارێکی تر دانیشتۆتەوە بە یەکەوە پێشنیارێکیان تەقدیم کردوە جا لە سەر ئەوە هیچ مولاحەزیەک هەیە لە سەر ئەو تەکنیکە، مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زین العـــابدین:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە ئەولەن هاتووە (یكون مقدار الغرامات المنصوص علیها في قانون العقوبات رقم(١١١) المعدل)، چونکە المعدل ئەوەی کە تەعدیل کراوە بۆ مەعلوماتی جەنابی لیژنەی یاسایی تەبعەن ئەیزانن کە عقوبەی غرامە لە لیژنەی یاسای سزا کاندا نەماوە بە هیچ نەوعێک، بەندی یەکەمی ئەم پرۆژەیە ئیقافی ئەو بڕیارە بێت حەقە ئەوەی کە غرامەکانی لابردووە، یەعنی ئێمە بڕیارێک، تەبعەن هەیە کە غرامە لە یاسای سزا کان ئەبەد نەماوە، حەقە ئیقافی ئەو بڕیارە بکرێ ئەوسا پرۆژەکە بەندەکانی دابەزێندرێت و، یاساکەش نازانم پەسەند دەکرێ بە بڕیار یا بە یاسا و، رای جەنابتانە لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێزســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئێمە مەبەستمان ئەوەیە جارێ موناقەشە لە سەر ئەوە بکرێ، فەرموو جەنابت دانیشە، زۆر سوپاس .

ئەگەر موناقەشەی لە سەر هەیە، جا لە سەر ئەوە موناقەشە بکرێ نەک بەندەکانی یاساکەی یا ناوەرۆکی یاساکە نا، ئێستا ئەمانەوێ لە سەر ئەوە موناقەشە بکرێ ئەوەڵ جار حکومەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەکی پێشکەش کردوە، ئەم پرۆژەیە رەسمیە لای ئێمە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، یەعنی ئەساسی موناقەشە بێ لە سەر پرۆژەی یەکەم بێ کە لێرە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەڵام دوای ئەوە لیژنەی یاسایی پاش ئەوەی تەحویل کراوە بۆیان ، لیژنەی یاسایی لەگەڵ نوێنەرانی حوکمەت لەگەڵ تەدوینی قانونی دانیشتون ئیتفاقیان لە سەر سیغەیەک کردووە هەر بۆ عەینی پرۆژەکەی تر بۆ سیغەیەکی تر لە سەر ئەم مەوزوعە هیچ را وتێبینی هەیە، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مـــلا هادی خــــضـــر کـــــوێخــــا:**

**بەڕێزســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

وەکو پرۆژەکە ئیتیفاقیان لە سەر کردووە شتی باشە ئێمە موافقین لە سەری، من شەخسیەن بە باشی دەزانم، بەڵام یەک شت هەیە، بەنسبەت موخالەفات کە دەڵێ (٥٠) دینار.

**بەڕێزســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ئەمانەوێ جارێ داخیلی ئەم مەوزوعە نەبین، ئەوە لە وەختی خۆیا، ئەو وەختە ئەتوانن باسی ئەوە

بکەن ، کاک شێخ یحییێ.

**بەڕێز یحیی محمد عبد الکریم:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیتیفاقیان لە سەر کردوە تەوزیع نەکراوە،جا باشتر وابوو تەوزیع بکرایە بخوێندرایەوە ئەوسا ئەندامان تێبینیان هەبوایە، جا ئەگەر تەئجیل بێ بەرای من شتێکی ئیعتیادیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک محمد صدیق فەرموو.

**بەڕێز محمد صدیق هروری:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لیژنەی قانونی دوو رای داوە، رای یەکەم لە ٦/ ١٠/ ٢٠٠١ دەڵێت ئەو مەشروعە بە جۆری قانون پێشکەش بکرێت نەک بە قرار، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک حەمە عەلی تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز حمە علی توفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی لیژنەی یاسایی ئیشارەتیان بە ماددەو ئەو خاڵانە بکردایە کە ئیلغایان کردووە لەئەسلی قانونەکەی حکومەت، لە بەر ئەوە پێویستە بەراستی لێرە قانونی ژمارە (١١١) چی لێ ئیلغا کراوە و، بەدیلەکەشی بوترێ چونکە قانونەکە لە بەر دەستمان نییە رەنگە وتۆزێ زەحمەتیش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانونەکە زەحمەت نییە، ئەخوێندرێتەوە ماددە لە دوای ماددە موناقەشە ئەکرێ، ئێمە موناقەشەمان لە سەر ئەم موزوعە بۆیە کردەوە بۆ ئەوەی پیشانی بدەین کە ئێستا ئەبێ تەسویت بکەین لە سەری، ئێمە بەمەشروع ئەو ئیتیفاقیەی نێوان لیژنەی قانونی ودیوانی تەدوینی قانونی، ئەوە بە مەشروع ئیعتیبار ئەکەین، ئەیخەمە دەنگ دانەوە، یەعنی ئەوەی ئاخیر جار خوێندرایەوە ئەوە بە مەشروع ئیعتیبار ئەکەین و، لە سەر ئەوە موناقەشە ئەکەین، جا تکام وایە لەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ئەکەن، ئەوە بکەین بە ئەساسی مەشروعەکە دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس.

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا و، لەسەر ئەم مەشروعە موناقەشە ئەکرێ ئێستا، جا تکامان وایە بە دیباجەوە ماددە بە ماددە

بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین،فەرموو

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم اله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

**قرار**

إستناداً الى أحكام الفقرة(١) من المادة (٥٦) من القانون رقم(١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءاً على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء قرر مجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٢ تشريع القانون الآتي :

اولاً : يكون مقدار الغرامات المنصوص عليها في قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل كالآتي :

١ـ في المخالفات لا تقل عن (٥٠) ديناراً ولا تزيد على (٣٠٠) دينار.

٢ـ في الجنح لا تقل عن (٣٠١) دينار ولا تزيد عن(١٥٠٠) دينار.

٣ـ في الجنايات لا تقل عن(١٥٠١) دينار ولا تزيد على(٥٠٠٠) دينار.

ثانياً: تنزل المحكمة من مبلغ الغرامة عشرين ديناراً عن كل يوم يقضيه المحكوم عليه في التوقيف.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ثانیەنی ناوێ ئەوەلەن کافیە، رای لیژنەی یاسایی لەسەر ئەوە رای خۆتانە، تێبینی تر تان هەیە؟.

**بەڕێز کەرەش نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

نیتانە، لیژنەی ناو خۆ.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر، هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی مەو موخالەفە پێشنیار دەست پێتکەتن زۆرە چونکە موخالەفە حەددی ئەدنا دەبێتن موارادفی مورادیف بێتن بۆ سجن، مادەم گوتە سجن (٢٠) دینار بۆ هەر شەوێ، لێرەش موخالەفات دەست پێ دەکات (مبلغ لا یقل عن عشرین دینارا ولا یزید ) ئەو کاتە مەجالی جەنابی حاکم هەیە چ (٢٠) دینار بێت تا (٣٠٠) مەجالی هەیە چونکە(٥٠) دینار باشە، یەکێک پارەی نییە، هەر شەوێ (٢٠) دینارە چەند شەو لە سجن دەمێنێ،(٥٠) دابەشی (٢٠) ناکرێ، نیو شەو نییە لە قانوندا دەبێ عەدەدی شەوەکان موساوی بێتن بۆ مەسایلی ئەو پارانە کە شەوی چەندی لێی دابەزینیتن، قانونی ئەسلی عیراقی(نیو) دینار بوو، هەر شەوی بە نیو دینار حساب کردبوو، ئێستا مادام شەوەکەی بە (٢٠) حسابی کردوە با لە (٢٠) دەست پێ بکرێتن، یەک شەو لە سجن دەمێنێتن دوو شەوە ئەوە تەقدیری مەحکمە دەمێنێ، بۆ جنح ئەوانیش دەبێت فەرقەکی هەبێتن، هەر حەددی ئەدنا چەند دەست پێ ئەکرێتن،بۆ نموونە، موخالەفات تا(٣٠٠) دینار تەواو(فی الجنح لا یقل عن (٣٠١)) یەک دینار قیمەتی نییە با (٣٢٠) دینار دەست پێ بکا، ئەگەر دابەشیشی بکا بە عەدەدی شەوەکان تەواو دەردەچن، ئەگەر (٣٠١) دابەشی (٢٠) بکەن کەسر دەردەچن دەبێ لە (٣٢٠) دەست پێ بکاتن، جنح تا (١٥٠٠) دینارە دەبێت فەرقی مابەینی جنح وجنایات هەبێ جنح (١٥٠٠)ە دەبێت جنایات لە کەمی لە (١٥٢٠)بی، یەعنی شەوێکی فەرق بێتن لە کەمی شەوێک سجن زیاد بێتن لە (١٥٢٠)دەربکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو وەڵامی بدەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەوزوعی (٢٠) دینارەکە پەیوەندی بە تەحدیدی غرامەوە نییە، (٢٠) دینار هەر شەوێک ببرێ، باشە ئەگەر حاکم (٣٠) دیناری حوکم دا خۆ(٣٠) دینارەکە دابەشی دوو شەوان نابێ شەوی (١٥) دینار، مەوزوعەکە ئەوە نییە، جەریمەی موخالەفەیە، لە کاتی خۆشی دا لە (٣٠) دینار زیاتر نەبوو و، سێ مانگ لێرە مەوزوعەکە موشەرع ئەوە ی بە (نظر اعتبار ) وەرگرتووە، ئەگەر هاتوو چەند مانگێکی حوکم دا (٥٠) دینار بۆ ئەوەی بگاتە ئەو حەددەی(٣٠٠) دینار، (٢٠) دینار نیهائیەن رەبتی نییە بەوەی.

دووەم: (٣٠١) دینار حەدی فاسیلە لە نێوان دوو جەریمە، یەعنی لە موخالەفات ٥٠ ــ ٣٠٠ بۆ

ئەوەی شێوەی جەریمەکە بگۆڕێ لە موخالەفە بۆ یەکێکی تر دەبێ شتەکی بۆ زیاد کەی (١) دینار کافیە بۆ ئەوەی زیاد بێ و، هەروەها هیچ پەیوەندیەکی بەوە نییە ئەو پارە دابەش بکرێ یان نەکرێ، کابرا دادەنیشی دوو شەوان لەوێ بێ (٤٠) دینار لە پارەکە دەبرێ، یەعنی بۆ دەبێ ئەو پارەیە دابەشی (٢٠)دینار بکرێ، ئەوە پەیوەندی بە دابەش وهەندەسەوحسابات نییە بۆ ئەوەی دابەش بکرێ و، جنایاتیش عەینی شت مخالەفات هەتا (١٥٠٠) چووە مەفروزە جنایات لە (١٥٥١) دینار دەربکاو، لە قانونی عقوباتیش بۆ ئەوەی برایان بزانن تەنیا لە موخالەفات (٣٠) دینار هاتبوو لە (٣) مانگ زیاتر نەبوو، لە جنح مەفتوح بوو لە جنایات ئەسلەن غەرامە نەبوو، لەبەر ئەوە بەو شێوەیە هاتووتە خوارێ زۆر رێک وپێکە پارەکە و،موشەریع هەموو جەوانبی لێک دایتەوە، بۆیە بەو شێوەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک شێخ عەفان.

**بەڕێز عفان عثمان نقشبندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیم نییە.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی فریاکەوتین ئەم ناوانەن:

بەڕێز د. رزگار .

بەڕێز د. ادریس.

بەڕێز سفر محمد حسین.

بەڕێز ابراهیم سعید.

بەڕێز احمد ابو بکر.

کەسی تر ماوە، بەڕێز کاک جمیل فەرموو، بەڵام حەقی یەک تەعقیبت هەیە لە سەر ئیقناعەکەی خۆت، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

دوای بەڕێزم کاکە رەش فەرمووی موشەریع هەموو شتی بەر چاو خستوە،گەر هەموو شتی بەرچاو خستوە دوو جار لیژنەی قانونی لا دانیشتوە دوو رای ناداتن، (٣٠١) ئەڵێتن ئەوە فەرقی فاسیلە ئەمە ئەیزانین نێوان جنح وجنایات چەندە ئان نێوان موخالەفەو جنح چەندە یەک(١)دینار فەرق بێتن حەددی فاسیل لە کەمی لەبەر ئەوەی (٢٠) دینار شەوێکی فەرقی هەبێتن لە بەر ئەوە فاسیلەکەی دەبێتن (٣٢٠) دەست پێ بکرێتن ،(١٣٢٠)دەست پێ بکرێتن و، حوکامی ئێمەش

ئەوەندە شارەزا نەبێتن(٣٠) دینار، نەخێر ئەوە دەزانن دەکاتە (٢٠) دینار ئەو وەختە زۆر ئاساندە ئان دەکاتە (٤٠) دینار حوکامی ئێمەش زۆر شارەزانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێزکاکە رەش فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

(٢٠) هەر شەوی نازانم بۆ شەوەکە بە(نظری اعتبار) وەردەگیرێ، شەوەکە موشەریع بۆی داناوە ئەگەر هاتوو کابرا پارەی نەبوو گیرا لەباتی پارە کە چەند شەو دەگیرێ، نازانم ئەو شەوە بۆ بویتە (٢٠) دینار بەڵام وادیارە بەڕێز لیژنەی دارایی دوو رای نەدەبوو بەرامبەر لیژنەی یاسایی، لیژنەی یاسایی ئامادەیە ئەگەر بە قەناعەتی وابی شتەک راست نییە یان بە هەڵە چووە ئیعادەی نەزەر بکاتەوە وەک لیژنەی مالی ئیسرار لە سەر ئەم قەتعە ناکا فەرقەکە ئەوەیە کە دوو جار دانیشتین، ئێمە داوای یارمەتی لە شارەزایان دەکەین قسەیان وەردەگرین بۆ ئەوەی توشی هەڵە نەبین نەک وەکو لیژنەیەک کە دابنیشێ تەحەکم بە رای خۆی بکا واتەسەوربکا کە هەمووی راستە کەچی زۆریشی هەڵەیە،زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک جمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

رایا لیژنا ئابووری چونکە پشتی دراسەتەکا درست ودگەتە قەناعەتکێ بە هەندێش لە رایا خۆ نایەتە خوارێ چونکە پشتی دراسەتەکە تەواو نەکو نە قانونی ئەسلی خوێندوە نە پرۆژەکە لای هەیانە مەجبور دەبێ لە ریئاسەت وەربیگریتن دووبارە لە بەر ئەوە هەر لیژنەیەک بۆ چونی خۆی هەیەو، ئەو تەقدیرەش کە چ لیژنەیەک خۆ ماندوو دەکا یان نەکاتن ئەوەش ریئاسەتی پەرلەمان ئەیزانێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەواو بوو ئەم مەوزوعە لە لایەن هەردوو لا، تەواو بوو، زۆر باشە، بەڕێز کاک د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د. رزگار):**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەکو رەئی تەبیعی لەسەر نینە، بەس موجەرد ئیستیفساردکەم دوو سێ حاکما کە موجوودن و

وزیری داراییش مەوجوودە لیژنەی قانونی لە سێ حاکما پێک هاتیە، رەئی ئەوان لەسەر ڤێ قانونێ ئەڤە بیە کە مەجالێ ئان هامشێ حەرەکێ قابلیا ئیختیارا ناڤ بەینا حەد ئەقسا و حەد ئەدنا یێ قەرارێ کێمێ دکتن بۆ نمونە وان ئینان گەرەک ئیشارەت ڤێت کرن، شەخسەک دێتە کوشتن لە دوو حالەتادا حالەتەک کەمینە کە قەتلەکی عەمەدە و سەبق ئیسرارە، یێ دوو ژی شەڕەک دێچێ بت ناڤ دێتە سەر کوشتنێ، یەعنی ئەڤ مەجالێ هامشێ، هامشێ حوریەتێ حەد ئەدنا حەد ئەقسا ئەڤ قەرارە ئان ئەڤ قانونە هەنیل دفەوەن کێن دگێت نزانم ئەگەر برادەرانی لیژنەی قانونی وزیرێ دارایی ئەگەر تەفسیرێکی ببێ یان بۆ چوونێک ببێت، زۆر سوپاسی دکەین و، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ناحیەی فەنی ئەگەر مولاحەزە بکەین، ئەوان کە ٢٠دیناریان داناوە، فەرزەن یەکێک من نالێم ٢٠ دیناری نییە یان نەیویست بدات بلێ سجنم بکە، حەددی ئەدنا دوو شەو سجن دەبێت دەکاتە ٤٠ دینار، خۆ دوو شەو نیو سجنی ناکەن بۆ ئەوەی ٥٠ دیناری لێ وەربگرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تۆ ئەندازیاری بۆ خاتری خوا، سێ شەو حەپسی دەکەن.

**بەڕێز د.إدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم ئەوەیە ئەگەر حەددی ئەدنا ٤٠ دینار بی، بۆ ٣٠٠ لەوانەیە گیروگرفت دروست نابێت، یەعنی کە دایدەنێین فەقەرەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە بەیەکەوە لکاون، تەنزیلی ٢٠دینار دەکات لە هەر شەوێک کە تۆ دایدەڕێژی، لە ناحیەی قانونی من مەبەستم ئەوەیە بۆ نمونە لە ٤٠ دینار تا ٣٠٠ هیچ گیروگرفت دروست ناکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بیکەینە ٥٠ دینار شەرت نییە ٥٠ دینار غەرامە دەکات، ٦٠ غەرامە دەکات یان ٨٠ غەرامە دەکات، کەسریش عادەتەن کە کەسری تێکەوت بە رۆژێک حیساب دەکرێت، بەڕێز حاکم سەفەر، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، بەراستی پڕۆژەکی زۆر ڕێک و پێکە و، وابزانم پێویست بوو زووترمان کردبا، بەراستی ئەو غەراماتانە زۆر موناسبە لەگەڵ وەزعی ئابووری و بەهای دیناری عیراقی ئێستا، تشتەکی زۆر بچوک هەیە ئەویش لەوانەیە مەتبەعی بێت، لە فەقەرەی٣دا هاتووە(الجنح لا تقل عن(١٥٠١)دينار ولا يزيد علي (٥٠٠٠) دينار)، (ولا يزيد) بکەینە (ولا تزيد)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز إبراهيم سعيد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی تاکو زیاتر بکەوینە ناو سورەت، یەعنی دەبێت زانیبامان قانونی ئەسڵی ئەڤ هەر سێ فەقەرەیە چۆن بووە ئینجا ڕەئی خۆمان دابایە باشتر بوو، کەوا جێگای خۆی گرتیە ئەم فەرقی پارە، یەعنی ئەگەر بزانیایە پێشتر چەندە ئینجا ڕەئی خۆم دەدەم، ئەم ڕەقەمانە باشن یان نا؟ یان ئەو غەراماتانەی ئێستا، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک ئەحمەد عەلی عومەر.

**بەڕێز أحمد علي عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من بەنیسبەت فەقەرەی (٢لەگەڵ ٣)ە حەد ئەعلا کەیە من دەیبینم (١٥٠٠ و ٥٠٠٠)دینارە کە گونجاو نییە لەگەڵ بارودۆخی ئابووری ئەمڕۆ، هەروەها گونجاویش نییە لەگەڵ جەسامەتی جەریمەی جونەح و جینایە، من پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێ بە ١٠٠٠ دینار بۆ جونەح و لەگەڵ ٣٥٠٠ بۆ جینایە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەددی ئەدنا یان حەددی ئەعلا؟.

**بەڕێز أحمد علي عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ حەد ئەعلا، حەددی ئەعلای جونەح ١٠٠٠دینار و هی جینایە ٣٥٠٠دینار، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو تکایە.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بەڕێز کاک د. رزگار فەرمووی کەوا حەددەکی فاسڵ نییە بۆ تەحریک، هەیە حەددی فاسڵ بۆ تەقدیری حاکم مەتروکە، بۆنمونە دەڵێت لە٥٠ دینار تا ٣٠٠دینار، لەوانەیە موخالەفەکی زۆر بەسیت دەکات، لەوانەی حاکم بە٦٠دینار یان ٨٠دینار حوکم دەکات، موخالەفە هەندێک لەوەی قورستر هەیە، لەوانەیە بە٢٥٠ یان ٢٠٠، ئەوە بۆ حاکم تەقدیرە، ئەو ٣٠٠دینارە دانراوە کە لەوە کەمتر نەبێت یان لەوەی زیاتر نەبێت ئەو مەسافەیە مەتروکە بۆ تەقدیری حاکمی وجەسامەتی جەریمەکە، هەروەها بەنیسبەت جونەحیش عەینی شت، بۆ نمونە کابرایەک لەوانەیە یەکێک تۆزێک لووتی بریندار دەکات واتە شتەکی بەسیتە، دەچێتە نەخۆشخانە لەوانەیە دوو ڕۆژ داخیل دەبێت، ئەو جونحەیەی کە دێتە پێشی(١٠٠٠)دینار حوکم دەدات، لەوانەیە بە لووت دارسانێک لەوانەیە(٣٥٠)دینار حوکم بدات، دیسان ئەوە مەتروکە بۆ تەقدیری حاکم، ئەوە حەرەکەیە لەبەینی ئەم دوو لایە مەتروکە بۆ تەقدیری حاکم، ئەوەی بەڕێز کاک إبراهیم فەرمووی بەنیسبەت قانونی عقوبات(٣٠)دینارە بەنیسبەت موخالەفات لە(٣٠)دینار زیاتر نییە یان سێ مانگ حەپس، بەنیسبەت جونەح(٢٠٠)دینار بوو، بەنیسبەت غەرامەی جینایات مەفتوحە، بەڵام برادەران تەسەوریان وایە، ئەو غەرامەتە بەدیلی عقوبات نییە، بەنیسبەت جینایات کابرایەک مەحکومە بەقەتل یان لەبەر چاوی خەڵکانێک زەلامێکی کوشتووە، تەبعەن غەرامەکەی بەنیسبەت ئەو عقوبەیەکی تەبەعییە، یەعنی کابرا حوکم درایە شەش مانگ لەگەڵ غەرامەی(١٠٠٠)دینار یان (١٥٠٠)دینار، ئەو غەرامەیە لەو حاڵەتە بەدیلی عقوبەکە نییە، بڵێین ئەو کابرایە زەلامێک دەکوژێت و بە(١٥٠٠)دیناری حوکمی دەدەن و خەڵاس، بابەتەکە ئەوە نییە، غەرامە تەقریبەن شتێکی تەبەعیە لەوانەیە موخالەفەشی تێدا هەیە، بۆ نمونە(٢٥)ی مرور دەڵێ زەلامێک مردیە تەختیتی شورتەش دەڵێت کابرای سایق موخالیفە، تەبعەن دوو شت هەیە، لە لایەک کابرا کوژرایە، لە کابرا کوژرانەکەی شەش مانگ حوکم دەدات و، لە موخالەفە مروریەکەش کە خەتای ئەوە (١٥٠٠)دینار غەرامە دەدات، لەبەر ئەو حاڵەتانە بەدیلی عقوبە نییە غەرامەکە بڵێین لە هەموو حاڵەتێک بەدیلیەتی، بەنیسبەت ئەوەی کاک ئیدریس فەرمووی بابەتەکە دوو ڕۆژی حوکم بدات(٥٠)دینار کەسرەکە، کەسر لە قانون نییە، (٢٤)کاتژمێرە، خۆی بە سەعاتە بابەتەکە بە ڕۆژیش نییە، دەڵێت تەوقیف دەکرێت(٢٤)سەعات، یەعنی شەو و ڕۆژ، ئەگەر بڵێین ڕۆژەک دەکاتە(١٢)سەعات، کە دەڵێین (عن کل یوم یعني کل٢٤ساعة)، بەنیسبەت کاک سەفەریش سوپاسی دەکەین و پێی پرۆژەکی باش بوو، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەسی تر تێبینی هەیە، ئەی بۆ ئەو پێشنیاری کەم کردنەی ( ١٠٠٠ )ی بە ( ٣٥٠٠ ) وەڵامی ئەوەتان نەدایەوە.

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بە ڕەئی ئێمە بابەتی غەرامات زۆر تر ئەو لایەنانەی کە بەرپرسن لە تەنفیزی ئەوان زیاتر دەتوانن تەقدیری ئەو مەسەلانە بکەن،با ئێمە داخیلی ئەوە نەبین کە عەلا ئەساس بابەت پارە پەیدا کردنە، تەقدیری ئەوان لەو حوکمانەی کە مومارەسەی ئەو شتە دەکەن، تەبعەن ئێمە ئیستیئناسمان بە ڕەئی ئەوان کرد، پرۆژەکەش لە لایەن حکومەت هاتووە بەم شێوەیە، لەبەر ئەمە ئێمە بە پەسندی نازانین دەستکاری ئەو بڕە پارەیە بکەین کە لە دوو جیهەت پەسەند کرایە، جیهەتێک حکومەت خۆی پەسەندی کردیە، جیهەتێک ئەو جیهەتەی کە موکەلەفن بەتەنفیزی یاسایەکە ئەوانیش پەسەندی دەکەن، لەبەر ئەوە باشتر وایە دەستکاری مەبلەغەکە نەکرێت وەکو خۆی بڕوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم عمر.

**بەڕێز عمر کچو هسام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان، بەراستی من تەوزیحێک دەدەم لە تەبیعەتی جەرائیمدا،

١ــ (موخالفات ـ جنح ـ جنايات)، یەعنی سلاحیاتێت حاکمێ لە غەرامات ( ٣٠ )دینار پتر نییە، ئێمە هەموو دەزانین غەرامەیش وەکو عقوبەی حەپس عقوبەیەکی ئەسڵییە، لەکاتی (٦٩ )وەختی ئەو غەرامە دانرا بەرامبەر عقوبەتی ئەسڵی دانراوە، وەکو حەپس ئەسڵەن (٣) ساڵ عقوبەتی غەرامەی حەد ئەقسا ( ٣٠٠ ) دینار بوو، تەبعەن ئەو ( ٣٠٠ ) دینارە هەنگی ژی تەبعەن زروفی ئابووری ئی وەختی دانا، لەوانەیە ئەو ڕۆژی کرێکار کرێی( ١٠و٥ )درهەما بوو، ربع دینار بوو، یەعنی لەو کاتە وەختی داینا(غرامة لا تقل عن نصف دينار ) لەوانەیە زوعفی ڕۆژانەی کرێکار بوو، یان دوو ڕۆژا، ئەوەی کاک جەمیل دبێژت( ٢٠ )دینار کەمتر نەبیت، یەکەم عقوبە هەدەفێ وی دیارە، دوو سێ ئەهدافی هەیە ئەوە ڕەدعە و ئیسلاحە و ئەمن و ئاساییشە و کۆمەڵگایە، ئەگەر بێن وەختی بەری نیو دینار تەئسیرا خۆ هەبوو، بەڵام ئێستا ( ٢٠ )دینار تەئسیری نییە، یەعنی هیچ کرێکارێک نییە ڕۆژێ ( ٥ )دینار کار نەکات، یەعنی ئەوەش لەسەر موراعاتی زروفی ئابووری دانراوە زروفی ئیجتماعی و زروفی سیاسی، بەنیسبەت جەرائیم و ئەوانە هەمووی دانراوە، هەندێ برادەر دبێژن تەداخول هەیە، فەسڵ نییە نیوقەکا غەرامات بۆ

جۆرەها جەرائیم راستە لە قانونی کۆن نەبوو، بۆ نمونە حاکمی جونەح ئەگەر قەزیەی جونەح بوایە هەر(١٠) دیناری غەرامە دەکرد، بەلام موخالەفە(٣٠) دینار ناتوانی زیاتر بکات، بەلام ئێمە فەسلمان کردیە، لەوانەیە باشتر بێت روون تر بێت بۆ حاکمی جونەح هەتا تەلاعوب نەکات و بزانێ ئەوە عقوبەیەکی ئەسلییە دەبوایە کار پێ بکەت، باوەڕ بکەم بۆ زروفی ئێمە پێویستێ، یەعنی حاکم دەست غەراماتان بکەت باشترە، ئێمە چەند حەدی حەپس کەم بکەین و خەڵک زیندان نەکەین باشترە، ئەگەر بێژین(٢٠)دینار بێت، (٢٠)دینار ئەو کێ حەپسیە رۆژانە حکومەت لێ سەرف دەکات، یەعنی شتەکی زۆر ئاساییە، من دەبینم ئەگەر تۆ بێژی(٥)دینار بۆ غەرامات شتەکی زۆر ئاساییە، ئەوەش شوونە چونکە لی وەختیشێ حاکم وەختێ نیڤ دیناری دەدات تەئسیرا پێنجی دیناری ڤێگا هەبوو، دەبوایە(٥)دینار حەدی ئەدنا، چونکە دەبێت حاکم مولزەم بێت کار پێ بکات و موخالەفە دەورێ خۆ ببینێت، ئەڤەیێک لە ئەسبابێ (الحد من إرتكاب الجرائم خاصةً المخالفات)، ئەز دبینم قانونەکا تەبعەن لە زروفی ئابووری سیاسی و کۆمەلایەتی بە بەرچاو وەرگرتیە، من دەبینم شتەکی دروستە یەعنی هیچ کەم و کوریەکی تێدا نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز حاکم نمر، بەڕێز کاک سعید یعقوبی.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر جەنابت مەجال بدەی بۆ ئەوەی برادەران تێبگەن هەندێ پێناسە هەیە، ئەویش مەبەست چییە لە (حبس بسيط من ٢٤ ساعة الى ٣ اشهر وحبس شديد من ٣ اشهر الى ٥ سنوات) سجنی مونەقەت زیاتر لە(٥ ساڵ تا ١٥ ساڵە) و سجنی مونەبەدیش موددەکەی(٢٠)ساڵە سێدارەش هەر سێدارەیە(شنقاً حتى الموت)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک فەرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موداخەلەی من لەسەر عنوانەکەیە، بەراستی بابەتەکەش حەسم کرایە پێش ئێستا وا بزانم لیژنەی قانونیش تەئیدی بابەتەکەی کرد بوو، ئەوە بەشێوەی بڕیار نەبێت بەشێوەی قانون بێت، چونکە تەعدیلی ئەحکامی قانونی عقوباتە نابێت بڕیار بێت، ئیتر وەک قاعیدەیەکی گشتی پەرلەمان ئیشی دەرکردنی قانون وقەراراتە بەشێوەیەکی ئیستیسنائی دەری دەکات، ئەگەر بێت و لە حالەتێکی مەحدود بێت مەنحی سیقە بە حکومەت بدات یان سەحبی سیقەی لێ بکات یان

لیـژنەیەک دروست بکات لیـژنەکـانی دائیـمی دروست بکات، بەرەئی من قـانونـی بێت، چونکە ئەگەر لیژنەی قـانونی تەئیدی ئەو رەئییەی کرد باوەڕ ناکەم پێویستی بە دەنگدان بێت، چونکە بابەتێکی قـانونی سرفە، ژمارەی فەقەرەکان بێتە گۆڕین ببێتە (المادة الاولی او المادة الثانیـة او المادة الثالثة..الخ)لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ پێشنیارتان هەیە لەسەر ئەمە لیژنەی یاسایی، پێشنیارتان نییە، حکومەت.

**بەڕێز حاکم نمر کچو هسام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پەسەندی دەکەین هەر چی گرنگ و مەزمونە بۆ ئێمە ئەگەر بە قەرار بێت یان قانون، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموون بەندی ماددەکان بخوێنەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

إستناداً الى أحكام الفقره الاولى من المادة(٥٦)من القانون رقم(١) لسنة١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير العدل ووافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / إصدار القرار الآتي:

اولاً: يكون مقدار الغرامات المنصوص عليها في قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة١٩٦٩ المعدل كالآتي:

١ـ في المخالفات لا تقل عن(٥٠)ديناراً ولا تزيد على (٣٠٠)دينار.

٢ـ في الجنح لا تقل عن(٣٠١) دينار ولا تزيد عن(١٥٠٠)دينار.

٣ـ في الجنايات لا تقل عن (١٥٠١) دينار ولا يزيد على(٥٠٠٠)دينار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، سێ ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکەن، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا، ماددەی دووەم.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانياً: تنزل المحكمة من مبلغ الغرامة عشرين ديناراً عن كل يوم يقضية المحكوم عليه في

التوقيف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، هیچ تێبینی نییە، کەواتە ماددەی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس ، ماددەی دووەم بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێیەم.

**بەڕێز محمد سعید أحمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثالثاً: اذا كانت الجريمة معاقباً عليها بالغرامة فقط فتكون مدة الحبس التي تقضي بها المحكمة في حالة عدم دفع الغرامة يوماً واحداً عن كل عشرين ديناراً على ان لا تزيد مدة الحبس في كل الاحوال عن سنتين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمە پێشنیارێکمان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، بەرزترین غەرامە(٥٠٠٠) دینارە، دابەشی(٢٠)ی کەن (٢٥٠)ڕۆژ دەکات، سالێک ناکات، قەد بۆ دوو سالّ دەرناچێت، حەددی ئەعلا هەر(٢٥٠)ڕۆژە، حاکم نمر، فەرموو.

**بەڕێز نمر کچو هسام(وەزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەڤە(٥٠٠٠)دینار حەددی ئەعلای داناوە، ئەڤە بۆ غەرامات موتەراکیمە، ئەگەر هاتوو موتەوالی غەرامات هەبوو، یەعنی (في حالة عدم دفع الغرامات فقط) نەک بۆ زەرووره، یەعنی دوو سالّە، ئەگەر غەرامات هات (عن عدة جرائم) موحاکمە بوو و، متراکیم بوو، لەو کاتە دەتوانیت دووسالّ پتر نەبێت وەکو ئەوەی کابرایەک(٦٠)سالّ حوکم دەدرێت، بەلام نابێت سجن موئەبەد لە (٢٥)سالّ پتر بێت، لەگەلّ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەعقیبم لەسەر پێشنیارەکەی کاک نەمر هەیە ،یەعنی یەکێک(١٠) موخالەفەی کرد بێت، دوور نییە تاریخەکەش موختەلیف بێت، ئەو کاتە لە(١٠)موخالەفە هەر موخالەفەیەک سێ مانگ حەپس بوو، یان مانگێکی حەپس بوو، وەختی حەپس بە تەواوی تێپەڕیوە، بە تەداخوول

تەنفیزی ناکەین ئەو کاتە، بە ئاسایی بە تەعاقوبە، مادام بە تەعاقوب بێت بۆ غەرامە بە تەداخول بێت، لەبەر ئەوە من نازانم وەڵامی چیە؟ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تەعقیب هەیە، فەرموو حاکم نمر.

**بەڕێز نمر کچو هسام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو تەداخول و ئەو ئیشکالە پێویست ناکات، چونکە شتەکە وازیحە، بەنیسبەت بە تەعاقوب شتەکی واریدە، بەڵام ئەڤە بۆ حاڵەتی غەرامە ئیستیسناء نەهاتیە، غەرامە ئەگەر هاتوو(٥٠٠٠) دینار بوو، نەک بۆ زەرووڕەت هەتا دوو ساڵ، بەڵام لەوانەیە ئەوی تر ببێتە(١٠٠٠٠)دینار، ئەگەر هاتوو بە تەعاقوب نەدات غەرامە هەردوو عقوبە ئەوە دوو ساڵ تێدەپەڕێت، هەتا عقوبەی قانونی کۆنیش وایە، هیچ ئیزافاتی نەکردیە، ئەو نیسبەی تەناسیبی نەهێنێتە بەرچاو، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە ئەو حەپسی وتوە، چونکە حەپس یەعنی جونح، جونح حەددی ئەعلای(١٥٠٠)دینارە، ئەبێت چەند جونحی کرد بێت تاکو دوو ساڵ حەپسی بکەی، (١٠)زیاتر تەقریبەن.

**بەڕێز نمر کچو هسام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەڤە ئیشارەت پێدا، ئەم موقارەنە بۆ بکەی یەعنی غەرامە و ئەوی تر، یەعنی ئەو غەرامەی بەو شێوەیە دانەنراوە کو بۆ نمونە عقوبەی جونح پێنج ساڵە پێنج ساڵ ئەگەر لەگەڵ(٢٠) لێک بدەینەوە دەبێت چەند بکات؟ عقوبەی غەرامە قاسی ترە و تەشدید ترە کە بەم شێوەیە دانراوە، یەعنی مناسەبەی نەکردووە کو(٢٠)دینار موقابیلی هەر ڕۆژێک حەپس بێت، ئەگەر دوو ساڵ بێت لەوانەیە عقوبەکی موتەراکیم بێت، چونکە (١٠)زیاتر دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە قانونی پێشتر بەم شێوەیە هاتووە.

**بەڕێز نمر کچو هسام(وزیری هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەم شێویە هاتووە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شـــێـــروان ناصح حـــیـــدری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

من یەک پێشنیارم هەیە، بەنیسبەت حەپس هەتا (٥)ساڵ جائیزە، یەعنی هەتا ئەگەر جەریمەی موتەعەدیدیش نەبێت، لەوانەیە لە(١)جەریمە هەتا (٥) ساڵ مەحکەمە حوکمی بدات، لێرە لە دوو ساڵ زیاتر غەرامەکەی حیساب نەکرێت بەراستی، مەسەلەکە ئەوەیە، مەسەلە تەداخوول نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

یەعنی لە جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس، تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز محـمـد سـعـیـد احـمـد یعـقـوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

ثالثاً: اذا كانت الجريمة معاقباً عليها بالغرامة فقط فتكون مدة الحبس التي تقضي بها المحكمة في حالة عدم دفع الغرامة يوماً واحداً عن كل عشرين ديناراً على ان لا تزيد مدة الحبس في كل الاحوال عن سنتين.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی سێیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، تکام لە هەموو ئەندامەکان دەکەم دەستیان بەرز کەنەوە، چونکە بێ دەنگی نییە، دەبێت ڕەئی خۆتان بڵێن کێ پەسەندی دەکات و کێ پەسەندی ناکات، زۆر سوپاس، ماددەکە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی چوارەم.

**بەڕێز محـمـد سـعـیـد احـمـد یعـقـوبی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

رابعاً: ايقاف العمل بأحكام الفقرة الثالثة من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم(١٠٤) في٢٧/١/١٩٨٨.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

شەرحێکی بەسیتی بۆ بکەن بۆ ئەوەی بزانین چیە؟

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش محـمـد نقـشـبندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

بەڕێزان فەقەرەی سێ کە ئیشارەتی پێدرا، ئەوە نەسەکەیەتی(تكون الأحكام و القرارات الصادرة

في الدعاوي والجنح بالغرامة التي لا تزيد عن ١٥٠٠ديناراً باتاً، بإستثناء الجنح المخلة بالشرف فأن أحكام قرارات صادرة فيها تكون خاضعة لطرق الطعن بمقتضى القرار)، ئێستا بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن بەم شێوەیە هاتووە، تەنیا ئەو جەرائیمانەی موخیلە بەشرف حەقی هەبوو كابرا غەرامەكە بدات و تەعنی لێ بدات، ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆیی بدەینە هاوڵاتی بۆ ئەوەی تەعن لە هەر قەرارێك بدات كە حاكم غەرامەی دەدات، هەر قەرارێك دەتوانی تەمیزی قەرارەكەی بكات، بۆ ئەوەی هاوڵاتی مەحروم نەبێت لە حەقێك، چونكە حاكمە، وا تەسەور دەكات غەدری لێ كرا، وا مەجالی هەبێت تەعن لە قەرارەكە بدات، ئەوە بە موتلەقی هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز كەنەوە، كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دكەم (مجلس قيادة الثورة)نەمێنێ، یەعنی (إيقاف العمل بأحكام) كافیە، ئەو (مجلس قيادة الثورة) نەبێت، موجەڕەدە یەعنی قەرار دیارە رەقەمی دیارە ئەوی تر پێویست ناكات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێمەش پێشنیارێكمان هەیە، ئەگەر بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، یان وەڵامێكمان بدەنەوە، (ايقاف العمل)بە عام نەبێت، هەر چەندە خۆی تەحسیل حاسڵە، بەڵام بۆ دیقەت باشترە، ئێمە قەرار بۆ ئێرە دەردەكەین یان قانون بۆ ئێرە دەردەكەین، (ايقاف العمل في إقليم كوردستان بأحكام الفقرة.....)، تحصيل حاصله خۆی، فەرموو وەڵامی د. رزگار بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ چی تێدا هەیە، خۆی قەرارەكە ئەو دەریكردووە، ئێستاش قەرارەكەمان پێ باش نییە لایدەبەین، یەعنی ئەوە نییە تەئیدمان كردبی قەرارەكە لادەبەین، لەوانەیە مجلس وزرا قەرارەكە دەردەكات، لەوانەیە دیوانی رئاسە قەرارێك دەردەكات، با ئیلتیباسێك پەیدا نەبێت لەو شتانە، تەئیدیشمان نەكردیە و لایدەبەین، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مامۆستا محمد تاهیر ئەگەر ئەم كێشەیەمان بۆ چارەسەر بكات، (يوقف) یان (إيقاف).

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زين العـــابدين:**

**بەڕێز ســـەرۆكـی ئـەنجـــومـــەن.**

بۆ ئەوەی نەسەكە تەواو ببێت (يوقف العمل بأحكام)، باشترە.

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، تكایە ماددەكە جارێكی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــيـــد احـــمـــد يعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

رابعاً:يوقف العمل في اقليم كوردستان ـ العراق بأحكام الفقرة الثالثة من قرار مجلس قيادة الثورة المرقم(١٠٤) في٢٧/١/١٩٨٨.

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی چوار پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس ماددەكە بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــيـــد احـــمـــد يعـــقـــوبی:**

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خامساً: يعاقب بالحبس على السرقة التي تقع في غير الاحوال المنصوص عليها في المواد(٤٤٠) لغاية(٤٤٥) من قانون العقوبات رقم(١١١) لسنة ١٩٦٩المعدل ويجوز تبديل العقوبة المقررة في هذه الفقرة الى الغرامة التي تزيد على(٣٠٠)دينارا اذا كانت قيمة المال المسروق لا تزيد على (١٠٠) دينار.

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز كەنەوە، كاك فاتح فەرموو.

**بەڕێز فـــاتح مـــــحـــــمـــــد امـين:**

**بەڕێز ســـــەرۆكـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وا بزانم سزا لەسەر كردەوەكەیە نەک لەسەر چەندیەتی كردەوەكە، كە لێرە سزا دەدرێت لەسەر دزی دەدرێت، جا ئەگەر(١٠٠) بێ یان(٢٠٠) بێت، وا بزانم ئەگەر سەیری شەریعەتی ئیسلامی بكەین كە هاتووە لەسەر دزی حوكمی خۆی هەیە كە دەڵێت(السارق و السارقة فاقطعوا أيديهما) نەی گووەتوە ئەگەر بزنێكی دزی دوو پەنجەی ببڕن، ئەگەر حوشترێكی دزی هەموو دەستی ببڕن، یەعنی لێرە سزاكە لەسەر كردەوەكەیە نەک لەسەر چەندیەتی كردەوەكە، ئەگەر ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەی شەش و پێنج دا بەراوورد بكەین مەسەلەن دەڵێت (يعاقب بالسجن المؤبد مرتكب جريمة

سرقة السيارات) فەرقی چیە لەگەڵ دزینی مەخزەنێکا، دەتوانی تۆ ئەو کردەوانەی کە لە دوایی روو دەدات لە دزینی سیارەکە شتی تر مەسەلەن پیاو ئەکوژێ یان جەریمەکی تر دەکات ئەوە رەبت بکرێت بە شتێکی ترەوە، بەڵام دزی هەر دزیە ئەگەر(١٠٠)بێت یان (٢٠٠)یان(١٠٠٠)بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت سەریقەوە تەبعەن شەرت و شروتی خۆی هەیە، حیزر و میزری هەیە، زۆر بەزەحمەت عەینی شت هەتا ئەو حەددەی لەسەری دێتە دی، مەسەلە ئەوە نییە کە تەنها ناوی سەریقە بێت ئیتر موستەحەقی ئەوە بێت کەوا دەستی ببڕێت، لەگەڵ رێزمدا، بۆ کاک فاتح، شتی ترم تەبعەن لەسەری هەیە کە ئەویش( ویجوز تبدیل العقوبة المقررة في هذه الفقرة في هذه المادة)، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز جمیل سندی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسڵێ مەشروعی هاتبی (بالغرامة التي لا تزيد على ٢٠٠دينار) ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە وەزعی هاوولاتی، دێتە بەر ئاخافتن وەزعی هاوولاتیش، لێرە زیاتر عقوبەیە، ئەسڵی پرۆژەش لە ریئاسەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە (بالغرامة التي لا تزيد على ٢٠٠ دينار اذا كانت قيمة المال المسروق لا تزيد على مائتي دينار)، ژ(٢٠٠) دینار یەکسەر ببێتە (٣٠٠) دینار، بەتایبەتی (يجوز تبديل) یەعنی بۆ تەقدیری حاکمە، ژ بەر هندێ، من وا دەبینم وەکو خۆی بمینیتن (بالغرامة لا تزيد على مائتي دينار)، گەر بەرێ خۆتان بدەنە وەزعی هاوولاتیش چەند وەزعێکی موزرییە، چەند ناخۆشە، نەکو ئەوا هایلایف بژی ئان وەزعی وی زۆر زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من باوەڕ ناکەم تۆ دیفاع لە هاوولاتی بکەی، ئەوە دیفاع نیە لە هاوولاتی، ئەوە دیفاعە لە هاوولاتییەکی موخالیف، (٣٠٠) دیناری نیە، دەچێتە حەپسەوە، حەپس دەکرێت، با دزی نەکات، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دێتە بەر ئاخافتن ئیمام عومەر خوتبەیەكی داشت، راستە دەست برینی راوەستاند، گوتی بەرێ خۆ بدەنە زوروفی خەلكی ژێ. ئێستاش منالێكە تووشی موشكیلەیەك بوو ئان نەستەلەیەك ئان چەند نەستەلەیەك دزی، یەعنی بۆ منالی من هەموو شتێك بخوات، قوربەسەرێك ئان هێتیمێك شتەكی نەخواتن، دەبێت ئێمە سەیری وەزعی ئەوانیش بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس كاك جەمیل، بەڕێز كاك فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر بێتو تەماشای پرۆژەی یاساكە بكەین، تەماشای دەكەین تەنزیی دوو حالەت دەكات، مەوزوعێكی عامە ،ئەویش غەراماتە بەنیسبەتی هەموو تاوانەكان، پاشان نەقل دەبێت دەچێتە مەوزوعێكی تایبەت، ئەویش مەوزوعی دزیە، ئەو بابەتە لەگەڵ برادەرانی ئەندامانی لیژنەی یاسایی پێش وەخت موناقەشەمان كرد، تەقریبەن ئەوانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو، باشتر وا بوو، ئەگەر بێتو پرۆژەی یاسایی مەحسوور بێت لەسەر غەرامات و، پرۆژەیەكی تر هی دزین بە جیاوازی بێتە تەنزیم كردن، ناحیەی هونەری و ناحیەی صیاغە باشتر دەبێت ئەوە لە لایەك، ئەگەر بێتو نەكرێتن ئان برادەران تەماشا بكەن زەحمەتە، ئێستا بێتە چارەسەر كردن، تەعدیلی هەر یاسایەك ئەوەیە چارەسەری موشكیلەیەك بكات، بە حوكمی تەخەسوسی. من ناحیەی یاسایی ئیحتیكاكمان لەگەڵ برادەرانی حاكمەكان كردووە، ئەوەی من دەزانم كێشەی سەرەكی مەحاكم دوو بریار بوون لە ماوەی شەری عێراق و ئێران دەرچوو بوو، هەر تاوانێك پاش ئاوا بوونی رۆژ بێتە كرن دوور نیە دزینی مریشكێك حوكمی لە سێدارەدان بێت، پاش ئینتیفازە تووشی موشكیلەیەك بوون، لەسەر شتێكی سادە كابرا حوكمی لەسێدارەدانی وەربگرێت، هەستان چیان كرد، مەجبوور بوون تەخفیفیان دەكرد بەگوێرەی ماددەی (١٣٢) لە یاسای سزاكان، دەیان كردە موئەبەد، لە موئەبەد زیاتر هیچ مەجالیان نەبوو سزاكە دابەزێنن و، ئەو موشكیلەیە تاكو ئێستا ماوە، مادام ئەو پرۆژەیە چارەسەری چەند حالەتێكی دزی دەكات، وەكو بە عەرەبی دەڵێن (من باب اولی) چارەسەری مەوزوعی سەرەكیان كرد، رێزدار وەزیری عەدلیش لێرە دانیشتووە و، وەزیری ناوخۆش لێرە دانیشتووە، نوێنەری حكومەتیش بەڕێز حاكم نەمر لێرە دانیشتووە، هەرسێكیانیش وابزانم ئاگاداری ئەو وەزعەنە، بۆ چارەسەری ئەو وەزعە یان لە هەمان پرۆژە چارەسەری بكەین، ئەو دوو بریارە رابگرین و جارێكی تر كار بە ماددەی (٤٤٤) بكرێت، یانیش بۆ ئەو مەوزوعە ئیكتیفاء بەو حەددە بكەین بۆ تەنزیم كردنی غەرامات، ماددەكانی تر

تەئجیل بکەین و لیژنەی یاسایی بە ئیعتیبار پێویستی بەوە ناکات کە پرۆژەیەکی تازە تەقدیم بکرێت، چونکە ئەسڵی پرۆژەیە دەبێتە دوو بەش، لیژنەی یاسایی بەڕێزان ئەندامانی ئەو لیژنەیە چارەسەری ئەو وەزعە بکەن بە پرۆژەیەکی تایبەت، یانیش چارەسەری کەموکوڕیەکە بکەن و، بە چارەسەر کردنی ئەو کەموکوڕیەش، لەوانەیە لەو دانیشتنەدا فریانەکەون دیراسەتی بکەن و تەسبیتی ئەو دوو بڕیارە بکەن، هەر چەندە من حەز دەکەم رای لیژنەی یاساییش بزانین و، بەڕێزان وەزیرەکانی تایبەتمەند بەو مەوزوعە، ئەگەر پەرلەمان ئاگادار بێت، دوور نیە برادەران زیاتر ئاگاداری وەزعەکە بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فعلەن وەکو گوترا ئەو دوو بڕیارەی کە هەیە (١١٣٣) لە (١٩٨٢/٩/٢)، لەگەڵ (١٦٣١) لە (٣٠/ ١٠/ ١٩٨٠)، ئەو دوو بڕیارە هەموو دزیەکانی کە لە ماددەی (٤٤٠)دا هاتووە، هەتا ماددەی (٤٤٥) هەمووی تەشدیدی سزای تێدا کردووە، تەشدیدی سزاکەش هەمووی بە لایەنی لەسێدارەدان رۆیشتووە، فعلەن وەکو جەنابی سکرتێر فەرمووی دائیمەن حوکمەکان بە لاپەرە (١٣٢) تەسجیلی سزاکە دەکەن لە لەسێدارەدان دەیکەنە موئەبەد، فعلەن ئەوە شتێکی نارێکە بۆ هەموو تاوانێک بەو شێوەیە بڕوات، بەس وا تەسەور دەکەم ئەو مەوزوعە لەگەڵ جەنابی نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران باس کرا، وا تەسەور دەکەم راگرتنی ئەو دوو بڕیارە پێشکەش کراوە یان نەکراوە، نازانم ئەوجا موافەقەت کراوە یان نەکراوە لە دوارۆژ، نازانم ئەوجا ئەوان رایان لەسەر ئەو دوو بڕیارە چ دەبێت، چونکە بە حەقیقەت ئەوە مەفروزە، بەڕێز وەزیری داد و حکومەت بەشێوەیەکی گشتی را لەسەر ئەو دوو بڕیارە بدەن، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا رامان وایە کە ئەو دوو بڕیارە رابگیرێت، تاوەکو هەر تاوانێک بەپێی جەسامەتی خۆی تەعامولی لەگەڵدا بکرێت، تاوانێکی بچووک لەگەڵ یەکێ گەورە مەفروز نیە، بۆ نموونە دزینێکی گەورە و کوشتن نابێت تەعامول بکرێت لەگەڵ دزینی موزەخەیەک، بە حەقیقەت نابێت تاوانێکی بە تفەنگ بچێتە سەر ماڵێک و کابرای لە حەمامێ بکەن و هەتا ماڵەکەی تالان دەکەن و لەگەڵ کابرایەک بچێت دوو قەنەفە بدزێت یان کورسیەک یان مافوریەک بدزێت، خۆی مەفروزە فەرق بکرێت، هەر تاوانێک بەپێی جەسامەتی تاوانەکە بێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە ئەو دوو بڕیارە لابچن، بەس بەنیسبەت ئەو پرۆژەیەی کە ئێستا بیکەینە دوو پرۆژە، ئەگەر هاتوو برادەرانی حکومەت بڕیار بدەن کە ئەو دوو پرۆژەیە، ئەو بڕیارە رادەگرن، ئێمە لاریمان نیە ئەو ماددەیەی کە موتەعەلیقە بە دزین، ئەو ماددەیە رابگیرێت، هەتا ئەوان ئەو دوو بڕیارە جێ بەجێ دەکەن، عەجەبا ئەوجا دەیکەن یان نایکەن،

ئەگەر نا با بڕوا ئەو مەوزوعە، ئەگینا ئێستا مەوزوعی تاوانی سەیارە لە گۆڕێیە، دەبێت حوکمیان دەن بە لەسێدارەدان، فەرقیشی زۆرە دەبینی کابرایەک دەچێت سەیارە بە زەبری تفەنگ وەردەگرێت لەگەڵ یەکێ لە مزگەوت سەیارەیان لێ دزیوە، بە حەقیقەت دوو حالەتی جیاوازن، مەفروزە هەر یەکێک بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، ئێمە بە باشمان زانی بە موئەبەد حوکمی بدەین و تەحدیدی بکەین، بۆ ئەوەی نەگەڕێینەوە بۆ ماددەکانی (٤٤٠ تا ٤٤٥) کە تەشدید کراوە بەو بڕیارە کە حوکم بکرێت بە لەسێدارەدان و، راش مەتروکە بۆ پەرلەمان، نازانم رای حکومەتیش بەنیسبەت ئەو دوو بڕیارە چۆن دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا هادی وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین لە ئەنجومەنی وەزیران کاتی خۆشی باس کراوە و، لە وەزارەتی دادیش لەگەڵ حاکمەکان و لەگەڵ تەدوینی یاسایی باسی غەرامات کراوە و، هەروەها باسی ئەو چەند ماددەیە لە یاسای سزاکان کراوە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دزینەوە هەیە، هەر دووکیان باس کراون و لەو بارەیەوە پڕۆژە نێردراوە بۆ پەرلەمان و بۆ ئەنجومەنی وەزیران، هەتا کاتی خۆی لە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەک پێک هێنرا، موراجەعەی هەمووی کردەوە، دوایی لە تەدوینی یاسایی موراجەعە کراوە و نێردراوە، یەعنی هەمووی پێکەوە بوو، ئێستا من پێم باشە ئەمەی کە لێرە دەکرێت، وەکو کاک فەرسەت وتی من پشتگیری پێشنیارەکەی دەکەم، ئەوەی پەیوەندی بە غەراماتەوە هەیە، وەکو یاسای پڕۆژەیەک یان بڕیارێک، ئەوە ئێستا تەسبیت بکرێت بە جیا باشە، ئەوەی کە پەیوەندی بە دزینەوە هەیە بکرێتە پڕۆژەیەکی تر، ئەگەر لە دانیشتنێکی تری پەرلەمان دیراسەتی لەسەر بکرێت و رای لەسەر بدرێت باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تەعقیبی تر هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، فەرموو کاک د. لەتیف.

**بەڕێز د. لطیف محمود احمد برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم و، ئیشکالێکیش لە لام دروست بووە لە بڕیاری ژمارە (٥) لە (١٩٩٨/١/١٧) (مجلس قیادة الثورة) دەڵێت (تحل عقوبة الحبس محل عقوبة الغرامة أينما ورد في قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩)، لەبەر ئەوەی بەو بڕیارە ئیلغای سزای غەرامەی کردووە، کە ئێمە ئێستا کەمی دەکەین یان زیادی دەکەین، جا من پێم باشە ئەم شتە تەئجیل بکرێت بۆ ئەوەی ئەو فەقەرەیەش ئیلغاء بکرێت یان

ئیزافەیەکی بۆ بکرێت، یان ئیشکالەکە حەل بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکە تەئجیل نیە، پێشنیارەکە ئەوەیە، ئەوەی کە پەیوەندی بە غەراماتەوە هەیە، ئێستا بە یاسا دەربکرێت، ئەمە یەکەم شت، ئەوەی کە پەیوەندی بە دزینەوە هەیە، یەعنی حوکمی ئوسوولی بدرێت، وەکو جاران پێش ئەو بڕیارەی (٨٨) ئەوە بە پەلە، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەیەکمان بۆ بنێرن، تاکو پەرلەمانیش پەلەی تێدا بکات، زوو بڕیاری لەسەر بدات، لەگەڵ ئەوەی کە لە (١٩٩٨)ەوە دەرچووە، دوای (٩/٨) ڕاپەرین دەرچوو بێت، نافذی مەفعول نیە لە هەرێمی کوردستان، فەرموو کاک شێروان حەیدەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت ئەو پرۆژەیەی کە هاتووە، چارەسەری مەوزوعی غەرامات دەکات لە یاسای سزاکان کە مەبدەئێکی عامە و، زۆربەی ماددەکان بەوە بەستراوە، جگە لەو ماددەیەی کە ئێستا خوێندرایەوە پەیوەندی بە دزینەوە هەیە، من وای بە باش دەزانم ئەگەر ئەو دوو بڕیارە بێت لەگەڵ ئەو برگەیە دەمج بکرێت بە پرۆژەیەکی تایبەت ئەوە لە ناحیەی تەبویبیش ڕێکوپێک ترە، ئەو یاسایەش لە جێگای خۆیەتی کە ناوی لێ دەنێین یاسای غەرامات، چونکە چارەسەری غەراماتە لە یاسای سزاکان تەنها تایبەتە بەوە و، من ئومێد دەکەم لە وەزیری داد غەرامات تەنها لە یاسای سزاکان نیە، لە زۆربەی مەوادی سزا لە قەوانینەکانماندا هەیە، ئومێد دەکەین کە پرۆژەی لاحیقیش بێت بەپێی قەوانین، نەک تەنها یاسای سزاکان بگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لاریمان نیە کە ئەو دوو ماددەیەی موتەعەلیقە بە دزین تەئجیل بکرێت، بەزووترین کات، چونکە ئێستا مەوزوعی دزینی سەیارە زۆر لە گۆڕێیە، بە سەراحەت هەیە تاک تاک دەبێت و، مەحاکم پەکیان کەوتووە نازانن چۆن حوکم بدەن، دەبێت یەکسەر حوکمی لەسێدارەدانی بدات، ئەوجا ئەو سەیارەیە لە پێش مزگەوت دزرا بێت یان بە زەبری تفەنگ، هەر دووکی هەمان شتن، لەبەر ئەوە ئەگەر برادەران لە ئەنجومەنی وەزیران بە زووترین کات ئەو پرۆژەیە بنێرن، هەم ئیتفاقی عەمەل بێت بەو دوو بڕیارە، ئەو مەوزوعی دزینی سەیارانە پەیوەندی بەو دزینانەوە هەیە، بە زووترین کات بۆمان بنێرن و، ئێمەش بەزووترین کات دیراسەتی دەکەین و عەرزی بەڕێزتان دەکەین، بۆ ئەوەی عەرزی پەرلەمان بکرێت، خراپ نیە ئەو ماددانە تەئجیل بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە رای بەڕێز وەزیری داد و نوێنەرانی حکومەت و لیژنەی یاسایی بەو شێوەیەیە، ئەو دوو ماددەیەی هاتووە لەم پرۆژەیە لاببرێت بچێتە سەر پرۆژەیەکی تر، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارە پەسند دەکەن ئەو دوو ماددەیە جیا بکرێنەوە لەم یاسایە لە یاسایەکی تری ئایندەی نزیکدا دەربچێت دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ پەسند کرا، ماددەی پێنجەم و شەشەم دەخرێتە لایەکەوە ماددەی حەوتەم دەبێتە پێنجەم فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنجەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەشەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی شەشەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

يعمل بأحكام هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، ماددەی حەوتەم بەگشتی دەنگ وەرگیرا،ئێستا هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بە گشتی دەنگ هەموو یاساکە وەرگیرا، زۆر سوپاس.
خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، کاک فەرسەت دەڵێ چارەگێک یان نیو سەعات پشوو دەدەین، دوای ئەوە دەست بە یاسای حزبەکان دەکەین.
بەردەوام دەبین لەسەر کاروباری دانیشتنەکەمان، خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان:
هەموار کردنی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، تکایە جارێکی تر پرۆژەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم
بإسم الشعب
المجلس الوطني لكوردستان العراق
رقم القرار:
تأريخ القرار:
إستنادا لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل، وبناءاً على ما عرضه وزير الداخلية و وافق عليه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ / / تشريع القانوني الاتي:
المادة الاولى:
تعدل الفقرة (١) من المادة الثالثة وتكون كالاتي:
١ - لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب.
المادة الثانية:
تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وكالاتي:
٦ - ان لا يتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام.

المادة الثالثة:
أ ـ تعدل الفقرة (١) من المادة السادسة وتكون كالاتي :
١ ـ تقديم طلب الى وزارة الداخلية موقع من اعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن (٥٠) عضوا ولا يقل عمر العضو عن (٢٥) سنة ومواطنين مؤازرين لا يقل عددهم عن (٥٠٠) مواطن ولا يقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة وان لا يكون العضو أو المؤازر محكوما عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القميعة أو ارتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالاهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.
ب ـ تضاف الفقرة (٣) الي المادة السادسة وتصبح الفقرة الثالثة منها:
٣ ـ يجب ان يلاحظ على هيئة المؤسسة والمؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي والنشاط الاجتماعي والتوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الاعضاء والمؤازرين.
ج ـ تضاف (وكل مؤازر) في الفقرة (٢) من المادة السادسة.
المادة الرابعة:
تعدل الفقرة (٢) والفقرة (٤) من المادة السابعة وتكون كالاتي:
٢ ـ عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) اعلاه لاكمال النواقص.
٤ ـ في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة (٣) اعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي ما يعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة اعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.
المادة الخامسة:
تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالاتي:
على الحزب اعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي أو منهاجه خلال مدة ثلاثين يوما من تأريخ حصول التغيير ولمجلس الوزراء سحب الاجازة من الحزب اذا ما ظهر ان التغيير يسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى الحالة الاجتماعية في الاقليم.
المادة السادسة:
تعدل الفقرة (١) والفقرة (٦) من المادة الثالثة عشرة وتكون كالاتي:
١ ـ امتلاك وسائل الاعلام لتحقيق اهدافه ولمجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة أو احالتها الى المحاكم اذا اقتضى حجبها بصورة دائمة وذلك اذا ما حادعن المفهوم الوطني أو عادى توجهات المجلس الوطني الكوردستاني.
٦ ـ قبول اموال عينية أو نقدية من اية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء.

المادة السابعة:

تعدل الفقرة (١) وتضاف الفقرة (٢) والفقرة (٣) الى المادة الرابعة عشرة وكالاتي:

١ - توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني لكوردستان العراق.

٢ - يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٣ - تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها.

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالاتي:

للحزب حل نفسه وفق أحكام نظامه الداخلي واعلام وزارة الداخلية بذلك.

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتكون كالاتي:

١ - يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناء على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من أحكام هذا القانون أو مضى على تأسيس الحزب (٦) اشهر ولم يمارس نشاطه المنصوص عليها في نظامه الداخلي أو انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة اعلاه دون اسباب تبرر ذلك.

المادة العاشرة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بکرێت تێبینیەکانی لیژنەی یاسا ماددە بە ماددە بێت، لەسەر هەر ماددەیەک ڕای خۆمان بدەین بۆ برادەران، چونکە دووبارە دەبێتەوە هەمان شت، پێمان وا باشترە ئەگەر بەڕێزتان ڕازی بن لەسەر ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ماددە بە ماددە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەس تەسەور دەکەم ئەگەر ڕای خۆتان بخوێننەوە باشتر بێت بۆ ئەندامەکان خراپ نیە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:

٢ ـ المادة الثانية/ اضافة كلمة (والاداب) الى نهاية الفقرة السادسة المقترح استحداثها في المشروع.

٥ ـ المادة الخامسة/ اضافة العبارة الاتية الى نهاية التعديل المقترح على المادة الحادية عشرة وكالاتي ( وللحزب الطعن في قرار مجلس الوزراء لدى محمكة تمييز اقليم كوردستان العراق ويكون قرار المحكمة باتاً).

٧ ـ المادة السابعة: نقترح ان تكون تعديل المادة الرابعة عشرة من القانون على الشكل الاتي تعدل المادة الرابعة عشرة لتكون كالاتي:

١ ـ توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للأحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق.

٢ ـ يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٣ ـ تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان العراق وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها.

٨ ـ المادة الثامنة/ اضافة عبارة (خلال مدة اقصاها ثلاثون يوماً من تاريخ صدور قرار الحل الى نهاية المادة السادسة عشرة المقترح تعديلها).

بەنیسبەت مادده حەڤدە (سابعاً) کە گوتمان سێ شکل، چونکە ماددەی حەوتەم بە خۆی هیچ برگەی نیە، لێرە تەعدیلەکە وا هاتووە دەڵێ سێ برگەی لێ بکرێت، ئێمە دەڵێین هەر ماددەکە بەخۆی ( تعدل) بۆ سێ برگەکەمان هێناوەتە خوارێ، بەس صیغەکە وا نیە بڵێین لە تەعدیلەکە باش نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە سوپاس، لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی بۆ نموونە ئەڤ مادده داهاتن (مجلس الوزراء) ببێتە ( رئاسة مجلس الوزراء)، وەختێ مادده شەشی دەژی هاتی ( أو عادى توجهات المجلس الوطني لكوردستان العراق أو لم يلتزم بقوانينه و قراراته) ئەڤە ئیزافە ببێت و، مادده حەفتێ فەقەرە سێ هاتیە

(الرقابة المالية) ببێته (لتدقيق ديوان الرقابة المالية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای خۆتان بخوێنەوە کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر نووسراوێ مە ئاراستەی جەنابت نەکرن، چونکە فەقەراتی مە گەلەک هەین، یەعنی شتەکە ئاسایيە و، (الرقابة المالية) ببێتە (ديوان الرقابة المالية)، بەس ما تێبینی لەسەر بنووسین و، بەس تەخویل کرن هەر مادده بە مادده بخوینن و، وشەی (مجلس الوزراء) ببێتە (رئاسة مجلس الوزراء) زۆر مەسائیلی دارایی تێدا نەبوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل نوسراوێکی ڕەسمیتان بۆ ڕیئاسەت نووسیووە، تکایە ئەوە بخوێنەوە.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**هێژا سەرۆکی ئەنجومەن.**

نووکە دەخوێنم نووسراوەکە:

المجلس الوطني لكوردستان العراق

كوردستان ـ اربيل

اللجنة المالية والشؤون الاقتصادية

رقم: ج ١٩

تاريخ: ١٢/٩/٢٠٠٠

السيد رئيس البرلمان المحترم

م/ مشروع قانون التعديل الثاني لقانون الاحزاب لاقليم كوردستان العراق رقم (١٧) لسنة ١٩٩٣

تحيةً واحتراماً

اجتمعت لجنتنا لدراسة ومناقشة المشروع المذكور اعلاه حيث توصي اللجنة اضافة (ويؤمن بالديمقراطية للعراق والفيدرالية لاقليم كوردستان العراق في منهاجه ونظامه الداخلي) الى نهاية الفقرة (٦) من المادة الثانية من المشروع.

**مع فائق التقدير**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ.**

فەقەراتیش ئەڤرەو دیراسەت کرن هەر وەسا بۆ جەنابی وا بخوێنم، تێبینی بەسیتم نووسیتم

پێویست نەدیت بوو، ڕاپۆرتەکە بنووسم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە ڕای ڕەسمی لیژنەیە کە خوێندتەوە، ڕای شەخسیش هەر شتێکت هەیە قەبوڵە بۆ ئەوەی تەرحی بکەیت، هیچ لاریمان نیە، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی لیژنەی ناوخۆتان بۆ دەخوێنمەوە:

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ب/ ڕای لیژنە

لیژنەکەمان لە ڕۆژی ٤/٥/٢٠٠٢ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بۆ دیراسەت کردنی پرۆژەی هەموار کردنی یاسای حزبەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣و، دوای گفتوگۆ کردنی پرۆژەکە بەشێوەیەکی تەفسیلی، لیژنەکەمان بە تێکڕای دەنگ پەسندی پرۆژەکە دەکات و داواکارین کە پرۆژەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمانی بەڕێز بۆ گفتوگۆ کردنی و بڕیاری گونجاو.

لەگەڵ ڕێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی هەیە؟، پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆی ئەو پرۆژەیە بکەین، هیچ تێبینی هەیە؟، تێبینی نیە، کەواتە ماددە بە ماددە بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

تعدل الفقرة (١) من المادة الثانية وتكون كالاتي:

١ ـ لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الاحزاب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینیەکەی من تەنیا لەسەر واوی ساکینیە، ئەگەر واوەکە نەمێنێ، ئەسڵی ماددەکە وەکو خۆی

بمێنێتەوە باشترە و رەوانترە و رێک ترە، چونکە سکونەکە لەگەڵ مواتینەکە جیاوازیەکیان هەیە، نازانم مەبەست لەوەیە کە ئەو واوە بمێنێت (ساکنین) لەگەڵ (مواطنین) جیاواز بێت، ئەوە روونکردنەوەیەکی دەوێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، من وابزانم حەقی تەئسیسی حزبەکان و بەشداری بوون لە تەئسیسدا تەنیا بۆ هاوولاتی نیە، یەعنی بەشێوەیەکی دائیمی، لێرە نیشتەجێن حەقی ئەوەیان هەیە کە بەشداری بکەن لە تەئسیسی حزب، من تەسەور دەکەم وا هاتبێتەوە، لە دوایێ وەلامیشی بدەنەوە، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تەعقیبم هەبوو، تەبعەن پێشتر هاتووە (الساکنین) مانای ئەوەیە بۆ هەر هاولاتییەک نەک کە لێرە نیشتەجێیە، یەعنی هەمان شەخس (مواطن)یشە و (ساکن)یشە، کە بوو بە (الساکنین بصورة دائمیة) لێرە مەبەستیان رەنگە ئەو کەسانەی کە عێراقین لە کوردستان دەژین، شەرت نیە بیزەبت، یەعنی ئەگەر (أو الساکنین فیه بصورة دائمیة) بێت، مانای فەرقێک دەداتە نێوان (مواطنین)ی کوردستان، ئەوانەی لێرە دەژین و، ئەو کەسانەی عێراقین یان غەیری عێراقی، بۆ نموونە کوردی شوێنێکی ترە، بەس نیشتەجێیە لە کوردستان، بەس ئەو (ساکنین)ە ماوەی چەندە، یەعنی تازە هاتبێت ئعتیبارە بە نیشتەجێ، یەعنی باشتر نیە ماوەیەکی زەمنی بۆ ساکین دانرابووایە، کێ ئەوە تەحدید دەکات، رەنگە پێش سێ مانگە هاتبێت و، ساکینی کوردستانە و، ئیعتیبار دەبێت عەجەبەن وازیح تر بوایە باشتر نیە، بۆ نموونە ماوەیەکی زەمنی (١٠) ساڵ دانرا بایە کە ئەو کەسە ساکینە لە کوردستان، مەبەستی من لێرە ئەوەیە تەوزیحی کەمە، واتا ماددەکە زۆر وازیح نیە، بۆ یاسا ئەم وشانە کیفایەت نیە، پێویستی بە زیاتر تەوزیح هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. نیاز میران فەرموو.

**بەڕێز د. نیاز جمیل میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو (والساکنین) دوو مانای دەدات یان (مواطن) یان غەیری (مواطن)، پێم باشە بکرێتە (من الساکنین)، ئەگەر مەخسەدمان (مواطن) بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر مەخسەدمان (مواطن) نەبێت وەكو خۆی بمێنێتەوە، كاك عەبدولخالق زەنگەنە فەرمووو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من لەگەڵ ئەو ماددەیەم، بەس زۆر بۆ من روون نیە، ئەگەر مەقسود ئەوەیە ئەو حزبە عێراقیانەی كە لێرە نیشتەجێن و ئیعتیراف ناكەن كوردستانین، بۆ ئەوانە دەبێت مەسەلەكە روونتر بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی هاتووە (والساكنین فیە بصورة دائمیة) ئەمە مەقسود ئەوەیە ئەو حزبانەی كە عێراقین یان ئیدیعا دەكەن كە عێراقین و، ئیجازەش وەرناگرن، لەبەر ئەوە ئەم حزبانەش چۆن لە وەختی خۆی ئێمە یاسایەكمان دەركرد، بەنیسبەت (ئینجۆیەكانی ئەهیلمان)، بەڕای من دەبێت حزبەكان تەكەیوف بكەن لەگەڵ ئەو واقیعە لە ماوەیەكی زەمەنی موعەیەن بڵێین سێ مانگ یان شەش مانگ، بۆ ئەوەی هەر حزبێك لێرە موجاز نەبێت حەقی نەشاتی حزبی و سیاسی نەبێت، یان فەقەرەی دووەمی بۆ زیاد بكرێ زۆر بە روونی ئەو حزبانەی كە عێراقین یان ئیدیعا دەكەن كە عێراقین دەبێت موافەقەی نەشاتی سیاسی و حزبیان لە كوردستان بە ئیجازە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی فەقەرەی یەكەم لە ماددەكە دەڵێت ( لكل مواطن من مواطني اقلیم كوردستان العراق الساكنین فیە ممن تتوفر فیهم الشروط حق المشاركة في تأسیس الاحزاب)، ئەم فەقەرەیە تەعدیل كراوە بۆ ( لكل مواطن من مواطني اقلیم كوردستان العراق والساكنین فیە بصورة دائمیة) یەعنی ( أو الساكنین فیە بصورة دائمیة) یەعنی هەردوو لا دەگرێتەوە، چونكە تەعدیلەكە تەنیا ئەو واوەیە، ئینجا ئەگەر دەتانەوێ تەوزیح بكرێت لوغەویەن زیاتر هەوڵ بدەن زیاتر تەوزیح بكرێت، واو و دائمی زیاد كراوە، یەعنی هەردوولا بگرێتەوە، تەبیعی من تەسەور دەكەم خەڵكێك بێت كە بیانەوێ لەو حزبانە ئیش بكەن و، لێرە ئیش دەكەن بە دائیمی ماڵ و منداڵیان لێرە دەژین، بەس خۆی بە هاووڵاتی هەرێم نازانێ، خۆی بە موقیم لە هەرێم دەزانێ لە ئینتیخابات بەشدار نابێت، بەس مومكینە خۆی بە خەڵكی وەسەت و جنوبی عێراق دەزانێ، هاووڵاتییەكی عێراقیە لێرە دەژی، یان كوردێكە لە ئێرانەوە هاتووە لێرە ئیش دەكات یان لە توركیاوە هاتووە لێرە دەژی، هاووڵاتی هەرێم نیە، بەس لێرە بە دائیمی دەژی، ماڵ و منداڵی لێرەیە، ئیش و كاسیبی لێرەیە، دەیەوێ بەشداری بكات لە تەئسیسی حزبدا خۆ رێگای لێ ناگیرێت، ئەوەیە، كاك عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من زۆر موافیقم لەسەر ماددەكە، یەعنی واوەكە كافییە بەنیسبەت منەوە، بەس من دەڵێم بۆ زیاتر تەوزیح، بۆ ئەوەی هیچ كەسێک حەقی نەبێت لە كوردستاندا بە كەیفی خۆی بڕوات حزب تەشكیل بكات و، لەبەر دەم چاوی پەرلەمان و حكومەتی ئێمە. لەبەر ئەوە من زۆر لەگەڵ ئەوەم ئەو مادده ژمارە (١)ە زۆر وازیحە، ڕەقەمی دووەم بۆ ئەو حزبانەی كە ئیجازەیان وەرنەگرتووە، دەبێت زۆر روون ببێت ئەو قەزیەیە، بۆ ئەوەی كەس تەفسیری نەكات بە هەڵە و بە كەیفی خۆی بڵێ وەڵڵا من هاووڵاتی عێراقیم، لەبەر ئەوە ئیجازە وەرناگرم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو برادەران فەرموویان و بەڕێزتان باستان كرد، خۆی ئەو واوە لەسەر ئەو ئەساسە هاتووە (لمواطني كوردستان والساكنين فيه بصورة دائمية) یەعنی دوو جیهەت، ئەوی هاووڵاتی ئیقلیمە و ئەوی نیشتەجێیە بەشێوەیەكی دائیمی، حەقی تەئسیسی حزبی هەیە و، ئەوەی بەڕێز كاك عەبدولخالق فەرمووی بە حەقیقەت حاجەت بە نص ناكات، چونكە هەر حزبێک لە كوردستان بێت مەفروزە خازعی ئەو یاسایە بێت، چونكە یاسای حزبەكانە، یەعنی هەر حزبێک ئیش بكات لە كوردستان دەبێت خازعی ئەو یاسایە بێت و، سوڵتاتی تەنفیزی حەقی خۆیەتی هەر حزبێک موجاز نەبێت و نەشاتی هەبێت بەپێی ئەو یاسایە موجاز نەبێت، حەقی خۆیەتی حەزری لە نەشاتی بكات و لێ نەگەڕێ نەشاتی هەبێت و، مەقریشی دابخرێت و، لێ نەگەڕێ میللیشیاتی هەبێت، هەر لێ نەگەڕێ كەس هاتوچۆی مەقەرەكەی بكات، چونكە ئەو یاسایە بۆ حزبەكانە، پێویست نیە بڵێین هەر حزبێک تەكەییوف بكات لەگەڵ ئەو یاسایە، ( قانون الاحزاب في اقليم كوردستان العراق)، هەر حزبێک خازعی ئەو یاسایەیە، لەبەر ئەوەی بەڕای ئێمە پێویست نیە خۆی تەكییف بكات، ئەگەر خۆی تەكییف بكات، مانای ئەوەیە ئێمە شەرعیەت دەدەینە ناشەرعیەتەكەی خۆی تەكییف بكات، خۆی ئەسڵەن ئەگەر ئەو هەبێت ناشەرعیە مادام لە یاسای حزبەكان دەرچووە و موجاز نیە، لە ساڵی ( ١٩٩٣)ەوە دەرچووە، مەفروزە لە ئێستاوە ئیجازەی خۆی وەرگرتبووایە، وجودی ناشەرعیە، لەبەر ئەوەی پێی ناڵێن خۆی تەكییف بكات، دەبێت وەزارەتی ناوخۆ كە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دانیشتووە، دەبێت ئەو مەقەرەی دابخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئێمە موناقەشەی ئەوە ناکەین، ئەو حزبە مەقەرەکەی دابخەین یان دای نەخەین، ئێمە موناقەشەی تەعدیلی یاسای حزبەکان دەکەین، یاساش کە دەردەچێت بۆ حالاتی عام دەردەچێت، بۆ حالاتی موخالەفە و شاز دەرناچێت، یەعنی بۆ خسوسی دەرناچێت، بۆ عام دەردەچێت، بەڕێز وەزیری داد فەرموو.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا دەزانم ئەم یاسایە، یاسای حزبەکانی ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٢، ١٩٩٣)، یەعنی یاسای دامەزراندن و کارکردنی ئەو حزبانەیە کە لە کوردستانن، کوردستانین، بەڵام ئەو حزبانەی بڵێین عێراقی بن، یان بۆ نموونە بەشەکانی تری کوردستان بن یان دەرەوەی کوردستان بن، بیانەوێ لێرە وەکو حزبێک لە مەقەرێک کار بکەن، رەنگە ئەوە شتێکی تر بێت، شموولی ئێمە ناکات، ئەمە یاسای دامەزراندن و کارکردنی حزبەکانی کوردستانین، لە کوردستاندا دروست دەبن و لە کوردستاندا کار دەکەن، بەڵام حزبێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت، ئیتر ئایا عێراقی بێت یان بەشەکانی تری کوردستان بێت بیەوێ لێرە نەشاتێکی حزبی بە مەقەرێک بێت یان بە شتێک بێت، ئەوە یاسایەکی تری لازم دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر حزبێک بیەوێ لە کوردستانی عێراقدا ئیش بکات، حزبەکە عێراقی بێت یان هەر شتێکی تر بێت، پێویستی بە ئیجازە هەیە، دەتوانی بڵێ من کوردستانی نیم، بۆ نموونە من حزبی شیوعی عێراقیم، بەس کە لە کوردستاندا ئیش بکات، پێویستی بە ئیجازە هەیە، بۆ ئەوەی مەقەر بکاتەوە، بۆ ئەوەی نەشاتی هەبێت، نەشاتەکەی یاسایی بێت، دەبێت ئێمە تەنزیمی ئەوەش بکەین.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە راستە، بەس من لێرە وای لێ تێدەگەم شموولی ئەو حزبانە دەکات کە بۆ کار کردن یان بۆ دامەزراندن یان بۆ کارکردنی کوردستانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستە زیاتر بۆ ئەوەیە، تەنزیمی ئەوەش دەکات، لە هەمان کاتیشدا فەقەرەی یەکەم کە دەڵێ (المشارکة في تأسیس الاحزاب)، نەی کردووە بە حزبەکانی کوردستانی، ئەویش عامە، دەتوانێت لە حزبێکی عێراقی بەشدار بێت و بەشداری بکات لە حزبێکی تەئسیسی عێراقی، بەڕێز د. ناصح فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غـــفـــور رمـــضـــان:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر سەرنجی ماددە سێ بدەین لەو تەعدیلەی کە هەیە، زیاتر فعلەن باسی ئەوە دەکات کە ئەمە بۆ حـزبەکـانی کـوردسـتـانیـە، یەعنی لێرە ئەوە دەردەخـات، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوەی لێـرە هاتووە، هەر (الساكنين) بێت، واتا واوەکەی لازم نیە، من وا تەسەور دەکەم، مادام بۆ حزبەکانی کوردستانی بێت، مانای ئەوەیە (السـاكنين فيه)(والسـاكنين) پێـویست ناکات، من وا تـەسەور دەکەم، ئەو واوە لێرە زیادە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تەسەورەکەت تەواو نیە، خۆی تەعدیلەکە بۆ ئەو تەسەورەی تازە ترە، هەر تەعدیلە بۆ ئەوەیە، جا تەعدیلیان بۆ دەکرد، بەڕێز کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شـــــمـــــائـیـل نـنـو بـنـیـــــامـین:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

حقيقةً في القانون هذا يجب ان نراعي الواقع الي نعيشها اليوم، هذا القانون ينطبق اكثر على الاحزاب الكوردستانية، على اعتبار ان نحن نعيش في مرحلة انتقالية، لازالت هناك امور لم تحسم بعد في الوطن ككل ولازالت الصيغة القانونية النهائية لكوردستان لم تحسم ايضاً، تقريبا تلقائياً هذا القانون بشكل ماهو الفقرات الموجودة فيه، ما ممكن أن نطبقها على الاحزاب العراقية، قد يجوز بعض الاحزاب ممكن أو بعض الاخرى ما يمكن، مثلا هناك احزاب لها مكاتب وتنشط ايضا في كوردستان العراق، ولكن مثلا هل يمكن ان تخضع للنظام المحاسبي أو رقابة المالية لمكتب أو مكتبين كحزب لكوردستان؟ هل يمكن ان يخضع للنظام الحسابي أو المراقبة الحسابية لكوردستان وهو عنده تنظيمات داخلية وعنده تنظيمات تشتغل خارج العراق عنده فلوس في كل العالم مثلا، يعني هذا كنموذج، فيجب ان نراعي هذا الموضوع، انه نسوى موازنة بين واقع اليوم وبين لمن يحسم الامر نهائيا وتحسم موضوع العلاقة بين المركز وكوردستان العراق بالصيغة الدستورية، عندها اعتقد نقدر نثبت بنود اخرى في داخل هذا القانون، ويجب ان نكون مرنين في بعض البنود في هذا القانون حاليا في هذه المرحلة، ولذلك انا اعتبر تبقى كما قال الاخوان (والساكنين) وليس (أو الساكنين) وشكرا.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

تەعقیبی تر هەیە لەسەر ماددەی یەکەم، وەسائیلی ڕەقابەی دارایی کە کاک شەمائیل ئیشارەتی پێدا، مەسائیلی ڕەقابەی دارایی ئێمە لە هەر وڵاتێکی دیموکراتی، بەتایبەتی لە دەرەوە وەزعێکی موستەقیرە، هەر کەسێ مەکتەبی بکاتەوە، هەر کەسێ ئیشێک بکات سیاسەت بێت یان تیجارەت بێت یان هەر شتێک بێت خازعە بۆ ڕەقابەی دارایی، مەفروزە ئەو بەشەی کە پەیوەندی

به ئیشی ناو ئەو ولاتەوە هەیە، دەبێت خازع بێت، بەپێی یاسای رەقابەی دارایی، دەبێت خروقاتی دارایی نەکات، ئەوە شتێکی زۆر تەبیعییە و زۆر ئاساییە، هەموو حزبەکانیش دەبێت بەرامبەر بەو یاسایە یەک بن، هەموو موئەسەسات هەموو حزبەکان، هەر کە حیسابی رەقابەی داراییمان دەرکردووە، مەفروزە دیوانی رەقابەی دارایی موراقەبەی هەرچی دەزگاکان هەیە بکات، لە گەورەیەوە تا بچووک و، هەموو موئەسەساتی تر چ صناعی بێت چ سیاسی بێت چ تیجاری بێت هەر شتێک بێت، ناوەکان کە نووسیومانە ئەمە ئاخیر مەجموعەیە، ئەویش ئەوانەن:

١- بەڕێز د. ادریس هادی صالح.
٢- بەڕێز سەرتیپ محمد حسین (سیروان کاکەیی).
٣- بەڕێز ابراهیم سعید محمد.
٤- بەڕێز عبدالخالق محمد رشید رەنگەنە.
٥- بەڕێز د. لطیف محمود احمد برزنجی.
٦- بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر زین العابدین.
٧- بەڕێز رجب شعبان طیب.

بەڕێز کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە گەر هاتبێتن (لکل مواطن من مواطني اقلیم کوردستان العراق) مەخسەدەکە بەس مواطنی کوردستان بێت ( والساکنین) دروستە، ئەگەر نا بێژن (أو الساکنین) یانیش بێژن (وللساکنین فیە) حەق هەبیتن کە ئەڤەش بۆ حزبەکان دانێن، هەر چەندە غەیری کورد بێتن، یان ئەو واوە ببێتە (أو الساکنین فیە بصورة دائمیة) یانیش بێژین (وللساکنین فیە بصورة دائمة تتوفر فیهم الشروط)، ئەگەر ئێک لیڤە هەردوو ناوەکە دشەملی وانیش کەت، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو واوە مەبەست لە تەعدیلەکەیە، بەس تەبعەن واوەکەیە، وەکو جەنابت روونت کردەوە کە حەق بدرێت بەوەی کە ساکین بێ لە ئیقلیمی کوردستان حەقی ئەوەی هەبێت لە کوردستان کە تەشکیلی حزب یان ئەندامی حزب بێت، بۆ نموونە بەشداری بکات لە حزبدا، ئەوە روونە، بەس ئەگەر ئەو واوە جێگای خۆی ببینێت، ئەو تەعدیلە بکرێت، دەبێت یاسای حزبەکان (في اقلیم کوردستان)ی پێ بکرێت، نەک لە ئیقلیمی کوردستانی پێ بکرێت بۆ ئەو حزبەی کەوا تەئسیس

دەبێت لە وڵات و لێرە لە کوردستان ڕێگای پێ دەدرێت بۆ وڵاتی خۆی، یان بۆ شوێنی خۆی بۆ نموونە بۆ سیاسەتی جێگای خۆی ئیش دەکات، عینوانی یاسایەکەش حەقە بگۆڕێت ببێتە (احزاب في اقليم كوردستان) نەک (في اقليم كوردستان) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سرتیپ محمد حسین (سیروان کاکەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەعقیبی من ڕەنگە لەسەر لایەنی سیاسی مەسەلەکە بێت، چونکە هەندێ مەفاهیم هاتنە ئاراوە، سەبارەت بە وەرگرتنی ئیجازە و وەرنەگرتنی ئیجازە لە هەرێمی کوردستاندا یان ئەو حزبە عێراقیە، یان عێراقی نیە، یەعنی حەقیقەتێک هەیە، ئێستا ئێمە لێرە هەرێمی کوردستانی عێراقە و، بە هیچ یاسایەکیش ئێمە خۆمان جیا نەکردۆتەوە لە عێراق، کە باسی فیدراڵیەتیشمان کردووە، ئەوە زاراوەکە وازیحە و هەموو برادەران لە ناحیەی سیاسیەوە دەزانن، بەس کە حزبێک ئەگەر عێراقیشە دەیەوێ مومارەسەی نەشاتی سیاسی خۆی بکات، لێرە دەبێت ئیجازە وەربگرێت، ئەگەر دەیەوێ مومارەسەی نەشاتی سیاسی خۆی بکات لە بەغدا، با بفەرمووێ بچێتە بەغداوە، خۆی لێرە ئیشەکە دەکات، لێرە مەکاتیبی هەیە، لێرە تەفاعول دەکات لەگەڵ حکومەتی هەرێم و ئەو جەماوەرەی کە لێرە مەوجودە، یەعنی ئەو لایەنە مەفروزە لە یەک بدرێتەوە، کە ئەو نەشاتی لێرە هەیە مەکتەبی لێرە هەیە، ئیش کردنی لێرە هەیە، هەموو حیساب و کتابێکی لێرە هەیە، ناکرێ تەنزیم نەکرێت لەگەڵ ئەم واقیعە سیاسیەی کە ئێستا لێرە مەوجودە، ئێرە جیا نەکراوەتەوە لە عێراق، کە ئێستا مومارەسەی نەشاتێکی بەشێوەیەکی دیموکراتیانە دەکات، دەلالەت لەوەیە کە دیموکراتیەت هەیە و ئازادی هەیە، با بچێت مومارەسەی نەشاتی سیاسی خۆی بکات، ئەگەر دەیەوێ لە بەغدا ئیجازە وەربگرێت با بچێت بۆ بەغدا، ئەو زاراوەیە پێویستە ڕوون و وازیح بێت، ئیلتیباسێک لەو مەوزوعەدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک سیروان قسەکەی کاک شەمائیل لە جێی خۆیەتی، چۆن لە جێی خۆیەتی؟ لێرە هەندێ حزب ئیش دەکەن بەشێوەیەکی نهێنی ئیش دەکەن لە عێراق، ئەو یاسایە بۆ حزبێکە بە عەلەنی لە کوردستانی عێراق ئیش دەکەن، ئەو حزبانەی بەشێک لە ئیشەکەیان بە نهێنیە لە عێراق، مومکینە بەشێکیشیان بە عەلەنی بێت لە کوردستان، یەعنی هەندێ مەسائیل هەیە کە بە یاسایەکە تەخفییە نەکراوە، لەبەر ئەوەی لە زوروفێکی تایبەتیدا دەژین، بەنیسبەت هەموو عێراقەوە، ئەگەر هەر کوردستان بە تەنیا بوایە و بە جیا بوایە موشکیلە نەبوایە، ئەوە جیاوازە، بەس بە تەئکید ئەو قسەی جەنابت دەیکەی، ئەو حزبەی لێرە نەشات دەکات، هەر حزبێک لێرە

نەشات بکات، هاووڵاتی کوردستان تەنزیم بکات، جا ئەو هاووڵاتییە کورد بێت یان عەرەب بێت یان ئاشووری بێت یان تورکمان بێت یان هەر شتێکی تر بێت، مەفروزە ئیجازەی هەبێت، ئەوە وازیحە، ئێمە ناتوانین هەموو یاسایەکە لەسەر ئەو حزبانە تەتبیق بکەین کە شەقی خەباتی نهێنییان یان شەقی خەبات و ئیشیان لە شوێنێکی ترە، لە هەمان کاتیشدا دەتوانین نیزامەکە تەتبیق بکەین لەسەر شێوەی ئیشیان لێرە لە کوردستانی عێراق مەخسەدمان ئەوەیە، هەر چەندە ماددەکە پەیوەندی بەوەوە نیە، ماددەکە پەیوەندی بەوە نیە حزبەکە بچێت ئیجازە وەربگرێت یان ئیجازە وەرنەگرێت، ماددەکە دەڵێت ( ئەو هاووڵاتییەی یان ئەو کەسەی لە کوردستانی عێراقدا دانیشتووە، بۆی هەیە بەشداری بکات لە دامەزراندنی حزبەکە) ، یەعنی حەقێکی تەبیعی حەقێکی مافی مرۆڤە، ئازادییەکی ئیعتیادییە، بۆی هەیە مەرجی تیا هەبێت، ئەو مەرجەی لە یاساکەدا هەیە، بۆی هەیە بەشداری بکات لە دروست کردنی حزب و، حزبەکەش مەرجی بۆ دانراوە لە بڕگەکەی تردا هەیە لە یاسا ئەساسیەکە هەیە.

(هەر هاووڵاتییەک یان دانیشتووییەکی هەرێم کە بە دائیمی لە هەرێمدا دانیشتووە، بۆی هەیە بە ئازادی داخیلی حزب ببێت، بە ئازادیش لە حزب بچێتە دەرێ) ئەوە فەقەرەی ئەساسیە، یەعنی شتێکی ئیعتیادییە، با نەمان باتە مەتاهاتی ترەوە، با تەکیزیش بکەینە سەر ئەو گۆرانکاریە بەس، هاووڵاتی و ئەوەی دانیشتووە لە کوردستاندا، بۆ نموونە بۆیان هەیە بەشداری بکەن لە دروست کردنی حزبدا فەقەرەکە لەوە زیاتر نیە، یەعنی تەعدیلەکە هەر ئەوەندەیە شتێکی تر نیە، بەڕێز کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ادریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ قسە کە دەمویست بکەم کرا، بەڵام منیش هەر تەئیدی ئەوە دەکەم (والساکنین) بێت، بەنیسبەت یاسای حزبەکان دیارە شموولی تێدایە، یاسای حزبەکان ئەو پێشنیارەی (في اقليم كوردستان) پێمواپە باشترە لە باتی (لاقليم كوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. لەتیف فەرموو.

**بەڕێز د. لطيف محمود احمد برزنجي:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەکە ئەو واوە دروستی کردووە، بەنیسبەتی حزبەکانی ئێرانی کە لە کوردستانی عێراقدا نیشتەجێن لێرەن تەنزیمی شەریحەیەکی گەورەی خەڵکی خۆیان دەکەن، ئەمە چۆن دەبێت لەگەڵ ئەو مەسەلەیە؟ دوایی حزبەکانی تری عێراقی کە لێرەن، پێناسەی حزبی سیاسی کە لێرە کراوە، یەکێک لە ئەهدافە جەوهەریەکانی حزبی سیاسی: بەدەست هێنانی دەسەڵاتە یان بەشداری لە

دەسەڵاتە یان کارکردن لە دەسەڵات. ئەو سێ ئیشەی هەیە، ئایا حزبی شیوعی عێراقی یان حزبێکی تری عێراقی کە لێرەیە دەوری چییە لەم کارە؟ من ئەو دوو پرسیارەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بۆیە وتم تەرکیز بکەنە سەر خاڵی یەکەم، هاووڵاتییەک یان یەکێکە لە کوردستانی عێراقدا دانیشتووە، بۆی هەیە بەشداری بکات لە دروست کردنی حزبدا، با موناقەشەی ئەو مەبدەئە بکەین، موناقەشەی شتی تر نەکەین، بەڕێز کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی جەنابتم، بەس ئەم ماددەیە کە کراوە (والساکنین) هەروا لەو گۆڕە نەهاتووە، ئەمە هاتووە لەسەر ئەساسێک کە ئێمە ئیشکالاتمان هەیە، کە ئیشکالاتمان هەیە، مادام ئێمە تەعدیلی یاسا دەکەین، دەبێت ئەو ئیشکالاتانە نەمێنێت و، دوایی دوو خاڵ هەیە، بەڕای من باشە ئینتیباهی بکەین، حزبێک تەشکیل ببێت لە هەرێمی کوردستان و، مەکتەبێک لە حزبێکی تر لێرە هەبێت، هەر دووکی دەبێت موافەقەی حکومەتی تیا بێت، ئەم مەسەلەیە با روون ببێت، چونکە حزبێکی عێراقی بەسڕاوی، حیلاوی، دێن مەکتەبێک دەکەنەوە لێرانە یان هەتا مەکتەبێکی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یان حزبێکی کوردستانی تورکیا یان سووریا، لەبەر ئەوە بەنیسبەت ئێمەوە تەعدیلەکە بە هەدەفە، هەروا نیە ئێمە دامانناوە تەحایولیش با نەکرێت لەسەر ماددەکە، ئێمە ئیشکالێکی یاساییمان هەیە، هەندێ حزبمان هەیە لە کوردستاندا حەقی داوە بە خۆی بەبێ ئیجازە ئیش بکات و، میلیشیاتی هەبێت، ئەم قەزییە بەڕای من یان ئەوەتا بە یاسایەکی تایبەت دەبێت دەربچێت بۆ ئەوان، یان ئەوەتا دەبێت لەم فەقەرەیە زۆر بە وازیحی دایبنێین، بۆ ئەوەی کە ئیجتیهاد نەکات و بلێ من خازع نیم بۆ یاسا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، دەمەوێ جارێکی تر تەئکید بکەمەوە، فەقەرەکە تەنیا بۆ ئەوەیە هاووڵاتی یان دانیشتووی ئێرە بۆی هەیە بەشداری بکات لە دروست کردنی حزبدا یان بۆی نیە، ئەم تەعدیلە بۆ ئەوە نەکراوە مەقەری ئەم حزب دابخەین یان ئەو حزب دابخەین یان ئەو حزب ئیخراج بکەین، زۆر ئاساییە، بۆیە وەختەکەی وا لێ هاتووە، کە ئەو تەعدیلە وەختێکی زۆری پێ چوو لە دیراسەتی و موناقەشەی و لە ئەنواعی جیهات دیراسەت و موناقەشەی کراوە، وەختەکە هی ئەوە نیە بڵێین، یەعنی بۆیە ئێستا ئێمە ئەو تەعدیلەمان هێناوە بۆ ئەوەی ئەو ئیشکالەی کە هەیە چارەسەر بکرێت، راستە ئیشکالێک هەیە، ئەو ئیشکالە یاسایی نیە، بەم یاسایە چارەسەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی مەوزوعێکی حەساسە، بۆیە زیاتر دیراسەت کراوە، ئینجا تکام وایە ئەو مەوزوعەی کە

باس دەکرێ تەرکیز بکرێتە سەر ئەوە، ئێستا باسی ئەوە نیە حزب مەکتەب بکاتەوە یان نەیکاتەوە، حزب نەشاتی هەبێت یان نەبێت، دەڵێ:

١ ـ هەر هاووڵاتییەک لە هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق یان دانیشتووی کوردستانی عێراق، بۆی هەیە بەشداری بکات لە دروست کردنی حزبدا، زۆر بەسیتە، فەرموو کاک شەمائیل.

**بەڕێز شـــمـــائیل ننو بنیـــامین:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

حقيقة التوضيح التي تفضلت به كان شافياً وافياً، بس بالإضافة الى ذلك، توجد فقرات لاحقة بالقانون، فمسبقا اني اعطيت هذه الصورة، مثل ماتقول جنابك، توجد احزاب عندها توجهات عالمية مثلا، حزب الخضر وحزب البيئة. عراقي أو عربي أو كوردي أو اشوري ساكن في كوردستان يريد أن يشترك أو يؤسس يكون داعي لتأسيس احزاب في كوردستان، فمن الحق الطبيعي جدا، كذلك بقية الاحزاب، أما في الموضوع الاخر، انا اتفق مع كاك سيروان، حقيقة لانه لا قيادة پارتي ولا أي حزب اخر عندها موقف من انه تمنع بقية الاحزاب من ان تعمل في كوردستان لخصوصية وضعنا الانتقالي، هذا يجب ان لا يغيب عن بالنا، هناك احزاب لها خصوصية، هذه المرحلة مرحلة انتقالية، من الطبيعي جدا انه توجد احزاب عراقية تؤمن بحق الشعب الكوردي الى اقصى مدى ولكن تؤمن بالديمقراطية وبالوسائل السلمية في العراق مثلا، هل يعقل انه توجد بعض الشروط مامكن نطبقها في هذا القانون ما ممكن ان تنطبق (١٠٠٪) عليها، وشكرا.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم ســعـیـد مـحـمـد:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئەنجـــومـــەن.**

من جارێکی تر تەئکید لەسەر پێشنیارەکەی خۆم دەکەمەوە، فەرقێکی زۆر هەیە لە نێوان (والساكنين) و (أو الساكنين). (والساكنين) تەئکید دەکاتە سەر هاووڵاتی کورد کە لە هەرێمی کوردستاندا دەژی و، نیشتەجێ بێت، یەعنی تەئکیدە، چونکە زۆر هاووڵاتی ئێمە هەنە لە دەرەوەی کوردستاندا دەژین، یەعنی کە ئەوە تەسبیت بوو، مانای ئەوەیە بۆ ئەوان حەق نیە بەشداری بکەن، بەس ئەگەر بۆ (أو) مانای بۆ خەڵکی ترە، جگە لە هاووڵاتی کوردستان، خەڵکی عێراقی بێتن یان خەڵکی جنوب بێت یان خەڵکی جێگایەکی تر بێت، ئەگەر بێینەوە سەر فەقەرەی دووەم بەس تەوزیحە، فەقەرەی دووەم دەڵێ (لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق أو أي شخص ذي إقامة دائمة فيه) ئەوە لێرە وازیحە، حەقی هەیە (وأكمل ١٨ من عمره) کە داخیلی حزب دەبێت، یەعنی ئەمەش هەمان مەوزوعە، یەعنی لێرە دیسان (أو)ی

هێنایە، ئەگەر دەتوانن لە فەقەرەی دووەمیش دەڵێ (والساكنین فیه) بۆ نموونە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەقەرەی یەكەم بخوێنەوە لە ماددە ئەسڵەكە و تەعدیلەكە.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(لكل مواطن من مواطني اقلیم كوردستان العراق الساكنین فیه ممن تتوفر فیهم الشروط حق المشاركة في تأسیس الاحزاب) ئەوە ئەسڵەكەی.

(لكل مواطن من مواطني اقلیم كوردستان العراق والساكنین فیه بصورة دائمیة ممن تتوفر فیهم الشروط حق المشاركة في تأسیس الاحزاب)، چونكە فەقەرەی دووەم هاتووە (أو أي شخص ذي إقامة دائمیة) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(و) زیاد كراوە لەگەڵ (بصورة دائمیة)، ئەو تەوكیدەی ناوێ ئەو تەعدیلەكی ناوێت، ئەگەر مەخسەدێكی تری هەبێت، ئەوە ئەو تەعدیلەی ناوێت، لیژنەی یاسایی ئاخیر تەعقیب بۆ ئێوەیە فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هەروەكو بەڕێزتان فەرمووتان بە حەقیقەت تەنیا ئەو واوە هاتووە (والساكنین)، یەعنی دوو شەخس، یەعنی یان هاووڵاتی ئیقلیم بێت یان نیشتەجێ بێت حەقی دامەزراندنی حزبی هەیە، هەندێك برادەرانیش پێشنیاریان كرد كە عینوانی یاساكە بگۆڕن، ئێمە حەقی تەعدیلی عینوانی یاسایەكەمان نیە، چونكە هەندێك ماددە هاتووە، تەعدیلی یاسایەكە وەكو خۆی دەمێنێت، چونكە یاسایەكە عینوانی خۆی هەیە (قانون الأحزاب لاقلیم كوردستان العراق)، لەبەر ئەوەی ئیمكان نیە لێرە بتوانین تەعدیلی ئەوە بكەین (في اقلیم كوردستان) و، مەوزوعەكەش زۆر زۆر وازیحە، بەڕێزتان بە ئاشكرایی و بە وزوحەوەیە، مەوزوع لێرە تەنیا حەقی بەشداری بوون و ئینتیمایە، دروست كردنی حزب و ئینتیمایە، یان هاووڵاتی ئیقلیم بێت و، ئەو برادەرانەی لە دەرەوەشن پێیان دەكرێت، مادام هاووڵاتی ئیقلیم بن، بەس بە خەتی نیشتەجێ پێیان ناكرێت، ئەگەر غەیری هاووڵاتی ئێرە بێت بەناوی ئەوەی ساكینە و ئیعتیبار سەكەنی نیە، زۆر وازیحە، ماددەكەش ئەگەر بەڕێزتان ئەمر بكەن بدەینە دەنگدان، چونكە زۆر موناقەشەی لەسەر كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من حەز دەکەم لەسەر فەقەرە یەک تەوزیحێکی بدەم ئەویش ئەوەیە دەبێ مواطنی هەرێم حسابێکی بۆ بکرابایە، ساکنیش بە صورەتێکی نیزامی حسابێکی بۆ کراوە مانای ئەوانیش حەقیان هەیە کە حیزب دروست بکەن ئەوە یەک، خاڵی دوو بەنیسبەت بڕگەی یەکەم مەسەلەی دامەزراندنی ئەحزابە بەنیسبەت بڕگەی دووەم مەسەلەی پەیوەندی کردنە بە ئەحزاب ئەوە جیاوازی دووەم، هی سێیەم ئەگەر ئێمە ئەو تەعدیلە نەکەین ئەوە زۆر بە موتەناقزی دەزانم لەگەڵ ماددەی نۆزدە دەڵێت: (على الاحزاب القائمة تعديل أوضاعها وفق أحكام هذا القانون خلال مدة ثلاثة أشهر من تأريخ نفاذه) واتە ئەگەر من بە گوێرەی یاسا ئەسڵیەکە بڕۆم ئەو ماددەیە ناتوانم بەکار بهێنم بۆیە تەعدیلەکە زۆر ڕێک هاتووە لەگەڵ ماددە نۆزدەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الأولى:**

تعدل الفقرة (١)من المادة الثانية وتكون كالآتي:

١ـ لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه بصورة دائمية ممن تتوفر فيهم الشروط حق المشاركة في تأسيس الأحزاب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی یەکەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یەکەم وەرگیرا، ماددەی دووەم فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وكالآتي:

٦ـ أن لايتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی؟

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ماددەکەین بەڵام لە بنەڕەتەوە لە مادده پازدەکە هاتووە (النظام العام والأداب العامة) بۆیە وشەی (الأداب) زیاد بکرێت (أن لایتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام والأداب) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی؟

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە زۆر ڕێکوپێک هاتووە بەڵام ئێمەش پێشنیار دەکەین ئەمەش زیادبکرێت (وأن یؤمن بالدیموقراطیة للعراق والفدرالیة لإقلیم کوردستان العراق) چونکە هەندێکیان لە هەرێمی کوردستان دەژین نە فیدرالیەتیان هەیە و نە دیموکراتییەتیان هەیە ئەمەی لەسەر زیاد بکرێت ئەوە پێشنیاری ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ هیچ پێشنیارتان هەبوو؟

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا دەکەین، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە؟ بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە وشەی (النظام العام) هاتووە واتە(الآداب العامة ، الراحة العامة ، السکینة العامة) مانای وشەی (الآداب العامة) هەیە پێیناوێت بڵێین (النظام العام والأداب) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک سەعید فەرموو.

**سعيد محمد صديق هروري:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پێویستی ئەو برگەیە دەکات چونکە ئەم برگەیە هاتووە لە مادده پازده برگەی پێنج دەڵێت (إحترام النظام العام والآداب العامة) ئەم برگەیە هاتووە، دووەم پشتگیری قسەکانی کاک جەمیل دەکەم کە وشەی (مبدأ النظام الفيدرالي) زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ قسەکانی کاک سەعیدم کە گوتی ئەم برگەیە لە ماددەی پازدە هاتووە برگەی پێنج ئەڵێت (إحترام النظام العام والآداب العامة) مانای ئەم تەئکیدە بە پێویستی نازانم لە ماددەی چوار لە جێگای ئەوە بەرای من ئەبێت حیمایەی ئەمنی قەومی کوردستانی تێدا بێت و، ئیزافەی برگەیەکی تیا بێت زۆر بە رونی ئەو حیزبانەی کە ئیجازە وەربگرن دەبێ ئیعتراف بە فیدرالیەتی کوردستان بکەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک شمایل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شمائيل ننو بنيامين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نؤيد موضوع النظام العام الوارد في المادة (١٥) فقرة (٥) و أقترح إضافة فقرة أُخرى للمادة أعتقد إنها ضرورية خصوصاً في هذه المرحلة (تعزيز الوحدة الوطنية العراقية) شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشەکی دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ کە بەراستی یاسای پارتەکانی ساڵی ١٩٩٣ هاتە تەعمیر کردنێ چونکە گەلێ هەڵەی تێدایە گەلێ شت هەیە پێویستە تەعدیل بکرێت من دەست خۆشی لەوان دەکەم کە ئەم یاسایەیان هێنا، دووەم بەرای من برگەی پێنج ماددەی پازدە زۆر فراوانترە و دەوڵەمەندترە چونکە دوو شتی تێدا هەیە هەم (نظام عام) هەم (آداب عامە) من ناگەمە قەناعەت کە ئەوە جێگای وی بگرێت ئەوی تر

فراوانترە بۆیە پێویست ناکات لە ماددەی پازدە برگە پێنج هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆر ئیشارەتیان بە مادده پازدە دا، مادده پازدە پەیوەندی بە مینهاجی حیزبەوە نییە دەڵێ ئیحترامی نیزامی گشتی و ئادابی گشتی بگیرێت ئەوە لە زمنی ئەدائی واجیبە، ماددەکەی کە لێرە هاتووە پێویستە منهاجی حیزبەکەی بڵێت ئیمانی بە نیزامی گشتی و ئاداب هەیە کە تەقدیمی ئیجازە دەکات پێش ئیجازە وەرگرتن دەبێ لە منهاجی بڵێت من ئیقراری نیزامی گشتی دەکەم نەک پاشی کە مۆڵەتی وەرگرت ئەوجا ئیحترامت بگریت یان ئیحترامت نەگریت ئەو کاتە وەزارەتی ناوخۆ بڵێت تەقالید گرتوویەتی یان نەیگرتووە، لەبەر ئەوە هەبوونی لێرە لە مینهاجەکەی بەڕای من شتێکی زۆر چاکە چونکە نیزامی گشتی شتێکی زۆر روونە هەر چەندە بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرمووی یەکن بەڵام لەوانەیە یەک نەبن، نیزامی گشتی و ئاداب دوو شتی جیاوازن لەگەڵ یەکتر، نیزامی گشتی کۆمەڵێک قەواعدی گشتییە کە مەسڵەحەتی کۆمەڵگای بەرزە ئەوە موراعات دەکرێت و کەس بۆی نییە رێککەوتن لەسەر موخالەفەتی ئەو مەسڵەحەیە بکات هەتا ئەگەر تەحقیقی مەسڵەحەتی کەسایەتی گشتیش بێت، ئادابی گشتی کۆمەڵێک قەواعیدە،کۆمەڵگا راهاتووە لەوەی کە لەسەری بڕوات، کۆمەڵگا لە ئەنجامی ئیعتبارات یان هەندێ قیەمی ئەساسی تەبعەن ئەو قیەمانە موراعات دەکرێت ئەوە لە چوارچێوەی ئادابی گشتییە و، مەسەلەش مەسەلەیەکی نیسبییە زۆر شت هەیە ئێستا لە زمنی نیزامی گشتی و ئادابە لەوانەیە پاش دە ساڵی تر وەنەبێت ئەوە نەمینێت چونکە ئەو کۆمەڵە قەواعیدە لە گۆڕاندایە لە ئیعتبارە لە زۆر ئیعتباراتە، لەبەر ئەوە هەبوونی لێرە لەم تەعدیلەی زۆر پێویستە جێگیر بکرێت مانای ئەو حیزبەی مینهاجی خۆی تەقدیم دەکات ئیلتزام بە نیزامی گشتی بکاو ئاگای لە خۆی بێت و بەرژەوەندی کۆمەڵگای عولیا لە ڕوی سیاسی و ئیجتیماعی و ئابوری تەفویتی ئەو بەرژەوەندییە گشتییە نەکات ئەو حیزبە، سێ بەرژەوەندییە (السياسية و الاجتماعية و الأقتصادية العُليا للمجتمع) نابێت تەعامول لەگەڵ پێچەوانەی ئەم سێ شتە بکات ئەگەر تەعامولی لەگەڵ بکات پێویستە ئیجرائاتی لەگەڵ بکرێت و، شتێکی زۆر باشە کە ئەو ماددەیە لە سولبی نیزام و مەنهەجەکەی بڵێت (أؤمنُ بالنظام العام والآداب العامة) لە مەنهەجی حیزبەکەی هەبێت، بەڵام مەسەلەیەکی تر هەیە بەڕای من فەرزی فیدرالیەت خۆی لەوانەیە شتێکی باش بێت بەڵام هەندێ حیزب هەیە لەوانەیە طموحی زۆر ترە لەوانەیە حیزبەکە دەڵێت من هەر ئیمانم بە فیدرالیەت نییە دەبێ کورد ببێتە دەوڵەت ئینشائەڵڵا پێی تەحقیق دەبێت بەڵام

پێی نالێن مۆڵەتت نادەینێ چونکە لەبەر ئەوەی برۆکەک هێوەتر چووی لە ئێمە با هێوەتریش بچێت قەیدی ناکات کەیفی خۆیەتی با بۆخۆی هەوڵ بدات، بەڵام قاعیدەی گشتی لێرە ئێستا ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارەمان داوە کە فیدرالیەت باشترین حەلە بۆ حەل کردنی قەزیەی کوردی ئەگەر ئەویش هەندێ هێوەتر دەچێت کەیفی خۆیەتی بۆ خۆی هەوڵ دەدات تەعامولی لەگەڵ فیدرالیەتەکە نییە، ئەو ئەحزابانەی بەو شکلە دەڕۆن یان ئەوانەی ئیمانیان بە فیدرالیەت هەیە فعلەن ئەوەی کە کاک شمایل فەرمووی ئەوانە تەعزیزی وەحدەی وەطەنینە چونکە من ئیمانم بە فیدرالیەت هەیە یەکێک برێک هێوەتر دەچێت یەکێک ئیمانی بەوە هەیە ئەوانە هەموویان کۆدەبنەوە لە ئیتاریکی موعەیەن ئەوانە تەعزیزی وەحدەی وەطەنیەت دەکەن ئینشائەڵلا کامیان موەفەق بوو ئەو ئینشائەڵلا تەحقیقی ئەو ئەهدافانە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تەعقیبی تر هەیە؟ شەفیقە خان فەرمووە.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر شیتەڵ کردنەوەکەی جەنابی کاک کاکەرەش پرسیارێکم لێی هەیە، من داوای لێ دەکەم ئایا تا ئێستا چ حیزبێک لەو حیزبانە ماعەدا پارتی دیموکراتی کوردستان نەبێت کێ لەوانە زیاتر داوای فیدرالیەتی کردووە بۆ کوردستان و، داواکارەکان هەڵساون پێی تەزاهورێک داوا بکەن شتێک داوا بکەن کە دەڵێی ئەوەی تموحی لە فیدرالیزم زیاترە ئێمە هەر یەکێکمان تموحمان لەوە زیاترە بەڵام لەگەڵ بارودۆخی ئێستا ئەوە گونجاوە بەڵام حەز دەکەم ناوی ئەو حیزبانە کە ئەوەندە لە پێشن وەڵلاهی نەختێکیان بزانیایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیار بوو یان تەعلیق و توانج بوو؟ پێشنیارەکەت چی بوو تێمان گەیێنە.

**بەڕێز شەفیقە فقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارم لە کاکەرەش کرد باسی کرد گوتی هەندێ حیزب هەیە لەوانەیە تموحیان لە فیدرالیزم زیاتر بێت منیش وەک پرسیار، پرسیار دەکەم ئەو حیزبەی کە تموحی لەوە زیاترە چەند تەزاهوری کرد چەند داواکاری کرد کە ئێمە لەوەمان زیاتر دەوێت، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرمووە.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم بەراستی ماددەیەکی شەرتییە پێنج مەبادیء و ئەهدافی هەر حیزبێک پێنج برگەنە هەر حیزبێک ئەوە پێنج ماددەی تێدا بێت لە مینهاج و نیزامی ناوخۆ وابزانم کیفایەتە ئەگەر ئەوانە هەبن وابزانم حیزبێکی باش دەردەچێت و پێویست بە برگەی شەش ناکات بەشەرتێک ئەگەر ئیلتزام بەم پێنجانە بکات، ئەگەر بۆشمان بخوێننەوە ئەو پێنج ماددەی شتی زۆر چاکی تێدایە و مەبادیء و ئەهداف دەبێت لە نیزام و مەنهەج ئەم پێنج برگەیەی تێدا بێت کیفایەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە یەکی ماددە چوار دەڵێت (تعزیز وتطویر الحقوق والمکاسب التي حققها شعب کوردستان العراق) ئەوە لە فیدرالیەت زیاترە ئەگەر بەراستی شی بکەیتەوە دەبێت تەطویر بە فیدرالیەتیش بدەین لەبەر ئەوە خۆی قانونیش عادەتەن تەحدیدی شتەکە ناکات دائیمەن هەوڵ دەدات گشتی بێت تۆ بە شتێک بیبەستیتەوە لە زمنی ئیتارێکی تەسک ئەو کاتە حوریەتی ئەو ئەحزابانەش ئەبەستیتەوە، جا تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە تا بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثانية:**

تضاف الفقرة التالية على المادة الرابعة ويكون تسلسلها (٦) وکالآتي:

٦ـ أن لایتعارض منهاجه ونظامه الداخلي مع النظام العام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی دووەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، سێ ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکات بەزۆرینەی دەنگ ماددەی دووەم وەرگیرا، ماددەی سێیەم فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادة الثالثة:**

أـ تعدل الفقرة (١) من المادة السادسة وتکون کالآتي:

١ـ تقدیم طلب الی وزارة الداخلیة موقع من أعضاء مؤسسین لایقل عددهم عن (٥٠) عضواً ولایقل عمر العضو عن (٢٥) سنة ومواطنین مؤازرین لایقل عددهم عن (٥٠٠) مواطن ولایقل

عمر المؤازر عن (١٨) سنة وأن لايكون العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو أرتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالأهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ب ـ تضاف الفقرة (٣) الى المادة السادسة وتصبح الفقرة الثالثة منها:

٣ـ يجب أن يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي والنشاط الاجتماعي والتوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الأعضاء والمؤازرين.

جـ ـ تضاف(وكل مؤازر) في الفقرة (٢) من المادة السادسة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ا ـ ب ـ ج) بکەن بە یەکەم و دووەم و سێیەم، رای لێژنەی یاسایی تکایە؟

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە چونکە بەراستی تا ئێستا (٥٠) کەس بووە ئێستا (٥٠٠) موئازریشی دەوێت تۆزێک هەیکەل و کیانی حیزبەکەی برێک دیار بێت کە پێشکەشی دەکات و داوای مۆڵەت دەکات، برەک لەوانەیە رێگرتنیشە نەتوانێ هەموو کەسێ حزب و شتی وا دروست بکەن، شتێکی مەعقول بێت بۆ ئەوەی وەزنێکی سیاسی هەبێت لە کۆمەڵگا ئێمە لەگەڵ ماددەکەین لە لایەنی سەیارەو شتی وا کەمو کورویەکەی ئەوە برادەران لە کاتی گفتوگۆ باسی دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لێژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ دەقی گۆڕانکاریەکانین کە لە ماددەی سێ هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە لەسەر ماددەی سێ تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت برگەی سێ (يجب أن يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين سمات حزب سياسي) برگەیەکیش هەبێت (وأن يكون ذات سمعة قيمة بين الجماهير) ئەگەر لەگەڵ برگەی یەکەمیش بێت دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.إدريس هادي صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت تەسەلسولەکەی هەر وەک تەعدیلێک برگە یەک بکرێت (تعدل الفقرتان (١ و٢) چونکە برگەی دوو کە لە جیم هاتووە لێرە ئەوەش هەر تەعدیلە کە ئیزافەی وشەیەک دەکەی ئەویش هەر تەعدیلە بۆ ئەوەی هەر سێ برگەکە بە تەسەلسولی خۆیان بێنە خوارێ یەک و دوو و سێ. یەکەم زۆر باش هاتووە، دووەمیش لێرە کە بە جیم هاتووە (جـ ـ تضاف(وكل مؤازر) في الفقرة (٢) من المادة السادسة.) برگەکە هەر وەکو خۆی دوو بنوسرێتەوە وشەی (المواطنين المؤازرين) زیاد بکرێت، سێیەمیش هەر وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محمد أمين مولود أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەندامی موئەسیسەوە کە دەڵێت تەمەنی (٢٥) ساڵ بێت بەنیسبەت موئازرەوە (١٨) ساڵان بێت پێویست ناکات (متمتعاً بالآهلية) جارێکی تر دووبارە بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عـــبـــدالخـــالق مـــحـــمـــد رشـــیـــد:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من لەگەڵ گشت تەعدیلاتەکەم، تەنها بڕگەیەک نەبێت بۆ موئازر کە ( ٥٠٠ ) کەسن لە وڵاتێکی ئومیەت زۆرە لەناو پیاو ژن لەبەر ئەوە ئەوە کەم بکرابایەوە تەنها بۆ موئەسیسەکان وەک چۆن لە یاسای ڕابردوو هاتووە، بەڵام بەنیسبەت موئازرین ( ٥٠٠ ) کەس یەعنی لەوانەیە کەسانێکی تێدا بێت لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە زروفێکی تایبەتی خۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر فەرموو.

**بەڕێز مـــلا مـــحـــمـــد طاهر زین العـــابدین:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــومــــــەن.**

خۆش بەختانە ئێمە لەسەر ئەم یاسایە کاتی خۆی دانیشتنێکی زۆر پڕوتێر و جوان کرا پێم وایە لیژنەی یاساش بەراستی زۆر بەڕێکوپێکی باسی کرد وابزانم پێشنیارەکانی برادەرانیان هەموو وەرگرت، تەبعن من لەگەڵ ماددەکەم بە تەواوی چونکە تەعدیلێکی زۆر ڕێکوپێکە چونکە یەکەم ( ٥٥٠ ) کەس بە موئەسس و موئازبرەوە تەوقیع دەکەن لەسەر تەڵەبەکە، دووەم تەمەنی موئازیر نابێت لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت، سێیەم ئەم کۆمەڵە نابێت هیچیان حوکم درابن لەسەر کاری ناڕەوا بە موئازیرەکانەوە، چوارەم بڕگەیەکی تری بۆ زیاد کراوە من پێم وایە ئەمە تەعدیلی بڕگە نییە تەعدیلی ماددەکە بە تێکڕایە چونکە ماددەکە خۆی دوو بڕگەیە هەر دوو بڕگەکەش تەعدیل کراوە ئەو بڕگەیەی تریش زیاد کراوە بۆتە سێ، جا من پێشنیار دەکەم وەکو بەڕێز جەنابی کاکەرەش فەرمووی ئەگەر بەم شێوە داڕێژرێت پێم وایە ماناکەی تەواو دەگرێتەوە پڕ بە پێستی خۆیەتی: تعدل المادة السادسة وتقرأ كالآتي:

أولاً : تقديم طلب التأسيس الى وزارة الداخلية موقع من أعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن (٥٠) عضواً لايقل عمر العضو عن (٢٥) سنة و مؤازرين لايقل عددهم عن (٥٠٠) مؤازر ولايقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة وأن لايكون كل من العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أوجنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو أرتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالآهلية القانونية ويجيد القراءة والكتابة ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ثانياً : يتضمن الطلب المذكور في الفقرة (١) على إسم ولقب وعمر ومهنة ومحل إقامة كل عضو مؤسس و المؤازر وإسم الحزب على أن لايكون مطابقاً لإسم حزبٍ أخر.

ثالثاً: يجب أن يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي والنشاط الاجتماعي والتوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الأعضاء والمؤازرين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز إبراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی بۆ ئەم وەزعە زۆر باشە (٥٥٠) کەس ئەندام و موئازر، سێیەم (سمات حزب سیاسي من حیث المستوی الثقافي والنشاط الاجتماعي) باشە بەڵام دابەشکردنی جوغرافی وابزانم ئەوە هەندێک زیادەیە، چونکە ئێمە دێین باسی حیزبێکی دانراو ناکەین کە ئەمە چەند ساڵە خەباتی خۆی کردووە و کوردستانی هەموو گرتووەتەوە ئێمە باسی حیزبێک دەکەین کە تازە دەیەوێت دابمەزرێت (٥٥٠)کەسی تێدا بێت و لە ناوچەکەشدا بن، کە بووە بە حیزبێکی ڕەسمی ئەوجا خەباتی بکات و تەزیع ببێت لە هەموو کوردستان وابزانم ئەوها باشترە لەوانەشە نەتەوە هەبن ناوچەیەکی دیاری کراوە لە هەموو کوردستان نەبێت بەتەنها هەر چەندە ئەویش ڕەنگە دابەشکردنی جوغرافیش بێت چونکە لەو ناوچە ئیعتبار دەکرێن بەڵام وابزانم پێویست بە تەوزیعی جوغرافی ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس. بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ مەتنی ماددەکەم بەڵام هەندێ زیادەم هەیە ئەگەر ڕێگام پێبدەن بیڵێم یەک لەوان ئەوەیە (تقدیم طلب) تەقدیم تەڵەب شەفەوی هەیەو تەحریری هەیە، جا لێرە پێویستە بزانین تەقدیم تەڵەب تەحریری هەرچەندە لە وانەیە برادەران بڵێن تەحسیل حاصلە بەڵام دەبێت تەئکید بکەین چونکە وەکو پەیوەندی چونکە ئەگەر تۆ گوتت پەیوەندی، پەیوەندی شەفەوی هەیەو پەیوەندی تەحریری هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەک پرسیارت لێ دەکەم، تەڵەبی شەفەوی هەیە تەوقیع کرابێت؟

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببورە، برادەری کە هەن بەڵام ئەحزابی دی سەحکەن مانای خەڵکێک دێت من گەیشتومەتە تەجروبەی ئەم کێشەیەش هەیە و تەئکیدیشم لەسەری، بشبورە مامۆستا ئەوە یەک. (تقدیم الطلب التحریري الی وزارة الدخلیة عن تأسیس الحزب) (عن موضوع تأسیس الحزب)، لێرەش

بێتە سەر (محكوم عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف) ڤی موتلەقی لەوانەیە هی بەغدایەش لەگەڵ ئێمە مەقبوڵ بێت لەبەر ئەوە من بە باشی دەزانم (من محاكم الإقليم) مانای دادوەری هەرێم زیاد بکرێت تا فعلەن تەشخیص بێتە کردنێ ئەڤ ماددەیە، دووەم شتێکی تر هەیە هەر پێنجێ کەسێک بۆ خۆی تەڵەب پێشکەش دەکات هەموو ئیجرائاتی تەئسیسی نادات مانای هەر پێنجێ ناچن بۆ خۆی موراجەعەی بکات دەبێت تەڵەبی تەحریری تەقدیم بکات دەبێ کەسێ یان دوو دەستنیشان بکرێت دەبێت لە تەئسیس دابن موراجەعەتی دائیرە وەکو تەعین یان تەشخیصا وی برادەری. من پێشنیار دەکەم ماددەیەکی تریش زیاد بکرێت لێرە ئەویش ئەوەیە (عدم إنتماء أي من مؤسس الحزب أو إرتباطه أو تعاونه مع أحزاب أو تنظيمات معادية) ئەوەش وەکو شەرتێک بێت پەنجا کەس وەکو موئەسس ئەڤە لەسەر وان هەبێتن و زیادە بکرێت چونکە لە یاسای ئەحزاب ئەم ماددەیە نەهاتووە شەرتی ئەوە دانەنراوە ئەوەی تەقدیمی تەڵەب دەکات نابێت هیچ ئیرتباتاتی لەگەڵ لایەنی تر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامیان بدەنەوە؟

**بەڕێز کاک ڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز مەلا هادی فەرمووی ایضافەی( سومعە طەیبە) بکرێت لە دوو جێیان باسی کرایە یەکێکیان دەڵێ (أن لايكون محكوما عليه بجريمة مخلة بالشرف) یەکێکیش (غير مشترك في جرائم القمع التي خططت لها السلطة) طبعەن ئەوە مەعنای وایە سومعەی باشە دیارە کاک عبدالخالق فەرمووی قرائەو کتابە نازانم ئەوە مەتروکە بۆ تقدیری برادەران ئەندامانی پەرلەمان (على اساس) ٥٠٠ کەس ممکنە زەحمەت بی لۆ قرائەو کتابە هەموو بۆ هەیئەی مؤسس ئەگەر قرائەو کتابە هەبی بەس خۆی ئەگەر مۆازرینیش خوێندەواری و شتیان هەبێت حەتمەن برێک باشترن یەعنی زۆر ڕێک و پێک تر دەبێت. حزبێک ٥٥٠ کەسی خوێندەوار بێت بزانێ بخوێنێ و بنوسێ بەراستی دەبێتە حزبێکی ڕێک و پێک و سەرکەوتوو ئینسان دەتوانێ ناوی لێبنێت حزبێکی باش بەنسبەت مامۆستا ملا محمود فەرمووی ئەوەی (التي خططت لها) ئەو کردیتیە تخطط، تخطط ناکرێ چونکە لە مستقبل تخطط بەنەوعێکی دی محاسەبە دەکرێ ئەگەر کابرا تەعەهودی کرد ناکرێ موسبقەن بلێ ئەمن (ما أتعاون مع الذي تخطط) ئەوە ناکرێ ممکن نییە تەعەهودی موستەقبەلی. بەنسبەت کاک امین فەرمووی ئەهلیە پێویست نییە تکرار بکرێتەوە بۆ مۆازەرە زۆر زۆر زەرووریبە تکرار بکرێتەوە چونکە هەیئەی مؤسسە شیاوییان باسکرایە موئازرێکی حزبێکی سیاسی موئازرین لۆیان هەیە، سی چل شێتمان لۆ تەقدیم کەن عومریان ١٨ساڵی بێت، ئاخر دەبێت کابرا ئەهلیەی قانونی هەبێت ئەهلیەکە ضروریە هەبێت تەئکیدە بۆ ئەوەی کە هەیئەی مؤسسە هەیتیان موئازریش هەر ئەهلیان هەبێت نەوەک لەناو موئازرینیش

خەڵکێکی ئاوا هەبێت. کاک ابراهیم سەعید فەرمووی مەوزوعی تەوزیعی جوغرافی، تەوزیعی جوغرافی فەرز نەکرایە بەقوەتی قانون دەڵێ (ان یلاحظ قدر الامکان)، ئیمکان هەبوو ئەوتێبینیە بەنظری اعتبار وەربگیرێ و، مەعقولیش نییە بەراستی پێنج سەد شەش سەد کەس لەگوندێکی کۆبیتەوەو بچێ حزبێکی دابنێ لەیەک گوندی و، امکان هەیە پەیدا بێت ئاخر ئەوە قانونە احتمالاتی دانایە، قانون حسابی احتمالات دەکات یەعنی پێنج سەد کەسی گوندێک کۆبنەوەو بچن حزبێکی سیاسی دابنێن لەیەک گوندی بن و یەعنی ئەوە احتماله بۆئەوەی قطعی ئەو دابیرە بکەین مولاحەزەی ئەوە بکرێت نشاطی جوغرافی بیست گوندن لەتەنیشت یەکن چی تێدایە با هەموو مەوقیعیان موختەلیفە یەعنی دەڵێ (یلاحظ) ناڵێ (یجبر ان یکونوا موزعین) (یلاحظ) خراپ نییە، د. رزگاریش ئەوەی فەرمووی بەقانون تحدید ناکرێت بڵێین ئەمە دوو کەس دەبێ موراجەعەت بکات شتکێکی زۆرتەبیعی یە چەند کەسێک موراجەعەت دەکات ناگوترێ بڵێ (علی ان یحدد فلان و فلان )مراجەعەتی ئەوەی بکەن و، ئەوی تریش تەڵەب تحدیدی دەکا طەبعەن طەلەبەکە لەبەر ئەوەی دەڵێ موەقەعە (من اعلی اعضاء) مەعنای وایە وەکی خۆت گۆتت تحصیل حاصله هەر پێشەکیش جوابت داوە گوتت حقوقیەکان دەڵێن تحصیل حاصله ئەوە تحصیل حاصله مانای وایە تحریریە چونکە تەوقیع دەکرێت لەلایەن ئەو برادەرانە نازانم باوەڕ ناکەم کەسی دیم لەبیر چووبی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش دەڵێ ئیشارەتی پێدراوە نەخێر دەڵێ (ان لا یکون محکوماً علیه بجنایة او جنحة مخلة بالشرف) راستە حوکم نەدراوە موشارەکەشی لەتاوان نەکردوە بەڵام رابردوویەکی لەکەداری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راست دەکات نەحوکم دراوە نەگیراوە بەس کابرا وایە (حسن السمعة) بخەیە سەری خراپ نییە لەشوێنێکا جیای بکەنەوە وەزیر خۆی وەزیری ناوخۆ دەبێت بیناسێ خۆی و وەکیلەکەی ئەیان ناسن (حسن السمعة) شەرتەو بەنسبەت دامەزراندنی ئەحزابەوە هەیە کاکەرەش (لایقل عمر المؤازر عن (١٨) سنة وان یکون العضو أو المؤازرحسن السمعة وأن لایکون محکوماً وان یکون العضو او المؤازر حسن السمعة و ان لایکون محکوماً علیه بجنایة او جنحة مخلة بالشرف) پاش (الاهلیة القانونیة حسن السمعة والسیرة ویجید القراءة والکتابة یەعنی واوی عەطفی ناوێ حسن السمعة و السیرة ویجید القراءة و الکتابة)، بەڕێز کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من خۆم لەگەڵ برگەی (٣) نیمە نصەکەش وایە (يجب ان يلاحظ علي الهيئة المؤسسة و المؤازرين سمات حزب سياسي من حيث المستوي الثقافي و النشاط الاجتماعي و التوزيع الجغرافي لنشاطات وسكن الاعضاء والمؤازرين) ئەوەلەن سیماتی حزبی سیاسی من حەز ئەکەم پرسیاری برادەران بکەم بایەکێک بۆ من دوو سیما تحدید بکات سیمای چ یەعنی ریباطی هەبێت و ئەفەندی بێت یان لازمە شتەک محدد بێ موستەلەحەک و نەصێکی وا مرونەتی تێدایە وا مطاطیە دور نییە لە مستقبل توشی پرسیار بین لەخەڵکەک بڵێن قەسدتان لەو مادەیە چی یە تحدیدی ملامحی ئیتر تەوزیعی جوغرافی وەکی کاک ابراهیم باسی کرد بەرای من هەقمان نییە دور نییە سبەی حزبێک تشکیل بێتن هەر لەهەولێر بێتن یەعنی نەچتە جێگایەکی تر. مستوای ثقافی نیقاش لەسەر ئەوەبوو کو نووسینەکە بزانت یان نەزانت دور نییە بەزۆری بتوانیتن ناوی خۆی بنوسێت تەوقیعی بکات مستوای ثقافی هەر بۆ ئەوەی هژ بێتن سبەی بێتە ناو حزبەکەو برێک مثقف بێتن دووەم چ جیهەتێک امتحانی دەکات کو بتوانێت تحدیدی مستوای ثقافی بکات یان نشاطی اجتماعی یەکێک دوور نییە هیچ نییە نشاطی اجتماعی نەبێت بەس بۆ ئەوەی هاتبێتە ناو حزب تاکو ببتە ئەندام لەناو حزب دەست بەنەشاتی اجتماعی بکات لەبەرئەوەی من بۆخۆم لەگەڵ ئەوەمە کە برگەی سێ نەبێت باشترە بەرای من چونکو دوور نییە ئیسائەیەک دروست بکات بۆ قانونەکە زۆر ناگونجێ لەگەڵ مبادئی دیموکراتیەت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تەعقیب هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەوەی کاک فرست تەرحی کرد. فەرموو کاک ملا هادی

**بەڕێز ملا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارەی من بدرێتە تصویت

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ئەم خاڵە لەجێی خۆیەتی ئەبێت مقیاسەک هەبێت وەزیری ناوخۆ بڵێ بابە ئەمە سیمات چی یە سیمات ئەبێ سفەتێکی واضح بێت رۆشنبیر بێت قەبوڵە، نیشتمانپەروەر بێت قەبوڵە، نشاطێکی اجتماعی و سیاسی دیاری هەبێت قەبوڵە، ئەبێت تەحدیدی کەی فلان شتی هەبێ و فلان شتی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێت حوکمی لەسەر بدات جا بۆیە ئێمە مناقەشەی زۆریشمان کرد ئەمرۆ دانیشتەکەمان دوادەخەین بۆ سبەینێ تاسبەینێ تکایە بیری لێبکەنەوە هەر یەکێ پێشنیارێکمان لەسەر ئەوە بۆ تەحدید کات چی یە پێشنیارت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کەریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من هەندێ شروطی قاسی تێدا دەبینم یەعنی ئێستا برادەران ایضافەی وشەی (حسن السمعة) یان کرد بەراستی ئەوە شەرتێکی قاسی یە وەزیری ناوخۆ چۆن دەتوانێ تقدیر بکات ئەم کابرایە حسن السمعە و سلوکە یان نا؟ بۆ ئەوەی اجازەی بداتێ ئەبێ دوو پۆلیس بۆ من ئیمزا بکەن یان موختار بۆمن ئیمزا بکات بلێ ئەوە حسن سلوکەو حسن السمعەیە ئێمە ئێستا لە موجتەمەعێکی دیمقراطی دا دەژین بەراستی قانونی حزبەکانی سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە بۆ پەرلەمانی کوردستان وبۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا ئێمە بەفەخرەوە ئەم قانونە لە هەموو جێگەیەک باسی دەکەین کە سەرمان پێی بلندە هەر قانونێک کە لەپەرلەمان صادر بوو پاش ماوەیەک کە لەوانەیە هەندێ نەواقصی تێدا بێت ئەم نەواقصەش دیراسەت دەکرێت لێرە و، لە لیژانی یاسایی بەلام ئێمە نابێ بێین تەقیییدی قانونەکە بکەین زیاتر کە ئێستا ئەم شروطانەی ئێمە ایضافەیان دەکەین بەراستی شروطێکی قاسینە و، ئەم (المستوى الثقافي) و نازانم چی خۆی لەمادەی یەکەم ئەگەر بێ ی لەبرگەی یەکەم لەعەینی مادده زۆر شت هاتووە ئەمە تەواوەکە ئەلێ (أن لا يكون قد ارتكب جناية او جنحة مخلة بالشرف) بەراستی یەعنی ئەوە مانای وایە ئەوە (حسن السمعة)یە برادەرێک لەولا ایضافەی کرد (ان يكون القرار صادراً من محاكم الاقليم) باشە ئێمە لە ماددەیەک پێش ئەوە دەلێین و (الساكنين في الاقليم بصورة دائمة) کابرا لەبەغدا بووە بەلام پێش دەساڵ هاتۆتەوە لە هەرێم دەژیت لەوانەیە محکەمەیەکی بەغدا قرارێکی پێ صادر کراوە من چۆن بێم ئێستا تقدیری بکەم بە محاکمی اقلیم؟ ئەم موضوعی (ان يكون له سمات حزب سياسي ان يكون من حيث المستوى الثقافي والاجتماعي) بەراستی ئەمە شروتێکی زەحمەتە کێ دەتوانێ ئەمە تقدیر بکات وەزیری ناوخۆ یان وەزارەتی ناوخۆ چۆن دەتوانێ ئەم سیماتە تشخیص بکات جا لەبەر ئەوە بەرای من، من تەئیدی ئەو پێشنیارەی کاک فرسەت دەکەم وەباشیشە بمێنێ بۆ دانیشتنێکی تر هەموومان زیاتر دیراسەتی بکەین و مناقەشەی بکەین زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە تا سبەینێ سەعات (١٠) دوای دەخەین، خۆشتانی بۆ حازرکەن بۆ ئەو بابەتە ئەگەر پێشنیاری نووسراویش هەبێت باشتر. زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٧/٥/٢٠٠٢**

**خولی یەکەم**

**ساڵی یازدەیەم**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)
## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٥/٧

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٥/٧ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ئاسایی (ژمارە ١٤)ی خولی یەکەمی،ساڵی (٢٠٠٢)ی خۆی بەست.*

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (دەسپێک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٥/٧ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی دووهەمی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی١٩٩٣ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستانەوە، دانیشتنی ژمارە ١٤ی خولی یەکەمی ساڵی یازدەهەمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق دەست پێ ئەکەین.
بەڕێزان بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی هەموار کردنی دووهەمی یاسای ژمارە(١٧)ی ساڵی١٩٩٣ی حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق، تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بفەرموون بۆ سەر منەسەکە، وابزانم وەزیری ناوخۆ ڕوون کردنەوەیەکی هەیە لەم بارەیەوە، بەڕێز وەزیری ناوخۆ کاک کریم سنجاری، فەرموو.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزتان ئاگادارن کە ئەو یاسایانەی کە لە ساڵی ١٩٩٣دا دانراون، یەکە یەکە لە دەستکەوتە مەزنەکانی ئەو ئەزموونە دیموکراتیەی گەلەکەمانە و، بەدەرچوونی ئەو یاسایە ئاسۆیەکی ڕوون و هەناسەیەکی تری ئازادی بیر و ڕادەربڕین و ئازادی بەشدار بوون لە کارو چالاکی سیاسی لە گۆڕەپانی جموجۆڵ و کاری حزبی ڕێکخراوەیی لە کوردستان هاتە ئاراوە، ئەوەش نیشانەی دیموکراتیەت و بڕوا بوون بە خۆیە کە میللەتەکەمان حەزی بە ئازادی و دیموکراتی و فرە حزبی و

پێکەوە ژیان هەیە.

بەڕێزان وەک دەزانن یاسای ژمارە ١٧یاسای حزبەکانی کوردستانە و، لە بارودۆخێکی تایبەت هاتە ئاراوە لە ساڵی ١٩٩٣و، ئێستاش دوای تێپەربوونی نزیکەی ٩ ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو یاسایە هەست دەکەین لەگەڵ واقیعی حاڵ بۆ بەرەو پێش چوونی زیاتری پرۆسەی دیموکراتیەت پێویستی بە هەموار کردن و پێداچوونەوە هەیە، هەر بۆیە لەلایەن لیژنەیەکی ناوخۆ تاوتۆی یاساکە کرایەوە، دوای دیراسەت کردنێکی تێرو تەسەلی پرۆژەیەک ئەم یاسایەمان ئامادە کرد و، ئێستاش لەبەر دەستی بەڕێزتانە و مەبەستمان لەم هەمواركردنەش زیاتر بۆ ڕێکخستن و پاراستنی یاساو ماف و ئەرکەکانە کە وەک مەبدەئێکی یاسایی پێویستە لەسەر هەموو کەس وچین و توێژ و لایەنی سیاسی ماف و ئەرکیان دیاری بکرێت و، بۆ ئەوەی سەروەری یاساش هەمیشە پارێزراو بێت، ئێمەش بتوانین هاوکاری و خزمەتی زیاتر پێشکەش بە میللەت و گەلەکەمان بکەین، دوێنێ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە کرا، تەبیعی ئێمە هەر یاسایەک کە تەعدیل دەکەین بۆ ئەوەیە کە زیاتر بتوانین دیموکراتیەت بچەسپێنین پاش ئەم تەجروبەیەی ئێمە کە زیاتر لە ٩ ساڵە خەریکین و، نامانەوێت کە ئێستا تەعدیل بکەین بەرەو دواوە تر بیبەین. ئەم پرۆسەیەی کە ئێستا هەمانە، دوێنێ هەندێ برادەر قەیدێکیان زیاد کرد کە دەبێ (حسن السمعة والسيرة والسلوك) شتی وا زیاد بکرێت، بەراستی من دەبینم ئەمە قەیدەکە لەسەر ئەو یاسایەی کە ئێستا هەمانە (حسن السيرة والسمعة والسلوك) ئەوە ٢٠ ساڵە لە عیراق نەماوە، ئینجا ئێمە پاش ئەم ٩ساڵە بێین شەرتێکی تری وا زیاد بکەین، کێ دەتوانێ تەقدیری بکات ئەم کابرایە (حسن السمعة والسيرة والسلوك)، وەزارەتی ناوخۆ زۆر زەحمەتە بتوانێ بێ تەقدیری ئەو کەسە بکات کە(حسن السمعة و السلوك والسيرة)یە، ئەمە تەبیعی خاڵێکە من پێشنیارم لەسەر هەیە و، وا پێم باشە چاکتر دیراسەت بکرێت پێش ئەوەی ئێمە بڕیاری لەسەر بدەین، خاڵێکی تریش هەیە کە دەڵێت(ويجيد القراءه والكتابه)بەراستی یەکێک لە برادەران ئەو پێشنیارەی هەبوو وا بزانم کاک عبدالخالق بوو، ٥٥٠ کەس لە کۆمەڵگەی ئێمە (يُجيد القراءة والكتابة) بۆ حزبێک وا بزانم شەرتەکی قاسیە دەتوانین شتەکی وا بکەین کە هەیئەی موئەسیسەکە کە ٥٠ کەسی دەبێت (يجيد القراءة والكتابة) بن ،بەڵام بۆ ئەو ٥٠٠ کەسەکەی تر پێشنیار دەکەم کە دیراسەت بکرێت باشترە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لەسەر فەقەرەی (٣) هەندێ تێبینیمان بۆ روون بکەیەوە شتێکی باشە.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە فەقەرەی ٣ هاتووە(يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة و المؤازرين) تەبیعی مەبەست لێرە

ئەوەیە کە هەیئەی موئەسیسەکە دوێنێ هەندێ برادەر تێگەیشتن کە هەموو یەعنی ٥٥٠کەسەکە، لێرە مەبەست ئەوەیە کە لە هەیئەی موئەسیسەکە سیماتی حزبی سیاسی دیاری بکرێت(من حیث المستوى الثقافي)، یەعنی ٥٥٠ کەس لە موئەسسیسن و موئازرین کە داوا دەکەن دەبێت ١٠ یان ١٥ یان ٢٠ کەسیان مستوای رۆشنبیری تێدا هەبێت یەعنی هەموویان نا! مەبەست لێرە کە کۆمەڵەیەک لەو هەیئەی موئەسسیسە و موئازرین سماتی رۆشنبیری تێدا هەبێت، یەعنی ٥٥٠کەس پێنج پارێزەری تێدا هەبێت و، پێنج دەرچووی کۆلیژی ئادابی تێدا هەبێت چوار دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری تێدا هەبێت، یەعنی لەو کۆمەڵەیە هەندێ کەسی تێدا هەبێت ٢٠ یان ٣٠ کەسێک کە دەرچووی زانکۆ و مستەوایەکی بەرزیان هەبێت لە(النشاط الاجتماعي)، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو کابرایەی کە دێت حزبێک دروست دەکات لەو هەیئەی موئەسیسە چەند کەسێکیان تێدا هەبێت. پێشان لە نیقابەی کرێکاران کاریان کرد بێت بۆ نموونە یان لە تەزاهورێک بەشداریان کرد بێت، یان لە حزبێک بەشداریان کرد بێت، یان سیفاتێکی وەتەنیان هەبێت کە بڵێین فعلەن ئەوانە موستەحەقن حزبێک دروست بکەن نەک هەر ٥٥٠کەسەکە، بەڵام کۆمەڵەیەک لەوان ئەو سیماتانەیان تێدا هەبێت، تەوزیعی جوگرافیش بەرەئی من گفتوگۆی لەسەر بکرێت بتوانرێ بەشێوەیەکی تر عەرز بکرێ، تەوزیعی جوگرافی بەراستی خاڵێکی گرنگە، ئێمە هەموومان خەڵکی یەک هەرێمین، هەرێمی ئێمە ناسراوە چەند پارێزگایەکی کوردستانە کە مەوجوودە، ئینجا ئەگەر ئەمەش بە شێوەیەکی تر هەموار بکرێت بە رەئی من باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینان هەیە دەستیان بەرز کەنەوە تکایە، بەڕێز مامۆستا هادی وەزیری داد، فەرموو.

**بەڕێز هادی علی عبدالکریم/ وزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی دوای ئەوەی کە گەڕاینەوە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکە یاسای حزبەکان مراجعەیەکم کردەوە بەراوردیشم کرد لەگەڵ ئەم خاڵانەی لەم پرۆژە هەموار کراوە دا پێشکەش کراوە، یەعنی لە کۆی هەموو خاڵەکاندا ئەوەی لێ بەدەردەکەوێت کە هەر وەکو وەزیری ناوخۆ ئاماژەی بە هەندێ خاڵ کرد، دەتوانین بڵێین رەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێ کە هەندێک قیودی زیاتر بووە بەسەر یاسای حزبەکان لەوەی کە لە ساڵی١٩٩٣ بریاری لەسەر دراوە، جا من پێم باشە وەکو حکومەت وەکو پەرلەمان وەک هەموو دەزگاکانی حکومەت تەبیعیە بەردەوام پێویستمان بە بڕیاری تازە و تەعدیل کردنی خاڵەکانی دەبێت، ئەوا حەقی خۆمانە ئیشی لەسەر بکەین، بۆ نموونە دوێنێ کە پرۆژەی ئەو یاسایەی کە پەیوەندی بە تەعدیل کردنی غەراماتەوە هەبوو یان هەندێ ڕاگرتنی هەندێ لەوانەی لە یاساکانی پێشوو بڕیارەکانی (مجلس قيادة الثورة) ئەوانە هەمووی زەروورییە،

هەم بەرژەوەندی هاولاتیانی تێدا هەیە و هەم بەرژەوەندی حکومەتی تێدا هەیە، ئیشیشی لەسەر دەکەین بە بەردەوامی، بەلام بەنیسبەت یاسایەک بەم جۆرە وەکو یاسای حزبەکان یان هەندێ یاسای چاپەمەنی کە کاتی خۆی لەساڵی ١٩٩٢و١٩٩٣دەرکراوە و ئیشی باشیشی لەسەر کراوە، ئێستا تەبیعیە دوای تێپەربوونی ٨ یان ٩ ساڵ ئەویش هەندێ تێبینی هەیە یان مراجعە دەکات حەقی خۆیەتی، بەلام من ئەڵێم وەکو زەرووڕەت ئەگەر ئەوەڵیات ڕێز بکەین زۆر بە زەرووری نابینم ئەم شتانەی بکەین لێرە، چونکە ئەم وەزعە نائاسایییەی کە ئێستا عیراق و کوردستان هەمووی تێپەڕ دەبێت، ئەگەر پەلە نەکەین وەکو کاک کریمیش ئاماژەی پێکرد، هەندێ دیراسەتی زیاتر بکرێتەوە، هەندێ مراجعەی زیاتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی تێر و تەسەل تر و ڕێک و پێک تریش بێت، ئەگەر هاتوو تەعدیلەکەش بوو بە شێوەیەک نەبێت ڕەخنەی ئەوەی لێ بگیرێ کە جۆرێک لە قیودی زیاتری بۆ زیاد کراوە یان بۆ دواوە گەڕاوەتەوە، من بەس ئەو تێبینیەم هەیە لەسەر ئەمە، چونکە بۆ نموونە لە تەعدیلەکەی ساڵی پێشوو تریش دا ٤٥رۆژ کراوە بە ٣٠ رۆژ کراوە بە ٩٠ رۆژ، ئێستا مەسەلەن ٥٠٠مۆئازیری بۆ زیاد کراوە هەندێ لە خاڵانی تریش کە ئێستا باسی لێکرا، هەمووی لە مەجموعیدا جۆرێک لە قیودی بۆ زیاد کرا، لەبەر ئەوەی من پێم باشە ئەگەر مەجالێکی تری پێ بدرێت بۆ ئەوەی باشتر تاوتۆ بکرێت بەشێوەیەکی واش بێت، دوێنێ باسی ئەوە کرا کە ئەو حزبانەی کە عیراقین لە دەرەوەی هەرێمن یان ئەو حزبانەی کە لە بەشەکانی تری کوردستانن و مەکاتب لێرە دەکەنەوە ئەو باسەی تێدا نییە، یەعنی هەم یاسای حزبەکان ئەم باسەی تێدا نییە، هەم پرۆژەی تەعدیل کردنەکە ئەمەی تێیدا نییە، ئەگەر ئەو شتانەشی بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەوەی تێر و تەواو تر بێت، من ئەوەم پێ باشترە، جا ئیتر جەنابیشتان دەزانن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لە ڕاستیدا ئیشارەتی پێ بدەین باشترە کە ئەم هەموار کردنە تازە نییە، ئێستا پاش دیراسەت و پاش لێکدانەوە و پاش سەیرکردنی لە لیژان و ئینجا گەیشتونەتە ئەو حاڵەی کە ئیمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، تەبیعی کە ئامادە کراوە لە ئەنجومەنی وزیران ئامادە کراوە، پاشان بە قەرارێکی ئەنجومەنی وەزیران کە لە کۆبوونەوەی ژمارە ٩ی ٢٦/٧/ ٢٠٠٠ پەسەند کراوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران لە ٦/٨/ ٢٠٠٠ نێردراوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، یەعنی ئیشی دوو ساڵە، بەراستی ئیشی دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ نییە، لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بەسەردا چوو بێت خەڵک لە خەیاڵیدا نەبێت ئەوە واریدە لە ڕاستیداو، کاتی ئەوە هاتووە کە لەمە زیاتر دوای بخەین دەبێت بچین شتەکی تر بکەین، جا بەراستی کاتی خۆیەتی و گەیوە، دوێنێ من هەندێک قسەشم دەربارەی کرد، حەزم نەکرد ئەمە ڕەبت بکرێت لەگەڵ زەرفێکی ئانیدا، ئێستا هەندێ شت هەیە هیچ پەیوەندییەکی بەمەوە نییە، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی پێوە نییە، ئەمە پرۆژەیەکە دوو ساڵی پێچووە لەناو پەرلەمان،دوو ساڵی پێچووە خەریکی ئەوەن

و، پێویست دەکات ئەو یاسایە هەموار بکرێت، تەبیعی یاساش کە هەموار بکرێت من تەسەوڕ دەکەم بۆ چوونی هەموو لایەکمانە یاسای ئێمە بە ئیتیجاهێکی دیموکراتی دەبێت هەمواری بکەین، ئەوە لایەنێکە تا دیموکراتی تر بێت تا ئاسان تر بێت چاکترە، دووەمیش دەبێت موراعاتی ئەو لایەنە بکەین کە ئەم یاسایە بۆ ئەوە دانراوە بۆ ئەوەی حزب دروست ببێت، دەبێت سیفاتی حزبی تێدا هەبێت، یەعنی دوو تای تەرازووی یەکە، تەرازوو دوو تای هەیە، یەکیان دیموکراتیەتەکەیە، ئەوەی تریان جدیەت و ئوسولیەتی ئیشەکەیە وەکو هی میللەتانی تر بێت، جا تەسەوڕ دەکەم لەو گۆڕانکارییانە لەوانە هەندێ مەرج دانرا بێت خەڵک گلەییەکی زۆری کرد بێت، کە گوایا حزب دروست کراوە بەبێ ئەوەی هیچ شەرتێکی وای تێدا هەبێت یان بەبێ ئەوەی شەخسیاتی تێدا هەبێت، بێ ئەوەی ناسراو بێت یان ناسراو نەبێت، ئەم گۆڕانکارییانە بەشی زۆریان بۆ ئەو مەسەلانەیە، دووەم مەسەلەن گیروگرفتێک لە زیمنی تەتبیق روویداوە گیروگرفتەکە سیاسیە کە بۆچی بۆ ئەم حزبە هاریکاری ماددی ئەدرێ، بەوی تر نادرێ؟ ئەمە یەکێک بووە لەو گیروگرفتانەمان لەناو ئەنجومەنی وەزیرانەوە، باشە نابێت مەقایسێکی بۆ دابنرێت نابێ شەرت و شروتێکی بۆ دابنێین، ئەگەر داینەنێین هەر بە کەم و کوری ئەمێنێتەوە، یەعنی دەبێت بۆی دابنێین، ئێمە چارەمان بۆ هەموو ئەو خاڵانە داناوە، تەبیعی خاڵێک هەیە دەبێت ئیشارەتی پێ بکەین، هیچ قانونێک بە تەئسیری رەجعی نییە، ئەو قانونە بۆ ئیمرۆ و بۆ دوا رۆژ دادەنرێت، یەعنی ئەو خاڵەش هەیە دەبێت موراعات بکرێت و بۆ روون کردنەوە ئەم خاڵەم وت، جا ئەوانەی ناومان نوسیوون ئەم بەڕێزانەن:

١- بەڕێز رجب شعبان طیب.
٢- بەڕێز شمایل ننو بینامین.
٣- بەڕێز حمە علی توفیق.
٤- بەڕێز إبراهیم سعید محمد.
٥- بەڕێز سفر محمد حسین.
٦- بەڕێز جعفر علی عبدالعزیز.
٧- بەڕێز محسن صالح مصطفی مفتی.
٨- بەڕێز د. قاسم محمد قاسم.
٩- بەڕێز ملا هادی خضر کویخا.
١٠- فوزیە عزالدین رشید.

**بەڕێز ملا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەنیسبەت ولاتانی دەرەوە ولاتانی پێشکەوتووخواز لەگەڵ ئێمە جیاوزازییەک هەیە لە دامەزراندنی حزب و لە داب و نەریت و رەوشتی کۆمەلایەتی ئەوەی کە لە دەرەوە هەیە لەوانەیە

به نەقسی بزانی، لێرە نەقس نەبێ، یان ئەوەی لێرە نەقس بێت لەوێ نەقس نەبێت، بابەتی حزبایەتی کاتی خۆی کە حزب دروست دەبوو سیاسەت خەڵکێکی تایبەتی هەبوو، تایبەتمەند بوو بۆ ئەو ئیشانە کە لە وێستگەیی دەوڵەتێک کە خەڵکەکەی خاوەن بیرو باوەڕ و تێکۆشەر و لە پێناو وڵاتەکەی بە ماڵ و منداڵ خۆی بەخت ئەکرد ئیسراحەتی خۆی تێک دەدا دژی چەوسانەوەی بیر و باوەڕی یان نەتەوایەتیان یان دینیان، ئەو حزبە دروست دەبوو، لەبەر چاومانە کە ساڵانی رابردوو کە ٥٠ ساڵ یان ٦٠ ساڵ لەمەوبەر حزبایەتی چۆن بووە، بەڵام ئەوەی لێرە کە من دەمەوێ ئیشارەتی پێبدەم ئەوەیە ئێمە تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ئەوەینە تەعدودیەت یان لەگەڵ فرە حزبین یان لەگەڵ فرە بیر و باوەڕین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مەجالی ئەوە بدرێت، ئەوەی کە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە شتێکی دوا کەوتووە یان بەنقسی دەزانی، مەجال نەدرێت کە بەشدار بن لەو شتانە، ئێستا بۆ حزب دروست ببێ، ئێستا کێ ئەچەوسێتەوە؟ ئێستا گەنجمان هەیە حەزیان لە حزبایەتیە با بێنە ناو سیاسەت، حزبی قەومیمان هەیە با بێتە ناوی حزبی ئیسلامیمان هەیە ئاشووریمان هەیە مارکسیمان هەیە لەناو هەر حزبێک بیەوێت کار بکات جێگاو رێگای ئەو خەڵکە هەیە جێگای دەبێتەوە، ئیزتیهادی هیچ لایەنێک نەکرایە کە بڵێین دژی ئەوە، بە رەئی من وایە، هەندێک قەید و قیود هەیە پێویستە دابنرێت لەسەر حزبایەتی، بۆ نمونە لە دوا رۆژ خەڵکێک هەیە لەناو کۆمەڵگەی ئێمە لەوانەیە تەعنی لێ بدرێت، دێت دادەنیشی لەگەڵ د.رۆژ دەڵێت جەنابت وەکو سکرتێری مەکتەبی سیاسی کوردستان، منیش سکرتێری بێکارانی کوردستانم واتە بێ ئیشانی کوردستان هاتوومە رێز لە رەئی من بگیرێ، تەبیعی دەبێت حیسابێک هەبی خەڵکەک کەوا تێکۆشەر بووە، یەعنی بێزی لە سیاسەت نەبێتەوە، مەبەستم ئەوەیە رێز لە حزبایەتی بگیرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مەلا هادی، کاک رجب شعبان، فەرموو.

**بەڕێز رجب شعبان طیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵکوم بەری نهۆ گەلەک کەس لە کوردستان مەحروم بییێن خۆن بە وادیە نەشیا بیێن کە بۆ خۆی بخوینیێن، چ بەر ئەگەرێ سیاسی بیێن، چ بەر کاردانێ ئابووری بیێن، لەو ما پێشنیار دکەم، کە ئەڤ مەرجا را بیێن لەسەر موئازیرا بەس مەتلوبە لەسەر (الاعضاء على ان يُجيد العضو القراءة والكتابة) بۆ چوونێت سەرکردایەتیا میللەتێ کورد چی سیاسی بن سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ بیێن، چ ئەنجومەنی وەزیران بیێن، هەمی گاڤێ بۆ تەسیهلاتا بۆ تەعدودی بەر فرەیا حزبی، لەو ما بابە نەبیتە یان نەهێتە حسێب کرن کە کۆسپەیەکە نەخوێندەواری، ڤێ پێشنیار دکەم و، پێشنیارەکا دیکەش ئەگەر مومکن بیێن کە فەقەرە (ب) دبێژێن(يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة

والمـؤازريـن) وشەی(المؤازرين)بێتە حەزف کرن بەس مولاحەزە هەبێتن لەسەر هەیئە تەئسیسی ئەویش پەنجا عزونە مومکنە ئەڤە هەر لێرە سماتی حزبی بشێن لێ وەر بگرن یان مستوایەکی جموجۆلی کۆمەڵایەتی یان رۆشنبیری هەبێتن، لەگەڵ رێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر، فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان بەراستی من لەگەڵ بۆ چوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆم، ئێستا کە ئەو تەوزیحی دا لەسەر فەقەرەی ٣، راستە ئەگەر سەیری فەقەرەی ٣ بکەین نەسەکی عام و مەرنە، وا بزانم زۆر پێویستە بۆ ئەو مەرحەلە بۆ تەنزیمی ئیش و کاری ئەحزابان، هەروەها نەسەکە بە گشتی هاتووە، (یلاحظ علی الهیئة المؤسسة والمؤازرين) بێژی ئەگەر ئیقتیسار بکرێت لەسەر هەیئەی موئەسیسە لەوانەیە ئەویش باشتر ببێت، یەعنی خۆی تەسهیلە مەجالە بۆ وەزعی داخیلی کە تەئکید بین لەسەر ئەو شتانەی کە لەو فەقەردا هاتووە، سێیەم بەراستی پێویستە کە حزب تەمسیلی هەموو شەرائیحی کوردستان بکات، بەتایبەتی هەیئەی موئەسیسە، تەمسیلی هەموو شەرائیحێک بکات، وەکو ئیشارەتی پێدا جەنابی وەزیر کە چەند رۆشنیری تێدا هەبێت چەند خاوەن شەهادەی تێدا هەبێت، دکتۆر یان ئەندازیار یان پارێزەر هەتا چەند کرێکار یان چەند کاسبکار، کە بتوانن بڵێن حزبەکی سیاسیە، هەروەها زەروریە ئەو مستەوای سەقافی یان (النشاط الاجتماعي) یان تەوزیعی جوگرافی، ئەگەر سەیری قانون بکەین لەمادەی چوار، وا بزانم ئەوە پەیوەندی بەو فەقەرە هەیە، لێرە لە مەرحەلەی تەئسیس پەیوەندی هەیە، فەقەرەی پێنج لەمادەی چوار (عدم بث الشقاق والتفرقة العنصرية و الدينية والمذهبية) ئەوە لە مەرحەڵەی دامەزراندنی حزب لێرە لە مەرحەلەی تەئسیسە وابزانم یەک تەکملەی یەکتری دەکەن، جا لەوانەیە تەفریقەی عونسری دینی، یان لەوانەی تەوەققوعی بێت لە قەسدی ئێمە(موشەریع) عەشائیری مەناتقی یان شتی وای تێدا هەبێت، کە زۆر پێویستە ئێمە مولاحەزەی بکەین لە قۆناغی نازکدا، هەروەها وا بزانم پەنجا کەس زۆربەی ئەوانەی لە هەیئەی موئەسیسەن، وزارەتی داخیلی تەئکیدی کرد لەسەر ئەو شروتانەی کە لەو فەقەرەدا هاتوون، وا بزانم زۆر ئاسانە دام و دەزگای زۆرن و عەدەدەکی کەمە ، هەروەها میللەتی کورد زۆر کەمە وا بزانم زۆر بە ئاسانی دەتوانی تەئکید بکات لەسەر ئەو شتە، هەیئەی موئەسیسە بە خۆی مولاحەزەی ئەو شروتانە ئەکات کە منهاجی حزب ئەدات وتەقدیمی تەلەب دەکات، لەوانەیە ئەرکی ئەوان زیاترە لە وەزارتی ناوخۆ، وا بزانم لەو مەرحەلەیە هیچ قەید نینە لەسەر دیموکراتیەت و، دیموکراتیەتی ئێمە پێویستە لەو مەرحەلەیە مەسئول بیت بەرامبەر ئەو تەجروبەیەو ئەو دەستکەوتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز فوزیە خان، فەرموو.

**بەڕێز فوزیە عزالدین رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان تەبعەن ئەوەی لێردا هاتووە، من ١٠٠٪ پشتگیری لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، بەڵام تێبینیەکم هەیە، ئەوانەی کە حزبەک دروست دەکەن پێویستە هەندێ شروتی تێدا هەبێت، وەکو خوێندەواری، وەکو ئەوەی جەریمەیان نەکرد بێت، وەکو دەڵێت (أخلاق قوم سيده)، یەعنی دەبێت ئەو کەسانە دیار بن، دەبێت ئەو پەڕی دیموکراتیەت بێت، چونکە ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان وا فێر کراوین کە دیموکراتی بین، ئێستاش ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە زۆربەی پارتیە، تەمجیدی دیموکراتیەت دەکات لە کوردستاندا، هیوادارم ئەوە بەرپا بێت لەگەڵ ئەو شروتانەی کە هەیە بۆ ئەو ئەندامانەی کە حزبەکە دروست دەکەن، لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس فوزیە خان، بەڕێز شمایل ننۆ، فەرموو.

**بەڕێز شمایل ننو بینامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الى رئيس المجلس الوطني الكوردستاني المحترم، انا بموضوع المؤازرين، أؤيد ما ذهب اليه الاستاذ وزير الداخلية، ولكن في الحقيقة الهيئة المؤسسة انا برأيي ان تبقى هذه الشروط المذكورة و بالاحرى الافضل عندي انه يشدد على هذه الشروط، لانه ولادة الاحزاب يجب ان تكون خصوصاً في التجربة التي نعيشها حاليا متاحة، يعني تجربة قبل الانتفاضه وتجربة النضال السلبي لها ظروفها الخاصة، ولكن ظروف المرحلة الحالية، برأيي وضمن حالة الاستقرار وشبه الدولة او شبه المؤسساتية التي نعيشها تتطلب ان تكون الاحزاب على مستوى بحيث تقدم وتؤدي شيئاً يخدم المجتمع، مع كل الاسف إحنا واقعنا حالياً، ان اذكر مرة كنا في الاجتماع مع وفد الاشتراكية الدولية، كنا جالسين قرابة ٣٠حزب ومنظمة كان شيء مثار للتعجب عندهم، برأيي هذه الاحزاب التي يجب أن يعطى لها مجال او يفسح لها مجال للعمل ان تتمتع بالشروط التي لا تكون بها انتقاص من العملية السياسية، فاشدد على ان تكون الهيئة المؤسسة يجب ان تتوافر بها الشروط، واتمنى ان تكون شروط مشددة اكثر بموضوع الشهادة الاكاديمية او موضوع اداء سياسي واختبار اداء سياسي او المستوى الثقافي عموماً والنشاط الاجتماعي، والتوزيع الجغرافي هو واضح حقيقةً انه حتى الموضوع لا ينحصر في عشيرة او في منطقة محددة، يعني كجزء من محاولة نعرف مجتمعنا وتركيبة مجتمعنا، اعتقد هذا الشرط ايضاً ضروري في هذه الحالة، ما ادري عموماً بالقانون مايحضرني شيء ولكن أعتقد كان من

الضروري انه يذكر شيء عن احزاب الجبهة الكوردستانية او الاحزاب ما قبل الانتفاضه، وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەراستی ئەو قسانەی کاک شمایل کردی یەکێکە لە رووبەکانی ئەو هۆیانەی کە ئەو تەعدیلەی پێویستە، بەراستی ئەو بەسەراحەت باسی کرد، تاکو ئێستا وا بەسەراحەتی باس نەکراوە، ئەو خاڵانەی کە تەسبیت کراوە و دیراسەت کراوە و باس کراوە ئەوەیە ئەگەر حزب دروست بێت، دەبێت لە حزب بچێت، راستە دەبێت تەسهیلاتی بۆ بکەین لە لایەکەوە تەسهیلات دروست بکەین بۆ دروست کردنی حزب و هاوکاری لە ژیانی سیاسی لە دەور بینین، بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت، یان بۆ ئەو کەسەی کە قابلیەتی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەو کەسەی کە دەیەوێت و قابلیەتی هەیە بە ئارەزووی خۆی نییە، دەبێت زەمینی شروتێکی دیاری کراو بێت و موعەین بێت کە لە حزب بچێت و بتوانێ لەو قەوارەدا ئیش بکات، جا ئەو دوو جانبەی لێکدراوەتەوە زەرووڕەتەکەی بە حەقیقەت لەوێیە، لەلایەکی دیکەوە گلەیەکی زۆر هەیە بۆ سەر ئەوە کە دەڵێن ئەوە حزبە یان ئەوە حزب نییە، یەعنی بەراستی ئەو جۆرە قسانە دەکرێت، باشە ئێمە ئەو مەجالە بهێلینەوە بەهەر ئسلوبێک بێت حزب دروست بکرێت، دەبێت شەرتەکی بۆ دابنرێت و دیاری بکەین، بەڕێز کاک ئەمین مەولود، فەرموو.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قانونە ئەسڵەیەکە دەبینین قانونەکە لە دوو فەقەرە پێک هاتووە و فەقەرەکان بەراستی چارەسەری هەر قەزییەیەک دەکات، کە تەداخولی زۆری تێدا هەیە، بەداخەوە کە دێینە سەر تەعدیلەکە دیسان دەبینین ئەو فەقەرانەی کە لە تەعدیلەکە دا هاتوون یەک دوو قەزیە لە فەقەرەیەکدا چارەسەر دەکات، بۆ نموونە مەسەلەن فەقەرە یەک تەعدیل کراوە باسی شروتی ئەندام دەکات باسی مورفەقاتی تەلەبی تەئسیس دەکات لە هەمان کاتدا، باسی مینهاج دەکات لەبەر ئەوە بەرەئی من پێویستە فەقەراتەکانی ئەم ماددەیە بە تەواوی ئیلغا کەین و بەم شێوەیەی خوارەوە بڵێین:

تلغى الفقرتان ١و٢ من المادة السادسة ويحل محلهما:

١- تقديم الطلب الى وزارة الداخلية موقع من اعضاء مؤسسين لا يقل عددهم عن ٥٠عضواً والمؤازرين لا يقل عددهم عن ٥٠٠مواطن على عن لا يقل عمر المؤسس عن٢٥ سنة و المؤازر عن ١٨سنة من المتمتعين بالاهلية القانونية.

٢- يجب ان لايكون المؤسس أو المؤازر محكوماً عليه بجناية او جنحة مخلة بالشرف ويتمتع بسمعة جيدة، ان لا يقل نسبة الذين يجيدون القراءة والكتابة من المؤسسين والموازرين

عن ٥٠٪.
شەرت نییە هەمووی ئیجادەی خوێندن و نوسین بکەن، چونکە بەراستی ئیجادە گەر بێینە سەر واقیع دەبێت موتتەلیع بێت لەسەر لوغە، چونکە ئیجادە هەر خوێندن و نوسین نییە.
٣- يرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب و نظامه الداخلي.
٤- يذكر في الطلب اسم الحزب على ان لايكون مطابقاً لاسم حزب اخر او مشابهاً لها بشكل يخلق اشتباهاً لدى المواطن.
چونکە بەراستی ئەگەر بچین بۆ قانونی ئەسمائی تیجاریش، پێویستە ئەگەر ناوی تیجاری موتابیق نەبوو، بە شێوەیەکی وا نەبێت کە ئیشتیباهێک دروست بکات سەر لە هاولاتی تێک بدات، ئێستا حاڵی حازر بگەڕێینەوە بۆ سەر ناوی ئەحزابەکان زۆر شتی وا دەبینین، ناوی حزبەکان بە شێوەیەکی وا تەداخولی تێدا هەیە کە جیا کردنەوەیان لەیەک تۆزێک گرانە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک ئەمین، بەڕێز حەمە عەلی تۆفیق.

**بەڕێز حمە علي توفيق ميرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ڕەئیم وایە، ئەم پرۆژەیە بۆ دروست بوونی ئەو حزبانەیە کە لە کوردستاندا دروست دەبن، بەڵام ئێستا لەم بارودۆخەی ئێمەدا تەقریبەن ٢٠ تا ٣٠حزب لە کوردستاندا هەیە، بەهەموو ئەو نەتەوانەش کە لەگەڵ ئێمەدا هەنە یان بە هەمووی تێکڕایی ئاینەکانیش، بەراستی ئێمە ئەو بۆشاییە بۆ دروست بوونی ئەو حزبانەیە کە لە کاتێکدا هاتووە کە پاش پەیدابوونی ئەو پرۆژەیە بووە، چونکە بۆشاییەک دروست بوو، شەڕی ناوخۆ وای کرد کە ئەو حزبانە بەم شێوەیە دروست بن، ڕەنگە ئەوەش بوویتە هۆی دروست بوونیان کە مەکاسبی تایبەتی و شەخسی خۆیانی تێدا هەبووە، ئەگەر مەجالیش بدرێت ڕەنگە لەمەو دوا زیاتر خەڵک پرۆژە پێشکەش بکات، ئەگەر ١٠ کەس یان ٢٠کەس بێت، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو پرۆژەم کە تەقدیم کراوە، بەڵام لێرەدا چەند خاڵێک هەیە کە دەست نیشان بکرێت:
١- ئەوە زۆر باشە کە (٥٠)کەس موئەسیس بن و (٥٠٠) کەسیش موازیر، بەڵام مەفروز نییە کە موئازیرەکان هەمووی ئەو حوکمەیان لەسەر بێت کەوا ئێستا (٥٠) کەسەکە بۆ موئەسیس و بۆ موئازیر هاتووە، لەبەر ئەوە بەرەئی من (وان لايكون الاعضاء المؤسسين محكوماً عليهم بجناية او جنحه) لە فەقەرەی ٣ دیسان (يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة والمؤازرين) لا بچێت، هەروەها(سمات الحزب السياسي من حيث المستوى الثقافي و النشاط الاجتماعي) لێرە کۆتایی پێ بێت (والتوزيع الجغرافي والسكن...الخ) ئەوە حەزف بکرێت لەو فەقەرەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. ناصیح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەی سێ کە لێرە هەموار کراوە برگە یەکی مادده شەش و برگە سێی مادده شەش، من پێم وایە زۆر بەرێک و پێکی هاتووە، برایان و خوشکان باسی ئەوەیان کرد کە گوایا ئەو(٥٠٠) ناوە کە ئێمە تەئکیدی لەسەر بکەین کە خوێندەواریان هەبێت یان بتوانن بنوسن ئەمە رێ گرتنە، من پێم وانییە ئەمە رێگرتن بێت، بە پێچەوانەوە ئەمە تەئکید کردنە بۆ باشتر کردنی هەر حزبێک کە لەمەو دوا بیەوێت داوای مۆڵەت وەرگرتن بکات بۆ دامەزراندنی حزب، دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت کە ئەم یاسایەی کە ئێمە دەرمان کردووە کاتی خۆی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٩٣ بووە دوو ساڵ لە دوای راپەڕین و یەک ساڵ لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ئەو کاتە ئێمە ئەم بوارەمان نەبووە هەوڵ بدەین پاشماوەی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی بەغدا چارەسەر بکەین، یەکێک لەوانە ئەوە بووە نەیهێشتووە خەڵکی ئێمە فێری خوێندەواری ببێت، بەڵام ئێمە ئەوە نۆ ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە نۆ ساڵە بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کردۆتەوە، نۆ ساڵە بە هاوکاری رێکخراوە خێر خوازەکان خەریکین خەڵکی فێرە خوێندەواری دەکەین، مەعقولە دوای نۆ ساڵ ئێمە بێین بڵێین وەڵڵا خەڵکی نەخوێندەوار تەشجیع دەکەین، من پێم وایە ئەمە هاندانە لێرە بۆ ئەم خاڵەی کە بەم شێوەیە هاتووە کە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی هەموو حزبەکان ئەو خەڵکەی بە موازرین و بە موەسیس خەڵکێکی وا لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە کە فیعلەن شایستەی ئەوە بن کە بتوانن لە سیاسەتدا کار بکەن. هاندانە بۆ ئەوەی کە نەخوێندەواری لە کوردستاندا نەمێنێت، من پێم وایە ئەمە رێگر نییە بە پێچەوانەوە ئەمە هاندانە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم پرۆژەکەی حکومەت چۆن هاتووە پرۆژەیەکی زۆر رێکوپێکە و، هەر ئەم پرۆژەیەش بخرێتە دەنگدانەوە لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو تێبینیەی وەزیری ناوخۆی بەڕێز بەنیسبەت منەوە باشە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ.

یەک بەنیسبەت ئێمەوە ئەو پەنجا کەسە یەعنی ئێمە بۆ ئەعزای پەرلەمانیش هەر ئەوەنە کراوەتە شەرتێک کە خوێندەواری هەبێت، یەعنی لەوانەیە لە دوا ڕۆژ خەڵک فیکر بکاتەوە ئەوانە خاوەن شەهادەش بن باشە، ئەمما بەنیسبەت(٥٠٠) کەس موئازیر لەکۆمەڵگەیەک وەک لە قسەکانمان هەندێک شەرتێکی تەعجیزییە لەم مەرحەلەیە لەوانەیە لە دوا ڕۆژ ئەگەر ئیعادەی نەزەر بکرێت باشە، لەبەر ئەوە خوێندەواری (یجید و القراءة و الکتابة) فقط ئیقتیسار بکرێت لەسەر ئەو(٥٠) کەسە، بە پێچەوانەی قسەکانی کاک د. ناصح دەبێت ئێمە زۆر قیود دانەنێین لەسەر مەرجی حزبایەتی.

دوو/ لەسەر فەقەرەی (یجب ان یلاحظ علی الهیئة المؤسسة والمؤزارین سمات حزب سیاسي) من لەگەڵ ئەوەم زۆر باشە سیمای سیاسی هەبێت و موستەوای سەقافی هەبێت، (نشــاط إجتمـاعي) هەبێت یەعنی کادر بێت لەناو کرێکاران لەناو جوتیاران لەناو ئەندازیاران ،لەناو پزیشکان، لە ناو لاوان وقوتابیان و، بەنیسبەت تەوزیعی جوگرافی لەبەر ئەوەی کە زروفێکی تایبەتیمان هەیە، من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە دەربارەی تەوزیعی جوگرافی (النشــاط الاجتماعي والتنویع في سکن الاعضاء والمؤازرین) یەعنی (یلاحظ التنویع) ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی مەسەلەی جوگرافیا هیچ ئیشکالێکمان بۆ نەکات لە دوارۆژدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، کاک عبدالخالق ئێمە دائیمەن تێبینیەکانی ئێوە دەنوسینەوە، هەر قسە نییە، دەینوسینەوە و خەریکی سیاغەین لەگەڵ لیژنەی قانونیدا، بەڕێز کاک إبراهیم سعید.

**بەڕێز إبراهیم سـعـیـد مـحـمـد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

پێشەکی دەمەوێت بڵێم لێرە فەرقەکی زۆر هەیە لە نێوان تەئسیس و لەبەینی کاری حزبی ئایندە کە ئیجازە وەردەگرێت و بکەوتە ناو مەیدانی حزبایەتی، موئازر کە(٥٠٠) کەس هاتووە، دەبێت بنوسیت و بخوێنیت لەگەڵ(٥٠) کەس، من ئەمە بە زەرووریەت و، واجبی دەزانم کە ئەو موئازریرانە بزانن ئەو مینهاج و ئەو نیزامی داخلیەی کە تەقدیمی وزارەتی داخلیەی دەکەن بزانن بیخوێنن، ئەگەر نەزانی بخوێنێت ڕەنگە کابرایەک فێلی لێ بکاتن شتەکی تری بۆی بخوێنێت و بڵێت وەرە تەوقیع بکە ئەوە نەوعەکی تر بیتن یەعنی فێلی لێ کرا بیتن، بەڵام ئەگەر بزانیتن بخوێنیتن یەعنی ئەکیدە ئەوەی لەسەر تێناپەڕێت، یەعنی خۆمان دەزانین لاجئینی ئێمە لە خاریج جنسیەی نادەنێ ئەگەر قەوانینی ئەو دەوڵەتانە نەزانی، یەعنی دەبێت بزانی بخوێنی و بزانی بنوسی راستە لە ٣٨٪ میللەتی ئێمە ئومییە، بەڵام ٥٠٠ کەسەکەی موئازیر با بۆ خۆی بگەڕێتن بە دوای ئەو کەسانەی کە خوێندن دەزانن، ئیتنمائی دوای تر کە کەوتە مەیدانی کار با ئەندامی تر بێنە ناو ئەوانەی کە نەزانن ،بەڵام بەشەرتەک بە پێویستی دەزانم کەوا بزانیتن ئەو شروتانە

بخـوێنیـتن ئەمـە لەلایەک، لەلایەکی تر ٥٠٠ کـەسی مـوئازیر لە فـەرقـەرەی ٣ من قـەناعـەتم پێنایەت، چونکە برادەران گـوتیـان (یلاحظ علی الهئیة التأسیسة) نەخێر نوسراوە (یـجـب ان یـلاحظ) راستە عەیبی تێیدا دەبیتن، موستەوای سەقافی حزبەک مەجموعەیەک کە تەقدیمان کرد ئەم شەرتەیان بەسەرەوە بوو کە فعلەن خاوەن وەعیـەکی سەقافی یان وەعیەکی ئیجتماعی بوون، کە لە نەهێشتنی (في الجرائم التي خططت لـها السلطة القمعية او أرتكبتـها) ئەو کەسانەی کە تەقدیم دەکەن و موشارەکەی ئەو جۆرە جەرائیمـانەیان نەکرد بێت، مـانای ئینسانـی و وەتەنینە ومودریکن و زانانە موستـەوایەکی سـەقـافیـان هەیە، ئەگەر هەر نەخەڵەتان نەدەچوونە ناو کـاری خراپ کە هەمـوومـان دەزانین جاشاتی بووە، یان هەر شتـەکی تر بووە، جا ئەو شـەرتە لەگەڵ ئەو پێنج ئەهدافـەی کـە هاتیین بەنەزری من بۆ تەئسیس کـیـفـایەتە، ئەوەی لە مـاددەی چوار هاتووە، مـوستـەوای سـەقـافی برادەران دەڵێن خەریجی کۆلیژ بێت، بەراستی خەریجی مەدرەسـەی حەیات هەیە، خـەڵک هەیە نەچووتە کـولیـە بەڵام سـەقـافـەتەکی زۆری هەیە رەنگە زانکۆ سـەقـڵی ئەوە دەکـاتن، سـەقـڵی سـەقـافـەی دەکـاتن، بەڵام هەیە لەناو ژیاندا فـێـری سـەقـافـەت بووە، نەشـاتی ئیجـتـمـاعی هەر بەم شێوەیە، بەڵام دوێنێ من حەقـیـقـەت باسی تەوزیع جوگرافـیـام کـرد، ئەمڕۆ بەراسـتی کـە خـەڵک گـوێی لە ئارائی تر دەبیتن لێرە ئەوە گـرنگە یەعنی پەرلەمـان کـە گـوێت لە فیکری تر دەبیتن رەنگە پەشیمان ببتەوە لە فکرەکەی خۆت، رەنگە تەوزیع جوگرافیا بە حەقیقەت قەناعـەتەکی کـاملم بۆ دروست بووە دەبێت تەوزیع جوگرافی هەبیتن، چونکە مەخاتری تەشکیلی ئێمە، میللەتی ئێمە هەمـوومـان دەزانین فعلەن ئەحزابی عـەشائری دروست ببون لە عـەشیرەتێکی بەتەنها، هەرچەندە وەکو گوتمان مەسەلەکە رەجعی نییە، بەڵام بۆ بهێڵین ئەوانە کە بێن تەفریقە بخـەنە ناو مـیللەتی ئێمە، بەخۆمـان ئێمـە بووینە چوار پارچە، جـا بێین دووبارە پارچە پارچەی بکەینەوە یەعنی نازانم چۆن؟ بەڵام من بە موستـەوای سەقافی یان موستـەوای ئیجتماعی بۆ ئەوە نێـڵین کـە داخیلی ژیانی حزبایەتی بووین، ئەگـەر سـەرکـردەی ئەو حـزبە کـابرایەک بێ نـەشـاتی ئیجتماعی و نەشئەی سەقافی تێدا هەبیتن، وا بزانم کەسبی خەڵکەکی زۆرتر دەبیتن، بەڵام ئەگەر حزب ئەو جۆرە کـەسـانەی تێدا نـەبیتن سـەرکردەیان بە تەئکید فـاشل دەبیتن و حـەل دەبیتن لە تەجاروبی ژیاندا، جا ئێمە با ئەو شەرتانە شەرتی مەوجود و کفایەتن و بەڵام تەوزیعی جوگرافی بەرای من بامێنێتن باشترە، لەگەڵ رێزمدا.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، کاک ئیبراهیم، بەڕێز شێخ موحسن، فەرموو.

**بەڕێز مـحسن خـالد مـصطفی مـفـتی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

دیارە کە حزبێکی سیاسی ئیستا دروست دەبێت، لەبەر چاویەتی کە کۆمەڵێ ئەحزابی سیاسی لە

پێش خۆیەوە هەیە، دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کۆمەڵێ دروشمی تایبەتی بێنێتە مەیدانەوە، بیر لەوە بکاتەوە کە هەندێ هەڵگۆڕانی تایبەتی هەیە خەڵکێکی تر لە پێش خۆیەوە بیری لێ نەکردۆتەوە، ئەوان ئێستا دەیکەنە دەسکەوتێکی تایبەتی بۆ ئەو میللەتەیە، قاعیدەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێت (فاقد الشيء لا يعطي) یەکێک بۆ خۆی لە ئاستێکی سیاسی تێگەیشتنێکی ئابوری تێگەیشتنێکی فکری بیر و رۆشنبیریەکی تایبەتیان نەبێت ئەوا بۆ خۆی ئازادە لەوەی کە بیر لەوە بکاتەوە حزب دروست بکات، بەڵام ئەمانەتی رێگا پێدان بۆ دروست کردنی ئەو حزبە لە ئەستۆی ئەم پەرلەمانەیە، یەعنی ئەو ئەمانەتە ئەمانەتێکی زۆر گەورەیە ئەمانەتێکی مێژوویيە، قوتابخانەیەکی نموونەیی بکەرەوە لەناو شاری هەولێردا، مامۆستایەکی موهمیل یان نەخوێندەوار بهێنە بە ئەمرێکی تایبەتی لە پەروەردەوە بیکە بە مامۆستا لەو شوێنە، مەبەست ئەوە نییە شتی وا کرا بێت، بەڵام ئەگەر ئەمە بکرێت ئەمە خیانەتێکی گەورەیە بەرامبەر بەو قوتابخانەیە، ئەگەر لە پەرلەمانا رێگا بدرێت هەرکەسێ بە ئارەزووی خۆی شتێکی وا بکات، پەرلەمان کە بیر لە بەرژەوەندی تایبەتی هەموو کۆمەڵگای کوردەواری کوردستان دەکاتەوە بەگشتی، مانای ئەوەیە بیر لە بەرژەوەندی ئەو میللەتەی نەکردۆتەوە وەکو خەڵکی کوردستان ئەوە لەلایەکەوە، لە لایەکی ترەوە بەرێز وەزیری ناوخۆ ئیشارەتی بۆ بابەتێک کرد کە ئێمە ناتوانین بۆ هەموو کەسێک بگەرێین بزانین مەلەفی تایبەتی ئەو کەسە چییە؟ ئێمەش هەرگیز بیرمان لەوە نەکردۆتەوە خوای گەورەش لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا رازی نەبووە بەوەی کە تۆ ماڵ بە ماڵ بگەرێی بزانی ئەو خەڵکە چۆنە و چۆن بیر دەکاتەوە و چۆن دەژی؟ (نحن نحكم بالظواهر والله يتولى السرائر)، کەسێک بڵێین باشە ناوبانگی نەزرا بێت بە خراپە خوای گەورە ئەوەندەی لە ئێمە دەوێت، رژێمی هەر وڵاتێکیش کە سیاسەتی ئەو وڵاتە جێ بەجێ دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە ئەو خەڵکە لە زەمانی رژێمی پێشوودا ئەو کارە خراپانەی نەکردبێت، کە ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە شتێکی زۆر باشە لە داهاتووشدا ئەوە ١٠ یان ١٥ساڵی بەسەردا چووە سوپاس بۆ خوا، لە داهاتووشدا کەسێکی وا پەروەردە نەبوو بێت ناوی زرا بێت تۆ ئەمانەتی ئەو میللەتە بخەیە دەستی! بۆیە سومعەی باش مەرجێکی خراپ نییە، رێگری نییە لە پێش خستنی ئەو میللەتە کە ئەڵێین کابرا سومعەی باش بێت مانای ئەوە نییە کە تۆ قەیدت بۆ داناوە، باسی ئەوە کرا کە ئێستا هەندێ قیود هەیە زیاد دەکرێت کە لە زەمانی رژێمی بەغدا باسی لێوە کراوە، نەخێر یەکێک لەو قەیدانەی کە ئەوسا باسی لێ دەکرا ئەوە بوو کە دژیەتی لەگەڵ ئەهدافی ١٧ و ٣٠ تەمموزدا نەبێت. کەی لە پرۆژەکانی ئێستا رۆژێک لە رۆژان لە پەرلەمان باسی ئەوە کراوە کە دژایەتی لەگەڵ فلان حزب و فلان حزب نەبێت، ئەو حزبەی کە دروست ئەکرێت کەی مەبدەئێکی وا هاتۆتە پێشەوە کە تۆ بڵێی ئەمە رێگریە لە ئازادی و بیر و رادەربرینی ئەو خەڵکەیە، بەڵام بەرگری کردنە لە ئەخلاقی ئەو خەڵکە بەرگری کردنە لە هێما سیاسیەکانی ئەو کابرایە خاوەنی فکرەیەکی رێک و پێک بێت، خاوەنی هۆشیاریەکی چاک بێت، فکرەکەی مستەوردە نەبێت فکرەکەی لە دەرەوە

هێنایبێتی لە هەر بابەتێکی ئابووری سیاسی دینی هەر بابەتێکی تر شتێکی چاک پێشکەش بەو میللەتە بکات. دژایەتی نەبێت لەگەڵ ئەو خەڵکە، ئەوە مەتڵوبە لەو ئامانجانەی کە باس کراوە، بۆیە من زۆر تەئکیدی ئەوە دەکەم کە جگە لە فەقەرە یەک کە باسی کراوە فەقەرە سێش هەرچی ئەو مەرجانەی کە هاتووە شتێکی باشە ئێمە گیرمان خواردووە بەدەستی حزبێک یان تەجەمووعێکی سیاسی یان میهەنی کە ئینتخاباتی دەکەن، ئەگەر ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژێرین بە ئەندام، ئەندامەکان هەموویان لە ئاستێکی فیکری و سیاسی دا نەبن، خوێندەواریان نەبێت، چوار کەس لەسەر ئەوە دەتوانێ رەئی هەر هەموویان بەو شێوەیە بگۆڕی کە ئەو مەبەستیەتی، حزبایەتی هەر ئەوە نییە خۆتی پێ بەخێو بکەی، حزبایەتی بۆ ئەوەیە خزمەتی ئەو خەڵکەی پێ بکەی لە هەموو رووەکی ژیانی ئەو میللەتەوە کە پێویستیت پێ هەیە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە ئەو مەرجانەی کە پێویستە دابنرێت ئەمە قیود نییە، وەکو مەرجەکانی قانونی هاتوچۆ کە لەناو شاردا دائەنرێت نابێت تۆ برۆیت، ئەمە قەید نییە لەسەر حوریەتی خەڵک، ئەمە خزمەت کردنی ئەو خەڵکەیە دەبێت ئەو خەڵکەی ئێمە وا حاڵی بکەی کە دەبێت ئەو مەرجانە بە قەید نەزانن بەڵکو بە خزمەت کردنی ئەو میللەتەی بزانن ئەگەر حزبێک ئەمرۆ دروست ببێت و دروشمەکانی کەم تر بێت لە ئاستی ئەوەی کە لە پێشترا دروست بووە، کەڵک و سود و ئەهدافی ئەو حزبەی چیە بۆ خزمەت کردنی ئەو گەل و نەتەوەیە؟ لەبەر ئەوە داوا دەکەین ئەوەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، شتێکی باشە و بە کەڵکە سوودی لێ وەردەگیرێت و، ئەوەش کە ناوبانگی پاک بێت ئەمە خیانەت نییە بەرامبەر بەو میللەتە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ ئەوەی وەزعی ئەو میللەتە بە ئەمانەتەوە بدرێتە دەستی کۆمەڵێک، کە ئەو کۆمەڵەیە خزمەتیان بکات، نەک بەرەو ئەم لاو ئەو لایان ببات، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک محسن، بەڕێز د.رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم"د.رزگار":**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سێپێکا دیموکراسیەتێ فرە لایەنیان پارتی دزانم، یەعنی هەندی پارتایەتی هەبت و حزبایەتی هەبن، نیعمەتە بۆ میللەتا نەک نیقمەتە، تەئکیدیش دەزانین کە نووکە ئەڤ ولاتێ توشی یەک لایەکی بیتن، لە سیستەمی یەک لایەکی یان حزبێت حاکم حالێ وان چیبە؟ و شوکر بۆ خودا کە تەوەجوها سەرکردایەتیا مە بێ رەنگیە مومکینە ئەمەش حدودێ دیموکراسیا دەرباز بن ئەم شێ دژین ئەم شێ ئەم سوپەر دیموکراتن، ێک ئیجرائات و تەعامولا، ژبی مونتەلەقی بقەناعەتا من هەندێ مەرجا ئاسان بیکەن لە پێش حزبا ئب مەسلەحەتا میللەتێ خۆ دەزانین و لڤیرێ مەڤێت ئیشارەت بدەم موداخەلەو روون کردنا بەڕێز وەزیرێ ناڤخۆ کە تەعبیریش کابینا چاریا حکومەتا

هەرێمی ژ کێشەک تێدا نییە، کە وەکو ئەندامێکی موتەزامن لوێرێ کە جهێ رێزێیە ئەو ئاسان کاریا وی داخاز کری بۆ حزب بێنە وجودێ حزب بێنە تەشکیل کرنێ، چونکە دامەزراندنا حزبا فعلەن تشتەکی ئەرکی دزانم کە بەرهەبی بۆ بێتە کرنێ و حیمایەت بێتە کرنێ و ئاسان کاری بۆ بێتە کرنێ دا حزب بێتە تەشکیل کرن چونکە نیعمەتە نەک نیقمەتە.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمانێ من ئیحتیمالا سەردەمێ مەلەکی دوو سێ تەئسیسا ئەحزابا شەرتەکا بەرێ خۆدابێ حەتا بەنیسبەتا وان پێنجی کەسا شەشێ هاتی هەشتێ هاتی نۆژی هاتی، ئەگەر مومکینە ئەم بەرێ خۆ بدەنێ بی وەختێ لە نفوسا عیراقێ سێ چوار ملیۆن بیە، ئەربەعیناتا خەمسیناتادا بزەبت ئەم ژی سێ چار ملیۆنا بی، یەعنی ئەگەر پێنجی کەسێت دووان، ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە قانونێ وان(٦و٨)ئەڤسا ٩ هاتی، بۆ ئەم ٥٠٠ موئازیرێت هەنی ئەڤ شروتە بۆ موئازرێت دانێ، تەبیعی ٥٠٠ کەس سانا نینە حزبێک بچێت پەیدا بکەت تازە دەست پێ بکەت، یەعنی ئەو ٥٠٠کەسە کو حزبێ نووکە ببیت دامەزرێت و بۆ خۆی دێ مەجبور بیتن کە خەڵکێک کۆکرد موحتاجی تەوقیعانە دێ بێتە وجودێ، بۆ ئەوەش ئەو ئیشە زیاتر ئاسان بکەین من لەگەڵ هەندێمە ڤی عەدەدیشی کەم بکەین، یەعنی ٥٠٠ بکەینا ٣٠٠، دا بچێت دا شروتێ ڤان تەنێ تا فەرز بکەین، ئەڤ سیماتێت دووهی موداخەلا بەرێز سکرتێرێ پەرلەمانێ من گەلەک وەجی دزانم سەرڤی بێ ئەڤ فەقەرە هانێ چ میعار هەیە ئەم بچیت تشتا پێ بکێشێت، چی هەیە؟ با بزانم ئەمە سیمات حزب سیاسی چ میعیار هەیە پێ بکێشی، چ تەجروبە هاتە کرنێ حەتا خەلکەکی میعیار بۆ دانانا ئەمن وان میعیارا ئیستیفادەی لێ بکەین کە بچن فعلەن ئێکسا ئان زێد من ناس ئەڤ ملاحەزە دێت سیاسی سەرهەن سەقافی ئان سەقافی مومکینە ناحیەی نەشاتێ کۆمەڵایەتی مومکینە ئابووری مومکینە، بەڵام سیمات حزب سیاسی بۆ شەرتەکی دانان حزبەکی سیاسی کادرەک ئان شەخسەکی نیشمان پەرەوەر ببیت بۆ خۆی حزبەکی چاک بکەتن، من دبینم دێ سیستەمی فرە لایەنی ڤا، ژ بەر هەندێ من بە پێویستی دزانم کە تەئیدی دکەم ئەڤ فەقەرە نەمێنێ ئەسڵەن (يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة والموازرين سيمات حزب سياسي) سیمات حزب سیاسی من هیچ معیارا بۆ نەشێ بۆ بکێشێت باوەڕناکەم کەسەک هەبی بشێت کو ئان تەجرووبە خەلکەکی دی هەبیت ئان ئیستیفادەی ژ بەو ناحیەی لێ بکەین و نیسبەتا وەکی من گوتی هەتا مؤازر یەعنی مؤازر ٥٠٠کەس ئیدی مەجبور بیتن موحتاج بیتن ئەز ئان ئێکی دی ئان ئکس ئان زێد کەڤتنە ناڤ خەڵکێ دا تەوقیعەکم کرد دا بێژێت، ئەگەر کێم بکەین گەلەک دێ ئاسان کاری بۆ وێ حزبی دکەمێ، ئەو بەشێت حزبە سەر بێت دامەزراندن و سەر پێراخستن و وەکی مەزبووتی نیعمەتی دزانم نەک نیقمەت، چونکە ئەڤ وڵاتا کو توشی ئەحزابێ حاکم بینە حالێ وان چییە بزانن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار، بەڕێز کاک شێخ جەعفەر، فەرموو.

**بەڕێز جـــعــــفــــر علی عــــبــــدالعــــزیز:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

بەڕێزان ئەم تەعدیلە، تەعدیلی قانونی ئەحزابە کە نۆ ساڵ لەمەو پێش دەرچووە، نۆ ساڵ لەمەو پێش ئەو قەیدانەمان دانەناوە لەبەر ڕەچاو کردنی ئەو خاڵانەی کە باس کران، خاڵی دیموکراتی و مافی مرۆڤ، بەڵام ئەنجامی بەرهەمی ئەم نۆ ساڵە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە لەم نۆ ساڵەدا ئەمەی لێ دەرچووە، بەڵام نەقیدە بۆ مافی مرۆڤ و نەقیدە بۆ دیموکراتیەت، بەڵکو ئەمە خزمەتی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت دەکات ئەنجامی ئیش کردن بەم یاسایە لەم نۆ ساڵەدا، ئەم خەلەلانەی لێ دەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی چارەسەری ئەم خەلەلانە شتێکی زەرووریە و، بەتایبەتی ڕەچاو کردنی ئێستای وەزعی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ڕەچاو کردنی وەزعی هەرێم لە دەوروبەر کە چی ئەیانەوێت بیکەن لە ناو هەرێمدا؟ لەبەر ئەوە شتێکی زۆر باشە من لەگەڵ ئەوەدام ئەو خاڵانە وەکو خۆی بێت، بەڵام بەنیسبەت سێیەمەوە لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ باسی ئەوەی کرد کە مومکینە مەجال نەبێت بۆ ٥٠٠ کەس ئەو شتە بکرێت، ئەگەر بێت و هەیئەی موئەسیسە ئەو شەرت و شروتانەی تیا بێت، مومکینە ڕەنگ بداتەوە لە خوارەوە، لەبەر ئەوە وای بە باش دەزانم خاڵی سێیەمی بەم شێوەیە بێت (يجب ان يلاحظ على الهيئة المؤسسة سمات حزب سياسي من حيث المستوى الثقافي والنشاط الاجتماعي والتوزيع الجغرافي) بەراستی تەوزیع جوگرافیەکە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

زۆر سوپاس کاک شێخ جەعفەر، بەڕێز کاک ئیدریس ئاخیر کەسە، فەرموو.

**بەڕێـــز د.إدریـــس هـــادی صــــــــــالــح:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من نامەوێت دووبارەی هیچ قسەک بکەمەوە، بەڵام هەموار کردنی هەر یاسایەک دیارە چاک کردنی یاسایەکەیەو بەرە و پێش بردنیەتی، ئێمە باس کە لە هەموار کردنی ئەو یاسایە دەکەین پاش نۆ ساڵ وەزعی کوردستان جیا بوو، ئێستا جیایە، باری ڕۆشنبیری بەرەو چاکتر ڕۆیشتووە، ئابووری و ئاسایش هەموو شتێک بەرە و باشتر ڕۆیشتووە، لێرەدا دوو شت هەیە ئێمە یان دەبێت ئیهتیمام بە نەوعیەت بدەین، نەوعیەت یەعنی چاک کردنی ئیشەکە، یان دەبێت بەرەئێ من ئاسانکاری، کە هەندێ برادەر باسی دەکات ئەوە بەرە و خراپ کردنی ئیشەکەیە، ئەگەر تەسهیل بۆ شتەکی بکەی بەتایبەتی تەئسیسی حزبێک کە بیەوێ سەرکردەی شەریحەیێک بکات، خەڵکێک بکات دەبێت نەوعیەتێکی چاک بکەی، ئەوە مانای ئەو شروتانەی دانراون مانای ئەوە نییە کە تۆ بەربەستت دانا. بە پێچەوانەوە دەتەوێت نەوعیەتەکەی چاک بکەی، تۆ ژمارەت زیاد کردیە ٥٠٠ لەهەمان کات پێشنیار دەکەی کە هەندێ شتی لێ لابردرێت خوێندن و نوسین،

یەعنی هەندێک مەسائیلی سومعەو نازانم چ؟ ئەوانەی لێ دەرکەی مانای ئەوەیە ئەوە نەوعیەتی خراپ دەکەی، تۆ دەبێ بە پێچەوانەوە ئەو شەرتانەی لێ زیاد بکەی بۆ ئەوەی نەوعیەتەکەی چاکتر بێت، ئێمە ئایا لە کوردستان ژمارەی ئەحزابمان کەمە بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بکەین و ژمارەمان زیاد بێت، پێویستمان بە زیادەی ژمارەی ئەحزابە؟، من نالێم ئەحزاب زیاد نەبێت، بەلام دەبێت نەوعیەتێکی چاک بێت و بە شروتێکی موعەیەن بێت، ناکرێ تۆ ئەو هەموو حزبە هەیە کە ئێمە دەزانین هەندێک حزب رەئیمان چۆنە لەسەری هەر بە حزبیش ناکاتن بێین ئەحزابی تر لەم نەوعە دروست بکەین، جا بە بۆچوونی من ئەو شتانەی کە دانراون زۆر لە جێگای خۆیەتی، جوان داڕێژراوە، بەلام بەنیسبەت خوێندن و نوسین بەراستی شتەکی زەروورییە، ئێمە بەرەو (محو الأمية) دەچین ئێستا بەرنامەی وەزارەتی پەروەردە دەستی پێکردووە پاش نۆ ساڵ، یەعنی ٥٠ئەندامی موئەسیس نەتوانی هەریەک ١٠کەس بینی کەخوێندەواریان هەبێت کە دەکاتە ٥٠٠کەس، یەعنی کە تۆ حزبەک تەئسیس دەکەی ٥٠ کەسی موئەسیسەکە هەریەکە ١٠کەس ناناسی لە کوردستان کەخوێندەواری هەبێت بۆ ئەوەی ٥٠٠ کەسەکەی پێ تەواو بکات، ئەوە یەک، دووش بەنیسبەت تەوزیعی جوگرافی برادەران باسیان کرد زۆر زەروورییە پێویست ناکات باس بکەم، بەنیسبەت خاڵی سێیەم لەگەڵ ئەوەمە ئەگەر وشەی موئازیری لێ دەرچێت ئەوەی تر هەمووی لە جێی خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش گفتوگۆی برادەران و پاش ئەو تێبینیانەی کە برادەران تەرحیان کرد، چ لە موستەوای خوێندن و نوسین، بەنیسبەت موئسیسین و موئازرین چ لەسەر مەوقیعی جوگرافی چ لەسەر سیمات و چ لەسەر سومعە ئەو تێبینیانە لەلای هەیئەتی ریئاسە بەنەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە و، پێشنیارێک ئێستا لە هەیئەی ریئاسەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئێمەش لامان باشە وەکو لیژنەی یاسا، ئەگەر بفەرموون مەجال بدەن بۆ ئەوەی عەرزی برادەرانی بکەم کە فەقەرە یەک بەچ شێوەیەک بێت و فەقەرە سێ بەچ شێوەیەک بێت، رەئیش رەئی برادەرانە چۆن بە پەسندی دەزانن چۆنیان پێ باشە رەئی لەسەر ئەو شێوەیە بدەن ئەگەر ئەمر بفەرموو بۆیان بخوێنمەوە.

١- تقديم طلب تحريري الى وزارة الداخلية موقع من الأعضاء المؤسسين لا يقل عددهم عن ٥٠ عضواً، لا يقل عمرالعضو عن ٢٥ سنة، ومواطنين مؤازرين لا يقل عددهم عن ٥٠٠مواطنً، يجيد أكثرهم القراءة والكتابة، ولا يقل عمر المؤازر عن١٨سنة وان لا يكون العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة

القمعية أو أرتكبتها في كوردستان ومتمتعاً بالأهلية القانونية ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي).
بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن ئەوە نەسی فەقەرەی یەكەمە یان تەعدیلی فەقەرەی یەكەمە بەم شێوەیە هاتووە و، موقتەرحیش بەنیسبەت فەقەرە سێ ئەوی كە لە ئەسڵی مەشروعەكە هاتووە (یجب ان یلاحظ السمات و الموقع الجغرافي) بەم شێوەیە هاتووە:
٣- یجب ان تضم الهئیه المؤسسة المواطنین المعروفین بوطنیتهم ومن لهم مساهمات واضحة في الحیاة السیاسیة والاجتماعیة والثقافیة في كوردستان.
هەروەها تەعدیلی بڕگەی یەكەمە (الإجتماعیة والثقافیة في كوردستان یستشف منه إرادة جدیة للأشتراك في العمل الوطني وتنظیم مساهمة المواطنین في الحیاة السیاسیة للأقلیم في إطار برنامجٍ سیاسي خاص كما ویلاحظ التوزیع الجغرافي لسكن وعمل المؤسسین والمؤازرین).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(التنوع الجغرافي) نوسراوە؟.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

(كما ویلاحظ التنوع الجغرافي لسكن وعمل المؤسسین والمؤازرین).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من جارێكی تر دەیخوێنمەوە، بڕگەی یەكەم بەم شێوەیە دەبێت:
أولاً: تقدیم طلب الی وزارة الداخلیة موقع من أعضاء مؤسسین لایقل عددهم عن (٥٠) عضواً لایقل عمر العضو عن (٢٥) سنة ومواطنین مؤازرین لایقل عددهم عن(٥٠٠) مواطن ویجید أكثرهم القراءة والكتابة ولایقل عمر المؤازر عن(١٨)سنة وأن لایكون العضو او المؤازر محكوماً علیه بجنایة أو جنحة مخلة بالشرف ولم یشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعیة أو أرتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالأهلیة القانونیة ویرفق بطلب التأسیس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.
بڕگەی سێ بەم شێوەیە دەبێت:
ثالثاً: یجب أن یلاحظ على الهیئة المؤسسة المواطنین المعروفین بوطنیتهم ومن لهم مساهمات واضحة في الحیاة السیاسیة والأجتماعیة والثقافیة في كوردستان یستشف منه إرادة جدیة للأشتراك في العمل الوطني وتنظیم مساهمة المواطنین في الحیاة السیاسیة للأقلیم في إطار برنامجٍ سیاسي خاص، كما ویلاحظ التنوع الجغرافي لسكن وعمل المؤسسین والمؤازرین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەگەر تێبینی تر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە، وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (أكثريتهم تجيد القراءة والكتابة) ئەمە تەنها بۆ موئازرە یان بۆ موئەسس و موئازرە؟ چونکە لە صیغەکە وا دیارە تەنها بۆ موئازرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها بۆ موئازرە، موئەسسین دەبێت هەموو خوێندن و نوسین بزانن، فەرموو.

**بەڕێز د.لطیف محمود أحمد برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ ئێمە کە باسی ماددەی یەکمان کرد لە بڕگەی یەک: (لكل مواطن من مواطني اقليم كوردستان العراق والساكنين فيه) لێرە کە باسی (٥٠) کەسەکە دەکەین باسی (٥٠٠) کەسەکە دەکەین تەنها باسی (مواطن)مان کردووە باسی (ساكنين)مان نەکردووە، مانای ئەو حیزبە کە دروست دەبێت (٥٠) کەسەکەو (٥٠٠) کەسەکە هەمووی لە مواطنین کەواتە کەباسی ساکنین کراوە دوێنێ ئەم بڕگەیە یان ئەم ماددەیە تەقییدی بڕگە یەکی ماددە یەکی دوێنێ ئەکات حەز دەکەم ئەوە بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئیستفسارمان کرد وایە بەم شێوەیە تەواوە بەم شێوەی کە نوسراوە، پرسیارمان کردووە لە دەستەی تەدوینی قانونی ئەوانەی کە تەنزیمی ئیشەکەیان کردووە ئەو شێوەیە تەواوە. جا فەرموو هەموو ماددەکە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی سێ بەم شێوەیە دەبێت بە تەعدیلەوە:

المادة الثالثة:

أولاً- تقديم طلب تحريري الى وزارة الداخلية موقع من أعضاء مؤسسين لايقل عددهم عن (٥٠)عضواً يجيدون القراءة والكتابة لايقل عمر العضو عن (٢٥) سنة ومواطنين مؤازرين لايقل عددهم عن(٥٠٠) مواطن يجيد أكثرهم القراءة والكتابة ولايقل عمر المؤازر عن(١٨) سنة وأن لايكون العضو او المؤازر محكوماً عليه بجناية أو جنحة مخلة بالشرف ولم يشارك في الجرائم التي خططت لها السلطة القمعية أو أرتكبها في كوردستان ومتمتعاً بالأهلية القانونية ويرفق بطلب التأسيس منهاج الحزب ونظامه الداخلي.

ثانياً - يتضمن الطلب المذكور في الفقرة (اولاً) أعلاه إسم ولقب وعمر ومهنة ومحل إقامة

كل عضو مؤسس أو مؤاز وإسم الحزب على أن لايكون مطابقاً لإسم حزب أخر.
ثالثاً - يجب أن تضم الهيئة المؤسسة المواطنين المعروفين بوطنيتهم ومن لهم مساهمات واضحة في الحياة السياسية والأجتماعية والثقافية في كوردستان يستشف منه إرادة جدية للأشتراك في العمل الوطني وتنظيم مساهمة المواطنين في الحياة السياسية للإقليم في إطار برنامجٍ سياسي خاص، كما ويلاحظ التنوع الجغرافي لسكن وعمل المؤسسين والمؤازرين.
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، ئەوە مادده شەش بوو بە هەرسێ بڕگەیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ لەسەرەتا پڕۆژەی حکومەتمان پەسەند کردووە بەنیسبەت ئەو ماددەیە ئێستاش ئێمە لەگەڵ پڕۆژەی حکومەتین تەنها ئەو دوو تێبینیە نەبێت کە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەستنیشانی کرد بخرێتە ناو ماددەکە. یەک بەنیسبەت (یجید القراءة والكتابة) حەسر بکرێت بە (مؤسسين)، دوو بەنیسبەت سیماتی حزبیش حەسر بکرێت بە (مؤسسين) بەتەنها، ئەوە تێبینییەکانی لیژنەی ناوخۆ بوو بەنیسبەت ئەو دەقەی موقتەرەحەکە، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
زۆر سوپاس، ئێستا ماددەکە دەدەینە دەنگدان تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە بەم شێوەیەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، بەزۆرینەی دەنگ ماددەی سێ وەرگیرا. ماددەی چوار تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**
المادة الرابعة:
تعدل الفقرة(٢)والفقرة(٤)من المادة السابعة وتكون كالآتي:
٢- عند عدم استيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة(١)أعلاه لإكمال النواقص.
٤- في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(٣)أعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي مايعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة أعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەگەر ئەو برگەی دوو بڕیار بدرێت دەبێت برگەی یەک دەستکاری بکرێت، چونکە برگەی یەک دەڵـێـت (علی وزیر الداخلیّة التأکد من إستیفاء طلب التأسیس المنصوص علیها في المادة السادسة من هذا القانون وإحالة الطلب الی مجلس الوزراء خلال مدة (٣٠) یوماً من تأریخ تسجیله) لێرە مەسەلە (تسجیل) نییە مەسەلە (إستیفاء)ە دەبێ ئەو (تسجیل)ەی لابەین بڵێین (من تأریخ إستیفاء الطلب لشروط التأسیس)، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕای لیژنەی دارایی تکایە؟.

**بەڕێز جـــمـــیـــل عـــبـــدی سندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی لیژنەی یاسا گوتی ئێمە پشتگیری دەکەین، ڕای ئێمەش بۆ برگەی چوار (تقدیم طلب الی رئاسة مجلس الوزراء) چونکە کاتێ کە داواکاریەک پێشکەش دەکات بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش بە ڕای لیژنەی ئێمە داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاصح حـــیـــدری:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

پشگیری تێبینیەکەی لیژنەی یاسا دەکەین.

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامتان هەیە بۆ پێشنیاری لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز کـــاکـــەڕەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بـەڕێـز ســــــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

خۆی ماددەکە باش هاتووە تەنها ئیحتمال هەیە برادەران تەصەور بکەن ماوەکە زۆر بێت چونکە لە ئەساسەوە ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی بەتێی بکات لە ماوەی (٤٥) ڕۆژ، مانای وایە جارێکی تریش بە برگە چوار دەبێ ئەگەر بەت نەکرا دیسان داوا بۆ ئەنجومەنی وەزیران تەقدیم بکرێتەوە دووبارە، بۆیە مانای وایە دوو جار (٤٥) ڕۆژە یان ئەو ماددەی نەبێتن یان دوو جار (٤٥) ڕۆژ زۆرە تەقدیر بکرێتەوە بە ماوەیەکی تر کەمتر و، ئەنجومەنی وەزیران هەر تەمسیلی سەرۆکایەتی

دەکرێت بەڵام عـینوان نانوسرێ دائیـمەن نانوسرێ، ئەنجـومەنی وەزیران دەنوسرێ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، شتێکی زۆر ئاساییە داوا ئەوها پێشکەش دەکرێت بەڵام پێویستە بڕیاری ئەنجومەنی پێ دەربچێت نەک سەرۆک خۆی بەت لە بابەتەکە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بۆیە لە یاسا ئەنجومەن دەنوسرێ، ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە؟ کاک فاضل رەئوف فەرموو.

**بەڕێز فـاضـل رؤوف:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بڕگەی چوار لە ماددەی چوار تێبینییەکم هەیە، ئایا هۆکار چییە ئەم داواکاریە بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ داواکاریەکە دووبارە نەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ چونکە ئەوە رێگا ئەدات کە بەیانی هەر کێـشـەیەک هاتە ئاراوە ئەگـەر وەزارەتی ناوخـۆ بڕیاری لەسـەر بدات ئەو لایەنە بۆی هەیە تەعنی لێ بدات، لەم حـاڵـەتەدا لەوانەیە گـرفت دروست بێت لە رووی ئیـداری و سـیـاسی و یاساییـەوە کە ئەنجـومـەن ئیـخـتـیـصـاصی خۆی دادگاش بەکاری دەهێنێت. بۆیە هەر لە رووی یاساییـەوە بدرێتـە لایەنی پەیوەندی دار کـە وەزارەتی ناوخـۆیە هەر وەک چۆن مـۆڵەت دان و حەلکردنی ئەو حیزبە لە رێگای وەزارەتی ناوخۆوە ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز مـحـمـد أمین مـولود أمـین:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

لام وایە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی کردوویانە شتێکی باشە بەڵام ئەتوانین هەر لە بڕگەی دوو موعالەجەی ئەم گرفتە بکەین دەست لە بڕگەی یەک نەدەین، بڵێین: (عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) أعلاه لإكمال النواقص وتحتسب الفترة الواردة في الفقرة (١) أعلاه اعتباراً من تأريخ تقديم جديد للطلب)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قـاسـم مـحـمـد قـاسـم:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەو کـەسـەی کـە حـیزب دادەنێت پێـویسـتـە باش لە قـانون بزانێت دەبێ قـانونی ئەحزابی باش هەرسکردبێ شروط و ئەو شتـانەی بۆی دانراوە بیزانێت، لێرە ئەو تەعـدیلە هاتووە ئەو بڕگـەیەی

ماددەی حەفتەمی قانونی ئەساسی حەزف بكرێت (وفي كل الأحوال لايجوز إعادة الطلب لأكثر من مرة واحدة) من وا بەباش دەزانم كە بمێنێتن چونكە نەوەك مامۆستا وقوتابی ئەوە كەمە زیادە بكەو ئەوە زیادە كەمی بكە، یەك جار قەیناكە هەندێ بە نەزەر ئیعتباریش وەربگرین باشە بەڵام هەر جارەو دوبارەبكرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ تەواوكردنی كەموكوری، من بەباش دەزانم ئەم برگەیە بمێنێت (لأكثر من مرةٍ واحدة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك فاضل فەرمووی تەبعەن ناكرێت داوایەكە بۆ وەزیری ناوخۆ تەقدیم بكرێت چونكە بابەتەكە لە لای وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە و چۆتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران چونكە لایەنی موخەوەل بۆ مەنحی مۆڵەت ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەنجومەنی وەزیرانیش لە قانونەكە هاتووە دەڵێت دەبێت لە ماوەی (٤٥) رۆژ بەتتی تێدا بكات، بەراستی ئەو تەعدیلە هەر بۆ ئەوەیە بۆ بەبیر هاتنەوەیە ئەگەر هاتوو ئەو (٤٥) رۆژە ئەنجومەنی وەزیران نەبوو دیسان داوایەكی تری بۆ بنێری حیزبەكە بڵێت من (٤٥) رۆژە قەزیەكەم لێرەیە بۆ وەڵام نەدراوەتەوە بۆ ئەوەی دووبارە دیراسەت بكرێتەوە لە ماوەی (٤٥) رۆژی تر دەست پێدەكات جوابی وەڵامی دەدەنەوە یان مۆڵەتی دەدەنێ یانیش ئەگەر ماوەكە تێپەری و قسەیان تێدا نەكرد ئەوە ئیعتبار دەكرێت حیزبەكە موجازە بە حوكمی قانون، بەنیسبەت كاك ئەمین فەرمووی ئیمكان هەیە لێرە جێبەجێ بكرێت بەڵام بەو دوورو درێژیەی نا یانیش ماددەكەی بگۆری دەتوانین بڵێین (عند عدم إستیفاء طلب التأسیس للشروط القانونیة علی وزیر الداخلیة إعادة الطلب الی المؤسسین خلال المدة المقررة في الفقرة (١) أعلاه لإكمال النواقص وتبدأ إعتباراً من تأریخ إستیفاء شروط طلب التأسیس) دەتوانین ئەم عیبارەیە زیاد بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ فەرموو كاك سەعید.

**بەڕێز سعید محمد صدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لێرە دوو سێ جار باسی (٤٥) رۆژ كرا، مەعەل عیلم لە تەعدیلی یەكەم ئەحزاب نوسراوە دەڵێت برگە یەك (٣٠) رۆژە بۆتە (٩٠) رۆژ، برگە سێش تەعدیل كراوە (٤٥) رۆژەكە بۆتە (٩٠) رۆژ، با توشی ئیشكالێك نەبین لە تەعدیلی یەكەم ئەمانە كراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیدەین بە دەنگدان.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الرابعة:

تعدل الفقرة (٢)والفقرة (٤)من المادة السابعة وتكون كالآتي:

٢ـ عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) أعلاه لإكمال النواقص.

٤ـ في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة من الفقرة (٣)أعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي مايعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة أعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

موقتەرەحی خۆتان نەخوێندەوە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە یەک لەبەر ئەوەی مێژووی تۆمارکردنی تێدایە بۆ ئەوەی نەبێتە ئەساس بەنیسبەت ماوە دەستپێکردنەکە بەم شێوەیە بێت باشە:(على وزير الداخلية التأكد من إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية المنصوص عليها في المادة السادسة من هذا القانون وإحالة الطلب الى مجلس الوزراء خلال مدة (٩٠) تسعين يوماً من تأريخ إستيفاء الطلب شروط التأسيس).

بڕگە دووش بەم شێوەیە بێت: (عند عدم إستيفاء طلب التأسيس للشروط القانونية على وزير الداخلية إعادة الطلب الى المؤسسين خلال المدة المقررة في الفقرة (١) أعلاه لإكمال النواقص).

بڕگە چواریش بەم شێوەیە بێت: (في حالة عدم البت في الطلب رغم مضي المدة المذكورة في الفقرة(٣)أعلاه من هذه المادة للهيئة تقديم طلب الى مجلس الوزراء مباشرة وفي حالة عدم البت في الطلب ومضي مايعادل المدة المذكورة في الفقرة الثالثة من المادة أعلاه يعتبر الطلب موافقاً عليه بحكم القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی چوار بەم شێوەی خوێندرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، ماددەی چوار بە گشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة الخامسة:

تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالآتي:

على الحزب إعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي أو منهاجه خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ حصول التغيير ولمجلس الوزراء سحب الاجازة من الحزب اذا ما ظهر أن التغيير يسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى الحالة الاجتماعية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە مەجال بدەینە ئەو حیزبە طەعن لەو بڕیارەی بدات ئەگەر بڕیاری سەحب بوو بەم شێوەیە بێت: (وللحزب الطعن على قرار مجلس الوزراء لدى محكمة التمييز لإقليم كوردستان العراق ويكون قرار المحكمة باتاً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە هەر بەم شێوەیە بمێنێت، رای ئێمە زۆر ڕێکوپێک ترە تاکو ئەحزاب ئیلتزام بکەن بە تەعلیمات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی ناوخۆ؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ تێبینییەکەی لیژنەی یاساییینە، بەڵام پێویستە ماوەی تەمییز دیاری بکرێت بە چەند ڕۆژ حەقیان هەیە تەمییزی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی باشتر گفتوگۆی لەسەر بکرێت زەحمەت نەبێت ئەم خاڵەمان بۆ شەرح بکەن (يسيء الى الحالة الأجتماعية في الإقليم) مانای چییە؟ ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە بۆ ئەوەی ناویان بنوسین، ناوی ئەو بەڕێزانە نوسراوە کاک عبدالخالق زەنگەنە، کاک شەمایل نەنۆ،

کاک د.رزگار، کاک فاتح محمد ئەمین، کاک ئەمین مەولود، حاکم سەفەر، کەس هەیە ناوی نەنوسرابێت فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز سعید علی خان عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هاتووە لە برگەی شەشی مادده حەفت ماوەکەش دیاری کراوە بە (٣٠) ڕۆژ، جا پێویست دەکات لێرە دووبارە ببێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەماددەی سێ وابزانم ئەو مەبەستانە دیارە، ئیسپاتمان کردووە و دەنگمان لەسەر داوە کە دەستەو مۆئەسیسەو سیماتی حیزب و دەقەکە لای من نییە بەراستی بەتەواوی، بەڵام ئەکید لایەنی کۆمەڵایەتی مەبەستی دەقەکە ئاسایشی هەرێمە بەرژەوەندی باڵای هەرێمە هەروەها تەرکیبی سوککانی و سەرهەڵدان و تەجروبەی دیموکراتییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من وا تەصەور دەکەم ئەو تەعدیلە دەبێت هەندێ دەقیق بێت.(١ـ لمجلس الوزراء الأعتراض على ذلك) پێش ئەوەی سەحبی مۆڵەت بکەی، بە رەسمی ئەنجومەنی وەزیران حەقی هەیە ئیعتراز بکات لەلای حیزبەکە ئەو گۆڕانکاریە گۆڕانکاریەکی ئاسایی نییە داوا دەکەین لە حیزبەکە ئیعادەی نەزەر بکاتەوە ئەوە یەک. دوو سەحبی مۆڵەت وەک چۆن لە قسەی لیژنەی قانونیشدا هاتووە ئەبێ حەقی حیزبەکەش هەبێت بۆ ئیعتراز گرتن لەلای مەحکەمەی تەمییز. سێ بەنیسبەت (من الحالة الإجتماعية في الإقليم) وەک جەنابیشت ئێستا پرسیارت کرد زۆر روون نییە بەرای من (بسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى الأمن القومي الكوردستاني) ئەوە دەقیق ترە وابزانم لایەنی کۆمەڵایەتی تەفسیرەکەی لەوانەیە زۆر هەڵە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شمائیل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تقريباً نفس المفهوم الذي ذهب إليه الأستاذ عبدالخالق، أنا أقترح إنذار الحزب يتم إنذار الحزب من قبل رئاسة مجلس الوزراء، ونفس الشيء أيضاً إعطاء الحق للإعتراض لدى محكمة التمييز وأقترح إن هذه الشروط الواردة تقرأ بالشكل التالي:

إذا ما ظهر أن التغيير يؤدي الى الإخلال بشروط وأهدا ف تأسيس الأحزاب الواردة في هذا القانون، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە حیزب هەیەو هەموو مەرجەکانیشی هەیە بەڵام گۆڕانکاری کردووە، باشە بۆ سەحبی مۆڵەت یەکسەر بکرێت؟ بۆ ئەنجومەنی وەزیران رەفزی داواکاریەکەیان بکات ئەگەر ئەو گۆڕانکاریە نەبێت هۆکاری سەحبی نابێت. دووەم برادەران دەڵێن (لدى محكمة التمييز الطعن) بۆ بڕیاری دادگا دەرچووە هەتا طەعنی ئەم بڕیارە بێتە کردنێ چونکە بڕیار دێت بۆ سەحبی مۆڵەتی بڕیاریش هی دادگایە ئەگەر بڕیاری دادگا نەبێت چۆن طەعن وتەمییز دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فاتح محەمەد ئەمین فەرموو.

**بەڕێز فاتح محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لايجوز العمل الا بموافقة مجلس الوزراء) گۆڕانکاریەکە جێبەجێ نەکرێت تاوەکو ئەنجومەنی وەزیران موافەقە دەکات چونکە لەوانەیە لەم (٣٠) رۆژە خراپ بەکار بێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامتان؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

برادەران هەندێ تێبینییان پێشان دا، تێبینییەکان بەراستی باشن بەڵام نەچونە لایەنێکی تر بۆ نمونە: یەک فەرمووی ئەنجومەنی وەزیران ئیختاری بکات یەک فەرمووی ئاگاداری بکاتەوە، چونکە ئەو حیزبەی کە مینهاج و نیزامی ناوخۆی گۆڕییە بە کۆنگرە گۆڕیتی چونکە ئەو حیزبە مۆڵەتی وەرگرتووە بە مینهاجێک و نیزامێک کە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران لە ئەنجامی

کۆنگرەیەک گۆڕیتی ئەو کۆنگرەیە ئایا سەرکردایەتی ئەو حیزبەی کە ئینزارێکی بدرێتێ بە ئینزارەکەی خۆی پێ تەعدیل دەکرێ؟ نەخێر ناتوانێ تەعدیل بکات دەبێت کۆنگرەیەکی تر ببەستێ بۆ ئەوەی نیزامی خۆی چاک بکات، باشە ماوەی ئەو کۆنگرەیە چەندی پێ دەچێت ئەو پێنج شەش مانگەی ئەو مینهاج و نیزامە ئیشی پێ بکرێت کە سەرپێچی ئەوەیە، نەخێر ئەنجومەنی وەزیران با ئەو حەقەی هەبێت لێی وەربگرێت بەڵام طعن لە بڕیارەکەی بدات و بڵێت ئەنجومەنی وەزیران حەق نییە لەو ئیجرائاتەی کە دژی منی کردووە بڕیاری دادگای ئەگەر دەرچوو وەکو پێویست ئیجرائاتی دەرحەق نەکراوە ئەوە بڕیارەکەی لەغو دەکرێت هەر وەکو خۆی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و حیزبەکە نەشاتی خۆی مومارەسە دەکات وەکو پێویست. بەڕێز کاک د.رزگار فەرمووی با ئەنجومەنی وەزیران مۆڵەتی نەداتێ ئەوە مۆڵەتی وەرگرتووە بە مینهاج و نیزامێک وەری گرتووە بە کۆنگرەیەک نیزام و شتەکەی گۆڕییە گونجاویش نییە لەگەڵ بەرنامەی حیزبەکەیان لەگەڵ تەوەجوهاتی نیشتمانییان ئەو ئیشکالەی کە هەموو لایەکمان دەزانین، بۆیە لەم حاڵەتەی ئیمکان نییە لەوانەیە ئەنجومەنی وەزیران ئەو گۆڕانکاریەی هەر نەزانێت، ئەو یەکسەر مینهاجەکی پێشکەش ناکات لەوانەیە مەعلوم نەبێت دووبارە ئەنجامی هەموو کۆنگرەیەک پێشکەش ناکرتەوە لەوانەیە لە ئەنجامی مومارەسات ئەنجومەنی وەزیران بۆی دەردەکەوێت کە گۆڕانکاریەک بووە، ئێمە مەرجێکمان دانەناوە لە بڕیارەکە کە هەموو کۆنگرەیەک مینهاج و نیزامەکەی پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکات دوو بارە بەراست یەعنی کە زانیاری پێ بوو مینهاج و نیزامەکە بە شێوەیەکی ئەو تۆ گۆڕاوە کە ناگونجێت لەگەڵ بارودۆخەکە حەقی خۆی هەیە سەحبی بکات و، حەقیشمان داوەتە حیزبەکەی وەکو هەموو جارێک دەڵێین (دەستێک مەحکەمە بیبڕێ خوێنی لێ نایەت) ئەوی تر قەزایە بڕیار دەدات ئەگەر موحق بوو ئەگەر موحق نەبوو. بەڵام ئەوەی کاک فاتح گوتی لەوانەیە بەوەی حەل بکرێت مانای نەنوسین ئەگەر لە (٣٠) زیاتر ئەگەر بڵێین سەرپێچی ئەوانەی کرد کە لە ماددەی دوو هاتووە، ئیحتمال هەیە هەندێک فراوانتر بێت و موحەددەدتر بێت دیار کراوە بەرنامەکەی و موحەددەدەکە و ئەهدافەکان تیای دیار کراوە لەوانەیە ئەوە بڕوات ئەمریش ئەمری پەرلەمانە بزانین ڕایان لەسەری چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر قبوڵی دەکەن ئەوە داخیلی بکەن لە جیاتی ئەو دوو وشەیەی کە زۆر ڕون نییە بەڕاستی ناتوانی بە ئاسانی وردی بکەیتەوە لایەنی کۆمەڵایەتی چۆن ورد دەکەیتەوە وەزیری ناوخۆ بۆ نمونە بەڵام لەوێ لە بڕگەکە نوسراوە فلان شت و فلان شت.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

تەبعەن ماددەکە هاتووە تەقریبەن حەسری کردووە وەنییە زۆر بە فراوانی بێت بەڕاستی ئێمەش نامانەوێت زۆر بە فراوانی بێت ئەگەر بڵێین: (الأهداف الواردة في القانون أو الواجبات) مانای وایە هەرچی لە بڕیارەکەی هاتووە هەموو کاتێک ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ سەحبی ئەوە بکات

ئێمەش نامانەوێت ئەو دەسەڵاتە بدەینە ئەنجومەنی وەزیران هەموو کاتێک سەحبی ئیجازات بکات بە ئیعتباری دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ هەیە ئەگەر حیزبێک سەرپێچی لە واجبات و ئەهدافی بکات لە ڕێگای دادگا داوا دەکات طەعن لەو ئیشەی دەدات، جا لەبەر ئەوەی وەکو خۆی هاتووە تەقریبەن لە دوو حاڵەت حەسر بووە ئەویش ئەو دوو حاڵەتە مادام حیزبەکە مەجالی ئەوەی هەیە کە طەعن لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بدات لە پێش مەحاکم، مەسەلەکە حەتمەن ئەنجومەنی وەزیران بە تەئکید دەبێ بەتەئنی بڕیار وەربگرێت و، بڕیاریش بدات بزانێت بڕیارەکەی هۆکارە، بڕیارەکەی لە ڕووی یاساییەوە وەکو پێویستە؟ ئەوجا لە ڕووی قانونییەوە وەکو پێویستە ئەوجا بتوانێت ئەو بڕیارە وەربگرێت چونکە دەزانێت ئەگەر وانەبێت بڕیارەکەی لە ڕێگای مەحاکم لەغو دەبێت، لەوانەشە پێی باش نەبێت بڕیارەکەی لەغو بێت حەز دەکات بڕیارەکانی خەڵک لەغو نەبێت قرارات قوەتی قانونی هەیە قانونی بێت و ڕێکوپێک بێت، جا لەبەر ئەوەی ماددەکە وەکو خۆی هاتووە ئەگەر لێم قبوڵ بکات بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن ماددەکە وەکو هاتووە بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ رای خۆتان؟.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

بەڵێ رای ئێمە هی طەعن (للحزب الطعن على قرار مجلس الوزراء) ئەو تێبینییەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ناوخۆش جێی خۆیەتی (خلال مدة ١٥ يوماً من تأريخ تبلغه بقرار السحب)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە تا بیخەینە دەنگدان، فەرموو کاک عبدالخالق زەنگەنە.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من تەئکید دەکەم سەحبی مۆڵەتی حیزبێک شتێکی زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوە دەبێت (ئەسباب موجیبەی) زۆر بە قوەت بێت بۆ ئەوەی کە سەحبی مۆڵەتی لێ بکرێت ئەویش موتەعەلیقە بە (فقدان الغرض الوطني والأمن القومي الكوردستاني) من تەئکید دەکەم لەسەر وشەی (الأمن القومي الكوردستاني) لەبەر دوو هۆکار: یەک ئەم نیزامە بە گشتی وشەیەکی وای تێدا نییە، دوو ئێستا لەناو کوردستان تەوەجوهاتێک هەیە، جەماعەتێک هەیە هیچ موراعاتی (ئەمنی قەومی کوردستان) ناکەن و، ئیرطباتاتێکی مەشبوهیشیان هەیە، هەروەها داوا دەکەم ئەو وشەیەی تێدا بێت (الغرض الوطني والأمن القومي الكوردستاني) بەو هۆکارە سەحبی مۆڵەت بکرێت، نەک لەبەر ئەوەی ناوەکەی شتێکی زیاد کردووە یان ماددەیەکی گۆڕیوە لەبەر

ئەوەی سەحبی مۆڵەت شتێکی گەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بێت ئەوە زیاد بکرێت ئەوە شتێکی ترە بەڵام ماددەکە وەکو خۆی هاتووە ئەوەش وەکو پێشنیارێک هی بەڕێز کاک عبدالخالق، پێشنیارێکی هەیە ئەگەر جەنابتان ڕازی بن بیدەنە دەنگدان ئەگەر برادەران پێیان باش بوو ئیزافەی دەکەینە سەر (فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو مخالفته للأمن القومي) بزانە بە چ دەقێک دێت زیادی دەکەین، ئەوەش دەبێ هەر بمێنێتەوە بابەتی طەعنەکە طەعن هەر ئەبێ بمێنێت چونکە طەعن حەقێکی مەشروعی حیزبە نەوەک مەغدور بێت حیزبەک لە بڕیارێکی تەنفیزی با حەقی خۆی بێت موراجەعەی دادگا بکات و بڕیاری دادگای تەمییزیش لە بابەتەکە باتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شەمایل.

**بەڕێز شمایل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حقيقةً أنا برأيي أنه جنابك أشار الى الحالة الأجتماعية هذا تعريف فضفاض قليلاً، لذلك أنا أعتقد أن موضوع سحب الإجازة يجب أن يسبقه إنذار الحزب وفي حالة عدم الإستجابة يكون سحب الإجازة. أما الموضوع الذي أقترحه الاستاذ عبدالخالق حقيقةً أنا أرى أنه الغرض الوطني شافي وكافي لهذا الموضوع نحن ممكن أن نشوف، و مصطلح (الأمن القومي الكوردستاني) ممكن أن يتداول في منشورات الأحزاب ولكن هذا قانون وإن الوضع الحالي التي نعيشه حقيقةً الإتهامات والاستقلالات يجب مرعاة هذا الجانب أيضاً، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لە جیاتی ئەو (الحالة الاجتماعية في الأقليم) (النظام العام و الأداب العامة) بخەینە ناوی باشتر نییە؟ فەرموو کاک عبدالخالق.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕازین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جا تکایە بخوێندرێتەوە جارێکی تر.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای ئەم گۆڕانکاریانە بەم شێوەیە دەبێت:

المادة الخامسة:

تعدل المادة الحادية عشرة وتكون كالآتي:

على الحزب إعلام مجلس الوزراء بأي تغيير يطرأ على نظامه الداخلي أو منهاجه خلال مدة ثلاثين يوماً من تأريخ حصول التغيير ولمجلس الوزراء سحب الاجازة من الحزب اذا ما ظهر أن التغيير يسبب فقدان الغرض الوطني من تأسيسه أو يسيء الى النظام العام والأداب العامة في الاقليم وللحزب الطعن على قرار مجلس الوزراء لدى محكمة التمييز لإقليم كوردستان العراق خلال مدة خمسة عشر يوماً من تأريخ تبليغه بقرار السحب ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی پێنج پەسەند دەکەن دەستیان بەرزکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزکەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسەندی ناکات ماددەی پێنج بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەش تکایە.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

المادة السادسة:

تعدل الفقرة (١)والفقرة(٦)من المادة الثالثة عشرة وتكون كالآتي:

١- امتلاك وسائل الاعلام لتحقيق أهدافه ولمجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة أو احالتها الى المحاكم اذا اقتضى حجبها بصورة دائمة وذلك اذا ما حادى عن المفهوم الوطني او عادى توجهات المجلس الوطني الكوردستاني.

٦- قبول أموال عينية أو نقدية من أية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء..

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسایی تکایە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینیمان نییە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا زۆر سەرپێچی هاتەکرن پێویستە هەتا حەقی وەزیری ناوخۆ هەبێت بۆ ئەوەی وەسائیلی ئیعلام بگرێت، ئەگەر لێرە هاتە ئەنجومەنی وەزیران شتێکی زۆر گەورەیە چۆن بێتن فلان وەسیلەی ئیعلام لە فلان حیزب ڕاوەستێتن چونکە سەرپێچیەکی زۆر گەورەی کردووە لەبەر ئەوە لیژنەی دارایی وا پێشنیار دەکات (امتلاك وسائل الاعلام لتحقيق أهدافه ولرئاسة مجلس الوزراء) کاتێ کە سەرپێچی بکاتن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران حەقی هەبێت کە ئەم وەسائیلە بەشێوەیەکی کاتی بۆ دادگای بنێرێت، ئەمە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت تا حزبەکانیش ئیلتزام بکەن بە یاسای هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی ناوخۆ تکایە؟.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ڕای لیژنەی یاساین، بەڵام بەنیسبەت ئەو تێبینییەی کاک جەمیل ئێمە لەگەڵ نین چونکە ئەو دەقە دانراوە بۆ چارەسەرکردنی ئانی، وەزیری ناوخۆ ئەگەر بیەوێت تەحریکی دەعوا بکات دەعوا زۆری دەهاژوا ڕێگای طەعنی زۆری هەیە پێنج شەش مانگ بەڵام ئەوە دەسەڵاتە کە دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران یەکسەر دەتوانێ حجبەکەی بکاتن هەمان کات دەتوانێ بینێرتە دادگا پاش ماوەیەک، بۆیە بەڕای ئێمە دەقەکە لە جێگای خۆیەتی لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە؟ مامۆستا محمد مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگەی یەکدا هاتووە (اذا اقتضى حجبها) دوای (حجبها) تەواوکەرێکی پێویستە چونکە (اذا اقتضى حجبها) ماناکە تەواو ناکات ئەوە یەک، دووەمیش داڕشتنی ئەسڵی ماددەکە (تعدل الفقرتان (١ و ٦) من المادة الثالثة عشرة وتقرءان كالآتي) لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی لە تێبینییەکەی تێگەیشتن؟ بەڕێز کاک شمایل نەنو فەرموو.

**بەڕێز شمایل ننۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أنا ملاحظتي على موضوع (قبول أموال عينية أو نقدية من أية جهة خارج الاقليم) سابقاً كانت بعلم مجلس الوزراء، حقيقةً أنا أرى إشتراط الموافقة نوع من تقويض للحرية أو الديمقراطية، يعني إذا أكو ملاحظة على الحزب فممكن معالجتها ضمن ما جاء في هذا القانون يوفر ملاحظة الأحزاب و متابعة الأحزاب و الحد من أي نشاط. ولكن موضوع اشتراط الموافقة أنا أعتبرها تقويض للحرية و الديمقراطية أرى أن يكون كما كانت بالسابق (بأمر مجلس الوزراء) أفضل، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاک فەرحان شەرەفانی فەرموو.

**فرحان عبدالله شرفاني:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو دەوڵەتێکی دیموکراتی ئێستا ئەگەر (٢٠) هەزار پاوەن یان دۆلار زیاتر بێ پێویستە ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ بکەی، حیزبیش هەمان شت هەتا صەراف مانای مەصرەفێک (٢٠) هەزار پاوەن پێویستە ئاگادار بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک عبدالخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جارێکی تریش لێرانە حەجبی وەسائیلی ئیعلام کاتی موەقەت یان هەمیشەیی بێت ئەبێ (بعد الإنذار الرسمي) لەبەر ئەوەی یەکسەر بیبڕی بەرای من شتێکی باش نییە، لایەنەکە ئەگەر هەڵەی کردووە یان سەرپێچیەکی حەدی خۆی کردووە باشە بکرێت (بعد الإنذار رسمياً) مانای ئاگادار بکرێتەوە ئەگەر هاتوو ڕێک نەبوو ئەو کاتە بە شێوەیەکی موەقەت یان هەمیشەیی و، ئەو لایەنە حەقی ئیعترازی هەبێت ئەوەش دانەنراوە ئەوە یەک، دوو بەنیسبەت (قبول أموال عينية) من لەگەڵی دام (بعلم وموافقة مجلس الوزراء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق کە ئەڵێ مەسەلەی طەعنەکە بنێردرێت بۆ دەستەی دادگا کە نێردرا بۆ دادگا طەعنیشی لەگەڵ دایە، ئەوانی تر خۆیان جواب دەدەنەوە بەڕێز کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم تەعدیلە پێشی دوو ساڵ یان سێ ساڵ هاتووە بەڵام ئەوە ماوەیەکە ئینعطافێکی مێژوویی کەوتە مەسائیلی تەمویلی پارە و ئەو شتانەی کە لە دەرەوە دێن بۆ ناوەوە، ئێمە زۆر جار لەو پەرلەمانە گوتومانە کە دەبێت یاسای خۆمان بگونجێنین لەگەڵ باری جیهانی ئێستا بە ئیمکانیاتی متەوازعی خۆمان موشارەکەی کۆمەڵگای جیهانی بکەین لەو بابەتە، ئەوە بڕیاری ١٣٧٣ هی ئەنجومەنی ئاسایش لەلامە کە تەنها سێ دەقیقەی خایاند ئەم بڕیارە گرینگە ئەنجومەنی ئاسایش کە (١٥) دەوڵەتن شەوی ٢٨/ئەیلول بڕیار دانەکەی سێ دەقیقەی خایەند لە ١٠,٥٠ دەستیان پێ کرد دانیشتنەکە ١٠,٥٣ تەواو بوو و، زۆربەی لەسەر زانینی پارەیە، پارە چۆن دێت چۆن دەچێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر دەنگدانیان لەسەر کرد، چونکە گفتوگۆ پێشتر کراوە.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

بەڵێ هەر دەنگدانیان لەسەر کرد چونکە هەموویان ڕازی بوون لەسەری دەیان زانی کە پارە ئەگەر بە زانیاری دەوڵەت نەبێت چ گرفتێک بۆ ئەو دەوڵەتە دروست دەکات، زۆربەی ئەو بڕیارە لەسەر تەمویلە لەسەر مەوزوعی ئیستسماراتی پارەیە دەبێ دەوڵەت ئاگادار بێت، نەکو بڵێین قیود زیادە هەرچەند لە پێشتر من لەگەڵ قیود نەبووم بەڵام لەسەر مەوزوعی پارە بەراستی خەتەرناکترین بابەتە هەتا لە بڕگەی پێنج کە لە تەعدیل نەهاتووە تەبعەن شەشن، شەش گوتویەتی زانراوە بۆیە بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانە، پێنج ئەڵێت (جمع التبرعات وقبول المنح والإعانات الداخلية) لەو بڕیارە هەتا باسی بابەتی ناوخۆش دەکات، بڕیاری ئەنجومەنی ئاساییش باسی ناوخۆش دەکاتن دەبێت دەوڵەت ئاگاداری ئەو تەبەروعاتانە بێتن ئاگاداری کۆکردنەوەی سامان بێتن چۆن کۆی دەکەنەوەو بۆ کوێ دەچێتن بەڵام ئێمە وازمان لە پێنجەکە هێناوە چوینە سەر شەش تەنها ئەو پارانەی کە لە دەرەوە دێن ئەبێ مەسدەری بزانین و بزانین چۆن ئەو پارانە سەرف دەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز حاکم سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سفر محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی پێنج سەحبی مۆڵەتی حیزب ڕاستە کاری ئەنجومەنی وەزیرانەو دەنگمان دا، بەڵام من لێرە

له برگـەی یەک (امتـلاك وسائل الاعلام) من بە باشی نازانم موناسبیش نییە کە داخستنی وەسائیلی ئیعلام ئەنجومەنی وەزیران بیکات وابزانم ئەوە ئیشی وەزیری ناوخۆیە من بەباشی دەزانم ئیختصاصی وەزیری ناوخۆ بێت ئەگەر ئینزارێکیشی تێدا بێت لایەنی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی کە کاک عبدالخالق فەرمووی کە ئینزار بدرێت، لێرە ئەنجومەنی وەزیران دەڵێت بە شێوەیەکی کاتی تەبیعی تەلەفزیۆنێکە یان جەریدەیەکە ئەنجومەنی وەزیران کە دەبینێ هەڵەیەکی کرد بۆ ماوەی ڕۆژێک یان سێ ڕۆژ یان پێنج ڕۆژ قەپاتی دەکات، جا لەبەر ئەوە بەرای من پێویست ناکات ئینزار کردن ئەگەر بە شێوەی هەمیشەیی بێت ئەوە دەیداتە دادگا دادگاش ئینزارو هەموو شتی تێدایە. بەنیسبەت برگەی دووەم کە کاک عبدالخالق فەرمووی (بعلم وموافقة مجلس الوزراء) تەبیعی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران مانای زانیاری دەبێت ئەنجومەنی وەزیران، داواکاری پێشکەش دەکەن دەڵێن ئەوەندە پارەمان بدەنێ کە داوای پێشکەش کرد کەواتە بە زانیاری ئەنجومەنی وەزیران موافەقەکەی پێ دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست ناکاتن ئەنجومەنی وەزیران کۆببێتەوە تا بەشێوەیەکی کاتی وەسیلەکی ئیعلام رابگرێتن، لەبەر ئەوە رای لیژنەی دارایی و ئابوری ئەوەیە بلێت (لرئاسة مجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة أو احالتها الى المحاكم) ئەوە دەسەلاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت نەک ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی گشتی بکاتن تا ئەو (حجب بصورة مؤقتة) بکاتن، برگەی تر قبوڵی ئەموال عەینییە یان نەقدییە لە دەرەوەی هەرێم دەبێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بێت پاش ٢٠٠١/٩/١١ ئەوە بووە گرفتێکی گەورە لە هەموو جیهان، راکێشان و بردنی پارە لە بانقەکان هەتا لە بانقەکانی جیهان چۆن حیزبێک پارە بێنێت بێ موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران، پێویستە ئەو تەعدیلەی کە هاتووە (قبول أموال عينية أو نقدية من أية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء.) زۆر زۆر پێویستەو زۆر لە جێگای خۆیدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لێژنەی یاسایی بۆ ئەم پێشنیارانە تکایە؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەزیری ناوخۆ ڕونی کردەوە بابەتی ئینزارەکە. چونکە ڕاستە شتێکی کاتییە، کاتیش ماوەیەکی کورتە ئەو ماوە کورتە ئەوەندە ناگەیەنێ لەوانەیە بە ئینزارو شتی وا ڕانەگات لەوانەیە هەتا ئینزارەکەی دەدرێتێ حیزبەکە بۆ نمونە کەموکووڕی دەکات لە تەلەفزیۆن لەوانەی چەند ژمارەیەک یان چەند بەرنامەیەک شتێکی وا پیشان بدات کە لایەق نەبێت یان مەعقول نەبێت مەسەلەیەکی کاتییە و، بەڕای ئێمەش مەسدەرەکەی ئەنجومەنی وەزیران بێت لەبەر ئەهمییەتی حیزب بەڕاستی خۆ ئیمکان هەیە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئیشە بکات و مومارەسەشی بکات داشیبخات، بەڵام لەبەر وەزن و ئەهمیەتی حیزب ئیهتمام بە حزبەکان وەزن و قورسایی حیزبەکەی ببێتە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات بڵێت ئەو تەلەفزیۆنە دابخرێت بۆ ماوەی سێ ڕۆژ یان چوار ڕۆژ لەوانەیە لەم ماوەیە بانگ بکرێن و پێیان دەگوترێت دەڵێن تەلەفزیۆنتان داخرا لەبەر ئەو هۆکارانە، تکامان وایە دووبارەی مەکەنەوە لەوانەیە حیزبەکە دێت بەڵێنێک دەداتە ئەنجومەنی وەزیران دەڵێ کاکە ئەوە دووبارە نابێتەوە ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێ دەردەکات بۆ گەڕانەوەی تەلەفزیۆنەکە، مەسەلەی موافەقەش زۆر زۆر پێویستە بۆ هاتنی پارە و وەرگرتنی پارە لە دەرەوە چونکە پارە هینانە ناو مەملەکەت مەسەلەیەکی ئاسایی نییە سەهلیش نییە پەیوەندی بە ئابوری ئەو مەملەکەتە هەیە پەیوەندی بە باری سیاسی ئەو ناوچەیە هەیە پەیوەندی بەزۆر گرفت هەیە لەبەر ئەوە ئەنجومەنی وەزیران پێویستە ئاگادار بێت لەو پارەیەی کە دێتە ئێرە، موافەقەی لەسەر بکات لە بەرژەوەندی میللەتەکەیە یان نا. نییە لایەنێک لە لایەنەکان پارە لە خۆیەوە وەربگرێت لەولا و لەولا پارە وەربگریت و هەوڵ بدات بەهۆی ئەم پارەیە مەکاسب تەحقیق بکات وەڵڵا تەنها ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران، باشە ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران هیچ ئیجرائاتێکی تێدا نییە ئەنجومەنی وەزیران وەڵڵا منێ ئەوەندە ملیۆن دینارە دەهێنمە ئێرە دوایی چی دەینێ نایێنێ نەگۆتراوە لەبەر ئەوە پێویستە موافەقە بکرێت، ئێمەش سوپاسی کاک عبدالخالقی دەکەین تەئکید بوو لەسەری زانیاری و ئاگاداری موافەقەش هەر دەکاتە ئاگاداری بەڵام پێی خۆشە تەئکید بکرێت چونکە لای زۆر گرینگە کە لێرە خەڵک ئاگادار بێت لەو پارەی کە لێرە بەکار دێت چ پارەیەکە ئەگەر بەڕێزتان ڕازی بن بدرێتە دەنگدان خراپ نییە ئەوەش ڕای بەڕێزتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شمایل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شـــــــمـــــــایل نـنـۆ بـنـیـــــــامـین:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

أنا مع الشفافية ومع المحاسبة ومع التدقيق في موضوع المال، كاك فرحان قال أنا مع إعلام مجلس الوزراء ولكن ليس الإشتراط الموافقة، كاكەرەش يقول قال لمجلس الوزراء وجاب (٥)ملاين فيجيب خمس ملاين هذا ثروة دخلت، رأس مال دخل الوطن اذا إستغلّه بشكل جيد خير على خير، الدعاية الحزبية التي ما يخرج خارج إطار شروط هذا الحزب مانقدر نحاسبه وهذه هي الحرية الحزبية ولكن بأشتراط الموافقة دائماً وبكل الأماكن هناك قد تكون أغلبية في رئاسة مجلس الوزراء فهذا راح يكون قيد إتجاه حزب أخر منافس من الممكن يعني في هذه الحالة أكو إنتقاص من الدمقراطية والحرية أو نوع من تقويض لها، فالموافقة برايي أنها غير صحيحة برأي الشخصي العلم وهذا القانون هو ليوفر لي فرصة لأشوف مصدر هذا التمويل إذا كان المصدر يخالف هذا أن أقدر على أن أتحاسب مع هذا حزب، وإذا كان أسلوب التصرف بهذا المال يخالف هذا أيضاً أنا أقدر أن أتصرف، وشكراً.

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لیژنەی یاسایی؟.

**بەڕێز کـــاکـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندی:**

**بەڕێز ســـــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تەبعەن لەگەڵ ڕێزم بۆ پێشنیاری کاک شمایل، تەنها ئیعلام ڕاستە ئیعلام بە تەنها کافی نییە ئاگادار کردنی ئەنجومەنی وەزیران چونکە ئاگادارکردنی ئەنجومەنی وەزیران پارەکە هات ئەو پارەیە زۆر جار ئیمکان هەیە بەڕاستی پێت بڵێم لە لێکۆڵینەوەی ژمێریاری و فلان زۆر شت هەیە لە ئەموال و شتی وا بزر دەبێت لەوانەیە بۆ ئەو مەبەستەی هاتووە بۆ ئەم مەبەستە سەرف ناکرێت و، حسابییەن دەروات ئیعتیادی هەموومان پێمان دەکرێت شێوەی موستەنەدات و وەزعیەتی موستەنەدات دیتمان بەچ شێوەیەک پێشکەش دەکرێت سەرهێشەیەکی زۆر بۆ ژمێریاری ئەنجومەنی وەزیران و لێکۆڵینەوەی ژمێریاری کە ئەو پارەیە هات باشە چ بەربەستێک هەیە ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران بزانێت ئەو پارەیە لەو لایەنە دێت لەوانەیە کێ دەڵێت لایەنێکی وەکو پێویست نییە لە دەرەوە ئەو لایەنەی پارەی لێ دێت بزانین داخوا ئەو پارەیەی دێتە ئێرە بۆ نەیەتە ئێرە، دووەم ئەوەی بەڕێزی فەرمووی ئێمە یاسامان بۆ سەعاتێک دانەناوە یاسا بۆ ئەوە دانانێین ئەو قسەیە بکرێت عەلائەساس ئەغلەبیەکی وزرای لە ئەنجومەنێک هەیە، ئیحتمال هەیە ئەغلەبیەکی تر پەیدا دەبێت ، کوردستان ، هەڵبژاردنە، لەوانەیە زۆر کەسی تر دێت ئەو ئیختبارە زۆر تەنەوع دەبێت لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بەم شێوەیە سەیر بکەین ئەنجومەنی وەزیران ڕازی نابێت بۆ لایەنێک ئەو لایەنەی کە پارەی لێ دەینێت لایەنێکی مەشروعە. بۆ بەو ئیتجاهە

نەڕۆین هەموو ئەنجومەنی وەزیران موافقە لەسەر ئەو پارەیە دەکات کە بەشێوەیەکی مەشروع بێت و لە مەنبەعێکی مەشروع بێت و، لە جێگایەکی مەشروع بێت تەئکیدین ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان موافەقە دەکات بۆ هەر پارەیەک بێت کەوا سودی میللەتی تێدا بێت بۆ بەباشە تەفسیری نەکەین بۆ بە خراپە تەفسیری بکەین کە عەلائەساس ئەنجومەنی وەزیران تەنها ڕێگا لە پارەی حیزبێک دەگرێت نەخێر نا ئەبەدەن ڕێگا ناگرێت پارەکە بێت و مەمنونیشە ئەنجومەنی وەزیران پارەیەک بێت بە شێوەیەکی مەشروع لەو کوردستانە سەرف بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەسائلی دارایی تەوزیحێک بوو، وەسائیلی دارایی ئیمڕۆ دەورێکی ئەساسی دەبینێت لە سیاسەتی عالەمیدا، بەتایبەتی شەفافیەت لە ناحیەی داراییەوە هۆیەکانیشی زۆرە، یەکێ لە هۆیەکانی بۆ نموونە ئەو پارەیە مەصدەری کوێیە لە کوێوە هاتووە غەرەزەکەی چیە؟

دووەم: ئایا ئەو پارەیە پارەیەکی پاکە، لە تیجارەتێکی غەیری مەشروعەوە یان لە وەسیلەیەکی غەیری مەشروعەوە هاتووە؟.

سێیەم: ئایا ئەو پارەیە زەریبەی لەسەر دەدرێت یان زەریبەی لەسەر نادرێت؟.

چوارەم: کە لە هەمووی گرنگترە و لەم دواییە هاتۆتە کایەوە، زۆر بە وازیحی مەسەلەی (تیرۆری دوەلەیە)، ئەوە مەسائیلی شەفافیەتی پارەیە، لەبەر ئەوە شتێکی زۆر زۆر زەرووریە، مەعلوم بێت پارە لە کوێوە دێت، بۆ کوێ دەچێت، چۆن سەرف دەکرێت، کێ دەتوانێت ئیشرافی ئەوە بکات؟ لە ولاتێکدا بە تەئکید ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت ئیشرافی ئەوە بکات، هیچ جیهەتێکی تر نیە، خۆ ئەنجومەنی وەزیران ڕاستە ئیمڕۆ مومکینە حزبێکی زۆری هەبێت، بەس بە تەئکید وەکو لیژنەی یاسایی باسی کرد، سبەینێ ئەو ئەکسریەتە بگۆڕێت، بەس شەفافیەتەکە مەسەلەیەکی مەبدەئی دائیمە، ئێستا دەبێتە مەسەلەیەکی سابیت لە هەموو دەستوورەکاندا لە حەقیقەتدا، لە هەموو دەستوورەکان مەسەلەیەکی سابیتە و ولاتە یەکگرتووەکان داوای دەکات، داوای دەکات، لە هەموو ولاتێک داوا بکات ئەو خاڵە تەسبیت بکات، من تەسەور ناکەم هیچ غەرەزێکی وای تێدا بێت، لەوە زیاتر ئیکتیفای بەو خاڵە بکرێت، ئەو مەتڵەبەی کە خەڵکی لێمان دەکات و، بەتەئکید حکومەتی هەرێم هەر حزبێک بچێتە لای بڵێ وەڵڵا من ئەوەندەم لە فەلان شوێن هەیە، یان من ئەو پارەیە بۆ فلان شت بەکار دەهێنم، قەت پێی ناڵێ وەریمەگرە یان بۆ دەیهێنی، مومکین نیە پێی بڵێ، مومکینە موراعاتی زۆریشی بکات، بۆ نموونە حزبەکە بچێت پێی بڵێ ئەوە دەهێنین و باس ناکرێ باسیشی ناکات، تەسەوری ئەو لایەنە ناکات. ئەگەر تەوزیحی تر هەبێت، کاک فەرسەت جەنابت تەوزیحت هەبوو فەرموو.

**بەڕێز فـــرست احـــمـــد عــبـــدالله:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

من مـوداخلەیەکم هەبوو لەسەر قسەکانی کاک ئیبراهیم و کاک شەمائیل، بەنیسبەی کاک ئیبراهیم تەبرعاتی داخیلی قانونێکی تایبەتی هەیە، پێی دەڵێن (قانون الاکتتابات) بەبێ موافەقەی وەزیری ناوخۆ نافیذ مەفعولە لە هەرێم، هەرچەندە قانونی حکومەتی مەرکزیە، بەبێ موافەقەی وەزارەتی ناوخۆ نابێت تەبەڕوعە، تاکو ئیکتیتابات بێتە کرن، ئەوە بەنیسبەت کاک ئیبراهیم، بەنیسبەت کاک شەمائیل وەڵلا بە حوکمی تەخەسوسی خۆم، وەک حقووقییەک و ئیشی من لە پەرلەمان ئیتیلاع لەسەر مەجموعەیەکی قەوانینی حزبەکانم کردیە، زمنی ئەوان ئەوەی لێرە حازر بێت تونسی و میسریە، ئەسڵەن هی ئەوان، یەعنی مەوزوعی دیموکراتیەت لەگەڵ ئەو مەوزوعە پێچەوانەیە، مەمنوعە یەک حزب ئیعانەیەک لە دەرەوەی وڵات وەربگرێت، هەر خازعی موافەقەش نییە، یەعنی بەنیسبەت ئێمە و کوردستان، ئەگەر بێتو خازعی موافەقەی کرد زیاتر لایەنی ئەمنی قەومی، ئەوەی کاک عەبدولخالق زۆر حەزی لێیە باسی بکات، پاراستنی ئەو لایەنیە، وەکو جەنابی د. رۆژیش باسی کرد، موافەقەی ئەنجومەنی وەزیران مانای ئەوە نیە، وەکو رەفز بکرێت، مانای ئەوەیە نوعە رەقابەیەکە لەسەری، ئەگەر تەماشای کرد مەصدەرەکە مەشروعە، هەدەفەکەش مەشروعە لە ۱۰۰٪ موافەقەی لەسەر دەکرێت، بەتایبەتی ئەنجومەنی وەزیران لە یەک حزب تەشکیل نەبووە، لە مەجموعەی حزبەکانە، لەوانەیە خازعی موافەقەی وەزیری ناوخۆ بێت، دائیمەن وەزیری ناوخۆ خۆ تەمسیلی مەجموعەی حزبەکان ناکات، تەمسیلی حزب دەکات، لەوانەیە تەعسوف لە ئیستیعمالی حەق بکات، رەفزی بکات بەبێ موبەریر، بەس ئەوەش نەوعە صەمام ئەمانێکە، هەم بۆ حزبەکە هەم بۆ ئەمنی قەومی وڵاتەکە و، خازعی موافەقەی ئەنجومەنی وەزیرانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

زۆر سوپاس، ئاخیر قسە بۆ کاک شەمائیلە فەرموو.

**بەڕێز شـــمـــائـیـل نـنـو بـنـیـــامـین:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

الحقيقة انا ما كان قصدي في موضوع الاكثرية أو الاغلبية، هذا القانون، قانون عام في مستقبلنا ايضا، موضوع المراقبة المالية، اعتقد في الدول المتقدمة ونحن نريد نقارن انفسنا بالدول المتقدمة يخضع للنظام المحاسبي والمصرفي بدون ان تتدخل رئاسة الوزراء، وهذا الموضوع يرتبط بالقضاء، حتى لا يكون الجانب السياسي للقضاء، مثلا المحكمة الفيدرالية العليا في أمريكا، في هذه المواضيع بين الحزبين الجمهوري والديمقراطي هي تحسم المواضيع وليست الحكومة، شكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی ئەنواع هەیە، بۆ نموونە لە ئەلمانیا سەرۆکی پەرلەمان هەیە، لە ئەمریکا مەحکەمەی فیدراڵی، لە وڵاتێکی تردا ئەنجومەنی وەزیرانە، هەر کەسێک بەپێی قەوانین و دەستوورە، بەس مەبدەئە ئەساسیەکە شەفافیەتە لەو مەوزوعە، پارە مەوزوعێکی لە هەرە مەوزوعەکان حەساس ترە ئیمڕۆ لە دونیا، پارە دەبێت مەعلوم بێت، مەصدەری کوێیە؟ بۆ کوێ دەچێت؟ چۆن سەرف دەکرێت؟ لەوە زیاتر نییە مەوزوعەکە، مەبدەئەکەش عامە لێرە، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة:

تعدل الفقرة (١) والفقرة (٦) من المادة (١٣) وتكون كالاتي:

١ ـ امتلاك وسائل الاعلام لتحقيق اهدافه ولمجلس الوزراء حجب هذه الوسائل بصورة مؤقتة أو احالتها الى المحاكم اذا اقتضى حجبها بصورة دائمة وذلك اذا ما حاد عن المفهوم الوطني أو عادى توجهات المجلس الوطني الكوردستاني.

٦ ـ قبول اموال عينية أو نقدية من اية جهة خارج الاقليم بموافقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی شەشەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی شەشەم وەرگیرا، ماددەی حەوتەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

تعدل الفقرة (١) وتضاف الفقرة (٢) والفقرة (٣) الى المادة (١٤) وتكون كالاتي:

١ ـ توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني الكوردستاني.

٢ ـ يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٣ ـ تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر ماددەکە ئەوە بوو، ماددەکە بڕگەی تێدا نیە بەخۆی هەر مەتنە، ئەوجا لەبەر ئەوەی بلێین (تعدل المادة الرابعة عشرة وتكون كالاتي) ڕاست بکرێتە سێ فەقەرە(١ و ٢ و ٣) چونکە بە خۆی ئەسڵەن مەتنەکە بێ فەقەرەیە، دووەمیش بەنیسبەت (ضوابط يقررها المجلس الوطني) بەڕای ئێمە مەوزوعەکە لە لای خۆمان دیراسەمان کردووە، بەڕای ئێمە ئەوە بە مەشروعێکی تایبەت تەقدیم بکرێت، نەک لێرە ئێستا تەسبیتی بکەین ئەو زەوابتانە چیە و داخیلی موناقەشەیەک ببین بلێین فلان حزب ئەوها و نیسبەی هەڵبژاردن ئەوها بوو بەو شێوەیە، مەشروعێک بێت، ئەوجا ئەو مەشروعە دە ئەندام تەقدیمی دەکەن بە ئیعتیباری موخەوەلە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دێت و بە تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، بە مەشروعێکی تایبەتی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت و لێرەش دیراسەت بکرێت و زەوابتەکان، ئێمە وامان پێ باشەو باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، یەعنی ئێوە لەگەڵ ئەو مەتنانەن کە نووسراوە، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر (توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني الكوردستاني) زۆر زۆر ڕێکوپێکە، زۆر لە جێگای خۆی هاتووە، ئەوە موستەقبەلی مەجلیسی وەتەنی زەوابت دانێتن، بەڵام فەقەرەکە زۆر لە جێگای خۆی هاتووە.

فەقەرەی سێیەم (تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية) بە ناحیەی قانونی ڕەقابەی مالی هەیە و وەزارەتی مالیەش پێی هەڵدەستێت، هەروەها دیوانی ڕەقابەی مالیش پێی هەڵدەستێت، لێرە ئایا هەردوو ڕەقابە یانیش (تخضع حسابات الحزب لتدقيق ديوان الرقابة المالية) کە ئەساسەکەی لە هەموو دوەلی عالەم (ديوان الرقابة المالية) ئەوە شامیلە شەملی هەمووی دەکاتن، کەلیمەی دیوان لە پێش ڕەقابەی مالیە بێتن لە فەقەرەی سێیەمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ تکایە.

**بەڕێز شـــــیــــــروان ناصح حــــــیـــــــدری:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەکەین هەروەکو لە پرۆژەکەی حکومەتدا هاتووە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زهراء حـــــاجی طه سلیــــــفـــــانی:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

ئەڤ دبینم نوقتا سێێ شی لیڤێ لێڤە ئەز وەسەتێ دگەهم تیکراری تێدایە (وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها) ئەڤ دیبینم تیکراری تێدایە، نە وەکی ماددە پێشییە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک شەمائیل نەنۆ فەرموو.

**بەڕێز شـــــمــــــائـیـل نـنـو بـنـیـــــامـین:**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

الحقيقة انا متفق، لأن القانون يخلي الحالة العامة وليست الظروف الحالية، لأن الظروف الحالية لها ميزانية ممكن ان ننفذها (١٠٠٪) مرات، ولكن الموازنة ممكن تكون عندنا موازنة للاحزاب، العاملين بالاحزاب يعرفون، بس عندي تعليق على انه اشعار بالمبالغ التي يملكها في الخارج، يعني هذه ما تدخل ضمن الحريات الشخصية للفرد مصانة هذه، عنده الحق انه تكون أسرار مالية، اعتقد هذه زيادة بالحالة، يعني كل الضوابط الموجودة تتحدد لنقدر نتصرف، بس موضوع فلوس عندها بالخارج، اعتقد هذا نوع من التجاوز على حرية الاحزاب أو الافراد ايضا، الافراد تعتبر تجاوز، وشكرا.

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاک د. ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحــــمـــد قـــاسم (د. رزگـــار):**

**بـەڕێـز ســــــــەرۆکـی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

مولاحەزەکا بەسیت لسەر (المجلس الوطني الكوردستاني) مە نینە (المجلس الوطني لكوردستان العراق) دا لە قانونا ناڤی تەسبیت بێت ئێک، دوو: (يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها واعتمادها) یەعنی بۆ تەنفیزێ، یا سێێ: شەفافیەتکارێ داراییدا، چونکە (المال عصب الحياة)ە، هەمی شت دزڤڕیتە بۆ ڤێرێ، دزڤڕیتە شەفافیەت بێت بزانێت

حکومەتا ئیقلیمێ چ هەیە چ نینە، یەعنی حکومەتێ ئیقلیمێ وەکو میللەتێ کورد، وەکو رێبەریە میللەتێ کورد، ڤێرێ من پێشنیارێ دکەم ئەڤ کەلیمەیە ژی بێتە ئیزافە کرن بۆ سەر فەقەرە سێ (تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في اقليم كوردستان وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج وإسم المصرف المودع فيه) ئو زێدەتر کاری شەفافیەت شول لەوێ دا هەبێتن، یەعنی ئەو فەقەرەیە (وإسم المصرف المودع فيه)یا ئەو مالەی هی ئەو حزبەیە ئیل ڤێرێ بێتە تەسبیت کرن لای حکومەتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جارێ لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەو قسانە بداتەوە.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی مەوزوعەکە، تەبعەن ئەو دوو ماددەیە جیاوازیان هەیە بە حەقیقەت، ئەوە یەکێکیان قەبوڵی مەوادی عەینی و نەقدیە لە دەرەوە قەبوڵە، ئەوە حزب رەصیدی هەیە لە دەرەوە، پارەی هەیە لە دەرەوە، ئێستا هەیەتی بۆ ئێستا و داهاتووە، مەفروزە ئاگاداری جیهات بکات، ئەوەندە پارەم هەیە لە دەرەوە، ئەگەر نا مانای ئەوەیە هەر جارێک پارەکەی دەیەوێ ئاگاداری ئەنجومەنی وەزیران دەکاتەوە کە لە دەرەوە پارە لە خەڵک وەردەگری لە جیهات وەردەگری، دەڵێ پارەم هەبووە و لە دەرەوە هی خۆمە، مەفروزە رەصیدەکەی مەعلوم بێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئەوەی دەهێنێتەوە مونسەجیمە لەگەڵ ئەو قسەی کردوویەتی یان نە، باسی پارەکە ناکات دەڵێ ئەوە رەصیدمە لە دەرەوە، وەڵڵا ئەوە شتەکی نهێنیە باسی ناکەم، یەعنی حزبێک لە مەملەکەتی خۆی کەس پارەکەی لێ ناستێن، یەعنی لە فلان بانقە یان لە بەریتانیا ئەوەندە پارەم هەیە، کەس لێی ناستێنێت، بەس بۆ ئەوەی بزانین ئەوەی دەیهێنێتەوە، فعلەن لە زمنی رەصیدی خۆیەتی یان لەولا لەولا وەردەگرێت، ئەوە ناکرێت هەموو رۆژێک تەعقیبی بکەی بزانی ئەوە ئەو پارەی لە کوێ وەرگرتووە، ئاگاداری جیهات بکات، بلێ ئەو پارەیەم هەیە، لەبەر ئەوەی ماددەکە زۆر بە رێکوپێکی هاتووە، یەعنی مەوزوعەکە هەمووی سەلامەتی داراییە و، ئیشراف کردنە لەسەر ئابووریاتی مەملەکەت و بەشێوەیەکی رێکوپێک بڕوات، یەعنی بۆ هەوڵ بدەین، ئینسان موئمین بێت بە یاسا و بە حزبێک بۆ لەوە بترسێت بلێ من ئەوەندە پارەم هەیە خۆ کەس پارەکەی لێ سەحب ناکات، چ نهێنیش نیە قەزایای دارایی، قابیلە بۆ وەسائیلی حکومەت دایان نابێت، کەس نیە و پارەیەکی ئیعتیادیە و لە حزبەوە هەیەتی لە زمنی واریداتی خۆیەتی یان لە زمنی ئەو منحەی وەریگرتووە یان لەم لاو لەو لا وەریگرتووە، هەتا ئێستا وەریگرتووە، بەس لەمەو دوا وەریگرێت دەبێت موافەقەت وەربگرێت، ئەگەر بهێنێتەوەش دەبێت موافەقە وەربگرێت، ئیعلام بکات بزانێ چەند ساڵە لێرە، چونکە رەصیدەکەی مەکشوفە، بەس ئیعلام دەکات دەڵێ لە

رەصیدەکەم ئەوەندە پارەی دەهێنمەوە، نالّێین موافەقەت بکات، دەلّێت ئیعلامی بکات، چونکە رەصیدی سابیتە، بەلاّم ئەگەر رەصیدی سابت نەبێت، دەبێت موافەقەت وەربگرێت، کێ دەلّێ لە دەرەوە وەری نەگرتووە، هی رەصیدی خۆی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیل ڤێریێ فەقەرە سێدا گوتی (أية مبالغ يملكها في الخارج) قەوانینی مالی عامیش ئەوەی تیایە، بۆ نموونە (قانون ضريبة الدخل) کە معمولە لێرەش هەر مواتنێک ئان هەیئە ئان هەر شەریکێکی مونەزەمە ئیمتیلاکی مەبالغ لە دەرەوە هەبێتن، دەبێت ئیشعار بکات و کەشف بکات، هەتا بۆ دائیرەی زەریبەش، چونکە ئەوەش حیساب دەکرێت و بەشێکی لەو قازانجانە حیساب دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تەسەور دەکەم کیفایەتِ بێت بۆ موناقەشە کردنی ئەو مەوزوعە، دەیخەینە دەنگدانەوە ماددەی حەوتەم، تکایە بخوێندرێتەوە جارێکی تر بەو جۆرەی کە خۆتان پێشنیاری دەکەن.

**بەڕێز محمد سعيد احمد يعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة:

تعدل المادة الرابعة عشرة وتكون كالاتي:

١ - توزع المنح التي تخصص من ميزانية الاقليم للاحزاب وفق ضوابط يقررها المجلس الوطني لاقليم كوردستان العراق.

٢ - يدير الحزب امواله بنفسه من خلال موازنة سنوية يتم تنظيمها وفق النظام المحاسبي المعمول به لدى الدوائر الرسمية في الاقليم.

٣ - تخضع حسابات الحزب لتدقيق الرقابة المالية في أقليم كوردستان العراق وعلى الحزب اعلام السلطات المختصة بأية مبالغ يملكها في الخارج أو ينوي جلبها من الخارج أو قبول تحويلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەس ئێمە تێبینیەکمان هەیە ناوی رسمی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقە، ئیقلیمی

تیا نیە، جەنابت ئیقلیمت خوێندەوە (المجلس الوطني لكوردستان العراق)، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی حەوتەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، یەک ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکات، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالاتي:

للحزب حل نفسه وفق احكام نظامه الداخلي واعلام وزارة الداخلية بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینت هەبوو کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة راحت، القصد من دفاعي هو ليس الدفاع عن اموال الحركة الديمقراطية الآشوورية، الكل يعرف وضعنا، نحن نسعى الى تجربة ديمقراطية، هذا القانون راح يبحث عنه، الخبراء، ارجو ان لا اكون، يجوز انا مخطيء في تصوراتي، ولكن هذا الشيء الذي سمعت من كاك جميل غريب، اموال بالخارج تخضع لضريبة الدخل، هذا انا ما اعتقد، يعني ما عندي علم بموضوع المال، قبل ان نصل الى المادة عندي ملاحظة على المادة الخامسة عشرة، ما شملها تغيير، اريد أن اضيف فقرة، وأين ممكن حتى اسوي المداخلة، لان هذه المادة السادسة عشرة، نحن نتعدل في المادة السادسة عشرة، في القانون الاصلي توجد المادة الخامسة عشرة عندي اضافة، ممكن الان أو بعد ما تخلص هذه المادة، شكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

اقتراح تعديل القانون أو الفقرة لازم يتقدم بمشروع، هذا نظام داخلي للپرلمان، لازم يقدم بمشروع مثل ما قدم هناك، المناقشة يجري حول المواد المقترحة داخل المشروع، وملاحظة كاك جميل انا هم ما متأكد، يجوز في بعض البلدان خاضع لضريبة الدخل في بعض البلدان غير خاضع، ما ادري، بس بالتأكيد بالنسبة للأحزاب كل رصيد مالي لازم يعلن عنه للحكومة، كل رصيد مالي خاضع، ماددەی هەشتەم خوێندرایەوە، هیچ تێبینیەک هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محمد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسە لەسەر قانونەکە دەکەین، لەبەر ئەوە بەڕای من ئەگەر فەقەرەیەکی تیا بێت لەسەر مادده پانزده بەتایبەتی کە ئیشارەتی بۆ نەکراوە، کە حزبەکان دەبێت میلیشیاتیان نەبێت، نایەتە فکرم، چونکە دەبێ ئیلتیزام بکەن لە ئیلتیزاماتی (المادة الخامسة عشرة) دەڵێت (یلتزم الحزب بالواجبات) یەکێک لەوانە (عدم تشکیل میلیشیات خاصة) کە ئێستا ئێمە زۆر ئیشکالمان هەیە لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی پازدە بخوێنەوە فەقەرە سێی ئەو ماددەی تێدایە، بەس من مەجالم داونێتێ بە حەقیقەت تەغییریی فەقەرەیەکی قانونی یان پێشنیارێکی تازە، دەبێت بە مەشروع بێت، ئێمە ئەو مەشروعەمان بۆ هاتووە، دوو جیهەت حەقی مەشروعی هەیە، حکومەت و دە ئەندامی پەرلەمان، دەرەوەی ئەو فەقەراتانەی لە مەشروعەکە هاتووە بۆی ناچین، دەستکاری ناکەین، ئێستاش ئەگەر تێبینیتان کرد بێت لە موناقەشاتی ئێستا دەوترا ئەوە موناقیزە لەگەڵ فلان فەقەرە، با بچین فلان فەقەرەش بگۆڕین، وتمان نەخێر لێرە دەیگۆڕین، ماددەی هەشت موناقەشەی دەکەین، تکایە بێینەوە سەر سیلسیلەی موناقەشەکە، خوێندرایەوە، وابزانم ئەوە تەحصیل حاصلە، حزبێکی دیموکراتییە، حزب دەیەوێ خۆی حەل بکات، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حزب حەقی خۆیەتی حەلی خۆی بکات، بەس ئاگاداری وەزیری ناوخۆ بکات، کەی؟ مەفروزە ماوەیەکی دیاری بکات، کەی ئاگاداری بکات؟ بەڕای من بنووسین (خلال مدة اقصاها ثلاثون یوما اعتباراً من تاریخ صدور قرار الحل)، ئەگەر هەر ئاگاداری نەکرد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک کەریم سنجاری.

**بەڕێز کریم سلطان عبدالله سنجاری/وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو تێبینیەی کاکەرەش باسی کرد دروستە ئیزافە بکرێت، بەڵام وەکو کاک سرکیس گوتی فەوری بێت، چونکە ئەم حزبە خۆی حەل دەکات، پارەی هەیە، ئەم پارەیە چی لێ دێت؟ دەبێت وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بێت، بۆ ئەوەی تەسفیەی ئەو پارەیە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی هیچتان هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە؟.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئێمە لەگەڵ رای لیژنەی یاساییە، موددە هەبێت باشترە و، چەندیش موددەکە کەمتر بێت چاکترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ تێبینیەکەی لیژنەی یاساین، پێمان باشە ماوەی هەفتەیەک بێت بەڕاستی.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ عەرزی کرد، کە ئەموالی هەیە و ئیمکانی هەیە، نەوەکو سوء تەصرف ببێ (لاسمح الله) بۆ ماوەی حەوت رۆژ بێت، ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ بکات کە حەل بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی هەشت. تێبینی نییە، تکایە بیخوێنەوە لەگەڵ پێشنیاری خۆتان، جارێکی تر بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالاتي:

للحزب حل نفسه وفق احكام نظامه الداخلي وذلك خلال اسبوع من تاريخ صدور قرار واعلام وزارة الداخلية بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز كـــاكـــەرەش مـــحـــمـــد نقـــشـــبندى:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المادة الثامنة:

تعدل المادة السادسة عشرة وتكون كالاتي :

للحزب حل نفسه وفق أحكام نظامه الداخلي واعلام وزارة الداخلية بذلك خلال مدةٍ اقصاها سبعة ايام اعتبارا من تاريخ اتخاذ قرار الحل.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــــەن:**

تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەى هەشت پەسند دەكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەى پەسندى ناكەن دەستيان بەرز بكەنەوە، بەگشتى دەنگ ماددەى هەشتەم وەرگيرا، ماددەى نۆ تكايە.

**بەڕێز مـــحـــمـــد ســـعـــيـــد احـــمـــد يعـــقـــوبى:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــــەن.**

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتكون كالاتي:

١ ـ يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناء على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من احكام هذا القانون أو مضى على تأسيس الحزب (٦) اشهر ولم يمارس نشاطه المنصوص عليها في نظامه الداخلي أو انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة اعلاه دون اسباب تبرر ذلك.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــــەن:**

(أو بعد مضي (٦) اشهر على تأسيس الحزب بدون ممارسة نشاطه المنصوص عليها) چاكى بكەن ( أو مضى) بگۆڕن ببێتە ( أو بعد مضي (٦) اشهر على تأسيس الحزب بدون ممارسة نشاطه المنصوص عليه في نظامه الداخلي) هيچ تێبينى ترتان هەيە ليژنەى ياسايى، تێبينيتان نيە، ليژنەى دارايى.

**بـەڕێـز جـــــمـــــيـــل عـــــبـــــدى سندى:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێمەش تێبينيمان نيە.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆكـى ئـەنجـــــومـــــــەن:**

ليژنەى ناوخۆ.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ئەندامە بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، دیارە لەسەر ئەم ماددەیەش تێبینیان نیە، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە بۆ ئەوەی زوو بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز محمد سعید احمد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

تعدل الفقرة (١) من المادة السابعة عشرة وتكون كالاتي:

١ - يجوز حل الحزب بقرار قضائي صادر من المحكمة المختصة بناء على دعوى تقام من قبل وزارة الداخلية عن مخالفة الحزب لحكم من احكام هذا القانون أو بعد مضي (٦) اشهر على تأسيس الحزب بدون ممارسة نشاطه المنصوص عليها في نظامه الداخلي أو انقطع عن ممارسة نشاطه خلال المدة اعلاه دون اسباب تبرر ذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی نۆ پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بەگشتی دەنگ ماددەی هەشتەم وەرگیرا، کە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، کە دەخوێندرێتەوە بۆ دەنگدان، یەعنی ئیکتیفامان کردووە لە مرناقەشە، گوتومانە کێ رایەکی هەیە؟ کە قسەی تیا نەکرا دەیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی دەیەم تکایە، کاک سەعید یەعقوبی.

**بەڕێز محمد سەعید یەعقوبی:**

المادة العاشرة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، دیارە نییە بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دەیەم پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە،زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسەندی ناکەن با دەست بەرزبکەنەوە، ماددەی دەیەم بە گشتی دەنگ پەسەند کرا.ماددەی یازدەهەمین.

**بەڕێز محمد سەعید یعقوبی:**

المادة الحادية عشرة:

ينفذ هذا القانون إعتباراًمن تاريخ نشره في جريدة و قائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ماددەی یازدەهەمین؟، تێبینی نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یازدەهەمین پەسەند دەکەن با دەست بەرزبکەنەوە، زۆر سوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن بادەست بەرزبکەنەوە.ماددەی یازدەهەمین بەگشتی دەنگ پەسەند کرا.هەموو یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکەپەسەند دەکەن بادەست بەرزبکەنەوە، زۆرسوپاس. ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە هەموو یاساکە پەسەند ناکەن بادەست بەرزبکەنەوە، یاساکە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تەنها چەند ئەندامێکی بەڕێز پەسەندی ناکەن.ئەویش لەبەر ئەسبابی مالی.سوپاسی بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەن هەموویان دەکەم یەکە بەیەکە، هەروەها بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکانی یاسایی و دارایی و ناوخۆ، سوپاسی ئامادە بوونی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری داد و وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم دەکەم، سوپاسی کاک فرسەتیش دەکەم، لێرەدا کۆتایی دێنین بە کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمان بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئاگادارتان دەکەینەوە. بەخێربێن.

**فرست أحمد عبدالله**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاویس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**